ڕۆمان

هاوماڵەکان

نووسینی : ئەحمەد مەحموود
گۆڕینی لە فارسییەوە : حەمە کەریم عارف

- هاوماڵەکان / ڕۆمان
- نووسینی : ئەحمەد مەحمود
- گۆڕینی لە فارسییەوە : حەمەکەریم عارف
- پیتچنین : ڕزگار حەساری
- هەڵەچن : سەرگوڵ محەمەد ئەمین
- دەرهێنانی هونەری : ستار قەرەداغی
- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر

پێڕست

*- جیهانی چیرۆکڤانی ئەحمەد مەحموود.....حەمەکەریم عارف

*- دەربارەی ڕۆمانی (هاوماڵەکان).....

*- دەقی ڕۆمانی هاوماڵەکان

*- پەراوێز وروونکرنەوە...

*- فەرهەنگۆك.....

*- ژینامەی وەرگێڕ

جیهانی چیرۆکڤانی

ئەحمەد مەحموود

١٩٣١ – ٢٠٠٢

(١)

ئەحمەد مەحموود، یەکێکە لە چیرۆکنووسە ناودارەکانی ئێران و چەندین ڕۆمانی گەورە و کاریگەری هەیە، لەوانە: (هاوماڵەکان، چیرۆکی شارێك، زەوی سووتماك، مەداری سفر دەرەجە و، درەختی هەنجیری مەعابد). لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٢دا بەدەم ئازاری نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەی میهرداد ی تاران کۆچی دوایی کرد و کار و بەرهەمێکی زۆر و ڕەسەنی لەپاش بەجێما و، لە ڕیزی پێشەوەی نووسەرە بەرجەستە و شەریفەکانی ئێرانە.

لە ساڵی ١٩٣١دا لە ئەهواز لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێندەر تەواو کردووە. لێ پتر خۆی بەخەڵکی دیزفول دەزانی" چونکە دایك و بابی خەڵکی ئەو شارە بوون. بێگومان ئەحمەد مەحموود بەڕەگەز کوردە و بەخۆیشی ئەمەی نەشاردۆتەوە و شەرمی لەم حەقیقەتە نەکردووە! ئەم نووسەرە وەکو گەلێك لە خەڵکانی ڕۆژهەڵات، هەر لە سەرەتای گەنجییەوە تووشی سیاسەت بووە و، کەوتە زیندان و پاشان نەفی کرا بۆ بەندەری (لنگە) کە ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد)ەکەی یادگار و یادەوەری ئەو شارەیە، دەیگوت درەختێکی گەورە و بەسێبەر و پڕ سایە بوو و لەژێریدا سفرەمان ڕادەخست و نانمان دەخوارد.

یەکەم چیرۆکی خۆی بەناوی (صب میشە – ڕۆژ دەبێتەوە)، لە ساڵی ١٩٥٤دا، لە گۆڤاری (ئومیدی ئیران)دا، بەناوی ئەحمەد مەحموودەوە بڵاو کردەوە و ئیدی لەوە بەملاوە (إعطا) بوو بەئەحمەد مەحموود. ئەحمەد مەحموودیش بوو بەو کەڵە نووسەرەی کە چەندین شاکاری ئەدەبی لەدوای خۆی بەجێهێشت. ئەحمەد مەحموود بۆ کاروباری بژێوی و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە، خەمسارد و بێ موبالات و تەنانەت بێ سەروبەر بوو، بەخۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەرچی لەو کارانەی کە بۆ دابینکردنی ژیان پێویست بوون، ناپایەدار بووم، بەڵام لە بیرکردنەوە و نووسیندا زۆر مکوڕ و تەنانەت سەرسەخت بووم". هەر ئەم سووربوونە بوو کە لە ساڵی ١٩٥٧دا کۆمەڵە چیرۆکی (مول)ی لێکەوتەوە و هاتە چاپ و بڵاوکردنەوە. ئیدی لەمە بەدواوە وەکو نووسەری بواری کورتە چیرۆك ناسرا، تا لە ساڵی ١٩٧٤دا یەکەم ڕۆمانی بەناوی (هاوماڵەکان) بڵاو کردەوە. تەنیا چیرۆکی کورتی دەنووسی. لەوانە: (دەریا هێشتا ئارامە – ١٩٦٠، بێهوودەیی – ١٩٦٢، میوانی ژێر باران – ١٩٦٧، کوڕیژگەیی خۆیی غەوارەکان – ١٩٧١).

هەرچەندە نووسەر لەپاش ڕۆمانی (همسایەها – هاوماڵەکان) زیاتر ڕووی کردە ڕۆمان، بەڵام کورتە چیرۆکیشی فەرامۆش نەکرد و پاش ڕۆمانێن (هاوماڵەکان – ١٩٧٤، چیرۆکی شارێك – ١٩٧٩، خاکی سوتماك – ١٩٨٢) سێ کۆمەڵە چیرۆکی کورتی بەناوی (دیدار ١٩٩٠، حیکایەتی ئاشنا ١٩٩١، از مسافرت تاتب خال – ١٩٩٢) چاپ و بڵاو کردۆتەوە و ئەوجا لە ساڵی ١٩٩٣دا ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە)ی بڵاو کردەوە. (درەختی هەنجیری مەعابد – ٢٠٠٠) دوا ڕۆمانیەتی.

ئەحمەد مەحموود لە ساڵی ٢٠٠٠دا تووشی نەخۆشی هەناسەسواری (تەنگەنەفەسی) بوو.

لـه سـاڵی ٢٠٠١دا چـەندین خـەڵاتی ئـەدەبی پێـدرا، دیـارە ئـەم خەڵاتانـەش زۆر لـه جێـی خۆیـدابوون، چونکه ناوەندی ئەدەبی ئێـران کەسێکی خەڵات کرد کە لە نێوان ڕۆماننووسانی ئێرانیدا دیار بوو.

جا ئەحمەد مەحموود لە نامەیەکیدا بۆ کۆڕی خەڵاتەکەی، کە خۆی بەشداری تێدا نەکرد دەڵێت:

"خەڵکانی وەکو من کە ٤٥ ساڵی ڕابردوویان لە گۆشەگیری و بێ دەنگی تەواودا قەتاندووە، ئەوەی توانیویانە کردوویانە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە شوێن پێی حافیز هەڵگیرێت، لە خەڵوەتخانە وەدەربکەون و دەرفەت بەلاوان بدرێ کە بەخەڵات و هەر جۆرە هاندانێکی دیکە دڵخۆش بکرێن تا بەرهەمی زیاتر و چاکتر لە هی هاوتەمەنانی من دابهێنن و بخوڵقێنن". ئیدی مەحموودی دەوڵەت ئابادی لەجیاتی ئەحمەد مەحموود، خەڵاتەکەی گەڕاندەوە و ڕایگەیاند کە ئەحمەد مەحموود لەدوا تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئەودا، سوپاسی خۆی بۆ بەڕێوەبەرانی بۆنەکە ڕادەگەیەنێ و خەڵاتەکە ڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەم جۆرە خەڵاتانە تازە بۆ ئەو ناکەنە هیچ جۆرە هاندانێك" دەوڵەت ئابادی لە تەعلیقی خۆیدا گوتی:

"وا جارێکی دیکە حیکایەتەکەی فیردەوسی لە مێژووی ڕۆشنبیریماندا دووبارە دەبێتەوە*).

حەسەنی میر عابدینیی توێژەر و ڕەخنەگر لە بۆنەی خەڵاتکردنی ئەحمەد مەحموودا دەڵێت: "چیرۆکنووسێکی بەتوانایە،خوێنەر ڕادەکێشێت و ناچاری دەکات تا کۆتایی لەگەڵیا بڕوات".

مەحموودی دەوڵەت ئابادی لە کۆڕێکی دیکەدا دەڵێت: "ئەحمەد مەحموود – بێ خۆهەڵکێشان و لاف لێدان بەوەی کە کاری گەورەی ئەنجامداوە – کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر زمان و ئەدەبیاتی ئەم وڵاتەوە بەجێهێشت".

محەمەد قاسم زادەی نووسەر و ڕەخنەگر دەڵێت: " لە کارەکانی مەحموودا، شێوە خاوەکەی زمان دەگۆڕێ بۆ ئەدەبێکی باڵا".

سەفدەری تەقی زادەی نووسەر و ڕەخنەگریش دەڵێت: "بەدەگمەن نووسەرێك توانیویەتی وەکو ئەحمەد مەحموود هەڵکشان و داکشانی بزاڤە کۆمەڵایەتی و ڕووداو و ئەنجامە پەیوەستەکان بەخەباتی ڕزگاریخوازی و بارودۆخی جەماوەری خەڵکی باشوری وڵاتەکەمان بەو زیندوویەتی و کاریگەرییە نیشان بدات". هەروەها دەربارەی زمانی مەحموود دەڵێت: "زمانی مەحموود ڕەوان و خۆشە، خوێنەر ڕادەکێشێت، فارسییەکی دەوڵەمەند و دروست و مکومی هەیە، زاراوە ناوچەییەکان لە شوێنی ئاسایی خۆیاندا بەکار دێنێ. وەسفی زیندان و زیندانیان و ئەشکەنجە بەرجەستەترین دیمەنێن ناو ئەدەبیاتی ڕۆمانی ئێمەن"

بەڵام مەخابن پاش ئەم خەڵات و خەڵاتکارییە و بەکەمتر لە ساڵێك، بەدەم زۆرانبازی دەگەڵ نەخۆشی هەناسەتەنگییەوە، لە ڕۆژی هەینی ٢٠٠٢/١٠/٤دا لە نەخۆشخانەی میهرداد لە تاران بەیەکجارەکی تەسلیم بوو و گیانی سپارد.

(٢)

ئەحمەد مەحموود یەکێك بوو لە نووسەرە گەورە و مرۆڤدۆستەکانی سەدەی بیستەم. ئەم کەڵە نووسەرە هەرچەندە ژیانی شەخسی زۆر بەرتەنگ بوو، لە ماڵێکی بچووکی گەڕەکی نارمەکی ڕۆژهەڵاتی تاراندا، لەگەڵ ڕۆژانە ژیاندا لە زۆرانبازیدا بوو، لێ لە بوارێن وشە و چیرۆکاندا

دنیایەکی ڕەنگین، بەرین و پڕ جۆشوخرۆشی ئەوتۆی بۆ خۆی سازاند بوو کە سەری لە کەشکەڵانی فەلەك دەسوو و پەیوەندی بەئایندەوە دەکرد، مەحموود مسیبەت و شکست و قارەمانێتی و مێردەزمەی هاوبەشی مرۆڤی ڕەنجبەری وڵاتی خۆی و هەموو جیهانی لە چیرۆکدا هونەراندووە. بۆیە مەحموود وێڕای هەموو تەنگدەستی و مەزڵومیەت و گوشارێك کە لە ژیانی شەخسیدا ڕووبەڕووی بوو، مرۆڤێکی بەختەوەر بوو، چونکە ژیا بەبێ ئەوەی ببێ بەنێچیر و چەشەی ژیان. بەڵکو بوو بەفەرمانڕەوای ژیان و بەبوونی ئەدەبی خۆی فەسڵێکی سەرەکی مێژووی ئەدەبیاتی چیرۆکی هاوچەرخی تۆمار کرد، بەهەرحاڵ جیهانبینی و بیری مەحموود لە ڕێگەی هونەرەوە ڕێی خۆی بەرەو ئایندە کردۆتەوە، ئیدی ڕۆخانەیەکە و لە ئەنجامدا دەڕژێتە ئۆقیانووسەوە.

ئەم پیاوە بەبەردەوامی لە خۆتازەکردنەوە و خۆجەڕباندنی ئەدەبیدا بوو. تا لە ژیاندا بوو دەستبەرداری ئەم خەسێت و سوخەت و نەفەسی خۆتازەکردنەوەیە نەبوو، بەتایبەتی لە بواری ئەستاتیکادا. ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونی لەدوا دوو ڕۆمانیدا، واتە لە: (مەداری سفر دەرەجە و، درەختی هەنجیری مەعابد)ا بەدی دەکرێت. لەم جووتە ڕۆمانەدا سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەگەز و توخمی بونیادگەری و فورمالیستی، لە تەکنیکی هونەری خودانی (هاوماڵەکان و، چیرۆکی شارێك)دا دیارە. لێ بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە ئەم تەکنیکە تازەیە بەشێوەی چڕتر لە چەند شاکارێکیدا ڕەنگ بداتەوە و فەسڵێکی تازەش لە بواری جوانیناسیدا بکاتەوە و هونەر و دەستەڵاتی خۆی تێدا بنوێنێ.

ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە)ی ئەحمەد مەحمود، ئەگەر لە چوارچێوە گشتییەکەیدا لە خانەی ڕیالزمدا بێ، ئەوا نووسەر هەوڵیداوە هونەرمەندانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەگەزێن ڕەمزی و چەمکێن ڕەمزئامێز و هەندێ جار چەمکی خواستنکاری لە چوارچێوەی بونیادی ڕیالستیدا، قووڵییەکی هونەری ئەوتۆ بەکارەکەی ببەخشێت کە خوێنەر ناچار بێت لە ڕێگەی دیار و ئاشکرایانەوە پەی بەپەنهان و نائاشکرایان ببات و ئەودیوی ڕووداوە دیار و ڕواڵەتییەکان دەرك بکات.

مەحموود، ئەوەندە ئاشقە مۆدپەروەری و قوتابخانە و ڕێبازێن ئەدەبی نەبوو. پتر پابەندی چۆنیەتی خوێندنەوە و سەرنجێن هونەری خۆی بوو. لە خەمی ئەوەدا بوو کە بەرهەمی هەمەجۆر و نەمر بخوڵقێنێ، کە سەرچاوەی هەر یەکێك لەو بەرهەمانەی، خەیاڵی خۆی و ئەزموونی تایبەتی خۆی دەربارەی ژیان بووە. هەمیشە وێڵی دوای تازە بوو، کاتێك جیاوازترین و تازەترین تەجرەبەی چیرۆکڤانی خۆی لە بوارێن فۆرم و بونیاد و زماندا دەستپێکرد کە هەموو بەرهەمەکانی ڕابردووی لە زەین و یادی زەمان و مێژوودا مۆری نەمری و جاویدانی لێدرا بوو.

لە هەندێ کورتەچیرۆکێن کۆچیرۆکی (دیدار – ١٩٩٠)وە تا ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە – ١٩٩٣) و پاشان (درەختی هەنجیری مەعابد – ٢٠٠٠) کە بەرهەمی دواین دە ساڵی تەمەنیەتی، دەبینین نووسەری (هاوماڵەکان – ١٩٧٤) و (چیرۆکی شارێك – ١٩٨١) و (زەوی سوتماك – ١٩٨٢) لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدایە بۆ داهێنانی بەرهەمی جیاواز لە (بواری جواننناسی ڕۆمان)دا. بەرجەستەترین بەرهەمی ئەم قۆناغەی تەمەنی تەژی ڕەگەزێن تازە، چەمکی کینایی و قارەمان و وەزع و حاڵی ڕەمزی ئەوتۆن کە خوێنەر هەواڵەی ئەودیو مەبەستە ڕواڵەتییەکان

دەکەن و خوێنەر ئاوێتەی زهنیەتی ڕەمزیی ڕۆمانەکە دەبێ و لەدوای تەواوبوونی ڕۆمانەکەش هەر لەناو جیهانی دەقەکەدا دەژی و لە گێژاوی ژانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بۆ پێگە و دەوری خۆی دەگەڕێت. ئەمەش زۆر بەڕوونی لە ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە)دا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە.

تا زەمانی بەرهەمهێنانی ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە) و پاشان ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد) کە هەردووکیان لە ڕوانگەی (گوتیای هەمووشت زان)ەوە دەگێڕدرێنەوە. هەموو ڕۆمان و زۆربەی چیرۆکە کورتەکانی مەحموود لە ڕوانگە و زمانی یەکەم کەسی تاکەوە (منی گوتیار)ەوە گێڕدراونەتەوە. (مەداری سفر دەرەجە) لە باری بونیادی گشتی چیرۆك و، زمان و بابەتەوە زۆر لە ڕۆمانەکانی تری مەحموودەوە بەتایبەتی (هاوماڵەکان) نزیکە و لە ڕووی جیهانبینی و ڕوانگە و کاری ڕەگەزەکینایی و ڕەمزییەکانی چوارچێوەی تێفکرینی ڕیالستی چیرۆکەوە و لە ڕووی ئەسڵی بونیادییەوە لێکچوونی لەگەڵ ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد)دا هەیە. لە (هاوماڵەکان) و (مەداری سفر دەرەجە)دا هەموو شتەکان، ژینگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بەرژەوەندی و پەیوەندی نێوان قارەمانەکان و پێگەکانیش تەنیا بەکۆمەکی کاری ناوەڕۆك و کاردانەوەی زمان دەکەونە بەر دیدەی بینین و گۆشە تاریك و نادیارەکانیان دەردەکەون. دەڵێی هەر کاراکتەرێك چرایەکە کە بەحەرەکەتی بەردەوام لە شوێنی خۆیدا، هەم خۆی ڕووناك دەکاتەوە و هەم ئیمکانی دیتنی گۆشە و کەنارێن دیمەن و شتەکان و مرۆڤەکانی دی بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ. جیاوازی سەرەکی نێوان گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاك لە (هاوماڵەکان)دا و دیدی (گوتیاری هەمووشت زان) لە (مەداری سفر دەرەجە) لە جوملەی ئەو چرایانەن. لە (هاوماڵەکان)دا دەڵێی یەك چرا هەیە کە ئەویش بەدەستی گوتیاری چیرۆکەکەوەیە و شتەکان، ژینگە و ڕووداوەکانی ناو شانۆکەی پێ ڕووناك دەکاتەوە و بەخوێنەری نیشان دەدات. لە حاڵێکدا لە (مەداری سفر دەرەجە)دا (گوتیاری هەمووشت زان) گەرچی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و دەتوانێ هاوکات تیشك بخاتە سەر هەموو دیمەن و گۆشە و کەنارەکان و بەردەوام گۆشەنیگای خۆی چڕ بکاتەوە و بەدرێژی و پانی و قوڵی زەمان و شوێندا بیگێڕێت، بەڵام وەکو پێویست سوود لەم گۆشەنیگا بێ سنوورە وەرنەگیراوە.

ئەگەر (هاوماڵەکان) چ وەکو بونیاد و چ وەکو قارەمان و ڕووداو تەواو ڕیالستی بێ و یەك دیو و یەك توێ و یەك ڕووی هەبێ، ئەوە زادەی قۆناغێکی ژیانی مەحموودە کە ڕوانینی نووسەرە بۆ بوون. مرۆڤ و مێژوو ڕوانینی بابایەکی شایەد بووە و بەس. بەڵام (مەداری سفر دەرەجە) بەرهەم و بەری سەردەمێکی تازەی جیهانی چیرۆکڤانی مەحموودە. سەردەمێك کە ئاوێتەکردنی (پێش ئاگایی لە ئایندە) و (شایەدی ئێستا) ئەفراندنێکی نوێ و هوشیارانەی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی چیرۆکڤانیدا لێکەوتەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا پەیڕەوانێکی لە دەوری خۆی خڕ کردەوە.

زمان لە ڕۆمانی دوو بەرگی (درەختی هەنجیری مەعابد)دا دیاترین لایەنی جیاوازی دوا بەرهەمی مەحموودە لە هەموو بەرهەمەکانی پێشووتری. ئەگەر بونیاد و ناوەڕۆکی بەرهەمێن پێشووی مەحموود بەتایبەتی (مەداری سفر دەرەجە) زمانێکی ڕونکاری بخوازێ کە خۆی وەکو ڕەگەزێکی ناوەوەی بونیادی لەگەڵ کار و کاردانەوەیێن بەردەوام (حەرەکەت و گفتوگۆ) بسازێنێ، ئەوا لە ڕۆمانی (درەختی هەنجیری)دا ڕووبەڕووی زمانێکی وەسفکاری وەها دەبینەوە کە لە کارە ئەدەبییەکانی مەحموودا هیچ پێشینەیەکی جدی نییە. ئەرك و کاری زمان لە (مەداری

سفر دەرەجە)دا بریتییە لە نیشاندان و وێنەگرتن. کەچی لە (درەختی هەنجیر)دا ئەرکی زمان بریتییە لە وەسف و نواندن. زمانی ڕونکاری (مەداری سفر دەرەجە) چونکە لە زمانی ڕونکاری (توضیحي)یان وەسفی (درەختی هەنجیر) لە شانۆ نزیکترە و هەڵسوکەوتی قارەمانەکان و ڕووداوەکان لە ڕابردووەوە دەستی پێکردووە و لە ئاستانەی زەمانی ئێستادا لە ناوەوەی زماندا دەگاتە دوا شێوە و فۆرمی خۆی. بۆیە چیرۆکەکە بەناچاری پەنای وەبەر فرمانی ڕابردوو و بە زۆری ڕابردووی تەواو بردووە، بەڵام لە زمانی وەسفکاری (درەختی هەنجیر)دا کە ڕەوتی زەمان لە ئێستاوە بەرەو ئایندە دەکشێت، فرمانی ڕانەبردوو، بەتایبەتی ڕانەبردووی ئیخباری بەکار هاتووە. ئاساییە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە هێڵی زەمانی حاڵ لە تەداعیاتی زهنی قارەمانەکاندا لە ڕابردووی دوور یا نزیکدا دەشکێتەوە. فرمانی ڕابردوو بەکار هاتووە. لە بونیادی ڕۆمانێکی وەکو (مەداری سفر دەرەجە)دا کە زمان بەشێکە لە بونیادی چیرۆك و لەگەڵ هەر کاراکتەر و لەگەڵ هەر کار و دیالۆگێکدا دێتە ئاراوە، لە ڕاستیدا بەڕەگەزێکی هەرە گرینگ و ڕاستی دەژمێردرێت و دەبێت زیاتر لەگەڵ مانایێن ڕاستەقینەی وشەکان و زاراوە و دەربڕینەکاندا بەکار ببرێت. نووسەری ریالست ناتوانێ و نابێ وەزع و حاڵەکان و وێنە زەینییەکان و بابەتییەکان بەخۆڕایی و بەشێوەیەکی نابەجێ پەرە پێبدات. نابێ درێژدادڕی نابەجێ بکات. قسەی بەلاش بخاتە سەر زاری قارەمانانی پووچەڵ و کارتۆنی و هەموو زانیاری و ئەزموونەکانی خۆی کەشکۆڵ ئاسا بترنجێنێتە ناو یەك ڕۆمانەوە و بیکا بە قوتووی عەتاران. ڕیزکردنی بابەتێن دوور لە هێڵی ئەسڵی ڕۆمان لە هەندێ ڕۆمانی دوورودرێژی ڕیالستی سەردەمی ئێمەدا، ئەو حیکایەتە کۆن و بەرهەمە هەڵبەستەوانی و پەخشانیانەی سەدەکانی پێش مۆدرنیتە وەبیر خوێنەر دێنێتەوە کە هێڵی سەرەکی و هەوێنی چیرۆکەکە لەپشت کۆمەڵێك بابەتی تیۆری و ئەخلاقی و فەلسەفی و چیرۆکێن لاوەکییەوە بزر بووە. کەچی ئەحمەد مەحموود لە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانیدا، بەڕای زۆربەی خودان ڕاوبۆچوونان، خۆی لە درێژدادڕی بونیادی ڕۆمان پاراستووە و لەو ڕووەوە زۆر باڵادەست و سەرکەوتووە. ئەحمەد مەحموود بەڕۆمانی (درەختی هەنجیر) سەلماندی کە نووسەرێکە بەهوشیارییەوە لە زیادەبێژی و درێژەدادڕی نووسین بێزارە و کە لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی پێشووشیدا پەنای وەبەر چڕی زمان و کورتبڕی بابەت بردووە تەنیا لەبەر زەروورەتی بونیادی نەبووە، بەڵکو ئەمە تایبەتمەندییەکی سروشت و تەبیعەتی جوانیناسی ئەو بووە.

تایبەتمەندی بەرجەستەی (کورتبڕی) لە زمانی ڕونکاری و نێوەڕۆکی ڕۆمانەکانی پێشوویدا، ئەگەرچی بەجۆرە درێژەدادڕییەکی هونەری لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لە ڕاستیدا دوا ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد) و زمانی وەسفکاری ئەو ڕۆمانە، ئەوەی ساغ کردەوە کە کورتبڕی نێوەڕۆك و زمان هەم یەکێکە لە تایبەتمەندییە هونەرییە دژوارەکانی ئەو و نیشانەی پاراوی خەیاڵی ئەوە بەڕۆشنبیریی هاوچەرخ و هاودەم.

هونەری مەحموود لە هەردوو ڕۆمانی (هاوماڵەکان و مەداری سفر دەرەجە)دا لە ڕەوانی پەخشانەکەی و لە زمانی ڕونکاری چیرۆك و گێڕانەوەدایە. ڕیتمی ڕستەکان، ئاهەنگی وشە، جێگۆڕکێ و گۆڕانی بەردەوامی فرمانەکان، ئاوەڵفرمان، ئاوەڵناو، ئامرازی پەیوەندی لە بونیادی ڕستەدا، کورتی ڕستەکان و دەستگرتنەوە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و هاوواتایان،

هێنده بەوردی و ناسکی ئەنجامدراوە کە ئەم بونیادە تایبەتییە لە زمانی پەخشانی چیرۆکدا، لە زۆر شوێندا یارمەتی بەرجەستەبوونی چەمك و حاڵەت و تەنانەت هەستی ناوەوەی قارەمانەکان و وەزعیەت و ڕەوشی ڕووداوەکان دەدات. هەڵبەتە ئەرکی هونەر و ئەدەبیات وەڵامدانەوەی پرسیاران نییە، بەڵکو دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی هونەری هاندەرە دەروونی و سۆزداریيەکانە. لە (مەداری سفر دەرەجە) و (درەختی هەنجیری مەعابد)دا خوێنەر لە هەر یەکێکیاندا دەبێت بە بەردەوامی پەیگیری ئەو هەستە پەنهانە بکات کە لە بونیادی ناوەوەی ئەم دوو ڕۆمانەدا پەنهانە.

لە ڕۆمانی دوو بەرگی (درەختی هەنجیری مەعابد)دا، لە ڕووی بونیادی گشتییەوە، ئێمە ڕووبەڕووی (جیهانێکی واقیعی) و (جیهانێکی خەیاڵین) کە هاوسێ و هاوزەمانن و (جیهانی چیرۆکڤانی) ڕۆمانەکە پێکدەهێنن. سەربهووردی تراجیدی ماڵباتی ئەسفەندیارخان ئازەرپاد و ئەو نەگبەتییەی کە یەخانگیری فەرزەندان و پاشماوەکانی ئەم ماڵباتە دەبێت، ناوەڕۆکی جیهانی واقیعی ڕۆمانەکەیە و درەختەکە و پیرۆزاندنی میتاواقیعی درەختەکە و ڕێوڕەسمی ئایینی سەبارەت بەدرەختەکە، سەرپەرشتی زیارەتگە و مەزاری درەختەکە کە وەکو عەلەمدار پشتا و پشت لە بابەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە، یادداشتەکانی عەلەمداری یەکەم و سەرەنجام گەشەکردنی ڕیشە و لقوپۆپی درەختەکە ژیانی شارێك وەکو نموونەی وڵاتێك ئیلفیج دەکات، بابەتی جیهانی خەیاڵییە.

بەرگی یەکەم و بەشێك لە سەرەتای بەرگی دووەمی ڕۆمانەکە، بونیادێکی تەواو ڕیالستی هەیە و چەمك و شتە ڕەمزییەکان کە لە بەرگی دووەم بەدواوە و بەرە بەرە جیهانی خەیاڵی و فەنتازی ڕۆمانەکە پێك دەهێنن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەدرەختەکەوە هەیە.

ڕەگەزێن ڕەمزی و چەمکێن خوازەیی ڕۆمانەکە لە بەرگی یەکەمدا بەباشی لە بونیادی ڕیالیستی چیرۆکەکەدا قاڵبی گرتووە، لە نیوەی کۆتایی بەرگی دووەمی (درەختی هەنجیری) خوێنەر دوو زەمان و دوو شوێنی جیاواز کە یەکێکیان واقیعی و ئەویتریان خواستنکارییە (استعاری) دەبینێ کە هاوزەمان و شان بەشانی یەکترن.

(٣)

ئەحمەد مەحموود، پیاوێکی گۆشەگیر و سەرسەخت و پشت بەخۆ بەستوو بوو. بەڕەنجی خۆی و هەوڵ و کۆششی زۆر توانی ناو و ناوبانگێك پەیدا بکات و لە مەیدانی چیرۆکستانی هاوچەرخی ئێراندا ئەم پایە بەرزە بەدەست بێنێ. تاکو مردیش هەر مرۆڤێکی ڕەنجدەری غەمین بوو، کاری بەکاری خەڵکانەوە نەبوو. بەبێ دەنگی و لەناو بێدەنگی خۆیدا سەرگەرمی کاری هونەری خۆی بوو، لە هەوڵی بەردەواما بوو کە ئاستی بەرهەمەکانی بگەیەنێتە پلەیەکی بەرزتر.

هەرچەندە زۆربەی ڕەخنەگرانی ئێمە لە ئاستی کارەکانی ئەودا، بێدەنگ بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمەکانی چوونە ناو کۆمەڵ، گەیشتنە زمان و دڵ و گوێی خەڵکی. هەندێ لە بەرهەمەکانی کراون بەزمانانی ئەڵمانی، ڕووسی، ئینگلیزی، فەرەنساوی و ئەرمەنی و کوردی(**)

گیروگرفتی ژیان و کاری ئەدەبی ئەحمەد مەحموود هەمان دژواری ژیان و کاری نووسەرانی جیهانی سێیەمە. واتە لە لایەکەوە هەڵپەی ژیان و ئەرکی پەیداکردنی بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵ، لە لایەکی دییەوە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و خزمەتی کەلتووری. جا

هەر ئەرکی ژیانی ڕۆژانە و پەیداکردنی کار و کاسبی و دابینکردنی بژێوی، خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر قورسە و مرۆڤ لەبن دێنێ، کەچی بەو حاڵەشەوە ئەحمەد مەحموود، لە کاری ئەدەبی خۆی ڕازی نییە و (پتر لە شەست ساڵ تەمەن و ئەم کارە کەمە بەمایەی شەرمەزاری) دەزانێت، بەڵام ئەگەر سەختی و دژواری ژیان و ئەرکی ڕۆژانە و بێڕەواجی بازاڕی قەڵەم لە بەرچاو بگرین دەشێت بگوترێ کە نووسینی چوار ڕۆمان و پتر لە پەنجا چیرۆکی کورت کارێکی کەم نەبووە. بەڵگەی ئەشقێکی گەورە و بەهرە و توانایەکی ڕەسەنە. مەحموود و گەلێك لە نووسەرە چاکەکانی دیکەی وڵاتی ئێران دەبووایە لە چەند بەرەیەکی دژواری وەك: کاری ئەدەبی، هەڵپەی ژیان، نووسین و نووسینەوەی کتێبان، سەرپەرشتی کەسوکار و خاوخێزان و کاری زەوقکوژی ئیداریدا بجەنگن و بخەبتن.

چیرۆکەکانی ئەحمەد مەحموود، بەقۆناغی پڕ لە گۆڕاندا ڕەتبوون. لە سەرەتادا کاریگەری چیرۆکێن هیدایەت و چویەکیان پێوە بووە. پاشان کە ئەزموونێکی پەیدا کردووە و خۆی ناسیوە ڕووی کردۆتە ڕیالزم و ڕیالزمی کۆمەڵایەتی. ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە) بەلوتکەی داهێنانی هونەری مەحموود دەژمێردرێت.

هاماجی (فەزا) زۆربەی چیرۆکەکانی، هاماجی گوندییە و کەمتر پەیوەندییێن شاری تازەیان تێدا دەبینرێت. خەباتی ساڵانی ٥٠ – ٧٠ی سەدەی بیستەم هێشتا بەسەر بیر و بیرکردنەوەیدا زاڵە. قارەمانانی چیرۆکەکانی – جگە لە نەوزەر ئەسفەندیاری لە مەداری سفر دەرەجەدا و چەند قارەمانێکی دیکە لە کۆمەڵە چیرۆکی دیدار و چیرۆکی ئاشنادا، تاك مەودا و سادەن. بەڵام ئەو ڕاستییەش زەق و دیارە کە مەحموود لە زۆربەی چیرۆکەکانی خۆیدا واقیعی ژیانی خەڵکی بێ بەش و مەحروم دەخوڵقێنێتەوە و کەسایەتی و قارەمانانی چیرۆکەکانی لە ناوەوە و لە دەرەوەڕا بەرجەستە دەکات، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەحمەد مەحموود زەرورین بۆ تێگەیشتن لە ژیانی خەڵکی گوندی و ژینگەی باشوری ئێران، بەتایبەتی ئەهواز و خوزستان، گەڕەکەکانی ئەهواز و شێوازی ژیانی خەڵکی ئەم شارە و سیاسەتی زاڵ بەسەر ئێراندا لە سەردەمی دکتاتۆریەتی شاهنشاییدا.

کەسێك بیەوێ کارەکانی ئەحمەد مەحموود بناسێت، دەبێ لە کۆمەڵە چیرۆکی (مول) –ەوە دەست پێبکات، کە بریتییە لە هەشت کورتە چیرۆك، مەنەلۆگ زاڵە بەسەریاندا، کورتبڕی خەسڵەتێکی دیکەی زاڵی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە. مەحموود دەیەوێت قسەی خۆی بکات و ئەزموونی خۆی دەربڕێت و حاڵ و حەوسەڵە و تاقەتی درێژدادڕی نییە. کۆمەڵەی دووەمی (زائر زیر باران – ١٩٦٨) ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی شێوە و شێوازی چیرۆکڤانییەوە دەکرێت بەدوو بەشەوە. بەشی یەکەمیان کاریگەری چیرۆکەکانی هیدایەت و عەلەوی و چوبەکیان پێوە دیارە. نووسەر هێشتا نەبووە بەخودانی دەنگی خۆی، بەشی دووەمیان ئەو چیرۆکانەیە کە نووسەر خۆی دۆزیوەتەوە و لە کەمەندی بونیاد و تەکنیك و شێوازی نێودارانی پێش خۆی ڕزگار بووە. لە کۆمەڵە چیرۆکی (غریبەها و پسرك بومی)دا پەرەی بەو شێوە و شێوازەدا کە لە بەشی دووەمی (زائری زیر باران)دا پێی گەیی بوو. بەردەوام گەشەی بەشێوازی تایبەتی خۆی دا تا لە هاوماڵەکاندا شێوازێکی تایبەت و دیاری دۆزییەوە.

*

یەکێك لە ئارمانجەکانی نووسەر، بەتایبەتی نووسەری ڕۆژهەڵاتی دەکاتە دۆزینەوە و کەشفکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆی، واتە نووسەر دەبێ خودان کەشفی خۆی بێت، دەنا بیروباوەڕی زۆر لەم دنیا بەرین و ئاڵۆزەدا هەن کە هەر یەکێکیان بگریت دەشێت لە شوێنی خۆیدا شایانی تێفکرین و قووڵبوونەوە بێت. ڕیالیستانی ئێرانی، کە ئەحمەد مەحموود یەکێکیانە ئەم خەسڵەتەیان هەیە کە وازیان لەم گەمە سواوەی ڕۆشنبیریی (واتە وەرگرتنی باوەڕ و بیری خەڵکانی دی) هێناوە و ڕوویان کردۆتە قوڵایی ژیانی ئێرانی، دوو چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵەی (غریبەها) وەسفی ژیانی خەڵکی خوزستان لە ڕۆژانی جەنگی جیهانی دووەم و داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانانەوە دەکات.

*

با جارێ بێینەوە سەر ڕۆمانی (هاوماڵەکان. بابەتی ئەم ڕۆمانە، بابەتێکی سیاسی – کۆمەڵایەتییە. بونیادێکی زۆر ورد و مەحکەمی هەیە. دیمەنەکانی ژیان بەجۆرێ وێنە دەگرێت کە دەبێت بەبەشێك لە خودی بابەتەکە و لە دەرێڕا لێی بار ناکرێت. ئەگەر ئەم ڕۆمانە لەگەڵ (شوهر آهو خانم)ی عەلی محەمەد ئەفغانیدا – کە ئەویش کوردە – بەراورد بکەین، بەئاشکرا دەردەکەوێت کە بەرهەمەکەی ئەفغانی وێڕای هەموو خەسڵەتێکی ناوازەی خۆی، لە زۆر شوێندا دەکەوێتە درێژدادڕی، نانەوای کرماشانی سەید میران باسی ئەفسانەیێن یۆنانی دەکات و موتریبەکە دەکەوێتە فەلسەفەڕێسی. لە ڕۆمانی هاوماڵەکاندا ئەم جۆرە خۆنواندنە ڕۆشنبیرییە بەدی ناکرێت. نووسەر دەیەوێت دیتن و باری سەرنجی خۆی لەمەڕ شوێنێن دیاریکراو و قۆناغێکی دیاریکراو لەناو چیرۆکەکەدا بەرجەستە بکات. قارەمانانی ئەم چیرۆکە بەگوێرەی خەسڵەتێن بەدەنی و سۆزداری و چۆنیەتی ژیانیان قسە دەکەن و هەڵسوکەوت دەکەن و هەڵوێست دەنوێنن. قسەکانیان ڕەنگدانەوەی دەرد و ئازارەکانی خۆیانە و هەقیان بەسەر ئەفسانەیێن یۆنانی و چیرۆك و حیکایەتێن کۆن و تازەوە نییە. قسەی زل زل ناکەن. خۆ بەخۆ و بەبێ هۆ لە دیمەنەکانی ناو چیرۆکەکەدا دەرناکەون و ژیانی پڕ هەوڵ و تەقەڵا و ڕەنج و ڕووداو چارەنووسی هەموویانە یان زۆربەیانە.

قارەمانی سەرەکی ڕۆمانەکە (خالید)ی ناوە. نووسەر لە قۆناغی هەرزەکارییەوە، واتە لە تەمەنی ١٠ – ١٢ ساڵییەوە تا سەرەتای ٢٠ ساڵی لەگەڵیدا دێت و سەربوری ژیانی ئەو و دەوروبەرەکەی هونەریانە نیشان دەدات. هەر هەموو بابەتەکە بەزمانی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە. جا کورتکردنەوەی ئەم ڕۆمانە بەلەزەت و چڕە ڕووداو و بەسەرهاتە گەلەك ئەستەمە. بۆیە وا چاکە سەرەداوێکی هاماج و بونیادی ڕۆمانەکە بدەینە دەستی خوێنەر تا خۆی بەیارمەتی ئەم سەرەداو و ڕێنوێنە، گۆشە و کەنارێن ڕۆمانەکە کەشف بکات و ئاگاداری لێهاتوویی نووسەر لە بواری چیرۆکڤانیدا ببێ. چیرۆکەکە بەمەنەلۆگێکی خالید دەست پێدەکات. بەڵام دیسپلینێکی لۆجێکی بەسەر ئەم مەنەلۆگەدا زاڵە. خالید چ وەکو تاك و چ وەکو باری کۆمەڵایەتی سیمایەکی دیار و تایبەت بەخۆی هەیە. وەکو زۆربەی لاوانی ئێرانی لە کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی شار و زەمانی خۆی بەدەر نییە، کەسێکی ئاشنا و زیندووە لە لای خوێنەر. نووسەر دیوی ناوەوە و دەرەوەی، واتە لایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتی ژیانی قارەمانەکەی لە بەرچاو گرتووە و زۆر واقیعیانە مامەڵەی لەتەکدا کردووە. ئەم ڕۆمانە ئاوێنەیەکی درز بردووی شکاو نییە کە

وێنـەی شـێواو و لێـڵ و تێکەڵوپێکـەڵی بنیادەممـان پیشـان بـدات. بـەڵکو ئاوێنەیەکـە کۆمـەڵ دەنـوێنێ. ڕووداوەکـانی ژیـان بەڕاسـتی و واقیعیانـە نیشـان دەدات. دروسـتە کـە نووسـەر، ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی بەگوتاری (خالید) دەست پێکردووە، لێ خاڵی گرینگ ئەمەیە کە ئەم ڕووداوانە تەنیا بەقارەمان و کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە پەیوەست نین. بەڵکو پەیوەندی بەکەسانی دیکەشەوە پەیدا دەکات و وەختێ کە کاراکتەرەکانی دی دێنە قسە، قسەی خۆیان دەکەن و سیمای واقیعی خۆیان نیشان دەدەن. لە چیرۆکەکەدا، لەبن دێڕی مەنەلۆگی خالیدا، گفتوگۆی خەڵکانی دیکەش دەژنەوین. هونەری نووسەر پتر لەمەدایە کە هونەریانە ڕووداوەکان دێنێتەوە ناو زەمانی ئێستا و بەگوتارێن بەردەوام نیشانیان دەدات. بەڵام بەیارمەتی و کۆمەکی ئەم شێوەیە دەتوانێ چیرۆکێکی تازە بێنێتە ئاراوە. چیرۆکەکەی، یەکەیەکی یەك پارچەیە و بەجووڵە و وەسف، سیمای واقیعیەت و حەقیقەت دەنوێنێ. نووسەر، سەرەتا دەمانباتە ناو ماڵێکی هەژاری شاری ئەهواز. ئەو کەسانەی کە لەم ماڵەدا دەژین لە بەرچاومان گیانیان دەکەوێتە بەر و بە ژیانی بابی خالید، دایکی، ئەمانی چایچی، بلور ی ژنی، ئافاق، محەمەد میکانیك، ڕەحیمی وڵاخدار و خەڵکانی تری چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ ئاشنا دەبین. سیمای خالید و کردارەکانی خالید خاڵی سەرەکی ڕۆمانەکەیە. لەم بارەیەوە ڕۆمانەکە لە خانەی کلاسیکدایە، بەڵام بەزەبری پەنابردنی نووسەر بۆ مەنەلۆگ، ڕۆمانەکە خەسڵەتێکی تازەش پەیدا دەکات. (هاوماڵەکان) ڕۆمانێکە بەزمانێکی تەڕ و تازە لایەنەکانی واقیع نیشان دەدات نەك لایەنێن ژیانی پڕ لە شڵەژانی تاکە کەس کە نیشانەی بەرهەمێن ڕۆمانێن مودرینە.

کار و گوتارێن خالید چەقی ڕۆمانەکە پێکدێنن. بەڵام چەقێکی داخراو و سنووردار نییە و ڕووی لە جیهانی بەرینی کۆمەڵگەیە و قۆناغێکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران لە دەیەی ساڵی ١٩٥١دا نیشان دەدات.

قۆناغی یەکەمی ئاشنایی خالید بەژیانی کۆمەڵایەتی و گەییشتنی بەتەمەنی خۆناسین، بەپەیوەندی ئەو دەگەڵ (بلور خانم)دا دەست پێدەکات. بلور خانم ژنێکە لە مێردەکەی ڕەنجاوە و لە باوەشی خالیدی لاودا بۆ لەزەت دەگەڕێت و لەزەت دەبینێ و یەکەمین جورعەی هەنگوینی ئارەزووی پێ دەنۆشێت. خالید لە قوڵایی سروشتی هەرزەکارانە و گەرموگوڕی خۆیەوە ئەم پەیوەندییە دەردەبڕێت:

" تێك ئاڵاوین، بەجۆرێکی ئەوتۆ بەخۆوەم دەگوشێت ئێسقانەکانم دێنە ژان.. دڵم وەکو چۆلەکەی ڕەمیدە دەفڕێت".

هەنگاوی دووەمی خالید لە پرۆسەی هاتنە ناو کۆمەڵەوە، ئەو کاتەیە کە دەگەڵ ئیبراهیمدا دەبن بەمووی لووت لە غوڵام عەلی خان و شووشەی پەنجەرەکەی دەشکێنن. چونکە غوڵام عەلی خان بەدزییەوە ژنێکی هێناوەتە ماڵەوە. غوڵام عەلی خان، خالید دەباتە پۆلیسخانە بەدارکاریکردنێکی چاکی دەدات. لێ پاشان بە ناوبژیوانی (ئەمان ئاقا) ئازاد دەبێت و لە هەمان قۆناغدا ئاشنا و شارەزای بێدادییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

هەنگاوی سێیەمی خالید ئەو کاتانەیە کە ئاشنایەتی دەگەڵ کیژێکی ئەروستوکراتی جواندا کە ناوی دەنێت (چاو ڕەش) پەیدا دەکات. لێرەدا گیرۆدەی ئەشقێکی پاك و بێگەرد و تەنانەت

ڕۆمانسی، بەڵام دوو لایەنە، دەبێت. عەشقێك كە سەراپای بوونی دەسووتێنێ و بەدەم عەزرەت و ناكامییەوە بەرەڵلای دەكات.

هاوئاهەنگی كەسایەتی خالید لە مەیدانی خەباتی كۆمەڵایەتیدا – ئەوساكەی كە پەیوەندی بەحیزبەوە دەكات – دەشێت لەگەڵ كەسایەتی یوسف خانی ڕۆمانی (سووشون)ی خاتوو سیمینی دانیشوەر و ماكانی ڕۆمانی (چاوەكانی) بوزورگی عەلەویدا بخرێتە بەر باس و پێكتر بەراوردكردن و شوبهاندن. جگە لەوەی كە لە هاوماڵەكاندا خالیدی شاقارەمانی ڕۆمانەكە، بەرە بەرە ئەزموونی كۆمەڵایەتی – سیاسی پەیدا دەكات. لە كاتێكدا یوسف و ماكان كەسایەتی و كاراكتەرێن توندوتۆڵ و مكومن و بەرەو ئارمانی سیاسی خۆیان پێشڤە دەچن. نووسەری هاوماڵەكان ژیانی خالید لە سەرەتای هەرزەكارییەوە تا تەمەنی بلوغی بەدەنی و فیكری بەرجەستە دەكات و نیشانی دەدات كە كردار و گوتاری ئەو لە قوڵایی ژیانێكی فەقیرانەوە هەڵدەقوڵێت. قاڵبووی بۆتەی هەژاری و كوێرەوەرییە. (ماكان) و (یوسف خان) هیچ یەكێكیان تامی هەژاری ناچێژن. ئەمان لە جوملەی خەڵكانێكی بەتوانا و ڕێزداری ئەوتۆن كە ڕێگەی بەرزبوونەوە بۆ پلەییێن بالای كۆمەڵگە لە بەردەمیاندا وازە. دەتوانن دەگەڵ سیستەمی دكتاتۆریەتی شاهنشاهیدا بسازێن و ببن بەوەزیر و وەكیل لێ ئارمانجی وان ئارمانجێكی مەزن و مرۆڤانییە. ڕزگاركردنی كۆمەڵە لە چنگی ئەژدیهای هەژاری و گەندەڵی ئیمپریالستی و لە ڕێگەی ئەم خەباتە هوشیارانە و مرۆڤانییەدا دەمرن. لێ خالید ڕۆڵەی ماڵباتێكە كە لە سۆنگەی بێ كارییەوە لە قوڕی ڕەش نیشتووە، برسی، هەراسان و دەستەپاچە و زۆرلێكراو، یاخیبوونی ئەو لە دژی بونیادی كۆمەڵگە و پەیوەندیكردنی بەحیزب و خەباتی كۆمەڵایەتییەوە، پتر ناچارییە تا هەڵبژاردنێكی ئازادانە. ئەو هیچ چارەیەكی دیكەی بۆ شكاندنی كۆت و بەندی كۆمەڵایەتی نییە.

لێ لە گەرمەی خەباتی كۆمەڵایەتیدا، دەستبەرداری ژیانی تایبەتی خۆی نابێ، چاو ڕەش لە یاد ناكات و گاڤێ دەكەوێتە زیندان بەیادی ئەو سوكنایی بەهەژاری و كڵۆڵی خۆی دەدات و پڕشنگی چاوانی چاو ڕەش كەش و هەوای تەنگ و تاری زیندانەكەی لێ ڕوناك دەكاتەوە.

چیرۆكەكە بەرە بەرە كەوانی بەرزبوونەوە تەی دەكات و نووسەر بەوێنەگرتنی ڕووداوە ناوەكی و دەرەكییەكان دەمانباتە ناو جەرگەی ڕووداوەكانی دەیەی ١٩٥١، چیرۆكەكە زۆر بەجوانی خوێنەر ڕادەكێشێت، وردە ڕووداوەكان، یان ڕووداوە لاوەكییەكان، لێهاتووانە لە یادی خالیدا دەهۆنرێنەوە. قارەمانانی چیرۆكەكە تێكەڵاوی ژیانی یەكدی دەبن و تانوپۆی ژیانیان هێندە تێكەڵ بەیەكتربوون، كە جیاكردنەوەیان گەلەك ئەستەمە. نووسەر گاڤێ لە ناوەوە و گاڤێ لە دەرێرا دەیانداتە بەر زەین و تێڕوانین. بۆ وێنە بابی خالید كە ئاسنگەرێكە و كاری نەماوە و كەوتۆتە چلەنشینی و بۆ ڤەبوونی كلاڤەی بەختی خۆی كتێبی (ئەسرار قاسمی) دەخوێنێتەوە، جارێك لەگەڵ محەمەد میكانیكدا كە خودان لۆژیكێكی دنیاییە، ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، نادروستی لۆژێكی بابی خالید و بێهوودەیی كارەكەی ئاشكرا دەبێت.

قۆناغی یەكەمی ژیانی خالید، قۆناغی ئاسوودەیی و سەر ڕەحەتییە، ئەم قۆناغەی ژیانی بەگەمە و گەڕان كۆتایی دێت تا بابی دەست لە كار دەكێشێتەوە و لە ماڵەوە دادەنیشێت. لێ چلەنشینی و خوێندنەوەی (ئەسرار قاسمی) دادی نادات و ناچار ماڵ و منداڵ بەجێ دەهێڵێت و

بەدووی کاردا ڕوو لە دەڤەرێکی دیکە دەکات، بۆ شارەکانی ئەوبەری کەنداوی فارس دەڕوات. ئەم ڕووداوی ڕوو بەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ هەژاری و ئاشنا بوونی دەگەڵ (پندار) و (شەفەق)، خەباتکارانی سیاسیدا، ڕێگەیەکی دی دەخاتە بەردەم خالید ئەگەر ئەم ئاشنابوونە نەبوایە بیگومان ئەویش وەکو ئیبراهیم بەرەڵلا و گیرفانبڕ دەردەچوو، لێ شکستی بابی و ئامادەیی خۆی بۆ پێشڤەچوون و ڕێنوێنی پندار و شەفەق دەیخەنە سەر ڕێگەی ژیانی سیاسی و کەسێکی لێدەر دەچێت کە بەشداری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکات نەك وەکو وردە بەردێکی نێو جۆگەیەك کە شەپۆلان بۆ هەر کوێیان بوێ، بۆ ئەوێندەری ببەن، ئاشکرایە کە پەرەسەندن و گەورەبوونی بەدەنی و فیکری و سۆزداری خالید سێبەری بەسەر سەرانسەری کتێبەکەدا کردووە، ئاشنایی ئەو بەشێوەی جۆراوجۆری ژیان چەقی سەرەکی چیرۆکەکەی پێك هێناوە، دیارە ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەنییە کە چیرۆکەکە لە زمانی ئەوەوە دێتە دەربڕین و نیشاندان، بەڵکو لەبەر پێگەی ئەوە واتە خالید هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی ژیانی هاوماڵەکانە، کە نموونەی ڕەش و ڕووتی جەماوەری کۆمەڵگەن. لەوێندەرەوە هەڵدەقوڵێت، گەورە دەبێت هەم سێبەر دەخاتە سەر ئەوانی دیکەو هەم بەشێك لە تەرزی ژیانیان عەکس دەکاتەوە و دەنوێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆشوخرۆشی دەیە ی ١٩٥١ ی خەباتی خۆماڵیکردنی نەوت و ژیانی چینە هەژارەکانی باشووری ئێران، لە میانەی وەسفی ژیانی خالیدەوە بەرجەستە دەبێت.

ڕووداوە لاوەکییەکانی وەك بەسەرهاتی (ڕەحیمی ولاخدار) لەو کاتەوە کە ژنەکەی دەمرێت و ژنێکی دی دێنێ و دەبێتە مایەی ڕیسوایی ڕەحیم و، ئەوساکە ڕەحیم دەیکوژێت و منداڵەکانی بێ سەرپەرشتیار دەمێننەوە و خۆی دەکەوێتە زیندان و پاشان بەتاوانی کوشتنی ژنەکەی ئیعدام دەکرێت، و چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی غولامی کوڕە پووری خالید، هاپۆ بەندەر، شێخ شوعەیب و ئافاق، هەمووی لە تان و پۆی ژیانی خالیدا دەچنرێن.

ئەو چیرۆکەی کە خالید دەیگێڕێتەوە، سێ بەشە: سەرەتا بلوغ و بێ ئاگایی، ئاشنایی دەگەڵ مەسەلەیێن کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی چاو ڕەش و ژیانی ناو زیندان ولێرەوە ئاشنای هەندێ سیما و کەسایەتی دیکە دەبین. یەکێك لەو کەسایەتیانە (ناسر ئەبەدی)یە. پیاوێکە کە دەستی پەیوەندییێن نادروستی کۆمەڵایەتی تورِی داوەتە زیندانەوە. ناسر، لە زیندانا خالید دەناسێت، داوای لێدەکات فێری خوێندن و نووسینی بکات، و ئەوە نیشان دەدات کە چ توانایەکی گەورەی هەیە بۆ چاك بوون، ئەگەر ژینگەیەکی لە باری بۆ فەراهەم بکرێت، مرۆڤێکی بەکەڵکی کۆمەڵایەتی لێدەردەچێت. بە خالید دەڵێت: "تۆ دنیات نەدیوە کوڕۆ ڕۆژێ دێ عەفوویەك، شتێ بدرێ، ئەمە جگە لەوەی کە خوێندەواری لە زینداندا پتر بەکەڵکی مرۆڤ دێت."

جا هەر شان بەشانی ئەم کاراکتەرانە کە ڕەمزی ژیانی سادە و چینە بێنەواکانن، خەڵکانی وەکو (شەهری) و (عەلی شەیتان)یش هەن کە نوێنەرو ڕەمزی بەدکاری، حیلەبازی و دەغەڵبازین. ئەمانەش لە پاڵ خالیدا و هاو پەیوەست لەگەڵ خالیدا بەرجەستە تر دەبن. لە ڕۆمانەکەدا گوزەری خالید لە جیهانی منداڵی ئارامەوە بۆ ژیانی پڕ لە بەسەرهات و تێکچڕژاو دەبینین. لە چوار چێوەی گشتی چیرۆکەکەدا ئەوە دەبینین کە چۆن ڕەوت و ڕووداوێن ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاشقێنی خالید پەرە دەستێنێ و پتر شارەزایی لە جیهان و ژیان پەیدا دەکات و خەڵکی زیاتر دەناسێت. جا لەم کەین و بەینەدایە کە دەرس و عیبرەت لە ژیان وەردەگرێت، ئاشنای ڕەنج و ستەم و هەروەها ئاشقێنی ڕاستەقینە دەبێت و دەگاتە قەناعەت کە ئەم ئەشقە جیاوازە لەو

دەست تێکەڵکردنەی کە لەگەڵ بلور خانمدا هەیەتی. چونکە ئەم ئەشقە، بەتایبەتی کە ئاوێتەی حورمانە و هەر ئەمەش هەوێنی ئەشقی ڕۆمانتیکی و ئەشقی عیرفانی ڕۆژ هەڵاتییە کە ڕەگی لە حورمان و دووریدایە، هاوماڵەکان، بەشێوەی ڕۆمانانی وەکو (دایك)ی گۆڕکی هاتۆتە نووسین، کە لە وێدا قارەمانی ڕۆمانەکە لە قوڵایی هەژاری و ڕەنجەڕۆیی و ڕەنجبێوەرییەوە سەر هەڵدەدات و بەناو شانۆی خەباتی حەماسی سیاسەت دەکەوێت. لێ لە هاوماڵەکاندا ئەم هەوێنە حەماسییە کە چەند دەیەیەك هەوێنی ڕۆمانێن ڕیالزمی کۆمەڵایەتی بوو، بەدی ناکرێت و نییە.

خەباتی سیاسی لە شوێنێکی نا سکدا دەپچڕێت. حکومەتی نیشتمانی دکتۆر مسەدەق بەهۆی پەلاماری ئیمپریالزم و ناپاکی ناوخۆوە هەرەس دێنێ و پایەو بناغەی خەبات لەوە سست ترە کە بەرەی خەبات بتوانێ بەردەوام بێ و کاروان بگەیەنێتە مەنزڵ. ئەم حەقیقەتە کە سکێچی گشتی هەموو خەباتە سیاسییەکانی قۆناغی لە مەشروتە بەدواوەی ئێرانە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پرۆسەی خەبات بێهودە لە بازنەی دەستپێك و شکست و شکست و دەستپێکدا خولاوەتەوە و هەر ئەحمەد مەحمود خۆی ئەم حاڵەتەی لە ڕۆمانی (زەوی سوتماك)دا دووبارە کردۆتەوە، هۆی ئەمەش سستی پایە کۆمەڵایەتییەکانی خەباتی سیاسی بووە.

هەموو بەشەکانی ڕۆمانی هاوماڵەکان بەیەك شێوەوشێواز نەنووسراون. بۆ نموونە بەسەرهاتی ئاشقێنی خالید و چاو ڕەش بەزمانێکی شاعیرانەی غەزەل ئامێز نووسراوە، بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە ئەم جووتە ئاشقە بەدووقۆڵی و دوور لە چاوی خەڵکی پێکڤە پیاسە دەکەن: " بەسەر چیمەنەکەدا دەڕۆین. هەستدەکەم باری لەشم سووك بووە. خەریکە باڵ بگرم. قامکی چاو ڕەش دەکوشم. دەگەینە دەوەنە خورمایەك، گەڵاکانی عەینی سەرەنێزەچوون بەیەکدا. من بەلای چەپی دەوەنەکەدا ڕەت دەبم، چاو ڕەش بەلای ڕاستی دەوەنەکەدا ڕەت دەبێت. دەستمان بەسەر دەوەنەکەدا دەخشێت". لە هەمان دیمەندا، نوکی چەند گەڵا خورمایەك کە ڕەپ ڕاوەستاون، دەچێت بەدەستیاندا و خالید لەم بەرەوە و چاو ڕەش لەو بەرەوە، نایانەوێت دەستی یەکتر بەربدەن، لێ تیژی گەڵاکان ماوەکەی نێوانیان زیاتر دەکات و دەستیان لێکدی دەترازێت و ئەمە دوا دیداریان دەبێت. تیژی گەڵاکان هێمایە بۆ دڕکی ژیان و جیاوازی چینایەتی کە لێکدییان جودا دەکاتەوە.

زمان، لە هەندێ بەشی ڕۆمانەکەدا، توند و حەماسی دەبێت، چونکە لێرەدا چیدی سەروکارمان دەگەڵ ئاشقێنی ئەو جووتە هەرزەکارەدا نامێنێ، ڕوو بەڕووی یاخی بوونی (ناسر ئەبەدی) و دیمەنی کوشتنەکەی دەبینەوە و بێگومان ئاساییە کە ڕیتمی قسە لە غەزەلەوە دەگۆڕێت بۆ شین و لاوانەوە. بەشی کۆتایی ڕۆمانەکە بەهەمان ڕیتم و زمان دەست پێدەکات، لە حاڵێکا لە بەشی پێشترا زیاتر سەروکارمان دەگەڵ غەزە لکاریدا بوو، دیارە ئەم ڕیز بەندییە لە ڕۆمانەکەدا نییە و لێرەدا تەنیا بۆ ئاسانکاری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن ئەم ڕیز بەندییە گریمانەییە کراوە. هاو ماڵەکان، وەکو هەر چیرۆکێکی دیکەی چاك، یەکەیەکی یەکپارچەیە و وەکو خودی ژیان بە شەپۆل و پڕ گێژاوە. ئەشقی خالید بۆ چاوەڕەش هەرچەندە گەلەك ناسك و ئەفسوناوییە، بەڵام ڕەوتی سەرەکی چیرۆکەکە ڕاناگرێت، بەڵکو دەبێت بە بەشێك لە هەمان یەکپارچەیی کە پتر وەقفی وەسفی ژیانی خەڵکانی هەژار و ڕەنجبەر کراوە. ژوورەکان و خەڵکە کرێ نشینەکانی (هاوماڵەکان) ژیانی خەڵکی باشووری ئێران، بەتایبەتی شارنشینان لە خۆ دەگرن. تەرزی ژیان و

کاری خەڵکی، بیروباوەڕو بژێویان، ڕەفتاری مامورانی دەوڵەت لە گەڵیاندا، حاڵ و هەوای ناوچەیی ئەهواز و خۆزستان لەڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە جا خوێنەری ئازیز با پێکەوە دیقەت بدەین:

ئافاق، تاسکەبابی ناوەتە سەرئاگر. بۆن و بەرامەی خۆشی تاسکەبابی هەموو حەوشەکەی پڕکردووە، سەنەم عەباکەی لە ناو قەدی بەستووە و نان دەبرژێنێ. تیشکی خۆر باڵی بەسەر هەموو حەوشەکەدا کێشاوە. هاڵاوی گەرمی تەنورەکە فرە لە گیان خۆشە. نانەکانی سەنەم ئێژی کولیچەن، تامی زەردێنەی هێلکەی کوڵا و دەدەن.

(بۆن و بەرامەی خۆشی تاسکەبابی) و (تامی کولیچەیی نان) ڕوانینی وردی نووسەر نیشان دەدات. ئەمە سوخەت و خەسڵەتی نووسەرانی ڕیالستە کە وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی لە خوڵقاندنی بونیادی سۆزداری و کرداریاندا بەگرینگ دەزانن. هێندە بەدیقەت ئەم وردە کاریانە وێنەدەگرن کە خوێنەر دەچێتە پێستی قارەمانانی چیرۆکەکەوە و لە نزیکی نزیکەوە هەستیان پێدەکات و لێیان تێدەگات.

ئەم پەیوەندییە ڕیالستیانە لە (هاوماڵەکان)دا لە ناوەوە دەکرێنەوە و پەرە دەسەنن و هەموو شاری ئەهواز دەگرێتەوە، لە هاوماڵەکاندا، خالید و خەبات دووچاری شکست دەبن، بەڵام ئاکامەکانی ئەم شکستە کە لە دوای کودەتای ٢٨/ مورداد/١٩٥١دا ڕوویدا، بەجیرۆکێکی دیکە، کە پاشماوە یان درێژەی هاوماڵەکانە دەسپێردرێت، بەچیرۆکی (چیرۆکی شارێك) دەسپێردرێت کە خالید نەڤ دەکرێت و باری قۆناغ و سەردەمی ئەسارەت ئامێز و کلۆڵی دەگرێتە کۆڵ.

(٤)

ئەحمەد مەحمود لە ڕۆمانی (هاوماڵەکان)دا و لە زمانی خالیدی شاقارەمانی چیرۆکەکەوە، هونەریانە ئەوەمان نیشان دەدات کە هەرگیز نابێ بەڕەڤانی لە ژیان فەرامۆش بکرێت، دەبا دەمێکی دیکەش لەگەڵ خالیدا پێکەوە بقەتێنین. خالید تاکێکەو ڕادەکێشرێتە ناو ڕووداوە مێژوویەکانەوە، ململانێی نێوان هێزە ناکۆکە کۆمەڵایەتییەکان چارەنووسی دیاریدەکان نەخشەو پلۆتی ڕۆمانەکە لەسەر گۆڕانی کە سایەتی و باوەڕەکانی ئەو قاڵب دەگرێت و لەرێگەی وەسفی هەڵس و کەوت و مامەڵەی ئەوەوە دەگەڵ خەڵکیدا، دەگەڵ ڕوداوو دیاردەکاندا پەرە دەستێنێ و قۆناغێکی مێژوویی دەگرێتەخۆ. ئەم ڕۆمانە جوانە پێنج سەد ودوو لاپەڕەییە، بەشی یەکەمی دوو ڕمانی دیکەن بەناوی (چیرۆکی شارێك– ١٩٨١) و (زەوی سوتماك– ١٩٨٢).

ئەگەر بمانەوێ بۆ سەرچاوەکانی ئەم ڕۆمانە بگەڕێین، ئەوا جگە لە ئەزموونی چڕو دەوڵەمەندی خودی نووسەر، ڕۆمانانی دیکەی وەك: (پێ خاوسان)ی زاهاریا استانکو و (پۆڵای زاخاو دراو)ی ئەسترۆفسکی دێنەوە بیر. پاڤل و خالید لێکچوونی زۆریان لە نێواندایە. هاوماڵەکان، ڕوو لە داهێنانی جیهانێکی مرۆڤانی ئەوتۆیە کە هێوەتر لە وردە شتە مێژوویی و کۆمەڵایەتی یان چینایەتیەکان دەڕوات. بۆیە هەر لێکدانەوەیەکی حزبیانە زیانی گەورە بەم کارە جوانەی ئەحمەد مەحمود دەگەیەنێت، بەهەرحاڵ نووسەر نەهاتووە پشت بە بەهایێن کلێشەیی ببەستێ، بەڵکو بابەتەکەی لە قاڵبێکی هونەریدا دەخاتە ڕوو، دوور لە هەر تیۆری بازییەك، خوێنەر دەخاتە ناو جەرگەی ڕووداوەکانەوە. هەر بۆیەش کارەکەی بەکەلەپورێکی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران دەژمێردرێت. ڕووداوەکانی (هاوماڵەکان) لە زاری یەکەم کەسی

تاکەوە و بەگوێرەی زنجیرەی کات، دەگێردرێنەوە ،خالیدی نۆلاوی تەمەن ١٥ ساڵە وەکو شایەتێکی وریا و بەسەرنج، ژیانی خەڵکانی هەمە جۆری ناو مەملەکەتی (هاوماڵەکان) دەگێڕێتەوە. خوێنەر بەردەوام لە دیدی ئەوەوە ئاشنایەتی دەگەڵ واقیع و ڕووداوەکان پەیدا دەکات و پێ بەپێی ئەو لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەچێتە پێشێ.

خالید باسی ماڵباتی خۆی دەکات. باسی دایکی دەکات کە نموونەی مرۆڤی ڕەنجدەر و بەسەبر و پشوو درێژە، باسی بابی دەکات کە دەچێتە خەڵوەتەوە و دەپارێتەوە کە کاری دەست بکەوێت و لە ئەنجامدا بە ناچاری و لە پێناوی بژێوی خاو خێزان ڕوو دەکاتە وڵاتی کوێت. ژیانی ڕەحیم وڵاخدار و برایم و حەسەنی کوڕی، ژنەکەی ڕەحیم کە دەمرێت، ڕەحیم، ڕەزوان دەخوازێت و پاش کوشتنی ڕەزوان دەخرێتە زیندان و لە داردەدرێ. گوزەرانی خواجە توفیقی تلیاکی و کە قاچاخچییەو لەو ڕێیەدا دەمرێت، ها پۆ بەندەر و خۆزگە و ئاواتە سادەکانی، سەنەم و کەرەم، ئەمانی چایچی و ژنە هەوە سبازەکەی (بلور خانم) کە خالید بەخۆی فێر دەکات. ژیانی محەمەد میکانیك، ناسردەوانی، مەلا ئەحمەد و ماڵ و منداڵەکەی، هەر هەموویان بەشێوەیەکی ئاسایی و پێکەوە تێکەڵاوی ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوودەبن. جا دەست ڕەنگینی و بەهرە و توانا و هونەری نووسەر لەوەدایە کە توانیویەتێ خەڵکانێکی زۆر بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە، لە پێکهاتەیەکی کۆك و جواندا گرد بکاتەوە. هەموو ئەو کەسانە بەشداری لە پێشڤەچوونی چیرۆکەکەدا دەکەن، کەسیان زیادنین، هەر یەکەیان بەجۆرێك لە دروستکردنی کەش و هەوای خوازیاری نووسەردا بەشداری دەکەن.

لە فەسڵی یەکەمدا، ژینگەی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی تازە و خەیاڵ ورووژێن دێتە وەسفکردن، جا لەم ناوەندەوە خالید سەفەری پڕ خەتەری خۆی بەرە و گەورە بوون دەست پێدەکات. لە دوای ڕووداوێك هەواڵەی پۆلیسخانە دەکرێت. لەوێندەرەوە پەیامی زندانییەکی سیاسی بە هاوڕێکانی ئەو زیندانییە دەگەیەنێت. ئیدی بەمجۆرە لە ناو نۆ لاوانی (هاوماڵەکان)دا هەڵدەکەوێت و وەکو ئەوان تووشی کە چڕەوی سێکسی و ڕەوشتی نابێت، بەڵکو ئاسۆیەکی تازەی لەبەر دەم ڤەدەبێت.

لە فەسڵی دووەمدا، کار پەیدا دەکات و لە چاخانەکەی ئەمان ئاغادا دەبێت بەشاگرد. ئێمە و خالید پێ دەنەینە دنیایەکی بەرینترەوە. خەڵکانێکی دی دێنە ناو دنیای ڕۆمانەکەوە:بێکاران، تلیاك کێشان، شوفێران، کرێکاران، و خەڵکانی حزبی و حزبچی. ئەم دنیایە دەرفەتی زیاتری دەداتێ کە زیاتر کۆمەڵگە بناسێت. مەسەلەی خۆماڵیکردنی نەوت لەم و لەو دەژنەوێت. دۆست و ئاشنای تازە پەیدا دەکات، ڕۆژنامەی حزبی دەخوێنێتەوە، پێی بۆ کۆڕە جەماوەرییەکان دەکرێتەوە و دەکەوێتە خولیای دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان. گەلێك لە بۆ چوونی حزبییەکانی پێ قەبوڵ نییە، بەڵام چ ڕێیەکی دی نادۆزێتەوە. خالید نوێنەری قوناغێکە، سەربوری خالید نموونەیەکە و تەجرەبەی بەشێك لە نۆ لاوانی ئەو ساڵانە عەکس دەکاتەوە.

خالید، لە فەسڵی سییەمدا دەبێت بەکەسایەتییەکی حزبی، لە چالاکییەکانی حزبدا بەشداری دەکات. دەکەوێتە بەردەستی ئەمن، جارێك لە دایەرەی ئەمن ڕادەکات. لەم کاتانەدا لە کۆڕێکی جەماوەریدا بەشداری دەکات و پێی لە جێ دەچێت، پەنا دەباتە بەرماڵێك و لەوێندەر ئاشقی

(چاوڕەش) دەبێت. لەمە بەدواوە هەستی ئاشقانە بەشێکی گرینگی ژیانی خالید پێکدێنێ. فەسڵی سێیەم بەگرتنی خالید کۆتایی دێت.

فەسڵەکەی تری (هاوماڵەکان) بۆ وەسفی قۆناغی گرتنی خالید و حەپسی ئینفرادی و شێوە و جۆری تەحقیق و ئەشکەنجەدان و ژیانی ناو زیندان تەرخان کراون. ئەحمەد مەحمود لەم بەشەدا باشترین وەسفی زیندانی لە ئەدەبیاتی ئێران تۆمارکردووە. کەس ئەم کارەی لەو باشتر نەکردووە.

هاوماڵەکان لە لوتکەدا تەواو دەبێت، خالید حوکمەکەی تەواو دەکات و دەچێت بۆ خزمەتی سەربازی و ئیدی تەواو قاڵ بووەتەوەو خالیدەکەی جاران نییە.

بەهەر حاڵ ڕۆمانی (هاوماڵەکان) بەرەنجام و درێژە و پەرەسەندنی چیرۆکەکانی تری نووسەرە. ئەم ڕۆمانە قۆناغێکی پڕ بزووتن و بزاڤی خەڵکی بێ دەست و کەم دەست و دەستکورتی باشووری ئێران بەشێوەیەکی دەوڵەمەند و لە ناوجەرگەی گۆڕانکارییەکانی مێژوودا هونەریانە بەرجەستە دەکات.

***

بەر لە کۆتایی پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هەموو یان زۆربەی قارەمانانی چیرۆکێن ئەحمەد مەحمود لە وەزع و حاڵێکی تراژیدا دەژین. بەشێوەیەکی گشتی یان خەباتگێڕی شکست خوارووەن یان لە مەیدانی خەباتدا مردوون، یان گوندییانێکن کە ئاوو زەوی و ماڵیان لە دەست دەدەن و دێنە شارەوە و لە شاریشدا پەناگەیەکیان دەستناکەوێت یان پیاوان و ژنانی ستەمدیدەن و پەیوەندییێن نادروستی کۆمەڵایەتی تێکیان دەشکێنێت. لە چیرۆکێن وەکو: دیدار، سایە، خرکش، تب خال، بازگشت. بێزاری و بەزین و هەرەس وغوربەت و بەدبەختی وێنە دەگرێت، بەڵام نەك بەشێوەی فەردی یان سایکۆلۆژی، بەڵکو بەشێوەی کۆمەڵایەتی. دیارە کە نووسەر شارەزای هەوراز و نشێوی کاری کۆمەڵایەتی و ڕەنجی بەشەرییەو، دەرد و ئازار و ڕەنجی مرۆڤ لە ناوەوە وەردەگرێت و تەماشای دەکات و وێنەی دەکێشێت، قارەمانانی نووسەر زیاتر سەر بەگروپ و تاقمێکی ڕەنجبەر و بێزاری نەوەیەکن کە لەژێر پێی قورسی کۆمەڵگەی ناکۆکدا دەبنە قوربانی.

ئەحمەد مەحمود خودان جیهانبینییەکی واقیعی و مێژووییە، باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە خەڵکی ئێران لەو قۆناغانەدا تیایدا ژیاون و هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کردووە. هەڵبەتە چیرۆکنووس باری دەروونی و سایکۆلۆژی قارەمانەکانیش فەرامۆش ناکات و پەیوەندییێن سۆزداری و ماڵباتی و سایکۆلۆژی قارەمانەکان دەخاتە بەر پشکنینی هونەری، ئیدی بەمجۆرە گشت و عمومی لە پاژ و تایبەتیدا نیشان دەدات. هەر ئەمەش ئارمانجی نووسەری ڕیالیستییە. قارەمانانی چیرۆکەکانی ئەویش هەم تایبەتن و هەم عامن. نووسەر ئەو شتانە نیشان دەدات کە بەهۆی نوێنەرانی قارەمانی تایبەتییەوە دەگوترێن یان ئەنجام دەدرێن هەڵبەتە هونەر سەر بەهەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی بێ، هەرگیز کۆپی کردنی موو بەمووی واقیع نییە. دیارە ڕەفتاری قارەمانی چیرۆکیش پەیوەندی نزیکی بەکات و شوێن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و لە گەڵیاندا جۆشی خواردووە، چیرۆکێك زەمانی نەبێ، یانی بزاڤی نییە، زەمان هەرگیز لە گەڕانەوە نایەت، لێ پێدەچێت مرۆڤ تاقە بوونەوەرێك بێ کە بتوانێت لە زەینی خۆیدا زەمان

دووباره بکاتەوە، هەست بەجۆرە زەمانێك بکات کە توانای پاراستنی ڕووداوەکانی لە کاروانی حەرەکەت و پەرەسەندنی خۆیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی (مێژووی ژیانی خۆی) هەبێت بەم پێیە وێڕای زەمانی سروشتی، زەمانێکی زەینیشی دەبێت. جا لەم ڕووەوە مرۆڤ دەتوانێت هەموو قۆناغەکان سەر لە نوێ بخولقێنێتەوە، ئەگەر نەتوانێت ئەم خولقاندنەوەیە بەشێوەیەکی واقیعی ئەنجام بدات، ئەوا دەکەوێتە داوی خەیاڵ پەروەرییەکی نەخۆشانەوە.

<u>پەراوێز:</u>

** حیکایەتەکە ئەمەیە: سوڵتان مەحمودی غەزنەوی بەڵێنی دابووە فیردەوسی کە ئەگەر (شانامە) تەواو بکات خەڵاتێکی باشی دەکات، بەڵام سوڵتان وەعدەکەی نەبردە سەر، فیردەوسی هەجوی کرد. سوڵتان لە ترسی بەردەوامبوونی هەجوی فیردەوسی، لێبڕا وەعدەکەی بەرێتە سەر! بەڵام کاتێ خەڵاتەکەی نارد کار لەکار ترازا بوو، درەنگ بوو" لەوکاتەدا کە ئەو کاروانەی خەڵاتەکەی پێ بوو دەچووە ناو شارەوە، کاروانێکی دی لە شارەوە وە دەردەکەوت و تەرمی فیردەوسی پێ بوو.*

**- هاوماڵەکان، لە ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا لە چیاو بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە لەلایەن حەمەکەریم عارفە وە کراوە بەکوردی و چاپی یەکەم کراوە..*

<u>سەرچاوە:</u>

**- گۆڤاری نگاه نو/ شمارە/ ۱۰ ابان/۱۳۸۱، تاملی در منش زیبائی شناختی احمد محمود/ مهدی قریب.*

**- المدی، العدد ۳۷، تموز۲۰۰۲*

**- نقد اپار احمد محمود/ عبدالعلی دستغیب، تهران/ ۱۳۷۸*

**- الروائی احمد محمود :لقد نلت جائزتی من جمهور القراء/ گولان العربی ٤٨/ایار/۲۰۰۰/ جلال زنگابادی*

**- رۆمانی هاوماڵەکان/ ئەحمەد مەحموود/ و: حەمەکەریم عارف*

**- مانیز مردمی هستیم/ گفتوگو با محمود دولت ابادی/ امیر حسن چهل تن، فریدون فریاد/ ۱۹۸۹*

زۆر سوپاس بۆ ئەدیبی بە توانا مامۆستا جەلال زەنگابادی کە سەرچاوەی یەکەم و سێیەمی دامێ و سوودی زۆرم لێیان وەرگرت

دەربارەی هاوماڵەکان

"۱"

ڕۆمانی هاوماڵەکان پانۆرامای گەشەندنی روحی و گۆڕانی فیکری نۆلاوێکی کوڕ هەژارە، بۆ لاوێکی بە ئاگاو هوشیارو خەباتکارو بەرهەڵستکار..هەر لە ناوجەرگەو لە گەرمەی ئەم

پرۆسەی گۆڕانکارییەوەیە کە خالید لە واری مەسەلە عاتیفییەکانیشدا دەگۆڕێت ،لە پەیوەندییەکی سێکسی رووتەوە دەگەڵ بلورخانمدا، دەگاتە ئاشقێنییەکی مرۆڤانی پاك و خاوێن دەگەڵ کیژێکی گەنجدا بە نێوی چاورەش..قۆناغی پەرچەکرداری سەرەتایی و مندلانە بەرانبەر بە بالادەستان و دەسەلاتداران دەبڕێت و بەرەبەرە پەی بە فاکتەرو هۆکارەکانی هەژاریی و نەگبەتی کۆمەڵگە دەبات و ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەردە جڤاکیانە دەدۆزێتەوە.نووسەر لە ڕێگەی نیشاندانی ئەو خانووەی کە خالیدی تیا دەژی (حەوشەیەکی گەورەو بەرین، پڕە لە مالانی کرێنشین کە هەر ماڵەیان گیرۆدەی کۆمەڵێك کێشەی جۆراوجۆرن)..هەموو چینی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵگەمان نیشان دەدات کە خالید نموونەیەکە لەو چینە، لە ڕێگەی کەسایەتی و گەشەسەندن و گۆڕانیی فیکری خالیدەوە، نەوەیەکمان پێ دەناسێنێت کە لە سەردەمی ڕاپەڕینی خۆماڵیکردنی نەوتدا، بۆ یەکەمجار بە زاراوەو تێرم و چەمکێن ماف، دادپەروەری و ئازادی ئاشنا دەبن و لە میانەی ئەم ڕاپەرینەوە، هوشیاری و ئاگایی جڤاکی و رامیارییان لادروست دەبێت.

کۆتایی ڕۆمانەکە (کە وادێتە بەرچاو کۆتایی نەهاتبێت) ئاماژەیە بۆ دەسپێکی قۆناغێکی تازە هەم لە ژیانی خالید و هەم لەو کۆمەڵگەیدا کە لەوە دوا ژیانی خالیدی تیا دەگوزەرێ و بەردەوام دەبێت.

ڕۆمانی هاوماڵەکان لە گۆشەنیگای دەروونییەوەو* بە شێوەی گوتیاری- قارەمان دەگێڕدرێتەوە

"٢"

خالید (گوتیاری چیرۆکەکە) نۆلاوێکی پازدە ساڵانە کە دەگەڵ داك و باب و خوشکە چکۆلەکەیدا، لە ماڵێکا دەژی کە کۆمەڵێك ماڵە هەژاری کرێنشینی دیکەی تیایە. بابی خالید ئاسنگەرەو خالید کە تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندووە، لە دوکاندا یارمەتیی بابی دەدات. ژیانی کرێنشینانی خانووەکە بە هەژاری، کولەمەرگی، نەخۆشی، نەزانی، خورافات، گەندەڵی رەوشت، ڕکونی و لە هەمان کاتدا میهرەبانی و سازان دەقەتێ و دەگوزەرێ: ئەمان ئاغای چایچی و بلورخانمی هاوسەری وەزع و حاڵیان تا رادەیەك لەوانی دی باشترە، رەحیم ولاخدار کە دوو کوڕ و ژنێکی نەخۆشی هەیە لە کوورەخانە کار دەکات، سەنەم بێوەژنێکە دەگەڵ کەرەم عەلیی کوڕیدا کە کاسبکارێکی دەسگێڕە دەژی، خواجە تۆفیق بابایەکی تلیاکی بێکارەیە و ژیانی لە ڕێگەی قاچاغفرۆشی ئافاقی ژنییەوە دەقەتێ، هاپۆ بەندەر کوچەماڵی شارەوانییەو دەرامەتە کەمەکەی بۆ کیژە بێوەژنەکەی و دوو نەوە چکۆلەکەی پاشەکەوت دەکات، ناسر دەوانی بەنایە و لە کوێت کاردەکات و محەمەد میکانیك کرێکاری میکانیکییە و دەگەڵ ژنەکەی و کوڕە ساواکەیدا دەژی.

خالید لە سۆنگەی رووداوێکەوە ڕێی دەکەوێتە کەلانتەری و زیندان، لەوێندەر پندار کە زندانییەکی سیاسییە، داوای لێدەکات کە هەواڵێکی بگەیەنێتە شەفەقی دۆستی کە کتێبفرۆشی هەیە.خالید لە ڕێگەی ئەم کارەوە ناسیاوی دەگەڵ شەفەقدا پەیدا دەکات.کە

بابی خالید بۆ کاروکاسبی دەروات بۆ کوێت، خالید دەچێت لە چاخانەکەی ئەمان ئاغادا دەست بە شاگردی و کار دەکات، لەو سەرو بەندانەدا لە شاردا خۆپیشاندان بەرپا دەبێت. خالید لەوێندەر بۆ یەکەمجار لە زمانی گەنجێکەوە کە وتار دەدات، گوێی لە هەندێ زاراوەی وەك ئیمپریالیزم و نەوت و خۆماڵیکردنی نەوت دەبێت. هەمان ئەو زاراوانە لە لایەن ئەو کرێکارانەوە کە هاتوچۆی چاخانەکەی ئەمان ئاغا دەکەن، گەنگەشەو باسیان لەسەر دەکرێت. ماوەیەك لەوە دواتر لە کتێبفرۆشییەکەی شەفەقدا ناسیاوی دەگەڵ بێداردا کە موعەلیمێکی گەنجە ،پەیدا دەکات. بێدار بەستەیەك رۆژنامەی نهێنی دەداتێ کە بە دزییەوە بیدات بە سەکنێك لەو سەکنانەی دێت بۆ چاخانەکە و دوای ئەوە کاری بلاوکردنەوەی بەیاننامە و دروشم نووسینی سەر دیواران بەو (خالید) دەسپێرێت و بەشداریی کۆبوونەوانی نهێنی پێدەکات.

دەگەڵ هەڵکشان و پەرەسەنی خەباتی جەماوەریی خەڵکیدا، پۆلیس پەلاماری ئەو میتینگە دەدات کە لە مەیدانی شاردا بەرپا دەکرێت. پێی خالید لە کاتی هەلاتندا وەردەگەڕێت و لە جێ دەچێت، بە ناچاری پەنا وەبەر ماڵێك دەبات و لەوێندەر کیژێك بە نێوی چاورەش دەناسێت و حەزی لێدەکات. لەگەڵ پەسندکردن و راگەیاندنی یاسای خۆماڵیکردنی نەوتدا، خۆشی و شادی و ئاهەنگ سەرانسەری شار دەگرێتەوە، خالید بریار دەدات لە جیاتی شاگردی ئەمان ئاغا، بۆ خۆی لە کارخانەی چنینکاریدا کارێك بپچڕێت.لە کۆبوونەوەی شانەی حیزبیدا کە پندار بەرپرسییەتی، بەشداری دەکات و دوای ماوەیەك کە کۆبوونەوە نهێنییەکە لە لایەن پۆلیسەوە گەمارۆ دەدرێت، دەکارێت دەگەڵ هاورێکانیدا هەڵێت و دەرباز بێت..

زەماوەندی کیژەکەی خواجە تۆفیق دەگەڵ کەرەم عەلیدا سەر دەگرێت و لە هەرەتی ئامادەکرنی تەدارەك و کاروباری زەماوەندەکەدا، قەرقەشەیەك دەکەوێتە نێوان رەحیم ولاخدار و ژنە تازەکەی(رەزوان)ـــەوە. رەحیم لە هەڕەمەی توڕەییدا، بە خۆی ناوەستێ و سەرە سەبلێك بە لاجانگی ژنەدا دەکێشێت، ژنە دەمرێت و رەحیم ولاخدار دەخرێتە زیندان.

خالید رادەسپێردرێت کە جانتایەك رۆژنامەو بەیاننامەو کتێبانی قاچاغ بۆ بەندەر بەرێت. پۆلیس گومانی لێدەکەن. خالید زیرەکانە لە ئەمن هەڵدێت و دەرواتەوەو ماوەیەك لە ماڵ نایەتە دەر..بەلام ئاگری تاسەو دیتنی چاورەش هەڵی دەگرێت و لە ماڵ وەدەرد دەکەوێت و زوو بە زوو دەستگیر دەکرێت. لە زیندانی ئاسایشدا ئەشکەنجە دەدرێت و پرس و جۆی دەگەڵ دەکرێت. خالید بەڕەڤانی دەکات و ناوی هاورێکانی خۆی نادات..هەوەڵجار بە سێ ساڵ حوکم دەدرێت و پاشان لە تەمیزکرنەوەدا بۆی دەکەن بە یەك ساڵ.

خالید لە زیندانداخەڵکانی جۆراوجۆر دەناسێت. رۆژانی زندان بە دەرس وتنەوە بە یەکێك لە زیندانییەکان و بە کتێب خوێندنەوەو بیرکردنەوە لە چاورەش دەگوزرێنێت.ئیدی دەبێت بە شایەتحاڵی دوا رۆژەکانی ژیانی رەحیم ولاخدار کە حوکمی خەنەقاندن دراوە. دوای ماوەیەك پنداریش دەسگیر دەکرێت و دەکەوێتە زندان و ئیدی بە دوو قۆڵی لێدەبڕێن

زندانییەکان دژی خراپی خۆراکی زندانەکە هانبدەن و مان بگرن. مانگرتن لە خواردن بە دوورخستنەوەی پندار و کوژرانی یەکێك لە زندانییەکان شکست دێنێت. خالید دەخرێتە زندانی تاك سالولییەوە(ئینفرادی) و سێ مانگی کۆتایی حوکمەکەی لەوێندەر دەباتە سەر و پاش تەواوکردنی ماوەی زیندانییەکەی، بۆ خزمەتی سوپایی دەنێردرێت.

- گۆشەنیگا:بریتییە لە و شێوازەی کە نووسەر لە رێگەیەوە یان بە هۆیەوە تیمەو نێوەرۆك و تەکنیکی چیرۆکەکەی بە خوێنەر نیشاندەدات و لە هەمان کاتدا پەیوەندی نووسەر بە چیرۆکەکەوە دەنوێنێ. گۆشە نیگا یان بێروونییە یان دەروونی.لە گۆشە نیگای دەروونیدا گوتیاری چیرۆکەکە، یەکێکە لە کاراکتەرانی چیرۆکەکەو ،چیرۆکەکە بە راناوی یەکەم کەس دێتە گێڕانەوە.ئەگەر گوتیار شا قارەمانی چیرۆکەکە بێت، گوتیاری- قارەمانی پێدەگوترێت و، ئەگەر کاراکتەرێکی لاوەکی بێت، گوتیاری چاودێر یان تەماشاڤانی پێدەگوترێت.. گۆشە نیگای دەروونی سوود لە شێوازێن مەنەلۆگ و مەنەلۆگی دەروونی و مەنەلۆگی دراماتیکی وەردەگرێت..

لە گۆشە نیگای بێروونیدا نووسەر دەچێتە قاڵبی قارەمان و کاراکتەرەکانەوەو تایبەتمەندییە دەروونی فیزیۆلۆجی و سروشتییەکانیان شیدەکاتەوەو باسی رابردوو، ئیستاو ئایندەیان دەکات. ئەگەر نووسەر بچێتە کڵێشەو قاڵبی یەك بە یەکی کاراکتەرەکانی چیرۆکەکەوەو تایبەتمەندییە رۆحی و دەروونی و فیزیۆلۆجی و بیرو بیرکردنەوەو کارو کاردانەوەیان بە وردی شی بکاتەوەو بگێڕێەوە پێی دەگوترێ گوتیاری هەمووشتزان.بەڵام ئەگەر نووسەر بچێتە کڵێشەی یەکێك لە قارەمانەکانەوەو لە دید و زەینی ئەوەوە رووداوەکانی چیرۆکەکە بگێڕێتەوە پێی دەگوترێ گوتیاری سنووردار.. لە گۆشەنیگای بێروونیدا،هەندێجار نووسەر شێوازی دیکە بەکار دەبات کە گۆشەنیگای دراماتیکی یان بابەتی یان تەماشاڤانی راستەوخۆی پێ دەگوترێ..لەم شێوازەدا نووسەر وەکو زوومی کامیرا کاردەکات ، یانی کارو رەفتاری قارەمان وکاراکتەرەکان وەکو خۆی بێ هیچ دەسکارییەك یان کاردانەوەیەك یان روونکردنەویەك دەربارەی کارو رەفتارەکانیان، نیشان دەدات و گفتوگۆ و دیالۆگەکانیان وەکو خۆی تۆمار دەکات و ئیدی ڕاڤەو شرۆڤەی، هەست و نەست و سۆزو گوداز و هزرو هزرینیان و تایبەتمەندییە رۆحی و دەروونی و فیزیۆلۆجییەکانیان بۆ خوێنەر بە جێدێڵێت و بە خوێنەری دەسپێرێت..

سەرچاوە:رمانهامعاصر فارسی/میمنت میر صادقی (دوالقدر) /چاپ اول: ۱۳۷۹/انتشارات نیلوفر

((١))

دیسان هاوارو فریادی بلوورخان لە حەوشە وڕاقەکەدا دەنگدەداتەوە. کاك ئەمان بەپشتێنە پانە چەرمییەکەی بەربۆتە وێزەی. هێشتا خۆر هەڵ نەهاتووە. بە پەلە لە نێو جێگاکە

هەڵدەستمو لە ژووریێ را دەچمە دەرێ. دایکم تازە کتریيەکەی خستۆتە سەر تەباخەکە. تاریکو رووناە، دنیا سارده.

ناڵەی بلورخان حەسارەکەی پڕ کردووە. تووك دەکاو دەناڵێنێ. مردوو و زیندووی ئەمان ئاقا دەدا بەسەر یەکاو کەسیان نابوێرێ. ئەوجا لەپڕ دەرگای ژوورەکە بە توندی دەکرێتەوەو بلوورخان لەو گۆڕەی دەکەوێ. هەندێ لە دراوسێکان لەبەردەم ژوورەکانیان وێستاونو دەستیان لەسەر سینگیان تێك ئاڵاندووە. هەموو لەشی بلورخان بەدەرەوەیە. بێگومان دیسان دەرپێی لەپێ نەکردووە. جارێك کە لە ژووری کۆترەکان بووەو نەیدەزانی کە من لە ژوورەوەم بە ژنەکانی گوت:

– لاستیکی دەرپێ کەمەری بنیادەم دەبڕێتەوە. ئاوها باشترە، بنیادەم هەمیشە حازرو لەسەر پێیە.

ئەمان ئاقا هەڵدەکوتێتە دەرێو بلورخان دارکاری دەکات. من بە دەوری حەوزە قەوزەگرتووەکەی ناوەندی حەوشەدا دەسوڕێمەوە ودەچم لە پاڵ ژووری کۆترەکان دەوێستمو تەمەشای بلورخان دەکەم کە چۆن بەدەم تووك کردنەوە لە ژێر زەبری قایشەکەدا هەڵدەپڵێو لوول دەبێ. جێی قایشەکە لەسەر ڕانەکانی بلورخان خەتم بووە.

چەند رۆژێ لەوەو پێش لەسەر قاڵدرمەکانی سەربان دانیشتبووەو کۆلارەم دروست دەکرد، بلورخان هاتو یەك پلە لەسەرووی منەوە دانیشتو داوێنی تەنوورەکەی گرتو هەڵی ماڵی. جێی قایشەکە لەسەر رانە گۆشتنەکانی بلورخان شین بوو بووەوە. پێموت: بلورخان، بۆ ئەمان ئاقا ئەوەندەت لێدەدا؟

پێکەنیو گوتی: چونکە زۆر نامەردە.

لێم پرسی: زۆر نامەردە یانی چی؟

گوتی: تۆ هێشتا سەرت لەم شتانە دەرناچێ.

ئەوجا تەنوورەکەی پتر هەڵماڵی، من وازم لە کۆلارەکە هێناو چاوم بڕییە ڕانە قەڵەوو خرپنە پێکەوە چەسپاوەکانی کە ناوە ناوە بە ئەندازەی پانی قایشەکەی ئەمان ئاقا شین هەڵگەڕا بوون.

بلورخان گوتی: سەیری چی دەکەی؟

گوتم: سەیری جێی قایشەکە.

کە قاقا پێکەنی، لێم پرسی: دێشێت؟

گوتی: ئێستا، نا.

گوتم: یەك تۆزیش؟

گوتی: دەستی لێدە بزانە.

دڵم لێی دەدا، گەرووم وشك بوو بوو. دەستم دەلەرزی. دەتگوت لەرزم لێهاتووە. کە دەستم خستە سەر جێی قایشەکە، لەپڕ لەشم گەرم بوو. دەستم کشاندەوە.

بلورخان وتی: مەترسە، نایەشێت.

پتر داوێنی هەڵماڵی و دیسان گوتی: سەیری ئێرە بکە.. ئەمان ئاقا یەکجار بێ رەحمە. دیسان دەستم برد. دەستی خستە سەر دەستم و گوشی. ئەژنۆکانم دەلەرزین. ئاو زاییە دەمم. دەستمی بەرو ژوورتر هەڵکێشا. پێستەکەی چەند لووس بوو. وەکو مەرمەڕ سفت و ساف بوو. رانەکانی پێکەوە چەسپی بوون. مەعین دەرپێی لەپا نەبوو.

گوتی: بینیت، بە هیچ جۆرێ نایەشێت.

ئەوجا گوتی: سکیشم جێی قایشی پێوەیە.

گوتم: دەتوانم بیبینم؟

بزەیەکی کردو گوتی: بۆ جارێکی دی، ئێستا نابێ .

دەنگی قاپەکانی دایکمم ژنەوت کە بەرەو قاڵدرمەکە دەهات، بلورخان بەپەلە هەستاو تەنوورەکەی دادایەوەو چوو بۆ سەربان . دایکم هات و لەبەردەم قاڵدرمەکە وێستا. کە بینی بلورخان بۆ سەربان دەچێ و من کۆلارە دروست دەکەم چ قسەیەکی نەکرد. سەرێکی باداو رۆییشت.

.... بلورخان دوعای لێدەکا. ئەمان ئاقا دارکاری دەکا. قایشەکە پتر بە پشت و ناوقەدو سمت و کەفەڵی دەکەوت. قەت بەر سکی نەدەکەوت. دراوسێکان لەبەر ژوورەکانیاندا ریزیان بەستووەو لات کەلام ناکەن. دایکم بە پرتاو لە ژوورەوە دێتە دەرێ.

– ئەرێ نا موسڵمانێ نیە دەستی ئەم غەدارە بگرێ؟

دایکم رووی گرژ کردووە: ئەمان ئاقا، ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە، جوان نییە، بەسە.

ئەمان ئاقا ئێژی ئەمەی لە خوا گەرەکە، بلورخان بەرەڵلا دەکات. قایشەکە لە دەستی دەپێچێ و بێئەوەی چ قسەیەك بکات دەچێتە ژوورێ و دەرگا دادەخات. دایکم بازووی رووتی بلورخان دەگرێ و هەڵیدەسێنێ: چەند دارکاریت بکات، هەقی خۆتە.

بلورخان گریەو زای دەکات. لە نێو ژێر کراسە میل میلە کوڵەکەیەوە وەك بی ناو ئاو دەلەرزێ. سینگی بەرزو نزم دەبێتەوە. بلورخان مەمکدان لەبەر دەکات. جارێك کە لەسەر بان جلەکانی هەڵدەخست بینی بووم.

– بلورخان ئەمە چییە؟

– مەمکدانە.

– مەمکدان چییە؟

دوگمەکانی یەخەکەی تا خوارەوە ترازاندو نیشانی دامو وتی: دەستی لێبدە، بزانە.

کە ویستم دەست بۆ سینگی بەرم، دیسان دەنگی قاپقاپەکانی دایکم هات کە بە پلیکانەکاندا دەهات بۆ سەرێ. بلورخان دوگمەکانی داخستەوە، جلەکانی لەسەر تەنافەکە هەڵخست و پێی وتم کە بچم کۆترەکانم کە لەسەر ستارەی سەربانەکە هەڵنیشتبوون و هەندێکیان دەیان گماندو بە دەوری یەکدا دەهاتن، هەڵفرێنم.

بلورخان عەباکەی دایکم لە خۆیەوە دەپێچێ ،لە سووچی ژوورەکە دادەنیشێت وهەنسك هەڵدەدا. دایکم قەنداغی بۆ تێدەکات. بابم لە ژوورەکەی خۆیدا نوێژ دەکا. پەردەیکی چڵکنی

بۆری ئەستوور بە دەرگای نێوان هەردوو ژوورەکەدا هەڵواسراوەو ژوورەکەی بابم لە ژوورەکەی ئێمە جیا دەکاتەوە. پەردەی دەرگاکانی ژوورەکەی بلورخان هەر دەڵێی حەریرە، شینباوە. نەرمو ناسکە. دیوارەکانی ژوورەکەی بلورخان سپییە. نێو تاقەکانی ژوورەکە بە حەریری شینباوی ئۆیەدار ڕاخراوە. چوارچێوەیەکی گەورەی وێنە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە کە وێنەی ئەمان ئاقاو بلورخانو چەند وێنەیەکی دی تێدا لە پاڵ یەکەوە ریز کراوە.

– بلورخان ئەمە وێنەی کێیە؟

– ئەمە وێنەی خوشکمە... حەزدەکەی ببێ بە ژنت؟

سوور هەڵدەگەڕێم... نا... نامەوێ.

– دەبی بە مێردی من؟

تەماشای دەکەم. چاوەکانی دەبریسکێنەوە. زەردەخەنە لۆچ دەخاتە ژێر کوڵمە پانەکانی.

– بۆ هیچ ناڵێی؟

زات دەخەمە بەرخۆ، بە دەنگێکی نێرەوە وەڵامی دەدەمەوە:

– پیرێژنم بۆ چییە ؟

قاقا پێدەکەنێ. بلورخان سی و یەك ساڵانە.

بە داکمی وتبوو: کە مێردم کرد بیست و یەك ساڵان بووم. پار ئەمەی وتبوو.

کە جەعفەر خۆی خنکاند ژوورەکەی چۆڵ بوو. ئەمان ئاقا هات ژوورەکەی بە کرێ گرت. لەسەر حیسابی خۆی سپیکاریەکەی کردو چاکی کردەوە... رۆژی دوایی بوو کە بلورخان بە دایکمی گوت: ...و نۆ ساڵە ژنی ئەم کابرا شان خوارەم.

– بلورخان، ئەدی ئەمە کێیە؟

لۆچی ژێر مەمکەکانی رێکدەخات و دەڵێ: ئەمەش خوشکمە... مێردەکەی مولکدارە، باخی میوەی هەیە. مەزرای هەیە، ئەمجا سەیرم دەکاو دەڵێ: جوانە؟... نا؟ قژی لوولە.

ئەڵقەی زوڵفی لوولی بلورخان لە ژێر سەرپۆشی نوێژەکەی دایکمەوە هاتۆتە دەرێ. چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون. ئێستا ئیدی ناگرێ. قەنداغەکە دەخواتەوەو خۆی زیاتر لە عەباکەوە دەپێچێ. دایکم نوێنەکان هەڵدەگرێو لەسەر یەغدانکە هەڵیان دەچنێ. خوشکەکەم هێشتا خەوتووە سەری لەسەر سەرینەکە لاچووەو دەمی نیوە وازە...

بلورخان هەمیشە دەڵێ:– کاتێ کە جەمیلە نووستوە، بە تو بێ یەك کەوچك شۆربای گەرم بکەیتە دەمییەوە.

بابم سلاو دەداتەوە، ئەوجا گازم دەکات:

– خالید

– بەڵێ بابە

– نوێژت کرد؟

– ئێستا دەیکەم بابە.

بابم لە پاڵی مەقڵییەکە دانیشتووەو سیغار دەپێچێتەوە. دایکم چایەکی بۆ تێدەکاو ئەوجا ئەستەڕی قوڵی نیوکۆتەکەی بابم کە لە سەرەوە هەڵتەقیوە، دەدورێتەوە. ڕۆژی هەینییە. ئەگەر بابم بچیتە دەرێ دەتوانم کۆترەکانم هەڵفڕێنمو لەزەت لە بەرزبوونەوەو تەقڵەلێدانیان ببینم. ئەگەر ئەمان ئاقا بچێتە دەرێ. لەوانەیە بلورخان بچێتە ژوورەکەی خۆی گازم بکاتو جێی قایشەکەی سەر سکیم نیشان بدات.

منداڵەکان لە حەوشێدا کردوویانە بە ڕۆژی خۆیان. بەیانیانی هەینی لە ڕۆژانی دی زووتر لە خەو ڕادەبن. ئومێدی کوڕی محەمەد میکانیك لە قوتابخانەیە، پۆلی دووەمە. من تا پۆلی چوارم خوێندووە. کە ئیمتیحانم داو دەرچووم، بابم گوتی: ئیدی قوتابخانە بەسە. پێموت: دەمەوێ لەسەر خوێندن بەردەوام بم بابە.

گوتی: ئیدی بەسە.

گوتم: دەمەوێ ئامادەیی تەواو بکەم

گوتی: پیاو ئەو کەسەیە کە وەختێ دەست بە پشتیا بدەی تەپوتۆزی لێهەستێ.

حاجی شێخ عەلی شان لەسەر سەرینەکە دادەدات:– وەستا حەداد خالید دەخوێنێ؟

– بەڵێ قوربان دەچێتە قوتابخانە.

حاجی شێخ عەلی قومێ لە شەربەتەکەی دەداتو تامی دەمی خۆشدەکاو دەڵێ: پۆلی چەندە؟

بابم دەڵێ: لە سایەی سەری تۆوە، پۆلی چوارە قوربان

– ئەلحەمدوی ڕەوانە؟

– قوربان ئایەتەل کورسیشی ڕەوانە.

حاجی شێخ عەلی شەربەتەکەی هەڵدەداتو دەڵێ: باشە کەواتە بەسە.

– یانی ئیدی نەچێتە قوتابخانە؟

– وەستا حەداد پیاو ئەو کەسەیە کە وەختێ پەلە پیتکە لە پشتی بدەی تەپوتۆزی لێ هەستێ.. وەکو خۆت موسڵمانو خواناس.

بابم بۆی دەجوڵێو دیسان دەڵێ: یانی دەفەرمووی کە...

– بەڵێ وەستا حەداد خوێندنی زۆر، بنیادەم لە ڕێ دەردەکات.

.... منداڵەکان حەوشەکەیان جەنجاڵ کردووە.

حەسەنۆکی کوڕی ڕەحیم وڵاخدار، هەندێ ڕۆژان بە دووی بابیدا دەچێ بۆ کوورەخانە تا وڵاخەکان لە کوورەکانەوە بەرێ بۆ چاڵی خشت بڕەکانو خشتەکان لەوێوە بەرێ بۆ کوورەکان تاوەکو مش ڕەحیم لە ساباتی خشت بڕەکاندا چینچکانێ بداتو کەمێ وەحەسێو سەبیلێ فت بکاتو و پیاڵە چایەك بخواتەوە.

هەتاو لە نێو حەوشە دەدا. بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق حەوشەکە پڕ دەکات. هاپۆ بەندەر دێتە دەری. لە بەردەم ژوورەکەیداو لەبەر بەرۆچکەکە دادەنیشێ و بلوزە خوریيەکەی خۆی پینە دەکات.

عەرەبانەو گسكە دەسك درێژەكەی هاپۆ بەندەر لە پاڵ ژووری كۆترەكاندایە. رەحیم وڵاخدار، كا دەكاتە ئاخوڕی وڵاخەكانەوەو ئەوجا دەڕوانێتە بنمیچی ساباتەكە كە سكی داوە.

سەنەم دەرگای ژوورەكە دەكاتەوە. ئەوجا بە هانكە هانك مەنجەڵە زلە شێلمەكە دێنێتە دەرێو لەسەر عەرەبانەكەی دادەنێ.

– كەرەم خێراكە.

– وا هاتم دایكە.

كوڕە رەنگ زەردەكەی سەنەم دێتە دەرێ، پەرێمزەكە دەخاتە ژێر مەنجەڵە شێلمەكەو عەرەبانەكە لە حەوشە دەباتە دەرێ.

بابم هێشتا لە پاڵ مەقەڵییەكەدا دانیشتووە. وا دیارە خەیاڵی چوونە دەرەوەی نیە.

بابم رۆژانی هەینی دەچێتە كن مەلاو زاناكان. هەوەڵجار دەچێتە خزمەتی شێخ عەلی. هەندێ جار پرسیارێكیشی لێدەكات دەربارەی گومان یان سەهو یان حەرام. لەگەڵ حاجی سەید عەلیدا دەربارەی خوێندنەوەو لێكدانەوەی قورئان قسان دەكات. بەڵام كە دەگاتە خزمەت حاجی سەید محەمەد بە زۆری قسەیان لەمەڕ مێژووی ئیسلامو حەقانیەتو دروستی شیعەو نا دروستی سوننەیە. كەچی ئەمڕۆ دەڵێی نیازی چوونە دەرەوەی نیە.

دەنگی ئەمان ئاقا دێ.

– بلور... پارەم لە قەراغ تاقەكە بۆ داناویت.

بلورخان دەبۆڵێنێت: پارەكەت سەرت بخوا.

ئەمان ئاقا سواری پاسكیلە سەوزەكەی دەبێو دەڕوا بۆ چایخانە. چاخانەكەی كاك ئەمان لەسەر سێڕیانی بەندەرە. هەندێجار منو ئومێدی كوڕی محەمەد میكانیكو برایمو حەسەنۆكی كوڕانی رەحیم وڵاخدار پێكەوە دەچین بۆ چایخانەكەی ئەمان ئاقا تا گوێ لە گرام بگرین. هەرچەن رێگاكەی دوورە، بەڵام ماندوو بوونەكە دێنێ.

– عەنكەبووت، چوار چای كەمرەنگ بدە بەو منداڵانە.

لە پشت مێزێكەوە دادەنیشتین. شاگردەكە چامان بۆ دادەنێ ، چاوێكمان هەر لە گرامەكەیە. عەنكەبووت دەرزییەكەی دەگۆڕێو بەكرەی دەخاتە سەر. بەدەم چا خواردنەوەوە گوێ لە گۆرانی دەگرین. هەندێجاریش پێكەوە دۆمینە دەكەین. هەڵبەتە لەسەر هیچ نا، هەر بۆ خۆشی. بەڵام برایم هەمیشە حەزدەكات لەسەر پارە وازی بكەین ، كەچی منو ئومێد ناچینە ژێر ئەو بارە.

– خۆ ئێمە قوماربازنین.

– كەواتە فایدەی چییە دەگ تریقو تاق پولەكان بدەین بەسەر مێزەكەدا.

جارێك برایمو ئومێد لەسەر ماچێك وازیان كرد. كە برایم بردییەوە ئومێدی ماچ كرد.

– دەی منالینە... ئەوە چاتان خواردەوە، گوێتان لە بەكرەكەتان بوو. هەستن بڕۆنەوە بۆ ماڵ.

بابم لە پاڵ مەقەڵییەكە هەڵدەستێ، نیو كۆتەكەی لە دەستی دایكم وەردەگرێو لەبەری دەكات. چەفییەكەی لەسەر دەئاڵێنێو لە ماڵ دەچێتە دەرێ.

بلورخان لە ژوورەکەمانەوە دەچێتە دەرێ. چاوم لە دووی بلورخانە. سەرپۆشەکەی دایکمی لە پشتی خۆی توند کردووە. کە دەڕوا بەڕێوە سمت‌و کەفەڵی سەمایەکی ئارام دەکات. دەچێتە ژوورەوەو دەرگا دادەخا.

وەختێ کە کاك ئەمان لێی دەدا، نەمبینی قایشەکە بەر سکی بکەوێ.

دەرگای ژووری کۆترەکان دەکەمەوەو دەچمە ژوورێ‌و کۆترەکان لە هێلانەکانیان دەردەکەم. نێرە کلك سپییەکە تازییەی گرتووە. لەسەر سینگەکە هەڵنیشتووەو خیشی کردووە. چاوە سوورەکانی غەمناکن. هەفتەی رابردوو، واشە مێچکەکەی لە هەوا گرت‌و بردی. نێرەی کلك سپی ئارەزووی دانەوێڵەی نییە.

لە ژووری کۆترەکان دێمە دەرێ. هەتاو لە لەشم دەنیشێت. شێی ساردی ژوورەکە لە لەشم دەردەکات. هەتاوەکەم پێ خۆشە. هەرزن دەکەمە بەر کۆترەکان. ئاسمان شین‌و سافە. هاجەر پەرۆو پاتاڵی منداڵە دەغەزارو جیقنەکەی لەسەر تەنافەکە هەڵدەخات. مێردەکەی هاجەر چواردە مانگە رۆییشتووە بۆ کوێت.

رەحیم وڵاخدار لەگەڵ هاپۆ بەندەرا دانیشتووەو سەبیلەکەی پڕ کردووەو دوکەڵ دەکات.

– ئەگەر سەری ساباتەکە نەگۆڕم، باوەڕ ناکەم بەرگەی یەك بارانی دی بگرێ، بەڵام زستان روو لە تەواو بوونە.

رەحیم وڵاخدار سەبیلەکە دەداتە دەستی هاپۆ بەندەرو حەسەنۆك گازدەکات.

– چییە بابە؟

حەسەنۆك لە ژوورێ ڕا دێتە دەرێ.

– بێ وڵاخەکان قەشاویش بکە.

ژنەکەی رەحیم وڵاخدار یەك ساڵی رەبەقە نەخۆشە. ئیدی ناتوانێ لە جێ هەستێ. حەسەنۆك خزمەتی دەکات‌و ئەم دیوو ئەودیوی پێدەکا. حەسەنۆك‌و برایم لفانەن. بلورخان دێتە دەرێ. دەچێ بۆ باژێر تا شت بۆ نێوەڕۆ بکڕێ. بلورخان وەجاخ کوێرە. دە ساڵە شووی کردووە. گوایە خەتایەکە لە کاك ئەمان ئاقایە. دەڵێن کاك ئەمان چەند جارێك سوزنەکەی گرتووەو جارێکیش خەیارۆکی دەرکردووە. دیارە کەسێ کە ئەم هەموو نەخۆشییە سەیرو سەمەرانەی گرتبێ دەبێ منالیشی نەبێ.

کۆترەکان دان دەدەم‌و ئەوجا هەڵیان دەفڕێنم. هەڵدەفڕن‌و دێن لەسەر ستارەکە دەنیشنەوە، پارچە پەرۆیەکی نیمچە تەڕ لوول دەکەم‌و تووڕی دەدەمە ژێر پێیان ئەوجا بە کۆمەڵ هەڵدەبەزنەوەو لە شەقەی باڵ دەدەن‌و دەچن بە حەل حەلەی ئاسماندا.

هاجەر لە قەراغ حەوزەکە دانیشتووەو گەڵ‌و قینگی منداڵە جیقنەکەی دەشوا. ئاوەکە ساردە، منداڵەکەی هاجەر حەوشەکەی جەنجاڵ کردووە.

دەچمە سەربان. فیکە بۆ کوترەکان دەکێشم. دەنگی حەسەنۆك دەژنەوم کە رەحیمی وڵاخدار گاز دەکا:

– بابە هەڕاکە دایە خەریکە دەبووریتەوە.

لەوەتای جەعفەری خشت بڕ خۆی خنکاندووە، ژنەکەی رەحیم ولاخدار هێندەی دی خراپ بووە.

***

دەقی هەوا شکاوە. دنیا بەرەو گەرمی دەچێ. ئیدی وەختی لە ژوورەوە خەوتن نەماوە. کە عەسر دادێ، دراوسێکان بەر ژوورەکانیان دەماڵن. ئاوڕشێنی دەکەن و ئەوجا رایەخ ڕادەخەن.
خواجە تۆفیق، رەژووەکان لەسەر یەکدی هەڵدەچنێ. نەوتی پێدا دەکات. شقاتە لێدەدا. ئاگر دەکاتەوەو ئەوجا بەتاقەت لە کەنار مەقەڵییەکە بە چینچکانەوە دادەنیشێ و خەڵووزەکە باوەشێن دەکات.

هەنووکە هەموو دەزانین کە ئافاتی ژنی خواجە تۆفیق قاچاغ فرۆشی دەکات و بانۆ، کیژە رەنگ زەردەکەی خواجە تۆفیق لەسەر تلیاك کێشان ڕاهاتووە. بانۆ ٢٥ ساڵ پترە. پێستی هێندە زەردە بنیادەم وا دەزانێ زەردە چەوەی کردۆتە ئاوو لە لەشی خۆی هەڵسووە. مەمکی عەینی دوو باینجانی سیسەوە بوون. درێژو چرچ بەسەر سینگیا شۆڕ بوونەتەوە. رۆژانی گەرمی هاوین کە نیوەڕۆ دادێ و هەموو کەس دەخەوێ، بانۆ خۆی رووت و قووت دەکاتەوەو دەچێتە حەوزە ئاوەکەوە.

– خالید، تۆیش خۆت رووت کەرەوەو بێرە نێو حەوزەکەوە.

خۆم رووت دەکەمەوەو دەچمە نێو حەوزەکەوە. ئاوی حەوزەکە فێنکە. خڵت و خاشی ژێر حەوزەکە فێنکە. پێکەوە وازی دەکەین. باوەش بە یەکدی دا دەکەین و دەچینە ژێر ئاوەکەوەو تا هەناسە بڕ بکات، لەوێداو لە ئامێزی یەکدا دەمێنینەوە. ئەوجا دێینە سەر ئاوەکەو هەناسە تازە دەکەینەوەو دووبارە دەچینەوە ژێر ئاوەکە.

– بانۆ، من ئیدی شەکەت بووم.

– یەکجاری دی... هەر یەکجار.

بە یەکجاری دی یەکجاری دی، درێژەمان دەدایێ تا تاقەتمان دەچوو.

بلورخان ڕایەخ لەسەر زەوی راناخات. بلورخان سیسەمی دوو کەسی هەیە. لەگەڵ کاك ئەمان ئاقادا لەسەر هەمان تەخت دادەنیشن و شێو دەخۆن. پاشان کوللەی بە دەوردا دەگێڕن و دەخەون.

بابم بە درێژایی زستان بێکار بوو. ئێستاش کە دنیا بەرەو گەرمی دەچێ هەر بێکارە. بەیانیان دەکەوێتە ڕێ و دەچێتە دوکان. شەوانیش بەدەستی بە تاڵ دەگەڕێتەوە. ئەم رۆژانە کاری ئاسنگەری کزە.

– ئێستا، تەنانەت دەسەتە بێڵ و مێخزنجیرو کوڵینگ و تەشوێش لە هەندەرانەوە دێنن.

لە بەیانییەوە تا شەوێ بە دیار موشە دەمەکەوە دادەنیشم. کوورەکە کوژایەوە.

بابم تا نیوەشەو دادەنیشێت و بیردەکاتەوە. باسی هیچ نەکەین تەنیا تووتن و جگەرە نەبێ، کە تا ئێستا ٣٥ کیسەمان لای مەهدی بەقاڵ بە قەرز هێناوە.

لەبەردەم ژوورەکەدا دانیشتووین و لەگەڵ خوشکەکەمدا بنی قاپە شلەکە دەلێسینەوە. پورە ڕەعنا بە سینگ کوتانەوە دێ. سەرپۆشەکەی لە گەردنی ئالاوەوە قژەکەی پەریشان و ئاڵۆزکاوە. هێندە گریاوە چاوەکانی ئاوساون و سوور هەڵگەڕاون. مێردەکەی پورە ڕەعنا کرێکارە. کوڕەکەی بەلەم چییە.

کچەکەی دوو شووی کردووەو تەڵاقی وەرگرتووەو ئێستاش لە ماڵەوە بە بێوەژنی دانیشتووە.

پورە ڕەعنا دادەنیشێت و بەچمکی عەباکەی کەپووی دەگرێ و پەیتا پەیتا دەگری: خوشکێ، چ خاکێ بەسەر خۆما بکەم... خوشکێ بەدبەخت بووم. ماڵم وێران بوو، پشتم شکا...

هێشتا هەر لەگەڵ خوشکەکەمدا بنی قاپەکە دەلێسینەوە. دایکم روو گرژ دەکات: چ بووە خوشکێ؟.

– دەتەوێ چ ببێ خوشکێ؟ کوڕە نازدارەکەم، خوایە دایکت بمرێ کە ئەسیری زوڵمی زاڵمان بوویت.

بابم هەر بەو دەقەوە سیغار دەکێشێ و دەڕوانێتە پورە ڕەعناو لە جێی خۆی نابزوێ. بابم خۆشی بە چارەی پورە ڕەعنادا نایەت. هەروەها خۆشی بە مێردەکەی و غولامی کوڕیشیدا نایەت. پورە ڕەعنا هەمدیس دەکەوێتە سینگ کوتان و تووك کردن و خوتەو بۆڵە.

لەوساوە کە بلورخان هاتووەو بووە بە هاوسێمان، غولامی پورە ڕەعنا پتر دێتە دیدەنیمان.

– خالید دەتوانی نامەیەك بدەیتە بلورخان؟

– من هەقم چیە کە نامەی بدەمێ.

– ئەدی پورزا بۆچی باشە؟

پورە ڕەعنا ئاخری دێتە قسان. بەیانی کوڕەکەی لە چاخانەکەی کەنار شەت دا دەگرن و دەیبەن بۆ سەربازخانە.کە هەواڵ دەگاتە پورە ڕەعنا، عەباکەی هەڵدەگرێت و دەچێت بۆ سەربازخانە. ڕێی نادەن، لەبەر سەربازخانەکەدا دەوەستێ و دەست بە دادو بێدادو سینگ کوتان دەکا. عەریفی سەربازخانە دێ هاوار دەکاو دەڵەکی دەداو خۆی گیڤ دەکاتەوەو دەڵێ: خۆ تەنیا کوڕەکەی تۆ نیە. هەموو کەس دەبێ خزمەتی سەربازی بکات. تەمەنێکی دوورو درێژ بۆ ئێوەن با دوو ساڵیش بۆ دەوڵەت بن. ئیدی ئەمە گریەو زاری ناوێ.

ئێستاش پورە ڕەعنا هاتووە کە دەستەو دامێنی جەنابی سەروان بکەوین کە ئافاق جارجارێ پارچە ئەتڵەسێکی قاچاغ بۆ ژنەکەی دەبات.

– خوشکێ، ئافاق دەتوانێ کارێ بکات؟... جەنابی سەروان ئەگەر بیەوێ دەتوانێ کوڕەکەم ڕزگار بکات؟

دایکم، پورە ڕەعنا هێور دەکاتەوە. هەنووکە هاوسێکان لە دەورمان خڕ بوونەتەوە. بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق حەوشەکەی پڕ کردووە. لە پاڵ مەقەڵییەکەوە دانیشتووەو بە کەماڵی ئیسراحەت تلیاك دەکێشێت، ئافاق هێشتا نەهاتووەتەوە. بانۆ لە تەنیشت بابی هەڵتووتاوە. هاجەر، مەمکی تەپاندووەتە دەمی منداڵە جیقنەکەیەوەو دایکم چای بۆ تێکردووە. حەسەنۆك و برایم و ئومێد پشتیان بە دیواری موبەقەکەوە داوەو سەیری پورە ڕەعنا دەکەن. ئافاق دێتەوە،

دەچێتە ژوورەوە. ئەو پارچانەی کە بە پشتییەوە بە ستوونی دەیانکاتەوە. عەباکەی دادەنێ و دێت لە تەك خواجە تۆفیقەوە دادەنیشێت: شێخ شوعەیب نەهات؟

عەسر جوابی ناردبوو کە نایەت.جوابی ناردبوو کە موفەتیشەکان بۆنیان کردووەو ڕێگایان گرتووە.

– خوا زەلیلیان بکا.

پورە ڕەعنا بە دایکم دەڵێ کە قسان لەگەڵ ئافاق دا بکات. سەنەم دەڵێ سەروان تا ئێستا چەند کەسی لە سەربازی عەفوو کردووە. دەڵێ خۆی لەوێ بووە.

– ... بەڵام .. بە بەلاش نابێ.

ئەمان ئاقا بە پاسکیلەکەی دێتەوە. تا ئەودەچێتە ژووری و جلەکانی دادەکەنێ و شڵپێ ئاو لە گڵینەکە بە دەموچاویا دەدا، بلورخان سفرەکە لەسەر تەختەکە ڕادەخات و ئەوجا قاپە تایبەتیەکەی ئەمان ئاقا لە پاڵ سفرەکە دادەنێ. قاپەکە هەندێ ترشیات و پیازو تورو چەند قاژە تەماتەیەك و هەندێ نەعناو تەرخون و سەوزەی تێدایە.

سەنەم دەڵێ ئەمان ئاقا وەك ئەوەی بێزو بکات دەبێ هەموو شەوێ لەم شتانە بخوات.

– بلورخان، سەنەم ڕاست دەکات کە کاك ئەمان بێزوو دەکات؟

بلورخان قاقا پێدەکەنێ.

ڕەحیم وڵاخدار دەڵێ کاك ئەمان تا هەموو شەوێ عەرەق ژەهرەمار نەکات خەوێ لێناکەوێ.

– بلورخان ڕاستە کە کاك ئەمان دەبێ هەموو شەوێ بخواتەوە تا خەوێ لێبکەوێ؟

دیسان بلورخان قاقا پێدەکەنێ.

کەواتە جەنابی سەروانیش عەرەق دەخواتەوە، چونکە هەرکاتێ کە لەگەڵ ئافاق دا چووم بۆ ماڵیان، ئەم جۆرە شتانەم لەسەر مێزەکەی بینیوە.

دایکم لە ئافاق دەپرسێ: یەعنی شتێك بۆ غوڵام دەکرێ؟

– جەنابی سەروان؟!

ئافاق بە جۆرێ دەست هەڵدەتەکێنێ و لێو هەڵدەقورتێنێ وەك ئەوەی جەنابی سەروان هەر بنیادەمیش نەبێ.

قژی ئافاق وەکو شەو ڕەشە. بەسەر شان و ملیا ڕژاوە. چاوەکانی هێندە ڕەشن بنیادەم وا خەیاڵ دەکات کە هەموو ڕۆژێ بە زووخاڵ دەیان ڕێژێ.

– ئافاق خان جەنابی سەروان بۆچی ئەو مەیموونەی ڕاگرتووە؟

مەیموونەکەی بە ئەندازەی یەك بێچووە پشیلەیە. زنجیریان کردووە ملی. سەری زنجیرەکە بە دەستی ژنەکەی سەروانەوەیە. ژنەکەی سەروان کورتە باڵایە. قژی زەردە.سمتی ئەوەندە زلە وەختێ کە بەڕێوە دەڕوا شەپۆڵ دەدا. سەروان لە ژووری ڕا دێتە دەرێ. پۆستاڵەکانی دەبرسکێنەوە. سمێڵی بۆ سەرەوە باداوە. وەکو کلکی دووپشك هەڵگەڕاوەتەوە. کڵاوەکەی تا سەر بڕۆکانی هاتووە. لای سەرەوەی پانتۆڵەکەی فش هەڵاتووە. سەروان لاوازو باڵا بەرزو ڕەقەڵەیە.

– ئافاق دەتوانی بە شی چەند دەستە جلێك قوماشی چاكم بۆ بێنی؟

ئافاق سەر دەلەقێنێ. سەدای سەروان پتەوە.

... دەمەوێ بچمە مادونی. دەمەوێ دیاری بۆ دایكە گیان‌و پورەخان‌و میمكە گیان بەرم.

دایكم دەڵێ: كەوا بێ هیچی لە دەست نایەت؟

ئافاق دەڵێ: ئەوەندە كەڵەك چیە هاوتای نیە. تا ئێستا پارەی (١٠) پارچە قوماشی وەكو سەگ خواردووە.. ناكرێ هیچیش بڵێی.

پورە رەعنا دەكەوێتە گریەو ناڵە.

كە نیوەڕۆ دێ بابم دوكان دادەخاو عەسران لە ماڵەوە دادەنیشێ‌و دەڵێ: ئەگەر كارەكە هەر دانیشتن بێ. با پیاو لە ماڵەكەی خۆیا دانیشێ.

ئێستا عەسران هەركاتێ ئارەزووم لێبێ دەتوانم بڕۆم لە چاخانەكەی كاك ئەمان دانیشم‌و گوێ لە گرام بگرم. هەركاتێ هەوەسم لێبێ دەتوانم لە گەڵ برایم‌و حەسەنۆك دا بڕۆم دانیشم‌و چای بخۆمەوەو دۆمینە بكەم.

دنیاش تەواو گەرم بووە. ئەگەر ئارەزووم لێبێ دەتوانم بڕۆم بۆ گۆڵاوی چرخاب مەلە بكەم.

– برایم نەڕۆین بۆ مەلە؟

– بڕۆین.

تا لمە وشك‌و گەرمەكە دەبڕین‌و دەگەینە لمەڵانە شێدارەكەی كەنار كارون، بنی پێمان بە تەواوی دەسووتێ.. كەیفمان بە بۆنی ماسی دێت. هاڵاوێكی گەرم‌و شێدار لە كارونەوە هەڵدەستێ. كارون ئارام‌و هێمنە. بەهاران دەبێ بەلافاوو هەڕەشە لە خانووەكانی قەراغی دەكا.

بە ژێر پردی سپی دا رەت دەبین.

– برایم خۆزیا قولاپمان هێناباو ماسیمان گرتبا.

– سبەینێ.

سەری كارون وەكو زیوی تەڵخە. تیشكی هەتاو عەكس دەكاتەوە

– خالید بڕوانە ئەوێندەرێ.

ماسییەكی سپیواژ لە ئاوەكەوە دەردەپەڕێ. تەواوێ بەرز دەبێتەوەو بەسەر سەردا خۆی بە ئاوەكەدا دەكاتەوە.

بەسەر تاتەكانی كەنار كاروندا باز دەدەین. برایم بەسەری دارێك لیتاوی بن تاتەكان تێك وەردەدا. كرمی سوورو درێژ لە نێو لیتاوەكە هەڵ دەپڵێن.

– ئەمانە سەریان دێشێت بۆ چەشەی سەری قولاپ.

چرخاپ، یەكجار قەرەباڵغە. دەڵێی هەموو خەڵكی شار ماڵ‌و حاڵیان جێ هێشتووەو لێرەدا كۆبوونەتەوە. ئاوەكە كەف دەكات‌و سەری خۆی بە بەردەكاندا دەدا.

دنیا تەواو گەرم بووە. خراڵ گەییوە. ئەگەر حەز بكەین و باخەوانەكە لەوێ نەبێ دەتوانین یەك دنیا ئارووش بدزین. دەتوانین شووتی‌و كاڵەكیش بدزین.

– برایم بڕوانە كونارەكان "٣" لە شێلانەكان گەورەترن.

برایم مەیموون ئاسا بە درەختەکەدا هەڵدەگەڕێ. خۆی بە لقێکدا هەڵدەواسێ وتەکانی دەدا. زەوی لە کونارا سوور دەبێ و هەریەکەیان بە ئەندازەی شێڵانەیەك دەبێ. بەڕکمان پڕ دەکەین و دەکەوینە ڕێ. بە قەراغ جۆگەکەدا دەڕۆین تا دەگەینە ترومپاکە. لە حەوزی ژێر بۆرییە گەورەکەی ترۆمپاکەدا مەلە دەکەین خۆمان بە قەراغ بۆرییەکەوە دەگرین و هەڵدەکشێین بۆ سەرەوە. ئاوی فێنکی کارون کە لە بۆرییەکەوە دەڕژێ، بە سەرو چاومانا دەدات. ئەوسا جلەکانمان لەبەر دەکەین و دیسان دەکەوینەوە ڕێ. هاڵاوی گەرمی نێو دار هەنارەکان بنیادەم تەنگە نەفەس دەکات. هەنارەکان هێشتا پێ نەگەییون. ئەوەندەمان کونار خواردووە، قورس بوویین. لە پاڵ جۆگا ئاوەکەدا رادەکشێین. پشتمان فێنکی لمەکەی پێخۆشە. گەڵای چڕو تێك رژاوی دارتووەکان بەری هەتاوی گرتووە.

هەوا تەواو گەرم بووە. بەم گەرمایە بابم لە ژوورەکەی خۆی دادەنیشێ و دەرگا دادەخات و کتێبی (اسرار قاسمی) دەخوێنێتەوە. بنیادەم گەر بتوانێ بەپێی ئامۆژگاری و یاساکانی ئەم کتێبە کاربکات دەتوانێ غەیب بێ.دەتوانێ لە پێستی خۆشەکراو جبەیەك دروستبکات و هەرکاتێ بیدات بە شانیا غەیب ببێت. یان ئەگەر تۆزێ ئازاو بە جەرگ بێ دەتوانێ بەپێی ئامۆژگاری و یاساکانی ئەم کتێبە جنیان ڕامبکات و کاریان پێبکات.

میرزا نەسروڵڵای دانساز کتێبی (اسرار قاسمی)یەکەی داوە بە بام.. بابم دەڵێ میرزا نەسروڵڵا کابرایەکی یەکجار بەئودمە. دکتۆرییش دەکات. هەرکاتێ من یا خوشکەکەم تووشی گرفت ببین دەرمانمان دەداتێ.

– دایکە، ئاخر من ناتوانم ئەم هەموو خڵتەی دەرمانە بخۆم.

– چاوت بقوچێنە کوڕم، پاشانیش کڵۆیەك شەکری بە دوودا بخۆ.

پەرداخە خڵتەکە یەکسەری هەڵدەدەم. لە تاوتێ وەکو کوورە دەسوتێم. دڵ و هەناوم تێك هەڵدێ. هەموو خڵتەکە هەڵدێنمەوە. میرزا نەسروڵڵا دەرمانی دی دەنووسێت.

خواجە تۆفیق باوەڕناکات. بابم بۆی دەگێڕێتەوە.

– بە خۆم بینیم دەڕوێشێك هات و دەستە و نەزەر لەبەر دوکانەکەی میرزا نەسروڵڵادا وێستا.

خواجە تۆفیق بەکەماڵی ئیسراحەت تلیاك سازدەکات، بابم بۆی دەگێڕێتەوە.

– میرزا نەسروڵڵا دەروێشەکەی دەرکرد، بەڵام نیوەڕۆ کاتێ پێکەوە چووین و بۆ ماڵی میرزا نەسروڵڵا، سەیرم کرد هەمان دەروێش دەست لەسەر سینگ لە بەردەم ماڵی میرزا نەسروڵڵادا وێستاوە.

خواجە تۆفیق مژ لە وافورەکە دەدا. بابم قسان دەکات.

– ئاخری میرزا نەسروڵڵا چەند ئامۆژگاریەکی دەروێشەکەی کردو ڕەوانەی کرد.

بابم چوار کێردی پۆڵاینی دروست کردووە. هەندێ نەخشی لەسەردەمی کێردەکان هەڵکۆڵیوە کە من سەریان لێدەرناکەم. بێگومان ئەو نەخشانەی لە کتێبی (اسرار قاسمی)ـەوە وەرگرتووەو لەسەر کێردەکان هەڵی کۆڵیون.

بەرماڵەکەی لە ژوورەکەی خۆیدا رادەخا. چوار کێردەکە لە هەر چوار گۆشەی بەرماڵەکە دەچەقێنێتە زەوی و وێرد دەخوێنێ. بێگومان دەبێ میرزا نەسروڵلا بۆ گەرم بوونی بازاڕی کارو کاسبییەکەی بابم چەند ئامۆژگاریەکی کردبێ.

دوکانەکەی میرزا نەسرڕوڵلا بە قەد کولانە مریشکێکە. کەرەستەی کارکردنی بریتییە لە چەند کارتیغێکی گەورەو بچووکو یەك مەنگەنەی ئاسنین.

بنمیچی دوکانەکەی سەراپا تاری جاڵجاڵۆکەیە. موشتەریەکانی بە زۆری عەرەبن. خەڵکی گوندەکانی نزیکی شارن. خەڵکی "زویە" "زرگان" "غاغلە"و هەندێجار خەڵکی شوێنی دوورترن. وەك "جنیبە" ییان دوورتر وەك "شوش" ئەگەر هەرمانگەی دوو دەست ددان "تاقم" دروست بکەم، ژیان دەگوزەرێ.

بابم دەڵێ خوا رازیقە. زۆر نائومێد نیە. بەڵام چونکە کارو کاسبییەکەی کزبووە. کەوتووەتە بیری دوزینەوەی چارەیەك. تا بینا قاقای لە قەرز دایە. لە چرخاب کە خۆم رووت کردوەوە مەلە بکەم، کراسەکەیان لێدزیم. دایکم یەکێك لە کۆنە کراسەکانی بابمی هەڵدڕیو کراسێکی بۆ کردم. پڕ بە بەرمە. سەرنجی کراسی گشت منداڵە هاوتەمەنەکانی خۆم دەدەم هەڵبەتە ئەو کراسانەی کە موقەلەمی سپین. پێشەوەی کراسەکەم پینەیەکی درێژی پێوە بوو. لە هەمان قوماشی موقەلەمی سپی. دڵم دەڵێ کراسەکەم دەدۆزمەوە.

بابم. دەڵێ: خوا رازیقە.

و دەڵێ: سەری بێ رزق لە ژێر گڵ دایە.

بابم لەگەڵ خواجە تۆفیق دا باسی کتێبی (اسرار قاسمی) دەکات، کاك ئەمانیش دانیشتووەو گوێ دەگرێ. محەمەد میکانیکیش دانیشتووە. نیو سەعاتێ دەبێ کە محەمەد میکانیك لەسەر ئیش هاتۆتەوە. هەمیشە ژێر نینۆکەکانی رەشە. بابم دەڵێ: ئەگەر بنیادەم دڵی پاك بێ بەرانبەر بە کتێبی اسرار قاسمی دەتوانێ دنیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

محەمەد میکانیك باوەڕناکات. محەمەد میکانیك نوێژ ناکات. بابم دەڵێ: تەنانەت پێکەنین بە دەم محەمەد میکانیکەوە گوناهە. خواجە تۆفیق دەڵێ: دەکرێ ئەم کتێبە ببینین؟ بابم وەڵامی دەداتەوە: میرزا نەسروڵلا وتویەتی نابێ کتێبەکە نیشانی کەس بدەم. ئەوجا لەسەری دەڕوا: رۆژی تاقیم کردەوە. کتێبەکەم نیشانی حاجی شێخ عەلی دا، زۆری نەبرد میرزا نەسروڵلا هاتو گازی کردمو گوتی: ئەدی پێم نەگوتبووی کە نابێ کتێبەکە پێشان کەس بدەی؟

کاك ئەمان ئاقا باوەڕ دەکات. محەمەد میکانیك باوەڕ ناکات. خواجە تۆفیق دەیەوێ بچێتە بنجو بناوانی مەسەلەکە: چۆنە یەك کەڕەتی دیکە تاقی بکەینەوە.

بابم ناچێتە ژێر بار. کاك ئەمان باسی دەروێشێ دەکات کە چۆن جارێ بە چاوی خۆی بینیویەتی کە غەیب بووە.

بابم دەڵێ: ئەگەرچی کاك ئەمان عەرەق دەخواتەوە، بەڵام مادامێکی باوەڕی هەیە بەسە. ئاقیبەت رۆژێ دێ کە رزگار ببێ.

محەمەد میکانیك باوەڕی بەم قسانە نیە، دەڵێ: لەم دنیایەدا چ شتێ نیە، جگە لەم شتانەی کە دەیان بینین. لەسەری دەڕواو دەڵێ ئاخر دیلی دەست ئەم خورافاتو پڕوپوچانەین، بۆیە وا بەدبەختین. وەکو کەر کار دەکەینو کەسانی دی دەیخۆن. هەمیشە دەممان دەجوڵێو هەر برسین..

بەڕاشکاوی قسانی دەکرد. چاو دەخاتە سەر یەكو لەسەری دەڕوات. بابم رووی خۆش بە محەمەد میکانیك نادات. تەنانەت بە جۆرێ بە تەکیا تێدەپەڕێ، کە ناچار نەبێ وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە.

هاپۆ بەندەر لە ژوورێ ڕا دەچێتە دەرێ، لە قەراغ حەوزەکە دادەنیشێو دەستنوێژ هەڵدەگرێ. کیژەکەی هاپۆ بەندەر بێوەژنە. مێردەکەی شوفێر بووە. تامپۆنی کردووەو دەستبەجێ مردووە. هاپۆ بەندەر بە درێژایی ساڵ کاردەکاتو پاشەکەوت دەکات تا شەوی جەژن چەند پارچە جلو تمەنێك بۆ کیژەکەیو کچەزاکانی بنێرێ. ژنەکەی هاپۆ بەندەر ئەمری خوای کردووە.

خواجە تۆفیق گازی دەکا: هاپۆ بەندەر بێ پیاڵە چایەك بخۆوە.

هاپۆ بەندەر ساڵ دوانزەی مانگ چ هاوینو چ زستان بە کۆنە کۆتو پانتۆڵێکی سوپایيو جووتێ پۆتینی قاوەیی کە خۆی پینەیان دەکات دەباتە سەر.

– هاپۆ بەندەر بۆچی جلوبەرگ بۆ خۆت ناکڕی؟

– منداڵەکانی کیژەکەم فەرزترن کوڕم.

شەوی نەورۆز بوریوەو هاپۆ بەندەر جلو پارەی بۆ کچەکەی نە ناردووە.

– هاپۆ بەندەر تا ئەم درەنگە شەوە لە کوێ بوویت؟

– لە پۆلیسخانە بووم کوڕم.

– پۆلیسخانە؟

– خەڵکی خوایان لە بیر نەماوە کوڕم... هەنووکە جەژنانەی ئەمساڵ لە کوێ بێنم؟

– چی بووە هاپۆ بەندەر؟

– وەکیل باشی گوتی بڕۆ مامە گیان. گوتم بۆ کوێ بڕۆم؟ گوتم منیش پیاوی دەوڵەتم. لە شارەوانی کار دەکەم. کوچە ماڵم، ئەگەر ئێوە فریام نەکەون، ئەدی کێ فریام دەکەوێ؟ وەکیل باشی گوتی ئێستا سەرۆك لێرە نیە، گوتی بڕۆ دوایی وەرەوە. پێم گوت لێرە دادەنیشم تا سەرۆك دێتەوە. کوڕێکی گەنجی شیك لەوێ بوو گوتی بە خۆڕایی کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە مامە، ئەمانە شەریکن لەگەڵیاندا. گوتم ئاخر چۆن دەبێ شەریك بن لەگەڵیاندا. وەکیل باشی نەی هێشت بچمە ژوورەوە. دانیشتم تاسەرۆك بێتەوە. کاتێکم زانی سەرۆك لە پۆلیسخانەکەوە هاتە دەرێ، سواری ئوتومبێلەکەی بوو و ڕۆیی. تا هاتم پێی بڵێم دەستم دامێنێت من پیاوی دەوڵەتم، پارەکەمیان دزیوە. ئوتومبیلەکە کەوتە ڕێو دوورکەوتەوە.

– چما پارەکەیان دزیویت هاپۆ بەندەر؟

– ئەدی کوڕم... لە بازاڕی سەوزە فرۆشەکان.. دوای ئەم هەموو تەمەنە مەیلم چووە سەر گورچیلە. بیرم کردەوە کە بچم بیکڕمو بیهێنمەوەو لە ماڵەوە بێ بڕژێنمو ژەقنەبووتی بکەم.

پارەکەم لە ئەستەڕی کلاوەکەم دەرهێنا کە بیدەمە جگەر فرۆشەکە، کلاوەکەم کردەوە سەرم، لە پڕ وەکو با پڕیان دایێو رفاندیان... (٢٥٥) تمەن بوو کوڕم... پێت وایە خوای ئەو هەتیوانە نایانگرێ؟

کچەکەی هاپۆ بەندەر لە "شار کورد"ە.

– چای دیت بۆ تێبکەم هاپۆ بەندەر؟

– خوا جەزات بداتەوە خواجە تۆفیق.. یەك پیاڵە بەسە.

هاپۆ بەندەر هەڵدەستێو دەڕوات. لە بەردەمی ژوورەکەی خۆیدا نوێژێك دەکات. بلورخان سفرەکەی راخستووەو خەریکە قاپە تایبەتیەکەی کاك ئەمان دەڕازێنێتەوە.

بابم دەڵێ دنیا زیندانی ئیماندارانە. هاپۆ بەندەر بەهەشتییە. وەلێ ئەم قسانە ناچنە گیرفانی محەمەد میکانیکەوە.

– ئەوەندەمان بەڵێن ژنەوت، بەڵێن دانمان دەرهات. هەرچی پتر رەنج دەدەین پتر هەواڵەی ئەو دنیایەمان دەکەن.

حاجی شێخ عەلی دوعا بۆ ماڵەکەمان دەکات. دوعا بۆ کاروکاسبی بابم دەکات. ئێستا دەستمان ناڕوا کە داوەتێ بکەین. جاران کە خۆی و زاواکەیو براکانیو برازاکانیمان داوەت دەکرد، جەژنمان بوو، بە تەواوی سکی خۆمان تێر دەکرد.

– حاجی شێخ عەلی گۆمانی بەینی چوارو پێنج (٤) چۆن چار دەکرێ؟

ژوورەکەی بابمیان بۆ رادەخەین. سەرین لە هەموو هاوسێکان قەرز دەکەین. دەستی حاجی دەڵێی دوگە. وەکو دەستی بلورخان سپیو نەرمە.

حاجی شێخ عەلی دەربارەی خێرو پاداشتی ناندانی مەلاو عولەماو هەستانو دانیشتن لە خزمەتی عولەماو زانایاندا دەدوێ.

زاواکەی باسی نیعمەتەکانی بەهەشت دەکا. براکەی باسی پاداشتی خەتمەو پێنج یەكو بەشی ئیمامان دەکات.

محەمەد میکانیك جێگای چەقی دۆزەخە.

ئاخر ئەمەش بوو بە کار کە من رەنج بدەمو بیدەم بە بابایەکی ورگ زل؟ خواجە تۆفیق نەختێ تلیاکی دی دەخاتە سەر وافورەکەو دێتە قسان: لە وەتەی دنیا دنیایە عولەما هەر سەرچاوەی فەرو بەرەکەتی زەوی بوون. هەرکەسێ خۆی لە قەرەیان بدات. گەڕوگول دەبێت.

محەمەد میکانیك لە قاقای پێکەنین دەدات.

کاك ئەمان هەڵدەستێ. خواجە تۆفیق تلیاکەکەی سەر حوقەکە (٥) گەرم دەکاو پاشان مژ لە وافورەکە دەدا. بابم بێدەنگ بووە. ئێژی بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر هیچ نەڵێ چاکترە. هەندێ جار پێکەنین و قسەکانی ئەم محەمەد ئەفەنییە تەواو لە زەوقی پیاو دەدەن.

کوڕەکەی پورە رەعنا دێتە دیدەنیمان. جلی سوپایی لەبەر دایە، زۆری لێدێ. دایکم نێوچەوانی ماچ دەکا. لە قەراغ حەوزەکەوە کورسی بۆ دادەنیێن. دادەنیشێت و لاق دەخاتە سەر لاق. یەك مانگە غولامی پورە رەعنام نەبینیوە. سمێڵی داناوە. سەروان ئاسا سمێڵی بۆ سەرەوە با دەدا.

سمێڵی بەجۆرێ دەبریسکێتەوە دەڵێی چەوری کردووە. غوڵام بە جۆرێك دادەنیشێت دەرگای ژوورەکەی بلورخانی لێوە دیاربێت.

بلورخان لە ژووەرەوەیە. دایکم دەمنێری بۆ کۆڵان کە بایی قڕانێ سەهۆڵ لە ئەسفەند یاری بەفرفرۆش بکڕم. ئەوجا بە شەکرو گوڵاو شەربەت بۆ غوڵام دەکات. گوڵاو لە بلورخان وەردەگرین.

سەرووی پانتۆڵەکەی غوڵام فشە. بەلەك پێچەکانی وا شەتەك داون کە دەڵێی بە پۆزیەوە لکاون. بلورخان عەباکەی بەسەرا دەداو بە لەنجە ولار بە بەردەم غوڵاما تێدەپەڕێو دەچێ بۆ لای ژنەکەی محەمەد میکانیك. غولام سڵاوی لێدەکا. دایکم فەرشێك لە قەراغ حەوشەکە رادەخاتو دادەنیشێتو تەباخەکە داداگیرسێنێ تا چای دەم بدات. هەتاو گەییوەتە ستارەی سەربانەکە. هەوا گەرمە. بای شەرجی نایەت، بەڵام گڕەی هەیە. غوڵام یەخەکەی دەکاتەوە. سینگی ورچ ئاسا توکنە. بلورخان لە ماڵی محەمەد میکانیك دێتە دەرەوە. سەری غوڵام پێ بە پێی بلورخان بە دەوری حەوشەکەدا دەسوڕێتەوە. دایکم فەرموو لە بلورخان دەکات. غوڵام دەستەکانی دەخاتە پشتیو سینگی دەردەپەڕێنێ. شانەکانی یەکجار پانن.

– غوڵام، سەربازی ناخۆشە؟

بلورخان دادەنیشێت. دایکم شەربەتی بۆ دادەنێ.

غوڵام باسی سەربازی دەکات.

– فەرماندە قامك دەخاتە ژێر بەڵەك پێچەکەت، خۆ ئەگەر بە ئاستەم شل بوو، ئیدی مەگەر ئەو خوایە فریات بکەوێ. فەرماندە دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەردێنێو بەکەفەڵی ئەسپەکەی دا دەکێشێت، ئەگەر بە ئاستەم پیس بوو، ئیدی مەگەر خوا فریات بکەوێ.... شەوی هەینییە. بلورخان ژێر بڕۆ رەشەکانی هەڵگرتووە. کلی لە چاوان کردووە. کوڵمە پانەکانی سووراو کردووە. چەپکێك لە قژە بریقەدارەکەی کەوتۆتە سەر هەنیەی .

غوڵام چاوی بڕیوەتە بلورخانو قسان دەکات.

– ... چوار قسعەی خاڵی دەبەستن بەم مەچەکی دەستەوە ،چوار دانە بەو مەچەکی دەستەوە. چوار دانە دەبەستن بەم قولە پێتەوەو چوار دانە بەو قولەپێتەوە. ئەوجا دەڵێن دەبێ چوار جاران لەسەر چۆکان بە دەوری ئۆردوگاکەدا بسوڕێیتەوە.. بنیادەم عارەقی شینو مۆر دەر دەدا.

بلورخان سمتو کەفەڵی پانی ئەم جێو ئەوجێ پێ دەکاتو دەپرسێت:

– غوڵام تا ئێستا جەڵدەیان لێ داویت؟

غوڵام خۆی گیڤ دەکاتەوە دەڵێ: حەدیان چییە؟

– یانی لێت دەترسن؟

ئومێدو حەسەنۆكو برایم دێنو لە قەراغ حەوزەکەدا دادەنیشن. دەچم لە پاڵ غوڵامەوە دەوێستم. منداڵەکان ئێژی حەسودیم پێدەبەن. بازووەکانی غوڵام لە توێی کۆتە سوپاییەکەیدا چەسپ بوون. کە قسان دەکات سەری بەرز دەگرێ، سینگی دەردەپەڕێنێ. چاوو برۆکانی دەجوڵینێ. عەینی وەکو ئەو سەروانەی کە ئافاق، ئەتڵەسی قاچاغی بۆ ژنەکەی دەبرد.

– خودی فەرمانده، حیسابم بۆ دەکات. چ جای وەکیل باشی. خۆ من دێهاتی نیم تا...

بلورخان قسەکەی لە دەم دەقۆزێتەوە.

– کاك غولام بۆچی کە قسان دەکەیت ئەوەندە مل بادەدەیتو چاوو برۆ دەجولێنی؟و ئەوجا لە قاقای پێکەنین دەدات.

غولام لە تەریقیا سوور هەڵدەگەڕێ. رقم لە بلورخان هەڵدەستێ. ئیدی پورزا قسان ناکات. چایش ناخواتەوە. بلورخان هەڵدەستێو دەڕوات. دایکم دەچێتە ژوورەوە.، ئەسکەناسێکی یەك تمەنی دێنێ، قەدی دەکاو دەیخاتە بەڕکی کۆتەکەی غولامەوە. دایکم بۆ ئەم کارانە هەمیشە چەند تمەنێکی لە بوخچەکەیدا قایم کردووە. پورزا ئیدی قسە ناکات. یەخەی کۆتەکەی دادەخات. سینکە توکنەکەی دادەپۆشرێ. ئێژی پەستو ناڕەحەت بووە، تەوێڵو گۆناکانیو ملی عارەقیان کردووەتەوە.. هەڵدەستێ کە خوا حافیزبوونی بکات. دایکم سوورە لەسەر ئەوەی کە بۆ شێوکردن وەمێنێ.

– دایە بۆ نێوەڕۆ چیمان هەیە؟

– نانو هەروا کوڕم.

دەنگی بلورخان دێ.

– کاکە غولام سەربدەوەو باسی سەربازیمان بۆ بکە.

غولام پەستە، خەنجەری لێبدەی خوێنی لێنایەت. بۆ شیویش نامێنێتەوە.

رەحیم وڵاخدار بە وڵاخەکانییەوە دێتەوە. وڵاخەکانی رەحیم عادەتێکی خراپیان هەیە تا خۆیان بە دەرگا شەقو شڕەکەی حەوشەدا نەکێشن نایەنە ژوورەوە.

کوڕەکەی پورە رەعنا لە حەوشە دەردەچێو هەر ئاوڕیش ناداتەوە.

***

کەمو زۆر جێ قایش بەسەر سکی بلورخانەوە نەبوو، درۆی دەکرد. بەخۆم دیتم، بەڵام باشە، جێ قایشی پێوە بێ یان نەبێ ئەو سکیم هەر نیشان دەدا.

هەنووکە بابم بە تەواوی دوکانەکەی داخستووە. لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتووەو چۆتە خەڵوەتەوە. تەزبێحێکی هەزار دەنکی دروست کردووە. گەرما لە تامی دەرکردووە. کە بەیانیان لە خەو ڕادەبین، جێو بانەکە هەموو تەڕو شێدارن. ئێژی بنیادەم میزی بە خۆیا کردووە. ئاسمان وەکو شیری بزڕکاو کە ناو بەناو چۆڕاوگەیەکی باریکی خوێنی پێدا چۆڕابێتەوە وایە. شار ئێژی سەرپۆشێکی قوڕقوشمی بەسەردا دراوە. هەتاو رەحم بە کەس ناکات. رۆژ بە رۆژ لە زەوی نزیکتر دەبێتەوە. رۆژ بە رۆژ گەورەترو گەرمتر دەبێ!

پێ بە پێی زۆربوونی قەرزداریمان، وێردخوانی بابەش پتر دەبێ.

– مش مەهدی یەك کیسە تووتنی دیکەمان بەرێو لەسەر حیسابەکەی بنووسە.

مەهدی بەقاڵ خۆی لە گێلی دەدات، موشتەریە تازە گەیشتووەکە بەڕێ دەکا.

موشتەرییەکی دی دێتو ئەویش بەڕێ دەکا. ئەوجا کە دەبێنێ چ کارێکی نیە خۆی بە نێو دوکانەکەدا دەکات، سەبەتە پیازەکە دەگوازێتەوە. ئەوجا قەفەزی بولبولەکە دێنێو بە قولاپی

ژێر چەرداخی دوکانەکەوە هەڵیدەواسێ. ئاوی بولبولەکەی دەڕێژێو بۆی تازە دەکاتەوە. ئەم جار هەرزن دەکاتە بەر بولبولەکە. پاشان کە دەبێنێ هێشتا هەر چاوەڕوانم، کیسە توتنێك هەڵدەگرێو دەیداتە دەستم. کە سەیری دەکەم دەبینم چارەی بە یەکا داوە. لێوی هەقورتاندووەو چ ئاشنایەتیەك لە نیکاگانیدا بەدی ناکرێت.

بلورخان لەسەر پلیکانەکان سکی نیشان دام. حەرام جێ قایشی پێوە نەبوو. دەرپێی لە پێدا بوو. دەرپێکەی بلورخان ڕەشێکی کون کونە. سپێتی ڕانەکانی دڵی بنیادەم جۆش دەدا. کاك ئەمان چووە بۆ سەفەر.

– چووە بۆ شوش. لەوانەیە تا عەمارەش بچێ، چووە چای قاچاغ بێنێ.

ئەگەر بابم تا ئێستا جنۆکەی رام کردبێ، بێگومان دەزانێت کە بلورخان چی بەمن گوتووە.

– بلورخان دەکرێ دەستی لێبدەم؟

– ئێستا نا.

– بلورخان ئاخر بە چاکی نەمبینی.

– ئەگەر زۆرت دڵ پێوەیە، لە ئاخرو ئۆخری شەوا، بە ئەسپایی وەرە بۆ ژوورەکەم تا نیشانت بدەم.

گشت هۆش‌و بیرم لەلای بلورخانە. درۆم لەگەڵیا کرد کە گوتم بە چاکی سکیم نەدیوە. تەنانەت خاڵە چکۆلەکەی ژێر ناوکیشیم بینی.

هەتاو لە ستارەی سەربانەکە تێپەڕێوە. گاکۆترەکان هاتوون‌و لەسەر گوێسەبانەکە هەڵنیشتوون‌و دەگمێنن. ئەو کۆترە خەنەییەی کە دەمێ بوو دیار نەبوو ئەویش هاتووە. زۆری ماوە بۆ ئاخرو ئۆخری شەو. ئەمە گەر بابم لەسەر بەرماڵەکەی هەستێو بنوێ، ئەگەر خواجە تۆفیق خەبەری نەبێتەوە. ئەوەندە خەوی سووکە ئەگەر مێروولە بپژمێ خەبەری دەبێتەوە. ئەگەر خوا بکا بانۆ سوسەی نەکردبێ. لەم رۆژانەدا هەرچەند قسە لەگەڵ بلورخان دا دەکەم بانۆ دێ بەسەرا. پێ دەکەنێو بە چاوو برۆ ئیشارەت دەکا.

– خالید وەرە بچۆ لای حەبیب نانەوا نان بێنە. دایکم چوب خەتەکە (٦) دەداتە دەستم.

– دایکە جەمیلە بنێرە. من ناتوانم بڕۆم.

خوشکەکەم مل ناداتە خەت.

حەبیب نانەوا تازە لۆکسەکەی داگیرساندووە. قسەی چەند رۆژ لەوەوبەری حەبیب نانەوام دێتەوە یاد.

– سەد کەرەتم پێگوتیت کە نە نیوەروان بێ نە ئێواران.

لەسەر شۆستەکەو بەرانبەر بە دوکانەکەی حەبیب نانەوا دادەنیشم.

تەشتە هەویرەکان لە دەرەوەی دوکانەکە ریز کراون. شیر برنج فرۆشەکە پەیتا پەیتا کەوگیرەکەی بە مەنجەڵەکەدا دەکێشێت. خەلیفە بەرکۆشەکەی کردوەتەوەو داویە بەسەر شانیا. خەلیفە لە تەك مەنجەڵە شیر برنجەکەوە هەلتووتاوەو لەتێ نانی لوول کردووەو قەپی لێدەدا. خەلیفە هاوڕێی بابمە. کە دەبینێ لەبەر دوکانەکەدا چاوەڕێی نانم، خۆی پەنا دەدا.

– ئاخر ئێمەش ژیان‌و گوزەرانمان دەوێ، دەبێ کرێی کرێکار بدەین، گەنم بکڕین.

لەسەر شۆستەکە دادەنیشم تا دنیا تاریکتر بێ، تا ئێوارە بەسەرچێ. لۆکسەکەی حەبیب نانەوا کۆڵانەکەی رووناك کردۆتەوە. جەڵەبێ وڵاخ بە بەردەمما رەتدەبن. وڵاخەکان بە لۆقە دەڕۆن. تەپوتۆز کۆڵانەکە پڕ دەکات. ئێواران هەموو وڵاخدارەکان، وڵاخەکانیان بۆ ئاودان دەبەنە سەر کارون. هەندێجار لەگەڵ برایم یان لەگەڵ حەسەنۆکدا وڵاخەکانی رەحیم وڵاخدار دەبەینە سەر کارون. فیکە بۆ وڵاخەکان دەکەین تا وڵاخەکان ئاو بخۆنەوە . پاشان سەروچاوی خۆشمان دەشۆین‌و ئەوسا سواردەبین‌و بە چوار ناڵە دەگەڕێینەوە. لەو کەڕەتەوە کە نەقیزەکە لە وڵاخەکەدا شکا، تا ئێستا سواری وڵاخ نەبوومەتەوە. نەشم وێرا بە رەحیم وڵاخدار بڵێم. بە دەرزی درومان نەقیزەم دروست کرد بوو تا وڵاخەکە ناچار بە چوار ناڵە بکەم‌و پێش برایم بکەوم.

– برایم ئەگەر نەقیزە لە پێستی وڵاخا بشکێ چی دەبێ؟

– خۆ وڵاخ بنیادەم نیە... بەم شتانە ئازاری ناگاتێ.

برایم بۆ خۆی دەڵێ، چۆن ئازاری ناگاتێ. چما پێست‌و گۆشتی وڵاخ جیاوازی لە پێست‌و گۆشتی بنیادەم هەیە. دایکم دێت: خالید بۆ لێرە دانیشتوویت؟

– دانیشتووم تا تۆزێ درەنگ بێ‌و نۆرەم بگاتێ.

چوپ خەتەکەم لە دەست وەردەگرێ‌و دەڕوا. لە دوورەوە دەبینم کە حەبیب نانەوا دادەنەوێتەوە، لە ژێر مێزەکەوە نانی سارد، نانی سووتاو، نانی کەم برژاو، نانی قەراغ سوتاو دەردێنێ‌و دەیداتە دەست دایکم. ئێژی شەرم لە دایکم دەکات. چارەی مۆنە، بەڵام قسان ناکات. بەڵام ئەگەر من چووبام؟....

دنیا تاریك بووە، بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق لە حەوشەکەدا پەنگ دەخواتەوە. بانۆ لە تەنیشتییەوە دانیشتووە. تیشکی لامپاکە لە دەموچاوە رەق‌و تەقەکەی خواجە تۆفیقی داوە. رەحیم وڵاخدار باڵی ژنەکەی دەگرێ‌و لە ژوورێ را دەیهێنێتە دەرێ، لە بەردەم ژوورەکەداو لەسەر لێفەکە درێژی دەکات. ژوورەکەی مش رەحیم بە تەك ژوورەکەی بابمەوەیە. ئێسکی دەموچاوی ژنەکەی مش رەحیم دەرپەڕیون. چاوەکانی ئەوەندە بە قووڵاچوون بنیادەم وا خەیاڵ دەکات کە تەنیا دوو کونی لێڵ لە دەموچاوی هەیە. لێوی هەمیشە وشك‌و قڵیشاوە. داوی سپی کەوتووەتە قژی. ئانیشکی دەڵێی گرێیەکەو لە تەنافێکی ئەستوور دراوە. یەك ساڵە لە جێدا کەوتووە.

– خوشکێ هەموو پشتم سوواوە.

ژنەکەی رەحیم وڵاخدار دەناڵێنێ، دەنگی دەڵێی لە بنی بیرەوە دێ.

– دایکی خالید رازیانەتان هەیە؟

دایکم دەڵێ: رازیانە؟ بۆچی؟

حەسەنۆك چڵمەکەی هەڵدەلووشێ، بەسەری قۆڵی، لووتی دەسڕێ‌و دەڵێ:

– دایکم دڵ یەشەی گرتووە. لە ئێوارەوە کە زانیویەتی جەعفەری خشتپڕ خۆی خنکاندووە، حاڵی خراپتر بووە.

دایکم نیگەران دەبێ: باشە بۆ پێتان گوت؟ بۆ خۆی لە کونجی ماڵەوە کەوتبوو بێ ئاگا لە دنیا و لە هەموو کەس.

دایکم لە نێو شرەوپڕەکانی پشت ئاوێنەکەوە، رازیانەی کوتراو دەدۆزیتەوە... دایکی حەسەنۆك مشتێ چڵو چێوە. پێستی بەسەر ئێسقانەکانیا وشك بووەتەوە. ژێر قژی شەڵاڵی عارەقەیە. تاقەکەی ژوور سەری پڕە لە شت، لە تڵپەی دەرمانەوە تا دەگاتە قاوەی کوتراو و شیلان و سرکەی کۆن.

– خوشکێ دوور لە تۆ، لە نوێژی ئێوارەوە دڵم تێکهەڵدێ.

ژنەکەی رەحیم وڵاخدار قسە ناکات، دەناڵێنێ.

خوشکێ لە خوار دڵمەوە دێشێت. وەك زەیستانێ کە ئاڵو شەوە لێی دابێ.

مش رەحیم سەبیلەکەی پڕدەکاتو نەفەسی توندی لێدەدات. کە دوکەڵەکەی لە دەمییەوە دەردەچێت وەك بڵێی خۆڵەمێشت رشتبیتە چاڵەوەو تەپوتۆزەکە گەڕابێتەوە.

رەحیم وڵاخدار قەشاویشەکە هەڵدەگرێو دەڕوات کە وڵاخەکانی قەشاویش بکات.

بلورخان کوللەکە بە دەوری تەختەکەیدا دەگێڕێت.

– بلورخان چما شەوێ لە ژوورەوە نانوێ؟.

– وس!... نەکەی بە کەس بڵێی.

– نانێم... بەڵام شەوێ لە کوێ دەخەوێ؟

– لە دەرەوە، لە نێو کوللەکە. بەڵام ئەگەر هاتی دێمە ژوورەوە.

دایکم سفرەکەی ڕاخستووە. پونگەو سرکەو پیازو خوێ. پونگەکە وەکو سورمە لە نێو دەستمانا دەهاڕینەوەو دەیکەینە سەر نانەکە، ئەوجا خوێو سرکەی پێدا دەکەینو لەگەڵ پیازدا دەیکەین بە پاروو.

– بنیادەم شەوان خواردنی سووك بخوا باشە.

– ئەگەر بنیادەم شەوان خواردنی قورس بخوا. خەوی ناخۆش دەبینێ.

دایکم، بابم گازدەکات. باوکم بەدەم وێردخوێندنەوە لە ژوورێ ڕا دێتە دەرێ.

شێم شوعەیب بە سواری ئەسپ خۆی بە حەوشەدا دەکات. هیچ کاتێ دەرگای حەوشە ناگرین. شەوانیش هەر بە تاکە. شێخ شوعەیب ئەسپەکەی بە دیرەکی ساباتی وڵاخەکانەوە دەبەستێتەوە. لە تەنیشت خواجە تۆفیق دادەنیشتو لەگەڵ ئافاقدا دەکەوێتە قسان.

پێم وایە هەمدیس باسی قاچاخە.

– ئافاق بەلەمەکە دێتە کەناڵی دووەم.

هەندێ شەو لەگەڵ منداڵەکاندا خۆمان بە نێو دار خورماکاندا، دەکرد، هەندێجار یاری پاشاو وەزیرمان دەکرد. بەسەر باریکەکاندا دەردەپەڕینو تا کەناری رووبارەکە نەدەوەستاینەوە.

– لە پەناگای بەلەمەکەدا خۆم مەڵاس دا گوێم قۆڵاغ کردووە تا دەنگی پێی منداڵەکان بژنەوم. لە پڕ دەنگە دەنگ دەبیستم. دەنگی پێم گوێ لێدەبێ. دەنگێ پێی منداڵەکان نیە. قسەکان لە تاریکییە شێدارەکەوە دەرەچێ و دێتو لە گوێما دەگیرسێتەوە. دەنگی ئافاق دەناسمەوە. دەنگی تێکەڵ بە دەنگی گەڵای تیژی دار خورماکان بووە. پەناگای بەلەمەکە بەجێ دێڵمو بەرەو ژوور هەڵدەکشێم. لەسەر لمە شێدارەکە رادەکشێم. ئانیشکم لە زەوی دەچەقێنم و هەردوو دەستم دەخەمە ژێر چەناگەم. نیگام تاریکی شەو شەق دەکات. بەدرێژایی جۆگەی سێیەم کە لە رووبارەکە جیا دەبێتەوە، هەندێ سێبەر هەن کە دەجوڵێنەوە. ئاوەکە هەڵکشاوە. بەلەمەکە دەتوانێ لە کەناڵەکەوە تا ناو جەرگەی دارخورماکان بڕوات. هەڵدەستم و دەڕۆم. دەنگی پێم لەسەر لمەکە کپ دەبێ. دەوێستم، رووەمەتم دەنێم بە توێکڵی زبری دار خورمایەکەوە. ئێستا دەنگەکان چاکترە دەژنەومو ئافاق دەبینم کە تۆپە کوتاڵەکان لە نێو بەلەمەکەوە وەردەگرێو لەسەر زەویان دادەنێ. لەشی لە نێو کراسە رەشە ئاوریشمەکەیدا ون بووە. قژی بەسەر شانیا پەخش بووە. کە ڕێدەکا سمتی دەلەرێتەوە.

.... شێخ شوعەیب بەگوێی ئافاق دا دەچپێنێ،

– سەدو سی پارچەیە.

خواجە تۆفیق وافورەکەی (٧) کۆك دەکاتو دەیداتە دەست شێخ شوعەیبو بە کەماڵی ئیسراحەت دەکەوێتە قسان: – ئێی محەمەد نوری نمك بە حەرام خەریکە خراپ شوڵی لێ هەڵدەکێشێ. هەمیشە وەکو توڵە سەگی برسی، بە دەوری ماڵمانا موێزە موێز دەکات.

ئافاق بە رویا هەڵدەشاخێ.

– بۆ تۆ، کە رۆژ تا ئێوارێ لە ماڵەوە دانیشتووی چ فەرقێ دەکا؟... ئەوە منم کە ناوی محەمەد نور، دەم لەرزێنێ. تۆ کە تلیاکت هەبێ چ خەمێکت نیە. خواجە تۆفیق وەکو کەو دەچێ. سەری دادەخات. مەقاشەکە هەڵدەگرێو خۆی بە پشکۆکانەوە سەرگەرم دەکا. شێخ شەعەیب دووا نەفەس لێدەداو چایەکی بەسەرا دەکا.

پاشان هەڵدەستێو هەوساری ئەسپەکەی دەگرێو لە حەوشە دەردەچێ. دووا بەدووای ئەو، ئافاقیش عەباکەی بەسەردا دەداو دەڕوات. دایکم سفرەکە کۆدەکاتەوە. بلورخان لە نێو کوللەکەدا ڕاکشاوە. هاپۆ بەندەر سەبیلەکەی دەتەکێنێ، فوویەك لە قوتیلە چراکە دەکاتو لە بەردەم ژوورەکەیدا دەخەوێ. کەرەم، هێشتا نەهاتوەتەوە .کەرەم شەوانی زستان زوو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ. کە مەنجەڵە شێلمەکەی تەواو بوو، عەرەبانەکەی دەداتە پێشو دێتەوە بۆ ماڵ. بەڵام شەوانی هاوین کارەکەی وا زوو تەواو نابێ. شەوانی هاوین، لەبەر عەرەق فرۆشی توبادا، لۆبیای سەوزی کوڵاو ولێموی ترش دەفرۆشێت. تازە لوکسیشی کڕیوە.

– کەرەم، کارو کاسبی چۆنە؟

– خراپ نیە کاك ئەمان، خوا نەی بڕێ رۆژی شەش حەوت تمەنێ پەیا دەکەم.

– هەر شەش حەوت تمەن؟

– ئاخر دەبێ دەمی پاسەوانیش ببینرێ، ئەویش دوو سێ تمەنێك

نافەکی شەڕواڵە رەشەکەی کەرەم عەلی ئەوەندە شۆڕە کە وەختێ ڕێ دەکا وەکو دوگی مەڕ راستو چەپ دەکا. دەمی ئەوەندە زلە هەمیشە گرەو دەکا کە دەتوانێ ژێر پێڵەیەك لە دەمیا جێ بکاتەوەو هەمیشەش گرەوەکە دەباتەوە.

بانۆ جێگەکەی خواجە تۆفیق ڕادەخات. رەحیم وڵاخدار، وڵاخەکان ئاو دەداو دەڕوا کەمێ لەو لای دایکی حەسەنۆکەوە رادەکشێ. زۆرە زۆری منداڵەکەی هاجەر بەرز دەبێتەوە. ئەگەر بۆم بکرێ دەچم تۆپەڵێ لۆکە دەئاخنمە دەمی منداڵەکەی هاجەرەوە.

بلورخان لە نێو کوللەکەدا گینگڵ دەدا. جیرە جیری تەختەکە دەژنەوم. هەڵبەتە چاوەڕوانی ئەوەیە تا هەمووان بخەون.

رادەکشێم. ئاسمان پڕە لە ئەستێرە. روناکی روناکە، بابم ناچێتە ژوورەوە. لەبەردەم ژوورەکەی خۆیدا دەخەوێ. چراکەی خواجە تۆفیق دەکوژێتەوە. کەرەم عەلی هێشتا نەهاتووەتەوە. تا عارەق خۆرەکان، عارەقەکانیان دەخۆنەوە هەی هوو. ئەگەر ئەوڕۆ نەڕۆم بە وردیو بە باشی سکی بلورخان بدینم، سبەی کاك ئەمان دێتەوە، تا جارێکی دی دەچێ بۆ سەفەر هەی هوو.

دەنگی عارەبانەکەی کەرم دێت.

– بلورخان ئەگەر خەوت لێکەوتبوو بێدارت بکەمەوە؟

– خۆم خەبەرم دەبێتەوە.

پێدەچێ کەرم عەلی لە دەرەوە نانی خواردبێ. مەسینەکەی بردووەو چووەتە سەر ئاو. چەند درێژەی دەداتێ. هەموو شەوێ ئەوەندەی پێدەچێ... هەندێجار کە دووای کەرەم دەچمە ئاو دەست بۆنی سابوون دێ. خۆ بنیادەم لە ئاودەست دا دەستی ناشوات؟ نازانم چ دەکا. پێدەچێ نیازی هاتنە دەرەوەی نەبێ. لەوانەیە خەوی لێکەوتبێ. قەپۆزە درێژەکەی، چاوە داقڵیشاوەکانی کە دەڵێی قڵیشی ژێر پێی وەرزێرە، بنیادەم جاڕزدەکەن.

کەرەم دێتە دەرەوە. کە بە تەك کوللەکەی بلورخاندا تێدەپەڕێت هەنگاوەکانی خاو دەبنەوە. ژوورەکەی سەنەم لەولای ژوورەکەی بلورخانە. کەوتووەتە سێ سووچی حەوشەکەوە. کەرەم دەڕواتو لە بەردەم ژوورەکەیانا دەتۆپێ. سەنەم حەو زەمانە نووستووە. حەوشەکە تەواو کپو بێدەنگە. منداڵە جیقنەکەی هاجەریش خەوتووە. بابیشم لە پرخەی خەوێکی ئارامدایە.

ئەگەر بمەوێ بڕۆم بۆ ژوورەکەی بلورخان دەبێ هەوەڵجار بە بەر موبەقەکەدا رەت بم. ئەوجا بە بەر ژوورەکەی محەمەد میکانیك دا. پاشان بە بەر ژوورەکەی هاپۆ بەندەردا. دەبێ ئاگام لە مەسینەکەی هاپۆ بەندەر بێ. نەبادا پێم لێی هەڵکەوێ. کە بگەمە کەپری وڵاخەکان دەتوانم لە ژێر ساباتەکەوە بڕۆم. ئەوجا ئاو دەستەکەیە. ئەمجا دەرگای حەوشەیەو ئەوجا ژووری کۆترەکانو ئیدی ژوورەکەی بلورخانە. ناکرێ راست بە ناوەندی حەوشەکەدا بڕۆم.

خواجە تۆفیق دادەنیشتو شەربە ئاوەکەی دەنێ بە سەرەوە. ئەوجا جگەرەیەك دادەگیرسێنێو بە دەم جگەرەکێشانەوە رادەکشێتەوە. کە خواجە تۆفیق مژ لە جگەرەکەی دەدا، ئاگرەکەی وەکو گوڵە ئەستێرە دەدرەوشێتەوە. دەنگی تەختەکەی بلورخان دێ. سەرم لەسەر سەرینەکە

هەڵدەبڕم‌و تەماشایەك دەكەم. ئێژی بێدارە. بەسەر دەستیا تل دەدا، خواجە تۆفیق جگەرەكەی دەكوژێنێتەوە.

دەنگی شەمەندەفەرەكە دەژنەوم. لە بەندەرەوە دێ. سەعات یازدەیە.

***

هەناسەی بلورخان گەرمە، گوناو گەردنم دەسووتێنێ. لەشی بووە بە پشكۆی ئاگر. سكی تورتە، وەكو هەویری هەڵاتەی كولیچە تونده. دەستم لەسەر سكی دەخزێ. ژێر كراسە كورتە میلدارەكەی داكەندووە. تریفەی مانگ لە پەنجەرەكەوە دێتە ژوورەوە. ئێمە لە تاریكی داین، تێك ئاڵاوین. بە جۆرێكی ئەوتۆ بەخۆوەم دەگوشێ ئێسقانەكانم دێنە ژان. دڵم وەكو چۆلەكەی رەمیدە دەفڕێ.

– بلورخان بۆ هێندەم دەگوشیت.

– وس.

كڕ دەبم. دەنگی هەناسەمان تێكەڵ بە یەك بووە. هەردووكمان لە ئارەقەدا هەڵكشاوین. قژی چین لەسەر چینی بلورخان كەوتووەتە سەر سەرینەكە، كوڵمەكانی بۆنی عەترو گوڵاویان لێدێ تامی لێوەكانی شیرینێكی تاڵ ئامێزە. تورتە. بەژنی مامناوەندی‌و گۆشتنی وەكو مار پێچ دەخوات. لێوم بە جۆرێ دەمژێ كە ئازاریان دێتێ. سمت‌و كەفەڵی عەینی دەستاڕ دەسوڕێ. هەناسەم سوار بووە. تریفەی مانگ پتر داكشاوە. زۆری نەماوە بگاتە پێمان. دەستەكانی بلورخان خاو دەبنەوە، نێو قەدم بەر دەدا. ئێژی لە خۆی چووە. ئێستا هەناسەدانی هێور بووەتەوە.

***

چەند هاوبازاڕییەكی بابم هاتوونەتە سەردانی. چونكە چەند رۆژێكە دوكانی نەكردۆتەوە وایان زانیوە نەخۆشە.

– وەستا حەداد خوا خراپ نەدا.

– خراپ نەبینی حاجی نایب.

– خوا نەكردە...

بابم قسەكەی نایب دەقۆزێتەوە.

– نەخێر، لە خوا بە زیاد بێ نەخۆش نیم.

سمێڵە پڕو سپییەكەی حاجی نایب دەجوڵێ.

– باشە ئەدی بۆ دوكانەكەت داخستووە؟

بابم بە خەم ساردییەوە دەڵێ: بازاڕ كزە، چەند رۆژێ دام خست.

حاجی نایب باسی هەموو شتێ دەكات. میرزا سادق و مەشهەدی ئیمان قسەكانی حاجی نایب دەسەلمێنن. بابم تەنیا گوێ دەگرێ. دایكم پەلەپەلی پێكەوتووە.

– خالید هەڕاكە سەهۆڵ بكرە.

دایکم شەرم دەکات گولاو لەلای بلورخان بێنێ، عەباکەی دەدا بەسەراو دەچێ کاسەیەك ئاوی لیمۆ لای مەهدی بەقاڵ دێنێ.

– بنیادەم رۆژی چەند جار ببێ بە ئاوو بچێ بەناخی زەوی دا!

کە سەهۆڵەکە دەکرم‌و دەگەڕێمەوە، دەبینم بابم چارەی گرژە. حاجی نایب سیغارێ لە تووتنەکەی بابم دەپێچێتەوەو پێی دەکات. دایکم شەربەتیان بۆ دادەنێ.

– ببورن، شەربەتی خەجاڵەتییە.

کە شەربەتەکەیان دەخۆنەوە هەڵدەستن‌و خوا حافیزی دەکەن.بابم بە ساردی وەڵامیان دەداتەوە. پەستە. کە دەڕۆن بابم دادەنیشێ‌و سیغارێ دەپێچێتەوە. ئەوجا بەدەم سیغارکێشانەوە لەگەڵ خۆیدا قسان دەکات.

– ئەسڵەن دیانەت و ئینسانیەت نەماوە، لە بری ئەوەی باربوی بەندەیەکی خوا کە خەریکە لە پێ بکەوێ، بکەن. دەیانەوێ پاشقولی لێبگرن.

دایکم دەپرسێ بۆ وا پەست بوویتە؟

تا ئێستا رێك نەکەوتووە کە قسەکردنی بابم ئەوەندە خەمناك بێ‌و کار لە دڵ بکات.

– بە بیانووی سەردانەوە دێنە لات، بەڵام مەبەستیان ئەوەیە کە دوکانەکەت لە دەست دەربێنن.

دایکم پێی وایە کە دەبێ بابم دوکانەکە بکاتەوە. بابم دەڵێ تا خەتمەو خەڵوەتەکەی تەواو نەکات، دوکان ناکاتەوە.

بابم سیغارەکەی دەکوژێنێتەوە. لەسەر حەوزەکە دەستنوێژ هەڵدەگرێ‌و دەچێتە ژوورەکەی خۆی. دوو سەعاتێ لە نیوەڕۆ بوریوە. تیشکی هەتاو هەموو کون‌و کەلەبەرێکی حەوشەکەی پڕ کردووە. حەوشەکە ئێژی قەت سێبەری بەخۆوە نەدیتووەو نادێنێ. هەتاو ئەونده گەرمە هەر دەڵێی دەرگای دۆزەخیان کردووەتەوە. بانۆ لەبەردەم قادرمەکەی سەربان خەوتووە. لە تەك کوپەکەوە حەسیرێکی راخستووەو خەوتووەو پێشتەماڵێکی تەنکی تەڕ کردووەو بە خۆیا داوە. بەردەم قاڵدرمەکەی سەربان هەمیشە سێبەرەو ئەو بایەش کە لەسەر بانەوە دێت‌و لە رارەوەکەدا دەپەنگێتەوە هەمیشە فێنکە.

لەگەڵ برایم دا بڕیارمان داوە کە ئەمڕۆ بکەوینە پارێزی غولام عەلی خان.

– خالید، غولام عەلی خان ژن‌و منداڵەکانی ناردووە بۆ هەمەدان.

غولام عەلی خان لە باڵاخانەکەی پشت دوکانەکەی حەبیب نانەوا دادەنیشێت. غولام عەلی خان لە سلکی پۆلیس دا کاردەکات. بەڵام نازانم بۆچی هەمیشە جلی موڵکی لەبەر دەکات.. ئێژی سمێڵی بەڕاستە رێك دەخات. بە ئەندازەی کلکی مشکێکی زل نیشتووتە سەر لێوی. هێندە گوێزان لە ردێنی دەدا کە ناو بە ناو سوور دەبێتەوە. چ شتێکی غولام عەلی خان بۆ من بە ئەندازەی چاوە سەوزەکانی سەرنج راکێش نیە. تەنانەت رێ کردنەکەشی کە ئێژی داری قوت داوە، تەنانەت گوێچکە پان‌و لپرەکانیشی... بە ئەندازەی چاوەکانی سەرنج راکێش نیە. چاوانی غولام عەلی خان یەکجار سەوزن.

– خالید، دیسان هەندێ ڕۆژان، دوای نیوەڕۆ عەرەبانەکە پەیدا دەبێ. لەگەڵ برایم دا بڕیارمان داوە ئەمڕۆ بکەوینە پارێزی غولام عەلی خان. کە بابم دەچێتە ژوورەوەو سەرگەرمی وێرد خوانی خوێ دەبێ لەگەڵ برایم دا تێی دەتەقێنین بۆ کۆڵان. کە بە بەردەم قاڵدرمەکانا ڕەت دەبم بانۆ چمکی پێشتەماڵەکە لەسەر ڕووی لا دەداتو نیگام دەکات. نیگا کردنەکەی ئەمڕۆی سەیرە، دڵ ڕادەچڵەکێنێ. ئەگەر زانیبێتی چوومەتە ژوورەکەی بلورخان وای بە حاڵم.

چاو لە چاوی بانۆ دەدزمەوەو دوا بە دوای برایم تێی دەتەقێنم بۆ کۆڵان. دەچمە کۆڵان بەڵام نیگاکردنەکەی بانۆ فەرامۆش ناکەم. ئەگەر بام پێبزانێ... ئەگەر کاك ئەمان پێبزانێ!... کرێکارەکانی نانەواخانەکەی حەبیب نانەوا دەستیان لە کار هەڵگرتووە. خەلیفە وەکو هەمیشە لەسەر هەردوو چۆکان دانیشتووە. پێشتەماڵەکەی داوە بە شانیا و گۆشت قیمە دەکات .دەچینە نێو کەلاوەکەی بەرانبەر ماڵی غولام عەلی. خۆمان مژوول دەکەین. بەردی ڕێكو ساف بۆ دار لاستیکەکانمان کۆ دەکەینەوە. بە نوکە دار ئەو زبلانە هەڵدەینەوە کە لەسەر یەك کەڵەکە بوون. دەزانین کە عەرەبانچییەکە پەمۆی خستۆتە زەنگوڵی ملی ئەسپەکانی تا دەنگی نەیەتو دەزانین دەنگی پێچکەکانیو سمی ئەسپەکان لەسەر خۆڵی سەر شەقامەکە کپ دەبێ. چ کەسێك لە کۆڵانەکاندا نیە. ئەوەندە گەرمە سەگ سەر لە کون نایەنێتەدەر.

– خالید چۆنە بە پەڕۆکۆنە گرۆڵەیەك دروست بکەینو نەوتی پیا بکەین، هەر کە "خانمۆکێ" (٨) هات ئاگری تێ بەردەینو بیکەینە گیانیا؟

بۆ هەموو کارێك ئامادەم، بەڵام پێدەچێ حەزکەم بپرسم بۆچیو دەپرسم. برایم چاوەکانی بچووك دەکاتەوەو دەڵێ:

– بۆچی؟... چونکە گوناحبارە. چونکە زینا گوناحە. برایم لە من گەورەترە. برایم پتر دەچێتە مزگەوت. پتر گوێ لە وەعز دەگرێو ئەم شتانە لە من باشتر دەزانێ

– زینا؟

– بەڵێ... زینا.

نیگای بانۆ تەواو نارەحەتی کردووم "ئەرێ چۆنە حەقمان بەسەر غولام عەلی خانەوە نەبێ... بێگومان بلورخانیش دەزانێ کە زینا گوناحە... بەڵام خۆ من وەك غولام عەلی خان ژنم نیە... ئەدی بلورخان بۆ؟

"ئەدی ئەو کە مێردی هەیە؟" عەرەبانەکە پەیدا دەبێ.

– برایم چۆنە لای ئێوارە هەموو منداڵەکان کۆ بکەینەوە تا ئەو کاتەی کە خانمۆکێ دەیەوێ بڕوات تێکڕا هۆیهای لێبکەین.؟

عەرەبانەکەی دەگاتە جێ. لەبەر ماڵی غولام عەلی خان دا دەوەستێ. عەرەبانچییەکە هەمان عەرەبانچی پار هاوینە. بەڵام ئەو ژنەی کە دادەبەزێ لەوەی پار کوڵترو قەڵەوترە. ئێژی غولام عەلی خان لە پشت دەرگاکەوە چاوەڕوانە. هەرکە عەرەبانەکە دەوەستێت دەست بە جێ دەرگاکە دەکاتەوەو ژنەکە بە پلەکاندا سەر دەکەوێ. دەرگا دادەخرێو عەرەبانەکە دەڕوات. لە پڕ غافڵگیر دەبین. هێشتا هەر چاوم لە عەرەبانەکەیە کە دەنگی شکانی شووشە دەژنەوم، سەیر دەکەم برایم

خەریکە هەڵدێو دار لاستیکەکەی دەکاتە ملی. دەمویست هەڵێم، غولام عەلی خان تاکێکی پەنجەرەکە –کە شووشەیەکی شکاوە– دەکاتەوەو چەند جنێوێکی مزرو ئاودار هەواڵەی خوشك و دایکم دەکات. پڕ بە دڵ حەز دەکەم بوەستم و جوابی بدەمەوە. بەڵام کە من شووشەکەم نەشکاندووە بۆچی بووەستم و بکەوێتە ئەستۆی من.

تینی گەرما شکاوە. خۆر زەرد بووە. خەریکە لە ستارەی سەربانەکە تێدەپەڕێ.

لەگەڵ برایم و حەسەنۆك و ئومێدا دارلاستیکەکانمان هەڵدەگرین و بەرەو کۆڵان دەکەوینە رێ. گیرفانەکانمان پڕە لە بەردی ساف و رێك. دەبێ تۆڵەی ئەو هەموو جنێوە بەلاشانە لە غولام عەلی خان بکەمەوە. خالق و چینووقیش گازدەکەین. دەموچاوی چینوق یەك پارچە دەمولووتە، چاوو تەوێڵی هەر دیار نین. لە کەلاوەکەی بەرماڵی غولام عەلی خاندا وێستاین، کە حەشارگەیەك بۆ خۆ دیاری بکەین، کاتێ کە دۆستەکەی غولام عەلی خان لە ماڵ هاتە دەرەوە بەرد بارانی بکەین. هێشتا شوێنەکانمان مەعلوم نەبووە کە غولام عەلی خان وەك تیری لە کەوان دەرچوو، لە ماڵ دێتە دەرێ و تا بکەوینە خۆ کە هەڵێین ملی من دەگرێ و دوو زللەی موستەحەقی وام لە بناگوێ دەدات کە ئاگر لە چاوم دەکاتەوە.

– غولام عەلی خان بۆ لێم دەدەی؟

– دایك قەحپەی تیاترۆ، شووشەی پەنجەرەی من دەشکێنێ؟

دەمخاتە ژێر پێ لەقە. منداڵەکان لە پڕ غەیب دەبن. رێی راکردنم نیە، دەنووسێم بەلاقی غولام غەلی خانەوە، پشتم دەگرێ و بەرزم دەکاتەوەو وەك تۆپ بە عاردیمدا دەدا. بە جۆرێ لێم دەدا وەك ئەوەی بە تۆخماخ کۆزەری گەچ بکوتێ یان بە مێکوت چەڵتووك بکوتێ. بێوچانیش جنێو دەدا، مردوو و زیندووم نابوێرێ. حەبیب نانەوا دێت و لە چنگی غولام عەلی خان دەرم دەکات. لەم کاتانەدا دایکم نایەتە دەرێ، بابیشم لە ماڵەوە دادەنیشێت. چاوەڕوانم ئەویش ژەمێکی باشم تێ هەڵبدا. بلورخان دێت و بە خوێن و خوڕەوە دەمباتەوە ماڵ. لووت و لێوو دەم و چەناگەم خڵتانی خوێنە. بەڵام خوا نەکا دڵۆپە فرمێسکێ لە چاوم هاتبێ.

لە قەراخ حەوزەکە دادەنیشم کە خوێنەکان بشۆم. منداڵەکان لە دەورم خڕ دەبنەوە. دایکم لە قەراخ حەوزەکە دەوەستێ و سەیرم دەکا. جەمیلە خۆی بە دایکمەوە نووساندووە. دایکم متەق ناکا. سەیری دەکەم، ئێژی دەیەوێ بگری. گریانم دێ.

– دایکە بە خوا خەتای من نیە، من هیچم نەکردووە.

– ئەدی کێ شووشەی پەنجەرەکەی غولام عەلی خانی شکاندووە.

– من نازانم دایکە.. نازانم کێ شکاندویەتی.

برایم دێتە قسان: کەس نازانێ کێ شووشەی پەنجەرەکەی شکاندوە، بە خۆڕایی خستویەتیە ئەستۆی خالید.

سەیری بریام دەکەم، سەری دادەخات.

چینووق دەڵێ: ئێمە بۆ خۆمان لە کەلاوەکەدا وازیمان دەکرد کە لە پڕ هات و خالیدی گرت و لێی دا.

چاوانی چینووق هەر دیار نین. کە قسان دەکات دەڵێی هەموو دەموچاوی هەر دەمە.

چاوەڕوانم بابم لە ژوورێ ڕا بێتە دەرێو بەر شاپ و زللانم بدا، بەڵام بابم گرفتاری خەتمەیە.

هێشتا زەردەی خۆر ستارەی سەربانی بەجێ نەهێشتووە کە غوڵام عەلی خان لەگەڵ پاسەوانێکا پەیدا دەبێ. ئێژی دەسبەردار نابێ، ئێژی دەیەوێ بەتەواوی چاوترسێنمان بکات. تا عارەبانەکە هەموو ڕۆژێ بە ئاسانی بێتو بڕوات. ڕەنگ لە ڕووی دایکم نامێنێ. هاوسێکان لە دەورمان خڕ دەبنەوە. خوشکەکەم دەکەوێتە گریان.

– غوڵام عەلی خان بی بورە غەڵەتی کردووە.

– غوڵام عەلی خان گەورەیی لە خۆتان دێ

– غوڵام عەلی خان من قەولت دەدەمێ کە ئیدی خالید هەڵەی وا ناکات. ئەوەی کە بیرم لێ نەدەکردەوە، ئەمە بوو کە غوڵام عەلی خان بڕواو بۆ منداڵێکی فیچقەگولە پاسەوان بێنێ.

پاسەوانەکە مەچەکم دەگرێو دەکەوینە ڕێ. فرمێسك بە ڕوومەتی دایکما هاتۆتە خوارێ. بابم وازی لە وێردخوانی هێناوەو لەبەر دەرگاکەدا وێستاوەو سەیر دەکات. بلورخان، برایم دەنێرێ بە دووی کاك ئەماندا. برایم وەکو تیر بۆی دەردەچێ، خواجە تۆفیق تا سەری کۆڵانەکە بە دوامانا دێ. مەهدی بەقاڵ ناوبژی دەکا. حەبیب نانەوا تکا دەکا. بەڵام غوڵام عەلی خان ڕازی نابێو لەکەلی شەیتان نایەتە خوارێ.

لە داڵانی پۆلیسخانەکەدا، عەریفێکی کوڵەبنەی سمێڵ زەردی سەر ڕووتاوە کە قۆپچەی کۆتەکەی کردووەتەوە، لە غوڵام عەلی خان دەپرسێت:

– ئەمەیە؟

– بەڵێ... ئەم قەحپە دایکەیە.

پاسەوانەکە مەچەکم بەر دەدا، عەریفەکە دەڵێ

– وەرە پێشەوە بچکۆل.

– بە خوا من شووشەکەم...

قسەکە لە بینم دەتاسێو گڕ لە چاوم دەبێتەوە. لەگەڵ زللەی عەریفەکەدا دەکەوم. سەرم بە دیواری داڵانەکەدا دەداتو بەرچاوم تاریك دەبێ. دەزانم بابم لە هەموو ژیانیا دوو پێی نەناوەتە پۆلیسخانەو ئێستاش نایەوێ بیبینێ. لەو دەمەدا کە لە پاڵ دیواری داڵانەکەدا دانیشتووم غوڵامی پورە ڕەعنام بیر دەکەوێتەوە کە سەربازە.

پیلم دەگرنو هەڵم دەدەنە نێو حەوشی سەراکەوە. وا دەزانم کە ئەگەر کوڕەکەی پورە ڕەعنا ئاگادار بکەن لە کاك ئەمان چاکترە.

غوڵام عەلی خان دەچێتە ژوورەوە. یەکێك لە پاسەوانەکان چای بۆ دەبات. سەرم قورسە، پەراسووەکانم دەزریکێنن. کەپووم ئاوساوە، پێموایە ددانێکیشم لەق بووە.

لە پاڵ دیوارە بەردینەکەی پۆلیسخانە دادەنیشمو پشتی پێوە دەدەم. پشتم دێشێت، دڵم پڕە قورسە. ئەگەر کەسێك هەبوایە قسەم لەگەڵی کردباو داخی دڵم بۆی هەڵڕشتبا، لەوانە بوو باری سەر شانم سووك با. یەکێ گازم دەکات.

– کاکە.

زۆر بە ئەسپایی گازم دەکات، گوێیەکانم قولاغ دەکەم.

– کاکە لەگەڵ تۆمە.

روو وەردەگێڕم. لە کونی دەرگایەکی یەك لاییەوە کە کەوتووەتە دەستەڕاستەوە، دوو چاو دیارن.

– وەرە پێشەوە... هەستە، بێ لێرە دانیشە.

بیر دەکەمەوە کە دەبێ چ کارێکی بە من هەبێ. دوو دڵم، دیسان دەنگی هەمان پیاوە.

– هەستە وەرە.. تکات لێدەکەم.

هەڵدەستمو دەچمە لای دەرگا یەك لاییەکەیەوە. سێ شەقاوان لە منەوە دوورە.

– دانیشەو پشت بدە بە ئەستوونی کەنار دەرگاکەوە.

دادەنیشمو پشت بە ئەستوونی کەنار دەرگاکەوە دەدەمو ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم. دەنگی پیاوەکە لە پشت دەرگاکەوە دێ. ئێژی دانیشتووەو دەمی ناوە بە درزی میان چوار چێوەکەو دەرگاکەوە.

– گوێ بگرە کاکە... تۆ تەنیا گوێ بگرە.. هیچ قسەیەك مەکە.

گوێم سووك دەبێ، قولاغ دەبم. ئێژی خەمی خۆم فەرامۆش دەکەم.

– گوێ بگرە کاکە... دەزانم تۆ بەر دەبی.. بێگومان بەر دەبی.. کە چوویتە دەرێ، بڕۆ بۆ کتێبخانەی "مجاهد"و بە "شەفەق"ی خاوەن کتێبخانەکە بڵێ کە "پندار"یان گرتووە. گوێت لێ بووە... پندار... کتێبخانەکە لە شەقامی پەهلەوییە. شەفەق پیاوێکی باڵا بەرزە، سمێڵی زلە، چاوەکانی...

لە پڕ دەنگی یەکێك لە پاسەوانەکان لە نێو سەرای پۆلیسخانەکەدا دەنگ دەداتەوە.

– ئەهۆی کوڕە... هەستە وەرە ئەم بەر.

هەڵدەستم بەرەو لای حەوزەکە دەڕۆم. بیری شەفەقو پندار گشت هۆشو بیرمی داگیر کردووە. (دەیویست بڵێ چاوی چ رەنگە؟... باڵا بەرز، سمێڵ زل..) دەمی خۆرئاوا گەلێك خەمناکە. ئێژی خەمی دنیا لەسەر دڵم کەڵەکە دەبێ. خوا دەزانێ هەنووکە دایکم لە چ حاڵو وەزعێکدایە. بێگومان دانیشتووەو هێدی هێدی ئەشك دەڕێژێو متەق ناکا. بێگومان بابم سەری کردۆتە سەریو سەر کۆنەی دەکات کە – تۆ خووی منداڵەکەت شەڕ کردووە. تۆ هێندە شتت بۆ پۆشی ئەوا ئیدی رێی پۆلیسخانەشم بۆ کرایەوە. دایکم هەمدیس دەگری.

ئەمان ئاقا بە سواری پاسکیلەکەیەوە دێت. ئاهێکم پێدا دێتەوە. بەپشتی دەست فرمێسکەکانم دەسڕم. ئەمان ئاقا پاسکیلەکەی بە دیوارەکەوە هەڵ دەپەسێرێو سەیرێکم دەکاتو بەبێ ئەوەی چ قسەیەك بکات دەچێتە ئەو ژوورەوە کە غولام عەلی خانو عەریفەکەی لێ دانیشتوون. وا دەزانم ئەمان ئاقا لەگەڵ غولام عەلی خان دا سووکە دۆستایەتیەکی هەبێ. لە پاڵ دیوارەکە دانیشتوومو ئەژنۆکانم لە باوەش گرتوون. بەمن بێ ئەگەر دەستم بڕوات گەرووی غولام عەلی خان وەکو کرکراگەی گوێچکەی مەڕ داکرمێنم.

تەماشای دەرگا یەك لاییەكە دەكەم.. ئەوجا بیر لە شەفەق دەكەمەوە كە باڵا بەرزە. شەقامی پەهلەوی زۆر لە ماڵی ئێمەوە دوور نییە. تا ئێستا سەد كەرەت پتر بە بەردەم كتێبخانەی "مجاهد"دا تێپەڕیوم. چەند جارێكیش كتێب و دەفتەرم لێ كڕیوە. بەڵام شەفەقم بەو قەدو باڵایەی كە گوتی بە هیچ جۆرێ نایەتەوە یاد. خۆزیا رەنگی چاوەكانیشی گوتبا. بریا پاسەوانەكە چاوی لێ نەدەبوو و دادەنیشتم ، گوێم لە هەموو قسەكانی دەبوو.

ئێستا دنیا تاریك بووە. ئەمان ئاقا گازم دەكا. هەڵدەستم و دەچمە ژوورەوە. ئەمان ئاقا لە بری من پەیمانی داوە كە ئەگەر جارێكی دی لەو ناوانە ببینرێم، یەكسەر جێگام زیندان بێ. غوڵام عەلی خان سەیرم دەكات، چاوەكانی سەوز سەوزن. گرێی بۆینباخەكەی ئەوەندە بە وردی بەستووە هەر بە ئەندازەی نینۆكی پەنجە كەڵەیەكە. ردێنێ وا لوس كردووە كە ناو بە ناو روومەتی سوور دەچێتەوە.

عەریفەكە هەڵدەستێ، نەرمەی گوێم دەگرێ و بای دەداو دەڵێ

– هەمیشە لە بیرت بێ كە لێرەدا چ پەیمانێكت داوە.

زات دەخەمە بەرخۆ.

– باشە، لە بیرمە، بەڵام ئێوەش ئەمە بزانن كە من شووشەكەم نەشكاندووە. چاوە سەوزەكانی غوڵام عەلی خان لەسەر دەموچاوم دەگیرسێنەوە.

***

دایكم لەبەر دەرگای حەوشە چاوەڕوانمە. جەمیلە هێندە گریاوە كە چاوەكانی ئاوساون. دایكم نێوچەوانم ماچ دەكات. خەمی بۆڵەبۆڵ و كوتەكی بابم نامێنێ. لەگەڵ ئەمان ئاقادا دەچمە حەوشەوە. بابم دەستەو ئەژنۆ دانیشتووەو سیغار دەكێشێ. حەسەنۆك و برایم و ئومێد دێن و لە قەراغ حەوزەكەدا دەوێستن و تەماشام دەكەن. چینووق و خالق و چەند منداڵێكی تری گەڕەكیش هاتوون. روخساری بابم هێندە پەستە، دڵم پێی دەسووتێ. ئێژی هەوەڵجارە كە دەبینم لاجانگەكانی تەواو سپی بوون، ئێژی یەكەمین جارە كە دەبینم چاوەكانی بە قووڵاچوون و ئێسقانەكانی گۆنای دەرپەڕیوون و تەوێڵی چرچ و لۆچ بووە.

لە دووری بابمەوە دەوەستم. سەرم دادەخەم. دڵم پڕە، دەنگی بابم دەژنەوم.

– وەرە دانیشە.

دایكم هێشتا هەر سوپاسی ئەمان ئاقا دەكات.

– خوا خێر بێنێتە رێت. خێر لە ژیان ببینی. ئەگەر فریامان نەكەوتبای كێ دەزانێ چ بەڵایەك بەسەر كوڕەكەم دەهات.

دیسان دەنگی بابمە، دەنگی گیراوو پەستە.

– گوتم وەرە دانیشە.

شەرمی لێدەكەم، پڕ بە دڵ حەز دەكەم هەستێ و بەر زللەو شاپانم بدات، كە بەو جۆرە دەمدوێنێ لە خەجاڵەتی دا دەبمە ئاو. ئەگەر دارکاریم بكا دڵم دادەكەوێ. تەنانەت ئەگەر تاقە زللەیەكیش بێت.

دادەنیشم. دنیا تەواو تاریك بووە. کۆترەکان لەسەر بانەکە هەڵ نیشتوونو لە گمەگم کەوتوون. سەرم مەنگە. لە پڕ دەکەومە بیری پندارەوە، ئەوجا دەکەومە بیری شەفەقەوە. دیارە پندار دەیەوێ کە شەفەق یارمەتی بدات. دەیەوێ شەفەق بکەوێتە سەر دەستو پێیان تا ئاشنایە، کەسێ پەیدا بکاو بڕوا بۆ پۆلیسخانەو لە بری ئەو قەول بدا کە... "شەفەق پیاوێکی باڵا بەرزە، سمێڵی زلە، چاوەکانی..." بریا پاسەوانەکە چاوی لێنەدەبوو و دادەنیشتم. خۆزیا دەمزانی بۆ پنداریان حەپس کردووە. خۆزگە پاسەوانەکە مۆڵەتی دەدام کە پرسیاری لێبکەم تا باش حاڵی بووایەم.

دەنگی دایکم بەرز دەبێتەوە.

– دەی منداڵینە، بڕۆن بە شوێن کاری خۆتانەوە.

منداڵەکان دەکشێنەوە. بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق بە نێو حەوشەکەدا بڵاوبووەتەوە. رەحیم وڵاخدار بە وڵاخەکانییەوە دێتەوە. هاپۆ بەندەر بەر لە من هاتۆتەوە. خەریکە دەستنوێژ هەڵدەگرێ. چ کارێکی نیە جگە لەوەی کە بەیانیان بکەوێتە رێو کۆڵانەکانی سەرووی شار بماڵێ، زڕو زبڵ کۆ بکاتەوەو بیهێنێو بیڕێژێتە کەلاوەکەی پشت دوکانەکەی حەبیب نانەواوەو نیوەڕۆ بێتەوەو نانەکەی بخواتو نوێژەکەی بکاو عەسریش بە هەمان شێوە تێ هەڵچێتەوە.

– ئاخر بە چ حیسابێ شووشەی ماڵی خەڵکت شکاند،؟

بابمە کە دەپرسێ، دایکم وەڵامی دەداتەوە.

– تازە لە دووی چووان مەچوو.

– بەڵام من نەمشکاندووە.

دایکم دەست بەسەر لووتما دێنێ کە پەنماوە.

– خوا کوێری بکات، سەیرکە چی بەسەر کوڕەکەمدا هێناوە.

– ئاخر ئافرەت، ئێمە دەرەقەتی پیاوی دەوڵەت دێین؟

ئەژنۆکانم گرتونەتە باوەشو سەیری ژنەکەی محەمەد میکانیك دەکەم کە خەریکە لەبەر ژوورەکەیان جێگا رادەخا. چاوانی ژنەکەی محەمەد میکانیك لە چاوی مامز دەچن. رەنگی روخساری وەکو مانگەشەوە. ژنەکەی محەمەد میکانیك ئەوەندە کەم دوو و لاتەریکە هەر دەڵێی لە حەوشەیدا نیە. بانۆ دیسان لە دوورەوە چاوی بڕیوەتە من. لەبەردەم لامپاکەدا دانیشتووەو راست سەیرم دەکات. خواجە تۆفیق وافوورەکەی لەپاڵ مەقەڵییەکەدا داناوەو وەنەوزدەدا کاتێ کە خەیاڵ بێوخۆی تەنیا بێ چاوەکانی دەنیشنە سەریەکو دەکەوێتە خەوە کوتکێ. لە کاتی سەرخۆشیدا هەروایە. تەنیا جیاوازییەکەی ئەمەیە، کە لە کاتی سەرخۆشیدا ئاو بە لووتیا دێتە خوارەوە. خوانەکا خواجە تۆفیق خەیاڵ بێو یەکێ لە تەنیشتیا دانیشتبێ و بکەوێتە قسان، خوا نەکا محەمەد میکانیك بەرانبەری دانیشتبێ. تەواو بە یەکا هەڵدەشاخێن.

– دەتەوێ چ بڵێی مام پیاو؟ لەوەتەی دنیا دنیایە هەروا بووە. کاری خواش بێ حیکمەت نیە. دەبێ ئاغا ئاغا بێو نۆکەریش نۆکەر.. ئەگەر وا نەبێ کاری ژیان ناچێتە پێشەوە. ئەگەر هەموو

خەڵکی دنیا ئاغا بن، ئەدی کێ ئیش بکات.؟... کێ حەماڵی بکات؟ کێ نانەوایی بکا تا من و تۆ بیخۆین؟...

بەڵام محەمەد میکانیکیش چاك دەرەقەتی دێ. بە تەواوی هەقی خۆی دەداتێ.

– باشە ئیدی، ئەمانە فەرمایشتی پەنای مەقەڵییە.. کەسێ کە رۆژی ٢–٣ میسقاڵ تلیاك فت بکا، دەبێ هەروا بیر بکاتەوە.

محەمەد میکانیك بێ پەردە قسان دەکات.

– دوعای خێر بۆ ئافاق خان بکە کە ئەم بەزمەت بۆ دابین دەکات تا بە خەیاڵی ئاسوودەوە دانیشیت و ئاسمان و رێسمان لێکبدەی.

نیگا دەبڕمە نیگای بانۆ. بابم خەریکە سیغار دەپێچێتەوە. دەستەکانی چەند زبر زەلامن. ئێژی ئەوەڵجارە کە دەبینم دەستەکانی بابم ئەوەندە زل و زبرو قڵیشاون.

بابم سیغارەکەی دادەگیرسێنێ و هەڵدەستێ و دەچێتە ژوورەوە.. بلورخان عەباکەی دەدا بەسەراو بەرەو لای من دێ. (... بڕۆ بۆ کتێبخانەی مجاهد... بە شەفەق بڵێ کە پنداریان گرتووە.. گوێت لێبوو؟.. پندار..)

سەدای دڵگیری پندار گوێی پڕ کردووم.

– خالید، خۆ تۆ ئاقڵ بوویت.

بلورخان بە دیار سەرمەوە وێستاوە. دایکم خەریکە پەرێمزەکە پێدەکا.

دیسان پیازاومان هەیە بۆ ئێوارە. تەماشای بلورخان دەکەم.

– ئاخر بۆ چوویتە سەر غوڵام علی خان؟

چوونە سەر؟... ئێژی غوڵام عەلی خان لە پۆلیسخانەدا هەندێ شتی بە ئەمان ئاقا گوتووەو ئەما ئاقاش بە بلورخانی گوتووە.

– من نەچوومەتە سەر کەس و کەسم زەحمەت نەداوە.

دادەنەوێتەوەو پەرداغێ شەربەتم بۆ دادەنێ.

– بخۆ خالید، شەربەتی چاکە، بۆ ترس دەرچوون باشە.

ئەمان ئاقا لە قەراغی حەوزەکە دانیشتووەو قۆڵی تا ئانیشکی هەڵکردووەو دەستو دەموچاوی دەشوا. شەرمەکەم سەیری بکەم. بیر دەکەمەوە، کە ئەگەر کەسێ هەقی هەبێ بەو چەشنە دارکاریم بکات، ئەوا ئەو کەسە ئەمان ئاقایە، نەك غوڵام عەلی خان... (شەفەق پیاوێکی باڵابەرزە.. باڵا بەرز... باڵا بەرز...) دەنگی پندارە، ئەو پندارەی کە تەنیا چاوەکانیم بینی. دڵم سەغڵەت دەبێ. شەربەتەکە هەڵدەگرم کە بیخۆمەوە. بلورخان دەڕوا. بانۆ خراپ سەیری بلورخان دەکا. ئومێد لە بەردەم ژوورەکەی خۆیان دانیشتووە. حەسەنۆك و برایم لە تەك دایکیانا دانیشتون کە رەنگە ئەمڕۆ یا سبەی بمرێ. سەنەم کردویەتێ بە چەرە دووکەڵ. دانەویوەتەوەو فوو لە ئاگری ژێر مەنجەڵەکە دەکات. بە دەوراودەوری حەسارەکەدا لامپاو فانوس هەڵواسراون و تیشکە کزەکانیان نێو حەوشەو دیوارە گڵەکان روونا‌ك دەکەنەوە. (...سمێڵێکی گەورەی هەیە..) دایکی حەسەنۆك نالەونك دەکا. دووکەڵ دەچێتە قورگی سەنەمەو کۆکەی پێ دەکەوێ.

((سمێڵێکی گەورەی هەیە... سمێڵێکی گەورەی هەیە... سمێڵێکی گەورەی هەیە...)) پندار دەست بەردارم نابێ... دڵم قوڵب دەدا.

دایکم دەچێتە ژوورەوە. پەرێمزەکە دەنەرێنێ. پەرداخی شەربەتەکە دەدەمە دەست جەمیلەو وەکو تێسکەی تفەنگ لە حەوشە دەردەپەڕم.

شەقامی حکومەتییان تازە قیرتاو کردووە. هێشتا نیوەی زیاتر تەنیا بەرد ڕێژە. گشت گڵۆپەکانی شەقامی حکومەتی هەڵبوون. زۆر جیاوازە لە شەقامەکەی بەرماڵی ئێمە. تا ئەژنۆ خاك و خۆڵە. کە باران ببارێ، قوڕاو و چڵپاوی دەگاتە ئەژنۆ. قەت نەم دیتوە هەموو گڵۆپەکانی هەڵبوبن. یەك نەفەس غار دەدەم.بە بەر تەلارە بەردین و گەورە حکومەتیەکەدا ڕەت دەبم. پاسەوانێکی کەڵەگەتی چوار شانە لەبەر دەرگای تەلارەکەدا وێستاوە. حەز ناکەم سەیری بکەم جاران دەوەستام و سەیرم دەکرد. دەوێستام و لە دەروازە گەورەکەی تەلارەکەوە، تەماشای درەختەکانی نێو حەوشەکەیم دەکرد.

خالید با بڕۆین.

– کەمێ سەبر بکە با سەیری نێو تەلارەکە بکەین. دەڵێی بەهەشتە، بنیادەم هەر حەز دەکا سەیری بکا. بزانە چ درەخت گەلێکی جوانی تێدایە.

ڕێزێ دار بی، درەختی نزم، دار خورمای بەرزو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ.

– با بڕۆین.

– برایم تۆ حەزدەکەی کە لە جێی ئەم پاسەوانە بی؟

ئێستا حەز ناکەم تەماشای نێو تەلارەکە بکەم. حەز ناکەم سەیری پاسەوانەکەش بکەم. بە غاردان تا کتێبخانەی مجاهد دەڕۆم. چەند مشتەرییەك لەبەر دوکانەکە وەستاون. نێو دوکانەکە زۆر ڕووناکە. پیاوێکی ڕەشتاڵە لە نێو دوکانەکەداو لەسەر کورسیەك دانیشتووە. کابرای ڕەشتاڵە بەدەم جگەرە کێشانەوە خەریکی خوێندنەوەیە ، سمێڵی زلە، بەڵام دانیشتووە، مەعلوم نیە کە باڵای بەرزە یان کوڵە. کوریژگەیەکی لاواز خەریکی بەرێکردنی مشتەرییەکانە. لەوانەیە هەر هاوتەمەنی من بێ. ئەگەر گەورەتریش بێ ئەوا هەر ساڵێك لە من گەورە ترە. یەعنی مەحاڵە لە شانزە ساڵ پتر بێ. (ئەدی شەفەق؟) لەبەر دوکانەدا خۆ دەخڵافێنم، شانم بەر شانی چەند ڕێبوارێ دەکەوێ و گوێی نادەمێ. دڵم دەگوشرێ (... کتێبخانەی مجاهد، لە شەقامی پەهلەوییە.. شەفەق پیاوێکی باڵا بەرزە... سمێڵی زلە..) لە پڕ لە پشت دوکانەکەوە دێتە دەرێ... خۆیەتی، بێگومان خۆیەتی، باڵا بەرز،سمێڵی لێوەکانی داپۆشیوە، کوڵمەکانی بەرز و زەق، چاوەکانی درشت و ڕەش، کەمێ ئەسمەریشە، لەگەڵ یەکەم نیگادا بنیادەم ڕادەکێشێت. کتێبێکی چکۆلەی بەدەستەوەیە کە هەر بە ئەندازەی نێولەپێ دەبێ. ناوی کتێبەکە بەخەتی سوور نووسراوە، کتێبەکە دەداتە دەست ئەو کابرا ڕەشتاڵەیەی کە لەسەر کورسیەکە دانیشتووەو جگەرە دەکێشێتت. کابرا کتێبەکە وەردەگرێ و دەیخاتە توێی ڕۆژنامەیەکی تەك خۆیەوە، کە لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکە دانراوە.

قیروسیا دەکەم، خۆم بارێك دەکەمەوەو بە کەنار موشتەرییەکاندا خۆم بە دوکانەکەدا دەکەم. فرۆشیارە لاوە سپیکەلەکە، ریم لێدەگرێو دەڵێ.

– ئەگەر کتێبت دەوێ، لە دەرەوە بووەستە.

– کتێبم ناوێ.

– ئەی؟

– کارم بە کاك شەفەق هەیە.

چاوە درشتەکانی شەفەق بە پەلە لە نێو کاسەی چاویا دەگەڕێو لە سەر سیمام دەگیرسێتەوە. چاوانی کابرای رەشتاڵەش بە هەمانجۆر. کتێبەکەش دادەخاتو جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە. ئێژی حەپەساون. منیش دەحەپەسێم. هێشتا هەر سەیرم دەکەن. هەرسێکمان بێدەنگ بووین. پێدەچێ موشتەرییەکانیش هەستیان کردبێ. فرۆشیارەکەش دەستی سارد بووەتەوە. خۆ من قسەیەکی خراپم نەکرد . شتێکم نەگوت کە بەمجۆرە هەموو بێدەنگ بنو بەسەر سامی سەیرم بکەن. دەنگی شەفەق حەپەسانو بێدەنگییەکە دەڕەوێنێتەوە. دەنگی بتەوو دڵگیرە.

– پەیمان موشتەرییەکان بەڕێبکە.

لاوە سپیکەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ لای موشتەرییەکان.

– وەرە پێشەوە.

لەگەڵ منیەتی، بە منیەتی. ئێژی بەم چەند ساتە کەمە هۆگری بووم . ئێژی لە ماوەی ئەو چەند ساتە بێدەنگیەدا قسەی دنیامان پێکەوە کردووە. زۆر بە هێمنیو لەسەرخۆ دەچمە پێشەوە. باسکم دەگرێ. بۆ ساتێ دەلەرزم. تا کەنار ئەو دەرگای یەکلاییەی کە دووکانەکە لە گەنجینەکە جوێ دەکاتەوە لەگەڵیا دەڕۆم. بە هێمنی دەپرسێ.

– گوتت کارت بە کێ هەیە؟

سەر بەرز دەکەمەوە، وەك بڵێی نەتوانم سەیری چاوەکانی بکەم.

– بە کاك شەفەق.

راستەو راست سەیرم دەکات.

– باشە من شەفەقم.

دەنگم دەلەرزێت: دەزانم.

سەرسام دەبێ: دەزانی؟

بە پەلە وەڵام دەدەمەوە: بەڵێ دەزانم.

– چۆن دەزانی؟ ... بە تایبەتی لەوەو پێش نەت ناسیوم.

قسەکان لە بینم گیردەبن. گەروم وشك بووە.

– کاك پندار نیشانەکانتی بۆ هەڵدام.

دیسان نیگاکانی حاڵەتی یەکەمجار دەگرنە خۆ. حاڵەتی ئەو ساتەی کە بێ چ پێشەکیەك گوتم "کارم بە کاك شەفەق هەیە" نیگای کابرا رەشتاڵەکەی سەر کورسیەکەش هەمان حاڵەتی پێشوو بە خۆوە دەگرن. دەڵێی سەرم لێشێواوە. پڕ بە دڵ حەزدەکەم لەنیگاکان هەڵێم. لە دوکانەکە بێمە

دەرێو ڕابکەم. شەفەق، باسکی گرتووم. دەنگی بەسەرسامی لە گوێمدا دەگیرسێتەوە. دەڵێی لە قۆناغێکی دوورەوە دێت‌و ئارامیم پێدەبەخشێت.

– پندار؟

– بەڵێ، کاك پندار.

– تۆ، ئەوت لە کوێ بینی؟

– لە پۆلیسخانە.

بە چاوی خۆم دەبینم کە رەنگی سپی دەبێ، لێوەکانی لێك دەنێ. دەڕوانێتە کابرای رەشتاڵە. کابرای رەشتاڵە جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێ. جگەرەیەکیش دەداتە شەفەق. دیسان بێدەنگییە. ئێستا حەز بە هەڵاتن ناکەم. هەستدەکەم کە خەریکە یارمەتی دەدەم. بەڵام سەر دەرناکەم. قسان دەکەم.

– پێموایە پندار پێویستی بە یارمەتی ئێوەیە.

کابرای رەشتاڵە مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەداو دەپرسێ.

– پندار چۆن زەلامێکە؟

زۆر بە ئاسودەییەوە وەڵامی دەدەمەوە

– من، ئەوم نەدیتووە.

– نەت دیوە؟

– نەخێر، خۆیم نەبینی. تەنیا چاوەکانیم بینی. لەو کونە بازنەییەوە. کونە بازنەییەکەی دەرگا یەك لاییەکەی ناو پۆلیسخانە دەڵێم.

شەفەق دەپرسێت: چی پێگوتیت؟

– گوتی کە بێم پێت بڵێم گرتوویانە. گوتی شەفەق پیاوێکی باڵابەرزی سمێڵ زلە. دیارە دەبێ پێویستی بە کۆمەکی تۆ هەبێ. دەبێ بڕۆی کارێکی وا بکەی کە ئازاد بێ.

ئەمجا پیاوە رەشتاڵەکە پرسیار دەکات. هێدی و هێمن دەپرسێت.

– تۆ لەوێ چیت دەکرد؟

هەموو شتێکیان لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە. شەفەق بە ئاسپایی دەست لە لووتم دەدا.

– پیس ئاوساوە.

کابرای رەشتاڵە لەسەر کورسیەکە هەڵدەستێ‌و کتێبەکە دادەنێ.

– باشە.

شەفەق دەست دەخاتە سەرشانم

– زۆر مەمنوتم، دەچین و کارێکی بۆ دەکەین. دڵنیابە.

تەکان دەدەم کە لە کتێبخانەکە بچمە دەرێ. شەفەق دەستم دەگرێ.

– نەتگوت ناوت چیە؟

– خالید.

– ماڵتان لە کوێیە؟

– لە خوار شەقامی، حکومەتییەوەیە. لەو شوێنەدا کە قیرتاوەکە تەواو دەبێ.

– ئەگەر دەرفەتت بوو. سەرمان لێبدەوە. زۆر خۆشحاڵ دەبم. و دەستم لە نێو پەنجە گەورەکانیدا دەگوشێت.

***

هاوین دووا رۆژەکانی بەرێ دەکات. تەپوتۆز حەشر دەکات. هەموو رۆژێ گەردەلوولە. خەتمەکەی بابم تەواو بوو. بەڵام کاروکاسبییەکەی هەروەکو جارانە. بەیانی دەچێ بۆ دوکان. زۆر بفرۆشێت چوار مێخ زنجیر دەفرۆشێت. زۆر کاربکات، دوو تەشوێ دەمەزەرد دەکاتەوە. بابم هێشتا لەو باوەڕەدایە کە گەلێ کار بە کتێبی اسرار قاسمی دێتە کرن. بە هیچ جۆرێ ناچێتە ژێرباری قسەکانی محەمەد میکانیك.

– گشت ئامۆژگاریو یاساکانی ئەم کتێبە جەربێنراوە. بەڵام کە دەبینی چ کاریگەریەکی نیە. ئەوا لەبەر ئەمەیە کە هیچ شتێکی ئێمە شەرعی نیە، نە جلوبەرگمان، نە خواردنمان و نە هیچ شتێکمان.

– بەڕاستی ئافەرین.. وازت لە کاروکاسبی هێناوەو چوویتەتە خەڵوەتەوە تا موجیزەت بۆ بێتە خوارەوە.

بابم رووی گرژ دەکاتو رووی وەردەگێڕێت. محەمەد میکانیك دەسبەرداری باوەڕی خۆی نیە.

– نا، بەڕاستی؟. چل دانە رۆژ لەو ژوورەدا دانیشتیتو بێوچان وێردت خوێند، چیت بە چی کرد؟

بابم دەهری دەبێ، دەنگی دەلەرزێ.

– چل رۆژ جێی خۆی هەیە، کە سەیری فەسالی تۆ دەکەم، عیبادەتی چل ساڵم بە فیڕۆ دەچێ.

هاوین دووا رۆژەکانی بەرێ دەکات. ئێواران تەپوتۆز دەنیشێتەوەو – ئاسمان سوور دەبێ.

هێشتا لە حەوشەدا دادەنیشینو شەوان لە دەرەوە دەنوین. هاجەر منداڵەکەی لەسەر چاڵەکەی قەراخ حەوزەکە ناوەتە سەر پێ. منداڵەکەی هاجەر دەگری. تازە خۆر ئاوا بووەو دنیا کەمێك تاریك بووە. کۆترەکان لەسەر گوێسەبانەکە هەڵنیشتوون. پێرێ شەو کۆترە قاوەییەکەم گرتو باڵیم کردو خستمە ژووری کۆترەکانەوە. نێرە خانی بە دەوروبەریا دێ. پێموایە پێکەوە جووت بن. خواجە تۆفیق لە قەراغ حەوزەکە چینچکی داوەو خەریکە خەڵووزەکەی باوەشێن دەکات.

ئافاق، تاس کەبابی ناوەتە سەر. بۆنی خۆشی گۆشت هەموو حەوشەکەی پڕکردووە. بانۆ خەریکە بەر ژوورەکەیان دەماڵێ تا جێگا رابخات.

– فلانی، باش لەگەڵ بلورخاندا دەستت تێکەڵ کردووە.

سوور دەبمەوە.

– دەستت تێکەڵ کردووە چییە بانۆ؟

بانۆ، لە هەر شوێنی بمگاتێ باسی بلورخان دەکات. پێموایە پێی زانیوین. لەوساوە کە خۆ رووت ناکەمەوەو لەگەڵیا ناچمە حەوزەکەوەو لە ئامێزی ناگرم، خەراپ سەیرم دەکات. قسەکردنیشی گۆڕاوە.

– مەعلومە یانی چی.. قنگە زلەکەی بلورخان بە تەواوی دڵت دادەمرکێنێ.

بلورخان لە موبەقە. وابزانم دەیەوێ شفتە دروست بکات. دایکم دیسان خەیاڵی شۆربای هەیە. هاجەر سمتە زلەکەی بادەداو دەچێتە ژوورەوەو منداڵەکەی لەسەر زەوی دادەنێو تیکە نانێکی دەداتە دەست. ئەوجا گلیمەکە دێنێو دەی تەکێنێو لە بەردەم ژوورەکەیان رای دەخات. بابم لەبەر ژوورەکەی خۆیا دانیشتووە، لامپاکەی داناوەو لەسەر هەر دوو ئەژنۆ بەسەر کتێبی اسرار قاسمییەکەیدا نوشتاوەتەوە. کتێبەکە ناخوێنێتەوە، تەنیا پەڕەکانی هەڵدەداتەوەو پەیتا پەیتا جگەرە دەکێشێت.

رەحیم وڵاخدار خەریکە وڵاخەکانی قەشاویش دەکات. وڵاخەکانی پڕمە پڕم دەکەن .دەنگی سیسرکو زیکە زیك حەوشەکەی پڕکردووە. منداڵەکەی هاجەر لە نەڕە نەڕ کەوتووە. دایکی حەسەنۆك لەبەردەم ژوورەکەیانا درێژ بووەو دەناڵێنێ. بنیادەم لە قسەکانی حاڵی نابێو هەندێ جار وڕینەش دەکات. هاپۆ بەندەر تازە فانۆسەکەی داگیرساندووەو لەبەردەم ژوورەکەیا داینـاوە. هاپۆ بەندەر دەچێتە دەرێ. پێموایە چوو شیر برنج بکرێ.

دەرگای ژووری کۆترەکان دادەخەمو دەچم لە کن بابم دادەنیشم. دەوروبەری قالیچەکە پڕ بووە لە قونکە جگەرە. یەکێك لە دەرگای حەوشەوە دێتە ژوورەوە. کە دێتە پێشەوەو تیشکی فانوسەکەی هاپۆ بەندەر لە روخساری دەدا، دەیناسمەوە، ناسردوانییە، چەناگەپان، نێو چەوان تەخت، لووت زلو قەلەنگی، سەندوقێکی تەختەی زل شانی داچەکاندووە. هاجەر غافڵکیر دەبێ. منداڵە جیقنەکەی دێنێتە دەرێو لەسەر گڵێمەکە دای دەنێو بە گورجی بەرەو پیری ناسر دوانی دەچێتو سەندوقەکەی لێوەردەگرێ.

– بەخێر بێیتەوە... ئەدی بۆ جوابت نەنارد کە دییتەوە؟

ناسر دوانی منداڵە جیقنەکەی لەسەر گڵێمەکە هەڵدەگرێ، ماچی دەکاو دەیگوشێ بە سینگیەوە. رەنگی ناسر دووانی رەش هەڵگەڕاوە. ئێژی مسی تواوەیە. روومەتەکانی چاڵ بوون. ئێژی لاواز بووە.

منداڵەکە چنگ دەخاتە قژ زەردەکەی بابی. هاجەر پەلەپەلی پێکەوتووە بە دەوری خۆیا دەخولێتەوە. پرچە لوولەکەی کە بەسەر شانوملیا رژاوە کۆ دەکاتەوە. دەچێتە ژوورەوە. پەرێمزەکە دێنێ لەسەر ئەرزەکە دای دەنێو دای دەگیرێنێ.

– ئێ باشە بەلای کەمەوە ئاگادارت دەکردمەوە کە شیو دروست بکەم.

– برسیم نیە، لە چاخانەکەی (دارخوین) دوو شیش کەبام خوارد.

ناسر دوانی منداڵەکە دادەنێ، زیڕەی لێ هەڵدەستێ. هاجەر ژیری دەکاتەوە. هاوسێکان لە دەوری ناسر دوانی خڕدەبنەوە.

– هاجەر، چاوت رۆن.

– چاو و دڵت روون خوشکێ.

هاجەر دەچێتە سەر حەوزەکە، کترییەکە لە بۆری یەکە پڕدەکاتو دەیخاتە سەر پەرێمزەکە.

– وەستا ناسر سەفەر سەلامەت

– سەلامت بێ هاپۆ بەندەر

هاپۆ بەندەر لەسەر پاشۆری حەوزەکە دانیشتووە کە دەستنوێژ هەڵگرێ.

بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق بلاودەبێتەوە.

– ماندوو نەبی وەستا ناسر.

– زۆر سوپاس، خواجە تۆفیق.

هاجەر پەرێمزەکە پەمپ دەدات.

– هاجەر چاو ودڵت رۆشن.

– لە رۆشناییا بی بلورخان.

نافەکی پانتۆڵەکەی ناسر دوانی لە ئارەقەدا رەق بوو.

بابم سەر لەسەر کتێبەکەی هەڵدەبڕێ و لە ناسر دوانی دەپرسێ.

– بەچی هاتییەوە وەستا ناسر؟

ناسر دوانی پانتۆڵەکەی دادەکەنێ و وەڵامی بابم دەداتەوە.

– تا گوسبە (١٠) بە بەلم هاتین، ئەوجا تا خوسرەو ئاوا بەپێ و دوای ئەوە بە ئۆتۆمبێل.

بابم جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و هەڵدەستێ، کلاشە قورسەکانی دەکاتە سەر پێ و بە خشە خش دەچێ بۆ لای ناسر دوانی.

– خەتەرێ، شتێ؟

– نە شوکر!

شانەکانی بابم دا تەکیون.

– بیستم کە حەوت –هەشت رۆژ لەمە پێش بەلەمێك غەرق بووە، ڕاستە؟

– منیش بیستم.

نەفەسێك لە جگەرەکەی دەداو دیسان دەپرسێ.

– دەڵێن دوو سەد کەسی تێدا بووە، وایە؟

ناسر دوانی بە کورتی وەڵام دەداتەوە. ئێژی حەوسەڵەی قسە کردنی نیە. ئێژی ماندووە، پانتۆڵەکەی قەد دەکا و لەسەر گڵێمەکە دایدەنێ. ئەوجا دەچێتە سەر حەوزەکە. قۆڵەکانی تا ئانیشك هەڵدەکات و دەست و دەمو چاوی دەشوا.

بابم دەگەڕێتەوە. لەبەر لامپاکەدا دادەنیشێت و قونکە جگەرەکەی لەسەر زەوییەکە دەکوژێنێتەوە.

تا ئاوەکە دێتە کوڵ، هاجەر دەچێتە ژوورەوە.

ناسر دوانی دەچێتە ژوورەوە وبە خاولییەکەوە دەگەڕێتەوە. دەست و دەمو چاوی وشك دەکاتەوەو خاولیەکە دەدا بەسەر ملیا.

دایکم چای بۆ بام دادەنێ. بابم خەریکی بیرکردنەوەیە، هۆشی لای پیاڵە چایەکە نیە. یاری بە پەڕەکانی کتێبی (اسرار قاسمی) دەکات. جەمیلە لەتێ نانی لوول کردووەو قەپی لێدەدا. چای شیرین بەسەر پاروو نانەکەدا دەکات. خەو چاوی جەمیلەی داگرتووە. دایکم خەریکی

شۆرباکەیە. هاجەر لە ژوورەوە دێتە دەرێ. کراسێکی چیتی تەخت حەڵوایی، گوڵ وردی ئەرخەوانی، لەبەر کردووە. تا ئێستا ئەم کراسەم لەبەر هاجەر نەبینی بوو. ناسر دوانی منداڵەکەی ناوەتە سەر کۆشی و قسەی لەگەڵ دەکات.هاجەر خەریکە بەسەری پەنجەکانی، لۆچەکانی ژێر مەمکی ساف دەکات. ناسر دوانی چاوی بڕیوەتە سمتی قەڵەو قەبەی هاجەر کە لە نێو کراسەکەیدا چەسپ بووە، وکە دەڕوات بەڕێوە دەلەرێتەوە.

دیسان دەنگی بابمە.

– وەستا ناسر، کاروبار لە کوێت چۆنە؟... یانی کە ... کاری ئاسنگەری دەڵێم.

– باشە، بەڵام زۆر گەرمە ، مەبەستم دنیایە.

پیاڵە چایەکەی بەردەم بابم سارد بووەتەوە.

بابم دەپرسێ: یانی لێرە گەرمترە؟

– ئێرە؟... ئێرە بەهەشتە، بەهەشتی بەرین.

هاوین دووا رۆژەکانی بەرێدەکات. کە رۆژ ئاوا دەبێ تەشقی گەرما دەشکێ. بای شەماڵ جێ بەگڕەو بای شەرجی لەق دەکات. ئەو نەرمە بایەی کە لەسەر کارونەوە دێ فێنکی لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

خواجە تۆفیق چۆتە ژێری. خەریکە فوو بە وافورەکەیدا دەکا. رەحیم وڵاخدار لە تەنیشت ژنەکەیەوە دانیشتووە. بلورخان خەریکە قاپە تایبەتیەکەی ئەمان ئاقا دەڕازێنێتەوە. بانۆ خەواڵووە. هاپۆ بەندەر نوێژی دابەستووە. سەنەم لەبەردەم ژوورەکەدا دانیشتووەو خەریکە درومان دەکات. پانتۆڵەکانی کەرەم عەلی هەمیشە لەسەر ئەژنۆوە دەدرێن.

– نازانم خوشکێ، ئەژنۆکانی ئەم مردوو مراوە ئێژی ددانیان هەیە.

ئافاق شانی داداوەتەوە سەر سەرینەکەو جگەرە دەکێشێت. تا ئێستا نەمبینی بوو کە ئافاق جگەر بکێشێت. دوکەڵەکە ناشیانە پەرت دەکاتو بەسەر خواجە تۆفیق دا دەبۆڵێنێ.

– ئیدی بە تەواوی کونجی ماڵەوەت گرتووە.

خواجە تۆفیق وافورەکەی داناوە تا گەرم بێ. سەری داخستووەو لوولەی تلیاك ورد دەکات.

– جاران، جار جارێ دەچوویتە بازاڕو دوو مامەڵەت دەکردو چوار عانەیەکت پەیدا دەکرد... خواجە تۆفیق کەپووی دەخورێنێ.

– .... بەناخێری گیانم، پیاوم هەیە

خواجە تۆفیق جگەرەیەك دادەگیرسێنێو فزە ناکات.

ناسر دوانی لە پڕ منداڵەکە لەسەر باوەشی لا دەباتو دای دەنێتە سەر زەویو هەڵدەستێو دەچێتە ژوورەوە.

بابم هێشتا چایەکەی نەخواردۆتەوە. دەنگی دایکمە.

– چایەکەت سارد بۆوە.

بابم کتێبی (اسرار قاسم)ییەکەی رادەکێشێتە پێشترەوە. بەسەر کتێبەکەدا دادەنەوێتەوەو پەڕان هەڵدەداتەوە. لەسەر هەندێ لاپەڕە هەڵوەستەیەك دەکا. سەیرێکی دەکاو پەڕەیەکی دی

هەڵدەداتـەوە. ناسـر دوانـی لـە ژوورەوە دێتـە دەرەوە. رادێویـەکی پـاتری داری بەدەسـتەوەیە. دادەنیشـێو میلەکـەی بـادەدا. لـە پـڕ دەنگـی رادێوکـە بـەرز دەبێتـەوە: ***"بورجی زوڵفـی کەچت قەرینی مانگە. تا مانگ لە بورجا بێ هەر ئەمە پیشەمانە"*** بـابم سـەر لەسـەر کتـێبی (اسـرار قاسمی)یەکەی هەڵدەبڕێ. تەماشای ناسر دوانی دەکا. کتێبەکە دادەخات و دەینێتە لاوەو پشت بە دیوارەکەوە دەا.

دەستی بابم بۆ قوتووی جگەرەکەی دەگەڕێ.

***

شەفەق دەڵێ: پندار زۆرت لێ مەمنوونە.

ئەوجا دەڵێ: هەڵبەتە هێشتا هەر گیراوە.

– گیراوە؟

– بردیان بۆ زیندان.

حەزدەکەم بزانم بۆ ، بەڵام هەموو قسەکانی بازدانە. هیچ لە قسەکانی هەڵناکڕێنم.

– باشە، رۆژنامەیان پێگرتووە. چۆنی بڵێم؟... خۆ بە خۆڕایی نەیان گرتووە.

– بەڵام رۆژنامە چ قەیدییە.

مۆڵەتم نادا.

– بەڵێ... باشە..

کە قسان دەکا چاو دەبڕێتە ناو چاوی بنیادەم. کەیفم بە ئاوازی دەنگی دێ. هێندە جوان‌و هێمن‌و هێواش دەپەیڤێ کە ئەگەر قسەی بێ سەروبەریش بکا، دەچێتە دڵی بنیادەمەوە، لێم دەپرسێت.

– خوێندەواریت هەیە؟

– تا پۆلی چوارم خوێندووە.

پێی دەڵێم کە بۆ.

– بابت چ کارەیە؟

کارەکەی بابمی پێی دەڵێم.دەست دەخاتە سەر شانم.

– ئەگەر هەندێجار تاقەتی کتێب خوێندنەوەت بوو، سەرم لێبدە.کتێبی چیرۆکی جوانم لایە.

رەفەکانی دوکانەکەی شەفەق پڕن لە کتێب‌و ئەمە هەر هیچ نیە. گەنجینەکەی پشتەوەی دوکانەکەش یەك پارچە کتێبە.

شەفەق رۆژنامە دەفرۆشێت. جارەکەی پێشوو کە چووم بیبینم بەمەم زانی. بەڵام وەك بڵێی ئەو رۆژنامانەی ئەو دەیانفرۆشێ جیاوازن لە رۆژنامەکانی دی. تازە بۆم دەرکەوتووە کە بە هەموو کەسێکیشی نافرۆشێ.

– چاپی تازەی نهج البلاغە هاتووە؟

پەیمان دادەنەوێتەوە، لە ژێر مێزەکە، لە بن کۆمەڵێ کاغەزی زەردباوەوە، رۆژنامەیەك دەردێنێ، قەدی دەکاو دەیداتە دەست مشتەرییەکە. تەنانەت رەنگو رەونەقی ئەم رۆژنامانە جیاوازترە لە رەنگو رەونەقی هەموو ئەو رۆژنامەی کە تا ئێستا دیومن.

لەوانەیە سبەینێ بچمو دیسان شەفەق ببینم. رەنگە کتێبی چیرۆکیشی لێوەربگرم.

خەریکم کۆترەکانم دان دەدەم. یەك هەفتەیە هەڵم نەفراندوون. ئەوڕۆ بەیانی، کاتێ کە باوکم دەچوو بۆ دوکان، بە ئانقەست خۆم بێتاقەت کردو لەگەڵیا نەچووم. پیاو تاقەتی دەچێ، بێ تاقەتیو پەستی بابیشم لەولاوە بووەستێ. بە هیچ جۆرێ قسەی لەگەڵدا ناکرێ. بەرانپیلە چەرمییەکەی دەبەستێت. قۆڵی تا ئانیشك هەڵدەکاتو لەبەر دوکانەکە دادەنیشتو دەست بە جگەرەکیشان دەکا.

– ئەگەر بکرایە ئیشەکەم بگۆڕم، لەوانە بوو دەرویەکمان لێبکرێتەوە.

راوێژی بە میرزا نەسروڵلاڵ کردووە.

– لە بەیانییەوە تا شەوێ لەو بەر دەکانەدا دادەنیشمو خەم کلاڤە دەکەم. پێت چۆنە ئەگەر بیر لە کاسبییەکی دی بکەمەوە؟

چووەتە لای حاجی شێخ عەلیش.

– بەختی خراپ چاوەڕوانی خێری لێناکرێ. پیاو زات ناکا، کاتێکت زانی دوکانەکەشت لە دەست چوو.

برایم دێت و لە تەکمەوە دادەنیشێت. کۆترە قاوەییەکە لەگەڵ نێرە خانییەکەدا لفی گرتووە. بێچووە کلك سپیەکان گەورە بوون. رەنگە هەفتەیەکی دی هەڵیان فڕێنم. برایم دەکەوێتە منجەمنج. یەکەمجار باسی کۆترەکان دەکا. ئەوجا دیسان دەکەوێتەوە منجەمنج. وەك بیەوێ شتێ بڵێ ودوو دڵە لەوەی کە بیڵێ یان نا. لە پڕ قیروسیا دەکا.

– سەیر کە خالید، دەمەوێ شتێکت پێبڵێم.

بواری نادەم، نێرە رەشەکە، وەکو گسك کلکی فش کردۆتەوەو بە دەوری مێیەکەیدا دێ. کلك لە عەردی دەخشێنێو پەڕەکانی گەردنی گیڤ دەکاتەوە.

– بەڵام هەر بەینی خۆمان بێ ها.

تەماشای دەکەم. باسی بانۆ دەکات.

– ... ئەوەندە لە ژێر ئاوەکەدا ماینەوە تا هەناسەمان سوار بوو.

چاوەکانی دەبریسکێتەوە... ئاو زایوەتە دەمی. قسەکانی بانۆم بیر دەکەوێتەوە.

– فلانی، باش لەگەڵ بلورخان دا دەستت تێکەڵ کردووە.

لەبەر قاڵدرمەکەدا پێشم دەگرێ، کە قسە دەکات دڵم لە ددانە زەردەکانی تێك هەڵدێ.

– ئەو رۆژە لەسەربان دیتمن، چیتان دەکرد پێکەوە؟

هەموو شتێکم بۆ دەردەکەوێ. بانۆ هیچ شتێ نازانێ. لەسەر بان چ کارێکمان نە کردووە کە بانۆ بینیبێتی. تەنیا هەفتەی پێشوو نەبێ کە کۆترەکانم هەڵفراند بوو، هاتو لەگەڵما وەستاو پێکەوە قسانمان کرد.

– خالید ئەوشۆ ئەمان ئاقا نایەتەوە.

– باشە.

– نیوە شەو چاوەڕوانتم.

هەر ئەوەندە.

بانۆ بە هیچ شتێ نازانێ، ئەگەر یەکجار دیتباین دەیکرد بە قاوێ ئەو سەری دیار نەبا. تەنانەت بە تاقە جارێکیش نازانێ. چ جای ئەوەی کە تا ئێستا دە جار پتر چوومەتە ژوورەکەی بلورخان.

– من هەموو شتێ دەزانم.

دڵم لە رەنگە زەردەکەی بانۆ تێك هەڵدێ.

– دەتەوێ چ بڵێی بانۆ؟

– ئەگەر ئەوڕۆ نیوەڕۆ بێیتو لە نێو حەوزەکەدا مەلە بکەین،هیچ.

قێزم دێتەوە. ئێسکی سمتی بانۆ وەکو ئێسکی سمتی هێستری لەڕ دەرپەڕیوە. رانەکانی چرچو وشکن. مەمکی وەکو گوانی پشیلەیەك کە تازە بێچووەکانی شیر دابێ، بەسەر سینگی دا شۆڕ بووەتەوە.

– ئەگەر نەیەم؟

– بە هەموویان دەڵێم کە لەگەڵ بلورخانا...

قینم هەڵدەستێ. لێی مۆڕ دەبمەوە. دەمارەکانی لاملم هەڵدەستن.

– دەڵێی لەگەڵ بلورخانا چی؟

– ئەوەی ئەو رۆژە دەڵێم... لەسەر بانەکە.

بەڕویا دەچمەوە.

– جاقسە کردن لەگەڵ بلورخانا گوناحە؟

بە توندی بە بەردەمیا تێدەپەڕم. هەر لای لێناکەمەوە. بانۆ دەحەپەسێ، دەمی برایم ئاوی کردووە.

– هەموو رۆژێ وا دەکەین... هەموو رۆژێ نا، یانی هەر وەختێ رێکبکەوێ... بەڵام خالید نەکەی بە کەس بڵێی ها؟

پارچە پەڕۆیەکی تەڕ لوول دەکەمو دەی هاوێژمە ژێر پێی کۆترەکان. کۆترەکان هەڵدەفڕنو لەسەر گوێسەبانەکە دەنیشنەوە. بە قاڵدرمەکانا سەر دەکەوم. برایمیش لەگەڵما دێت. لەسەربان، پێم لێدادەگرێ کە مەسەلەکەی بانۆ بە کەس نەڵێم. روو بەڕووی دەوەستم. بە پەنجە دەدەم بەسەر سینگیا.

– بزانە برایم، من حەز ناکەم ئەم قسانە بژنەوم... خۆ کە ئەوەندە دەترسیت، بۆ پێت گوتم.

تەریق دەبێتەوەو خۆی دەکا بە مشکی مردوو.

– ئەگەر دەتەوێ بە بانۆ دەڵێم کە تۆش...

بەتوندی بە رویا دەچمەوە.

– نە برایم من نامەوێ.

دەچم بۆ لای کۆترەکان. دووام دەکەوێ.

– ئاخر نازانی کە چەند خۆشە.

وەڵامی نادەمەوە. دەنگی فیکەکەم کۆترەکان دەڕەوێنێتەوە. هەڵدەفڕن، چەند جارێ بە دەوری خانووەکەدا دەسووڕێنەوە. ئەوجا وردە وردە بەرز دەبنەوە.

ئاسمان شین و بێگەردە. هەتاوە. تەپوتۆز نیە. تەنانەت پەڵە هەورێ بەئاسمانەوە نیە. نیگام لەگەڵ کۆترەکانا بەرز دەبێتەوە. دەنگی برایم لە گوێمدا دەگیرسێتەوە.

– تەماشا کە خالید.

تەماشا دەکەم. بلورخان رەفتەیەکی بەسەریا داوەو خەریکە بەردەم ژوورەکەیان دەماڵێ. بە جۆرێکی وا دانیشتووە کە دەرپێکەی دیارە...هەمان دەرپێی رەشی کون کونی لەپێکردووە. خوێن دەزێتە دەموچاوم.

– برایم، مەگەر هەر تۆ نەبووی کە ئەو رۆژە دەتگوت زینا گوناحە؟

برایم بزەیەك دەکا.ددانە خوارو خێچەکانی دەردەکەون.

– وێڵی کە بابە... ئەمانە هەر قسەن.

چاوی بڕیوەتە ڕانە گۆشتن و سپیەکانی بلورخان. نافەکی پانتۆڵەکەی برایم بەرز بووەتەوە. رانی خۆی دەگوشێت. باسکی دەگرم.

– برایم شەرمکە.

دەنگی نزمو گڕە.

– تۆ زۆر گێلی ها.. ئاخر حەیف نیە بنیادەم سەیری ئەو ڕانە سپیانە نەکا.

دەهری دەبم. یەخەی کراسەکەی دەگرمو بە تۆپزی لە ستارەکە دووری دەخەمەوە. زویر دەبێ.

– بۆ وا دەکەی خالید؟

– ئەگەر جارێکی دی تەماشا بکەی بە هەموو کەس دەڵێم کە لەگەڵ بانۆدا چی دەکەی.

دادێنێ:

– بەڵام ئێمە برادەرین.

– زۆر باشە، برادەرین.. بەڵام من حەزناکەم تۆ بەو چاوە خێل و قیچانەتەوە تەماشای بلورخان بکەی.

دەکشێتەوە. زەردەخەنەیەك دەکاو بە ئاسپایی دەڵێ:

– کەواتە پێدەچێ بانۆ راست بکات کە لەگەڵ بلورخاندا دەستت تێکەڵ کردووە.

لێی رادەپەڕمو یەخەی دەگرمو چاو دەبڕمە دوڕ چاوی.

– بانۆ ناماقوڵی کرد.

– ئەو... ئەو... ئەو...

– ئەگەر تۆش کەڕەتێکی دی ئەم شەکرانە بشکێنی، لالغاوەت هەڵدەدڕم. برایم لە من گەورەترە. بەڵام دەرەقەتم نایەت... بازووەکانی دەڵێی قەفە قامیشن.ملی ئەوەندە باریکە پێم سەیرە کە

قورسایی سەرە بژنەکەی ڕادەگرێ. نافەکی پانتۆڵە رەشەکەی برایم هەمیشە داتەکیوەو کە بەڕێوە دەڕوات تەکە تەك دەکات.

ئومێد، یەك پشوو لە قاڵدرمەکانەوە دێتە سەربان.

– خالید، غولام عەلی خان خەریکە باردەکات.

لەوساوە کە ئەمان ئاقا لە بری من بڕیاری داوە کە جارێکی دی بەبەر ماڵی غولام عەلی خان دا نەڕۆم. هەمیشە کە ویستوومە لەوێوە رەتبم رێگام گۆڕیوەو بە پشتی (کەلاوەکەدا) رۆییوم... نەك لەبەر ئەوەی لە غولام عەلی خان بترسم.. نا! بەڵکو پتر شەرمەزاری ئەمان ئاقام کە لە بری من قەولی داوە. نازانم بۆ رۆژ بە رۆژ پتر شەرم لە ئەمان ئاقا دەکەم.

هەندێجاری حەزناکەم تەماشای روخساریشی بکەم. تەنانەت ناچم بۆ چاخانەکەشی تاگوێ لە گرام بگرم. ئەمان ئاقا وەکو کوڕی خۆی خۆشی دەوێم. چونکە منداڵی نابێ، هەندێجار شتیشم بۆ دەکڕێ.

– وەرە رۆڵە... کابرایەکی دەست فرۆش هاتبووە چاخانەکە ئەم گۆرەویە سوورانەم بۆت کڕی.. جوانە، نا؟

لە شەرمەزاریا دەبم بە ئاو.

– وەرە خالید بزانە ئەم کلاشانە بە پێت دەکا؟

سەرم دادەگرمو کلاشەکان وەردەگرم.

گۆرەوییە سوورەکان هێشتا لە سەندوق دایە. هەڵم گرتوون بۆ جەژن.

– ئیدی ئیسراحەتمان کرد، ها؟

برایمە کە مەرایی دەکات.

– لەچی برایم؟.

– دیارە... لەوەی کە غولام عەلی خان دەیەوێ لە گەڕەکەکەمان بڕوا. دەست دەخەمە سەر شانیو بە دەنگێکی گیراوەوە بۆ یەکەمجار پێی دەڵێم.

– بەڵام برایم، ئەو رۆژە تۆ شووشەی پەنجەرەکەت شکاند.. لە بیرتە؟

برایم سەری دادەخاو متەق ناکات.

***

ناسر دوانی قسە بۆ بابم دەکات. وەکو ئەو شەوەی کە تازە لە کوێت هاتبووەوە، بێ تاقەت نیە. بگرە چەنەبازیش دەکات.

– .... هەرکە گەیشتی یەکسەر بچو بۆ چاخانەکەی قەراغ شەت. پشتی باژێری ماسی فرۆشەکان دەڵێم... خۆ پێدەزانی؟... ئەگەر شارەزاش نەبی ئەوا لە هەر کەسێ بپرسیت پێت دەڵێو نیشانت دەدا. وەکو قەشان دیارە.. دەڵاڵەکان هەمیشە لەو چاخانەیەدا دەسووڕێنەوە. کاریان ئەوەیە کە رێنوێنی رێبواران بکەن.. بێکرێ بەلەم، سێ سەد تمەنت لێدەسەنن. سەد تمەنیش هەقی دەڵاڵی.

ئەمە ئەگەر لە پارەوە تائێستا گرانتر نەبووبێ. بەڵام دەزانی وەستا حەداد. پیاو دەبێ زۆر وریاو زرینگ بێ. چونکە کاتێ کە بەخۆ دەزانیت بردویانیتە دوڕگەیەکو لە ناوەندی دەریادا بەرەڵڵایان کردوویت. خۆ تۆش دەستی خۆت بۆن نەکردووە؟.. پێت دەڵێن هەروا دە دەقیقەیەك رووەو قیبلە بڕۆی، دەگەیتە کوێت. بەڵام کە دەکەویتە ڕێ هەر دەڕۆی، دەڕۆی، دەڕۆی، کاتێ کە لە پێ کەوتیت ئەوسا دەزانیت چ کەتنێکیان پێکردوویت. کاتێ کە بە خۆ دەزانی لە شوێنێکدا دایان گرتوویت نە ئاوی لێیەو نە ئاوەدانیو نە بانگی موسڵمانان.. تا ئێستا سەد کەڕەت کاری وایان کردووە. خۆ حمید یەك قۆڵت لە بیرە؟.. بیرتە کە رۆژنامەکان چ هەرایەکیان بەرپا کرد؟

ناسر دوانی لاق دەخاتە سەر لاق. پیاڵە چایەکەی هەڵدەدا. سۆندەی نێرگەلەکە لە دەوری نێرگەلەکە دەئاڵێنێو چای چیەکە گاز دەکات.

– مرشد، بێژە نێرگەلەیەکی دیم بۆ بێنن.

تاقوتریقی دۆمینە، چاخانە چکۆلەکەی مرشدی پڕکردووە. هەتاو خەریکە دێتە پێشەوە. بارستاییە بەردڕێژەکە هێشتا سێبەرە. بابم لەسەر کورسی چاخانەکە دانیشتووە. منیش لە پاڵیا دانیشتووم. قسەکان تێکەڵو پێکەڵن.

– دیارە کارێکت پەیدا کردووە، ها؟

– لە دەرەوەی شار... ئاوا بە دووری چەن قۆناغێ.

– چی دروست دەکەن.

– پێموایە سەیرانگە.

چایچیەکە، چەرداخەکە هەڵدەکێشێتە سەرەوە. سێبەر دەگاتە ئەودیو جۆگەکەی کەنار شەقامەکە. ناسرا دوانی قسە دەکات.

– کاتێ کە رێبوار لە بەلەم دادەبەزن، شەوێ بە گەڵابە بەرەو گوسبە هەرەکەت دەکەن. ئەوجا بەلای کەمەوە دوو دانە سەعات بەپێ دەڕۆی.. بەپێ تا قەراغ خۆرئاوا. ئەوسا خوا یار بێو کۆسپ نەیەتە ڕێ سواری ئوتۆمبیل دەبیو دەردەچی. بەڵام وەستا حەداد خوا نەکا جەندرمە پەیدا ببن ، پیاو دەبێ زۆر گورجو گۆڵ بێ تا لە دەستیان دەربچێ. چونکە دەڵاڵەکان هەقیان نیە. بنیادەم لەو خۆرئاوایە چۆڵو هۆڵەدا بەرەڵلا دەکەنو بۆ خۆیان تێی دەتەقێنن. خۆ خۆیان سەد کونو کەلەبەر دەزانن کە ئێمەمانان هەر ڕێی پێی نابەین.

مرشد نێرگەلە بۆ ناسر دوانی دادەنێ. ناسر دوانی مژ لە نێرگەلە دەدا. سەری لووتی دەخورێنێو دەکەوێتە قسان.

–... کاتێ کە بە خۆ دەزانی جەندرمە تفەنگیشیان سوار کردووە..

بابم خەریکە سیغار دەپێچێتەوە. لێوەکانی قورقوشم ئاسا نیشتوونەتە سەر یەك. هەموو هۆشو گۆشی لای قسەکانی ناسر دوانییە.

–... ئەو کاتە تاقو تریق، بنیادەم وەکو مراوی راو دەکەن. ئەوجا وەرە ئەو کەرە لەو قوڕەی دەربێنە. پیاو پێکڕابێ، خوێن لە لەشی بڕوا، لە دەشتێکی بیاباندا بێ، تاریکە شەو بێ، چاو چاو نەبینێ، رێ بە هیچ شوێنێ نەبا...

ناسر دوانی نەفەس تازە دەکاتەوە.

–... دەزانی وەستا حەداد تەنیا پەڕینەوە لە سنوور سەختە، ئەگینا وەختێ پیاو گەییە کوێت، بۆی دەردەکەوێ کە کار چەند زۆرو زەبەندە، هەر کارێ بڵێی.

گەنجێکی رەقەڵەی باڵا بەرز لەلامەوە دانیشتووەو. چەفیەیەکی لەسەر بەستووە. پیاوێکی میانە ساڵیش لە تەکییەوە دانیشتووەو پێکەوە گرەو دەکەن.

– لەسەر دوو چای

– دوو چای بچووك

– باشە، بڵێ

– واکساڵە (١١)

– چەندەم؟

– سێیەم.

کە سێیەم ئوتومبێل بە بەردەم چاخانەکەدا تێدەپەڕێ "ئۆپڵە (١٢)" دەنگی گەنجەکە بەرز دەبێتەوە.

– مرشد دوو چای بچووك لەسەر حیسابی بابا خان.

ئێستا ناسر دوانی خەریکە پۆز لێدەدا.

–... وەختێ گەییمە ئەوێ، یەك تاقیش بەبێ کار نەمامەوە. پیاو دەبێ زیتو زرینگ بێ. خاوەن کارەکە خۆشی پێما هات. چونکە زمانی فەرەنگیان دەزانم.. لە ساڵی ١٩٤١دا وەختێ کە لەگەڵ نیرودا کارم دەکرد فێر بووم.

مژ لە نێرگەلەکە دەدا، وازی بە دوکەڵەکەی دەکا.

– هەر کە گەییمە جێ، دەست بەجێ چووم بۆ ئەحمەدی (١٣). بە خاوەن کارەکەم گوت (ئای می سەن) واتە من بەنام. پێکەنیو دەستێکی بە پشتو ملما هێناو گوتی کە کارم بدەنێ. هەموویان وان، ئەگەر یەکێکیان خۆش بووێ دەست بە پشتو ملیا دەدەن. دەماریان دەناسم.

سەری نێرگەلەکە هەڵدەگرێو فووی لێدەکا. خەڵووەزە نیمچە ئاگر گرتووەکان دەجوڵێنێ.

–... رۆژی ٢٥ رۆپێ...

سەیری بابم دەکات.

باباخان دەڵێ: بیڵێ.

کوڕە رەقەڵەکە دەڵێ: لەسەرچی؟

باباخان دەڵێ: لەسەر نێرگەلە.

کوڕە رەقەڵەکە دەڵێ: بڵێ.

– تاکسییە.

– چەندەمین؟

– حەوتەمین.

ناسر دوانی هێشتا هەر تەماشای بابم دەکات.

–... هەر رۆپێیەك دەكاتە هەژدە ریاڵ...

لـەو لای ناسـر دوانییـەوە، پیـاوێكی ناڤسـاڵی كـۆم دانیشـتووە. پیـاوێكی ئەنـدام وردیلـە ، بەرانبەری دانیشتووە. وازی شقاتە دەكەن.

– مرشد

مرشد پەستە.

– بڵێ.

– دوو چای گەورە لەسەر حیسابی یەدوڵلا.

دەنگی مرشد نا میهرەبانە

– بوو بە چەند؟

ددانە گرەكانی یەدوڵلا دەردەكەون. بە تۆبزی زەردخەنەیەك دەكاو دەڵێ، بوو بە (٢٢) چاو (٣) نێرگەلە.

مرشد سەرە رووتاوەكەی دەخورێنێ، دەبۆڵێنێ.

– گوتت چەند ها؟

یەدوڵلا دوو دڵە

– (٢٢) دانە.

مرشد دەڵێ، (٢٤) دانە.

یەدوڵلا دەڵێ، تۆم بمری (٢٢) دانە.

مرشد دەكێشێ بە پشتە كووڕەكەی یەدوڵلاداو دەمرێژێ جنێوی دەداتێ.

– خۆت بمری نامەرد.. قوڕم ساغە ئێژی بە شیری مەمك بەخێوی كردووم.

یەدوڵلا شقارتەكە لەسەر مێزەكە بلاودەكاتەوەو، متەق ناكات. قسەكان تێكەڵو پێكەڵن. تاقو تریقـی دۆمینـەو زڕەی پیاڵـەو ژێـر پیاڵـە ئاوێتـە بـوون. بـۆنی قوڕوسـیانی جۆگەكـەی قـەراغ شەقامەكە لە پڕ ئەو ناوە پڕدەكات.

ئەو مێگەلە مەڕەی بەبەر چاخانەكەدا تێدەپەڕێ كەوتووەتە نا قوڕوسیانی جۆگەكەی قەراغ شەقامەكە. ناسر دوانی هێشتا هەر قسان دەكا. قسە كردنەكەی هاواردەكا كەفشەیە.

– ... كە دوو مانگ تێپەڕی بەخاوەن كارەكەم گوت: ئای گود می سن، پێمگوت. توێنتی فایف ڤەری كەم، تێرتی روبێ هەس لازم. گەلیكی كەیف بە قسەكەم هات. تۆ حاڵی نابی كە چیم گوت؟... پێمگوت من وەستایەكی چاكو كردەم. كارەكەم ٢٥ رۆپێ پتر دێنێ. پێویستە دەستوور بدەی كە بۆم بكەن بە ٣٠ رۆپێ...

پێدەچێ بابم ئیدی گوێ لە قسەكانی ناسر دوانی نەگرێ.پیشتی داوە بە تەختەكەوەو چووەتە ژێری. دەست دەكا بە گیرفانە زلەكەی چاكەتەكەیا و سەعاتە (وستندڤاچ)ەكەی كە لە دەستە سرەكەیەوە ئاڵاندووە دەردێنێ. دوو ساڵ زیاترە ئەم سەعاتەی كڕیوە. تا ئێستا وەكو بیلبیلەی چاو پاراستویەتی. نەی هێشتووە بە ئاستەم گەرد بگرێ.

ناسر دوانی چاك چەنەباز بووە. بابم تەنیا یەك پرسیاری لێكرد.

– وەستا ناسر. ئەگەر پیاو بیەوێ بڕوا بۆ کوێت، دەبێ لە کوێوە بڕوات ؟

دەست بەردار نیە. پەیتا پەیتا مژ لە نێرگەلەکەی دەداو بێوچان چەنە دەدات. توتنی نێرگەلەکەی دووەمیشی تەواو بووە. دیسان سەری کەپووی دەخورێنێو قسەدەکات.

– ... دەزانی کاتێ کە بە خاوەن کارەکەم گوت (تێرتی روبێ هەس لازم). چیکرد؟ پێکەنیو دەستی بە پشت ملما داو دەستووری دا کە رۆژانەکەم زیاد بکەن.

لە گیرفانی باخەڵی چاکەتەکەی دەفتەرچەکێك دەردێنێ. دەفتەرچەکە مۆر کراوە، لە خوا بەزیاد بێ. پیرێ "سەد مەترێك زەویم کڕی، ئێستا دەمەوێ چەند تمەنێك لە بانق وەربگرمو چوار دیواری تیدا قوت بکەمەوەو لە کرێنشینی رزگاربم. بۆ من شتێکی ئەوتۆی تێناچێ.

دیوارەکەی دەڵێم... دەزانی وەستا حەداد... بنیادەم دەبێ بەخەمی کارو ژیانەوە بێ.

بابم چووەتە ژێری... تەنانەت ئاگاداری ئەوە نیە کە من لە تەکی دانیشتووم.

– مرشد، چایەك.

ئەوجا دەجوڵێو تەماشایەکم دەکات.

– مرشد بیکە بە دوو.

ناسر دوانی سۆندەی نێرگەلەکە ، لە نێرگەلەکەوە دەئاڵێنێو هەڵدەستێ..بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ بەرامبەر بابم دەوەستێو دەڵێ...

– باشە وەستا حەداد، ئەگەر ویستت شەوێش بۆت باسدەکەم تا ئەگەر چویی بۆ کوێت، بزانی دەبێ چ بکەی.

ناسر دوانی دەکەوێتە رێ.

غولام خەواڵوو دێت. لێوی شۆڕ بووتەوە. قژی لە کۆنە لبادی سپی دەچێ. دەمارەکانی لا ملی رەش دەچێتەوە.

تا غولام خەواڵوو تۆزێ تلیاك دەخاتە دەمیو دوو فڕ چای بەسەردا دەکا. بابم چەند جارێ سەعاتەکەی لە توێی دەسڕەکەی دەردێنێو تەماشایەکی دەکاتو دیسان دەیپێچێتەوە.

غولام خەواڵوو، هێدی هێدی مژ لە چایەکە دەداو تۆزقاڵە تلیاکەکە لە نێو دەمیا دەگێڕێ.

بابم لەسەر لاقی ڕاستی دادەنیشێو روو دەکاتە غولام.

– غولام (وستندڤاچ)ت هەیە ؟

بژۆڵە پڕوشاویەکانی غولام لێك دەترازێن، غولام بە لووت قسان دەکا.

– تەخت ڕەش یا تەخت سپی ؟

– تەخت ڕەش.

– غولام تاقەتی قسەکردنی نیە.

– هەمە.

غولام خەواڵو لە جێیەکەی ناسر دوانی دادەنیشێ. قۆڵی دەڵبی کراسەکەی هەڵدەکا سەعاتێکی وستندڤاچ–ی تەخت رەش لە نێو سەعاتە جۆراو جۆرەکانی سەردەستی جیا دەکاتەوە. تەختی سەعاتەکە لەبەر کۆنی قاوەیی دەنوێنێ. سەعاتەکە دەداتە دەستی بابم.

– هیچ خەوشێکی نیە .

دڵنیا دەبم کە بابم نیازی فرۆشتنی سەعاتەکەی خۆی هەیە. دڵم دادەخورپێ. دەنگی کزی بابم لە پشت پەردەی رۆژان‌و شەوانی رابردووەوە رێ دەکاتەوەو دێ بەسەر وەختمەوە، دەنگی ئاشنای لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

– خالید، ئەو سەعاتە لە گیرفانمە بۆم بێنە.

سەعاتەکە لە توێی دەسڕەکە دەرێنم‌و دەیدەمە بابم

– تۆزێ لۆکەش بێنە.

بەستە لۆکەکەی پشت ئاوێنەکە دێنم‌و لەبەردەم بابم دای دەنێم.

– بەنزینی سپیمان هەیە؟

دەنگی خەمناکی بابم لە سنووری رابوردو دەم هێنێتە دەرێ .

– بەڵام ئەمە... کە...

دەڕوانمە بابم. ڕەنگی سپی بووە. خەریکە سەعاتەکەی غوڵام خەواڵوو ئەم دیوو ئەو دیو دەکا. نیگای بابم لەسەر سەعاتە کاڵەوەبووەکەی غوڵام خەواڵوو دەوەستێ. من چاوم لە لێوە شۆوڕەکەی غوڵامە. دیسان دەنگی بابم دەژنەوم. بە ئەسپایی قسان دەکا.

– بەڵام.. ئەمە کۆنە غوڵام.

غوڵام بە تکەوە دەچێ، زۆر لە خۆی دەکا کە دەنگی دەربێ.

– چما مستنقاچ دەمرێ تا کۆنەو نوێی هەبێ.

بابم سەیری پشتی سەعاتەکە دەکا. چوارچێوەکەی تەواو سواوە.

– باشە بە چەند ؟

غوڵام لەسەر کورسیەکە چینچك دەداتەوە.

– باشە تۆ مشتەریت یان دڵت خۆشەو دەوتەوێ سەر بخەیتە سەرم؟

تا ئێستا نەمدیوە بابم سەر بخاتە سەر هیچ کەسێك. هەمیشە وەختێ قسانی کردووە کە پێویست بووبێ. وەختێ پرسیاری لە کەسێ کردووە کە پێویست بووبێ. لێوەکانی بابم دەنیشنە سەریەك. گرێی قورگی بەرزو نزم دەبێ. لیکەکەی دەمی قووت دەداتەوەو چ قسەیەك ناکا.

دەنگی غوڵام خەواڵوو لە جیکە جیکی خەرەك دەچێ.

– مرشد، چایەکی دیشلەمە بێنە.

بابم دێتەوە قسان،هێمن و دڵشکاوە.

– هیچت نەگوت غوڵام.

غوڵام، چڵمەکەی هەڵدەلووشێت.

– لەبەر خاتری تۆ کە زۆرم خاتر دەوێی بە ١٥٠ تمەن.

نیگای بام لە سەر گۆنا چڵکن‌و دەرپۆقیوەکانی غوڵام دەگیرسێتەوە. غوڵام کەمێ دەجووڵێ.

– دەمزانی کە مشتەری نیت.

دەنگی بابم لەرزۆکە.

– ئەگەر عەینی بابەت بێو کاری نەکردبێ بە چەندی دەکڕی ؟

بژۆڵە نەرمەکانی غولام بە زەحمەت بەرز دەبنەوە.

– دەڵێی دەنگت لە تێرییەوە دێ ؟

بابم دەڵێ: – بێ شۆخی.

– بابە گیان سکت تێرەو تاقەتی باشت هەیە.

غولام بە ئاسپایی لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێو چاپەکە لە دەستی مرشد وەردەگرێ.

بابم دووا قسەی خۆی دەکات : – راستییەکەی ئەمەیە غولام، کە دەمەوێ سەعاتەکەم بفرۆشم.

دەڕوانمە چاوانی بابم. رەنگی پەڕیوە. ئێژی یەکەمین جارە ئەم هەموو غەمە لە چاوانی بابم بەدی دەکەم. ئێژی یەکەم جارە کە هەست دەکەم بابم چەندە دڵی بە سەعاتەکەوەیەتی.

غولام فڕ لە چایەکەی دەدا : – باشە، ئەگەر لەم مۆدێلە بێ، هەفتا تمەن. ئەوەش لەبەر خاتری تۆ کە زۆرم خاتر دەوێی.

بابم هۆپێکی دەمێنێ، رەنگی سپی دەبێ. دەستی بە سەعاتەکەوە کە بۆ لای غولامی درێژ کردووە، دێتەخوارەوە، قسەکە لە بینیدا دەگیرێ.

– ڕەحمەت لە ویژدانت لە نیوە قیمەتیش کەمتر..

غولام ناتەواوە، دەپژمێ. چڵمەکەی هەڵدەلووشێ. تاقەتی قسەکردنی نییە، هێشتا خەیاڵ نەبووە، بژۆڵەکانی نووساون.

– برادەر ئاخر مامەڵەش سنووری خۆی هەیە، خۆ من فەڕەنگستان نیم کە کارخانەی سەعاتسازیم هەبێ... هەموو رۆژێکیش سەعات نافرۆشم.

پەنجەکانی بابم دەکەونە جوڵە. گرێی دەستە سڕەکە لە زنجیرە ستیلەکەی سەعاتەکە دەکاتەوە. چەند جارێ سەعاتەکە هەڵدەسەنگێنێ. ئەوجا دەیداتە دەست غولام. دەستی بابم دەلەرزێ. تا ئێستا نەمبینیبوو کە دەستی بابم بلەرزێ. چما دەستێ کە چەکوش بە ئاسندا بکێشێو بە زەبری چەکوش ئاسن نەرم بکات، دەشێ بلەرزێ ؟

– بزانە غولام باش سەیر بکە. چ عەیبێکی نیە، تا ئێستا وەکو بیلبیلەی چاوم پاراستوومە. یەك سانییە پاشو پێش ناکا.

غولام سەعاتەکە ئەم دیوو ئەو دیو دەکا.

– بەڵام بەو جۆرەش نیە کە دەڵێی.

بابم دڵنیای دەکا.

– خاترجەم بە کەفالەتی یەك ساڵیشی دەکەم.

– هەر ئەوەندەی کە گوتم.

ئێستا دەنگی زیندوو بووەتەوە. ئێژی تلیاکەکە کاری تێکردووە.

– کاکی برا من چی لە سەعات بکەم؟ ئەم هەموو سەعاتەم بەس نیە؟

غولام قۆڵی نیشان دەدا. دە جۆرە سەعات پتر بەسەر قۆڵییەوەتی.

– ... ئەگەر بتوانم هەموو ئەمانە بفرۆشم، بەڕاستی گۆی هونەرم بردووەتەوە.

دەیەوێ بڕوا. بابم دەستی دەگرێ.

– ئەگەر کڕیاری بە ١٠٠ تمەن دەتدەمێ.

– هەر ئەوەندەی کە گوتم.

– هیچ سەر ناکەوی؟

– مادامێکی پیاوی چاکی، ٨٠ تمەنت دەدەمێ و چ قسان مەکە.

مامەڵەکە سەر دەگرێ.

***

بابم جانتاکەی لە ژوورێرا دێنێتە دەرێ. دەستە نوێنە سەفەریەکەشی دەخاتە سەر جانتاکە. ئەوجا دادەنەوێتەوەو تەوێڵو روومەتم ماچ دەکا. هەست بە زبری قڵیشەکانی دەستی بابم دەکەم. جەمیلە دەکاتە باوەش. روومەتی ماچ دەکا، دەست بە قژە نەرمەکەیدا دێنێ. هێشتا جەمیلە هەر بە باوەشیەوەیە کە بە دایکم دەڵێ: – ئەمانەتی تۆو منداڵەکان.

ئەوجا بە من دەڵێ: – تا لە کوێت دەگەڕێمەوە. لای ئەمان ئاقابە، قەولی داوە کرێشت بداتێ.. کاری بەردەستی دەکەی.

دیسان روومەتی جەمیلە ماچدەکا. بۆن بە قژییەوە دەکاو دای دەنێ. شەوێ خوا حافیزی لە دراوسێکان کردووە. هاپۆ بەندەر لەبەر دەرگای ژوورەکەی دانیشتووەو خەریکە دەست نوێژ هەڵدەگرێ. هێشتا هەتاو هەڵنەهاتووە. دنیا مەیلەو بۆرە. هەوا کەمێك ساردە. وڵاخەکان لە ژێر ساباتەکەدا پڕمە پڕمیانە. دەنگی شەمەندەفەرێکی نەوتکێش کە لە وێستگەدا شانتین دەکا دەگاتە گوێ. هەندێجار دەنگی بەرز دەبێ و هەندێجار نزم. بابم جانتاکەی هەڵدەگرێ. لەبەر دەرگای حەوشەدا جانتاکەو دەستە نوێنە بەستراوەکەی دادەنێ و لەگەڵ هاپۆ بەندەردا یەکدی ماچ دەکەن.

– لە پەنای خوادا بی وەستا حەداد

– بابم جانتاو نوێنەکەی هەڵدەگرێ و لە حەوشە دەچێتە دەرێ. دایکم پێی دەڵێ هەر کە گەیشتە جێ کاغەز بنێرێ. تا سەری کۆڵانەکە لەگەڵیا دەڕۆم. دیسان روومەتم ماچ دەکات. دەڕوانمە چاوەکانی، پڕ بوون لە فرمێسك. گوێم لە دەنگی حەبیب نانەوا دەبێ کە دوعای خێر بۆ بابم دەکا.

((٢))

– خالید بێ بڕۆ لە بازاڕی قەسابان پاچە بکڕە.

دایکم پاچەی ئەوەندە بەتامو لەزەت لێدەنێ کە بنیادەم حەزدەکا دەستو پەنجەی پێوە بخوات.

بەیانی هەینییە، خۆر هەڵاتووە. لەگەڵ ئەمان ئاقادا ڕێك كەوتووم كە ڕۆژانی هەینی نەچم بۆ ئیش. ئەمان ئاقا قسە ناكات، هەر كاتێ ئارەزووم لێبێ دەچم بۆ چاخانە، هەر كاتێكیش بمەوێ ناڕۆم.

لەگەڵ برایمدا دەڕۆین. ئەگەر بمانەوێ ڕێگاكەمان نزیك بێتەوە دەتوانین بە كۆڵانەكانا بڕۆین. بازاڕی قەسابەكان لەوێوە نزیكترە. بەڵام هەمیشە حەزدەكەین دوورتر بێو بە مەیدانە گەورەكەی شارا بڕۆین، لەوێ شتی سەیر سەیر بەرچاو دەكەون. بۆ نموونە كەسانێ هەن یاری خاڵی ڕەش دەكەن. ئێستا ئیدی فێڵەكەم دۆزیوەنەتەوە. ڕێگا لەو دێهاتیانەی كە بۆ شت كڕین دێن بۆ شار دەگرنو كلاویان دەكەنە سەر. وەرەقە سپیەكە هی منە، خاڵە ڕەشەكە هی تۆیە. ئەگەر دیتت بردووتەتەوە. یەك تمەن بە پێنج تمەن.

ڕەزا كرماشانی، خێرا خێرا وەرەقەكانی لەسەر زەویدا دادەنێو ئەحمەد ڕەتیل دەچێتە سەر ڕێی دێهاتیەكان. لە چاو تروكانێكا جۆڕ دەدرێنو ڕەزا كرماشانیو ئەحمەد ڕەتیل غەیب دەبن.

ئەوانەی كە بە پشتێنی قایش (١٤) دەستی خەڵكی دەبڕن هاوتایان نییە.

بنیادەم هەرچەندە زرینگ بێ ناتوانێ سەری پشتێنەكە بدۆزتەوەو هەمیشە كلاوی دەچێتە سەر. قەڵەمەكە بە خەیاڵی خۆی لە نێو پشتێنەكەدا دانراوە، غەیب دەبێ.

كاتێ دەگەینە مەیدان هەتاو هەموو شوێنێكی گرتووەتەوە. چاوی بنیادەم لەزەت لە ڕەنگی جوانی هەتاوەكە دەبینێ.

دیسان جەلیل كوێتی ماسی ڕاوكردووە، بە مەزەندەی من ماسی وا گەورە لە هەموو دنیادا پەیدا نابێ. ئاخر لە كوێ بینراوە ماسی بخەنە سەرپشتی قاترو سەرو كلكی لەملاو لەولاوە لە زەوی بخشێت.

جەلیل كوێتی، شان دەداتە بەر كلكی ماسییەكەو پاڵی پێوە دەنێ. ماسییەكە لەسەر پشتی قاترەكەوە، بەسەرا دەكەوێتە سەر زەوی. جەلیل بەكێردو تەور دەكەوێتە گیان ماسییەكە. هیچ كەسێك لە ڕاو كردنی (نریچ) (١٥)دا هاوتای جەلیل كوێتی نیە. ئەوەندە بە سەبرو حەوسەڵەیە ئامادەیە یەك هەفتە لە قەراغ كاروندا بگەڕێو بسوڕێتەوە تا ماسی دڵخوازی خۆی ڕاو بكات، خۆ دەرهێنانی نەریچ لە ئاودا سەیرانێكە بۆ خۆی. دەبێ ئەوەندە یاری لەگەڵا بكەی، ئەوەندە هەڵی بڕی تا ماندوو دەبێ.

هێشتا جەلیل ماسییەكە بە تەواوی هەڵنادرێ كە وەعزی مەیدانەكە نائاسایی دەبێ. لەو پێنج ڕێیانەوە كە دێنە سەر مەیدانەكە خەڵكی جۆراو جۆر دێنو ناوە ناوە لە دەوری یەكدی دەوەستن.

– برایم چی بووە؟

برایم مشك ئاسا زیكە زیكە دەكات.

– من چووزانم چی بووە ؟

لە چاو تروكانێكا دەبینین كە مەیدانەكە پڕ بووە لە خەڵكانی جۆراو جۆر. پیر، گەنج، بە جلی پاكەوە، بە جلی ڕۆناویو چەورەوە، چەند ژن و كیژێكی بێ ڕووبەند تێكەڵ بوون.

سەرم لەم هەموو خەڵکە سوڕ دەمێنێ کە لە پڕێکا لە مەیدانەکەدا لە دەوری یەکدی خڕبوونەوە. خێرا دەکشێمە دوواوەو دەچم لەسەر سەکۆی بەردەم ئەو خانووە دەرگا مۆر کراوە دەوێستم کە هێشتا تێکنەدراوە تا بکرێ بە موغازە. برایمیش دەکشێتەوەو دێت لە تەك منا دەوەستێت. لە سەرسامیا هەردووکمان ئەبڵەق بووین. دەنگەکان تێکەڵن. بەمجۆرە خەڵکی لە شەقامەکانەوە دەڕژێنە مەیدانەکەوەو فشاری حەشاماتەکە زۆرتر دەبێ‌و پتر تێك دەترنجێن. لە پڕ گەنجێکی چوار شانەی دەستە باڵا دەچێتە سەر شانی چەند کەسێك و دەست بە قسان دەکات. بۆ ساتێکی زۆر کورت شەفەق دەکەوێتە بەرچاوم کە بە بەینی قەرەباڵغییەکەدا بەرەو ناوەندی مەیدانەکە دەڕوا. ئەوجا لێم ون دەبێ‌و هەرچەندە ملەقوتێ دەکەم نای بینمەوە. تا ئێستا قەرەباڵغی وام نەدیتوە. تەنیا رۆژانی تاسوعاو عاشورا (١٦) نەبێ. ئەویش بەم قەرەباڵغیە نا. پێدەچێ گەنجە دەستە باڵاکە نیازی خوێندنەوەی سروودی ئاینی هەبێ (١٧) بەڵام من دەزانم کە نە رۆژی قەتلەو نەرۆژی وەفات. چونکە ئەگەر وا بووایە بەیانی زوو دایکم کراسە رەشەکەی لەبەر دەکرد، بەڵام لەبەری نەکردبوو.

دەنگی گەنجە چوار شانەکە دەبیستم. شتی وا دەڵێ کە سەری لێدەرناکەم. خەڵکەکە، جار بە جارێ‌و تێکڕا، بە دەنگی بەرز دەڵێن: دروستە. ئەوجا لە پڕ دەبینم کاغەزی رەنگاو رەنگ بە ئاسماندا بڵاو دەبێتەوە. دەستە دەستە کاغەزی بچکۆلە، بە ئەندازەی ناو لەپێك بە حەوادا بڵاودەبێتەوە. دەمەوێ لەسەر سەکۆکە بێمە خوارەوەو خۆم بکەم بە نێو حەشاماتەکەیاو چەند دانەیەك لە کاغەزەکان بگرمەوە. بەڵام هەیهو کەمێ لەولای سەکۆکەوە دەستە کاغەزێك بە ئاسمانا بڵاودەبێتەوە. نەخێر دەستەیەکی دی. پەیمانە، کە خەریکە کاغەزەکان بڵاودەکاتەوە. گازی دەکەم. بەڵام گوێی لێنابێ. برایم دەپرسێت : – چما دەیناسیت؟

– ئەرێ شاگردی کتێبخانەکەیە.

پەیمان لە نێو قەرەباڵغییەکەدا ون دەبێت. گەنجە دەستە باڵاکە هێشتا هەر قسان دەکات. ئەمجا لە پڕ لەسەر شانی خەڵکەکە دێتە خوارەوە.

ون بوونەکەیان لە خڕ بوونەوەکەیان سەیر ترە. تا دەمەوێ تێبگەم کە کێن‌و چین‌و بۆچی خڕ بوونەتەوە. کوت‌و پڕ مەیدانەکە چۆڵ دەکەن‌و ون دەبن. تازە لەو سەری شەقامی شەهرەبانییەوە کۆمەڵێ پاسەوانی دۆنکی بەدەست دەرکەوتوون وبە ڕاکە ڕاك دێن. هێشتا پاسەوانەکان نەگەیوینەتە مەیدانەکە، بەفڕکان خۆ دەگەیەنمە ناوەندی مەیدانەکەو چەند پەڕەکاغەزێك هەڵدەگرم. کە کارێکی چاك دەکەم. چونکە هەرکە پاسەوانەکان دەگەنە مەیدانەکە، یەکەم کاریان ئەوە دەبێ کە کاغەزەکان لەسەر عەرزەکە کۆ بکەنەوەو ئەوانەشی کە بەدەستی خەڵکەوەیە لێیان وەربگرنەوە. ئێستا پتر سەرسام بووم. حەزدەکەم هەر چۆنێ بووە سەر لەم مەسەلەیە دەربکەم. کاغەزەکان نوشت دەکەم، لە ژێر کراسەکەمەوە قایمیان دەکەم‌و لەگەڵ برایمدا دەڕۆین، و لە پاڵ دوکانەکەی جەلیل کوێتی دا کە تازە دەستی بە سك هەڵدڕینی ماسییەك کردبوو، دەوێستین، جەلیل کوێتی، کێردەکە بە هەسان تیژ دەکا و نووکەکەی لە ژێر سکی ماسیەکە توند دەکا.

پاسەوانێك بەلاماندا تێدەپەڕێو سەیرمان دەكا. رۆحم لە مشتمایە. نەوەك دیتبێتی كە كاغەزەكانم لە ژێر كراسەكەما قایم كرد.

پاسەوانەكان كاغەزەكان كۆدەكەنەوە، ئەوجا بەسەر شەقامەكاندا دابەش دەبنو بەڕاكە راك دوور دەكەونەوە.

لە پڕ بیرم دەكەوێتەوە كە دەبێ پاچە بكڕم. خەریكە درەنگ دەبێ، ئەگەر نەكەومە خۆ دەستم ناكەوێ. چونكە پاچە ئەوەندە خۆشەو كڕیاری زۆرە كە دڵو گورچیلەو جگەرو تەنانەت گۆشتی مەڕیش بە تۆزی پێیا ناگا.

– بریام پێ هەڵگرە.

بەپەلە دەكەوینە رێ. بەهەناسە بڕكێ دەگەینەوە ماڵێ. پاچەكە دەدەمە دایكم. حەزدەكەم زووتر سەر لە كاری ئەم جەماعەتە دەربكەم. حەزدەكەم زووتر بزانم كە لەم كاغەزانەدا چی نووسراوە وا پاسەوانەكان بە تۆبزی لەخەڵكەكەیان وەرگرتەوە. دەچم لە ژوورەكەی بابم دادەنیشتمو پەردەی نێوان هەردوو ژوورەكە دادەدەمەوە. برایمو جەمیلە بەرانبەرم دادەنیشن. نووسینی هەموو كاغەزەكان وەكوو یەكن. شتی وای تێدا نووسراوە كە هەر سەری لێدەرناكەم. گیانم دەردەچێ تا وشەییێكی حینجە دەكەم. كە وشەكەش حینجە دەكەمو دەیخوێنمەوە، ماناكەی تێناگەم. بۆ وێنە نازانم ئەم (داگیركەری خوێنمژە) چ جانەوەرێكە كە تەنیا خوێن دەمژێو لە تێربوونیش نایەت. دیارە بە خۆڕایی ناوی (داگیركەر)یان نەناوە (خوێنمژ)و دەبێ هۆیەكی هەبێ.

برایم دەڵێ: – تا شتێك نەبێ، خەڵكی لە خۆیانەوە شت ناڵێن.

كەمو زۆر شتێكم لەمەڕ ئەم جانەوەرە دەستگیر دەبێ، بۆ وێنە حاڵی بووم كە هەندێجار لە جیاتی (خوێن) نەوتیش دەخواو ئەوەتا لە هەندێ شوێنی كاغەزەكانا، لە بری (خوێنمژ) نەوت خۆریش نووسراوە.

برایم برژانگە نەرمەكانی بە یەكا دەداو دەڵێ : – نەوت بخوا باشترە لەوەی كە خوێن بخوا.

لای وایە كە ئەگەر ئەم جانەوەرە ئارەزووی خوێنی بنیادەمی هەستێ، خراپ دەقەومێ. سەیری برایم دەكەم. چەند رەنگی زەردە. ئێژی زەردە چەوەی كردووەتە ئاو و لەسەر روخساری خۆی هەڵسووە. پێی دەڵێم :

– نا برایم بەو جۆرەش نیە كە منو تۆ دەڵێین... دەبێ شتێكی دی بێو ئێمە سەری لێ دەرنەكەین.

برایم داوام لێدەكات كە جارێكی دی بیخوێنمەوە. بە زەحمەت دەیخوێنمەوە. سەری برایم بەسەر ملە باریكەكەیەوە دەلەقێ. چاوی ئاوی كردوە. منو برایم سەرمان لەو وشانە سوڕ دەمێنێ كە غەڵەتو پەڵەت دەیان خوێنمەوە. تا ئێستا شتی وام نەبیستوون. خوشكەكەم بە هیچ كلۆجێ قسان ناكات. تەنیا سەیرمان دەكاتو گوێ لە قسەكان رادەگرێ. برایم لە پڕ دەكەوێتە سەر زەوق.

– من حاڵی بووم كە مەسەلە چییە ؟

به سەرسامی سەیری دەکەم: – حاڵی بووی کە مەسەلە چیە ؟

– ئەرێ.

– باشە، بڵێ بزانم چییە.

منجـە مـنج دەکـاتو لـە جێـی خـۆی دەچـەقێت. تەنانـەت تاقـە وشـەیەکیش نـاڵێ. هیچـی هەڵنەکڕاندووە. تەنیا وا خەیاڵ دەکا کە حاڵی بووە. دەمەوێ کاغەزەکان بدڕمو توڕیان بدەم. خوشکەکەم دێتە قسان:

– کاکە خالید، مەیان دڕە، بۆم بکە بە قاقەزقوشی (کۆلارە).

قسەکەی لە خراپ ناچێ. دەتوانم دوو قوش قاقەزی رەنگاو رەنگیان لێدروست بکەم. کە تا حەل حەلەی ئاسمان بچن.

هەڵدەستمو نێو شڕەو پڕەکانی پشت ئاوێنەکە دەگەڕێم. سرێش دەدۆزمەوە. دوواتەکەی دایکم دێنمو دادەنیشم کە کۆلارە بۆ خوشکەکەم دروست بکەم.

***

شەوان لە پێشی پاسکیلەکەی ئەمان ئاقاوە سوار دەبمو دێینەوە بۆ ماڵ. هەندێجاریش زووتر لە ئەمان ئاقا دێمەوەو بە پێ دەکەومە رێ.

ئەگەر چەند ساڵێك لەمەوبەر بووایە. لە رێگادا تووشی عارەبانەیەك یان ترومبیلێك بووایەم، لە پشتەوە خۆم پێدا هەڵدەواسی. بەڵام هەنووکە شەرمم بە خۆیە.

نیوەڕۆ ئەمان ئاقا کەبابی بازاڕی کڕی. بەشەکەی منی خستە توێی نانێکەوەو دایە دەستم. خۆشی لەگەڵ (مش سەهۆڵ فرۆشو جان محەمەد) دانیشتو خواردیان.

نیوەی کەبابەکەم بە نانێکی چەورەوە خواردو نیوەکەی تریشم بۆ جەمیلە هەڵگرت. ئەمڕۆ بە پێ هاتمەوە بۆ ماڵ.

– جەمیلە وەرە کەبابم بۆ هێناوی. کەبابە پێچراوەکە لە توێی رۆژنامەکەوە دەردێنم. کەبابەکە ساردەوە بووەتەوەو مەییوە. دنیا خەریکە سارد دەبێ. دایکم تەماشام دەکات. پێی دەڵێم کە ئەو کەبابەم لە کوێ هێناوە.

لەگەڵ جەمیلەدا کەبابەکە گەرم دەکەینەوە دەچین لە ژوورەکەی بابە دادەنیشین.

دایکم بوخچەی جلەکانی لە دەوری خۆی هەڵڕشتووە تا جلی گەرم دروستو پینە بکات. پایز لە نیوەدایە،. کە ئەم زستانە بگاتە سەر جەمیلە دەبێ بە هەشت ساڵان.

پەردەی نێوان ژوورەکان لا دەدەم تا تیشکی لامپاکە ژوورەکەی بابم روونـاك بکاتـەوە. کە بابم لێرە بوو لامپایەکی بە تەنیا بۆ خۆی دادەگیرساند تا (انوار) بخوێنێتەوەو یا (جەوهەری) یان بۆ نموونە (اسرار قاسمی) بخوێنێتەوە. ئێمەش فانۆسێکمان بۆ خۆمان دادەگیرساند. بەڵام ئێستا یەکێك بۆ هەموومان بەسە. جا خۆمان چەند کەسین؟

لەسەر فەرشەکەی بابم دادەنیشینو پەتۆکە دەدەین بەسەر قاچماندا.

جەمیلە پارووەیەك کەباب دەخوات، منیش خوڵك دەکات : – بخۆ کاکە.

– نا جەمیلە، ئەمە بەشی خۆتە. من نیوەڕۆ خواردم.

– ئاخر منیش نیوەڕۆ شلەو برنجم خوارد.

لەسەرسامی دا چاوم ئەبڵەق دەبێ : – شلەو برنج؟

لەوساوە کە کاری بابم کز ببوو و تا ئەو کاتەی کە بابم رۆیی بۆ کوێت، کە بیست رۆژ دەبێ رۆییوە، جگە لە پیازاو، ناوساجی، پەڵوڵەو هەندێ جاریش پاچە گشت بەیانییەکیش جگە لە نانو چای چی دیمان نەخوارد بوو.

– جەمیلە لە کوێ شلەو برنجت خوارد؟

جەمیلە پەنجەی دەخاتە سەر لووتی.

– وس کاکە خالید، با دایە نەزانێ.

سەر لە قسەکەی جەمیلە دەرناکەم. دەپرسم.

– دایە نەزانێ کە ئەوڕۆ تۆ نیوەڕۆ شلەو برنجت خواردووە؟

دەنگی جەمیلە ئەوەندە نزمە کە بە زەحمەت دەبیسترێ.

– خوێشی لەوێ بوو، خۆیشی بینی.

– باشە ئەدی بۆ دایە...

خێرا وەڵامم دەداتەوە.

– گوتی کە بە تۆ نەڵێم.

– ئاخر جەمیلە لە کوێ شلەو برنجتان خوارد؟.. بۆ نابێ بە من بڵێی.

جەمیلە پاروەکەی قووت دەداو دەڵێ:

– لە ماڵی سەرۆکی سەربازخانە.

تەماشای دەکەم. ئێژی هەست بە تاوانێکی گەورە دەکات. دایکە گوتوویەتی کە نابێ من پێ بزانم، بەڵام دڵە چکۆلەکەی جەمیلە بەرگەی رازپارێزی ناگرێ.

– بەیانی کە تۆ لەگەڵ ئەمان ئاقادا چووی بۆ چاخانە، منو دایکم چوین بۆ ماڵی سەرۆکی سەربازخانە.. لە شەقامی تیمسار.

– جەمیلە بۆ چوون بۆ ئەوێ؟

– چووین تا دایە چەرچەفەکانیان بشۆرێ.

ئەبڵەق دەبم. لە دەرگای نێوان دوو ژوورەکەوە سەیری دایکم دەکەم کە لەبەر لامپاکە دانیشتووەو درومان دەکات. چەپکێك لە گێسوی کەوتوتە سەر گۆنای. بە سیما جەحێل دەنوێنێ. بەڵام گۆناکانی داتەکیوە. رۆشنایی لامپاکە نیوەی رووی روناك کردووەتەوە. لێوی کەمێك شۆڕ بووەتەوە، وەك بڵێی خیشی کردبێ. چاوی دیار نین. بە قووڵا چوونو رەش دەکەنەوە. دەنگی دەبیەم. بە هێمنی گۆرانی دەڵێ:

ئەگەر دەمزانی ئەم رۆژگارەیە

تلیاکم دەخوارد وەك شیری بەر دایە.

یەکەمجار نییە کە ئەم گۆرانییە دەڵێ، بەڵام یەکەمجارە کە ئەوەندە دڵم دەسووتێنێ. هەر کە بابم رۆیی بۆ کوێت، بۆ رۆژی پێنجەم دایکم سوراحییە مسییەکەی خستە ژێر عەباکەی و چوو بۆ بازاڕی مزگەرەکان و فرۆشتی تا خەرجیی چەند رۆژێکمانی پێ دابین بکات.

کتیرییەکە هاتۆتە کوڵ، دایکە، ئاو دەکاتە قۆرییەکەوە. چەندی حەز لە چایە، بە چایەوە بەندە.

– ماندوێتی بنیادەم لە دین دەردەکا.. چاوی بنیادەم دەکاتەوە.

تەباخەکە کز دەکا. قۆرییەکەی دەخاتە سەر.

– جەمیلە تاکەی لەوێ بوون؟

– تاکو عەسر کاکە خالید، ئاخر تۆ نازانی چەند چەرچەف بوو...

تا دەتوانێ باڵەکانی دەکاتەوە.

– ... یەك دنیا.

دایکە پیاڵە چایەك هەڵدەگرێ و لە دەمی نزیك دەکاتەوە. لەبەر رۆشناییە زەردەکەی لامپاکەدا دەستەکانی سپی دەچنەوە، ئێژی ئاوساویشن.

– باشە جەمیلە کە نیوەڕۆ هات شلەو برنجیان دانێ، وانییە؟

– نۆکەرەکەیان داینێ.. بەڵام دایکە نەی خوارد. بە درۆ گوتی کە بە رۆژووە. گوتی نەزری کردووە کە رۆژانی دوو شەممەوان رۆژی بگرێ.

لە ژێر پەتۆکەوە دێمە دەرێ. جەمیلە مەچەکەم دەگرێ.

– بۆ کوێ کاکە خالید؟

بۆ هیچ شوێنێ ناڕۆم.

پاروەکە لە دەمە چکۆلەکەی جەمیلەدا دەوەستێ

– پێی نەڵێی ها.. ئەگینا شەڕ دەکا.

چاوەکانی پڕن لە پاڕانەوە... دادەنیشم.

– پێی ناڵێم... بەڵام بڵێ بزانم. تۆ لەوێ چیت دەکرد؟

– هیچ کاکە خالید. هەر بەدیار دایکمەوە دانیشتم و سەیرم کرد هێندە دانیشتم لاقم هاتنە ژان. بەڵام دەزانی کاکە؟

– چی؟

– کاتێ کە ژنەکەی سەرۆکی سەربازخانە هات بزانێ دایکم چۆن چەرچەفەکان دەشوا، تەماشای منی کردو ئەوجا چوو کراسێکی سووری هێنا کە دەتووت تۆزێ بۆ من گەورە بوو، و دایە دایکم و گوتی ئەمە بکە بەر کیژەکەت.

– وەری گرت؟

– نا، کاکە.

– ئێ، ئیتر؟

– دایکم بە ئاسپایی پێکەنی و گوتی زۆر مەمنوونم خانم... ئەوجا بە درۆ گوتی من نەزرم کردووە تا دەساڵی دی جلی سوور نەکەمە بەر کچەکەم.

- پاشان چی بوو؟
- ژنەکەی سەرۆکی سەربازخانە رووی گرژ کردو هیچی نەگوت و کراسەکەی بردو رۆیی.
جەمیلە نان و کەبابەکەی خواردووە. چاوەکانی قورس بوون. دەنگی خەواڵوو بووە.
- بەڵام کاکە خالید بە دایکە نەڵێی کە من ئەمانەم بۆ تۆ گێڕاوەتەوە.
جەمیلە ڕادەکشێ، دەنگی هەناسەی دێ. هێشتا مەچەکم لە نێو دەستیایە. پەنجەکانی خاو دەبنەوە. پەتۆکەی پێدا دەدەم، هەڵدەستم، دەچم لە تەك تەباخەکەوە دادەنیشم.
- چای دەخۆیتەوە؟
دایکمە کە دەپرسێت.
- دەخۆمەوە دایکە.
چام بۆ تێدەکا، کە پیاڵەکەی لە دەست وەردەگرم سەیری دەکەم. بۆ چەند ساتێکی تیژ تێپەڕ نیگامان تێکەڵ دەبن. دایکم سەری دادەخا.
- چییە خالید؟
- دایکە، ئەمڕۆ لە کوێ بوویت؟
دەنگم دەلەرزێ.
دایکم دەست لە درومانەکە هەڵدەگرێ. هێشتا هەر سەری داخستووە.
- جەمیلە پێی گوتیت؟
- کێ بۆ ئەوێی بردیت؟
- خۆم گوتبووم کارم بۆ بدۆزنەوە.
- باشە کێ بۆی دۆزیتەوە؟
- هەر کەسێ بێ بۆ تۆ چ فەرقێکی هەیە؟
- دەمەوێ بزانم دایکە.
دایکم دەست بە کار دەکاتەوە
- غوڵام... کوڕەکەی پورە رەعنا.
لە داخا سوخت دەبم.
- کوڕەکەی پورە رەعنا؟
دەنگی دایکم هێمن تر دەبێ.
- خۆ کارێکی خراپم نەکردووە رۆڵە. سواڵم نەکردووەو کارکردنیش عەیب نیە. تا بابت لە کوێتەوە پارەمان بۆ دەنێرێ، خۆ دەبێ مشورێکی خۆمان بخۆین.
پیاڵە چایەکە لەسەر زەوی دادەنێم، قین و داخ بینی گرتووم.
- خۆ چەند رۆژێ سەبرت دەکرد تا ئەمان ئاقا رۆژانەکەی دەدامێ و ئەوسا هەموویم دەدا بە تۆ.
چاوانی دایکم دایك دەبرسکێنەوە. چاکەتە زستانیەکەی من کە بە دەستیەوەیەتی دادەنێ و مەچەکم دەگرێ و بۆ لای خۆیم ڕادەکێشێت.سەرم دەخەمە سەر سینگی، تەوێڵم ماچ دەکات. دەنگی دڵی گوێم پڕ دەکات. ئەوجا دوو دڵۆپە ئەشکی گەرم دووا بە دووای یەك دەتکێنە سەر

گۆنام. دەستی دایکم دەگرم‌و دەی نێم بە روومەتمەوە. دەستی پیرەڵۆك بووە. بۆنی سابوونەکە خۆشە.

***

چاخانەکەی ئەمان ئاقا لەسەر سێ ڕیاناکەی بەندەرە، هەموو جۆرە خەڵکێ رووی تێدەکا. کرێکارانی ترومپاخانە کە خۆیان لە کار دەدەزنەوە، جێیان چاخانەکەیە. ڕێبوارانی ڕەوتەنی تا ترومبێلیان چنگ دەکەوێت دێن دوو پیاڵە چای دەخۆنەوە. شۆفێرانی دیزل‌و نەوت کێشەکان بەر لەوەی بەرەو جادەو پێچەکانی باکور. یان جادە گەرمەکانی بەندەر بکەونە ڕێ، لەبەر چاخانەکەدا دەوەستن. هەندێجار بە پێوەو هەندێجار بە دانیشتنەوە نیو پەرداغێ چا دەخۆنەوە. هەندێجار هەندێ لە شوفێرەکان، قاوەڵتی بەیانیانیش لە چاخانەکەدا دەخۆن.ئەوجا نێرگەلەیەکی بەسەردا دەکەن‌و دەکەونە ڕێ. لە ماوەی ئەم تەنیا مانگەدا ئەوەندە خەڵکی جۆر بە جۆرم لە چاخانەکەی ئەمان ئاقادا دیتووە کە بۆ هەموو عومرم بەسە.

ئەمان ئاقا لە چاخانەدا، ئەوەندە روو خۆش‌و دەم تەڕو بە کەیفە کە لەگەڵ ئەمان ئاقاکەی ماڵەوەدا بە تایبەتی کە بەر دەبێتە گیان بلورخان ئەرزو ئاسمانی فەرقە.

– عەنکەبوت، دوو چا بۆ ئەو مێزە بەرە.

– سەرچاو ئەمان ئاقا.

عەنکەبوت وەختێ کە مەستی تیاك بێ، خۆی بە تەنێ فریای گشت کارەکان دەکەوێ.

– ئەمان ئاقا، نێرگەلەکەی من چی لێهات؟

– خالید، باپیرەکەمی، زووتر نێرگەلەکە سازبکە.

– بەسەر چاو ئەمان ئاقا، هەر ئێستا.

لە چاخانەکەدا چاوی ئەمان ئاقا هەمیشە شادن. لێوی ناسك‌و کشاوی هەمیشە بە خەندەن. ئەم مانگە، هیچ کاتێ ڕێك نەکەوتووە کە ئەمان ئاقا بە توندی قسان لەگەڵ یەکێکدا بکات.

ئەمان ئاقا زۆر شتی فێر کردووم. بۆ نموونە فێری کردووم کە چۆن شەکر شکێن بگرم‌و کەللە شەکرو ورد بکەم.

– سەیرکە خالید... بەم جۆرە کە تۆ دەی شکێنی هەمووی ورد دەبێ. پێویستە شەکر شکێنەکە بەم جۆرە بگری‌و ئەوجا بە یەك کەرەت.. تەق! گشت کلۆ شەکرەکانی ئەمان ئاقا بە قەد یەکن.

ئێستا فێر بووم کە پێنج پیاڵە چای بە یەك دەست هەڵگرم، فێر بووم کە نێرگەلەکە ساز بکەم. فێر بووم کە بەبنی پیاڵەو ناوەندی ژێر پیاڵەکە زرینگە زرینگ بە پیاڵە بکەم.

چاخانەکەی ئەمان ئاقا چوار گۆشەو گەورەیە. ساباتێکی گەورەی لە بەردەمدایە بۆ هاوینان. لە ناوەوەی چاخانەکەدا سێ ژوور هەیە. یەکێکیان عەمارە، عەنکەبوتیش لە یەکێکیاندا دەخەوێ‌و یەکێکیشیان چۆڵە کە ئەمان ئاقا جارجارێ لەگەڵ دۆستەکانیا لەوێ عەرەق دەخۆنەوە یان تلیاك دەکێشن. دوو فەرشی لوڕی (١٨) سێ بە سێ لەم ژوورەدا ڕاخراون، چەرپایەیەك‌و دەستێ نوێنیشی تێدایە! ڕۆژی عەنکەبوت لە دەمی دەرچوو کە هەندێ جاران ئەمان ئاقا ئارەزووی هەستێ، شەو دەنێرێ بە شوێن (مهین جی جو)دا کەبێ بۆ چاخانەکە تا لە کۆتایی شەوا کاتێ کە

مشتەرییەکان دەڕۆن، لە ژوورەوە لەگەڵیا ڕابوێرێ. وێنەی ئافرەتێکی نیوە ڕووت کە خراوتە چوار چێوەوە بە دیواری ژوورەکەدا هەڵواسراوە.

پێدەچێ دیسان جان محەمەد لە سەرکارەکەی تورابێو فیراری کردبێ، کاسکێتە خاکیەکەی خستۆتە ژێر باڵیو خەریکە لە دەرگای چاخانەکە دێتە ژوورەوە. جان محەمەد زۆری دڵ بە سمێڵەکەی خۆشە. هەمیشە مەقەستو ئاوێنەیەکی لە گیرفاندایە. هەرکە دانیشت، یەکەم کاری ئەمەیە کە ئاوێنەکە دەربێنێو سەیری سمێڵی بکات. پاشان ئەگەر پێویست بکا، مەقەستەکەش دەردێنێ.

– جان محەمەد دەبێ ڕۆژی دەجاران سمێڵی چاك بکات.

– ئەوەندە خزمەتی دەکا، ئێژی بەری بۆ دەگرێ.

جان محەمەد تورە دەبێ، پاشان کە ڕووبەڕووی پێکەنینەکەی ئەمان ئاقا دەبێتەوە، سارد دەبێتەوە.

جلی کارکردنەکەی(بەدلە) جان محەمەد کەمێ دەڵبە. نیلییەکی تۆخە. بەڵام لە چەوریو ڕۆنا ڕەش دەچێتەوە. ئەمڕۆ تیلماسکێکی سپی، بە پانیو درێژی دوو قامکان بەسەر سینگی جان محەمەدەوەیە. تا دوێنێ ئەم تیلماسکە سپیە بە سەر سینگی جان محەمەدەوە نەبوو، ئێژی شتێکیشی لەسەر نووسراوە. دێتو لاقی ڕاستی لە ژێر خۆی دادەنێو لەسەر تەختی چاخانەکە دادەنیشێتو ئاوێنەکە لە گیرفانی دەردێنێ. عەنکەبوت چای بۆ دەبا. من بە بەردەمیا ڕەت دەبمو سلاوی لێدەکەم. لەسەر تیلماسکەکە نووسراوە (دەبێ پیشەسازی نەوت خۆماڵی بکرێ). ئەو کاغەزانەم بیر دەکەونەوە کە بۆ جەمیلەم کردن بە قاقەزقوشی. ئەمان ئاقا لەسەر دەخیلەکە هەڵدەستێو دێ تا سەر بخاتە سەر جان محەمەد. هاوڕێی یەکن. هەندێجار پێکەوە فراڤین دەخۆن. ئەگەر ئەو ڕۆژەی کەبابی بازاڕیان هەبێ دەچنە ژووری سێیەمەوەو لەگەڵ نیوەڕۆژەکەیا عەرەقیش دەخۆنەوە. بەڵام نازانم چۆنە کە بەم هەموو دۆستایەتییەوە ئەمان ئاقا حەز دەکا سەر بخاتە سەر جان محەمەد.

– ئێژی تۆش لەم تیلماسکانەت بەسەر سینگتەوە کردووە؟

جان محەمەد سەر سمێڵی با دەدا.

– بۆ نەء؟

ئەمان ئاقا بە ئاسپایی دەدا بە شانی جان محەمەدا.

– بەڵام بەم قسانە وازی بە کلکی شێر ناکرێ.

جان محەمەد دەسبەجێ دەڵێ:

– شێرەکە ئیدی پیر بووە بابە... کوتو کوڵکەکەی هەڵوەریوە.

نازانم باسی کام شێر دەکەن. هەر مەعلومیش نیە کە تیلماسکە سپی یەکە چ پێوەندییەکی بە (شێر)ەوە هەیە.

ئەمان ئاقا لە تەك جان محەمەد دادەنیشێو دەڵێ:

– بەڵام فیل بە مردوویی و بە زیندویی هەر بە سەد تمەنە.

سەر لە قسەکانیان دەرناکەم. قسەکانی جان محەمەد وەکو ئەوانەیە کە لەسەر ئەو کاغەزانە نووسرا بوون. ئەو کاغەزانە دەڵێم کە رۆژە قەرەباڵغەکە لە مەیدانەکە کۆم کردنەوەو کردمن بە قاقەزقوشی بۆ خوشکەکەمو چ لەنگەرێکیشی لە ئاسمانا گرت.

کە لێوە ئەستوورەکانی جان محەمەد لێك دەترازێن، ددانە گەورەکانی دەکەونە دەر. دەنگی گرە، بەرزو نزمی نیەن. یەك هەوا قسە دەکات.

– ئیدی تەواو بوو. زەمانی تاڵان کردن بەسەر چوو، شێرەکە دەبێ کلکی بدا بە کۆڵاو برواو گۆڕی گوم کا. ئێستا هەموو شتێ خاوەنی هەیە.هەموو شتێ حسێب و کتێبی هەیە.

جان محەمەد بە قسەکانیا دیارە کە بە دڵ قسان دەکات و لێیان ژێوان نابێتەوە. چونکە کە قسان دەکا دەمارەکانی لا ملی هەڵدەستن و شین دەبنەوە.

ئەمان ئاقا مەبەستی ئازار دانی هەیە.

– ئاقڵ، ئێمە هێشتا دەرزییەکمان بۆ کون ناکرێ.

جان محەمەد دەهری دەبێ. دڵنیام ئەگەر هاوڕێ نەبوایەن هەڵدەستایە گیان ئەمان ئاقا و بە دەستە زبرەکانی خەفەی دەکرد.

ئەمان ئاقا لە قاقای پێکەنین دەدا. هەڵدەستێ و دەچێ لەسەر دەخیلەکەی دادەنیشێ. جان محەمەد چا دەخواتەوە. ئەوجا دەست بە سمێڵیا دێنێ و ئاوێنەکە دەخاتەوە گیرفانی و نێرگەلەکەم لە دەست وەردەگرێ.

– خالید تۆ گوێ لە قسەی ئەم ئاقایە نەگری ها، زۆر دواکەوتووە. دەنگی ئەمان ئاقا دێت.

– لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هێشتا هەر لە کونی دەرزی داین.

نەوت کێشێکی سەوز باو لەبەر چاخانەکەدا دەوەستێ. شوفێرەکە دێتە ژوورەوە، ئەمان ئاقا نێرگەلەیەك.

شوفێری نەوت کێشەکەش تیلماسکێکی لە بەرۆکی داوە. ئێژی ئاشنایەتی لەگەڵ جان محەمەد دا نیە. چونکە تەنیا سەیرێکی یەکدی دەکەن و بزە بۆ یەك دەکەن. شوفێرەکە دەچێ لە شوێنێکی دیدا دادەنیشێ. تا عەنکەبوت چای بۆ دەبا، نێرەگەلەکەی بۆ حازردەکەم.سەکنەکەی نەهاتووەتە ژوورەوە. سەیری نەوت کێشەکە دەکات. رەنگە گریسی بکات یا ئاو بکاتە رادێتەرەکەیەوە. ئێستا من ئەم شتانە باش دەزانم، حەز دەکەم سەر لە کاری سەکنەکەش دەربکەم. یانی دەمەوێ بزانم تیلماسکی لە بەرۆکی داوە یان نا.

– ئەمان ئاقا، چا بۆ سەکنەکە بەرم؟

ئەمان ئاقا بەکەیفە

– بۆی بەرە کوڕم.

پیاڵە چایەك لە عەنکەبوت وەردەگرم و لە چاخانەکە دەچمە دەرێ. نەوت کێشەکە لە ژێر ساباتەکەیە .دەڕوانمە بەڕۆکی سەکنەکە. (پێویستە پیشەسازی نەوت خۆ ماڵی بکرێ) دەبێ لێی بپرسم. دەبێ سەر لەم قسەیە دەربکەم. باشە ئەگەر بابایەکی سەکن لەم تیلماسکانە بە

بەرۆکییەوە بدرویٚ، بۆ منیش نەیدرووم، بۆ برایمو حەسەنۆکو ئومێد نەی درون. بۆ خالق و چینووق وگشت منالانی گەڕەك نەیدرون؟ لە سەکنەکە دەپرسم.

– ئەریٚ ئەمە چییە لە بەرۆکت داوە؟

سەکنەکە تەماشام دەکات. چاوەکانی خەواڵوون، سوورن، ئاوساویشن. ئێژی بە درێژایی شەوی ڕابردوو نەخەوتووە. دەنگیشی خەواڵووە.

– خوێندەواریت هەیە؟

– ئەی چۆن؟

– کەواتە بیخوێنەوە.

– خوێندمەوە... بەڵام ماناکەی چیە؟

سەکنەکە بە پارچە پەڕۆیەکی کۆن دەستەکانی دەسڕیٚو دەڵیٚ:

– مەعلوومە ئیدی... مانای ئەمەیە کە دەبیٚ پیشەسازی نەوت خۆماڵی بکریٚ.

دیسان لێی دەپرسمەوە کە یانی چی.

پیاڵە چایەکەم لە دەست وەردەگریٚ. کڵۆ شەکرەکە دەخاتە دەمییەوەو بە گوپی پڕەوە دەڵیٚ:

– یانی ئەوە کە ئینگلیزەکان کلکیان لە گەڵۆزیان بنەن و بقوچێنن.

تومەز مەبەستی جان محەمەد لە (شێر) ئینگلیزەکانە.

بەسەرسوڕمانەوە لە سەکنەکە دەپرسم:

– ئینگلیزەکان؟

– ئەریٚ... ئینگلیزەکان.

وردە وردە خەریکە هەندیٚ شتم دەستگیر دەبیٚ. ئەمان ئاقا گازم دەکا.

– کە ئینگلیزەکان ڕۆییشتن، ئیدی چی؟

سەکنەکە پیاڵە بۆشەکەم دەداتە دەستو لە ژێر نەوت کێشەکەدا درێژ دەبیٚ.

– ئیدی؟... مەعلوومە ئیتر... نەوت دەبیٚ بە ماڵی خۆمان..

دیسان ئەمان ئاقا گازم دەکا، ئەگەر مۆڵەتم بدا دەپرسم کە بۆچی دەبیٚ ئینگلیزەکان بڕۆن. دەپرسم کە ئاخۆ ئینگلیزەکان لە وڵاتی ئێمەدا چیدەکەنو دەپرسم کە نەوتی ئێمە چ پێوەندییەکی بە ئینگلیزەکانەوەیە. ئەگەر دەرفەتم بدا زۆر شت دەپرسم. یانی هەرچییەك بە ئەقڵما بێت. بەڵام ئەمان ئاقا پەیتا پەیتا گازم دەکا.

– وا هاتم ئەمان ئاقا.

دەچمە چاخانەکەوە

– وەرە نێرگەلەیەك ساز بکە.

هەمیشە تەشتیٚ توتنی خوساو ئامادەیە. هەموو ڕۆژیٚ کە بەیانی لە پێش پاسکیلەکەی ئەمان ئاقاوە سوار دەبمو دێم بۆ چاخانە، یەکەمین کارم ئەمەیە کە تەشتەکە پڕ لە توتن بکەمو ئاوی شیرتێنی بەسەردا بپرژێنم. تەشتە توتنەکە تا نیوەڕۆ تەواو دەبیٚ. بۆیە دوای نیوەڕۆ هەمان کار دووبارە دەکەمەوە.

دنیا سارده. ئەمڕۆ بۆ فراڤین تاس کەبابیمان هەیە. بۆنەکەی هەموو چاخانەکەی پڕ کردووە. بلورخانیش لە ئەمان ئاقاوە فێر بووە کە بە هەمان تامو لەزەتو بۆنەوە تاس کەبابی لێ بنێ. نێرگەلەکە ساز دەکەم.

– بۆ کێیە ئەمان ئاقا؟

دەنگی جان محەمەدە:

– بیارەی بۆ ئەگرە.

پرسیاری ناوێ. جان محەمەد هەمیشە دوو نێرگەلە لەسەر یەك دەکێشێ.

نێرگەلەکە بۆ جان محەمەد دادەنێمو دەمەوێ بچمە دەرێو لەگەڵ سەکنەکە قسان بکەم. بەڵام تا من دەکەومە خۆ بچمە دەرێ. سەکنەکە لەگەڵ دوو کەسی دیدا دێتە ژوورەوە. ئێژی رێبوارن. هەردووکیان بۆخچەیان پێیە. سەکنەکە قسانیان دەگەڵ دەکا، پێشی نەوت کێشەکە چوار کەس پتر دەگرێ. چایان بۆ دەبەم. بە قسەکانیانا دیارە کە نیازی کوێتیان هەیە.

مانگێ زیاترە کە بابم رۆیشتووە. هێشتا نامەی نەناردووە. تەنیا هەفتەیەك دوای رۆیینی نەبێ کە پۆڵا هات گوتی بە سەلامەتی گەییووە.

لە پەنجەرەکەی چاخانەکەوە ئاسمان دیارە. لێرەو لەوێ پەڵە هەور بەری ئاسمانی گرتووە. هەوری توندی پایزی سەر کەنداو ئەگەر ببارێ رێژنەیەو کاتێکت زانی لە چاو تروکانێکا لافاوێکی وا هەستاوە کە هەموو کەپرەکانی ژوور ترومپاخانەی سێیەمی ڕاماڵیوە. ئەمڕۆ دنیا بە تەواوی سارد بووە، سەرماکە کزەی زستانی پێوەیە. بنیادەم حەز دەکا بچێتە گڕی گازەکانەوە کە ئێژی لە عەردەوە هەڵدەقوڵێن و وەکو ئەژدیها گینگڵ دەدەنو دەبۆڵێنن. ئەگەر کاتێ بای شەماڵ بێ لرفەلرق مەشخەڵەکان دەگاتە چاخانەکە. ئەگەر دنیا هەتاو بێ رەنگیان لە رەونەق دەکەوێ. بەڵام وەختێ وەکو ئەمڕۆ هەور بێ. نارنجی دەنوێننو شەوان جوانتر دەبن.

دوو کرێکاری ترومپاخانەکە کە خۆیان دزیوەتەوە دەستیان خستووەتە گیرفانیانو خۆیان کووڕ کردۆتەوە، لە دەرگای چاخانەکە دێنە چوورەوە.

جان محەمەد دیسان ئاوێنەکەی دەردێنێو سەیرێکی سمێڵی دەکات. کاسکێتە خاکییەکەی دەکاتە سەری، لە چاخانەکە دەچێتە دەرێ.

***

نامەی بابم هاتووە (٤٨) رۆژی رێکە چووە بۆ کوێت. وەختێ بابم رۆیی بۆ کوێت شەوانمان زۆر خەمناك بوون. هێشتا بۆنی ئەو بە ژوورەکەیەوە ماوە. لەسەر فەرشەکانی ڕادەکشێم. بۆنی توتنەکەی لووتم پڕدەکا. ٤٨ شەوە جێگاکەی چۆڵە. کاتێ کە پێکەوە دادەنیشین، ئێژی سەدای نوێژ کردنەکەی دەژنەومو ئێژی لە ژوورەکەی خۆی لەسەر بەرماڵ دانیشتووەو وێردو درود دەخوێنێ.

نامەی بابم هاتووە (... شوکور بۆ خوا، ئەمڕۆ رۆژی نۆیەمە کە کار دەکەم...) نامەکە یەك هەفتە بەڕێوە بووە. کەواتە ئەمڕۆ شازدە رۆژە کە بابم کار دەکا، چاوی دایکم دەبریقێتەوە، بریقەی فرمێسکە،. دنیا سارده. لە دەوری مەقەڵی دانیشتووین. "غەریبیتان دەکەم، تەمەنی سەفەر

کورتە..." بۆنی چای کوڵیو خۆشە. ژوورەکە گەرمە، گەرمای مەقاڵییەکەو تەباخەکەو لامپاکە تێکەڵ بوون.

دایکم چا تێدەکا. کە بابم لێرەبوو، شەوانی درێژی پایزو شەوانی ساردی زستان کە تاقەتی هەبووایە باسی ژیانی خۆی دەگێڕایەوە. باسی ئەو دەمانەی کە هەر بە منالی هەتیو کەوتووەو ئەرکی خێزانەکەیانی کەوتووەتە ئەستۆو پاشان کە چۆن بووە بە شاگرد ئاسنگەرو گەلێ بیرەوەری دی کە چەند بە سەختی ژیان قەتاندووە. ".... رۆژانەکەم چاکە، رۆژی ٢٥ رۆپێ..."

دایکم حیساب دەکا...

– هەر روپێیەك دەکاتە ١٨ ریاڵ...

خۆشحاڵە، پێ ناکەنێ. بەڵام خۆشحاڵە،... بە چاویا تێدەگەم، بە لێویا کە هەڵنەقورتاوە.

شیومان خواردووە. جەمیلە چاوی بڕیوەتە دەمم ".... خەمتان نەبێ جێی من باشە. ئاسوودەم.." دایکم هەناسەیەك هەڵدەکێشێت. "... هیچ کاتێ نوێژەکانتان فەرامۆش نەکەن. کە پارەم وەرگرت بۆتانی دەنێرم تا قەرزەکان سووك بێن.." چاوانی جەمیلە خەواڵوون. دەنگی رادێوکەی ناسر دوانی حەوشەکەی پڕ کردووە. هەر کاتێ پاتریەکانی بگۆڕێت، تا ٢–٣ رۆژ ئەمە حاڵمانە.

بلورخان دێ بۆ ماڵمان، کیسەیەك ناوکە کولەکەی بە دەستەوەیە.

– ئەمشۆ هەمدیس چووە بۆ عارەق خواردنەوە.

بلورخان لە تەك منەوە دادەنیشێت. لەو ساوە کە لە چاخانەکەی ئەمان ئاقادا کار دەکەم، ئیژی حەز ناکەم دەست بۆ بلورخان بەرم. هەمیشە ئەمان ئاقام لەبەر چاوە.

– راکە کوڕم نێرگەلەیەك بۆ ئەوێ بەرە.

چاوە چکۆلەکانی ئەمان ئاقا پێکەنینیان لێدەباریێ.

– راکە کوڕم پیاڵە بۆشەکان کۆ بکەرەوە.

دایکم ئێژی هەستی کردووە. رووی خۆش بە بلورخان نادا. جەمیلە قاپێکی پەل دێنێ. بلورخان ناوکە کولەکەکەی تێدەکات، بلورخان بە شێوەیەك دانیشتووە کە ئەژنۆی لە ئەژنۆم چەسپیوە، پێموایە ئەمشەویش یەکێکە لەو شەوانەی هەر کە ئەمان ئاقا هاتەوە، بە قامچی بکەوێتە وێزەی بلورخان. هەر شەوێ کە لە دەرەوە عارق بخواتەوە ئەگەر لە بەرەبەیانیشدا بووبێ هەر دەبێ بلورخان دارکاری بکا.

ناوکە کولەکەکە سوێرو بە تامە. هەر ئەمان ئاقا دەزانێ ئەم ناوکە کولەکانە لە کوێ بکڕێ. دایکم چا بۆ بلورخان تێدەکا. لە پڕ دەنگی برایم تێکەڵ بە دەنگی رادێوکەی ناسر دوانی دەبێ رادێوکەی لە دەنگ دەکەوێ. فریادی برایم تیژو زیقنە. نەخێر دەنگی گریانی حەسەنۆکیش دێ.

دایکم هەڵدەستێو دەچێتە دەرەوە. بە دوایا دەڕۆم. هەموو دراوسێکان هاتوونەتە دەرەوە.

دایکم بازووی حەسەنۆك دەگرێ.

– ئەوە چییە حەسەنۆك.. چی بووە؟

گریان ئەوکی حەسەنۆکی گرتووە.

– دایکم... دایکم مرد.

تیشکی کزی فانۆسەکە، دیوارەکانی ژوورەکەی رەحیم ولاخداری تاریك و روون کردووە.. حەسەنۆك و برایم بە نێو ژنەکانا دێنە ژوورەوە. حەسەنۆك خۆی بەسەر لاشەی دایکیا دەدا. سەنەم هەڵی دەستێنێتەوەو دەیباتە دەرێ، پاشان دێو برایمیش دەبات.

رەحیم ولاخدار سەبیلەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەردێنێ. بۆ کیسە توتنەکەی دەگەڕێ. دووبارە سەبیلەکەی دەکاتەوە بەبەر پشتێنەکەیا، ژنەکەی رەحیم ولاخدار لەسەر گازی پشت راکشاوە. لێفەکەی ژێری گرمۆڵە بووە. باڵەکانی بەملاو بەملای لەشیا کەوتوون. پێستی لەشی زەرد دەچێتەوە. دەماری دەستەکانی شین هەڵگەڕاون. قژەکەی تێك رژاوە. داوە سپیەکانی زۆرتر بووە.

رەحیم ولاخدار پشتێنەکەی لە پشتی دەکاتەوە. سەبیلەکەی دەکەوێتە سەر زەوی. پشتێنەکەی ئاوەڵا دەکاتەوەو دەیدا بەسەر جەستەکەدا. دایکم کە دەبینێ لە سووچی ژوورەکەدا وێستاوم، دێ دەستم دەگرێو لە ژوورەکە دەمکاتە دەرێ.

– بچۆ بۆ لای جەمیلە.

لە ژوورەکەی رەحیم ولاخدارا بۆنی هەموو شتێك تێکەڵە. بۆنی دەرمان، بۆنی ئارەقەی لەش، بۆنی خۆراکی سووتاوو تەنانەت بۆنی میزیش.

دێمە دەرێ. دنیا ساردە، کزەیە. شەپۆلی سەرما لە درزی جلەوە رێی خۆی دەکاتەوەو دەچزێ بە لەشا. خواجە تۆفیق و کەرەم عەلی و ناسر دوانی و هاپۆ بەندەر لە دەوری یەکدی وێستاون. ئافاق، حەسەنۆك و برایمی بردووەتە ژوورەکەی خۆیان. بانۆ لەبەر دەرگا وێستاوە.

خواجە تۆفیق خۆی لە عەبایەکەوە پێچاوە. هاپۆ بەندەر ملیوانی کۆنە ساقۆ سەربازییەکەی هەڵداوەتەوە. پاڵتۆکەی ئەوەندە درێژە دەگاتە ئاستی قولە پێی. سەرە چکۆلەکەی لە نێو ملیوانی ساقۆکەدا گوم بووە. هاجەر، منداڵە جیقن و دەغەزارەکەی لە ئامێز ناوەو لەبەر ماڵی محەمەد میکانیك وێستاوە. لە سەرما هەڵدەلەرزێو لەگەڵ ژنەکەی محەمەد میکانیکا دەدوێ. دەنگیان ناژنەوم، بەڵام کە لەبەر دەرگاکە وەستاون و تیشکی چراکە لە رووبانی داوە، دیارە کە لێویان دەجوڵێ. بەردەم هەموو ژوورەکان روناکە. دنیا زۆر تاریکە، ساردیشە. دەنگی شەمەندەفەرێکی باری دێت، کە لە بەندەرەوە هاتووە. دەبێ سەعات (١١) بێ. محەمەد میکانیك لە دەرگای حەوشەوە دێتە ژوورێ. بە دەوری حەوزەکەدا دەسوڕێتەوەو دێتە پێشەوە. هەندێ رۆژ ئەگەر شەفتی ئێواران بێ، شەو درەنگ دێتەوە. تا لە بیری ژمارە پێنجەوە بگاتەوە شار، بەلای کەمەوە یەك سەعاتی پێدەچێ. کە دێتە پێشترەوە، سەیر دەکەم تیلماسکێکی بە بەرۆکەوەیە. دەڵێی دەنگی جان محەمەد لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

– ئیدی سەردەمی تاڵان کردن بەسەر چوو.

جان محەمەد سمێڵی با دەدا.

– ئێستا هەموو شتێ حیسابی خۆی هەیە. ئیدی برسێتی و تینوێتی نەما. ئێستا کوێخای خۆمانین.

بلورخان لە ژوورەوە هاتووەتە دەرێ. لەگەڵ جەمیلەدا لە کەنار مەقاڵییەکەدا دانیشتووە.

– توبی خوا باسی مردوو مەکە، تێك دەچم.

هەر کاتێ تاقەتم هەبێو بمەوێ سەر بخەمە سەری باسی مردووان دەکەم، بەو کەلەشە زەلامەیەوە دەکەوێتە پاڕانەوە.

– بێنە دەمت ماچ بکەم.

بە ئاسپایی دەکێشێت بەسەر سینگما.

– خالید تۆ زۆر خراپ بوویت.

و بزە دەکا.

پێم سەیرە بنیادەم بەم تەمەنەوە لە مردوو بترسێ.

– خالید بچۆ ژوورەوە.

دایکمە کە لە ماڵی رەحیم وڵاخدار هاتۆتە دەرەوە.

– ئێستا دەچم دایکە.

– زووتر بڕۆ کوڕم... سەرمات دەبێ.

تەنیا دەنگی پڕمەی وڵاخەکان دێ، حەوشەکە کپو بێدەنگە. ڕەحیم وڵاخدار لە ژوورەوە دێتە دەرێ. سەرگەردانە، پەرێشانە.

– تەواو بوو.. تەواو بوو.. یەکێك بڕوا بە دووی مردوو شۆڕا.

خواجە تۆفیق دەڵێ:

– لا الە الا اللە.

و ئەوجا دەڵێ:

– ئێستا مردوو شۆڕ نیە تاکو بەیانی.

دیسان خواجە تۆفیق دەڵێ:

– لا الە الا اللە.

محەمەد میکانیك دەڵێ:

– بۆ نییە؟

هاپۆ بەندەر دەڵێ:

– شارەوانی تەعتیلە.

کەرەم عەلی دەپرسێ:

– تا بەیانی بۆن ناکا؟

دەنگی گریانی برایمو حەسەنۆك بەرز دەبێتەوەو لە ژوورەکەی ماڵی خواجە تۆفیقەوە دێنە دەرێ. رەحیم وڵاخدار بە دەوری خۆیا دەسووڕێتەوە.دەکێشێ بە رانی خۆیا.

– ئەدی چ خاکێك بەسەرا بکەین؟

خواجە تۆفیق دەڵێ:

– لا الە الا اللە

کزە بایەکی سارد لە سەربانەوە خۆی بە حەوشەدا دەکا. هاپۆ بەندەر پتر خۆی لە پاڵتۆکەیەوە دەپێچێت. کەرەم عەلی بەرەو ژوورەکە دەچێ.

لووتی خواجە تۆفیق ئاوی کردووە. لای ژووری کۆترەکان و ئاودەستەکە تاریک تاریکە. جەماعەتێك بە بەر دەرگای حەوشەدا رەت دەبن. مەلایەك لەپێش جەماعەتەکەوەیەو کابرایەکی کورتە باڵای لۆکس بە دەست لە پێش مەلاوەیە. تیشکی لۆکسەکە لەناو حەوشە دەدات و بۆ چەند ساتێك ناو حەوشەکە تەواو رۆشن دەکاتەوە. پشیلەیەکی رەش لەسەر ژووری کۆترەکان هەڵتووتاوە. دەمەوێ بڕۆم پشیلەکە دەرکەم. دایکم مەچەکم دەگرێ و بەرەو ژوورەکە دەڵەکم دەدا.

– گوتم بۆ ژوورەوە.

بلورخانم جەمیلەی گرتووەتە باوەش و پشتی بە دیوارەکەوە داوەو مەقاڵییەکەی راکێشاوەتە پێشەوە. رەنگ لە رووی بلورخان نەماوە. بووە بە جاوی سپی. هەر کە لە کەنار مەقاڵییەکەدا دادەنیشم، شتێك وەکو دەنگی بابم لە گوێما دەزرنگێتەوە کە بە دەنگی بەرز تەزبێحات دەکات.

– سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله...

ئەگەر دڵم تەنگ نەبوایە بێگومان سەرم دەخستە سەر بلورخان

– خالید وەرە پێشترەوە.. وەرە لای منەوە دانیشە.

دەنگی بلورخانمە کە ئێژی لە بنی بیرەوە دێ.

– لە کنم دانیشە خالید، گیانم تەزیوە.

دەستی دەگرم، ئێژی سەهۆڵە. لە تەنیشتی دادەنیشم.

– لەشی تۆ چەند گەرمە خالید.

گەرم دادێم، دڵم بە توندی لێدەدا.

***

دایکی حەسەنۆکمان بەخاك سپارد. برایم و حەسەنۆك پەرێشان بوون، دەنگیان نووساوەو چاویان سوور هەڵگەڕاوە. دایکم وریایی کردن و نەیهێشت بێن بۆ سەر قەبران. پێش نیوەڕۆ بوو کە ترومبێلە فریشقەکەی شارەوانی هات و داکی حەسەنۆکی برد. لە بیرمە کە ئەم ترومبێلە جاران هی قەسابخانە بوو. چوار رێزە قولاپ بەبن میچەکەیەوە بوو کە لاشەی مەڕیان پێوە هەڵدەواسی و دەیان هێنا و دەیاندا بە قەسابەکان. پاشان رەشەگرانە تێ بڵاوبووەوەو خەڵکی شارەکەمانی درووێنە کرد. ئەم ترومبێلەیان دا بە شارەوانی تا لاشەکان لە شەقامو کۆڵان و پشت کۆڵانەکان خڕ بکەنەوەو بیخەنە ناو ترومبێلەکەوەو بیان بەن بۆ گۆڕستان. ئەوە پێنج ساڵ پترە کە مردوو گوێزەرەوەی شارەکەمان هەر هەمان ترومبێلی فریشقەیە.

– دەی خێراکەن زوو سەری خەن.

هەموو هەر شوفێرەکە دەناسن. شەوانی موحەڕەم لە مزگەوتی (بو شهر)یەکان سرووودی دەخوێندەوە. لەسەر کورسیەك دەوەستاو دەستەی لە خۆدەران لە دەوری کۆ دەبوونەوە. دەنگی حەبیبە رەش ئەوەندە خەمناکە جەرگ دەکا بە کەباب.

(ئەی نەوجەوانی مەزن
ئەی زادەی لەیلا
لە دوای تۆ ئەی مەزڵوم
تف لە دنیا)

دیسان دەنگی حەبیبە رەش بوو.

– خێرا کەن سێ مردووی ترم بە دەستەوەیە کە دەبێ تا نیوەڕۆ بیان بەم بۆ گۆڕستان.. ئەمە گەر زیاد نەکەن.

شوفێری مردوو گوێزەرەوەکە ئەسمەرێکی تۆخە. کورتە باڵایە. گۆناکانی گۆشتن. دوو ددانی زێڕیشی هەیە.

کە جەنازەکەیان لە دەرگای حەوشە دەبردە دەرەوە، لێوی حەبیبە رەش دەجوڵا، وا بزانم فاتیحای دەخوێند.

کە مردوو گوێزەرەوەکە رۆیی، هەمووان بەرەو سەر قەبران کەوتنە رێ. دایکم گوتبووی بڕۆم بۆ چاخانە، کەچی نەچووم. تێکەڵی خەڵکەکە بووم و چووم بۆ سەر قەبران.

دایکی حەسەنۆکمان لە کەنار گۆڕەکەی جەعفەر خشت بڕەوە بە خاك سپارد، لە پشت گومەزێکی بەردینەوە کە هەمیشە چەند نیوە مۆمێکی کوژاوەی لە ناودایە. گۆڕەکەی داکی حەسەنۆك هەر پانزە شەقاوێك لە گۆڵاوەکەوە دوورە. ئاوی مردوو شۆرخانەکە دێت و راست دەڕژێتە ئەم گۆڵاوەوە.

خواجە تۆفیق لە پێشی پێشەوە وەستاوەو ئێمەش هەموو لە دوایەوە. نوێژی مردووانمان کرد. رەحیم وڵاخدار دەرکی گۆڕەکەی گرت. ئەوجا خاکمان کردە سەری و گۆڕەکەمان پڕ کردەوەو نیشانەیەکمان لەسەری دانا، تا ئەگەر رەحیم وڵاخدار دەستی گەیی، ٢٠٠ کەرپوچێکی بۆ بێنێ و ناسر دووانی لە ڕای خوا گۆڕەکە هەڵبەستێ.

رەحیم وڵاخدار لە بیری پرسە دانان دایە. مەهدی بەقاڵ دوکانەکەی داخستووەو لەگەڵمانا هاتووە بۆ سەر قەبران.

– جگەرەی تازییەکەی خۆم دەیدەم.. چما هەمووی چەند دەکا؟

حەبیب نانەواش هاتووە.

وەختێ دەمانویست لە گۆڕستانەکە دەرچین و بێینەوە، سەیرمان کرد جەنازەیەکیان بە شیوەن و گریانەوە دەهێنا. ئەو ژنە گەنجەی کە لەپشت جەنازەکەوەیە بە جۆرێ دەموچاوی رنیوەتەوەو قژەکەی دەسکەنە کردووە کە پتر لە جانەوەرێك دەچێ وەك لە ئادەمیزاد.

دنیا سارده. خۆم لە نیو کۆتەکەمەوە ئاڵاندووەو، بەڵام نازانم سەرما لە کوێوە هاتووەتە لەشمەوە. پشتم تەواو ڕچیوە. رەحیم وڵاخدار لە پێش هەموومانەوە رێ دەکات. ئێژی کووڕ بووەتەوە. خواجە تۆفیق لە نێو چاکەت و پانتۆڵە دەڵبەکەیا ون بووە. ژنان نەهاتوون بۆ سەر قەبران.

– جەنازە بەرێ کردن و سەردانی نەخۆش بۆ ژن حەرامە.

بابم لە حاجی شێخ عەلی دەپرسێ:

– ئیدی چ شتێ لە ژن حەرام کراوە؟

حاجی شێخ عەلی شان لەسەر سەرینەکە دادەداو قسان دەکات.

– فەرمانرەوایی گشتی و داوەری و راوێژکردنیش، لە ژن حەرامە؟

بابم قسەکانی حاجی شێخ عەلی دووبارە دەکاتەوە تا لە بیری بمێنێ.

– ماچ کردنی حەجەرول ئەسوەد، تەوافی میان سەفاو مەرواو چوونە ناو بەیتیش لە ژن حەرامە...

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، سەنەم لەگەڵمان هاتووە بۆ سەر قەبران و ئەوەتا بە لۆقە لۆق لە دووامانەوە دێ.

هەر کاتێ لەگەڵ داك و بابما چوومە بۆ شوێنێ، هەمیشە دایکم لە دووامانەوە بووە. جارێ نەبووە تەنانەت شان بە شانیشمان بڕوات.

– دایکە بۆ ئەوەندە دووا دەکەوی؟

– کوڕم، ژن دەبێ هەمیشە لە دووای پیاوانەوە بڕوات.

– بەڵام دایە وەکو من بیستوومە، دەبێ ژنان لە پێشەوە بن.

دایکم دەڕوانێتە دوڕ چاوم.

– نا رۆڵە ئێمە زۆر جیاوازین لەوانە .

پێ دادەگرم تا بە باشی حاڵی ببم کە مەسەلەکە چۆنە.

– ئاخر چ جیاوازیەکمان هەیە دایە؟

دایکم خۆی دەرباز دەکا

– خەتایە؟

بەڵام من بە ئاسانی دەسبەردار نابم.

– خەتایە؟

دایکم تەنگاو بووە.

– خەتا، نا... بەڵام ئەمە داب و نەریتمانە.

سەر لە قسەکانی دایکم دەرناکەم. بە هیچ جۆرێ ناچنە ئەقڵمەوە.

یەکێك لە دواوە گازم دەکا. کە ئاوڕ دەدەمەوە شەفەقە. دەوەستم، کە دەمگاتێ دەست دەخاتە سەر شانم.

– ئەوە لە کوێی لاوۆ؟

تا ئێستا هیچ کەسێك بانگی نەکردووم (لاوۆ) تەنانەت باوکم و دایکیشم.

– بچکۆل نێرگەلەیەك بۆ ئێرە بێنە.

– بەسەر چاو کاکە... هەر ئێستا.:

– ئاخر هێشتا تۆ بچکۆلەی، هێشتا زۆرت ماوە سەر لەم شتانە دەرکەی.

– بەڵام من (١٥) ساڵانم کاك حەبیب. من ئیدی منداڵ نیم...

- بچکۆل لەگەڵ تۆمە.
- خواجە تۆفیق لەگەڵ منتە؟
- وەرە بزانم بچکۆل.
- ئێستا دێم وەستا ناسر.

هەست دەکەم کە لە پڕ گەورە بووم. هەر لە یەکەم رۆژانی ئاشنا بوونم لەگەڵ شەفەقدا، ئەم هەستەم لا دروست بوو.

- ئەوە تۆ لە کوێی لاوۆ؟
- هەر لێرەم.
- کە لێرەی، ئەدی بۆ ئیدی سەرت نەدام؟

بیست رۆژێ دەبێ کە سەرم لێی نەداوە.

- خۆ پێم گوتیت.. کە دەچم بۆ چاخانەکەی ئەمان ئاقا. لەوێ کار دەکەم.
- ئەدی ئێستا لە کوێ بوویت؟

مەسەلەکەی بۆ دەگێڕمەوە.

- گوتت ژنی کێ مردووە؟

ئاماژە بۆ رەحیم وڵاخدار دەکەم کە تەواوێك دوور کەوتووەتەوە.

- ئەو پیاوەی کە دەستی بە پشتی سەریەوە گرتووە.

پێکەوە دەکەوینە ڕێ. هەست بە گەرمی دەستی دەکەم لەسەر شانم

- دەتوانی ئەمڕۆ لای رۆژئاوا سەرم لێبدەیت؟
- دێم.

خوا حافیزی دەکات:

- بیرت نەچێ، بێیت.

پێش کەوتوون، پێ هەڵدەگرم. پێیان دەگەمەوە. هەموویان لە ژێر لێوەوە فاتیحا دەخوێنن. شەقام بۆرە. هەور بە تەواوی بەری ئاسمانی گرتووە. لەسەر دیوارە گلە رێکەکان، بە رەنگی شینو بە ڕەنگی سوور، هەندێ شت نووسراوە. شتی وەك ئەوانەی کە لە کاغەزەکانی ئەوسادا نووسرا بوون. وشەکان ئەزبەر دەکەم تا ماناکەیان لە یەکێك بپرسم. دەزانم (یەکگرتوو) یانی چی. بەڵام هێشتا ئەم داگیرکەری خوێنمژەم بۆ روون نەبووەتەوە. وشەکان لە مێشکما جێگیر بوون. (یەکگرتوو- سەربەخۆیی- تالانکەران)و چەند وشەیەکی دیکە کە هەموویان وەکو یەکن. وشەیەکی تریش هەیە کە تەنانەت ناتوانم بیشی خوێنمەوە. شتێکە وەکو (ئمپرلیس) یان (ئمپرالیس) زۆر ناڕەحەتە. تەنانەت بۆ خوێندنەوەش نایەتە سەر زمان.

مێگەلە مەڕێ لە پێشمانەوە دێ. تێکەڵی مەڕەکان دەبین. پیرە بەرانێکی بێ تاقەت لە پێش مەڕەکانەوەیە. ئێژی سەرما لێی داوە. ئاو لە کەپووی دەڕوا. لە مەڕەکان دوور کەوتووینەتەوە. هێشتا بۆنی خوریو پشقلی مەڕەکان لە لووتماندایە. هەروەها بۆنی قوڕەسیانی کەنار شەقامەکەش.

کە دەگەینەوە حەوشە، حەسەنۆك و برایم لە ماڵی ئێمەوە دێنە دەرێ و بە گریان و زارییەوە باوەش بە رەحیم وڵاخدارا دەکەن. رەحیم وڵاخدار چاوی نووقاندووە. گرێی قورگی، لەسەر ملە درێژەکەی دێ و دەچێ. دەستی منداڵەکانی دەگرێ و دەیان با بۆ ماڵی خواجە تۆفیق و لە کەنار مەقاڵییەکە دادەنیشن. تا رەحیم وڵاخدار سەبیلێ تێدەکا، بانۆش چایان بۆ تێدەکات و خواجە تۆفیق سەری وافوورەکە گەرم دەکات.

حەسەنۆك و برایم هەنسك هەڵدەدەن. وەکو دوو مەلی سەرما بردوو بەیەکەوە چەسپیون. سەرە زلەکەی برایم ئێژی لەسەر ملە باریکەکەی لەقیوە. رەحیم وڵاخدار قوڕو قەپی کردووە. ئافاق لەگەڵ گەردی بەیانا رۆییوەو هێشتا نەهاتۆتەوە. شێخ شوعەیب هات و بردی. دایکم گازم دەکا.

– خالید، ئەوە نەچوویت بۆ چاخانە؟

دایکم روو گرژ دەکا.

– خالید، تۆ ئەم رۆژانە زۆر گۆڕاوی. هەر گوێ بە قسەی دایکت نادەی.

دەستم دەگرێ و دەمباتە ژوورەوە.

بلورخان و جەمیلە لە کەنار مەقاڵییەکە دانیشتوون. بلورخان رەنگی زرەد بووە.

– چووی بۆ سەر قەبران؟

– بۆ مردوو شۆرخانەکەش چووم.

بلورخان، دەپەشۆکێت.

– باسی مەکە خالید... بەسە.

هەوەڵجار رێیان نەدابووم، بەڵام خۆم دزی بووەوەو چوو بوومە مردوو شۆرخانەکە.

– دیتم کە چۆن شۆردیان

بڕیارم داوە کە سەر بخەمە سەر بلورخان. دەمی بلورخان داچەقیوە. دەستی بە دەمییەوە گرتووە. چاوی ئەبڵەق بوون.

– تەنانەت ئەوەشم بینی کە چۆن لەگۆڕەکەدا لەسەر دەستی راست خەواندیان.

دایکم توڕە دەبێ. دانیشتووەو خەریکە پەرێمزەکە دادەگیرسێنێ.

– خالید بیبڕەوە، ناو جەرگت بە ئاو بێ.

کڕ دەبم. جەمیلە لە خۆڕا دەکەوێتە گریان. دایکم ژیری دەکاتەوە. لێوم تەواو هەڵقورتاوە. چاوم هەر لە دایکمە. بە ئەسپایی قسە دەکا.

– ئاخر کە دەبینی بلورخان ئەوەندە دەترسێت، نابێ ئەم شتانە باس بکەیت.

لە کەنار مەقاڵییەکە دادەنیشم. حەزم نەدەکرد دایکم بەو جۆرە لەبەر چاوی بلورخان قسەم لەگەڵ بکات. دەڕوانمە بلورخان. چاوی ئەبڵەق بووە. لێوی تەتەڵە دەکا. ئێژی بووراوەتەوە. رەنگی دەڵێی جاوی سپیە. دایکم گاز دەکەم. واز لە پەرێمزەکە دێنێ و دێت مەچەکی بلورخان دەگرێ.

– چیتە بلورخان؟

بلورخان وڕێنە دەکا، قسە ناکا، لە ناکاو دەکەوێتە نزگرە.

– خوا کوێرت کا خالید بزانە چیت بەسەر ژنی خەڵکی هێنا.

سەرم لە بلورخان سوڕ دەمێنێ. ژنێ بەم زلییە؟ خۆ مردوو ئەوەندە بەسام نیە. ئەگەر بلورخان جەعفەر خشت بڕی دیبا چی دەکرد؟

– بابە، جەعفەر خشت بڕ بۆچی خۆی کوشتووە؟

– چما بنیادەم تا چ رادەیەك بەرگەی برسێتی و بێکاری و خەم و خەفەت دەگرێ؟

دەموچاوی جەعفەر خشت بڕ شین شین ببووەوە. دەمی کرابووەوە. زمانی ئاوسا بوو و لە نێوان ددانەکانیا گیر ببوو.

– یەعنی پیاو وای لێدێت لە دەست برسێتی و بێکاری بەڵایەکی وا بەسەر خۆیا بێنێ؟

– ئیدی جەعفەر ئەمەی کرد.

پەتەکە لە گرێی قورگیا ختم بوو بوو. لە بن میچی ژوورەکەوە شۆڕ بوو بووەوە. دەتگوت باڵای درێژتر بوو بوو.

– بەڵام جەعفەر نەدەبوو ئەم کارە بکا.

محەمەد میکانیك بوو کە قسەی دەکرد.

– ... یا بەلای کەمەوە دەبووایە خاوەن کوورەکەی،کە ئەم هەموو بەزم و رەزمەی بۆ دروست کردبوو، بکوشتایەو ئەوجا ئەم بەڵایەی بەسەر خۆیا بهێنایە.

بلورخان چاکتر بووە، رەگی کەمێ هاتۆتەوە سەر خۆ، بەڵام لێوی هێشتا دەلەرزێ. کترییەکە هاتۆتە کوڵ. دایکم قەنداغی گەرم بۆ بلورخان تێدەکات. دەستی بلورخان دەلەرزێ، سەیرم دەکا.

– بلورخان من نەمدەزانی کە ئەوەندە دەترسیت؟

قسە ناکا. تەوێڵی نیشتووەتە سەر ئارەقە. قەنداغە گەرمەکە دەخواتەوە، ئەوجا پشت بە دیوارەکەوە دەداو چاوەکانی لێکدەنێ.

دەمە دەمی رۆژئاوایە. خۆر خۆی نیشان دەداو دووبارە ون دەبێ. شاڵە خورییە شەکەریەکەی بابم لە مل دەپێچم.

– دایکە زوو دەگەڕێمەوە.

بە بەر ماڵی غولام عەلی خاندا تێدەپەڕم. پەردەی پەنجەرەکە گۆڕاوە. خالق و چینووق لە بەرانبەرمەوە دێن. خالق نیو گونیە شەکری بە کۆڵەوەیە.

– ئەوە چییە خالق؟

– پەتاتەیە.

خالق، مەهدی بە قاڵی تاڵان کردووە. تا ئاوڕ دەداتەوە، شتێك لەبەر دوکانەکەی رفێنراوە. ئیدی دوو هێلکە بێ. یا چەند پەتاتەیەك، یان چەند سەلکە پیازێ. یا مشتێ مێوژ بێ... بۆ خالق فەرق ناکا کەس لە خالق باشتر مریشك نادزێ، دەڕوا بۆ قەسابخانە، ریخۆڵەیەکی تازەی مەڕ پەیدا دەکاو بەرەو مەیدانی زیندان، کە هەمیشە پڕە لە مریشك و کەڵەشێر، دەکەوێتە رێ. هەندێجار دەچێ بۆ پشت کەپرەکانی قەراغ شەت و جار جارێکیش دەچێ بۆ کەنار زەلکاوەکانی قەراغ شار، لە پاڵ سەرەنوێلکەکانا دادەنیشێ، ریخۆڵەکە کە٣–٤ مەتر پترە، پەرت دەکاو لە

جێی خۆی کزکۆڵە دەکا. تا مریشکێ، کەڵەشێرێ یان بارۆکەیەك بێت و ریخۆڵەکە قووت بدات، خالق سەبر دەکا تا ١-٢ بستی ریخۆڵەکە قووت بدات، ئەوجا گوپی پڕ لە هەوا دەکاو فوو بە ریخۆڵەکەدا دەکا. ئەوەندە فوو بە ریخۆڵەکەدا دەکا لە گەرووی مریشکەکەدا هەڵ دەتۆڤێ و خپی دەکا، ئیدی لەقە فرتێ و باڵەفڕکێ دادی نادات ،چونکە تا مریشکەکە دەکەوێتە خۆ کە خۆی لە ریخۆڵەکە دەربازبکا، خالق پشیلە ئاسا پڕی دەداتێ و ملی دەگرێ و تێی دەتەقێنێ.

- خالق ئەم هەموو پەتاتەیەت لە کوێ هێناوە؟

- ئیدی... وەکو هەمیشە لە مەیدانی بار فرۆشەکان کڕیم.

چینووق پێدەکەنێ. ئێژی هەموو دەموچاوی هەر دەمە. خالق برا بچووکە، بەڵام چینووق سڵی لێدەکاتەوە.

رۆژێکی یەك شەممە بوو کە بابیان مردو بۆ یەك شەممەی داهاتووش دایکیان مرد. هەردووکیان بەڕەشە گرانەتێ مردن. هەر نەشگریان، خەڵکی دەیانگوت حەپەساون. لەم ژوورەی ئێستای محەمەد میکانیکا بوون. رۆژی دوایی لالۆیان هات، شڕەو پڕەکەی کۆکردنەوەو دەستی گرتن و بردنی بۆ ماڵی خۆی. دوو سێ مانگێ لە دارتاشخانەکەی خاڵیان شاگردییان کردو پاشان هەردووکیان دایانە تای بێعاری و بەرەڵای نێو باژێرو کۆڵانان بوون. ئەگەر خالق نەبووایە، چینووق لە برسا دەمرد. خالق، مەهدی بەقاڵی تاڵان کردووە.

- ئەگەر جارەکی دی بەم بەر دووکانەیا ڕەت بی چوارپەلت دەشکێنم.

جینووق جڕتێکی بۆ دەکێشێ. مەهدی بەقاڵ دەهری دەبێ. لە دوکانەکەوە دەر دەپەڕێتە دەرێ و دووی دەکەوێ. خالق، چەند هێلکەیەك دەفڕێنێ.

- هەر پەتاتەت کڕیوە خالق؟

دەزانم کە نەی کڕیوە، هەروا بەدرۆ دەپرسم. خۆشی دەزانێ کە دەزانم

- نەخێر ماسییەکیشە.. بۆ شیوی ئێوارە.

مانگی بیست و پێنج تومەن کرێ ژوور دەدەن. لە ماڵی حاجی بەندەری دان،کە لە خانووەکەی ئێمە گەلێ وڕقاترو داڕوخاوترە.

بەر کتێبخانەی موجاهید قەربالغە. زۆریان رۆژنامەکڕن. لە پشت مشتەرییەکانەوە دەستی سلاو کردن بۆ شەفەق بەرز دەکەمەوە.

بە هەمان شێوە سلاوەکەم دەسەنێتەوەو دەڵێ، خالید وەرە ژوورەوە.

لە بەینی کڕیارەکانەوە ڕێی خۆم دەکەمەوەو دەچمە کتێبخانەکەوە.

- سلاو.

- سلاوت لێبێ دانیشە.

لەسەر تەختێکی پانی دوکانەکە دادەنیشم.

- چای دەخۆیتەوە؟

چاوەڕێی ئەم پرسیارە نەبووم. تا ئێستا هیچ کەسێك بۆ چاخواردنەوە پرسیاری لێنەکردووم. کە لەگەڵ بابمدا چوومەتە چاخانە، بێئەوەی لێم بپرسێت، گوتوویەتی کە چایم بۆ بێنن. کە چووینەتە دوکانی میرزا نەسرولا تەنیا لە بابمی پرسیوە.

– وەستا حەداد چای دەخۆیتەوە؟

– دەخۆمەوە.

ئەوجا گوتویەتی کە بۆ منیش بێنن.

سور دەبمەوە:

– دەخۆمەوە.

هەست دەکەم نەرمەی گوێچکەکانم گەرم داهاتووە.

– پەیمان، بڕۆ بڵێ سێ چای بێنن.

– سێ؟

شەفەق دەڕوانێتە سەعاتەکە.

– دوای تۆزێکی دی یەکێك لە هاوڕێیان دێ.

پەیمان دەڕوا، شەفەق موشتەرییەکان بەڕێ دەکا.

– چاپی تازەی نەهجول بەلاغە هاتووە؟

ئەمە چەندەمین جارە کە ئەم شتە لە کڕیارەکان دەژنەوم‌و چەندەمین جاریشە دەبینم لە بری نەهجول بەلاغە رۆژنامە دەدەنە مشتەرییەکە. من نەهجول بەلاغەم دیوە. بە تایبەتی زۆرم حەز لە فەرمانی حەزرەتی عەلییە،کە بە مالیکی ئەشدەری کردووە، کە باوکم چەندین جار بۆی خوێندومەتەوە. من دەزانم کە نەهجول بەلاغە کتێبەو دڵنیام هیچ پێوەندیەکی بەم رۆژنامانەوە نیە کە سەرووی لاپەڕەی یەکەمیان بەخەتی سوور نووسراوە. پەیمان بە خۆی چایەکان دێنێ. هێشتا چایەکانی بە تەواوی لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکە دانەناوە کە گەنجێکی لاواز دێتە ژوورەوە تەوقە لەگەڵ شەفەق دا دەکا.

ئێمە بە یەکدی دەناسێنێ. خەریکە وردە وردە سەرم لە ناوەکان سوڕدەمێنێ. پندار، پەیمان، شەفەق ، ئەم یەکەش کە تازە ئاشنای یەکدی بووین..

بێدار، سمێڵی نیە، مەعلوومە کە ڕیش‌و سمێڵی تەنك‌و کەم مووە. ئەوپەڕی بیست ساڵان دەبێ. سیماو قەدو قەڵافەتی زۆر نا ئاشنا نیە، ئێژی لە شوێنێ دیومە، بێدار دادەنیشێ، هەر سێکمان چای دەخۆینەوە.

– پێموایە ئێوە دەتوانن بن بە دۆستی یەك‌و دۆستی چاکیش.

شەفەق کە قسە دەکا، خەندە لە لێوی نابڕێ. هەڵبەتە پێکەنین نا، بەڵکو جۆرە بزەیەك کە قسە کردنەکەی شیرین ترو دڵگیرتر دەکات. هەمدیس دەکەومە بیری ناوەکانەوە. حەز دەکەم لە شەفەق بپرسم. حەزدەکەم مەسەلەی نەهجول بەلاغەو رۆژنامەکانیش بپرسم. حەزدەکەم بپرسم کە پندار بۆ زیندانی کراوە. حەزدەکەم مەعنای ئەو وشانەی سەر دیوارەکان‌و نێو کاغەزەکان بپرسم. ئەو کاغەزانەی کە کردمن بە قاقەزقوشی‌و(کۆلارە) چاك بەرز دەبووەوە.

بێدار دەزانێ کە لە چاخانەکەی ئەمان ئاقادا کاردەکەمو دەزانێ کە کەوتووەتە سەر سێ ڕێیانی بە نەدەرو دەزانێ سێ ڕێیانی بەندەر نزیکی ترومپاخانەی ژمارە سێیە. ئێژی شەفەق هەموو شتێکی بە بێدار گوتووە.

– دەتوانی ڕۆژنامە بخوێنیتەوە؟

خۆم ناشکێنمەوە:

– دەتوانم.

شەفەق، یەکێك لەو ڕۆژنامانەی کە لە ژێر کاغەزەوە تاقەت کراون، دەردێنێو دەیداتە دەستم.

– بیخە گیرفانت، دەبێ ئەم ڕۆژنامەیە لە ماڵەوە بخوێنیتەوە.

حەزدەکەم بپرسم بۆچی، کەچی دەپرسم.

– یانی، دەکرێ لە بازاڕدا لە گیرفانمی دەربێنم؟

– بێدار پێت دەڵێ .

دەڕوانمە بێدار، چاوەکانی ڕەشو گەش، ڕەنگی ڕوخساری سپییە.ئێژی خوێنی تێدا نیە. گوێچکەکانی بچووكو زەردەخەنەکەی کاڵە، ئێژی بە زۆر پێدەکەنێ. کە لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو لە من کەڵگەت تر دیار بوو، بەڵام کە لە کتێبخانەکە دێینە دەرێ، دەبینم کە هاو باڵاین. تمەز لە پشتێنەی بەرەو ژوور بەرزە.

بێدار تا بەر دەرگای حەوشە لەگەڵما دێت. خۆشیم بە بێدارا چووە.

***

چاك هۆگری عەنکەبووت بووم، پێنج ساڵە لە چاخانەکەی ئەمان ئاقادا کاردەکات. عەنکەبووت بێکەسە، خۆی دەڵێ:

– خۆمو سێبەرەکەمم.

ڕاست دەکا یان درۆ ئەمەیان پێوەندی بە منەوە نییە، خۆ ئینسانێکی خراپ نیە، کورتە باڵاو لاوازە، شیرەش(١٩) دەخوا. گەر نەشئە بیگرێ باسی بیرەوەریەکانی خۆی دەکا. ئەگەر قسەکانی ڕاست بێ، ژیانێکی ناخۆشی هەبووە. هەشت ساڵ سەربازی کردووە. سێ کەڕەت پتر فیراری کردووەو گیراوەتەوەو سەر لە نوێ بڕاوەتەوە بۆ سەربازی. جارێکیش قەمەی لە فەرماندەی تیپ هەڵکێشاوەو ویستویەتی بیکوژێ. بەڵام سەرباز وەکو کوللە بەسەریا داباریوونو قەمەکەیان لە دەستی سەندووە. لەسەر ئەمەش شەش مانگ زیندانی کراوە. لووتی ئەوەندە زلە یەکەم کەڕەت کەپووی دەبینی، ئەوجا کە لێی ورد دەبیتەوە دەبینی دوو چاویش لەملاو ئەولای لوتییەوە هەیە.لە خوار لووتییەوە دەمێکی زلیش هەیە.

– خالید، من لە جێی بابتم. چاکی تۆم دەوێ.

– مەمنونم عەنکەبووت، زۆر مەمنوونم.

عەنکەبووت سەری کەپوی دەخورێنێ.

– خۆ دەزانی ئەم بەستەیە چی تێدایە؟

بە درۆ دەڵێم:

– نا، عەنکەبووت نازانم.

– کارێکی چاکت نەکردووە، رەنگە تلیاکی تێدا بێ.

– دەزانم کە تلیاك نیە.

وازم لێ نایەنێ. بەستە رۆژنامەکەم خستە ژێر لێفە قەد کراوەکەی عەنکەبووتەوە کە لە عەماری چاخانەکەدایە.خۆزی عەنکەبووت نایزانی.

– عەنکەبووت بە ئەمان ئاغا نەڵێی ها.

عەنکەبووت خەیاڵە. گەر شیرەی خواردبا ئەوەندە سەری لووتی دەخوراند تا سوور دەبووەوە. بە لووت قسان دەکات.

– من هەقم چیە... ئەگەر شتێکیش دەڵێم لەبەر خاتری خۆتە. ئاخر تۆ هێشتا لەوە منالتری کە بتوانی خەڵکی بە باشی بناسیت.

عەنکەبووت بە کەیفو دەماخە. هەرکاتێ بە تاقەت بێ باسی مشتەرییەکان دەکا، ئەمە دەبینی؟... لەو کەسانەیە کە بۆ عانەیەك مەمکی دایکی دەبڕێت... ئەوە دەبینی کە لەوێ دانیشتووەو نێرگەلە دەکێشێت؟...منالٌ بازە.. بەر لەوەی ببێ بە شوفێری دیزل، پاسکیل چی بووە.

عەنکەبووت هەویەی هەموو مشتەرییەکانی لایە.

– جان محەمەد، پیاوی چاکە، دڵی وەکو ئاوێنە بێگەردە. سەیر مەکە کە هەندێ جار توڕەیە... پیاو دەبێ دەروونی پاك بێ.

هەرچەند سەعات یازدە نزیکتر دەبێتەوە، دڵم پتر لێدەدا. بێدار پێی گوتووم کە نابێ کەس بزانێ، بەڵام کە ویستم قایمی بکەم، عەنکەبووت ئاگادار بووەوە.

– ئەمە چییە خالید؟

– هیچ نیە.

– نابێ، هەر دەبێ شتێك بێ.

– ئەوەیە کە دەی بینی.

– بۆ دەیشاریتەوە؟

– قەراره سەعات یازدە یەکێك بێو بیبا.

نیگام دەکا. بەستەکەم لە دەست وەردەگرێو هەڵی دەسەنگێنیو ئەوجا دەیداتەوە دەستم، دەڵێ:

– بیخە توێی لێفەکەی منەوە.

ئاسمان لێڵە. ئەگەر بباریٚ لەوانەیە نەیەت. لرفە لرڤ بڵێسەی لوولە گازەکان دەگاتە چاخانەکە. ئەمان ئاقا لەسەر دەخیلەکە دانیشتووەو مەقاڵییەکەی لە بەردەمدایە. عەنکەبووت بە کەیفە. خۆی فریای هەموو شتێك دەکەوێ. مەگەر چەند مشتەری لێیە؟ بە هەر هەموویان لە بیست کەسێك زیاتر نابن.

بێدار گوتی کورتە باڵایە، دەستی ڕاستی لە مەچەکییەوە تانێو لەپی بە سارغی پێچراوە، سمێلی زەردە، قژی کورتە، پشتی سەری تەختە.

– سەعات یازدە دێت.

دڵە خورپەم پێدەکەوێ، هیچ کاتێ وا نەبووم. ئێژی تێم هاتووتێ.

– بێدار، بەستەکە چی تیایە؟

– تەنیا ڕۆژنامە.

– وەکو ئەوانەیە کە شەفەق دەیانفرۆشێت؟

– فەرقێکی وای نیە.

عەنکەبووت کە خەیاڵ بێ باسی خەڵکی دەکا.

– تۆ هێشتا هەرزەکاریت... دەبێ هەمیشە چاوەکانت بکەیتەوە. من دەبینی کە کەوتوومەتە ئەم حاڵو ڕۆژگارەوە.؟ هەمووی داری خەڵکە بە ڕۆحمەوە.. ئەوە دەبینی کە چوار مشقی لەسەر تەختەکە دانیشتووەو چای دەخواتەوە؟ تەزبێحەکەی دەبینی؟... دەبینی چەند مەزڵوومو سادە دێتە بەرچاو؟ ئەگەر بڵێم بە فێڵێ سەد هەزار تمەنی خستە تەنکەی باخەڵیو یەکێکی تری هەواڵەی زیندان کرد، ڕەنگە باوەڕ نەکەی.

لرفە لرفی بڵێسەی گاز، لە ژێر دەنگی پەیتا پەیتای هەورە تریشقەدا ون بووە. بۆنی باران چاخانەکەی پڕ کردووەو بۆنی زستان لەوە دەچێ کە هەر ئێستا بباریێ.

– عەنکەبووت سەعات چەندە؟

دەڕوانێتە سەعاتەکەی کە ئێژی پینەیە بەسەر مەچەکییەوە.

– یازدە کەم چارەگ.

ئەوجا سەیرم دەکا. چاوەکانی خومار بوونو دەنگی بتەوە.

– بەڵام خالید باش چاو بکەرەوە... بە خۆت دەبینی کە ژیانو خەڵك چ بەڵایەکیان بەسەر من هێناوە؟

باران دەستی پێکردووە، تنوکەکان درشتە.

قسەکانی بێدار وەکو قسەکانی جان محەمەدە.

– قسەی ئێمە تەنیا ئەمەیە کە بۆ دەبێ برسیەکان برسی ترو پارەدارەکان دەوڵەمەند تر بن.

بابم باوەڕی وایە کە خوا رازیقە.

– ئەمانە هەموو ئارەزوو و ویستی خوایە، کە بنیادەم دێتە دنیاوە هەموو ژیانو گوزەرانی لە ناوچەوانی نووسراوە.

باران توند بووە. ئەگەر وا بباریێ، لافاو هەڵدەستێ. لە پەنجەرەکەوە دەڕوانمە دەریێ. کە بارانەکە بەسەر جادە قیرەکەدا دەباریێ ئێژی دوکەڵ لە زەوی هەڵدەستێ.

– عەنکەبووت چەند ماوە ؟

– زۆرت پەلەیە؟

– ده ده‌قیقه. خۆزیا قه‌بوولم نه‌کردبایه، ئه‌گه‌ر هه‌روا ببارێ؟... ده‌نگی بێدار له گوێما ده‌زرنگێته‌وه: دێت، هه‌ر دێت ئه‌گه‌ر به‌ردیش ببارێ هه‌ر دێ. له نزیکی چاخانه‌که‌دا وێستام. ده‌ڕوانمه ئاسمانی ته‌ڵخ.عه‌نکه‌بووت به ته‌کما ره‌ت ده‌بێ.

– خۆت تووش کرد ها.

قسه‌کانی عه‌نکه‌بووت تایبه‌ت به خۆین. وه‌کو قسه‌ی چ که‌سێکی دی نین.

– کاتێ به خۆ ده‌زانی، ده‌بینی کار له کار ترازاوه.

قسه‌کانی بابم وه‌کو قسه‌کانی حاجی شێخ عه‌لییه.

– ته‌نانه‌ت تاقه گه‌ڵایه‌ك، به‌بێ خوا له ده‌ختان ناڕوێ.

قسه‌کانی محه‌مه‌د میکانیك وه‌کو هینه‌کانی بێداره.

– ده‌کرێ هه‌موو شتێك بێته گۆڕین، هه‌موو شتێك

نه‌وتکێشێکی گه‌وره خه‌ریکه له قه‌راغ شاره‌وه به‌ره‌و چاخانه‌که دێت.سه‌وز باوه، فڵچه‌کانی به خێرایی ده‌بزوێن. ئاو له‌سه‌ر جاده‌که هه‌ستاوه.نه‌وتکێشه‌که پێچ ده‌کاته‌وه‌و به‌ره‌و چاخانه‌که دێ. دێته ژێر ساباته‌که‌وه‌و ده‌وه‌ستێ. شۆفێره‌که داده‌به‌زێ، کابرایه‌کی کورته بالای قه‌ڵه‌وه. تیلماسکێکی سپی به به‌رۆکییه‌وه‌یه. سه‌رو گوێلاکی به کلاوێکی خوری ره‌ش داپۆشیوه. سه‌کنه‌که له دوایه‌وه داده‌به‌زێ. ده‌ستی راستی به سارغی پێچاوه، هه‌ناسه‌م سوار ده‌بێ. له سمێڵه زه‌رده‌که‌ی ورد ده‌بمه‌وه. سه‌کنه‌که به زه‌رده‌خه‌نه‌وه به‌ره‌و لای من دێ. پڕ به دڵ حه‌ز ده‌که‌م هه‌ڵێم.ترپه‌ی دڵم له لاجانگه‌کانمه‌وه ده‌نگ ده‌داته‌وه، ده‌بێ ده‌ست پێبکه‌م.ده‌بێ من یه‌که‌م رسته بڵێم. ئه‌گه‌ر قسه نه‌که‌م، به به‌رده‌مما ره‌ت ده‌بێ‌و ئیدی مه‌حاڵه بتوانم قه‌ناعه‌ت به خۆم بکه‌م‌و بچم قسانی له‌گه‌ڵ بکه‌م. که ده‌گاته ئاستم، ده‌نگێك له گه‌روومه‌وه ده‌رده‌په‌ڕێ. ئێژی ده‌نگی خۆم نیه. ئێژی بێداره‌و له بری من قسان ده‌کا.

– ئه‌رێ ناچی بۆ به‌نده‌ر؟

ده‌وه‌ستێ، خۆیه‌تی، بزه‌یه‌کی بۆ ده‌کا. ده‌نگی له گوێمدا ده‌گیرسێته‌وه.

– یه‌کڕاست‌و بێ وه‌ستان تا به‌نده‌ر

قسه له گه‌روما تاساوه. خه‌ریکه ده‌خنکێم. تفه‌که‌ی ده‌مم قوت ده‌ده‌مه‌وه. ده‌نگم گڕه.

– ماندوو نا بیت؟

– وا چاکتره.

ئه‌مجاره‌یان ئاسوده‌تر قسان ده‌که‌م.

– ئه‌گه‌ر ڕێبوارێ بێته سه‌ر ڕێگا؟

– سواری ده‌که‌ین.

سه‌کنه‌که په‌نجه کەڵه‌ی ده‌خاته سه‌ر شانم‌و که‌مێ فشاری ده‌دا، ئه‌وجا ده‌ڕوا له دووری شوفێره‌که داده‌نیشێ. به گورجی به‌ره‌و لای ده‌رگاکه ده‌چم. چایه‌ك له عه‌نکه‌بووت وه‌رده‌گرم‌و خێرا ده‌گه‌ڕێمه‌وه‌و له به‌رده‌می سه‌کنه‌که دای ده‌نێم.

– بیبه بیخه نێو ئوتۆمبێله‌که. ئێستا هه‌ڵده‌ستم‌و قایمی ده‌که‌م.

هەردووکمان بزە بۆ یەکدی دەکەین.

کۆترە کلك سپییەکان ون بوون. وەختی هێلکەکردنیان بوو. پێموایە ئەم کارە کاری برایمە. چاك بێعار بووە. ماوەیەکە گوێ بە قسەی رەحیم ولاخدار نادات. لێی دەپاڕێتەوە کە لەگەڵیا بچێ بۆ کوورەخانە. بەڵام وەکو ئەوەیە کە هەر لەگەڵ ئەویشی نەبێ. ئەگەر بۆی بلوێ دڵ یەشە یا ژانەسەر یا ددان یەشە لە خۆی دێنێو ئەگەر هیچ یەکێك لەم بیانووانە سەری نەگرت، ئەوا لە رووی رەحیم ولاخدار هەڵدەگەڕێتەوە.

– ئەمڕۆ ناتوانم بێم. کە حەسەنۆك دێت ئیدی من بێم چی بکەم؟

حەسەنۆك گوێ ڕایەڵە. سەری دادەخاو سواری ئەسپە سپی دەبێو دەچێ بۆ کوورەخانە. بابیشی سواری ئەسپە بۆر دەبێ.

ئەمان ئاقا دوو کەوی سەربڕاوی داومەتێ کە بیبەم بۆ بلورخان. بە پاسکیلەکەی ئەمان ئاقا تامالەوە دەڕۆم. زینی پاسکیلەکەی ئەمان ئاقا بەرزە، بەڵام کە سواری لاشەکەی ببم بە باشی دەتوانم پایدەر لێبدەم.

پێش نیوەڕۆیە، لە حەوشەدا هەراو بەزمێکە هەر مەپرسە. دوێنێ شەو ئافاق نەهاتەوە بۆ ماڵێ. خواجە تۆفیق پێی ناخۆش نەبوو. چونکە هەندێ جار شەوان نایەتەوە. بە دووی قاچاغا دەچێ، هەندێ جار بە بەلەم و هەندێ جار بە ئەسپ.

دراوسێکان هەموو رژاونەتە حەوشەکەی ئێمەوە. لە دوو کۆڵانی سەرووترو لە دوو کۆڵانی خوارووتری خۆمانەوە هاتوون. موفتیشەکان ئافاقیان لە (باخی شێخ)دا لە کاتێکا لە ماڵی شێخ شوعیبەوە هاتووە، بە پێنج تۆپ کرێم سەتانەوە گرتووە. شەوێ لای خۆیان گلیان داوەتەوەو ئێستاش لەگەڵیا هاتوون کە ماڵەکەی بگەڕێن. بانو وەکو مەلی سەرما بردوو دەلەرزێ، لە قەراغ حەوزەکەدا وێستاوەو خۆی کووڕ کردوەتەوە. پێموایە خەیاڵیشە، ئافاق مێش میوانی نیە. دەستی خستۆتە کەلەکەیو باڵا بەرزەکەی ڕاست ڕاگرتووەو خۆی دەنوێنێ. قژە رەشەکەی کەوتۆتە سەر شانی، عەباکەی بەناو قەدییەوە بەستووە. موفەتیشکان هەموو شوێنەکانیان بە نووکی سەرە نێزە کون کون کردووە. ناو ژوورەکەی خواجە تۆفیق، نوێنەکان، کادینەکەی رەحیم ولاخدارو تەنانەت گونیە تەپاڵەکانی سەنەمیش.

برایم لەسەر بانی کۆترەکان دانیشتووە، ئەژنۆکانی گرتووەتە باوەش، چاوە پڕو پوشاویەکانی لە نێو کاسەی چاویا دەجوڵێن. ئومێد چووە بۆ قوتابخانە. حەسەنۆك چووە بۆ کوورەخانە.

بلورخان لەبەر دەرگای ژوورەکە وێستاوە. بە نێو خەڵکەکەیا دەچم بۆ لای. پاسکیلەکە بەدیواری ژووری کۆترەکانەوە هەڵدەپەسێرم.

– بلورخان، ئەمان ئاقا ئەم کەوانەی ناردووە، گوتی چاکی بکەو ئاو لیموی پێوە بکە بۆ شەوێ.

بلورخان کەوەکان وەردەگرێ، دەستی دەلەرزێ، رەنگی هەڵبزڕکاوە.

– بلورخان بۆ رەنگت پەڕیوە؟

عەینی وەکو ئەو رۆژەی لێهاتووە کە باسی مردووم بۆ کرد. لێوی تەتەڵە دەکا:– هیچ نیە.

دەزانم درۆ دەکا. بێگومان دەبێ شتێ لە ئارادا بێ بۆیە وا رەنگی پێ نەماوە. بە خۆڕایی وا نالەرزێ.

– بلورخان قوربانی دەستت بم، ئەم تۆپە قوماشەم لە ماڵی خۆتانا بۆ هەڵگرە تا سبەینێ .

رووی بلورخان گرژ دەبێ.

– ئەمجارە لێتی وەردەرگرم ئافاق خان. بەڵام چاك بزانە ئەگەر ئەمان ئاقا پێبزانێ دنیام بەسەرا دەڕوخێنێ.

بێگومان شتێك هەیە. سەر دەکێشمە ژوورەکەی بلورخانەوە. چ شتێك نابینم. تۆمەز ئافاق بە خۆڕایی ئەوەندە قسەی سوار نیە. بۆیە بێ باکانە وێستاوەو دەستی خستۆتە کەلەکەی.. بێگومان کوتاڵەکانی لە ژوورەکەی بلورخان دایە. دەمەوێ بچمە ژوورەوە. بلورخان دەستم دەگرێ.

– مەچۆ ژوورەوە خالید.

لێوی سپی هەڵگەڕاوە.

– چ شتێك لە ژوورەوە هەیە بلورخان؟

– وس.

– باشە ئەگەر زۆر دەترسی، من دەچمە کۆڵانەکە تۆش پەنجەرەکە بکەوەو بیدە دەستم کە بیبەم بۆ دوکانەکەی حەبیب نانەوا تا موفەتیشەکان دەڕۆن.

گەرووی بلورخان وشکە، کە قسە دەکا دەنگی دەرنایەت.

– نابێ خالید، نابێ.

ئێستا دڵنیام کە کوتاڵە قاچاخەکان لە ژێر سیسەمەکەی بلورخاندایە.

– کەواتە بەلای کەمەوە خۆت تێك مەدە. ئەگەر مەفەتیشەکان تەماشات بکەن هەموو شتێکیان دەست گیر دەبێ، بڕۆ لە ئاوێنەدا سەیری خۆت بکە بزانە چیت لێهاتووە.

موفەتیشەکان هەموو ژوورەکەی خواجە تۆفیقیان بە یەکا داوە. تا هەنووکە هیچیان نە دۆزیوەتەوە. دەیانەوێ هەوا کێشەکەی سەر دەرگای ژوورەکە کە لە مێژە گیراوە، بکەنەوە. نور محەمەد چاوە گێژەکانی دەبڕێتە هەواکێشەکە.

– نە بابە... گەجەکەی کۆنە، چما نایبینی لە مێژە گیراوە.

ئێستا نێزەکانیان هەڵگرتووەو کەوتوونەتە رێ کە بڕۆن.

لەو ساوە کە هاتن دار خورماکانی پشت ماڵی ئێمەیان بڕییەوەو جۆگە ئاوەکانیان پڕ کردەوە، ئیدی کاری ئافاق ناخۆش بوو. حەشارگەکەی لەدەست دا.

– خوا کوێریان کا... ئیدی حەشارگەیەکمان نیە.

لە دوای بڕینەوەی دارخورماکانەوە، ئەمە جاری حەوتەمە کە ئافاق دەگرن، پێنج جاریان، جەریمەی داو بەرەڵڵایان کرد. جارێکیش یازدە رۆژیان حەپس کرد. خواجە تۆفیق کەوتبووە فەلاکەت بۆ تلیاکەکەی.

ئەگەر ئافاق نەبێ خواجە تۆفیق و بانۆ، بە دوو رۆژ پەکیان دەکەوێ.

– بکەوە ڕێ.

ئافاق عەباکەی لە ناوقەدی دەکاتەوەو دەیدا بە سەریا.

– تۆفیق، بکەوە خۆ کە یەکێك بێت ببێ بە زامنم. بەڵکو دەچی شێخ شوعەیب دەبینی.

ئاو بە کەپووە زلەکەی خواجە تۆفیق دا هاتۆتە خوارەوە. ئێژی دەرفەتی نەبووە کە تێڕوپڕ تلیاك بکێشێت. خواجە تۆفیق دەسڕە یەزدیەکەی لە گیرفانی پانتۆڵە دەڵبەکەی دەردێنێ، لووتی دەسڕێ.

موفەتیشەکان ئافاق دەدەنە پێش‌و لە حەوشە دەچنە دەرێ. دراوسێکان دوایان دەکەون. بلورخان هەناسەیەك هەڵدەکێشێت‌و ڕەنگی دێتەوە سەر خۆ. دایکم گازم دەکاو لێم دەپرسێ کە بۆچی هاتوومەتەوە، منیش پێی دەڵێم. برایم لەسەر ژووری کۆترەکانەوە باز دەدات. پێشی لێ دەگرم.

– برایم، کۆترە کلك سپییەکان..

هێشتا قسەکانم تەواو نەبووە. کە دەڵێ:

– بێگومان گوم بوون، وانیە؟

ئێستا دڵنیام کە کاری خۆیەتی.

– باشە هەڵبەتە تۆ دەزانی لە کوێن؟

شانەکانی هەڵدەتەکێنێ.

– من لە کوێ بزانم؟

دەچێتە لاوە تا بڕوات. بازووی دەگرم. سەرە زلەکەی لەسەر گەردنە باریکەکەی دەلەقێ. دەستەکانی تەپاندووەتە نێو گیرفانی چاکەتەکەیەوە. چاکەتەکە بە بەری دەڵبە، دەگاتە ئەژنۆی، چاوەکانی تەڕن. سەری دەڵێی لبادی ڕەشی چڵکنە.

– بزانە برایم، من ئیدی نامەوێ کۆتربازی بکەم... ئەگەر بتوانی بیان فرۆشیت زۆرت لێ مەمنون دەبم.

برایم دەکەوێتە سەر کەیف، شادی لە دەم‌و لێوی دەنیشێ.

– باشە، ئەگەر مشتەری چاکم بۆ دۆزیتەوە، چی بە من دەبڕێت؟

– لە هەر تمەنێ دوو ریاڵت دەدەمێ.

– باشە.

ڕێك دەکەوین کە کۆترەکان بفرۆشێت، ئاخر بە کەڵکم نایەن. من کە هەمیشە دەچم بۆ چاخانەو دەرفەتی هەڵفڕاندنیانم نیە. خۆ ئەگەر دەرفەتیشم هەبێ، کۆتر بازی بە چ کەڵکم دێ؟

ددانە زەردەکانی برایم دەردەکەون.

– تا شەوێ گشتیان دەفرۆشم. هەر ئێستا دەیانبەم بۆ لای جاسم.

هەمیشە بە ئاواتەوە بووم کە کۆترەکانم وەکو کۆترەکانی جاسم بن. بە تایبەتی جووتە (مسکی)یەکەی کە کاتێ هەڵدەستن‌و دەست بە بەرز بوونەوە دەکەن، چ بەزمێ لە دڵی ئاسمانا بەرپا دەکەن.

– بەڵام برایم، حەزرەتی عەباس لە بەینمانا بێ.

برایم سەرە ژلەکەی دەلەقێنێ.

– حەزرەتی عەباس لە بەینمان بێ.

یەکسەر بەرەو ژوورەوە غار دەداو بە گونیەکەوە دەگەڕێتەوە. لە چاو تروکانێکا دادەنەوێتەوەو خۆی بە ژووری کۆترەکانا دەکا. لە پڕ دڵم دەگیرێ، ژیوان دەبمەوە. وەك بڵێی دڵم نەیت کۆترەکان بفرۆشم. دەمەوێ لە حەوشە بچمە دەرێ. پێم رێ داناگرێ. لە بەردەم ژووری کۆترەکانا هەڵدەتروشکێم.

نێرە (حەبەشی)یەکە لە نێو دەستی برایم دایە. رەشی رەشە، لەپەڕی قەلەڕەش دەچێ. چاوەکانی سوورن. ئێژی سەیرم دەکا، ئێژی غەمگینە، دەنووکی بە ئەندازەی دەنکە گەنمێکی کارونییە. لە ئاسمانا چ حەشرێ دەکا. کاتێ کە خۆی گیڤ دەکاتەوە، کلکی وەکو گسك دەکاتەوەو بە دەوری مێچکەکەیدا دەخولێتەوەو دەبوغێنێ، لە کۆترەکانی جاسمیش چاترە.

برایم نێرە حەبەشییەکە دەخاتە نێو گونیەکە. تۆزێ فڕەفڕ دەکاتو ئارام دەبێتەوە. بوغە بوغ لە گەروویا دەتاسێ. دەنگی خەمناك خەمناکە. دڵم پڕە دەبێ.هەڵدەستم، پشت بە پاسکیلەکەوە دەدەمو برایم گازدەکەم.

دەنگی برایم لە جیکە جیکی خەڕەك دەچێ.

– چیە خالید؟

– وەرە دەرەوە پێت بڵێم.

– بێمە دەرەوە؟

– بەڵێ.

– پەشیمان بوویتەوە؟

دێتە دەرەوە، دەست دەخەمە سەر شانی.

– برایم، پەشیمان بوومەوە، با جارێ بمێنن.

برایم خیش دەکا.

– بەڵام برایم، من هەر لەسەر قسەی خۆمم، یانی کە منو تۆ شەریکین، تۆ دانو ئاویان بدەرێ تا هەر کاتێ فرۆشتمان نیوەی بۆ توو نیوەی بۆ من بێ.

رەنگی برایم روون دەبێتەوە.

– بڵێ بە حەزرەتی عەباس.

– بە حەزرەتی عەباس.

دەست دەخەینە ناو دەستی یەکدی. نێرە حەبەشیەکە لە گونیەکە دەردێنمو بەرەڵای دەکەم. بەستەزمانە بێئەوەی پێ بخاتە سەر زەوی، لە شەقەی باڵ دەداو دەچێ بە حەوادا. شەقەی باڵەکانی خەمی دڵم دەرەوێنێتەوە.

نێرە حەبەشیەکە دەست بە بەرزبوونەوە دەکا. ئیدی خەیاڵم ئاسوودەیە لەوەی کە برایم کۆترەکانم بدزێت.

هەفتەیەك پترە كە ئەمان ئاقا رادیۆی كڕیوە. رادیۆیەكی (جی. ئی. سی)یە كە تۆزێ لە یەخدانێ بچووكترە. بریقەیەكی سەیر دەداتەوە. رۆژی چەند جارێ پاكی دەكاتەوە. قاوەییەكی تۆخە. بلورخان، پارچە حەریری شینی بە تۆڕی سپیەوە درووە كە بیدات بەسەر رادیۆكەدا. رەنگەكەی لە رەنگی رادیۆكە نایەت. لەو ساوە كە رادیۆ هاتۆتە چاخانەكە وەزعەكە بە تەواوی گۆڕاوە. گرامەكە باوی نەماوە. جانتای گرامەكەمان لەگەڵ بڵندگۆ سەوزەكەیدا خستۆتە ژوورەكەی ئەمان ئاقاوە. ئەو ژوورەی كە بەپاڵ عەمارەكەوەیە. ئێستا كرێكارانی نەوت پتر دێن بۆ چاخانەكە تا گوێ لە هەواڵەكانی رادیۆكە بگرن. هەندێ جاریش كە هەواڵەكان تەواو دەبێ.لە دەوری یەكدی دادەنیشن ودەست بە گفتگۆ دەكەن. جان محەمەد لە هەموویان گەرم و گوڕترە. خەریكە وردە وردە سەر لە قسەكانی دەردەكەم. بۆ نموونە هەنووكە دەزانم كە داگیركەر چ مانایەك دەبەخشێتو دەزانم ماناكەی بەو جۆرە نیە كە منو برایم بیرمان لێدەكردەوە. پێكەنینم بە قسەكەی برایم دێ.

– نەوت بخوا باشترە لەوەی كە خوێن بخوا.

بێدار مانای هەموو ئەو وشانەی كە لە دڵی خۆما دام نابوون لە شەفەق یان بپرسم، بۆ شی كردمەوە.

– بێدار نووسراوی سەر ئەو كاغەزانە چ مانایەك دەگەیەنێ؟

بە تاقەت بۆم شەرح دەكا.

– ئەی، ئەوانەی لەسەر دیوارەكان نووسراون؟

دیسان بۆم شەرح دەكات.

قسەكانی سەیرن، زۆریش سەیر نا.. من تا ئێستا لێیان تێ نەگەییووم. دەبێ بە تەواوی هۆشم لای خۆم بێ تا حاڵی ببم كە چی دەڵێ. هەرچەند هەندێ لە قسەكانیشم بۆ دووبارەو سێ بارە دەكاتەوە.

– ئەنجوومەن لە سەرۆكی دەوڵەتی پرسیوە كە بۆ دەبێ ئینگلیزەكان نیوەی پارەی نەوت لە بری باج كەم بكەنەوە؟ سەرۆكی دەوڵەت وەڵامی دەداتەوە، هەقی خۆیانە، دەبێ كەمی بكەنەوە.و ئەوجا گوتوویەتی وا فەرزكەن لە بری پێنج یەك (٢١) كەمی دەكەنەوە.

بە بێدار دەڵێم:

– بەڵام وەك من بزانم، تەنیا نەوەكانی پێغەمبەر بۆیان هەیە پێنج یەك وەربگرن.. خۆ ئینگلیز گاورن.

بێدار، بزە دەیگرێو بۆم شەرح دەكا. بە قسەكانیا بۆم دەردەكەوێ كە سەرۆكی دەوڵەت لەگەڵ ئینگلیزەكاندا رێك كەوتووەو دەستی تێكەڵە.

– باشە بێدار ئەم سەرۆك دەوڵەتە كێیە كە بەمجۆرە تەعەدا دەكاو كەسیش نیە دەرەقەتی بێ.

دیسان قسەم بۆ دەكات تا بە تەواویو دروستی حاڵی ببم.

ئێستا سەر لە قسەكانی جان محەمەد دەردەكەم. خۆ ئەگەر رێك بكەوێ لەگەڵیشی تێكەڵ دەبم.

– جان محەمەد، بیستوومە كە ئینگلیزەكان دەیانەوێ كۆمەكمان پێبكەن.

چاوانی جان محەمەد دەکرێنەوە، چاو دەبڕێتە دوڕ چاوم.

– ئینگلیزەکان؟

و ئەوجا کوتو پڕ قسەکەی دەگۆڕێ:

– کێ ئەمەی بە تۆ گوتووە؟

باوەڕی نەدەکرد کە ئەم قسانە بکەم.

– وەرە پێشەوە بزانم.

دەچمە پێشترەوە.

– هەمیشە ئەوەت لە یاد بێ کە ئینگلیزەکان بەبێ مەبەست فاتیحا بۆ باوکیشیان ناخوێنن.

بێدار مامۆستایە. وەکو من بیرم لێدەکردەوە، کەم تەمەن نیە، یەك دوو ساڵێکە مامۆستایە. سەربازیشی کردووە، واتە ئەفسەری ئیحتیات بووە. تەمەنی لە ٢٤ پترە. بەڵام چۆن سەیری دەکەی روخساری لە ٢٠ ساڵ پتر نانوێنێ. ئەدرەسی قوتابخانەکەیو ماڵەکەیشیم لایە، دەرس بە پۆلی چوارەم دەڵێتەوە. هەر پۆلێك ٧٠ قوتابی پتری تێخزێنراوە.

– بزانە خالید بەپێی یاسا دەبێ هەر پۆلێك ٣٠ قوتابی پتری تیا نەبێ.

جارێك چووم بۆ قوتابخانە کە بی بینم، پێکەوە چووینە پۆلەوە، منداڵەکان وەکو خورما پێکەوە چەسپی بوون. هەندێکیان لە تاقەکەدا دانیشتبوون. هەندێکیان لەسەر عەردەکە هەڵتروشکا بوونو لە بری سێ کەس شەش کەس لەسەر هەر ریحلەیەك دانیشتبوون. وەزعو حاڵی هیچ یەکێکیان لە برایم یان لە حەسەنۆك باشتر نەبوو.

– من هەندێ لەم منداڵانە دەناسم کە بەیانیان بە ناشتا دێن بۆ قوتابخانە یان ئەوپەڕەکەی چایەکی شیرین بە تیکە نانێکی کۆنەوە دەخۆن.هەڵبەتە ئەمەش تەنیا ئەو کەسانەی کە بە حیساب وەزعیان خراپ نیە.

بێدار دەستم دەگرێو لە پۆلەکە دێینە دەرەوە.

– خالید ئەمشۆ وەرە کارم پێتە.

بیرم لای ئەو رۆژانەیە کە دەچوومە قوتابخانە.

– گوێت لێبوو چیم گوت؟

– سەعات چەند؟

– سەعات هەشت.

هێشتا خۆر ئاوا نەبووە کە لە چاخانەکە دێمە دەرەوە، تا بگەمە ماڵەوە خۆر ئاوا دەبێ. شێو دەخۆمو هەڵدەستم. دایکم دەپرسێت.

–بۆ کوێ دەڕۆیی خالید؟

– زوو دەگەڕێمەوە.

دایکم لەبەر لامپاکە دانیشتووەو درومان دەکا، درومانی دایکم کۆتایی نایەت. جەمیلە خەریکە نانو چای دەخوا. دایکم ئێژی نیگەرانە، تا ئێستا کەمتر رێك کەوتووە شەوانە لە ماڵ بچمە دەرێ. تەماشام دەکاتو دیسان سەر دادەخاو دەکەوێتەوە درومان.

دنیا ساردە. رووماەتم دەکزێتەوە. بێدار لە جگەرخانەکەی چلاب دا چاوەڕوانمە. چوار کەس دانیشتوون بە ئیشتیاوە جگەر بە پیازو بیبەری سوێرکراوەوە دەخۆن. بێدار پاروەکەی قووت دەداو دەڵێ:

– وەرە ژوورەوە خالید.

دەچمە دوکانەکەوەو لە پاڵ بێداردا دادەنیشم. دوکانەکە ئەوەندە بچووکە کە پێنج شەش کەس پتر ناگرێ. بەڵام زۆر پاك و خاوێنە. سینی و قاپ و پەرداغەکان لە پاکیدا دەبریقێنەوە. دوکانەکە تەنیا یەك تەخت و دوو کورسی و دوو مێزی بچووکی تێدایە. مێزێکیش لە ژێر مەقاڵی ئاگرەکە دایە. هاڵاوی ئاگرەکە خۆشە. چلاب ئەندام وردیلەیە. سمێڵی بە لا دەمیا شۆڕ بووەتەوە. نیگای تیژەو وەکو دوو پشکۆی ئاگر دەبریسکێنەوە.

ئەویشم دیتووە، لە دەست کەرەوەیی دا ناوبانگی هەیە، گورج و گۆڵە، نەترسە.

– جگەر دەخۆی؟

بێدارەکە دەپرسێ.

– نا، شێوم خواردووە.

گلیمیان بەسەر تەختەکەدا داوە. قەراغی گلیمەکە ناگەتە زەوی. چاوم بە ژێر تەختەکە دەکەوێ، چەند قووتوو بۆیەو چەند فڵچەیەکی لە ژێر دایە.

بێدار ئاگادار دەبێتەوە.

– ئەوە سەیری چی دەکەی؟

ئیشارە بۆ قووتووە بۆیاغەکان دەکەم، بێدار بزە دەکا.

– ئێرە بارەگای هەندێ لە کوڕەکانە، بۆیاغ و فڵچەکانیان لێرە دادەنێن.بۆ ئاخرو ئۆخری شەو. لە هەموو شتێ حاڵی دەبم.

– سەرسام بوویت؟

سەر دەلەقێنم. نازانم سەرسام بووم یان نا. تەنیا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە دەبێ چلاب پیاوێکی کردە بێ. لە بێدار دەپرسم.

– دیارە ئەمانەی کە خەریکن جگەر دەخۆن، هەر ئەوانەن کە دەبێ دیوارەکان بنووسن؟

– نە ء.

بەدڵ نایڵێ ،پێدەچێ بە هەڵە نەچووبم، سەیریان دەکەم، خەریکن بە ئیشتیاوە نان دەخۆن. وام دێ بە خەیاڵا کە خەڵکانی ئیشکەرن.

بێدار جگەرەکەی تەواو کردووە، هەڵدەستێ.

– با بڕۆین.

لێی دەپرسم:

– بۆ کوێ؟

– بۆ هیچ شوێنێ ناڕۆین.

ئامازە بۆ دەرەوە دەکا.

– بۆ ئێرە.

لە دوکانەکەی چلاب دێینە دەرێ. دنیا سارده، نێو دوکانەکە لەبەر هاڵاوی ئاگرەکە گەرم بوو. بێدار جانتایەکی قاوەیی پێیە کە دەستی قورس کردووە. تۆزێ لەولای دوکانەکەی چلابەوە دەوەستێ. هەردووکمان لە پەنای دیوار داین. دنیا تاریکەو کەس لە شەقامەکەدا نیە. قسەکانی بێدار لە گوێمدا دەگیرسێنەوە.

– وا دەزانم کە ئیدی دەتوانم متمانە بە تۆ بکەم.

کەیفم بە قسەکانی دێ. هەستدەکەم کە حیسابی پیاوێکی گەورەم بۆ کراوە. چ شتێ ناڵێم، دیسان دیسان بێدارە کە قسە دەکا.

– دەتوانی ئەوشۆ هاوکاریمان لەگەڵ بکەی؟

دڵم دەکەوێتە لێدان، هەروەها لاجانگەکانیشم لە پڕ گەرم دادێن.

– چ کارێ بکەم؟

کەمێك بێدەنگ دەبێ، ئەوجا زۆر بە هێمنی دەڵێ:

– دەمەوێ سەد بڵاوکراوەت بدەمێ کە بیخەیتە ماڵەکانی سەر شەقامی حکومەتییەوە. لە سەرەتای شەقامەکەوە تا ئاخری قیرتاوەکە.

قورگو مەلاشوو و دەمم وشك بوون. ئێژی ناتوانم قسە بکەم.

– بەڵام خالید نابێ هیچ کەسێك پێبزانێ کە چی دەکەی؟

سەرانسەری شەقامەکە کپە. ناوە ناوە گوڵۆپەکانیش کوژاونەتەوە. زۆربەی شەقامەکە تاریکە. کزەبایەکی سارد دەچزێ بە کرۆکی ئێسقانا. ئەمە مانگێکە کە ئاشنای بێدار بووم. کەمتر شەفەقم بینیوە. واتە کەمتر سەرم لێداوە. بەڵام کەمو زۆر بۆم دەرکەوتووە کە شەفەقو دۆستەکانی کارگەلێ دەکەن، پێناچێ بێ مەلامەت بێ.

– بۆ بێدەنگ بوویت؟

بێدارە کە دەپرسێ.

– ئاخر ئەمانە چین تا هیچ کەس پێنەزانێ.

بە ئاسپایی دەڵێ:

– سەبارەت بە نەوتە.

بێئەوەی بیر لە قسەکەی بکەمەوە دەڵێم:

– زۆر چاکە.. بەڵام بۆ نابێ کەس پێبزانێ.

تێم دەگەیەنێ کە دەوڵەت خۆشی بەم بڵاوکراوانەدا نایەتو ئەگەر پۆلیس بزانێ دەستگیرم دەکاو ئەوجا جێم زیندانە. بیر دەکەمەوە کە دەبێ بێداریش لەم کارانەی کردبێ.

دەنگی بێدارە.

– باشە. چی دەڵێی؟

نامەوێ بڵێم (نە ء). ئێژی حەز دەکەم ئەگەر لە رقی غولام عەلی خانیش بووە هاوکاری لەگەڵ بێدارا بکەم. لە رقی ئەو عەریفە کورتە باڵایەی کە لە پۆلیسخانەکەدا کێشای بە بنا گوێماو

کەوتمو سەرم دای بە دیوارەکەدا. مادامێکی بەمجۆرە متمانەیان بە من کردووە، نامەردییە ئەگەر کۆمەکیان پێنەکەم.

– زۆر چاکە، بێدار، بمدەرێ.

دەستەیەك کاغەز لەجانتاکەی دەردێنێو دەیداتە دەستم.

– بیشارەوە.

بەستە بلاوکراوەکە لەسەر گۆشتی رووتەوە دەخەمە بەر پشتێنەکەمو قۆپچەی نیو کۆتەکەم دادەخەم.

– دەزانی دەبێ کەی دەست پێبکەی؟

لێی دەپرسم کەی.

– دەبێ رێك لە سەعات نۆدا یەکەم بلاوکراوە بخەیتە ماڵی یەکەمەوە. لەسەر شەقامی حکومەتییەوە.

– ئەدی بۆ ئێستا نەبێ؟

– چونکە ئەوانی دیش لە سەعات نۆدا دەست پێدەکەن. دەبێ هەموو پێکەوە دەست پێبکەنو خێرا پێکەوە تەواوی کەن.

– ئەوانی تریش هەر لە شەقامی حکومەتی دان؟

– لە هەموو شەقامەکانی شاردان. تەنیا یەکێکیان لە شەقامی حکومەتی دایەو ئەویش لە ئاخیری قیرتاوەکەوە دەست پێدەکات.

داوای لێدەکەم حاڵیم بکات کە بۆ دەبێ هەموومان پێکەوە دەست پێبکەین.

– ئاخر ئەگەر تۆ زووتر دەست پێبکەی لەوانەیە پێ بزانرێو ئەوانەی کە لە دووای تۆ دەست پێدەکەن، بگرن. بەڵام کاتێ هەموو پێکەوە دەست پێبکەینو پێکەوە تەواوی بکەین، کەمتر دەستیان دەمانگاتێ.

دەستی یەکدی دەگوشن.

– سەرکەوتووبی.

لە بێدار جیا دەبمەوە.

لە پڕ گیانم دەکەوێتە لەرزین. ددانەکانم لەسەر یەك ناوەستن. ئێژی نۆرە تێم گرتووە. بە تەواوی گەرم دادایم. ئەوجا سارد دەبمەوە. ئاو بە لووتما هاتۆتە خوارەوە. لە ئاستی شەقامێکی نیوە تاریکەوە رەت دەبم، دەگەمە چاخانەکەی مورشید، تا سەرووی شەقامی حکومەتی رێیەکی زۆر نیە، بەڵام تا سەرەتای شەقامی حکومەتی (١٠) دەقیقە ڕێ پترە. دەچمە چاخانەکەوە، ناسر دوانی دانیشتووەو نێرگەلە دەکێشێ. هێشتا تەقو تۆقی دۆمینە نەبڕاوەتەوە. چەند کەسێك دانیشتوون، وازی دەکەن، ناسر دوانی گازم دەکا.

– لە کوێ بووی؟

– لە چاخانەکەی ئەمان ئاقاوە دێم.

ئەوجا لێی دەپرسم کە سەعات چەندە، سەیری سەعاتەکەی دەکا.

– نۆ کەم بیست.

لە چاخانەکە دەچمە دەرێ. تا دەگەمە سەرەتای شەقامی حکومەتی چەند جارێ لەرزو تێم دێتێ. کە دەگەمە سەرەتای شەقامەکە ڕادەوەستم. تا چاو بڕکا دەڕوانمە درێژایی شەقامەکە. سەرانسەری شەقامەکە روناکە.تەنانەت تاقە گڵۆپێك نەکوژاوەتەوە. پیاوێکی درێژ بەلاما رەت دەبێ، خۆی کووڕ کردووەتەوە. لێی دەپرسم سەعات چەندە. بەنا بە دڵی دەستی لە گیرفانەکەی دەردێنێ و سەیری سەعاتەکەی دەکا.

– نۆیە.

– نۆی تەواو؟

– دوو دەقیقە کەم.

کابرای درێژ دەکەوێتە رێ. دەبێ تۆزێکی دی دەست پێبکەم. دەسم دەچێتە ژێر نیو کۆتەکەمەوە. ئەوجا دەخزێتە ژێر کراسەکەمەوە. بڵاوکراوەکان سەح دەکەمەوە. دەڕوانمە یەکەم ماڵ، درزی دەرگاکەی وازە، گڵۆپی سەر دەرگاکە هەڵبووە. یەکێك لە بڵاوکراوەکان دەردێنم، قەدی دەکەم.

کابرای درێژ سەد شەقاوێ دوور کەوتۆتەوە. دەکەومە ڕێ، گیانم دەلەرزێ، سەیرێکی دەوروبەر دەکەم و بڵاوکراوەکە لە درزی دەرگاکەوە دەخەمە دالانەکەوەو بە گورجی رەت دەبم.

***

کارەکەم زۆر بە ئاسانی و رەحەتی تەواو بوو، تەنیا چەند جارێ دەنگی پێم ژنەوت. وێستام تا رێبوارەکە دوور کەوتەوەو دووبارە دەستم پێکرد.

خێرا بەرەو ماڵ دەڕۆم. چەند بڵاوکراوەیەك لەبەر دەرگای حەوشەکەماندا کەوتووە. دەکەومە کەڵکەڵەی ئەوە کە یەکێك لە بڵاوکراوەکان هەڵگرم و بیبەم لە ژوورەوە بیخوێنمەوە. لەوساوە کە لە چاخانەکەی ئامان ئاقادا رادیۆ جێی گرامی گرتووە وەزعەکە زۆر گۆڕاوە. مشتەری زۆر تر بوون. بە تایبەتی کرێکارانی نەوت کە ئێژی لە کاتی هەواڵەکاندا دادەبارن.

دایکم هێشتا دانیشتووەو درومان دەکا. لەبەر لامپاکەدا دادەنیشم و بڵاوکراوەکە دەخوێنمەوە.

***

سەنەم، بانۆ و برایمی لە کادێنەکەی رەحیم وڵاخدارا گرتووە.

یەکسەر خۆی بە کادێنەکەدا کردووەو دەرپێکەی بانۆی، کە لە کەناریا بووە، فڕاندووەو هاتووەتە نێو حەوشەو دەرپێ سوورە چڵکنە دەڵبەکەی بانۆی وەکو بەیداغ بە دەستەوە گرتووەو هاواری کردووە کە وەرن برایم بە زاوا بوو.

چەند رۆژە خۆی لێ گرتوون، خوا دەزانێ؟

برایم کە فرسەت دێنێ وەکو تیر بۆی دەردەچێ و دەقوچێنێ. بانۆ دامێنی کراسەکەی دا دەداتەوە سەر ئەژنۆ رەقەکانی و لە کادێنەکەدا هەڵدەتووتێ. خواجە تۆفیق دەشڵەژێ. ئافاق گورگ ئاسا پەلاماری سەنەم دەداو دەرپێکەی بانۆی لە دەست ڕادەپسکێنێ و ئەوجا بە پڕتاو

خۆی بە کادێنەکەدا دەکاو پرچی بانۆ دەگرێو ڕاکێش ڕاکێش دەیباتە ژوورەوە تا دەتوانێ بە مقاش دارکاری دەکات. بانۆ لات کەلام ناکات. تەنانەت ناشگریو پەشیمانیش نانوێنێ.

برایم شەوێ نایەتەوە بۆ ماڵ. چووە بۆ لای خالیقو چینووق. ئێستا ئافاقو سەنەم بوون بە دوژمنی خوێنەخۆری یەکدی. هەرچی بە دەمیا بێ بە سەنەمی دەڵێ.

– نارەسەنی بێ حەیا، بیری چووەتەوە کە وەختێ گەنج بوو هەر ڕۆژەی لە ژێر لنگی چەند نێرەکەرێکەوە دەردەچوو.

سەنەم بۆی دەرکەوتووە کە هەڵەیەکی خراپی کردووە. بۆی دەرکەوتووە کە باری ئافاق نابا. ئێستا مەبەستی چی بوو کە ئەم ریسواییەی دروست کردو خۆی خستە داوی ئافاقەوە،خوا دەیزانی؟

سەنەم پەشیمانە. بەڵام ئافاق دەست بەردار نیە. هەرکاتێ بۆی بڕەخسێ بە بیانوو و بێ بیانوو، تاوێ سەنەم بە قسە دەشواتەوە.

– قۆڕێ ئەوەندە بەلەمچیەکانی سوار خۆی کرد تا مێردە بێ غیرەتەکەی دیقی کردو مرد. ئێستاش هاتووە ناو وناتۆرە بۆ کچەکەی من هەڵدەبەستێ.

هەر چەند سەنەم خۆی لە گێلی بدا هەر بێسوودە.

برایم دەستی داوەتە بەزمێکی دی. شەوان لای خالقو چینووق دەخەوێو بە ڕۆژیش لەگەڵیانا دەچێ بۆ حیزە دزی. پێموایە لەم ڕۆژانەدا ڕێی بکەوێتە پۆلیسخانە.

ڕەحیم وڵاخدار کەوتۆتە سەر خەیاڵی ژن هێنان.

– ئەگەر یەکێك بە دیار حەسەنۆكو برایمەوە نەبێ، خوویان شەڕ دەبێ. بەڵام من پێموایە برایم ئێستاش خووی شەڕە.

– .. جگە لەوەی کە زستان پیاو دێتەوە بۆ ماڵ حەز دەکا ژوورەکەی گەرم بێ، مەقاڵیو ئاگرو دو لە ژووری بێ، کتری کوڵا بێ... حەز لە دوو پیاڵە چا دەکا. خۆ من ناتوانم پینەو پەڕۆ بکەم. ناتوانم قاپ بشۆم.

ژنان کەوتوونەتە چپەچپ.

– ئەیەڕۆ، کچێ خۆ هێشتا کفنەکەی دایکی حەسەنۆك زەرد نەبووە.

– خاکی عالەمم بەسەر... ژوورەکەی هێشتا بۆنی خوێنی ڕەحمەتی لێدێ.

ڕەحیم وڵاخدار لە نیوەشەو بە دوواوە دەڕوا، برایم غافڵگیر دەکاو لە ژوورەکەی خالقو چینووق دەی هێنێتە دەرێ، دەستۆ پێی بە پەت دەبەستێ، دەیدا بە کۆڵیاو دەیهێنێتەوە بۆ ماڵ. وەکو کوندە ئاو بە مێخ زنجیرێکی قەد دیوارەکەوە هەڵیدەواسێو بە شولکە هەنار بەردەبێتە سمتو ڕانی، تا دەجوڵێ دەیجوڵێنێو ئەوجا لێی دەگەڕێ کە تا بەیانی بەو دەقەوە بمێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەم قسانە بە گوێی برایمدا دەچن!

بۆ ڕۆژی دوایی دووبارە، با دەداتەوە سەر بای بەڕە بۆر، هەرکە هێنایە خوارەوە، هەرکە دەرفەت بدۆزێتەوە، تێی دەتەقێنێ، خالقو چینووق هاتم، دیسان سەر لە نوێ دەکەوێتە گەڕان بە شەقامەکانا.

- هاپۆ پاکەتێکی (گرگان "٢٢")م بدەیە.

پاکەتەکە لە دەستی دوکاندارەکە وەردەگرێ، بە ئارامی هەڵیدەپچڕێ‌و جگەرەیەك دادەگیرسێنێ‌و ئەوجا سەری دادەخات‌و دەکەوێتەرێ. دەنگی دوکاندارەکە بەرزدەبێتەوە.

- ئەهای، کورۆ، پارەی پاکەتەکەت نەدا.

برایم ئاوڕ دەداتەوەو زمان لە دوکاندارەکە دەردێنێ. دوکاندارەکە توڕە دەبێ‌و لە دوکانەکە دێتە دەرێ. برایم هەڵدێ، دوکاندارەکە بە جنێودان دووی دەکەوێ. خالق دەغیلەکە دەبڕێ. برایم پاکەتە جگەرەکە توڕ دەداو تێی دەتەقێنێ.

برایم ئیدی بە جارێ لە ڕێ دەرچووە.

ئەو ژنەی کە رەحیم ولاخدار دۆزیویەتیەوە، بێوەژنێکی ٤٥ ساڵانە، ژنان باوو باپیریان کەشف کردووە. باڵا بەرزە، دەموچاو هەڵگرە. دەموچاو هەڵدەگرێ.

- خوا رەحم کا، لەو بێ حەیایانەیە کە مەعلووم نیە چۆن بە داوی مش رەحیمەوە بووە.

- خوشکێ هەر ئەوە نیە کە من‌و تۆ بیستوومانە. دەڵێن قەوێدەشە.

- دە تیاترۆی جووت‌و تاکیشی هەیە.

- دەڵێن سەروەختێ خانووی تایبەتیشی هەبووە.

- رەحیم ولاخدار جووتێ کلاشی تازەو چاکەتێکی نیوداشتی، لە هەڕاجخانە کڕیوە.

***

بابم نووسیویەتی: (... لە کوێت پارە زۆرە بەڵام بە سووك‌و سەلیمی...) نووسیویەتی: (... پیاو وا هەست دەکا کە عەرەبەکان نۆکەری فەرەنگییەکانن‌و تۆش نۆکەری عەرەبەکانی. بە جۆرێ خۆیانت بەسەرا بادەدەن‌و ترومنەتت بەسەرا دەکەن وەك ئەوەی هەر بنیادەمیش نەبیت...).

نامەکە دەخوێنمەوەو قەدو نوشتی دەکەم‌و دەیدەمە دەست دایکم. دایکم قسە ناکا، چاوی بڕیوەتە پشکۆی نێو مەقاڵییەکە. ژوورەکە گەرمە. بۆنی چای تازە کوڵیو ژوورەکەی پڕکردووە.

دایکم دەڵێ: ئێژی هاپۆ بەندەر لە مزگەوت هاتۆتەوە.

هەڵدەستم، مل پێچە شەکرییەکەم دەکەمە ملم‌و نێوکۆتەکە لەبەردەکەم‌و دەچمە دەرەوە.

هاپۆ بەندەر گشت درزی ژوورەکەی بە پەڕۆکۆنە ئاخنیوە. ئێمە درزی دەرگاو پەنجەرەی ژوورەکەمان بە پەموو ئاخنیوە. محەمەد میکانیك بە کاغەزی چیمەنتۆ و قیر گرتوویەتی.

ژوورەکەی هاپۆ بەندەر بە قەد گۆڕێکە.باشیەکەی ئەوەیە زستانان زوو گەرم دەبێ.

هاپۆ بەندەر لە پاڵ مەقاڵییە بچوکەکەیا هەڵتروشکاوە. کلاوەکەی لە تەکییەوەیە، خەریکە پانتۆڵەکەی پینە دەکا. پەتۆکەی بە شانیا داوەو قەراغەکانی هەڵداوەتەوە سەر لاقی. سلاوی لێ دەکەم. سەر هەڵدەبرێ‌و دەڵێ: عەلەیکە سەلام کوڕم.

لە بەرانبەری دادەنیشم. بن میچ‌و دەرگاو دیواری ژوورەکەی لە دووکەڵی تەپاڵەی نیوە سووتاوا رەش بووە.

- چایەت بۆ داکەم؟

– نەخێر هاپۆ بەندەر مەمنوونم.

پانتۆڵەکە دادەنێتە سەر زەوی‌و چای بۆ خۆی تێدەکا. پیاڵە چایەکە تێکدەداو دەپرسێ.

– هەواڵێکی بابە؟

پێی دەڵێم: شوکر باشە.

– لە خوا بە زیاد بێ.

دیسان دەڵێم: سەعاتێ لەمەوپێش لوتفی سپیکار، هاتبوو، لە کوێتەوە هاتووە.

– ئێ؟

– کاغەزی بابمی هێناوە.

دەڵێ ئەگەر وەڵامیت دایەوە سڵاوی منیشی پێبگەیەنە.

پێی دەڵێم: هاپۆ بەندەر، قەرزەکەی تۆشی ناردووە.

قومێ لە چایەکە دەدا، سەری دادەخا: پانتۆڵەکە ڕادەکێشێتە سەر ئەژنۆی‌و دەڵێ: من پەلەم نیە... ئەگەر پێویستتانە، با جارێ بمێنێ تا خۆی دەگەڕێتەوە.

– زۆر مەمنوونم هاپۆ بەندەر.. بۆ خەرجی خۆیشمان کەمێکی ناردووە. دیسان پیاڵەکەی تەژی دەکاتەوە. ئەمجارەیان فڕ فڕ چایەکەی دەخواتەوە.

– ئاخر دەزانی؟... من ئێستا پارەم پێویست نیە، ژیانم بە لە تێ نان‌و پیاڵە چایەك دەگوزەرێ.

لە نێو تاقەکەی ژوور سەری دا. ڕەسمی حەزرەتی عەلی هەڵواسراوە، پێی دەڵێم بەڵام هاپۆ بەندەر کچەزاکانت...

نیگام دەکا، قسەکەم لە دەم دەقۆزێتەوە.

– لە ئێستاوە تا شەوی جەژن، خوا خۆی دەمێنێ‌و موڵکی.

هاپۆ بەندەر پتر داکەوتووە، پیرتر بووە. لەم چەند مانگەی دواییەدا دەرفەتێکی وا نەڕەخسا بوو کە بە چاکی سەیری هاپۆ بەندەر بکەم. ملی لە یەخەی کۆنە پاڵتۆ سوپاییەکەیەوە هاتۆتە دەرێ. وشك وشکە، ئێژی ملی مریشکێکی زیندووە کە پەڕەکانیت هەڵکەندبێ.

پارەکە دەخەمە سەر سەرینەکەی ژێر شانی، سەدو بیست تمەنە. بابم قەرزی لە میرزا نەسروڵڵاش کردووە. سەعاتەکەشی فرۆشتووە. سەماوەرەکەمانیشی فرۆشتووە. کە چوو بۆ کوێت، پێنج ڕۆژ لەوە دوا، سوراحیە مسەکەشمان فرۆشت.

ڕەنگی ڕەسمەکە چووەتەوە. لەگەڵ ڕەنگی گڵی دیوارەکەدا بووە بەیەك. هاپۆ بەندەر دیسان پانتۆڵەکە دادەنێ. سەبیلەکەی پڕ دەکا، بە دەم مژ لێدانەوە سەیرم دەکا. ئەوجا بەدەم هاتنە دەرەوەی دووکەڵەکەی نێو دەمییەوە قسان دەکا: تف لەم ڕۆژگارە...

ئاسمان دەبڵاچێنێ. چەخماخە دەدات. لە ئێوارەوە هەورێکی ڕەش هاتووەو لەسەر شار لەنگەری گرتووە.

– تف لەم ڕۆژگارە. وەرە بەم زستانە وەستا حەداد لە وڵاتی غەریبی دا.. دڵم دەگیرێ، هاپۆ بەندەر دەست دەبا، پارەکە لەسەر سەرینەکە هەڵدەگرێ‌و دەیخاتە ئەستەڕی کڵاوەکەیەوە.

دیسان مژ لە سەبیلەکەی دەدات، سەیرم دەکاو دەست بە قسان دەکاتەوە.

– بەڵام ڕۆڵە هەر کاتێ پێویستتان بوو قسە بکەن. شەرم لە هاپۆ بەندەر مەکەن.

بەسەر مەقاڵییەکەدا کزکۆڵە دەکەم، لە درزی دەرگاکەوە با دێتە ژوورێ، سەیری هاپۆ بەندەر دەکەم، هەمیشە ریشە چەرمووەکەی لە خەنە دەگرێ، سمێڵی هەڵدەپاچێو ڕدێنی لە کۆڵەمستێ درێژتر نابێ، شەرعییە. ڕەنگی چاوەکانی هاپۆ بەندەر لێڵە. قسان دەکا: دەزانی خالید بنیادەم لە دنیادا تەنیا خراپە یا چاکەی لە دوا دەمێنێ. هەموو کەس دەبێ سەر بخاتە سەر بەردی ئەلحەد. کەسیش لە کفنێ زیاتر لەگەڵ خۆی نابات.

– هاپۆ بەندەر، هیچ کاتێ خۆشەویستی تۆ....

قسەکەم دەبڕێ.

– ئاخر ڕۆڵە، ئەگەر ئێمەی تەنیا باڵ و هەژار یارمەتی یەکدی نەدەین، کێ فریامان دەکەوێ؟

قسەکانی هاپۆ بەندەر ختووکەی دڵم دەدەن. ئێژی بێدارەو چووەتە پێستی هاپۆ بەندەرەوە. ئێژی بێدارەو بە زارو زاراوەکانی هاپۆ بەندەر قسان دەکا.

– دەزانی خالید؟... ئێمەگەل دەبێ خۆمان مشوری خۆمان بخۆین..

گۆنا زەردەکانی بێدار خوێنیان تێ دەزێ.

– دەبێ یەك بگرین، بە جیا جیا هیچ کارێکمان لە دەست نایەت، لەنێو دەچین، دەپلیشێینەوە. پێویستە لە بۆتەی یەکدیدا جۆش بخۆین.وەکو ئاسن، وەکو پۆلا...

هاپۆ بەندەر قسە دەکا: پێویستە پشتی یەك بگرین، دەبێ باڵی یەکدی بگرین تا لەپێ نەکەوین.

دڵم دەلەرزێ.

– مەمنوونم هاپۆ بەندەر.. جارێ پێویستمان نیە، بەڵام ئەگەر پێویستمان بوو، بەسەر چاو لێتی وەردەگرین.

چایەکی تریش بۆ خۆی تێدەکا. بۆ منیش تێدەکات، ناتوانم دەسی بگێڕمەوە. چایەکە گەرم گەرمە. مەقاڵییە چکۆڵەکە پڕە لە ئاگر. چایەکە تامی ئاوی خەنە دەدا. هاپۆ بەندەر دەستی بە قسان کردووە. ئێژی دڵی پڕە. ئێژی چاوەڕێ بووە کە کەسێك بیتو گوێی لێبگرێ، تا ئەمیش داخی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ. زیاتر باسی نەوەکانی دەکا کە لەبەر خاتری ئەوان دەژی.

– ... کە زەحمەت دەکێشم، کە لە بەیانییەوە تا شەوێ گیانی خۆم دەردەکەمو زڕو زبڵی خەڵکی کۆدەکەمەوە، هەمووی بۆ ئەوەیە چوار عانەم دەست بکەوێ، بیدەم بەو منداڵانە.

دەڵێ کە ئیدی خۆی لێ بووەتەوە. خۆی ئاردی بێژاوە سوسی ڕێژاوە. لە پڕ هەوای دیدەنی کچەزاکانی دەکەوێتە سەر.

– نازانی خالید، دڵم بۆیان بووە بە کەباب.. گەلێکم دڵ پێوەیە کە چەند ڕۆژێ مادونی وەربگرمو بچم بیان بینم.. بەڵام خالید، وەختێ بووی بە پیاوی حکوومەت، ئیدی پیاوی خۆت نیت.

دەنگی هاپۆ بەندەر گڕە، خەواڵووە، هیلاکە.

– ... هەموو تەمەنی خۆم لە نۆکەری حکومەتدا بەسەر برد، بەچی چوو؟ گەنجێتی خۆم فەوتاند، بەچی چوو؟... تۆ لات وایە حکومەت بە تەنگ خەڵکانی ڕووتەو هەژارەوەیە؟.. لات وایە قەدری ڕەنجی بنیادەم دەزانی... تف!

پێدەچێ دڵی هاپۆ بەندەر ئاوسا بێ، بە قسەکانیا بۆم دەردەکەوێ کە ڕای بەرانبەر حکومەت گۆڕاوە.

سەروەختێ کە باسی حکومەتی دەکرد، چاوە لێڵەکانی دەگەشانەوە... دەیڕوانیە ناو چاوی بنیادەمو لەسەرخۆ قسەی دەکرد.

– هەرچیەك بێ، من پیاوی حکومەتم. حکومەتیش گاڵتەی منالان نیە. بەڵام لەو ڕۆژەوە کە لە بازاڕی قەسابەکانا پارەکەیان لێدزیو چوو بۆ پۆلیسخانەو حەقیان بۆ نەکرد، ڕای بەرانبەر بە حکومەت گۆڕاوەو قسەکانیشی گۆڕاون.

مژە قووڵەکانی هاپۆ بەندەر ژوورەکەیان قانگ داوە. با، دوو تاکی دەرگاکە تەکان دەداو لێکیان دەکاتەوە. هەڵدەستمە سەر پێ. دەڵێ.

– زەحمەت مەکێشە، خۆم دای دەخەم.

– نا هاپۆ بەندەر، دەمەوێ بڕۆم

هەڵدەستمو لە ژوورەکە دێمە دەرەوە.

حەوشەکە کپو بێدەنگە، ئاسمان تاریکە. وڵاخەکان لە ژێر ساباتەکەدا دەپڕمێنن. دەچمە ژوورەوەو لە پاڵ مەقاڵییەکەدا هەڵدەتروشکێم. دایکم وەکو هەمیشە بەدەم سۆزەو نەرمە ئاوازەوە درومان دەکا. درومانی دایکم کۆتایی نایەت. عەینی کۆپانی کەری جەجاڵ تا لەم لاوە دەی درووێتەوە لەولاوە هەڵتەقیوە. جەمیلە خەرکی نوێژ کردنە. لە پڕ دەرگاکە دەکرێتەوە. پەردەکە لادەکەوێو کوڕەکەی پورە ڕەعنا دێتە ژوورەوە.

– سڵاو پورە گوڵە.

دایکم وەڵامی دەداتەوە...

غوڵام کورسییەك لە سووچی ژوورەکەوە دێنێو لە کەناری مەقاڵییەکە دای دەنێو دادەنیشێ. روو لە من دەکاو ئەحواڵم دەپرسێ. ئەوجا دەستەکانی لێك دەخشێنێ.

– سەرمایەکی سەیرە.

حەزناکەم قسەی لەگەڵدا بکەم.

دوگمەی پاڵتۆ سوپاییەکەی دەکاتەوە. دایکم چای بۆ تێدەکا. پیاڵەکە وەردەگرێ، دوو کڵۆ شەکر دەخاتە دەمییەوەو بە گوپی پڕەوە دەڵێ:

– پورە گوڵە، سبەی دەچی بۆ ماڵی سەرهەنگ؟

لە پڕ کەللەیی دەبم. بەڕووی غوڵاما هەڵدەشاخێمو دەڵێم.

– ئەگەر جلشۆری خەڵکی کارێکی چاکە، بۆ پورە ڕەعنا خۆی ناچێ ئەم کارە بکات؟

چاوی غوڵام ئەبڵەق دەبن. دەستی بە پیاڵە چایەکەوە لەبەردەمیا وشك دەبێ. دایکم مۆڕەم لێ دەکا.

– خالید من بە تۆم گوتبوو... خۆم داوام لە غوڵام کردبوو، خۆم پێم گوتبوو کە کارێکم بۆ بدۆزێتەوە.

هێشتا چاوانی غولام ئەبڵەقن. دەستی دێتە خوارەوە. کە قسان دەکا، دەنگی وەکو تازە بالقان نێرە.

– نەمدەزانی بە سەرمەوە بووی بە پیاو.

بە من بێ هەستمو بە مستەکۆڵە دەمو قەپۆزی بکوتمەوە.

– ئەگەر نەت زانیوە، کەواتە ئێستا بزانە، ئەمەش بزانە کە بابم پارەی بۆ ناردۆتەوە. منیش مانگانەم وەرگرتو بشزانە کە ئیدی چ پێویستی نەکردووە دایکم بەریو کارەکەری ئەمو ئەو بکات. ئێستا حاڵی بوویت؟

دەنگی کوڕەکەی پورە رەعنا نزم دەبێتەوە.

– زۆر باشە خالید، زۆر باشە. کەس زۆری لێناکات.

سوور هەڵگەڕاوم. دەکشێمە دوواوە. پشت بە دیوارەکەوە دەدەم، ئەژنۆکانم دەگرمە باوەشو چەناگەم دەخەمە سەریان. حەز ناکەم بڕوانمە چاوەکانی کوڕەکەی پورە رەعنا.

دوو کلۆ شەکری دی دەخاتە دەمییەوەو یەکسەر چایەکە هەڵدەدا.

دایکم لێی دەپرسێ کە شێوی خواردووە یان نا.

دەنگی هێورو ئاسایی دەبێتەوە.

– خواردوومە... چوو بوومە ماڵی جەنابی سەرهەنگ.

لە پورە رەعنام بیستبوو کە قەرارە غولام بچێ فەرشەکانی جەنابی سەرهەنگ بتەکێنێ.

– .... بێ ئێوە ناخۆش، شێ مەحشیان هەبوو.

بە تەواوی رقم لە غولام هەستاوە. گەر دەسەڵاتم ببێ قیمە قیمەی دەکەم. بریا بلورخان دەهاتو بە تەواوی سەرو دڵی دەگرت.

ئەگەر هەستاباو ملی خۆی شکاندبا، دڵم رەحەت دەبوو. بە هیچ جۆرێ حەوسەڵەی دیتنی شێوەی شومیم نیە.

لەسەر کورسیەکە دەجوڵێو لە خۆوە دێتە قسان.

– باشە من لە کوێ بزانم هاپۆ حەداد پارەی ناردۆتەوە.

دایکم پێی دەڵێ کە قسەکانی من لە دڵ نەگرێ. قسە کردنەکەی غولام نەرم بووە.

– ئیدی ئەمە مەعلوومە... دیارە کە وەختێ بنیادەم موحتاج نەبێت خزمەتکاری خەڵك ناکا.

جەمیلە نوێژەکەی کردووە... دیارە کە وەختێ وەنەوز دەدا، دایکم دەست بە گێسووە نەرمەکەی جەمیلەدا دێنێ.

– هەستە کیژم.. هەستە بنوو.

جەمیلە دەڕواو ڕادەکشێ. قسەکانی غولام گۆڕاون.

– هەر رۆژەی باجێ لەسەر خەڵکی زیاد دەکەن. بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو دێهاتیە بەدبەختانە لەکوێی بێنن. ئێستا خەڵکی شار هەر نەیسە. بۆ نموونە من. ئەگەر خۆیشم نەمبێ، شوکور خزمو خۆیش هەن. پورە گوڵە هەیە. هاپۆ حەداد هەیە. یا هەر نەبێ دۆستێ، ئاشنایەك هەیە.

دایکم درومان دەکا. بێدەنگە، نەرمە گۆرانی نالێ. تیشکی لامپاکە چارەی تاریکو روون کردووە. لێوی داچەکیوە.

کوڕەکەی پورە رەعنا دادەنەوێتەوەو چای بۆ خۆی تێدەکا. ئەگەر دەمتوانی، هەڵدەستامو پیاڵە چایەکەم لە دەستی دەستاندو بە شاپێ دەمکردە دەرێ.

فڕ لە چایەکە دەداتو ئەوجا گەرووی پف دەداو لاسایی سەرگروبان دەکاتەوە.

– غولام، بۆ پۆستاڵەکانت پیسە؟

ئەمجا دەنگی نزم دەبێتەوە.

– جەنابی سەرگروبان، قوتووە بۆیاغەکەم تەواو بووە.

دیسان دەنگی سەرگروبانەکە، بە قورگ قسان دەکا.

– تەواو بووە؟ ... سزات ئەمەیە کە دوو قوتوو بۆیاغ بکڕیو پۆستاڵی هەموو فەسیڵەکە بۆیاغ بکەی.

دەنگی پاڕانەوە ئامێز دەبێ.

– ئاخر جەنابی سەرگروبان چۆن دەبێ؟... من ئەوەندەم پارە نیە جەنابی سەرگروبان. خۆ ئەگەر بتوانم بە قەرزو قۆڵە بۆیاخێك بۆ خۆم بکڕم، ئەوا ئەوپەڕی هونەرم نواندووە.

– سزای زمان درێژیەکەشت ئەمەیە کە لە کیسەی خۆت گسکێك بکڕیو سێ ڕۆژان، ڕۆژی سێ جاریش، قاوشەکە بماڵێ.

غولام دەپاڕێتەوە. چاوە بچووکەکانی بچوکتر دەبنەوە، دەوری دەمی چرچ دەبێ.

– ئاخر جەنابی سەرگروبان دەستم بە دامێنت، بەزەییت پیاما بێتەوە، من کەسم نیە، ئەم هەموو پارەیە لە کوێ بێنم؟

چایەکە تەواو دەکات.

– ئیدی ئەمەیە سەربازی پورە گوڵە. (بۆ)ی تێدا نیە. (ناتوانم) نیە هەرکە دەم هەڵدێنی، تەوقیفی. وەلام بدەیتەوە خزمەتت لەسەر زیاد دەکرێ. بەرگری لە مافی خۆت بکەی، جێگات زیندانە.

قەت ئەوەندەم ڕق لە غولام نەبووەتەوە. کە قسە دەکا ئازای لەشم دەلەرزێ، دەڵێی گۆشتی لەشم دەجوێ.

غولام هەڵدەستێ. دایکم لێی دەپرسێ.

– بۆ کوێ؟

– هاتبووم هەواڵێکتان بزانم.

ئەوجا ئەم پێو ئەوپێ دەکا.

– ئێ پورە گوڵە ، کەواتە شوکور هاپۆ حەداد پارەی ناردوەتەوە!

دایکم هەڵدەستێو دەڕوا بوخچەکە دەکاتەوەو ئەوجا دەگەڕێتەوەو ئەسکەناسێك دەخاتە بەرکی پاڵتۆکەی غولامەوە.

– پورە گوڵە، خەجاڵەتم مەکە.

دایکم دادەنیشێت.

– شایانی نیە، دوژمنت خەجاڵەت بێ.

دەزانم کە لە دە تمەن کەمتر نیە. کەس لە من چاکتر دایکم ناناسێت.

دەستی دەڵێی لە خۆی نیە.

***

کە دەرگا دەکرێتەوە، بایەکی توند هوروژم دێنێتە نێو چاخانەکەوە. تاکو ئەمڕۆ لە یادم نیە کە دەرگای چاخانەکە ئەوەندە کرابێتەوەو داخرابێتەوە. ئا، ئێستا یازدەمین نەوت کێش گەیشت. ئەمڕۆ زۆری فەرقە لەگەڵ رۆژەکانی دیدا. شۆفێرەکان نیازی رۆیشتنیان نیە. هاتوونو دانیشتوون، جێی خۆیان خۆش کردووەو کەوتوونەتە چا خواردنەوەو نێرگەلەکێشانو جگەرە خواردن.

یازدە شوفێرو یازدە سەکن.

یەکەمیان کە نەوتکێشە زلەکەی خستە ژێر ساباتەکەو هاتە ژوورەوە، گوتی کە دەنگی رادێوکە بەرزتر بکەین.

– ئەمان ئاقا، ئەوە بۆ ئەو وانێکە دەنگی دەرنایەت؟

– نۆکەرتم، هەر ئێستا... عەنکەبوت دەنگی بدەرێ.

هەموو شوفێرو گشت سەکنەکان تیلماسکی سپیان بە بەرۆکەوەیە. (دەبێ پیشەسازی نەوت خۆماڵی بکرێ) لامواییە دەنگی رادێوکە تا شوورەی ترومپاخانەی ژمارە سێ بڕوات. جان محەمەد پەیدا دەبێ. لێوەکانی بەخەندەن.

– یا حەق.

دەستی سلاوکردن بۆ ئەمان ئاقا هەڵدەبرێو دادەنیشێ. وەکو هەمیشە یەکەم کاری ئەمەیە کە سمێڵی با بدات. بە گورجی دەڕۆم سۆندەی نێرگەلەکەی دەدەمە دەست.

– چۆنی خالید؟

– لە سایەی سەری تۆوە...

ئەوجا لێی دەپرسم.

– ئێژی ئەمڕۆ هەواڵی تازە هەیە.

بە چاو ئیشارەت بۆ لای شوفێرو سەکنەکان دەکەم کە لە دەوری یەکدی دانیشتوونو دەنگیان لەگەڵ دەنگی رادێوکەدا تێکەڵ بووە.

نیگام دەکاو دەڵێ.

– هێشتا زۆری ماوە بۆ هەواڵ.

ئەوەندە قسە ناکات کە شتێك هەڵکڕێنم، کەیفی کۆکە، چاوەکانی گەشن، دەنگی بەرز دەبێتەوە.

– ئەمان ئاقا سەعاتەکەی تۆ چەندە؟

– نۆو سیو پێنج دەیقەیە.

سەعاتەکەی میقات دەکا.

هەمدیس، دەرگای چاخانەکە دەکرێتەوە. چەند کرێکارێکی ترومپاخانەی ژمارە سێن کە بە کۆمەڵ دێنە ژوورەوە. بێگومان وەکو هەمیشە لە سەرکارەکەیان یاخی بوون. هەر هەموویان تلیماسکیان بە بەرۆکەوەیە. ئێستا، هەموو خەڵکی شار تلیماسکیان بە بەرۆکەوە درووە. واتە بەلای کەمەوە لە ٨٠٪ کەس درووبانە.

ناو چاخانەکە گەرمە. سۆپا فەرەنگییەکە دەسووتێ. عەنکەبووت دار دەخاتە سوپاکەوە. خێرا خێرا دەرگای چاخانەکە دەکرێتەوەو هەرجارەی دەستە کرێکارێکی نیلی پۆش دێنە ژوورەوە. زۆربەیان ناناسم. یەکەمجارە کە دەیانبینم. گشت کورسی و تەختەکان وردە وردە خەریکە پڕ دەبن.

دڵنیام کە ئەگەر عەنکەبووت خەیاڵ نەبوایە، ئەمان ئاقاش بەم هەموو مشتەرییەدا ڕانەدەگەیشت. هەموو نێرگەلەکانم سازکردووەو بۆم داناون.

دەبێ هەر ئێستا تووتن بخوسێنم . هەڵبەتە تەشتی دووەم. جان محەمەد وەڵامی دروستی نەدامەوە. پیاڵەکان کۆ دەکەمەوەو دەکەومە شان عەنکەبووت کە خەریکە چا دەداتە مشتەرییەکان.

– عەنکەبووت، تۆ دەزانی ئەمڕۆ چ باسە؟

بێئەوەی سەیرم بکات، وەڵامم دەداتەوە.

– نازانم، بەڵام پێدەچێ هەواڵو باس هەبن.

دەنگی برێك گرتنی نەوتکێشێکی دییە کە لەبەر چاخانەکەدا دەوەستێ.

سەکنەکەی هەمان ئەو کەسەیە کە بەستە ڕۆژنامەکەم دایێو بردی بۆ بەندەر

چایەك لە عەنکەبووت وەردەگرمو بۆی دەبەم. سڵاوی لێدەکەمو پیاڵە چایەکی بۆ دادەنێم، تەوقەم لەگەڵ دەکات.

– چۆنی هاوڕێ؟

– باشم، خۆش بیت.

ئەوجا لێی دەپرسم.

– ئەرێ ئەمڕۆ چ باسە؟

– چۆن نازانی چ باسە؟

تەریق دەبمەوە، ئێژی تاوانێکم کردووە، بێگومان دەبووایە بمزانیایە.بۆیە سەکنەکە بەم جۆرە وبە دڵنیاییەوە لێم دەپرسێ چۆن نازانم.

سەکنەکە دەپرسێ: چما هاوڕێیان نابینی؟

– دوو ڕۆژە بێدارم نەدیووە.

– دوو ڕۆژە کە...

دیسان دەپرسێ:

– گوێت لە هەواڵەکانی دوێنێ شەو نەگرتووە؟

پێی دەڵێم کە لە ماڵەوە ڕادێومان نیە.

– باشە کەواتە گوێ بگرە. قەرارە سەعات دەی ئەمڕۆ سەرۆکی دەوڵەت لە ڕادێوە قسان بکات.

کەواتە جان محەمەد بە خۆڕایی سەعاتەکەی میقات نەکردو بە خۆڕایی ئەم هەموو شوفێرو کرێکارە لە دەوری یەك خڕ نەبوونەتەوە.

ئەمان ئاما گازم دەکا.

– خالید نێرگەلەیەك سازبکە.

دەنگەکان تێکەڵن. ڕادێوکە، سازو ئاواز بڵاودەکاتەوە. ئەمان ئاقا فریا ناکەوێ پیاڵەکان بشوات. عەنکەبووت بە بەینی کورسی و تەختەکانا، خێرا خێرا دێو دەچێ... دە پیاڵە چای پتر هەڵدەگرێ. چاخانەکە پڕ بووە لە دووکەڵی نێرگەلەو جگەرە. باران دەستی پێکردووە. لە پشت پەنجەرەکەی خوارەوە دەڕوانمە دەرێ. لە دوورەوە، لەبەر مەخفەرەکەی سێ ڕێیانی بەندەرا، ئێژی دووکەڵ بەرز دەبێتەوە. ئاو لەسەر شەقامەکە هەستاوە. ڕێژنەیە. لە پەنجەرەکەی لای ڕۆژ هەڵاتەوە سەیر دەکەم، ڕێژنەی توندی باران لەگەڵ کڵپەی بۆریە گازەکانا تێکەڵ بووە.

کڵپەکان بەرز دەبنەوە. وەکو ئەژدیهای بریندار گینگڵ دەدەن. نزم دەبنەوە. ئەوجا لە پڕ وەکو لاولاو لە دەوری ڕێژنەی بارانەکە دەئاڵێن و بە توندی بەرز دەبنەوە.

سازو ئاوازی ڕادێوکە تەواو بووە. لە پڕ هەموو بێدەنگ دەبن، ئێژی هەناسەش نادەن.

ئێستا دەنگی زەلامێك بە توندی لە ڕادێوکەوە بەرز دەبێتەوەو چاخانەکە دەلەرزێنێ. وا دەزانم دنەگی سەرۆك دەوڵەتە، بەڵام خۆی نییە دوای دەنگی پتەوو نێری گوێەندەی ڕادێوکە ،سەرۆك دەوڵەت قسە دەکا، دەنگی زۆر ڕەق و ناسازە، قسەکردنی وەکو قسەکردنی جەنابی سەروانە. ئەو جەنابی سەروانەی کە ئافاق کوتاڵی قاچاخی بۆ دەبرد.

بیستوومە کە سەرۆك دەوڵەت کابرایەکی سوپاییە. زۆر سەر سەختەو ناچێتە ژێر باری قسەی هیچ بەنی بەشەرێ.

هەموو بە جۆرێ گوێیان قوڵاغ کردووە کە تەنانەت وشەیەکیان لە دەست نەچێت. قسەکانی سەرۆك دەوڵەت بۆنی خۆشییان لێنایەت. واتە بابەتی دڵی کرێکاران نیە. ئێستا ئیدی ئەم شتانە چاك تێدەگەم.

بنیادەم ئەگەر گێلیش بێ، دەتوانێ بە نیگای ناڕازی کرێکارانا تێبگا. قسەی سەرۆك دەوڵەت تەواو دەبێ.

– هەی تڕحێو...

ڕادێوکە دەست بە باسی هونەری (خیمە شب بازی "٢٣") دەکات.

– ئەمە بوو گوتارە گرینگەکە ؟

گوێەندەی ڕادێوکە دەڵێ:

ئەنجامدانی بەرنامەیەکی دروستی خیمە شب بازی(بووکەڵە بازی)، بەندە بە هونەرو توانای ئەو پەنجانەوە کە سەرە داوی بووکەڵەکانی لە ژێر دەستە.

خەریکە قسەی هەلەق و مەلەق دەکا، هیچ کەسێ گوێ لە ڕادێوکە ناگرێ.

بوو بە غەڵبە غەڵب. دەنگەکان تێکەڵی یەکن. هەموو خەریکن پێکەوە قسەکانی سەرۆك دەوڵەت هەڵدەسەنگێنن. لێوەکان هەڵقورتاون، سەرۆك دەوڵەت لای وایە کە ئێمە ناتوانین هێشتا مەسینەیەکی بێ عەیب دروست بکەین و خۆ ئەگەر زۆریش دڵی بدەینێ، کاتێ کە مەسینەکە دروست بوو، ئەوا لە سەد لاوە ئاوی لێدەچێ. دەڵێ: ئەگەر پیشەسازی نەوت خۆماڵی بکەین تیادەچین، دەرکردنی ئینگلیزان هەڵەیە.هەڵبەتە نەك دەقاودەق بەم شێوەیە.. بەڵکو قسانی لەم بابەتە: ئێمە ئەندازیاری نەوتمان نیە. بنەمای ئابووری ئێمە ئەم نەوتەیە. ئەگەر بچن بە قینا و نەوتەکەمان نەکڕن تووشی نسکۆ دەبین و لەم بابەتە قسانە.

شوفێرەکان هەڵدەستن و دەچنە دەرێ. کە ڕێ دەکەن ئێژی ماندوون، ئێژی کێویان بڕیوە.

هێشتا باران نەوەستاوەتەوە. بە خوڕزم دەبارێ. هاکا لافاو هەستا، نەوتکێشەکان، یەکە یەکە دەڕۆن.

کرێکارەکان هێشتا دانیشتوون، قسەکانیان تێکەڵە.

– نۆکەری ئینگلیزەکانە.

– سوێندی خواردووە.

– تا ئەمە لەسەر کاربێ، ئینگلیزەکان خەڵیان ئاسوودەیە.

دیارە، کرێکارانی نەوت، باشتر لە خەڵکانی دی سەر لەم قسانە دەردەکەن. هەر هیچ نەبێ، لە نزیکەوە تێدان. بەڵام سەرۆك وەزیریش کەم نیە ، بە خۆڕاییش مەرج ناکا کە ئەگەر بۆ ماوەی یەك مانگ نەوتەکە بە ئێمە بسپێرن، نابووت دەبین، باشە، خۆ هەر هیچ نەبێ هەندێ شت دەزانێ. خۆ سەرۆك وەزیر دەهۆڵی بەتاڵ نیە. خۆ وەکو کەرەم عەلیش نیە ئەمجارە گرەوەکەی نەبردووەتە سەرو ژێر پیاڵەکە لە دەمیا شکاوەو هەموو زمانی لەگەڵ مەلاشوویا دادڕیوە، بەدبەختی نەگبەت. بەم گرەوە لە کاروکاسبیش کەوت. ئەگەر هاوین بایە هەر نەیسە. پێویستی بە بانگ کردن نەبوو، ئەوپەڕی مەنجەڵە لۆبیاکەی دەخستە سەر عەرەبانەکەی و پاڵی پێوە دەنا تا بەر دوکانی توبا عەرەق فرۆش و بڕایەوە.بەدبەختییەکەی ئەمەیە کە زستانەو دەبێ شێلم بفرۆشێت و تا بانگ نەکات مشتەری نایەن بەلایا.

دوو رۆژە دەمە گەورەکەی کەرەم عەلی بەستراوە، لا لغاوەی بە کۆنە پەڕۆیەك پێچاوە.

سەنەم کەوتۆتە بیری ئەوەی کە لە پاڵ ساباتی ولاخەکان، تەنورێك دامەزرێنێ و نانی خۆماڵی بکات.

– لەوانەیە دەمی کەرەم عەلی هەر چاك نەبێتەوە، خۆ نابێ لە برسا بمرین.

***

بێدار دەڵێ تۆم هەڵبژاردووە.

دەڵێم، بەڵام بێدار، من نە خەتم خۆشەو نە دەتوانم خێرا بنووسم. دەست دەخاتە سەر شانم. چاوەگەشەکانی دەبرێتە دوڕ چاوم و دەڵێ:

– ئەوان دەنووسن، تۆ تەنیا لەگەڵیاندا بەو بەس.

– ئەوان... چما چەند کەسن؟

– سێ کەسن.

دەبێ بەربەستەکەی رۆژئاوای کارون بنووسین. بەربەستەکە ساف و یەك پارچەیە. درێژە، سەد مەتر پترە. لە قوڵخەکەی پۆلیسی ڕێو بانەوەیە، لە سەرەتای پردەکەدایە، تا دەگاتە ژێر ماڵەکەی فەرماندەی ئۆردوگا کە دراوسێی دایەرەی پۆستەخانەیە.

– ئەگەر ئەم دروشمە بە خەتێکی خۆش و درشت بنووسن، سبەی بەیانی دەبێ بە هەرا. کرێکارانی رێگای ئاسن کە دەبێ بەسەر پردەکەدا تێپەڕن. لە پاڵ پەرژینی پردەکەدا کۆدەبنەوەو تەماشای دەکەن عەینی وەکو میتینگێ.

بۆیەکە جۆرێکە ئەگەر بێت و، هەتاو لێی بدا، رەش دەبێ. سڕینەوەی زۆر زەحمەتە.

لەگەڵ کوڕەکانا ئاشنا دەبم. شێوەیان غەریب نیە. هەر یەکەیانم سەد کەرەت پتر دیتوە. ئەگەر رۆژێ بە شەقامی پەهلەویدا سەرکەوی و داگەڕێی هەموو خەڵکی شار دەبینی.

– من نێوم (ئیمان)ە.

کورتە بالا و ئەسمەرە، لاوازو رەقەڵە، بڕۆی پەیوەست، قژی لوول و چاوانی رەش، دەبێ سەروسەختی لەگەڵ وەرزشدا هەبێ، بۆیە بەمجۆرە سینگی دەرپەڕیوە و ژێر باڵەکانی پڕن. بازووی بە تەنیشتییەوە جووت نابن.

– ئازاد.

درێژو لاواز، چەناگە درێژ، سپیکەلەو چاو ڕەش، قژی مەیلەو زەردە. کە ڕێ دەکا هەنگاوی هەڕاو دەنێ.

– هیمەت.

نیگای تیژ. لە هیچ شوێنێ بەند نەدەبوو، تەنانەت کاتێ وەستاویشە هەر دەجوڵێ. میانەبالایە، تا نێوەڕاستی سەری هەر نێوچەوانە، لووتی عەینی کفتەی تەپیوو، بەسەر دەموچاویا پان بووەتەوە. دەمی هیمەت پانە.

خۆمان دەخزێنینە نێو تەکسییەکەوە. هێشتا هەوەڵی شەوە. دنیا هەورەو بە ئاستەم گەرمە. لەوە دەچێ بباری. بە ژێر تاقە بەرزەکانی پردی سپیدا تێدەپەڕین. تاك و تەرا خەڵکی بەسەر شۆستەی پردەکەدا پیاسە دەکەن. لەبەر قۆڵخەکەی رێگاو باندا پاسەوانێکی کەڵەگەت لەگەڵ ئینزیباتێکی میانە سالدا قسە دەکا. تەکسیەك بە دەوری چیمەنە سێ گۆشەکەی بەردەم پردەکەدا دەسووڕێتەوەو لە بەرانبەر پۆستەخانەکەدا دەوەستێ. لە تەکسییەکە دادەبەزین. گڵۆپ ناو بە ناو نێو لق و پۆی دەرختە چڕەکانی حەوشەی ماڵی فەرماندەی ئۆردوگای روناك کردۆتەوە. گڵۆپێکی سوور بەسەر ئەستوونی بێتەلەکەوەیەو هەڵدەبێ و دەکوژێتەوە، دنیا گەرمە، بەڵام من دەلەرزم. ددانەکانم لەسەر یەك بەند نابن. شەویلاگەم توند دەکەم تا کوڕەکان دەنگی ددانەکەم نەژنەون.

– بەم شەوەو بەم زستانەش ئەگەر بمان بینن، ناڵێن ئەمانە لە کەنار شەتا چیدەکەن؟ کوڕەکان بیریان لێکردووەتەوە. یەکەمجاریان نیە کە دروشم دەنووسن ، ئێستا لایان بووە بە ئاو خواردنەوە.

– عەرەق خۆرەکان حەزو ئەتواری سەیریان هەیە، هەندێجار باروبارگە لێك دەنێن و بۆ سەر لوتکەی چیا، لە نێو بەفرا جێ خۆش دەکەن و عەرەق دەخۆنەوە.

نیو قاپ عەرەقی کشمیشیان لەگەڵ خۆدا هێناوە، لەگەڵ دوو پیاڵەو دوو خەیاری شۆر. لە تەنیشت دیوارە نزمەکەی ماڵی فەرماندەی ئۆردوگاوە تێدەپەڕن. بە دەوری قەسرە تازەکەی دایەرەی پۆستەخانەدا دەسووڕێنەوەو ئەوجا بە شیوەکەی تەنیشت روبارەکەدا سەرەو خوار دەبینەوە.

روبارەکە لێڵە. بارانی بێوچان ئاوی کارونی هەستاندووەو هاژە هاژێتی. ئاوەکە لە نێو تاریکییەکەدا سپی دەنوێنێ. بە نێو بەردە گەورەو بچوکەکانا دەڕۆین تا دەگەینە یەکەم تاقی پردی سپی. قوتووە بۆیەکە لای منە. فڵچەکە بە ئازادە کە لە پێشمانەوە لنگە درێژەکانی تاو دەدا.

با خۆی دەکا بە میانی پایەکانی ژێر تاقەکاناو دەگڤێنێ. ئێژی غەڵبە غەڵبی هەزاران کەس تێکەڵ بە یەك بووە. کەناری رۆژهەڵاتی کارون بە گڵۆپی وردو درشتەوە دەڵێی چەندین قۆناغ لێمانەوە دوورە. دەنگی ئاو سام لە بنیادەم دێنێ. ئێژی ترس دەڕژێتە گیانی بینادەمەوە. هێشتا ددانەکانم ئارامیان نەگرتووە. ئەوەندە شەویلاگەم توند کردووە، کەوتوونەتە ژان.

ئیمان پشت دەدا بە دیواری ساڤ یەکەم پایەی پردەکەوە کە لە وشکی دایە. ژێر پردەکە تاریك تاریکە. ئیمان لە تاریکیەکەدا دەوەستێ تا تۆزێ بەر چاوی روونـاك بێتەوە. هیمەت لە پەنای بورجی ئەندازەگیری ئاوەکەدا وێستاوە. ئەگەر چەند رۆژێکی دی لەسەریەك بباری هەموو بورجەکە دەنیشێتە ئاو. قوڵخەکەی پۆلیسیی رێگاوبانو ئینزباتەکە بەسەر سەرمانەوەیە. دەنگی هۆڕنی ئەو ئوتومبیلانەی کە بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕن لەگەڵ دەنگی ئاوەکەدا تێکەڵ دەبێ. چاو بە دەوروبەری خۆمانا دەگێڕینو ئازاد دەست پێدەکا. قۆڵی نیوکۆتەکەی هەڵدەکاو فڵچەکەی بە قوتووە بۆیاغەکەدا دەکات.فڵچەکە لە چوار قامکانیش پانترە. رەنگ هەر دیار نیە، سپێتی بەربەرستی رۆژئاوای کارون لە ژێر فڵچەکەدا بۆ ساتێك تەڕ دەبێو بایەکە زوو بەزوو وشکی دەکاتەوە. لە پڕ دەنگی شاوری پاسەوانەکە ڕامان دەچڵەکێنێ. ئازاد دەست لە نووسین هەڵدەگرێ. دەڕوانمە سەرێ، پاسەوانەکەی بەر قۆڵخەکە دەبینم. کە بە پەلە بەرەو سێ گۆشە چیمەن کراوەکە دەڕوا. ئازاد نیگام دەکا، شان هەڵدەتەکێنێ،و دەست بە نووسین دەکاتەوە. قژە زەردەکەی ئازاد، لە تاریکییەکەدا قاوەیی دەچێتەوە. دەنگی بلاچەیەك دەتەقێتەوەو بۆ چەند ساتێك هەموو دنیا روونـاك دەکاتەوە. ئەوجا هەورەکان لە پاڵ یەك دەترازێنو وتریفەی مانگ دەردەکەوێ. ئێستا سێبەرەکانمان لەبەر پێمانا درێژ بۆتەوە. دەڕوانمە ئیمان کە خۆی دەداتە پاڵ سێبەری پردەکە. هەرکە مانگ دەچێتەوە ژێر هەورەکان. لە بەربەستەکە دوور دەکەوینەوە. دەنگی فیکەی هیمەت دەژنەوین کە خەریکە ئاهەنگێکی ئاشنا لێدەدا دەڕوانینەوە لای بورجی ئەندازەگیری ئاوەکە . سێبەری هیمەت لەسێبەری بورجەکە جیا بووەتەوە.

قوتوە بۆیاخەکە لە پاڵ تاوێرێکی گەورەدا دادەنەینو چەند خڕکە بەردێکی گەورەو بچووکی لە دەور کەڵەکە دەکەینو کەمێ لەولاترەوە لەسەر تاوێرێکی گەورەی لە لم چەقیوی پاڵ یەکێك

لـەگۆماوەکانی قـەراغ کـارون دادەنیشـین. هیمـەت خەریکـە بـەرەو لای ئێمـە دێ. پاسـەوانی پۆسـتەخانەکەش سـەد شـەاوێك لـە دوای ئەوەوەیـەو بـەرەو لای ئێمـەش دێ، پـێ هەڵـدەگرێو بەسەر چەن تاوێرێکا باز دەداو دێت لە تەکمان دادەنیشێت، ئازاد قاپە عارەقەکە دەشڵەقێنێو بە نێـو لـەپ بـە ژێرەکـەیا دەکێشـێت. تەپـەدوری سـەرقاپەکە شـل دەبێتـەوە، ئـازاد کـەمێ عـەرەق دەڕێژێتـە سـەر لمـە شـێدارەکە. بۆنی تیـژی عـەرەقی کشمیشـی کـەپوومان پڕدەکـا. پاسـەوانەکە دەگاتە لامان. کۆڵە بنەیەکی پانکۆڵەیە. سمێڵی هەموو دەمی داپۆشیوە.

– ئەوە چیدەکەن لێرە؟

ئازاد پیاڵە عارەقێکی پڕی بۆ درێژ دەکا.

– فەرموون قوربان.

پاسەوانەکە دێتە پێشترەوە – ئێستا رێك بە دیار سەرمانەوەیە. دەستی بەسەر کیفی چەکەکەی قەدییەوەیە.

ئیمان دەڵێ هەڵیدە، با کەمێ سەرت گەرم بێ.

قسە کردنی ئیمان قورسە، زمانی دەگیرێ. زمانی گۆناکا. ئێژی بە تاقی تەنیا یەك قاپ عـەرەقی کشمیشی خورادووەتەوە.

پاسەوانەکە قورگی پف دەداو بە توندی قسە دەکا.

– هیچ شوێنێ نەبوو کە بەم سەرمایە عەرەقی لێ ژەهرەمار بکەن ئەم قەراغ شەتە نەبێ.

ئیمان بە شێوەیەکی نەزانانە دەڵێ:

– ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە.

پاسەوانەکە، پیاڵە عارەقەکە وەرناگرێ، ئازاد هەڵدەستێو فەرمووی لێدەکا.

پاسەوانەکە دەڵێ دەی هەستن بڕۆن.

ئیمان کە لەسەر تاوێرەکە شانی داداوە دەڵێ:

– بەسـەری جـەنابی سـەرکار، بـە هـەمووی یـەك چـارەك مـاوە، هەرکـە تـەواو بـوو، دەڕۆیـنو. مەمنونیشت دەبین.

کارون لە ژێر تریفەی مانگەکەدا، رەنگی گڵە سووری گرتووە. شەپۆلی ئاوەکە خۆی بە پایەی پردەکەدا دەکێشێتو دەبێ بە دوو بەشەوەو بە هاژە هاژ بەسەر یەکدا خل دەبێتەوە.

گڵۆپە شیریەکانی قەد پردەکە، قوڵخەکەی کابرای ئینزیباتو پۆلیسی رێگاو بانەکان روونـاك کردووەتەوە.

– زووتر بجمێن.

ئازاد پێ دادەگرێ.

– دەستم مەگێڕەوە سەرکار گیان، هەر ئەم پیاڵەیەو بچۆوە سەرێ.

پاسەوانەکە دوو دڵە.

– ئاخر لە کاتی واجبا نابێ.

چەناگە درێژەکەی ئازاد دەجوڵێ.

– کێ بەکێیە بابە. هەڵیدە با سەرت گەرم بێ.

پاسەوانەکە پیاڵە عارەقەکە وەردەگرێ.

– بە سەلامەتیتان.

بە یەك بین هەڵیدەداو بە پشتی دەستی سمێڵەکەی دەسڕێ.

ئازاد پیاڵە بۆشەکەی لە دەست وەردەگرێو تەژی دەکا.

– پیاڵەیەکی دی قوربان.

پاسەوانەکە دەکشێتە دواوە.

– بەسە، زووتر بڕۆن، ئەگەر کوڕی باش نەبوونایە...

ئیمان قسەکەی لە دەم دەقۆزێتەوە.

– قوربانی هەموو مرۆڤێکی بە ماریفەت بم.

پاسەوانەکە جگەرەیەك دادەگیرسێنێ ودەکەوێتە رێ. مانگ خزاوەتە ژێر هەورەوە. تارمایی پاسەوانەکە دەبینین کە خەریکە لە شیوەکەی پشت دایەرەی پۆستەخانەوە سەر دەکەوێ. هەڵدەستین. ئازاد بەپەلە دەکەوێتە نووسین. بچووکترین دەنگ رامان دەچڵەکێنێ. رۆشنایی گڵۆپەکانی ماڵی فەرماندەی ئوردوگا تا قەراغ بەربەستەکە هاتووە. کارەکەمان لە تەواو بووندایە. تەنیا وشەیەکی یازدە پیتیمان ماوە. بەو جۆرەی کە ئازاد دەنووسێت، ئەلفەکەی لە باڵی درێژترە. کە (ستعما) کە دەنووسین دیسان پاسەوانەکە پەیدا دەبێتەوە. ئێژی هەستی کردووە. ئەگینا مانای نییە کە وەکو ئاو ڕۆشنکەرەوە هەر بڕواو بێ. لە پشت پۆستەخانەکەوە دەردەکەوێ. ئازاد خەریکە (ر) یەکە دەنووسێ. تا پاسەوانەکە بگاتە کەنار بەربەستەکەو بێتە خوارەوەو لە بورجی ئەندازەگیری ئاوەکە تێدەپەڕێ، ئەوەندە دەرفەت هەیە کە (گەڕان)ە کە بنووسین. هەموو چوار پیتەو بەو خێراییەی کە ئازاد دەنووسێت لە چاو تروکانێکا تەواو دەبێ.

پاسەوانەکە لە شیوەکەی کەنار روبارەکەوە نشێودەبێتەوە. کارەکە تەواو بووە. بەڵام من لەشم دەلەرزێ. فڵچەکەو قوتووە بۆیاغەکە لە پاڵ تاوێرێکی کەنارەکە دادەنێینو دەکەوینە ڕێ. ئازاد هەڵدەکاتە گۆرانی.

(مانگە شەو خۆشەن هەور پارە پارە)

(شەراب بخۆیتەوەو، ئارەقت لە پیاڵە)

ئیمان لە ژێر پردەکە دێتە دەرێ. قەرارمان وابوو هەرکە ئازاد دەستی بە گۆرانی چڕین کرد، مانای وایە کارەکەمان تەواو بووە. پاسەوانەکە خەریکە نزیك دەبێتەوە. ئازاد ملی قاپەکە دەگرێو بەلارە لار بۆ لای پاسەوانەکە دەڕوات. هیمەت لە پەنای بورجەکەوە دێتە دەرێو خۆی بە قۆپچەی پانتۆڵەکەیەوە خەریك دەکات.

– ئەوە هێشتا نەڕۆیشتوون؟

دەنگی پاسەوانەکە هێواشە.

– خەریکە دەڕۆین سەرکار.

پاسەوانەکە لەگەڵمانا دەکەوێتە رێ.

– ئەی ئەو یەکەی ترتان کوا؟

هیمەت دەڵێ:

– چووە بۆ سەر پێشاو.

پاسەوانەکە دەڕوانێتە قاپە عەرەقەکە.

– عەرەقەکەتان تەواو بوو؟

– نەخێر سەرکار، هێشتا ماوە.

– پیاڵەیەك تێکە بزانم.

ئازاد، عەرەق بۆ پاسەوانەکە تێدەکات. پاسەوانەکە یەك بین هەڵی دەداو بە پچڕ پچڕ دەڵێ:

– ئێوە، هیچ بە عەرەقەوە ناخۆن؟

– بۆ نا سەرکار، خیار شۆر هەیە.

چرچ و لۆچی دەموچاوی پاسەوانەکا بە یەکا چوون. ئەوەندە لە ناخی دڵەوە لەزەت دەبینم کە ئێژی دنیایان داومەتێ. تەنانەت نەمدەتوانی بیریش لەوە بکەمەوە کە بکرێ کلاو بخرێتە سەر پاسەوان.

– ئا جگەرەیەك.

ئیمانە، کە هیمەت گوتەنی چووبووە سەر پێشاو.

لە شیوەکە سەردەکەوین. پاسەوانەکە جیا دەبێتەوەو بەرەو لای پۆستەخانەکە دەڕوات. ئێمە بەبەر ماڵی فەرماندەی ئۆردوگادا تێدەپەڕین. ترومبیلەکەی فەرماندەی ئۆردوگا دەگاتە جێ و لەبەر ماڵەوەدا دەوەستێ. فەرماندە دادەبەزێ. تۆزێ سەیرمان دەکات. ئەوجا تاق تریق بەرەو دەرگای حەوشە دەچێت.

سەربازەکەی بەر دەرگا، پاژنەکانی بە یەکدا دەدا.

***

– حەسەنۆك لەبەر بەرۆچکەکە دانیشتووە. خوێ لە پەتۆیەکەوە پێچاوە، کراسە چڵکنەکەی داکەندووەو خەریکە دەی دۆزێ. هەرکاتێ دایکم دەستی بگا جلەکانی حەسەنۆك دەشوا نازانم چۆنە کە هەمیشە درزی جلەکانی حەسەنۆك پڕن لە ئەسپێ. رەحیم وڵاخدار لە ژوورەوە دێتە دەرێ ، بوخچەکەی خستووەتە ژێر باخەڵی کە بچێ بۆ حەمام.

– حەسەنۆك. تا لە گەرماو دێمەوە گسکێك لە ژوورەکە بدە.

– بەسەر چاو باوکە.

مش رەحیم دەکەوێتە ڕێ. حەسەنۆك لە دوواوە تەماشای دەکات. ئەوجا هەڵدەستێ پەتوکە قەد دەکا، کراسەکەی لەبەر دەکاو دەڕوا بۆ ژوورەوە.

پانتۆڵە ڕەشەکەی حەسەنۆك کەڕووی گرتووە.

برایم بە تەواوی بەرەڵلا بووە. بە هیچ جۆرێ پێ بە ماڵا ناکا. وەکو بەراز لە رووی رەحیم وڵاخدار هەڵدەگەڕێتەوەو هەرچی بە دەما بێ پێی دەڵێ. دوای قینگی خالق و چینووق کەوتووە.

ئەو هەفتەیە کە دیتم سەرو وەزعی باش بوو. نپو نوێ بوو بووەوە. پانتۆڵێکی کوێتیو کراسێکی خوری ڕەشی یەخە بەستەی قۆڵ کورتی لەبەر بوو. بوژابووەوە و ڕەنگی هەڵێنا بوو.

– برایم حاڵو ئەحواڵت چۆنە؟

– شوکر خراپ نیە.

جگەرەیەکی گرگانی بە لالیوە بوو. چەرخێکی بەنزینی بە دەستەوە بوو.

وەکو شەقاوەکان یان قاچاغچیەکان دەستەسڕێکی تەپاندبووە گیرفانی دواوەی پانتۆڵەکەیو چمکێکی بە دەرەوە بوو.

برایم دوای قینگی خالقو چینووق کەوتووەو کەوتۆتە حیزە دزی.

– مامە گیان، ئەم پاسکیلە هەروا لێرە دامەنێ.

کابرایەکی میانە ساڵی ردێن ماشو برنج، لە برایم مۆڕ دەبێتەوە.

– بۆ، دەبێ لێرەی دابنەم.

برایم، بە خەمو ساردیو دەسبەجێ دەڵێ:

– دەیبەن.

کابرای میانە ساڵ سەری سوڕدەمێنێ، کلاوەکەی بە پشتا دەبا و دەڵێ:

– دەیبەن؟

برایم جگەرەیەك دادەگیرسێنێو دەڵێ:

– بەڵێ دەیبەن و سەرسامی ناوێ.

کابرا دەستەکانی دەخاتە کەلەکەیو دەڵێ:

– چۆن دەیبەن؟

– ئاوها.

جگەرەکەی دەخاتە لا لێوی و پاسکیلەکە لەسەر شۆستەکە دێنێتە لاوەو بە کابرای میانە ساڵی، کە لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستاوە، نیشان دەدا کە چۆن لەوانەیە پاسکیلەکە بدزن.

– ئەوە چی دەکەی؟

برایم جگەرەکە فڕێ دەداو دەڵێ:

– تۆزێ سەبر بکە، دەمەوێ پێت نیشان بدەم کە چۆن دەیبەن.

ئەوجا پێ دەخاتە سەر پایدەری پاسکیلەکەو چەن شەقاوێ بە هەنگڵە شەلێ لەگەڵ پاسکیلەکەدا دەڕواتو ئەوجا خۆی هەڵدەداو لەسەر زینەکە دادەنیشێو بە نێو خەڵکەکەدا مارپێچی بۆ دەکاتو بەپەلە دوور دەکەوێتەوە.

کابرا هاواری لێ هەڵدەستێ.

– ئەهای بۆ کوێ؟

دەنگی کابرا لە نێو غەڵبە غەڵبی حەشاماتی بازاڕەکەدا ون دەبێ.

– لەگەڵ تۆمە کوڕە، پاسکیلەکەم بۆ کوێ دەبەی؟

بـرایم لـه بـەینی خـەڵکان‌و عارەبانـەو ترێلـەکانا ون دەبـێ. کـابرای میانـە سـاڵ کلاوەکـەی دادەکەنێ‌و بەغاردان دوای دەکەوێ.

ئێسقانی گۆناکانی حەسەنۆك دەرپەڕیون. چاوەکانی سیس‌و بێ ڕەنگن، دەست‌و لاقی ئێژی نەی نێرگەلەیە.

– حەسەنۆك، کا بکە بەر ولاخەکان.

حەسەنۆك مل کەچ دەکا.

– بەسەر چاو بابە.

– حەسەنۆك هەستە بڕۆ ولاخەکان قەشاویش بکە.

– بەسەر چاو بابە.

– حەسەنۆك تۆ بەیانی زوو ڕابە. ولاخەکان بەرە بۆ کوورەخانەکە، من کارم هەیە، تۆزێ درەنگ دێم.

– بەسەر چاو باوکە.

– حەسەنۆك پەتۆکان بتەکێنەو نوێنەکان بدە بەر هەتاو..

بەلام چاوانی برایم گەشاونەتەوە. گۆناو گەردنی گۆشتن‌و خڕ بوون. بیستوومە کە هاتووچۆی زۆرخانەش دەکات. هاتووچۆی چاخانەی شەقاوەکانیش دەکات.

لەگەڵ (ئەسەد کۆنەکڕ)یشدا دەستی تێکەڵە.

– کاك ئەسەد، چی لێبکەم؟

– ئەوانی دیکەت چی لێدەکرد؟

– بیبەمە مەخزەن؟

– ئەوجا وەرە پارەکەی وەربگرە.

– بە چەند دەیکڕیت؟

– وەکو جاران.

– بەلام کاك ئەسەد ئەمەیان (ڕالی "٢٤")ە. چ نوقسانی‌و عەیبێکیشی نیە.

ئەسەد کۆنەکڕ بە پۆزەوە دیقەتی پاسکیلەکە دەدات‌و ئەوجا دەڵێ:

– هەر ئەوەیە کە گوتم، ٥٠ تمەن‌و قرانێکت نادەمێ.

برایم دەڵێ: ٧٠

دەنگی ئەسەد کۆنەکڕ قەبە دەبێ:

– بڕۆ بیخە مەخزەنەکەوەو قسەی زیادیش مەکە. قنگ فڵت ئێژی پارەی ڕەنجی شانی پێداوە.

ڕەحیم ولاخدار لە حەمام دێتەوە. هەتاو لە ئاوابووندایە. تا هەتاو لە ستارەکە ئاودیو دەبێ، مش ڕەحیم ردێنی جوان دەتاشێ، سمێڵی ڕێك دەخات، ئەو نیوکۆتەی کە لە هەڕاجخانە کڕیویەتی لەبەر دەکات، کلاشە نوێیەکانی لە پێ دەکات، پەشتەماڵەکە دەدا بە شانیاو لە ژوورەکە دەچێتە دەرێ.

– حەسەنۆك تا دەگەڕێمەوە شیوەکەت بخۆو بخەوە.

دنیا تاریك بووه. حەسەنۆك لەبەر دەرگای ژوورەكە وێستاوە. تیا ماوە كە چی بكات. دایكم گازی دەكات. حەسەنۆك دێو لە كەنار مەقەڵییەكە دادەنیشێ، لە سەرمانا هەڵدەلەرزێ. دایكم چای بۆ تێدەكا. هەر بە گەرمی هەڵیدەدات. دایكم لێی دەپرسێ:

– بابت بۆ كوێ چوو؟

بۆڵەیەكی لێوە دێت:

– وا بزانم چوو ژنەكەی بێنێ.

چاوانی حەسەنۆك تەڕن. چای دووەم دەخواتەوە. دەستی لەگەڵ پیاڵەكەدا دەلەرزێ. سەرە زلەكەی بەسەر گەردنە باریكەكەیەوە دەجووڵێ. دایكم شیومان بۆ تێدەكات. نیسكێنەی گەرم گەرمە. ئەوەندەی بیبەر تێدایە ئارەقە بە پیاو دەكات. ئێستا حەسەنۆك نالەرزێ. شیو دەخواو دەكشێتەوەو پشت بە دیوارەكەوە دەداو ئەژنۆكانی دەگرێتە باوەشو چاو دەبڕێتە بەر پێی خۆی. حەسەنۆك ماتە، تاقەتی قسەكردنی نیە. دایكم پێی دەڵێ كە ئەگەر حەزدەكا دەتوانێ شەوێ لە ماڵی ئێمە بنوێ.

– لەو ژوورە جێ بۆ تۆو خالید رادەخەم.

– حەز دەكەم، بەڵام دەترسم بابە شەڕم لەگەڵ بكا.

دایكم پێی دەڵێ: شەڕت لەگەڵ ناكا، من نایەڵم شەڕت لەگەڵ بكا.

قەپۆزی حەسەنۆك داكشاوە. لە قەپۆزی تۆڵە دەچێ. نێوچەوانی تەسكە. لە ئاستی قژییەوە تا سەر برۆكانی لە گرێ پەنجەیەك پتر نیە.

دایكم هەمدیس چا بۆ حەسەنۆك تێدەكا. ئەوجا قاپێ بادەمی سوێرمان بۆ دادەنێ. تا ئێمە بادەمەكە دەخۆین، دایكم لە ژوورەكەی بابمدا جێگامان بۆ ڕادەخا. هێشتا شەو زووە كە هەڵدەستینو دەچین ڕادەكشێین. هێشتا خەوم نایەت. حەسەنۆك ئۆقرەی نییە. هەر گینگڵ دەدا. جارێ لاقەكانی گرمۆڵە دەكاو بە سكییەوە دەچەسپێنێ، جارێ بە پشتا دەنووێو جارێ بە دەما. جار جارەش دەناڵێنێو دەنكێنێ.

لێی دەپرسم كە بۆ ناڕەحەتە، دەڵێ:

– هیچ نیە.

دایكم لە پاڵ مەقەڵییەكەدا دانیشتووە، هیچ ناكا، هەروا دانیشتووە. خووی بەوەوە گرتووە كە شەوانی زستان، تا نیوەشەو بە دیار مەقەڵییەكەوە هەڵتروشكێ. ئەگەر پینەوە پەڕۆو درومانی هەبێ ئەوا خۆی پێوە مژول دەكا، ئەگینا تا نیوە شەو دە پیاڵە چای پتر دەخواتەوە. یانی خۆی بە چا خواردنو ئەم دیوو ئەو دیوو كردنی زوخاڵەكانەوە سەرگەرم دەكا.

دیسان حەسەنۆك لاقەكانی ڕادەكێشێتو گینگڵ دەدا. پێموایە دەبێ نەخۆشییەكی هەبێ بۆیە ئەوەندە ناڕەحەتە، لێی دەپرسم:

– حەسەنۆك، هیچ شوێنێكت دەیەشێت؟

– نەء !

– ئەدی بۆ ئەوەندە گینگڵ دەدەی؟

– هەروا

دەزانم درۆ دەکا. ئاخر بنیادەم ساغ بێ هەرکە سەری کردە سەر سەرین خەو دەیباتەوە.

– بەڵام حەسەنۆك پێدەچێ شوێنێکت بیەشێت.

سەری دەسوڕێنێ‌و سەیرم دەکا.

– ئا، دەیەشێت؟

– دەترسم خالید، دەترسم.

– دەترسیت؟... لە چی دەترسیت؟

دەم دەنێتە بناگوێمەوە.

– توبی خوا هێواش قسان بکە خالید.

دەنگی لە دەنگی خەڕەك دەچێ، ئێژی جیکە جیك دەکا

– زۆر باشە حەسەنۆك... هێواش قسان دەکەم.

حەسەنۆك دەکەوێتە منجە منج.

– حەز ناکەم کەس بزانێ.

قەولی دەدەمێ کە قسەکەی‌و نەخۆشیەکەی بە هیچ کەس نەڵێم.

– دەزانی خالید.

ژیوان دەبێتەوە. قسەکەی قووت دەداتەوە. دەکەوێتە سەردەست. لاقەکانی هەڵدەکێشێت‌و لە سکی توندیان دەکا. دەچمە تەکییەوە.

– بڵێ... من بەڵێنم دایتێ کە لای کەس قسان ناکەم. بڵێ بەڵکو بتوانم یارمەتیت بدەم.

ئاوڕ دەداتەوە، سەیرم دەکا، لێوەکانی تەتەڵە دەکەن.

– توبی خوا بەکەس نەڵێی خالید.

– زۆر باشە حەسەنۆك.. پێم گوتیت... بەڵێن دەدەم، بەڵێنی پیاوان.

بە پچڕ پچڕی قسان دەکات:

– دەزانی... خالید... نا.. ناتوانم.. دەسووتێتەوە.. ناتوانم بمیزم.. دەیەشێت.. ئاگرم تێ بەر دەبێ.

چ شتێکم لە قسەکانی حەسەنۆك دەستگیر نابێ، خۆم بەرز دەکەمەوە. خۆم بەسەر ئانیشکی دەستی راستما دەدەم‌و مل قوت دەکەمەوەو لە دەرگای نێوان هەردوو ژوورەکەوە سەیری دایکم دەکەم کە لە کەنار مەقەڵیەکەوە دانیشتووەو وەنەوز دەدا. دەنگی پرخەی ئارامی جەمیلە دەژنەوم. تیشکی لامپاکە نیوەی رووی دایکمی روونـاك کردۆتەوە. دڵنیا دەبم کە دایکم قسەکانمان ناژنەوێ. باسکی حەسەنۆك دەگرم‌و فشاری دەدەم‌و لێی دەپرسم:

– چیت گوت حەسەنۆك؟... تێناگەم.. چۆن ناتوانی بمیزی.

قسە کردنەکەی هێواش‌و تێکەڵ‌و پێکەڵە.

– تۆ نازانی خالید.. دەسووتێتەوە.. تۆ نازانی چەند دەیەشێت. تا زوخ و کێمی لێ نەیەت، پیاو ناتوانێ بمیزێ. ئەوەندە دێشێت، پیاو خۆزگە بە مەرگ دەخوازێ.

هێشتا هیچم بۆ دەرنەکەوتووە. چاوەکانی حەسەنۆك بە قولاً چوون، برژانگەکانی تەڕن. خۆی بەرز دەکاتەوە، سەرینەکە دەخاتە پاڵ دیوارەکەو پشتی پێوە دەدا. لچە شۆڕەکەی دەجوڵێو دەکەوێتە جیکە جیك.

تۆمەز لەگەڵ چینووق دا چووە بۆ "چاڵەکە"و چووەتە لای "لاڵە". چینووق پارەی خەو باخەڵییەکەی حەسەنۆکیشی داوە. وەسفی چاڵەکەم لە برایم بیستوە. لاڵە لە قەراغ ئەو جۆگە گەورەیەی کە مەزراکانی خوار شار ئاو دەدا، هێلانۆچکەیەکی بۆ خۆی پێکەوە ناوە. لاڵە، ژنێکی گەنجی لاڵە. هەوەڵجار لای (جەواهیرە گۆج) بووە. پاشان لە جەواهیرە گۆج جیا بووەتەوەو چووە تۆزێ لە خوار کەپرە چڕەکانی قەرەجەکانەوە هێلانۆچکەیەکی پێکەوە ناوە تا بۆ خۆی کار بکات. برایم هەموو ئەمانەی بۆ گێڕاومەتەوە.

– تۆ نازانی چەند خۆشە خالید.

برایم لیکەکەی دەمی قووت دەداتەوەو بە تامەوە قسان دەکا.

– یەکێك بە ٥ ریاڵ. تەنیا ٥ ریاڵ. خۆ ئەوسا لای جەواهیرە گۆج بوو دەت توانی بە بایی دوو ریاڵ تلیاك بیگێی. دەیان کەرەت تلیاکم لە خواجە تۆفیق دزیوەو چوومەتە لای.

برایم گوتبووی کە جەواهیرە گۆج ئالودەیە. گوتبووی کە تلیاك دەخوا.

هەمیشە نێرگەلەکەی پڕەو لەبەر دەرگادا دانیشتووە تا مشتەری بۆ قەحپەکانی ڕاو بکات.

– ئەو کەرەتە کە چوومە لای لاڵە، تەڵە مشکێکم لە قەرەجەکان دزیو دام بە تمەنێك.

قەرەجەکانم دیون. چەند جارێ کە بە دەستە جەمی چووین بۆ دەشت بە بەر کەپرەکانیانا رەت بووم. پیاوەکانیان رۆژ تا ئێوارێ لەبەر کەپرەکانیانا دادەنیشنو کاردەکەن. گڕگرە دروست دەکەن. سەبەتە، هێڵەگ، تەشت، تەڵەی مشكو هەزار شتی دی دروست دەکەن.

ژنەکانیان لە گەردی بەیانییەوە تا بانگی شێوان لە شاردا دەسوڕێنەوە.

– شیشی کەبابمان هەیە، ئاگرگەردانمان (٢٥) هەیە، فاڵ دەگرینەوە، کتێب دەگرینەوە.

حەسەنۆك گینگڵ دەدا. حەز دەکەم ئاسوودە ببێو بە ئارامی بخەوێ. بە ئاسپایی دەست دەخەمە سەر شانە ڕەقەکەیو پێی دەڵێم.

– باشە، کە ئەوەندە ناڕەحەتی هەستە بڕۆ بمیزە.

دەنکێنێ:

– ئاخر تۆ نازانی چ ئازارێکی هەیە.

بیست رۆژێك دەبێ کە چووەتە لای لاڵە. لێی دەپرسم:

– چینووق وەکو تۆی لێهاتووە؟

قورگی پڕ بووە لە گریان، ئێژی نزگەرە دەکا.

– نەء. هەر هیچی لێنەهاتووە.

زۆری لێدەکەم کە هەر چۆنێ بووە هەستێو بچێ بۆ ئاودەست تا خۆی بە تاڵ بکات.

لە ژێر لێفەکەوە دێتە دەرێ. دایکم خەریکە چایەکە تێکدەدا. تیشکی لامپاکە لە دەرگای بەینی هەردوو ژوورەکەوە تا پایینی جێگاکانی ئێمە هاتووە. حەسەنۆك دەگەڕێتەوە، گریانی پێ کەوتووە.

– ها حەسەنۆك؟

دەڵێ کە میزی کرد.

– بەڵام نازانی بە چ فەلاکەتێ خالید.

ڕادەکشێ، سەری دەخاتە ژێر لێفەکەوەو بەرد ئاسا جوڵەی بۆ ناکا. من هێشتا بێدارم. یر لە حەسەنۆك دەکەمەوە کە چ بەڵایەکی بەسەر هاتووە.

نیوە شەوە. رەحیم وڵاخدار دێتەوە. دایکم هەڵدەستێو لە درزی پەنجەرەکەوە تەماشای نێو حەوشەکە دەکا. حەسەنۆك خەوتووە. هەڵدەسمو لە پشت دایکمەوە دەڕوانمە رەحیم وڵاخدار.

دەرگای هەموو ژوورەکانی نێو حەوشە بە ئاستەم کراونەتەوە. هێڵێکی باریکی روناکی لە هەموو ژوورەکانەوە هاتۆتە دەرێ. ژنێکی کەڵەگەت لەگەڵ رەحیم وڵاخدار دایە. خۆی توند لە عەباکەیەوە پێچاوە. ژنەکە بستێك لە رەحیم وڵاخدار کەڵەگەت ترە. کە ڕێ دەکا سمتی دەلەرێتەوە. رەحیم وڵاخدار لەگەڵ ژنەکەیدا دەچنە ژوورەوە. روناکی بەر ژوورەکان نامێنێ.

***

رەزوان، بەژنو باڵایەکی سەیری هەیە. لە ئافاق–ش کەڵەگەت ترە. بلورخان ناگاتە شانیشی. کە قسە دەکا هەموو ژنەکان کڕدەبن. چاو دەبڕنە دەمیو گوێ دەگرن. جۆرە بێ باوەڕییەك دەنیشێتە سەر ڕوخساریان.

– چی بکەم خوشکێ؟... هەزار قسەو قسەڵۆك بۆ ژنی بێ مێرد دەڕێسن، نیگاکردنی رەزوان لەسەر هەقە... قسەکردنی ئارامەو کار لە دڵ دەکا.

– ... هاتە بن دەستمەوەو گەنم گردی دایکوتا کە دوو منداڵی بێ دایکی هەن.. خۆ دڵم لە بەرد نییە خوشکێ.. دڵم بەمنداڵەکان سوتا، دەنا خۆی لە رێزی ئەوەدا نەماوە.. ئەگەر راستت دەوێ منیش لە ریزی شووکردن نەماوم.

رەزوان نوقڵو شیرینی بەسەر گشت دراوسێکانا بەخشیوەتەوە. رەحیم وڵاخدار لەگەڵ گەردی بەیانی دا چوو بۆ حەمام. ئەوجا هاتەوەو بەرچایی کردو بەرەو بازاڕ کەوتە رێ تا بۆ نێوەڕۆ شت بکڕی.

رەزوان گۆناکانی سووراو کردووە. ژنانی گەڕەك لە نێو خۆیانا چپەچپ دەکەن.

– لەو بێ حەیایانەیە کە مش رەحیم لەسەر یەك پەنجە دەخولێنێتەوە.

چەند دراوسێیەك هاتوون کە ڕەزوان ببینن، منداڵەکانیان بە باوەشەوە گرتووەو لەگەڵ سەنەمدا قسە دەکەن.

رەزوان کەوتۆتە خۆ.

– وەرە کوڕی باش.. وەرە سەری ئەم گلیمە بگرە بیخەینە بەر هەتاوەکە.

حەسەنۆك دادەنوێتەوە. ڕەزوان گلیمە قەدکراوە شێدارەکە دەداتە کۆڵی حەسەنۆك دا. تا لە پلەکانەوە بیگەینێتە سەربان و هەڵی بخات گیانی دەگاتە کونە لووتی.

ڕەزوان خەریکە ژوورەکە ڕێك دەخا. لەچکێکی بەسەرەوە بەستووە تا قژە ڕەشەکەی تۆزاوی نەبێ. شرەو پڕەو جلە ژاکاوەکانی دایکی حەسەنۆك دەباو لە پاڵ ساباتی وڵاخەکانا هەڵیان دەڕێژێ و نەوتیان پێدا دەکاو ئاگریان تێ بەردەدا. ئەوجا لە قەراغ حەوزەکە دادەنیشێ و هیس و دووکەڵی چەندین ساڵەی پەرێمزو لامپاکە دەشوا. ژوورەکەی ڕەحیم وڵاخدار نپ و نۆی بووەتەوە. بۆنی بوخورد لە ژوورەکەی ڕەحیم وڵاخدار هەڵدەستێ. حەسەنۆك هێشتا لە سەربان نەهاتۆتە خوارێ. لەبەر هەتاوەکەو لەسەر گلیمەکە ڕاکشاوە. ئافاق لە ژوورەوە دێتە دەرێ. دەبینێ کە چەند دراوسێیەك لە دەوری سەنەم خڕ بوونەتەوەو چپە چپ دەکەن. ئافاق دەست بە بۆڵاندن دەکات. هێشتا هەر لە سەنەم پڕە. هەرکاتێ بۆی بڕەخسێ بیانوویەك بە سەنەم دەگرێ و چەند پلارێکی ئەستووری بە تەنگەدا دەدا. ئافاق بە تەك ژنەکانا ڕەت دەبێ. ژنەکان کڕ دەبن ئافاق مۆرە لە سەنەم دەکاو دەبۆڵێنێ.

– قوربانی خوا بم کە قازان بە سێ کوچکە دەڵێ ڕووت ڕەشە.

سەنەم لچ هەڵدەقورتێنێ و ڕوو وەردەگێڕێ. ئافاق لە حەوشە دەچێتە دەرێ. دادەنەوێمەوە کە دەرگای ژووری کۆترەکان بکەمەوە. دەنگی بلورخان دەژنەوم. ئەمان ئاقا بە نیازە بچێ بۆ سەفەر.

پشت ڕاست دەکەمەوە، بلورخان بە بەر ژووری کۆترەکانا ڕەت بووە. ڕەزوان لەبەر دەرگای ژوورەکەیان وێستاوەو بە چاوە درشتەکانی دەڕوانێتە دەوروبەری حەوشەکە.

***

دەستم ناچێتە ئیش. لەسەر کورسییەکی چاخانەکە کزکۆڵەم کردووەو ئەژنۆکانم لە باوەش گرتوون. هەرکە گەییمە چاخانەکە، تەشتە تووتنەکەم ئاوپرژێن کردو دانیشتم. هەرچیم کرد کە خۆم بە سازو ئاوازی ڕادێوکەوە مژوول بکەم بێ سوود بوو. بیری حەسەنۆك ڕەهام ناکا. دەزانم لەگەڵ گەردی بەیانی داو بێئەوەی تەنانەت قەنداغێکی گەرمیش هەڵقوڕێنێ چووە بۆ کورەخانەکە.

ڕۆژی دووەمە کە ڕەحیم ناچێ بۆ کوورەخانە. دوێنێ کە هەینی بوو، حەسەنۆکیش (٢٦) نەچوو. وا دیارە سبەیش ڕەحیم وڵاخدار تا دەمەو نیوەڕۆ لە پاڵ ڕەزواندا دەنووێ، بەم سەرمایە. حەسەنۆك دەبێ چ دەردو ئازارێ بچێژێ. خۆی گوتەنی (سوزەنەکە)، لەوانەیە ئەمان ئاقا چارەکەی بزانێ.

– ئەمان ئاقا تا ئێستا چەندین جار تووشی سوزەنەك بووەو..

– هەر بۆیەش منداڵی نابێ.

– دیارە گیانەکەم. کەسێ ئەم هەموو دەردەی گرتبێ، هەڵبەتە منداڵی نابێ.

دەڕوانمە ئەمان ئاقا. لە پشت دەغیلەکەوە خۆی مات کردووەو نێرگەلە دەکێشێت. پەرداغێ چای گەرمیشی لە بەردەمدایە. چەند موشتەرییەکی ڕەوتەنی لێرەو لەوێ دانیشتوون و قاوەڵتی دەخۆن. نان و پەنیرو چای شیرین، بوخەچەو نوێنە سەفەریەکانیان هاواردەکەن کە نیازی

سەفەریان هەیە. نیازی چوونە کوێتیان هەیە. لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ هەر کەسێکا قسە بکەی لە هۆڵی ئەوەدایە نەختێ پارە کۆبکاتەوەو بۆ کوێت بچێ.

– ئاخر گەنیم، چما بنیادەم تا کەنگێ دەتوانێ بەبێ کار دانیشێ؟

زۆربەی پیاوانی گەڕەکمان بۆ کوێت چوون. عەلوان ئاسنگەر، حەسەن دارتاش، زایر یاقوب، ئەبولی پینەدۆز. ناسر نەوت فرۆش ، تەنانەت رەجەبە گۆجیش کە پەنا بەخوا ناتوانێ قوونی خۆیشی بشوات.

عەنکەبووت لە تەك وەجاغەکەوە وێستاوە و خەریکە چای بۆ خۆی تێدەکات تۆزقاڵێ شیرەی خستووەتە ژێر زمانیو دەیمژێ. کە خەیاڵ بوو لەوانەیە لێی بپرسم کە دەردەکەی حەسەنۆك چۆن دەرمان دەکرێ. هەر لێی دەپرسم. عەنکەبووت زۆر سەری لەم شتانە دەردەچێت.

– ئێمە ئیدی دنیامان کۆن کردووە.. چەندین مارمان خواردووە تا بووین بە ئەژدیها. عەنکەبووت دەستەسڕەکەی لەسەر شانی دادەگرێو کەپووی دەسڕێ.

تۆزێ بیر دەکەمەوە کە ئەگەر بکرێ لە ئەمان ئاقا بپرسم باشترە. هەر نەبێ لە عەنکەبووت باشتر حەسەنۆك دەناسێو لەوانەشە دڵی پێی بسووتێ.

هەتاو بەرز بووەتەوە. ئێستا حەسەنۆك بەدەم ئازارەوە دوی وڵاخەکان کەوتووە تا بارێ خشتی کاڵ لە چاڵە خشتەکانەوە بەرێ بۆ سەر کوورەخانە. لە سەر کورسی چاخانەکە هەڵدەستم. بیری حەسەنۆك دەست بەردارم نابێ. چاوە پڕوشاوییەکانی، لێوە لەرزۆکەکانی، سەرە زلەکەی کە بەسەر ملە باریکەکەیەوە دەلەقێ، لەبەر چاوم ون نابنو دوور ناکەونەوە. بەیانی کە لە ئاودەستەکە هاتمە دەرێ دەگریا.

بە بەینی کورسیو تەختەکانا ڕەت دەبمو دەچم بۆ لای وەجاخەکە ، دەسم لەسەر ئاگرەکە رادەگرمو دەڕوانمە عەنکەبووت. دەڵێ:

– چییە خالید؟

پڕ دەمم لە قسانە، بەڵام نایەتە دەرێ، دیارە کە عەنکەبووت تاقەتی نیە. ئەگینا وازی لێ نەدەهێنام تا هەموو شتێکی پێ دەدرکاندم. هێشتا شیرەکە کاری تێنەکردووە.

سات بە سات بێ قەرار تر دەبم، تا شتێ بۆ حەسەنۆك نەکەم دڵم ئیسراحەت ناکا، ئێژی خۆم ئازار دەکێشم.

– تۆ نازانی خالید، تۆ نازانی کە چ ئازارێ دەچێژم؟

نەوتکێشێکی زل لەبەر پەنجەرەکەوە ڕەت دەبێو لە ژێر ساباتەکەدا دەوەستێ. مشتەرییەکان دەبزونو سەر دەکێشن.

– تا میزێ، دەکەم گیانم دەگاتە سەر لووتم.

بەرەو لای ئەمان ئاقا دەچم بە نیازی ئەوەی بە شێوەیەك قسە بکەم. چاخاناکەم لێبووە بە دۆزەخ. لە پڕ شەفەقم بیر دەکەوێتەوە.

– خالید هەمیشە لەبیرت بێ کە ئەگەر خەڵکانی دەس بە تاڵو هەژار یارمەتی یەکدی نەدەن تیا دەچن.

نیگای شەفەق دەرفەتی مرۆڤ نادا کە گومان لە قسەکانی بکا.

– تۆ دەبێ هەمیشە لە بیری ئەوانەدا بی کە هاودەردی خۆتن.

بریا نەخۆشییەکەی حەسەنۆك سوزەنەك نەبووایە، خۆزیا دەستی شکابا، ئەستۆی وردبا. بەلای کەمەوە مرۆڤ شەرمی نەدەکرد. دەکرا بەهەموو کەس بگوترێ. یارمەتی لە هەموو کەس وەربگیرایە. بەڵام سوزەنەك...

دەبێ مرۆڤ هەوەڵجار لە خۆیەوە دەست پێبکات... خۆی چاك بکات، ئەوجا لافی چاککردنی کۆمەڵ لێبدات.

نە ء! دەممم گۆ ناکا، بە هیچ کڵۆجێ ناتوانم ئەم قسەیە لەلای شەفەق بکەم. ئەمان ئاقا نێرگەلەکەی خستۆتە لاوە، گازم دەکا.

– خالید.

دەچم بۆ لای

– ئێژی ئەمڕۆ کۆك نیت؟

– هیچم نیە ئەمان ئاقا.

دەڵێ: بڕۆ چایەك بخۆوە با بێیتەوە سەرخۆ.

قسەکان لەسەر زمانم وەستاون

– ئەمان ئاقا...

دەمەوێ پێی بڵێم کە حەسەنۆك تووشی سوزەنەك بووە، بەڵام قسەکە لە گەرووما گیر دەبێ.

– چیە رۆڵە... دەتەوێ چی بڵێی.

دەکەومە منجە منج.

– قسەکەت بکە، شەرم مەکە..

– نا، ئەمان ئاقا، شەرم ناکەم...

لە پڕ بیر دەکەوە کە لەگەڵ شەفەق دا باشتر دەتوانم قسان بکەم، خۆ خۆم تووشی سوزەنەك نەبووم. دەمەوێ یارمەتی حەسەنۆك بدەم. ئەمە چ شەرمێکی پێناوێ.

چاوە گچکەکانی ئەمان ئاقا لەسەر چاوم گیرساونەتەوە.

– بۆ قسان ناکەیت؟

پێی دەڵێم:

– دەمەوێ بۆ ماوەی سەعاتێك بچمە دەرێ.

دەپرسێ بۆ ماڵ دەچیتەوە؟

– نەء.

– ئەمە شەرمی ناوێ کوڕم... بڕۆ.

هەناسەیەك هەڵدەکێشم و یەخەی قەمسەڵەکەم هەڵدەدەمەوە.. رێبوارە رەوتەنیەکان خەریکن لەگەڵ سەکنەکەدا قسە دەکەن. دەجوڵێم کە بکەومە ڕێ. گوێم لە دەنگی ئەمان ئاقا دەبێ.

– بەڵام خالید، تۆ ئەمڕۆ تەواو نیت.

عەنکەبووت خەیاڵ بووە.

بە ئەمان ئاقا دەڵێم کە چ نیەو لە چاخانەکە دێمە دەرێ. سەرما گوێچکەکانم دەتەزێنێ.. بە قەراغ جادە قیرەکەدا بەرەو ناو شار دەکەومە ڕێ.

ئێستا زۆربەی شوفێرەکان دەمناسن. هەر یەکێکیان پەیدا ببێ سوارم دەکا. لە سێ ریانەکەی بەندەرەوە تا ناو شار ڕێیەکی زۆرە، ئەگەر بە پێ بڕۆم ڕەقدەبمەوە. لەسەر جادەکە دەوەستم، هەور بەری ئاسمانی گرتووە. خۆر بە ئاستەم زەرد دەچێتەوە!. کە سەیر دەکەم دەبینم گڕی بۆرییە گازەکان بوون بە شەش گڕ. کە یەکەم جار هاتمە چاخانەکەی ئەمان ئاقا تەنیا دوو گڕ بوون. دوایی بوون بە چوار، شەوی هەینی بوون بە پێنج و ئێستا شەشەمیان لە ئەرزەوە قوت بووەتەوە.

ئەمانە هەمووی سامانی وڵاتەو بە خۆڕایی دەسووتێو دەبێ بە دووکەڵ و بە حەوادا دەچێ.

– تێناگەم بێدار، چۆن ئەمانە سامانی وڵاتن؟

بۆ باس دەکا کە چ سوودێکی زۆر لەم گازانە وەردەگیرێ. نیگام لەگەڵ لرفەو بڵێسەی مەشخەڵی گازەکاندا بەرزو نزم دەبێتەوە. لە پڕ جیڕەی بریك گرتنی نەوتکێشێك ڕام دەچەڵەکێنێ.

– سەر کەوە خالید.

شوفێرەکەو سەکنەکەی دەناسم. لە پاڵ سەکنەکەدا جێی خۆم خۆش دەکەمو دادەنیشم. ناو قەمەری نەوت کێشەکە گەرمە. شوفێرەکە باسی نەوتو ئینگلیزە تاڵان کەرەکان دەکا. لەم ڕۆژانەدا ئەمە بووە بە باسی هەموو کەسێك.

– ... تەنیا چارە ئەمەیە کە خۆماڵی بکرێ.

منداڵانی قوتابخانەکانو کاسبکارانی بازاڕیش هەر هەمان قسە دەکەن.

– ئەو وەختە بەسەر چوو کە پێویستمان بە سەرپەرشت بێ. ئێستا خۆمان پێ گەییوین و تواناشمان هەیە، پێویستە هەموو ئینگلیزەکان تۆڕ بدەینە دەریاوە.

سمێڵی شوفێرەکە لێوی داپۆشیوە. خۆی داوە بەسەر سوکانەکەداو قسە دەکا.

– چما شەلین ،گۆجین؟.... لاتوایە گەنجە خوێندەوارەکانی خۆمان ناتوانن جێی فەڕەنگیەکان بگرنەوە." یا میوەی گەیوو دەبێ ورچ بیخوا؟ پێموایە سەکنەکە دەیەوێ سەر بخاتە سەری. ئەوڕۆ ئەگەر بتەوێ هەرکەسێ جۆش بدەی، پێی بڵێ کە ئێمە پیشەسازی نەوتمان پێ بەرێوە ناچێ. تەنیا ئەو ئەوقسەیە بەسە بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەت ئەبڵەق بکەیتو هاوارت بەسەرا بکاو سەرزەنشتت بکا.

لەم سەری شار دادەبەزم.

–خوا حافیز.

– خوا ئاگادارت بێ.

نەوتکێشەکە بەرەو دامێنی تەپۆڵکەکەی بەری ڕۆژهەڵاتی شار دەئاژوێ.

دەستەکانم دەخەمە گیرفانی پانتۆڵەکەمو دەکەومە لۆقە.

– زۆر درێژ بوویت خالید. لە شانزە ساڵان ناچیت.

خۆشم هەستم بەمە کردووە. لە پڕ باڵام ڕفاندووە و سمێڵم بۆر بۆتەوە.

بە چەند کۆڵانو لا کۆڵانێکا تێدەپەڕم. خۆم بە شەقامی ٢٤ مەتری دا دەکەم، لە سەرمانا کووڕ بوومەتەوەو ملم خوس کردۆتەوە، یەخەی قەمسەڵەکەم هەڵداوەتەوە. بیری حەسەنۆك چنگی لە ناخی دڵم گیر کردووە. بڕیارم داوە کە بڕۆمو ڕێكو ڕاست هەموو شتێ بۆ شەفەق بگێڕمەوە. چی دەبێ با ببێ. ناکرێ بە ڕەحیم وڵاخدار بگوترێ. خۆ ئەگەر پێبزانێ وای لە حاڵی حەسەن. داخی برایمش بە حەسەنۆك دەڕێژێ. لە پڕ هەنگاوەکانم سست دەبن.

(نەخۆشخانەی دەوڵەتی)

مردوو لەمە پاکتر ناشۆردرێ. چۆنە تا ئێستا بیرم لەمە نەکرد بووەوە، بێگومان ئەم نەخۆشخانەیە بۆ ئەم نەخۆشییانەیە. بۆ دەرمان کردنی دەردو نەخۆشی خەڵکانی وەك حەسەنۆك. عەنکەبووت، وەکو منو هەموو خەڵکانی شارە.

پێ هەڵدەگرم. لە جادەکە دەپەڕمەوەو خۆم بە نەخۆشخانەکەدا دەکەم.

هەتاو لە توێی هەورەکان هاتووەتە دەرێ. قەسرێکی گەورەی هەیواندار لە ناوەندی حەسارە گەورەکەی نەخۆشخانەدا قوت بۆتەوە. تەیمانێکی ئاسنین قەسری نەخۆشخانەکەی لە حەوشەکە جودا کردۆتەوە. تەیمانەکە سەر وەختێ سپی بووە. بەڵام ئێستا ڕەش دەنوێنێ. پتر لە سەد کەس لەبەر بەرۆچکە دانیشتووانو پشتیان بە تەیمانەکەوە داوە. هەر یەکەو شتێکی لە خۆوە پێچاوە. پیاوێکی میانە ساڵی سك باکردوو دەنکێنێ، ردێنی ماشو برنجە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە. ژنێکی گەنج لە تەکیەوە دانیشتووەو ئەژنۆکانی گرتوونەتە باوەشو لە جێی خۆی دەهەژێ. پیرە مێردێك لە بەردەم ژنەکەوە لەسەر زەوی ڕاکشاوەو تەنیا سەری لە ژێر پەتۆکەی سەریەوە دیارە. ڕوومەتی دیارە. ڕوومەتو ژێر چاوی ئەوەندە ئاوساوە هاکا پێستی دەموچاوی بتەقێ. چاوی پیرەمێردەکە نوقاوە، دەمی نیمچە وازە، لیکێکی لینج بەلا لغاوەیدا هاتۆتە خوارێ. کوڕێکی منداڵ کە لاقی لە نووکی پەنجەیەوە تا ڕانی سووتاوە واقە واقێتی. توانای گریانی نییە.

وەکو پارچە گۆشتێکی گەنیو لە باوەشی ژنێکی گەنجدا کەوتووە.

ئاوڕ دەدەمەوەو بە پەلە بەرەو دەرگای چوونە ژوورەوەی قەسرەکە دەچم. خەڵکی لەبەر دەرگاکەوە تا کۆتایی تەیمانەکە بە دوو ریز وەستاون. کابرایەکی کەڵەگەت کە جلێکی خوری سورمەیی لەبەرە بەردەمم دەگرێ.

– بۆ کوێ کورۆ؟

– نەخۆشم هەیە؟

– زۆر چاکە بچۆ ریزەوە.

کە قسە دەکاو سەری دەجوڵێ قەراغی بریقەداری کڵاوەکەی ڕووناكو تاریك دەبێتەوە. کە دەڕوانمە کۆتایی ریزەکە کەوتۆتە ئەولای تەیمانەکەشەوە.

کابرای کەڵەگەتەکە دیسان دەڵێ:

– لە ریزیشا.. دەبێ ژمارە وەربگرێ.

بە دەست ئەوبەری حەوشەی نەخۆشخانەکەم نیشان دەدا.

ژمـارە وەردەگـرن‌و لـە ریزەکـە جـوێ دەبنـەوەو لەبـەردەم تەیمانەکـەوە دەڕۆن. نەخۆشـەکانیان دەدەنە کۆڵاو لە دەرگای پشت قەسرەکەوە دەچنە بەر دەرگای ژووری مالیجە تا نۆرەیان دێ.

پیرەمێردێك کوڕێکی هەرزەکاری داوە بە کۆڵیاو بەرەو ژووری مالیجە دەچێ.دەکەومە شانی‌و لێی دەپرسم:

– کوڕتە؟

سـەیرم دەکـا. قسـە ناکـا، کوڕەکـە هـەر ئـەوەتا رۆحـی تیایـە. پیرەمێردەکـە هەناسـە بڕکێـی پـێ کەوتووە.

– نەخۆشییەکەی چیە؟

ئێژی توڕەیە.

– نازانم. دەردی بێ دەرمانە.

لاقی کوڕەکەی هەڵمالراون‌و لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پیرەمێردەکەدا تەکە تەك دەکات. لە پشت قەسەرەکەوە غەڵبە غەڵب‌و دەنگە دەنگ تێکەڵ بە یەکدی بوون.هەموو جۆرە دەنگێك. پاڕانەوە، نالێ‌و نك، دادو فریاد، نەفرەت‌و تەنانەت جنێوو فەزیحەتیش..

– دە رۆژە دەستی دەستیم پێدەکەن، ئێستاش دەڵێن جێمان نیە بتخەوێنین.

– ئەدی من چ هەشێ بەسـەر خۆما بکـەم؟... چـی لـەم منداڵـە بکـەم؟ خۆ نـاکرێ بـە دیارییـەوە دانیشم‌و بە بەرچاومەوە بمرێ.

– بە قوڕی بگرن....

– خوا زەلیلتان کا. رەبی منداڵەکانتان بە بەرچاوتانەوە بکەونە لەقەرفرتێ.

– بەزەییەکتان بە منا بێتەوە خەریکە دەمرم.

کەس وەڵامیان ناداتەوە. ئێژی کەس گوێی لە دەنگیان نابێ.

خۆم بە قەسرەکەدا دەکەم. کەس رێم لێناگرێ. ریزی بەر ژووری مالیجە لە دەرگای قەسرەکە رەت بووە. سێبەرە. هەموو دەلەرزن.. دەنگی ددانەکانیان دەژنەوم. بۆنی دەرمانی هەمە جۆر لە راڕەوەکەدا تێکەڵ بە یەکدی بووە. کەچی دیوارەکان ناوە ناوە کەوتوون. پایینی دیوارەکان شێی هەڵهێناوەو گەچەکەی لەمسەر بۆ ئەوسەر هەڵتۆقیوە.

ئەگەر بمەوێ دکتۆر ببینم دەبێ ژمارەم هەبێ، ئەگەر بمەوێ ژمارە وەربگرم دەبێ تا نیوەڕۆ لە ریزا بووەستم. ئەگەر لە ریزا بووەستم دەبێ دوو تمەنم هەبێ تا پارەی ژمارەکە بدەم‌و ئەگەر ژمارەکەم وەرگرت دەبێ بێم لەبەر ژووری مالیجەدا دیسان ریز بگرم. جا ئەمە بە کەڵکی چی دێ..بە تایبەتی کە حەسەنۆکیش لێرەنیە.

لە راڕەوەکەدا وێڵم. سەرما ئازای گیانی تەزاندووم. بۆنی دەرمان‌و هەناسە، هەناسەیان سوار کردووم. بەرەو ئەو سەری راڕەوەکە دەچم.

کابرای سپی پۆش دێت، قیروسیا دەکەم.

– کاکە

کابرای سپی پۆش دەوەستێ.

- پرسیارێکم هەیە.

دەکەوێتە ڕێ.

- ئەگەر نەخۆشیت بچۆ ریزەوە.

- ئاخر خۆم نەخۆش نیم

دیسان دەوەستێ‌و سەیرم دەکا.

- من نەخۆش نیم.

- باشە دەتەوێ چ بڵێی؟

شەرم دام دەگرێ، سوور بوومەتەوە، قسە لە بینم گیراوە.

- ئەدی بۆ قسان ناکەیت.

- حەز دەکەم کەس نەزانێ.

بە چاوی ئیشارە بۆ لای ئەو خەڵکەی بەر ژووری مالیجە دەکەم. کابرای سپی پۆش دەکەوێتە ڕێ. دوای دەکەوم. ئەوسەری ڕاڕەوەکە چۆڵە. کابرا دەوەستێ. سەیری دەوروبەری خۆی دەکاو دەڵێ:

- ئێرە کەسی لێ نییە... قسەکەت بکە.

دەکەومە منجە منج، ئەوجا لە پڕ دەمم بەر دەبێ‌و خێرا خێرا قسە دەکەم، کابرا هێمنە، تەنیا بزە دەکا. بە هیچ جۆرێ قسەکانمی بەلاوە سەیر نیە. ئێژی تا هەنووکە ئەم قسانەی لە سەد کەس پتر گوێ لێبووە. سەر دادەخەم. دەنگی دەژنەوم.

- پارەت هەیە؟

قسە ناکەم، هەمدیس دەنگی کابرای سپی پۆشە.

- لێرە، هیچ کارێکت بۆ ناکەن.

پێی دەڵێم:

- بۆ خۆم نیە... وەك گوتم.

دەڵێ:

- فەرق ناکا.

سەرم هەڵدەبڕم‌و دەڕوانمە چاوە گل کردووەکانی. دیسان دەڵێ:

- ئەگەر پارەت هەیە، ئێوارێ لەگەڵ خۆتا بیهێنە بۆ لای من تا پێت بڵێم کە دەبێ چی بکەی.

ئەوجا ئەدرەسێکم دەداتێ. بۆم دەردەکەوێ کە دکتۆر نیە. خوا ئەزانێ چەند جار بە بەر ماڵەکەیا ڕەت بووم.

(دەرزی لێدان- تیمار کردن)

- ئێوارە چاوەڕوانم

ددانەکانم لە دووکەڵی جگەرەدا ڕەش دەچنەوە. لێوەکانی قڵیشاون. لە نەخۆشخانەکە دێمە دەرێ‌و باشترین ڕێگەم بەلاوە، فرۆشتنی کۆترەکان دەبێ.

***

هێشتا دەمی کەرەم پێچراوە.

– خوا کوێرت بکا، کارەکانیشت وەکو بنیادەم نیە. ئاخر کام حەیوان گرەو لەسەر ئەوە دەکا کە ژێر پیاڵەیەك بخاتە دەمییەوە؟.

خواجە تۆفیق دەستی کەرەمی گرتووەو بردوویەتی بۆ لای میرزا نەسروڵلاڵ، ئەگەر ئافاق بەمە بزانێت بەرد بەسەر خواجە تۆفیقدا بەبا دەکات.

میرزا نەسروڵلاڵ دەرمانی عەشایەری بۆ داناوە. سەنەم گوتوویەتی

– خواجە تۆفیق ناماقووڵی کردووە کە کچە تلیك خۆرەکەی بەسەر کوڕەکەمدا ساغ بکاتەوە. بانۆ هەر بۆ ئەوە باشە کە برایم لە نێو کادێنەکە رەحیم ولاڵخدارا پاڵی بخات و ئاوی پشتی تیا خاڵی بکاتەوە.

خواجە تۆفیق گوتوویەتی:

– من تەنیا لە رای خوا کەرەم عەلیم بردە لای میرزا نەسڕوڵلاڵ، خۆ ئەگەر ئافاق پێ بزانێ دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکا.

ئافاق هێشتا شیرو تیر لە سەنەم دەسووێ.

دەمی کەرەم هێشتا هەر پێچراوە. تا مەبەستی لە یەکێك تێدەگەیەنێ گیانی لە کوونە لووتی دەدەچێ.

هەفتەیەك دەبێ. کە سەنەم لە پاڵ ساباتی ولاڵخەکانی مش رەحیم–ەوە تەنورێکی دامەزراندووە. لەگەڵ بانگی بەیانی دا هەڵدەستێو هەویر دەشێلێ. پێش نیوەڕۆ تەنورەکە دادەخاو ٣٠– ٤٠ نان دەکاو دەیداتە کەرەم کە بە ماڵە دراوسێکانا بیگێڕێ. لەو رۆژەوە کە تەنوورەکەی سەنەم کەوتە کار، دایکم نان لەو دەکرێ.

– هەم هەرزان ترە، هەم شەرەشەقی کەمترەو هەم زڕو زبڵی ناوێ.

بابم کە پارەی ناردەوە، قەرزەکەی حەبیب نانەوامان دایەوە. قەرزی مەهدی بەقاڵ ماوە تا پارەمان پێبگات. لەگەڵ دەست پێکردنی سەرمادا هەر چۆنێ بێ بابم چەند تمەنێ دەنێرێ.

سەنەم عەباکەی لە ناو قەدی بەستووەو نان دەبرژێنێ. تیشکی خۆر باڵی بەسەر هەموو حەوشەکەدا کێشاوە. هاڵاوی گەرمی تەنورەکە لە گیان خۆشە. نانەکانی سەنەم ئێژی کولیچەن. تامی زەردێنەی هێلکەی کوڵاو دەدەن.

– خوشکێ، خۆ من کیسەم بۆ هەڵنەدرووە. دوو باتمان گەنمی کارونی دەکڕمو چ شتێکی تریشی تێکەڵ ناکەم. هەر چوار کولێرە بۆ خۆمو کەرەم وەمێنێ. شوکرانەی خوا دەکەم.

حەبیب نانەوا لە دەرگای حەوشەوە دێتە ژوورێ. فەقیانەکانی تەڕ کردوونو خەریکە دەیانگوشێت تا ئاوەچۆڕ ببنو لە قۆڵیان هەڵکێشێت.

– وەی وەی، وەی وەی... سەنەم خان چاوی ئێمە روون، ئێستا بووی بە خەنیمی ئێمە... ها؟

سەنەم نانەکە بە تەنوورەکەوە دەدات و تۆزێ لە ئاگرەکە دەکشێتەوە و بەبێ تاقەتی قسە دەکا.

– خەنیمی چی حەبیب نانەوا. بە هەر هەمووی دوو کیلۆ ئارد دەشێلمو چوار نان بۆ خۆمو دەرو دراوسێکان دەکەم... ئەمە کەی بە دامو دەزگاکەی تۆدا دەگا، ماشەڵڵاو هەزار ماشەڵڵا ٣٠– ٤٠ هۆقە ئارد دەشێلی.

حەبیب نانەوا فەقیانەکانی لە قۆڵ هەڵدەکێشێتو دێتە پێشەوە. برژانگەکانی حەبیب نانەوا هەڵکرۆزاون. گۆناکانی رەقو قاوەیین.

– هەڵبەتە مۆڵەت نامەشت هەیە؟

سەنەم نانەکە لە تەنوورەکە دەکاتەوەو لەسەر حەسیرەکە پەرتی دەکاو بێ ئەوەی سەیری حەبیب نانەوا بکا دەڵێ:

– مۆڵەت نامە؟... مۆڵەت نامەی چی حەبیب؟

دەنگی حەبیب نانەوا دەبوژێتەوە.

– چما شاری بێ حاکمە؟

سەنەم، گونکەکە لە ئاردەکە وەردەداو دەڵێ:

– خۆ من دوکانم نیە تا مۆڵەت نامەم بوێ!

کەرەم عەلی لە ژوورەوە دێتە دەرێ. حەبیب نانەوا دەڵێ:

– فەرق ناکا سەنەم خان. کە بتەوێ نان بکەیو بفرۆشی، دەبێ مۆڵەت نامەی کاسبیت هەبێ.

سەنەم گونکەکە لەسەر پنەکە پان دەکاتەوەو دەڵێ:

– خوا خێرت بنووسێت حەبیب... وازم لێ بێنە.

کەرەم چاوی لە حەبیب نانەوا زەق کردووەتەوە. ئەگەر دەمە پانەکەی نەپێچرا بووایە، رەنگە لە بری دایکی وەلامی حەبیب نانەوای بدایەتەوە.

سەنەم نانەکە بە پێشی تەنوورەکەدا دەدا. ئەوجا بە مەقاش گەڵای دارخورماو چیلکەو چێو دەخاتە تەنوورەکەوە. چیلکە وشکەکان گڕ دەگرنو ئاگر لە دەمی تەنوورەکەوە کرپەو بڵێسە دەکا. حەبیب نانەوا دێتە پێشترەوەو سەیری تەنوورەکە دەکا.

– حەیف بۆ ئەم تەنوورە کە ئەوەندە ساف و چاك دەرچووە. بزانە چۆن سور بۆتەوە.

سەنەم دەبۆڵێنێ:

– توخوا وازم لێ بێنە با فریای کارو ژیانی خۆم بکەوم.

حەبیب نانەوا دەستی دەخاتە کەلەکەیو بە دەنگێکی گڕ دەڵێ:

– کارو ژیان؟....

دەڕوانێتە چاوە رەنگ بوردووەکانی سەنەم و درێژەی دەداتێ:

– ... کە سبەینێ کەشاف شارەوانی هاتو بە پاچو قوڵینگ بۆی تەخت کردیت، ئەوسا دەزانی کە کاسبیو کار کردن بێ مۆڵەت نامە چ دەگەیەنێ.

دەمارەکانی ملی سەنەم هەڵدەستن.

– کەشاف شارەوانی نا ماقووڵی دەکا دەست لە تەنووری من بدات.

کەرەم دەست بە مرەمڕ دەکات. ناتوانێ قسە بکا. سەرو دەستو چەناگەی تەکان دەداو لە جێی خۆیەوە ئەم پێو ئەو پێ دەکا.

خواجە تۆفیق عەباکە دەدا بە شانیاو لە ژوروێ ڕا دێتە دەرێ.

– ئەوە چییە حەبیب نانەوا؟

حەبیب نانەوا دەڵێ: چ نیە.

سەنەم دەڵێ: بە لۆقە درێژەکانیەوە هاتووە کە گوایە سبەینێ کەشاف دێ تەنوورەکەی من تێك دەدا.

خواجە تۆفیق تای سەنەم دەگرێ. خەریکە ئەو قسانە راست دەربچێ کە گوایە خواجە تۆفیق دەیەوێ کەرەم عەلی ڕام بکات.

– دەیەوێ بانۆ بەسەر کەرەم عەلی دا ساغ بکاتەوە.

– چما ئافاق دەیەڵێ.

– چەند خۆشباوەڕی خوشکێ، ئافاق دەبڕێو خواجە تۆفیق دەیدروێ.

خواجە تۆفیق لەگەڵ حەبیب نانەوادا دەکەوێتە یەك و دوو.

رەزوان لە ژوورەوە دێتە دەرێ. گۆناکانی سووراو کردووەو چاوەکانی رشتووە. لە پاشملەی رەزوان قسە دەکەن.

– چما کەس دەزانێ بە رۆژ کێوە دەچێ؟

– پێرێ تا نزیکی دوکانەکەی حەبیب نانەوا، گەنجێکی سمێڵ بابڕی لەگەڵ بوو.

– سەری مش رەحیم سەلامەت بێ.

– پێویستە کلاوەکەی خوار دابنێ.

کەرەم، چاوی بڕیوەتە رەزوان، رەزوان بزە بۆ حەبیب نانەوا دەکا، حەبیب نانەواش بزەیەك دەکاو ئەوجا ئەحواڵی رەزوان دەپرسێ. رەزوان عەباکەی لەسەری دادەگرێو دەیداتەوە بە سەریاو دەڵێ:

– لە خوا بەزیاد بێ.

پێشی عەباکەی رەزوان تا خوارەوە وازە. کراسەکەی لە بەدەنی چەسپ بووە. چاوی کەرەم لە مەمکی رەزوانە کە لە مەمکی بلورخانیش قوت ترە.

نیگای حەبیب نانەوا ئاوێتەی نیگای رەزانە. چەپکێك لە قژە بریقەدارەکەی رەزوان کەوتۆتە سەر هەنیەی.

ژنانی گەڕەکەکە لە پاشملەی رەحیم وڵاخدار قسە دەکەن.

– سەری پیریو کلاوی قورمساغی.

– هەر مەپرسە خوشکێ، ئەو پیرەمێردە گەر بزانێ لە داخا دیق دەکا.

– ئەوە چ دەڵێی خوشکێ، کە ژنێ خراپ دەبێ لە پێش هەموو کەسێکا مێردەکەی پێ دەزانێ.

– تۆ بڵێی لە کوورەخانەوە پێ بزانێ.

ڕەزوان لە دەرگای حەوشەوە دەچێتە دەرێ، نیگای کەرەم عەلی تا بەر دەرگای حەوشە شوێن لەرەو سەمای سمتو کەفەڵی ڕەزوان دەکەوێ.

خواجە تۆفیق دەستی حەبیب نانەوا دەگرێ.

– خوا بەردار نیە ببیتە باعسی نان بڕینی پیرێژنێك.

حەبیب نانەوا دەڕوانێتە سەنەم.

– ئەی خوا بەرداره پیرێژنێك ببێتە باعیسی نان بڕینی دە – دوازدە سەر خێزان؟

حەبیب نانەوا یازدە منداڵی هەنو هەمووشیان لە یەك دایك، نۆیان کیژنو دوویان کوڕن. هەرە گەورەکەیان سیازدە ساڵانە. هەرە بچووکەکەیان شەش مانگە. تازە یەکێك لە کچەکانی مردووەو ژنەکەشی ئاوسە.

– خوا رازیقە.

بابم دەڵێ:

– سەری بێ رزق لە ژێر گڵدایە.

میرزا نەسروڵلا دەڵێ:

– کەسێ سەر بدات، رزقیش دەدا.

حەبیب نانەوا دابین نابێ. دەنگ بەرز دەکاتەوە.

– یا ئەم جلو جنجۆرە بپێچەوە یان سبەینێ دەچمە شارەوانیو کەشاف دێنم.

سەنەم پڕ بووە.

– بڕۆ کەشاف بێنەو هەر گوویەکت پێ خۆشە بیخۆ.

حەبیب نانەوا دەهری دەبێ.

– مەیموون، تۆ دەخۆم کە لە گوو پیستری.

کەرەم پەلاماری حەبیب نانەوا دەدا. خواجە تۆفیق پێشی دەگرێ.

حەبیب نانەوا بە جنێودانەوە لە حەوشە دەردەچێ. کەرەم لە جێی خۆی وەستاوەو دەبۆڵێنێ. قسەکانی لە گەرووی گیر دەبنو نایەنە دەرێ. دەنگی بانۆ لەبەر دەرگاوە بەرز دەبێتەوە. خواجە تۆفیق گاز دەکا.

خواجە تۆفیق بە سەنەم دەڵێ:

– هەر گوێی مەدەرێ، ناتوانێ هیچ بکا.

ئەوجا دەستی کەرەم دەگرێو دەڵێ:

– بێ بڕۆین کوڕم... بێ پیاڵەیەك چا بخۆوە.

قۆریەکەی خواجە تۆفیق هەمیشە لە کەنار مەقەڵییەکەیە.

کەرەم لەگەڵ خواجە تۆفیق دا دەڕوا. دەنگی سەنەم بەرز دەبێتەوە.

– کەرەم وەرە نانەکان سەفتە بکە.

***

ئەمان ئاقا کە نیوەڕۆژەی خوارد کەوتە ڕێ تا بڕوا بۆ شوش، بۆ چای قاچاغ، ئەگەر دەستی بگا تا عەمارەش دەچێ.

سواری پاسکیلەکەی ئەمان ئاقا بووم‌و هاتمەوە بۆ ماڵ.

دنیا تەواو تاریك بووە، سەرما تا سەری ئێسقان دەم سمێ. بلورخان لە حەوشەدا شڵپێ ئاو بە دەموچاویا دەداو دێت بۆ ماڵی ئێمە. ئێستا چاك دەزانم کە دایکم بە هەموو شتێ دەزانێ، بەڵام کەم‌و زۆر خۆی شێلو ناکا. بلورخان سڵاو دەکاو لە کەنار مەقاڵییەکە دادەنیشێ. کیسەیەك ناوکە کولەکەشی هێناوە. بلورخان هەمیشە لەم شتانەی لە ماڵەوە هەیە. هەرکە دادەنیشێ یەکەم قسەی ئەمەیە:

– کچەکەی بە تەواوی شوولی لێ هەڵکێشاوە... هەر ڕۆژەی بیانوویەك دەدۆزێتەوەو بۆی دەردەچێت. مش ڕەحیمی بێ چارە وەکو سەگ لە کوورەخانەکەدا ڕەنج دەدا تا ئابڕووی خۆی بپارێزێ.

دایکم بە جۆرێ دەڕوانێتە بلورخان کە لە سەد وەڵام خراترە. بلورخان نقەی لێ دەبڕێ. سەری دادەخاو دەم هەڵناهێنێ. ئەوجا فەرموو لە دایکم دەکا بۆ ناوکە کولەکە خواردن. دایکم چای بۆ تێدەکا.

ئێوارێ کە لە چاخانە هاتمەوە پێم گوت کە ئەمان ئاقا چووە بۆ شوش، گوتی کە شەو چاوەڕوانمە.

– بێی ها... ئەگەر نەیەی، ئیدی نە من‌و نە تۆ.

چم پێ نەگوت، تەنیا زەردەخەنەیەکم بە ڕوویادا.

دیسان گوتی:

– ناخەوم تا دێی.

ئێژی حەزناکەم بچم بۆ ژوورەکەی. کە ئەمان ئاقام بیر دەکەوێتەوە، چین چین ئارەقە دەکەم. ئەگەر ئەمان ئاقا ئەوەندە خۆشی نەویستبام هەر نەیسە. پیاو دەیتوانی قەناعەت بە خۆی بکات. بە هیچ جۆرێ حەزناکەم بچمە لای بلورخان. چاوە چکۆلەکانی ئەمان ئاقا سەرزەنشتم دەکەن.

– خالید... تۆ کوڕی منی.

خۆزیا بەلای کەمەوە شەڕێکی لەگەڵ کرد بووایەم. بریا تاقە جارێك هاواری بەسەرما کرد بووایە.

– خالید.، کوڕم ئەم فانیلە ژێرییەت بۆ بکڕم؟

فانیلە لە دەست فرۆشیارە دەست گێڕەکە وەردەگرێ‌و دەیداتە دەستم.

– بە خۆتی بگرە بزانە پڕ بە بەرتە؟

نیگای چاوە چکۆلەکانی ئەمان ئاقا، ڕام دەچڵەکێنێ.

– تو وەکو کوڕی خۆمی.

بەڵام بۆنی عەتری بلورخان بێ قەراری کردووم. گەرمی لەشی ئەوەندە خۆشە کە پیاو ئاگای لە خۆی نامێنێ. تەنیا (گەرمی) نیە کە دەست‌و لاقم دێنێتە لەرزە. شتی تریش لەگەڵ گەرمییەکەدا

هەن کە بە قسان باس ناکرێ. کە هەست بە نەرمی و تورتی سکی لەسەر سکم دەکەم هەر ناگێڕێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا یادی ئاقا گەرمی لەشم هەڵدەمژێ و ساردم دەکاتەوە. غەڵبە غەڵب و هەرا لە ناخما بەرپا بووە.

(ئەمان ئاقا... ئەمان ئاقا... توش لەگەڵ ئەم ئەمان ئاقایەت دا... خوا بۆی رەخساندوویت، بلورخان حیکایەت بۆ جەمیلە دەگێڕێتەوە. چاوی لە منە. چاوەکانی لێوان لێوی شەهوەت و ئارەزوون. دێتە پێشتر، ئەژنۆکانی لە رانم توند دەکات. دڵم بۆی لێدەدات. دەکێشمەوەو پشت بە دیوارەکەوە دەدەم و پەتۆکە بەسەر لاقما دەدەم. بلورخان هەست پێدەکا، تەماشام دەکاو بزە دەیگرێ.

دایکم خەریکە جلی گەرمم بۆ دەچنێ.

کە باوکم پارەی بۆ ناردینەوە چەند شلیلە خوریيەکی کڕی و دەستی بە کار کرد. پێش و پشتەکەی تەواو کردووە. ماوەتەوە قۆڵەکانی کە لەم دوو- سێ ڕۆژەدا تەواو دەبێ، کە پانتۆڵە تازەکەشم لەلای بەرگ درووەکە بێنمەوە، ئیدی تەواو نوێ دەبمەوە. رەنگی وەنەوشەیی لەگەڵ رەشا دەگونجێ. لەبەر کوڕێکی گەرەکی سەروی شاردا دیومە، دایکم چەند دوکانی کرد تا شلیلەی وەنەوشەیی پەیدا کرد.

دایکم چنراوەکەی دەستی دادەنێ و لە بلورخان دەپرسێ:

- شیو دەخۆی؟

شیوی خواردووە. قەت دەست بە رووی سکی خۆیەوە نانێ. بۆی دەلوێ، هەمیشە بۆنی خواردنی چاك لە ژوورەکەیەوە دێ. دایکم هەڵدەسێت کە شیوەکە جێ بەجێ بکات.

- خالید سفرەکە راخە.

دەچێتە دەرێ، ئەوشۆ گۆشتاومان هەیە. لەوساوە کە سەنەم تەنورەکەی داناوە ئەمە دووەم جارە کە گۆشتاو دەخۆین. بلورخان حەکایەت بۆ جەمیلە دەکا، بە ئیشارەی چاوو برۆ تێم دەگەیەنێ کە نیوەشەو لە بیر نەکەمو بچم بۆ لای. چاك گیرم خواردووە. تا پتر ئەمان ئاقام بیر بکەوێتەوە، پتر لە بلورخان دەڕەومەوە. بیر دەکەمەوە کە نیوەشەو بڕۆم دوا قسەم لەگەڵ بلورخان دا بکەمو هەموو شتێ بڕێنمەوە. پێی بڵێم کە شەرم لە ئەمان ئاقا دەکەم، پێی بڵێم کە دڵم قەبوولێ ناکا لەگەڵیدا بخەوم. پێی بڵێم کە چاوانی پڕ خەندەو خۆشەویستی ئەمان ئاقا دڵم رادەچڵەکێنێ.

بلورخان هێشتا چاوو برۆ هەڵدەتەکێنێ. تاقەتم دەچێت. دەڵێم:

- زۆر باشە بلورخان، زۆر باشە، حاڵی بووم.

چاوە خەواڵووەکانی جەمیلە هەڵدێن.

- چی حاڵی بووی، کاکە خالید؟

هیچ نالێم. جەمیلە لەسەری ناڕوا. بلورخان حەکایەت دەکا. دایکم دێتە ژوورەوە. نان دەگوشینە قاپەوەو گۆشتاوی بەسەر دا دەکەین. بۆنی گۆشتاوی بە تەنوورو کولاو ئەوەندە خۆشە کە بنیادەم دەمی ئاو دەکا. نۆکە درشتەکان ئاوساون. لیمۆ عەمانییەکان ئاوساون،

گۆشتو دوگ بەسەر یەکا کولاوە. لەوساوە بابم چووە بۆ کوێت، کە پێنج مانگێك دەبێ، ئەمە چوارەم جارە کە خواردنی وا بە لەزەت بخۆین. رۆژانی یەکەم دایکم سوراحییە مسیەکەی خستە ژێر عەباکەیو بردی لە بازاڕی مسگەرەکانا فرۆشتی، چەند رۆژێکمان پێ قەتاندو ئیدی دەممان بە قوتەوە گرت. بەلام لەو ساوە کە بابم دەستی بە پارە ناردنەوە کرد، وردە وردە وەعزمان باش بوو. ئەگەر ئەمجارە پارەمان پێبگا لەوانەیە پلاو گۆشتیش بخۆین.

– فەموو بلورخان.

–نۆشی گیانت بێ.

جەمیلە خۆی دەگەیەنێتە کەنار سفرەکە. شیوەکەی دەخواو دەنوێ. دایکم سفرەکە کۆ دەکاتەوەو دەست بە چنینی بلووزەکەی دەکاتەوە. بلورخان قسە بۆ دایکم دەکا، هەڵدەستمو دەچمە ژوورەکەی بابم. لەو ساوە کە بابم رۆیشتووە بۆ کوێت لە ژوورەکەی ئەودا دەنووم. بلورخان قسە دەکا دەنگی هێواشە گوێ هەڵدەخەم ئێژی باسی (مەهین جی جو) دەکا. ئێژی زانیویەتی کە ئەمان ئاقا جار جارێ لە چاخانەکەدا لەگەڵ مەهین جی جودا ڕادەبوێرێ.

– ... بیستوومە ژنێکی بەرەڵلا دەباتە چاخانەکەوە...

دەنگی تێك دانی پیالە چایەکە دەژنەوم.

– .... دەمەوێ شەوێك هەستمو بڕۆم بۆ چاخانەکەو بەسەرییەوە بیگرم.

دایکم دەڵێ:

– ئەم کارە مەکە.

– دەمەوێ بەلایەکی وای بەسەرا بێنم کە ئیتر غەڵەتی وا نەکا.

دایکم دەڵێ: ئەگەر سیوای ببێتەوە خراتر دەکا.

ئەوجا باسی برا گەورەکەی دەکا کە چۆن ئاقیبەت ژنەکەی خۆی تەلاق داو ژنێکی بەرەڵلای هێناو لە ژووری ماڵەوە داینا.

بلورخان دەڵێ: ئاخر چی دەوێ کە من نەم بێ؟ سفرەی عەرەقی بۆ ناڕازێنمەوە. بەشی ناکەم، لەگەڵیا نانووم...

دایکم دەڵێ: ئەگەر ڕقەبەری لەگەڵ بکەی خراتر دەبێ. پێویستە وازی لێ بێنی تا بە خۆی بێتەوە سەر رێ.

بلورخان دەڵێ: ... قوڕی بەسەر.. نازانم چۆن بە مراکێ خواردن دەخوا کە هەزار گەڕو گوڵ نانیان پێ خواردووە؟

دیسان دەنگی تێکدانی چای دێت. چاوەکانم قورس بوون. دەنگی دایکم دەژنەوم کە بۆ دڵی خۆی گۆڕانی دەڵێ:

کوا قەتارچی خەم، خەمانم بارکا

بمبا لەگەڵ خۆ، شارانم پێ کا

دەنگی دایکم لە دوورەوە دێت.

قەمسەڵەکەم دەدەم بە شانما. بە ئە سپایی دەرگای ژوورەکە دەکەمەوەو بۆی دەردەچم. دەرگاکان، هەموو داخراون. بەردەرگای هەموو ژوورەکان تاریکە. لەسەر نووکی پەنجە بەبەر موبەقەکەو ساباتی ولاخەکانا رەت دەبم. کەمێك لە پاڵ ژووری کۆترەکاندا دەوێستم. دنیا ساردە.گوێزان ئاسا بنیادەم دەبڕێ. پێموایە حەوزەکە بە ستویەتێ. دەنگی کۆکە دەژنەوم. گوێ هەڵدەخەم، لە ژوورەکەی خواجە تۆفیق–ەوەیە. ئەوەندە خەوی سووکە مێشوولە بفڕێ خەبەری دەبێتەوە.

– تلیاك کێشان هەمیشە لە حاڵەتی خەوو بێداریدان.

– قەت بە تەواوی ناخەون.

– ئەم خەو وبێداریە ئەوەندە خۆشە هەر مەپرسە.

دەنگی پڕمە پڕمی ولاخەکان لەگەڵ ڕازە ئاڵۆزەکانی شەوا تێکەڵ بووە، با، یاری بە دەنگی شووتی قیتارەکان دەکا. دەنگەکە بەرزو نزم دەبێ. دوور دەکەوێتەوەو نزیك دەبێتەوە. ئەگەر دەنگی قیتاری کاروباری سوپایی بێ کە لە بەندەرەوە دێ، ئەوا یەك سەعات لە نیوە شەو تێپەڕیوە.

لە پاڵ ژووری کۆترەکانەوە دەچمە پەنای دیوارەکە، لێرەوە تا ژوورەکەی بلورخان هەمووی چەند شەقاوێکە. دەرگای ژوورەکەی سەنەم دەجووڵێ.پێش ئەوەی بکرێتەوە، بەبێ خشپە خۆم بە ئاودەستەکەدا دەکەم. خەریکە دڵم تێك هەڵدێ. ناو ئاودەستەکە زۆر تاریکە. چاو چاو نابینێ. دەنگی پێ دەژنەوم. ئەوجا باڵای لاوازی کەرەم عەلی دەبینم کە بە فانۆسێکەوە لەبەر دەرگای ئاودەستەکە وێستاوە .دەکۆکم. پەردەی ئاودەستەکە دادەداتەوەو دەکشێتەوە.

– کێیە؟

– منم، ئێستا دێمە دەرێ.

فانۆسەکە لەسەر عەردەکە دادەنێ. لە ئاودەستەکە دێمە دەرێو بە ئاسپایی بەرەو لای ساباتەکە دەڕۆم. کەرەم دەچێتە ئاودەستەکەوە. دوو دڵم، ئەگەر بڕۆمەوە ژووری ئیدی زەحمەتە هەستمو بێمەوە دەرێ. بە پەلە دەگەڕێمەوە و بەبێ خشپە خۆم دەگەیەنمە بەر دەرگای ژوورەکەی بلورخان.

دیقەتی دەوروبەر دەدەم. کەرەم عەلی هێشتا لە ئاودەستەکەیە، بۆم دەرکەوتووە کە هەرجارێ بچێ بۆ ئاودەست، نیو سەعاتی پێدەچێ.

دەسکی دەرگاکە دەگرم. دەرگا وازە، دەچمە ژوورەوە. بلورخان بە خەبەرە.

– تۆی خالید؟

– وس!

ژوورەکە زۆر گەرمە. پێی دەڵێم کە کەرەم عەلی لە ئاودەستە. تیشکی گڵۆپەکەی کۆڵان لە شووشەی پەنجەرەکەوە ولە پەردە ناسکەکەوە تێپەڕیوەو رژاوەتە نێو ژوورەکە. قەمسەڵەکەم هەڵدەواسمو دەچمە سەر سیسەمەکەو ڕادەکشێم، بۆنی لەشی ئەمان ئاقا کەپووم پڕ دەکا. دەستی بلورخان لە گەردنم دەئاڵێ. دەستی دەدەمە دواوە.

- بۆ؟
- سەبرکە با کەرەم بچێتە ژوورەوە.
- مەگەر دەرگات کیلۆن نەداوە؟

بیانوو قسەی بەلاشە، نەدەبوو بهاتمایە بۆ لای بلورخان. ئێستا کە هاتووم، خۆ دزینەوە چ مانایەکی نییە. دیسان دەستی بلورخان لە گەردەنم دەئاڵێ. گەرم دادێم، بلورخان ڕادەکێشمە باوەشم. دەستم سەر دەکات بۆ سەر سمت و کەفەڵی. دەرپێی لەپێ نەکردووە.

- وا باشترە... بنیادەم هەمیشە ئامادەو لەسەر پێیە.

بۆنی لەشی بلورخان ئارامی لێهەڵگرتووم. قۆپچەکانی کراسەکەم دەکاتەوە. ژێرکراسە تەنکەکەی لەبەر دادەکەنم. ئێستا هەردووکمان رووت و قووت وەکو ئەو رۆژەی لە دایك بووین. هەردوو وەکو لاولاو لە یەکدی ئاڵاوین. هەناسەی بلورخان گەرمە. ئێژی مریشکە تای لێهاتووە. گۆناو گەردەنم دەسووتێنێ. لێوی گەرمە. تامی رووتاب دەدا. گەرمی لەشی تێکەڵ بەگەرمی لەشم دەبێ. چەند جارێ بەسەر یەکدا تل دەخۆین.لێوەکانم دەگەزێ. زمانی بە نێو دەممدا دەگێڕێ و دەستەکانی لە نێو قەدم توند دەبن. سکم بەسکییەوە دەچەسپێ. هەردووکمان هانکە هانکمان پێ کەوتووە. سیسەمەکە کەوتۆتە جێرە جێر. سیسەمەکە بەرزو نزم دەبێ و...هەردووکمان خاو دەبینەوەو لە پاڵ یەکدا ئارام دەگرین. چاوە چکۆلەکانی ئەمان ئاقا رام دەچڵەکێنێ.

- خالید، تۆ وەکو کوڕی خۆمی... هەر کوڕی خۆمی.

ئازای لەشم سارد دەبێتەوە.

کە پێ دەنێمە ژوورەوە، گوێم لە دەنگی دایکم دەبێ:

- لە کوێ بووی خالید؟

لەسەر جێگەکەی دادەنیشێت. نیگاکردنی سەرزەنشت ئامێزە.

- لە هیچ شوێنێ دایکە... چوومە دەرەوە.
- سکت دەچێ؟

لە ناو دەرگای بەینی هەردوو ژوورەکەدا دەوەستم

- چۆن، بۆ؟

دەنگی دایکم سەرزەنشت ئامێزە.

- ئاخر دەمێکە چوویتەتە دەرەوە.

چ ناڵێم. قەمسەڵەکەم فڕێ دەدەمە سەر فەرشەکەو لەسەر جێگاکە ڕادەکشێم.

سوێند دەخۆم کە چیدی بەلای بلورخان دا نەچم.

***

ئێستا تەنانەت منداڵی قوتابخانەکانیش تیلماسکیان بە بەرۆکەوە درووە، (دەبێ پیشەسازی نەوت خۆماڵی بکرێ) بێدار گوتوویەتی کە نابێ من بیدروم.

- ئەمە خۆ نواندنی بەلاشە. بۆ پیاو بە خۆڕایی خۆی کەشف بکات.

زۆرم بیر لە قسەکانی کردەوە. هەڵبەتە هەندێ شتم بۆ دەرکەوتووە، بەڵام نەك بە تەواوی.
کڕیارم بۆ کۆترەکان پەیدا کرد. یانی لەگەڵ برایمدا چووین‌و پەیدامان کرد. چوارده دانەو هەمووشیان تەقڵەبان، کە خستمنە گونییەوەو دام بە جاسم پڕ قوڕگم بوو لە گریان. لە هەفتاو دوو تمەن دوو تمەنەکەم دایە برایم.
– خۆ تۆ گوتت بە نیوەییمان؟
– گوتم. بەڵام قەرار بوو کە تۆش ئاوو دانیان بدەیتێ.
بیرم نەماوە برایم لە کەیەوە لەلای خالق‌و چینووقە.
– باشە، پێنج تمەنی تریش بدە.
– تۆ حاڵو وەزعت باشە برایم.
دەکەومە ڕێ کە بچم شرینقە بۆ حەسەنۆك بکڕم، هیچم بە برایم نەگوت. تا من دەگەڕێمەوە، حەسەنۆك لە کوورەخانە دێتەوە. دەبێ بیبەم بۆ لای عەلی پەرستار. دەبێ فێڵێکی وا بکەین کە ڕەحیم وڵاخدار پێ نەزانێ. پارەی شرینقەکان‌و لێدانیان دەکاتە ٢٣ تمەن.
– کاکە عەلی، تۆ دەڵێی بەم شرینقانە چاك دەبێتەوە؟
بەڵێن دەدا کە دوای لێدانی شرینقەکان چڵك‌و کێمەکەی وشك ببێ.
دایکم حیسابی پارەی کۆترەکانی لێدەوێم. بە درۆ پێی دەڵێم.
– دامن بە ٢٤ تمەن، ١٠ تمەنیم دا بە برایم کە مشتەری پەیدا کردبوو. مەسەلەکەی حەسەنۆك–ی پێ ناڵێم. پێ بە جەرگی خۆما دەنێم تا بتوانم درۆی لەگەڵدا بکەم.
چەند گڵۆپێکی شەقامی حکومەتی شکاون. یەکەمجارە کە دەبینم ناوە ناوە گڵۆپەکانی حکومەتی کوژاونەتەوە. لە ژێر گڵۆپە هەڵبووەکاندا گەنجان دەستە دەستە وەستاون‌و پێکەوە قسان دەکەن. کە بە بەردەمیاندا تێدەپەڕم، قسەکانیان بە نیوەچڵی دەژنەوم.
– بەمە دەڵێن حوکمی مێژوو.
سەروسیمایان ئەوە دەنوێنێ کە قوتابین.
– کام حوکمی مێژوو عەزیزم... هەموو ئەم ئاین‌و ئۆینە لە ژێر سەری خۆیانە.
هەنگاوەکانم خاو دەکەمەوە.
– ئەم سیاسەتە ئیدی ریسوا بووە. ئەو سەردەمە ڕۆیی کە ئەگەر ئاومان خواردباوە دەیانگوت سیاسەتی ئینگلیزە. ئێستا هەموویان ئاشکرا بوون. ئێستا چووەتە پێشەوە.
یەکێکیان سنگ پاك دەکاتەوە بە دەنگی غەڕاوە دەڵێ:
– لە ئەندەنووسیاوە تا ئەندەلوس هەر ئاڵای خوێنینی تۆڵەیەو دەشەکێتەوە.
دەکەومە ڕێ. دەگەمە تاقمێکی دی کە کەمێ لە خوار تەلاری حکومەتەوەیە وێستاون، دەنگیان بەرزو تێکەڵە. دەماری لا ملیان هەستاوەو هاکا کار بگاتە دەمەقاڵێ.
لە بری پاسەوانێك، دوو پاسەوان لەبەر تەلاری حکومەتیدا ئێشك دەگرن‌و هەردووکیان تفەنگیان پێیە. جاران تەنیا دۆنکیان پێ بوو.

ژمارەی رۆژنامەفرۆشان زیاد بووە. لە شەقامو کۆڵانو لاکۆڵانەکانا هاوار دەکەنو رۆژنامە دەفرۆشن. هەندێکیان بە هیچ جۆرێ لێیان نایەت کە رۆژنامە فرۆش بن. بێدار گوتوویەتی کە سبەینێ دوای نیوەڕۆ بچم بۆ لای ئازادو یارمەتی بدەم لە رۆژنامە قەد کردنداو پاشان کە بوو بە شەو رۆژنامە بەرمو لە شەقامی تیمسارا بیفرۆشم.

– خۆی پێت دەڵێ کە چ سەعاتێ بیفرۆشیت. زوتر بڕۆ تا یارمەتی کوڕەکان بدەی. سێ هەزار رۆژنامەیەو دەبێ قەد بکرێ.

بە بەر تەلاری حکومەتیدا رەت دەبم. لەسەر چوار ڕیانەکە چەند کەسێك لە دەوری یەکدی خڕ بوونەتەوە. بە ئاشکرا دیارە کە قوتابی ئامادەیین.

– هەمیشە داگیرکەرەکە بە دەستی خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێ.

دڵی خۆتان بەم قسە زلانە خۆش بکەن.

– قسەی زل.؟ کوڕی باش، مێژوو ئەمەی سەلماندووە.

– زۆر باشە، مێژوو ئەمەی سەلماندووە قەبوڵمە. بەڵام تۆ پێم بێژە ئەگەر بە حوکمی مێژوو، دەبێ نەوت لە وڵاتێکا خۆماڵی بکرێ، تەنیا دەبێ لە باشووردا خۆماڵی بکرێ؟.

خۆ ماتەڵ دەکەم تا قسەکانیان بژنەوم.

– ئەگەر جیهان بینی مارکسیستیت هەبووایە قەت ئەم قسەیەت نەدەکرد. دەنگەکان بەرز دەبنەوە.

– مەبەستت چییە؟ بۆ نابێ باکووریش خۆماڵی بکرێ؟. ئەمە چ پێوەندی بە جیهانبینی مارکسیستییەوە هەیە؟

خوێندەوارن. قسەکانیانم پێ قورسە. چ شتێ حاڵی نابم. دەکەومە رێ. چاخانەکەی مرشد جمەی دێ. رادێوکە بێدەنگە. مشتەرییەکان لە دەور پیاوێکی گەنج خڕ بوونەتەوە. خزاونەتە پاڵ یەك و هەناسەیان لە خۆ بڕیوە. کابرای گەنج خەریکە بە دەنگی بەرز رۆژنامە دەخوێنێتەوە.

چەند ساتێك دەوێستم و گوێ دەگرم.

– ئەمە هاواری بیست ملیون ئادەمیزادی تاڵان کراوە کە بۆ دەست بڕینی دزانی دەریایی، مەردانە راپەڕین. ئەمە فریادی بیست ملیون ئادەمیزادی ئابڕومەندە. کە ساڵەهای ساڵە، باری داگیرکەریان لەسەر شانی برینداری خۆیان هەڵگرتووە. ئەمە فریادی لە ئاشت بوونەوە نەهاتووی خەباتکارانی سەر سەختە کە موچڕکە لەلەش...

دەبێ شرینقە بکرم. پێ هەڵدەگرم. تەواوی دیوارەکان نووسراون. بە هەموو جۆرە بۆیەیەك، سپی، وەنەوشەیی. سوورو رەش "لە بری تۆ نانمان دەوێ" "سوڵح سەرکەوتووە" داگیرکەر لە خاکماندا نامێنێ".

شەقامی پەهلەوی لە هەموو کاتێ قەرەباڵغترە. بەرەو دەرمانخانە دەڕۆم، پێ هەڵدەگرم و رەت دەبم.

– ... لەوانەیە گەمارۆی ئابووری...

– ... تەنانەت دنیا، تەنانەت...

- ... نازانی چ پاروویەکی چەور بوو...
- ... تەنیا بە یەکێتی و هاوکاری...
- ... مشتێکی وای بە دەم دا دەدەم کە ددانەکانی...
- ... ئەم هەموو چەپڕەوییە خەتەرە کاکە..
- ... هەموو بوون بە یەك گوللەی ئاگر...
- ... پێت وایە ئەوانە هەروا بە ئاسانی دەست بەردار دەبن....

یەکێك پێ بە پێمدا دەنێ... لێی دەگەڕێمەوەو بە ڕوویا دەچمەوە.

- چاوت لە کوێیە کاکە؟

زەردەخەنەیەك دەکاو بلاوکراوەیەك دەخاتە دەستمەوە. تا دەگەمە دەرمانخانەکە بلاوکراوەکان دەبن بەسێ.

ناو دەرمانخانەکە قەرەباڵغە. مشتەرییەکان بە ریز وەستاون. چەند کەسێك دانیشتوون و ڕۆژنامە دەخوێننەوە. چەند کەسێکی تریش لە دەوری یەك وێستاون قسە دەکەن.

- گریمان ئینگلیزەکانمان دەرکرد.
- گریمانێکی مەحاڵ
- قەبوڵی دەکەین، بەڵام دەمەوێ بزانم بە کام کەشتی، نەوت بۆ وڵاتانی دی بار دەکەین؟

کابرایەکی کەڵەگەتی قەڵەو دەڵێ:

- تۆ خەمی ئەمەتە؟
- بۆ لات وایە گرفتێکی چکۆلەیە ؟

کابرای باڵا بەرز دەڵێ:

- دڵنیابە بۆ ئەوەی بێگانان دەربکرێن، ڕۆژهەڵاتیان هەر کۆمەکێ کە...

پیاوێکی میانە ساڵ هەڵدەداتێ.

- پەح! لە دەمی سەگەوە بۆ دەمی گورگ.

کابرای قەڵەو دەڵێ:

- گورگ؟

وەکو ئەوەی سەرسام بووبێ، چاوەکانی بچووك دەبنەوە.

- مەعلوومە عەزیزم... داگیرکەر، داگیرکەرە، چ ڕەش و چ سوور، فەرق ناکا.

کابرای قەڵەو جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و دەڵێ:

- زۆر لە دوای برادەر.

کابرای میانە ساڵ کە جلی ئوتوکراوی پۆشیوەو قژی شانە کردووە دەڵێ:

- بەرای تۆ چ فەرقێکی هەیە؟

کابرای قەڵەو مژ لە جگەرەکەی دەداو دەڵێ:

– کاتێك حکومەتێك، چەوساندنەوەی مرۆڤی لەلایەن مرۆڤەوە لە ولاتی خۆی دا چارەسەر کردبێ. دڵنیابە کە مەسەلەی داگیرکەریشی چارەسەر کردووە. چونکە پایەی داگیرکەر بریتییە لە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.

شرینقەکان دەکرمو لە دەرمانخانەکە دێمە دەرێ. ئێژی هەموو خەڵکی لە ماڵ هاتوونەتە دەرێو رژاونەتە شەقامی پەهلەوی.

گەنجێکی ئەندام وردیلە، خێرا خێرا بە ناو خەڵکەکەدا دەڕوات و بلاوکراوەیان بەسەردا بلاودەکاتەوە. لە دووای ئەوەوە. دوو کەس، بە ئاشکراو دزی بلاوکراوەکان لە خەڵکەکە وەردەگرنەوە.

بەر کتێبخانەی موجاهید هێندە قەرەباڵغە دەرزی هەڵدەی ناکەوێتە زەوی.

هەڵبەتە دەبێ تازە چاپی نوێی نەهجول بەلاغە گەیی بێ. دەستی سلاو کردن بۆ شەفەق بەرز دەکەمەوە. شەفەق بە زەردەخەنەوە دەستم بۆ بەرز دەکاتەوە. لە شەقامی پەهلەوییەوە پێچ دەکەمەوە، بۆ شەقامی تیمسار، کابرایەکی میانە ساڵ دەلنگی پانتۆڵەکەی هەڵکردووەو سەتڵێ ئاوی بە دەستەوەیە. جنێو دەدات و نووسینی سەر دیوارە تازەکەیان بە کلاڤە سیمێك پاك دەکاتەوە.

قەحپە دایکانە وا دەزانن بەم شێوەیە ئینگلیزان بەرهەق دەکرێن. سەیرکە چۆن دیوارەکەیان پیس کردووە. هێشتا رووکەشییەکەی وشك نەبووەتەوە.

دوو گەنجی رۆژنامە بەدەست، سەر دەکەنە سەری.

– هاپۆ شەوێ ئێشکی بگرە با دووبارە نەی نووسنەوە.

کابرا کەللەیی دەبێو جنێو دەدات.

– کاری ئێوەی بەرەڵلایە... وا دەزانن پارەی کرێکارو وەستاتان بۆ داوم یا پارەی کەرپوچەکەتان بۆ داوم کە هەزاری بە سەد تمەنە.

گەنجەکان لە قاقای پێکەنین دەدەن و دیسان بەر تەشەری دەدەنەوە. لە خوارترەوە کۆمەڵێك لەبەر نانەواخانەیەکدا خڕ بوونەتەوە. رادێوکە دوا دەنگی دراوەتێ. گۆیەندەی رادێوکە بە دەنگێکی زوڵاڵ تەشقەڵە دەکا.

ئێستا قیری شەقامەکە تەواو بووە. لە سۆنگەی بارانەکەی ئەو چەند رۆژەوە، زەوی تەواو بووە قوڕ.

بە پەنای دیوارەکەدا پێ هەڵدەگرم. چەند جارێ سەرسم دەدەم ،دەگەمە دوکانەکەی مەهدی بەقاڵ. چەند کەسێك لەبەر دوکانەکە وێستاون. گۆیەندەی رادێوکە دەشبڕێنێ.

حەسەنۆك لەبەر دەرگای حەوشەدا وێستاوە. چاوەکانی تەڕن، ئاو بە لووتیا هاتۆتە خوارەوە. لەسەرماندا هەڵدەلەرزێ. خۆی لە قەمسەڵە کۆنەکەی بابییەوە پێچاوە، شرینقەکانی نیشان دەدەم. بزە دەنیشێتە سەر لێوە داغمە بووەکانی. دەکەوێتە جیکە جیك.

– پارەت لە کێ وەرگرت؟

پێی دەڵێم. خەفەت دایدەگرێ. دەست دەخەمە سەر شانی.

– گوێ مەدەرێ. کۆتر دەبنەوە. دەی بکەوە ڕێ. تا هەفتەیەك دەبێ هەموو شەوێ بچیتە لای عەلی پەرستارو شرینقە لە خۆ بدەی.

مش رەحیم چووە بۆ مزگەوت. حەسەنۆك کلاشەکانی هەڵدەکێشێت و دەکەوینە ڕێ.

چایخانەکەی ئەمان ئاقا هێندە قەرەباڵغە، دەرزی هەڵدەی ناکەوێتە سەر زەوی. خەڵکی سات بە سات چاوەڕێی بیستنی هەواڵی تازەن. دەستە دەستە لە دەوری یەکدی دانیشتوون و قسان دەکەن. قسەکان تێکەڵن. نێو چاخانەکە گەرمە، دووکەڵی نێرگەلەو جگەرە قانگیان داوە. لە پەنجەرەی ڕۆژهەلاتەوە گڕو بڵێسەی گازەکان دەبینم کە بەرزو نزم دەبنەوە.

دنیا هەورە، گڵۆپەکان نارنجی دەنوێنن. عەنکەبووت بە نەشئەو دەماغە، خێرا خێرا دێ و دەچێ. دەنگی کەسێك دەژنەوم.

– خالید نێرگەلەیەك.

بەرەو تەشتە تووتنەکە دەچم. لە پڕ دەنگی سازو ئاوازی رادێوکە دەبڕێت. هەموو مشتەریەکان بێدەنگ دەبن. ئێژی کەس لە چاخانەکەدا نییە.

– عەنکەبووت ئەو پیاڵانە بە یەکا مەدە.

دەنگی زوڵاڵی گۆیەندەی رادێوکە بەرز دەبێتەوە. سەرنجی خەڵك بۆ بیستنی هەواڵێکی گرینگ رادەکێشێ. لەم ڕۆژانەدا هەموو تینووی هەواڵن.

– هەواڵی تازە چییە؟

– بیستت کە سەرۆکی دەوڵەت چی گوتووە؟

– دەڵێن ئینگلیزەکان هەڕەشەیان کردووە.

هەناسە لە سینەدا حەپس بوون. برژانگ ناجوڵێن. نیگا بڕاونەتە یەکدی. دەنگی گۆیەندەکە بەرزدەبێتەوە. لەپڕ هەناسەکان بەردەبن. هاوارەکان تێکەڵ بە یەکدی دەبن. سەرۆکی دەوڵەتیان کوشتووە.

– گوتی لە کوێ؟

– لە پرسەدا.

– مەگەر گوێت لێ نەبوو؟... لە مزگەوتی شادا.

– ئاخری لێیان دا.

– ئاخر بە هیچ شتێ ڕازی نەبوو.

((٣))

– خالید، سێ شەممە سەعات پێنجی دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەمان هەیە.

– لە کوێ؟

بێدار، ئەدرەسێکم دەداتێ. هەموو قسەکانم بەلاوە تازەن. چاوم بە دنیایەکی تازەدا دەکرێتەوە. بە قسەکاندا بۆم دەردەکەوێ کە بۆچی ژیانی هەژاران‌و بێکاران رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێ. کە بۆچی خەڵکانی وەك بابم دەبێ جل‌و پەڵاسیان کۆ بکەنەوەو وەکو سەگی پێ سووتاو لەبەر خاتری دوو عانان لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات رابکەن. کە لە کۆبوونەوە دێمە دەرێ بیر لەو قسانە دەکەمەوە کە لەوێ بیستمن. هەندێجار دەگەمە سەر هەندێ شت کە تێیان ناگەم. ئیدی لە مێشکی خۆما هەڵیان دەگرم تا بێدار ببینمەوەو لێی بپرسم. یا ئەگەر نەشی بینم، بۆ کۆبوونەوەی داهاتوویان هەڵدەگرم. بەڵام شارەکە ئەوەندە بچووکە کە رۆژی چەند جارێك یەکدی دەبینین.

– خالید، سەعات هەشت‌و نیو بێ بۆ دوکانی چلاب.

سەعات هەشت‌و نیو دەڕۆم. کۆمەڵە بلاوکراوەیەکم دەداتێ‌و بەرەو گەڕەکێ دەچم تا بلاوکراوەکان بخەمە ماڵەکانەوە.

بەیانی هەینی نیوە رۆژەکەت بێنەو دەمانەوێ بە کۆمەڵ بچین بۆ سەیران.

بەیانی هەینی نیوە رۆژەکەم لە دەستەسرێکەوە دەپێچم‌و دەکەومە رێ.

نزیکەی ١٥٠ کەس زیاترین. زۆربەیان پاسکیلیان پێیە. لە بەردەمی یەکێکیانەوە سوار دەبم. لە شار دەردەچین. دەڕۆین تا نزیکی یەکێك لە گوندەکان. بۆ نموونە (شکارە) یا (دغاغلە)و یان (زرگان)و لەسەر سەوزە گیایەکە جل‌و جنجۆرەکانمان ڕادەخەین. سێبەری درەختەکان خۆشە، بۆنی سەوزایی خۆشە، یاری هێلکە دەکەین. لە نێو شەست کەسا من براوە دەبم. گەزگەز باڵا دەکەم. با دەچێتە کەوڵمەوە. دەمخەنە سەر دەست‌و هەڵم دەگرن، کوڕەکان دەستە دەستە لە دەوری یەکدی دادەنیشن، گوێ لە قسەکانیان دەگرم. دۆست وئاشنای تازە دەگرم. لەزەت لە قسەکان وەردەگرم. دەڵێی ساڵەهای ساڵە ئەم قسانەم لە دڵما پەنگیان خواردۆتەوەو نەمتوانیوە دەریان بڕم. کە نیوەڕۆ دێت، لە دەوری یەکدی دادەنیشین. خواردنەکان تێکەڵ دەکەین‌و ئەوجا دابەشیان دەکەینەوە. سەیر دەکەم لەگەڵ پارویەك لەو هێلکە سوورەوەکراوەی کە برد بووم دەجۆرە خواردنی ترم بەرکەوتووە. لە هەر یەکەیان پارویەك، ئەوجا چا دەخۆینەوە. دوایی هەندێ لە کوڕەکان، ئەوانەی لە ئێمە گەورەترن‌و پتر سەریان لە کارەکان دەردەچێ دەکەونە ناو دێهاتەکانی دەوروبەر. لەنێو مەزراوباخەکانا دەکەونە قسەکردن لەگەڵ دێهاتیەکاندا، گوێ لە قسەکانیان دەگرم، باسی ئەو زەوی‌و زارانە دەکەن کە دەبێ دێهاتیەکان بۆ قازانجی ئاغا بە عەمەلی بێنن. باسی بەشی جوتیار دەکەن کە زۆر کەمەو بەشی ژیانی کولەمەرگیش ناکات. باسی منالانی لادێ دەکەن کە بێ بەشن لە قوتابخانە. باسی خەستەخانەو داوو دەرمان‌و دابەش کردنی‌و موڵك دەکەن. کە ئێوارە دادێ بە کۆمەڵ بەرەو شار دەکەوینەوە ڕێ. شەو دەگەینەوە ماڵێ، شادو دڵخۆشم، تا خەو دەچێتە چاوانم هەر بیر لەو قسانە دەکەمەوە کە ژنەوتمن.

– خالید سبەینێ سەعات دەی بەیانی بێ بۆ مەیدانی پەیکەر.

تین‌و تاوی سەرما شکاوە. هەندێجار هەوران بەری ئاسمان دەگرن. بەڵام نابارێ. هەتاوی مانگی نەورۆز گەرمە. با، بێ کزەیە. کارون هەستاوە. بۆنی بەهار دێ.

مەیدانی پەیکەر خەریکە قەرەباڵغ دەبێ. دەستە دەستە خەڵکی لە شەقامەکانەوە دەڕژێنە ناو مەیدانەکە. دنیا هەتاوە. لەگەڵ زۆر بوونی قەرەباڵغی مەیدانەکەدا دوکاندارو خاوەن موغازەکان دەست بە دادانەوەی دەڕابەکانیان دەکەن. ئەگەر ئێستا فریای خۆ بکەون باشترە، ئەگینا ئەگەر مەیدانەکە قەرەباڵغ ببێو لە سووچێکی مەیدانەکەدا شتێك رووبدا، زۆر لە گوینە جامخانەکانیان بێتە شکاندن.

سەری پردی سپی گیراوە. جەماعەت رێی ترومبیلەکانیان گرتووە، ترومبیلەکان هەر هەموو پێکەوە هۆرن لێدەدەن. مەیدان بووە بە رۆژی حەشر. شەفەق دەبینم کە بە شان دڕ بە خەڵکەکە دەداتو بەرەو سەرەتای پردەکە دەچێت. کرێکارانی رەشتاڵەی بە هەیکەلی لە دواوەیەو بڵند گۆیەکی دەستی بە دەستەوەیە. دەنگی بڵندگۆکە بەرز دەبێتەوە، دەنگی شەفەقە.

– دۆستان، رێگای ترومبیلەکان بکەن.

بەردەمی پردەکە جمەی دێت.

– ... دۆستان، رێی بیانوو بۆ کەس خۆش مەکەن.

قەراغی مەیدانەکە چۆڵ دەبێ. ترومبیلەکان لە پردەکە دادەگەڕێن. بە هێواشی بەرەو شەقامی پەهلەوی داژۆن. هێشتا تاكو تەرا هۆرن لێدەدەن. لە پڕ لافیتەکان دەکرێنەوەو بەرز دەکرێنەوە. لە خوار مەیدانەوە ڕێ بۆ ترێلەیەك کراوەتەوە. ترێلەکە تا ناوەندی مەیدانەکە دێت. مێزێکی بەرز لە نێو ترێلەکەدایەو مایکرۆفۆنێکی بەسەرەوەیە. لە ناکاو پیاوێکی دەستە باڵای میانە ساڵ خۆی هەڵدەداتە سەر مێزەکەو دوو گەنجیش سەردەکەونو لە هەردوو لایەوە دەوەستن. کابرای میانە ساڵ قسە دەکات. پەیتا پەیتا وشە لە دەمە پەلەکەی مایکرۆفۆنەکەوە لە شەقەی باڵ دەدەن. هەموو کپو بێدەنگن. ترومبیلەکان لە هۆرن لێدان کەوتوون. تەنانەت ترومبیلەکانی سەر پردەکەش لە جێی خۆیان وێستاونو جوڵەی بۆ ناکەن. کابرای میانە ساڵ کراسێکی وەنەوشەیی لەبەردایە. قژی خاوە. کە قسە دەکاو دەست تەکان دەدا، قژە درێژەکەی بەسەر دەموچاوە ئەسمەرەکەیدا پەخش دەبێتەوە.

هەموو جۆرە کەسێك لە مەیدانەکەدا خڕبووەتەوە. کرێکارانی شین پۆشی نەوت، کرێکارانی لەندەهۆری رەش داگەڕاوی رێگای ئاسن، کرێکارانی رەنگ پەڕیوی چنینکاری، قوتابیان، فەرمانبەر، کاسبکار، ژن، پیرو جەوان هەموو تێکەڵاون.

کابرای میانە ساڵ قسان دەکات. باسی نەوتو داگیرکەرانە.

– ئێمە دەمانەوێ داگیرکەران دەست لە پیشەسازی نەوتی وڵاتەکەمان هەڵگرن.

– هەزاران دەنگ تێکڕا بەرز دەبنەوە.

– راستە.

– ئێمە لە بری توپ نانمان گەرەکە.

– راستە.

لەسەر تەیمانی ئاسنینی قەراغ مەیدانەکە وێستاوم. لافیتە رەنگاو رەنگەکان دەشەکێنەوە. مشتی نوقاو،بەرز دەکرێنەوەو تەکان دەدرێن.

– ڕێگای دەڵاڵانی نەوت مەدەن کە دەست بخەنە سامانی نەوتەوەییمانەوە.

– ڕاستە.

لە ناکاو دەنگی گوللە دێت. دەنگی گوللەیەك بە هەوادا تەقێنراوە. گوللەی دووەمو سێیەمی بە دوادا دێت. جەماعەت دەجمێن. دروشمو لافیتەکان دەپێچرێنەوە. لە چاو تروکانێکا ئاسمان پڕ دەبێ لە بڵاوکراوەی ڕەنگاو ڕەنگ،. لەسەر تەیمانەکەوە باز دەدەمە خوارێ. جەماعەت هێرشیان بۆ شەقامەکان بردووە. لە شەقامە پانەکەی سەرووی مەیدانەوە، کۆمەڵێ پاسەوانی دۆنکی بە دەست بەغار دێن. مەیدانەکە خەریکە چۆڵ دەبێ.

ئێژی حەپەساوم. دەنگەکان تێکەڵن.

– تەقە کرا.

– گوللەی هەوایی بوو.

– ڕاکە.. لێرەوە.

– خەریکە دێن.

– هاتن.

– کەس پێکرا؟

– لێرەوە... ڕاکە.

– هەموو خەریکە غاردەدەن. چەند کەسێك کەوتوون. یارمەتیان دەدەن تا هەستنەوە. لەگەڵ جەماعەتا تێی دەتەقێنم. لە قەراغ شۆستەکەدا پێی ڕاستم وەردەگەڕێو دەکەوم. دوو کەس ژێر باڵم دەگرم. تەماشام دەکەنو دەڕۆن. دەلنگی پانتۆڵەکەم قوڕاوی بووە. پێ هەڵدەگرمو لە مەیدان دوور دەکەومەوە. کە دەگەمە یەکەم کۆڵان خۆمی پێدا دەکەم. کەس بە دواما نایەت. هەمووان بە بەر کۆڵانەکەدا ڕەت دەبنو دەڕۆن. تا کۆتایی کۆڵانەکە دەڕۆم. بە دەستە ڕاستا کۆڵانێکی تری تەنگەبەر هەیە کە دەرناچێ. دەوەستم، دوو دڵم. دەمەوێ بگەڕێمەوە. چەند کەسێك بە پەلە بەبەر کۆڵانەکەدا ڕەت دەبن. ئێستا دەنگی خەڵکی دەژنەوم کە جنێو دەدەن.

ئێژی هەندێ کەسیان خستۆتە ژێر کوتەك. تەکان دەدەمە خۆ کە بکەومە ڕێ. پێی ڕاستم لە دووم نایەت. بە هەنگڵەشەلێ دەڕۆم لە بەرانبەر دووا ماڵی نێو کوێرەکۆڵانەکە دەوەستم. دەنگی پێ دەژنەوم. دەنگی هەنگاوەکان قورسن. وەکو دەنگی نالچەی ژێر پۆستاڵە، کە بەر بەرد دەکەوێ. قیروسیا دەکەمو لە دەرگا دەدەم. دەنگی پێ نزیك دەبێتەوە. یەکێك دەرگای حەوشە دەکاتەوە. خۆم بە حەوشەدا دەکەمو دەرگاکە دادەخەم، دەنگی پێ یەکە نزیك دەبێتەوە. هێواشە، بۆ چەند ساتێك دەنگی پێیەکە نامێنێ. ئەوجا دەنگەکە دێتەوە گوێمو دوور دەکەوێتەوە. هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشم. سەرم هەڵدەبرمو ژنێکی میانەسال دەبینم کە بەواقی وڕەوە بە دیار سەرمەوە وێستاوە. لێوی ژنەکە دەبزوێ.

– تۆ کێی؟

تیا دەمێنم کەچی بڵێم دەکەومە منجە منج.

– خانم، تکا دەکەم مۆڵەتم بدەن کە کەمێك لێرە وەمێنم.

ژنەکە چی شتێ ناڵێ. لەسەر یەکەم پلەی قاڵدرمەکەدا دادەنیشم. لە ئارەقەدا هەڵکشاوم. بلووزە وەنەوشەییەکەم لە تۆزا نەماوە. دەرلنگی پانتۆڵەکەم دەتەکێنم. دەنگی ناسك‌و زوڵاڵی کیژێك دەژنەوم.

– دایکە، کێ بوو؟

کیژەکە بە خۆی لە ژوورێ را دێتە دەرێ. کوڕێکی بچووکیشی لەگەڵە. هەردووکیان دێن‌و لە تەك ژنەکە دەوەستن. چاوە رەشەکانی کیژەکە، پیاو بەنج دەکەن. نیگای پاك‌و بێگەردە. قژە خاوەکەی بەسەر شان‌و ملیا رژاوە. پەرچەمی تا سەر برۆکانی زۆر بە دیقەت شانەکراوە. دەستە باڵایە. بەگوێی دایکیا دەچپێنێ. ئێستا نیگای کچەکە گوماناوی بووە. ئێستا چاوەکانی زەیتونی دەنوێنن. چاوەکانی ئێژی هەر ساتەی رەنگێ دەنوێنن بەڵام رەشییەکەی هەموو رەنگەکانی دی دەداتە دوواوە وەکو میکای (٢٨) رەشی شکاو دەبریقێتەوە. کوڕیژگەکە بێدەنگە، دەستەکانی خستوونەتە پشت سەری‌و یەکڕاست سەیرم دەکا. دایکەکە دێتە قسان. بەڵام ئەوەندە بە هێواشی کە بەزەحمەت دەنگی دەژنەوم.

– لە میتینگەکە (٢٩) بوویت.

ئارەقەکەی نێو چەوانم دەسڕم‌و دەڵێم:

– نەء!... خەریك بوو بە رێی خۆما دەڕۆیشتم.

شەرم لە درۆکەی خۆم دەکەم، لێوم دەکرۆژم. ژنەکە، هەمدیس دەپرسێ:

– باشە، ئەدی بۆ هەڵاتیت؟

حەز ناکەم وەڵامی بدەمەوە. نامەوێ هەمدیس درۆ بکەم، بەڵام دەڵێم.

– دەترسام بە خۆڕایی پێوە بم.

ئێستا، کیژەکەیە کە دێتە قسان. ددانەکانی سپی رۆشنن. قسەکردنی ئەوەندە ناسکە دڵی پیاو دادەخورپێنێ.

– هەستە وەرە ژوورەوە تا چۆڵ دەبێ.

قسەکردنم بەلاوە زەحمەتە، تا ئێستا لەگەڵ هیچ کیژێکی وا قسە خۆش‌و دڵگیردا قسەم نەکردووە.

– فلانێ، چاك لەگەڵ بلورخان دا دەستت تێکەڵ کردووە.

– بانۆ، کەڕەتێکی دی ئەم قسانە بکەی ئیدی گلەیی خۆت لەسەر خۆت.

دەمی بانۆ دادەچەقێ‌و ددانە زەردو درشتەکانی دەردەکەون.

– کە گرتمیت ئەوسا فێرت دەکەم کە خۆ نواندن یانی چی.

قژە لوول‌و بژەکەی بە قامکە درێژەکانی رێك دەخات‌و بەرەو بە لووعەکە دەکەوێتە رێ کە دەست نوێژ هەڵگرن.

دیسان، دەنگی ئارامی کیژەکە دەژنەوم.

– ئاخر، جوان نیەو خراپە لەسەر ئەم قاڵدرمەیە دانیشیت.

سەرهەڵدەبڕم.

– زۆر مەمنوونم.. ئەگەر مۆڵەتم بدەن تۆزێ لێرە دادەنیشمو ئەوجا دەڕۆم.

ژنەکە دەڵێ:

– ئی ئەو تۆزە لە ژوورەوە دانیشە.

هەڵدەستم، دەمەوێ هەنگاو بنەم، پێم لە دووم نایەت، دادەنیشمەوە.

– ئێژی پێم لە جێ چووە.

دەلنگی پانتۆڵەکەم هەڵدەکەم. قولە پێم ئاوساوە. ژنەکە دێتە پێشەوەو دەڕوانێتە پێم.

– خراپ ئاوساوە.

تفەکەم قووت دەدەمەوە. نیگام لەگەڵ نیگای کیژەکەدا یەکانگیر دەبێ. دەجوڵێم. ئێستا چاوەکانی رەشن. بژۆڵەکانی درێژو هەڵگەڕاوەن. پێستی لە تریفەی مانگەشەو دەچێ. کە هەنگاو دەنێ، سینگ ومەمکی دەلەرێتەوە.

ئێژی مەمکەکانی لە کراس وەرزن. دێتە پێشترەوە.

ئێستا، هەر چۆنێ بووە، هەستە وەرە ژوورەوە.

ناتوانم بڵێم "نە ء". هەڵدەستم. دەست بەدیوارەکەوە دەگرمو دەلەنگم. ژوورەکە گەرمە. گەورەو دڵگیرە. رەنگی پەردەو دیوارو فەرشەکان هێوری بە پیاو دەبەخشێت. قەنەفەکە زۆر نەرمو خۆشە.

پێم دەستی بە ئازار کردووە. تا گەرماو گەرم بوو، تەنیا پلی دەدا، بەڵام ئێستا دەبڵاچێنێ. کیژەکە دەڕواو بە فنجانێ چایەوە دێتەوە. ژنەکە لە بەرانبەرم دادەنیشێ. کچەکە فنجانە چاپەکەم بۆ دادەنێو لەسەر دەسکی قەنەفەکە دادەنیشێ.کوڕیژگەکە لە تەکیا راوەستاوە. چایەکە تێك دەدەم. لە ژێرەوە دەڕوانمە کچەکە. ڕانەکانی دەبینم. کە لە پانتۆڵەکەیا چەسپ بووە، دەنگی ژنەکە دەژنەوم.

– بارام بڕۆ بزانە شەقامەکە چۆڵە.

بارام لە ژووری را دەچێتە دەرێ.

وردە وردە چایەکە دەخۆمەوە. ژنەکە دەڵێ:

– بەڵام تۆ ناتوانی بەم پێیەوە بڕۆی.

کچەکە دەڵێ:

– ژمارەی تەلەفۆنەکەتانم بدەیە با تەلەفۆن بکەین تا یەکێك بێ بە دواتا.

بزە دەمگرێ، ژنەکە هەموو شتێکی بۆ دەردەکەوێ.

– ناونیشانی ماڵەکەتانم بدەیە.

شەرم دام دەگرێ، خانوویەکی بەربڵاوی وڕاق، دیواری گڵ. تەنوورەکەی سەنەم، وڵاخەکانی رەحیم وڵاخدار، عەرەبانەکەی کەرەم، دەرگا شکاوەکەی حەوشە، ژوورە نزمو تێکەڵاوەکان، حەوشە قوڕاوییەکە کە لە ئەنجامی بارانی ئەو چەند رۆژەی پێشوودا قوڕو چڵپاوی تا قولەپێ هەستاوە.هەمدیس درۆ دەکەم.

– من رێبوارم.

چارەی کیژەکە گرژ دەبێ.

– باشە، بەم پێیەوە دەتەوێ چ بکەی؟

دەست دەخەمە سەر دەسکی قەنەفەکەو هەڵدەستم. پێی ڕاستم هەڵپڕیوە.

ژنەکە دەپرسێت:

– بۆ هەستایت؟

– دەبێ بڕۆم.

کچەکە دەڵێ:

– بەڵان تۆ ناتوانی تاقە یەك هەنگاویش بنەیت.

دایکی دەڵێ:

– لەم شارەدا کەست نیە؟

شەفەقم بیر دەکەوێتەوە.

– بۆ نە ء... ئاشنایەکم هەیە کە کتێبخانەی هەیە.

بارام دێتە ژوورەوە.هەناسە بڕکێی پێ کەوتووە. بە پچڕپچڕی دەڵێ:

– دایکە... تا مەیدانەکە چووم، هەموو شوێنێ چۆڵە. تەنیا چەند پاسەوانێك لە مەیدانەکەدا وەستاون.

ژنەکە، دەست بە قژە خاوەکەی کوڕەکەیدا دێنێ. ناتوانم لەسەریەك پێ بووەستم. دووبارە دادەنیشمەوە. ژنەکە دەپرسێ:

– ئەو کتێبخانەیە لە کوێیە؟

پێ دەڵێم:

– لە شەقامی پەهلەوییە، کتێبخانەی "موجاهید".

بارام دەڵێ:– من دەیزانم دایکە.

ژنەکە دەڵێ:– دوور نیە کوڕم. ڕاکە پێی بڵێ بێت.

بارام لەبەر دەرگاکەدا دەوەستێ.

– ناوی چییە؟

– شەفەق.

کچەکە، لەسەر دەسکی قەنەفەکە هەڵدەستێ، لە پاڵ دایکیدا دادەنیشێت، پڕ بە دڵ حەزدەکەم سەیری بکەم. بەڵام شەرمێ دەکەم، چاو دەبڕمە گوڵە سورمەییەکانی مافورەکە.

سات بە سات قولە پێم پتر دەپەنمێ. ئازاری پتر دەبێ، دادەنەومەوەو قەیتانی پێڵاوەکانم دەکەمەوە. دەنگی ژنەکە لە گوێمدا دەگیرسێتەوە.

– ... پەنمینەکەی خراپ زیاد دەکا . ئەگەر پێڵاوەکانت داکەنی باشترە. دەزانم کە پاژنەی گۆرەوەیەکانم پینە کراوە. قەیتانی پێڵاوەکەم شل دەکەمەوەو پێم دەکشێنمەوە.

– پێڵاوەکانت داکەنە... ئیسراحەت دەکەی.

– نەخانم... ناتوانم دای بکەنم.

دەنگم گرە.. نێوچەوانم شەڵاڵی ئارەقەیە. پشت بە قەنەفەکەوە دەدەمو سەرم هەڵدەبڕم. ئەوجا بە تیلەی چاو دەڕوانمە کیژەکە. خەریکە سەیرم دەکات.دڵم دادەخورپێ. ئەم حۆریە غەریبە. بەڵام خۆشە. ڕۆژانی هەوەڵ کە نیگای بلورخانم دەکرد دڵم دادەخورپا، بەڵام ئێستا بە تەواوی فەرقی هەیە ئێژی دڵم خەریکە لە سینگمەوە بێتە دەرەوە، ئێژی ئازای لەشم دەلەرزێ.ئێژی شتێك لە نێو دڵمدا کەوتۆتە خرۆش.

هەمدیس دەنگی کیژەکەیە.

– چای دی دەخۆیتەوە؟

– نا، خانم زۆر مەمنوونم.

ژنەکە سوورە لەسەر ئەوەی کە پێڵاوەکەم داکەنم.

– هەر چۆنێ بووە، پێڵاوەکەت داکەنە.. زۆر ئیسراحەت دەکەی.

حەز دەکەم هەر هەستمو هەڵێم. ئەم گۆرەوییە نەحلەتییە. هەر بە بیرما نەدەهات کە پینەی گۆرەی بتوانێ ئەم هەموو دەردە سەرییەم بۆ دروست بکات. جنێو بەخۆم دەدەم. هەرچی ناشێ بە خۆمی دەکەم. (... توانیت ٣٢ تمەن بۆ حەسەنۆك بدەیت بە شرینقە بەڵام دەستت تێ نەچوو سێ تمەن بۆ خۆت بدەی بە گۆرەوی؟... دەبیخۆ دەردت بێ...) دادەنەومەوە. پاژنەو نووکی پێڵاوەکەم دەگرمو دەی لەقێنم. نا جووڵێ. ئێژی بەپێمەوە لکاوە. وازی لێدێنم. هەناسەیەك هەڵدەکێشمو پشت دەدەمەوەو دەڕوانمە بن میچەکە.

– دەرنایەت؟

– نەخێر خانم..

سەری پێم ئاوساوە.

– ئەگەر هەوەڵجار بە قسەت کردبام.

بارام دێتە ژوورەوە. هەناسەی سوار بووە، گۆناکانی سوور بوونەتەوە.

نێوچەوانی نیشتۆتە ئارەقە.

دایکە نەبوو، کتێبخانەکە داخرابوو.

ژنەکە، سەیرم دەکا.

سەر دادەخەمو دەڵێم:– بە هەر حاڵێ بێ خۆم دەڕۆم.

دەست دەخەمە سەر دەسکی قەنەفەکە هەستم.

ژنەکە دەڵێ:– تۆبەم پێیەوە ناتوانی بڕۆی.

پێی دەڵێم:– بەڵام خۆ هەر دەبێ بڕۆم.

کچەکە دەڵێ:– تۆ جارێ سەبر بکە... بەڵکو کتێبخانەکە بکرێتەوە.

دەڕوانمە چاوانی کیژەکە کە ئێستا زەیتوونین. زەردەخەیەکی کاڵ لەسەر لێوەکانی هەڵ نیشتووە. هەناسەیێکی قووڵ هەڵدەکێشمو هەمدیس پشت بە قەنەفەکەوە دەدەمو دەڕوانمە بن میچەکە.

***

بارام، تا ئێستا دووجار چووە کە خەبەر بداتە شەفەق.

– دایکە دیسان داخرابوو.

خەریکە دەبێ بە نیوەڕۆ. ئاسمان تەڵخە. پەڵە هەورەکان تێکەڵن. دەست دەخەمە سەر دەسکی قەنەفەکەو هەڵدەستم. تۆزێ لەسەر پێی چەپم دەوەستم. ناوێرم پێی راستم بنەمە زەوی. زۆری نەماوە کە بەلەکم دەلنگی پانتۆڵەکەم پڕ بکاتەوە.

کچەی چاوڕەش دەپرسێ:– تۆ چۆن بەم پێیەوە دەڕۆی؟

لە قسەکانیا جۆرە هاوخەمی یەك هەست پێدەکەم کە لەزەتم پێدەبەخشێ. دەنگم لەرزۆکە.

– ناچارم بڕۆم.. خۆ هەر دەبێ بڕۆم.

بە شەلە شەل تا بەردەگای ژوورەکە دەڕۆم. چاورەش دەیەوێ وەمێنم.

– ئەگەر بمێنێتەوە لەوانەیە کتێبخانەکە بکرێتەوە.

– پێموایە ئەگەر بکراباوە، تا ئێستا دەکرایەوە.

بەیانی جارێك شەفەقم بینی بوو، بەرەو سەری پردەکە دەچوو تا رێگا بۆ ئەو ترومبیلانە بکاتەوە کە بە هۆرن شاریان خرۆشاندبوو. جارێکی دیش دیتبووم کە بەشان دڕی بە خەڵکەکە دەداو بەرەو ترێلەکە دەچوو.

دەڕوانمە ژنە کە دەڵێ:– زەحمەتە بەم لاقەوە بتوانی خۆت بگەیەنیتە جێیەك.

پێی دەڵێم:– تا سەر شەقامەکە دەڕۆم و لەوێ سواری تاکسی دەبم.

کیژەکە دەڵێ:– بەڵام خۆ تۆ کەست نیە لەم شارەدا.

روخساری دایکی وا دەنوێنێ کە باوەڕی بە قسەکانم نەکردبێ. ئەوە دەنوێنێ کە زانیویەتی درۆم کردووە. بە بارام دەڵێ کە تا سەر شەقامەکە لەگەڵما بێت.

– بەسەر چاو دایکە.

لە ژوورەکە دێمە دەرێ. چاوڕەش دەڕوات و زوو دەگەڕێتەوە. پاڵتۆکەی بە شانیا داوە.

– دایکە منیش لەگەڵیاندا دەچم.

دەست دەگرم بە دیواری دالانەکەوەو لە سەریەك پێ بازی بچووك بچووك دەدەم. کە لە دەرگای حەوشە دەچمە دەرێ، ماندوو دەبم. نووکی پێی راستم دادەنەمە سەر زەوی. لە گۆزینگی پێمەوە تا تەوقی سەرم دەبڵاچێنێ. پێم هەڵدەبرم، پشت بە دیوارەکەوە دەدەمو دەوێستمو دەڕوانمە چاو رەش. هاوخەمی لە نیگاکانیا دیارە. سەر دادەخەم. هەوا بە ئاستەم سارده. بڕبڕەی پشتم وشك بووە. هەمدیس دەکەومە هەنگەڵەشەلێ. گوێم لە دەنگی دەبێ.

– بارام ژێر باڵی بگرە.

بزەیەك بەڕووی چاو رەشدا دەدەم. زەردەخەنەکەی غەڕام دەکات. بارام دێتە پێشەوە دەستم دەخەمە سەر شانی. هەوڵدەدەم کە بڕۆم بەڵام مەحاڵە.

– زۆر مەمنوون کاکە بارام.. با بە شەلەشەل بڕۆم. رەنگە بە شەلەشەل باشتر بتوانم خۆم بگەیەنمە سەر شەقامەکە.

شەقام چۆڵو هۆڵە. پشت بە عامودێکی کارەباوە دەدەم، سەیرێکی چاو ڕەش دەکەم. ئەوجا سەر دادەخەمو بە ئاسپایی دەڵێم:- بمبورن کە ئەوڕۆ زەحمەتم دان.

- چ قەیدییە، زەحمەت نییە.

کەیفم بە قسەکردنی دێت. سەیری دەکەم، بزە دەیگرێ. چاوەکانی زەیتونین. نیگای مەستم دەکا. دەیەوێ قسە بکا. دەمی دەکرێتەوە، لێ هیچ ناڵێ. زات وەبەر خۆ دەنێم.

- دەتویست شتێك بڵێی؟

چاو دەبرێتە زەوی.

- بۆ حەزت ناکرد ئەدرەسی ماڵەکەتانمان پێ بڵێی؟

رادەچڵەکێم. کەواتە زانیویەتی درۆم کردووە. سیمای دایکی هاواری دەکرد کە بە هەموو شتێکی زانیوە. بەڵام نیگای چاوڕەش هەر پێوەی دیار نەبوو. دەبێ زۆر وریابێ. بۆیە توانیویەتی بەم هەموو ئارامییەوە خۆی لە ئاستی درۆکانمدا دوور بگرێ.

دەنگم دەلەرزێ.

- پێم گوتن کە...

بارام تاکەسییەك رادەگرێ. وام پێ چاکە درێژە بە قسەکەم نەدەم. هیچ شتێکم پێ نیە کە بیڵێم. دەڕوانمە جۆگەی قەراغ شەقامەکە کە دەبێ بە یەك لاقان لێی وەپەڕم. وا خۆم دەنوێنم کە هەموو هۆش و بیرم لەلای چۆنیەتی پەڕینەوەکەیە. پاشماوەی قسەکەم قووت دەدەمەوە. بارام، دەرگای تەکسییەکە دەکاتەوە. سوار دەبم دەڕوانمە چاو رەش و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکەم. دەرگای تەکسییەکە دادەخەم.

- خوا حافیز

ئاوازی دەنگی دڵگیرە.

- خوا ئاگادارت بێ.

سەر بۆ بارام دادەنەوێنم. تەکسییەکە هەرەکەت دەکات. ئاور دەدەمەوەو لە جامەکەی دوواوە سەیر دەکەم. بارام دەست تەکان دەدا. بەزمو هەرایە لە دڵما بەرپا بووە هەر مەپرسە! بیری چاورەش رەهام ناکا. ئێژی چەندین ساڵە یەکمان ناسیوە. نە نیگای نامۆ بوو نە قسەکانی.

شوفێرەکە برێك دەگرێ. کۆتایی قیرەکەیە. هێشتا زۆری ماوە بۆ ماڵەوە.لێی دەپاڕێمەوە، بەڵام لە جێی خۆی ناجووڵێ.

- من ناتوانم لەبەر خاتری تمەنێك تا چامرلغەکەم لە قوڕە لیتەدا بچەقێت.

دادەبەزم. بە هەزار شەڕەشەق لە جۆگەی قەراغ شەقامەکە دەپەڕمەوەو خۆم دەگەیەنمە سەر سەکۆیەکی بەر خانوویەك کە بانیژەیەکی هەشت شێوەیی هەیە. دەبێ هەر چۆنێ بووە خۆم بگەیەنمەوە ماڵ. بە تەواوی لە پێ کەوتووم. ئەوسای کە دوو پێی ساغم هەبوون، تا لە قیرەکەوە دەگەیشتمەوە ماڵ دەیان جار لە قوڕو چڵپاودا دەخزام. هەوا چاك سارد بووە. هیچ کاتێ مانگی نەورۆز ئەوەندە سارد نەبووە. لەبنی پێمەوە تا کلاوەی زرانیم دەبلاچێنێ. کەمی ماوە لە تاو ئازار ببوورێمەوە. کە پەنجە لە پەنمانەکەی قولەپێم دەدەم هاوارم لێ هەڵدەستێ. پەڵە هەورەکان

خەریکن یەك دەگرن. ئەگەر ببارێ، وای بە حاڵم. هەمیشە بارانی مانگی نەورۆز ڕێژنەو سەر بەکڵاوەو لافاوئاسایە.

ترومبێلێك بڕێك دەگرێ. حاجی شێخ عەلی خوا حافیزی لە شوفێرەکە دەکاو دادەبەزێ. داوێنی عەباکەی هەڵدەکاتو لە جۆگەی قەراغ شەقامەکە دەپەڕێتەوەو لە قەراغ شۆستەکە دەوەستێ تا ترومبێلێك بڕواتو دوور کەوێتەوە. ئەوجا دەکەوێتە ڕێو بەرەو لای من دێ.

– سەلامو عەلەیەك قوربان.

حاجی شێخ عەلی دەوەستێت. عەمامەکەی ئەوەندە سپییە ئێژی بەفرە.

تەماشام دەکاتو ئەوجا ردێنە خەنەییەکەی دەبزوێت.

– عەلەیکە سەلام.

ئەوە لە نیگاکانی دەخوێنمەوە کە سەری سووڕماوە بۆ لەبەری هەڵنەستاوم. دەیەوێ بڕوات کە پێی دەڵێم:– قوربان من دووچاری گیروگرفتێك بووم.

لەسەرووی عەینەکە شووشە سپییەکەوە، نیگام دەکات.

– خالید، ئەوە تۆی؟

قسەکردنو تەماشا کردنەکەی ڕقاوییە. دەبوایە کە دیتم لەبەری هەستابام، زۆر بەڕێزەوە سلاوم لێ کردباو دەستەکانیم ماچ کردبا.

– بەڵێ قوربان، منم.

هەواڵی بابم دەپرسێت، پێی دەڵێم:– کاغەزی دێت هەمیشە سلاوی تۆشی تێدایە.

دەپرسێت، خەیاڵی هاتنەوەی نییە.

– پێموایە شەوی جەژن بێتەوە.

دەڵێ:– بیری دەکەین. پیاوی خواپەرستو موسڵمانی وەکو وەستا حەداد لەم دەورو زەمانەیەدا کەمتر پەیدا دەبێ. ئینشەڵلا زووتر دێتەوەو شەوێك دێینە خزمەتی.

ورگی حاجی شێخ عەلی، تەحەمەلی جبە خورییە خەنەییەکەی نییە. وەکو دەهۆڵ بەرز بۆتەوە. بنیادەم وا خەیاڵ دەکات کە زۆری نەماوە جبەو پشتینو کراسەکەی بدڕێتو بکەوێتە دەر.

– وەستا حەداد دڵمان هەوەسی "دەست پوختی" دایکی خالیدی کردووە.

بابم، دەستی حاجی شێخ عەلی لە لێوی نزیك دەکاتەوەو دەڵێ:

– بەسەرچاو حاجی، خۆم خەبەرتان لێدەگێڕمەوە.

حاجی شێخ عەلی، پاڵ بەسەرینەکەوە دەداتو قڕقێنەیەك لێدەداو دەڵێ:

– وەستا حەداد، دەڵێی ئەم کەڕەتە شێ مەحشیەکە وەکو ئەوجا گۆشتی چاكو تەواوی نەبوو.

بابم سەری دادەخاتو سیغارەکەی دەپێچێتەوەو دەڵێ:– خەجاڵەتم کاکە حاجی... ئەم ڕۆژانە کارو کاسبی کزە.

حاجی شێخ عەلی دەکەوێتە خۆ کە بڕوات.

– قوربان، عەرزم کردیت کە دووچاری گیروگرفتێك بووم.

دەوەستێ، عەینەکەکەی هەڵدەبڕێو بە سەرسامی سەیرم دەکا.

– گیروگرفت؟

پێی دەڵێم:– بەڵێ قوربان... قولەپێم دەرچووەو ناتوانم بەڕێوە بڕۆم.

چەند ساتێ خێسە دەکات. ئەوجا چاوەکانی دەتروکێنێ. ئەوجار ردێنە شەرعییە خەنەییەکەی دەبزوێو وەك بڵێی تانەی لێدرابێو تەشقەڵەی پێکرابێ دەڵێ.

– یانی دەفەرمووی بت کەمە کۆڵ و بۆ ماڵت بەرمەوە؟

بەو هەموو ئازارەوە پێکەنین دەمگرێ. بەڵام خۆ دەگرم.

– نەخێر قوربان... من ناماقووڵی وام نەکردووە.

بە توندی دەڵێ:– باشە، ئەدی چی؟

بەدەمە لاڵکێوە دەڵێم:– بە ئەرك نەبێ.. لەسەر رێگاکەتەوە، هەواڵیان بدەیە کە.. بێن بە دووامە. دەکەوێتە رێ.

– کێ دەڵێ رێی من لەلای ماڵی ئێوەوەیە؟

پەست دەبم. پڕ بە دڵ حەز دەکەم هاواری بەسەرا بکەمو چەند جنێوێکی مزری هەواڵە بکەم.

– وەستا حەداد، خالید هێشتا دەخوێنێ.؟

– بەڵێ قوربان، لە سایەی سەری ئێوەوە پۆلی چوارەمە.

– زۆر خوێندن، بنیادەم لەدین دەر دەکا وەستا حەداد.

خەریکە لە تاو ئازاری قولەپێم دەبورێمەوە. لەشم تەزیوە. ئازای گیانم کەوتۆتە لەرزین. دەم هەڵدێنم کە هەرەچی قسەی ناشرینو جنێو هەیە هەواڵەی حاجی شێخ عەلی بکەم. بەڵام توانای هاوار کردنم نیە . لە پڕ بیرم دەکەوێتەوە کە لە دەرگای خانووەکە بدەم. لەسەر سەکۆکە هەڵدەستم ،دەست دەگرم بە چوارچێوەی دەرگاکەوەو لێی دەدەم. زۆر زوو دەرگاکە دەکرێتەوە. کوڕێکی منداڵکارە کە پەتۆیەکی بەشانیا داوە.

– کێت دەوێ؟

چەناگەی کوڕەکە باریکە، جێ ئاوڵە تەواوی دەموچاوە رەقو تەقەکەی کونج کردووە. ملی لە قەفەقامیش دەچێ.

– دەمەوێ یەکێك یارمەتیم بدات تا بڕۆمەوە بۆ ماڵ.

ملی خوس دەکات، ئێژی سەرمای بووە.

– تۆزێ سەبر بکە، با بەلاڵو بڵێم.

کوڕە منداڵکارەکە دەچێتە ژوورەوە. پشت بە سەکوکەوە دەدەمو پای راستم هەڵدەبڕم. پیاوێکی گەنج دێت. گۆناکانی زەقو رەقن. چاوی بە قووڵا چوون. سمێڵی تا خوار چەناگەی هاتووە. تەماشای پێم دەکاتو دەڵێ:– کەی پێت لە جێ چووە؟

– ئەمڕۆ بەیانی.

– لە کوێ؟

– لەمەیدان.

– دیارە لە میتینگەکە بوویت؟

سەرم دادەخەم.

– سەبر بکە برادەر، با بچم پۆستاڵەکانم لە پێ بکەم.

دەچێتە ژوورەوەو بەلەز دەگەڕێتەوە. جووتێ پۆستاڵی زلی سوپایی لە پێ کردووە.

– وەرە برادەر.. وەرە دەستت بخە سەر ملم.

شانی دادەداتە ژێر لەشم. قورسایی خۆم دەخەمە سەر شانی. ئەدەرسی ماڵمان دەپرسێت.

– زۆر دوور نیە... نزیکی دوکانەکەی حەبیب نانەوایە.

– بە شەلەشەل لەگەڵیا دەکەومە ڕێ.

***

تا پێڵاوەکانم نەهاتە دڕاندن، لە پێم دەرنەهات. دایکم ئاوی گەرم کردو هێدی هێدی پێمی لە ناو ئاوەکەدا شێلا. ئێستا زەردێنەی هێلکەو نیوەنمەکی لە پێم ناوەو لباد پێچی کردووە. سات بە سات ژانەکەی زیاتر دەبێ. دیارە کە ئەم کارانە بێ سوودن. چوون بە دووی میرزا نەسرۆڵڵادا. نەخۆشەو لە ماڵەوە کەوتووە. بلورخان پێیەکی لە ماڵی خۆیانەو پێیەکی لە ماڵی ئێمەیە. ئومێدم ناردووە کە خەبەر بداتە شەفەق.

لە ژوورەکەی بابمدا ڕاکشاوم. پێم لەسەر سەرینێك داناوە. خەریکە لە تاو ئازار ببووریمەوە. دڵم تێك هەڵدێ. ئاڵوی قولەپێم داویەتیە لاجانگەکانم. شەفەق، لەگەڵ ئومێدا دێتە ژوورەوە. بزە نیشتۆتە سەر لێوی.

– چی بووە خالید؟

بۆی دەگێڕمەوە کە چی بووە. گوێ لە قسەکانم دەگرێ و ئەوجا بە هێمنی پێدەکەنێ. دەزانم پێکەنینەکەی بۆ ئەوەیە ورە بەر نەدەم.

– چ نیە، ناڕەحەتیش مەبە، کارێکت بۆ دەکەم.

جگەرەیەك دادەگیرسێنێ. حەسەنۆك دێتە ژوورەوە. چووەو شرینقەکەی لە خۆی داوە. شەفەق هەڵدەستێ.

– دەچم بە شوێن جەراح دا

لە ژوورەکە دەچێتە دەرێ. حەسەنۆك لە تەکمەوە دادەنیشێ.

– چڵکەکەی کەمتر بووە... ئازاریشی کەمتر بووە.

تاقەتم نییە گوێ لە قسەکانی بگرم. جار جار لە قولەپێمەوە تا کلاوەی زرانیم بە شێوەیەکی ئەوتۆ دەزریکێنێ کە دەمەوێ پڕ بەدەم هاوار بکەم. خواردن لە گەرووم ناچێتە خوارەوە. دایکم بە دەورما دێ کە شتێك بخۆم. پەڵووڵەی بۆ دروست کردووم. بە زۆر دوو مراکان دەخۆمو قاپەکە دەدەمە دواوە.

رەحیم وڵاخدار. حەسەنۆك گاز دەکا. هەڵدەستێ و دەڕوا. پەیمان لەلای شەفەقەوە هاتووە.

– پێت گەرم رابگرە تا سبەینێ بەیانی جەراحەکە بێت بۆتی بگرێتەوە.

پشتم سڕ بووە. ناوێرم لە جێی خۆم بجوڵێم. قولە پێم بە ئەندازەی کولەکە زەردەیەك هەڵ پەنماوە. بلورخان دێتە ژوورەوە. قەترەی بۆ هێناوم.

– بیخۆ... ئازاری پێت هێور دەکاتەوە.

سێ دڵۆپ دەکاتە نیو پەرداخ ئاوەوەو هەڵی دەدەم. بلورخان دەڕوات شووشەی قەترەکە دەباتەوە. پشتم دەجوڵێنم. ئانیشکەکانم دەنەمە سەر زەوی‌و لەشم بەرەو ژوور هەڵدەکێشم. دایکم دوو سەرین دەخاتە ژێر پشت‌و شانم. ئێژی ئازارم کەمتر بووە. دەتوانم کەمێك پێم بجوڵێنم. دایکم بەدیارمەوە دانیشتووە. دەبێ چەند سەعاتێکی شەو بوری بێت. بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق نایەت. دەبێ دامو دەزگای پێچابێتەوە. نیوەڕۆ کە دەرو دراوسێکان هوڕوژمیان هێنایە ژوورەوە، خەریك بوو دەبورامەوە، بەڵام ئێستا هێور بوومەتەوە. چاوم قورس دەبێت. لە درزی برژانگە نیمچە داخراوەکانمەوە چارەی دایکم دەبینم کە پەست‌و خەمبارە. ئەژنۆکانی لە باوەش گرتوون. ئێژی دوور دەکەوێتەوەو دوورتر دەکەوێتەوە کە لە پڕ ئازاری پێم بێدارم دەکاتەوە. لە پڕ لە قولە پێمەوە تا سمتم دەزریکێنێ. ئازارەکە توند دەبێ. بەمن بێ قەپ بە زەوی دا بکەم.

– دایکە.

رادەچڵەکێت، چاوەکانی دەکرێنەوە.

– دایکە، خەریکە دەمرم.

دەنگی خەواڵووە.

– دان بە خۆتا بگرە کوڕم. ئێستا رۆژ دەبێتەوە.

لەشم بەرەو ژوور هەڵدەکێشم‌و پشت بە دیوارەکەوە دەدەم.

– بریا بلورخانت هەڵدەستاند. خۆزیا ئەو قەترەیەی نەدەبردەوە.

دایکم نایەوێ بەو نیوەشەوە بلورخان هەستێنێ. دەبێ دان بە خۆما بگرم. شەو یەگجار درێژ بووە! کە تیشکی لامپاکە لە دیوارە گڵەکان دەکەوێ ئێژی هەزاران بوونەوەر لەسەر دیوارەکان تێکەڵ بوون. چاوی دایکم هەمدیس دەچنەوە خەو. پەتۆکەی بەشانیا داوە. تەباخەکە لە تەنیشتیەوە کتریەکەی لەسەرە، پرخەی هێمنی جەمیلە بەرز دەبێتەوە.

چەپکێك لە قژی دایکم لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتۆتە دەرێ‌و لەسەر هەنیەی خەرمانەی داوە. رۆژ بە رۆژ داوی سپی پتر پەلاماری قژی دەدەن. خەریکە قژی بە تەواوی بۆز دەبێ.

– سیانزە ساڵان بووم کە شووم کرد. دوای دوو ساڵ خوا خالیدی دامێ.

هەناسەی دایکم قورس بووە. دەبێ خەوی لێ کەوتبێ. گازی دەکەم.

– دایکە، هەستە بڕۆ بنوو.

چاو هەڵدەهێنێ.

– هەستە دایە... هەستە بڕۆ بنوو.

دەنگی نزمە.

– لەلای تۆبم ئاسوودەترم کوڕم.

دەنگی کردنەوەی دەرگای ژوورێك دێت. بێگومان هاپۆ بەندەرە کە بۆ دەست نوێژ هەڵگرتن چووەتە دەرێ. یان رەحیم وڵاخدارەو بۆ گەرماو دەڕوات.

هاپۆ بەندەر لەگەڵ بانگی بەیانی دا نوێژ دەکات.

مەش رەحیم. لەوەتەی رەزوانی هێناوە، هەفتەی دوو- سێ جار لەگەڵ گەردی بەیانی دا دەچێ بۆ گەرما و.

نەوتی لامپاکە لە تەواو بووندایە. دەکەوێتە پرتە پرت. بۆن سۆی پڵیتە سووتاوەکە لووتم پڕ دەکا. دایکم فووی لێدەکاو دەیکوژێنێتەوە. لە درزی پەنجەرەی ژوورەکەوە تاریك و روونی بەرەبەیان دەردەکەوێ.

- دایکم رۆژ بووەوە. توخوا بڕۆ ئەو قەترەیەی لای بلورخان بێنە.

دەزانم بێ سوودە. دەزانم تا ئەمان ئاقا لە ماڵ نەچێتە دەرێ دایکم لە جێی خۆی ناجوڵێ و دەزانم کە ئەمان ئاقا هەمیشە بەر لە هەتاو کەوتن لە چاخانەکە حازرە و لەوێش قاوەڵتی دەخوا.

دایکم هەڵدەستێ، پەنجەرەکە دەکاتەوە. شنەی بای بەیان خۆی بە ژوورەکەدا دەکات. گوێم لە دەنگی چامرلغی پاسکیلەکەی ئەمان ئاقا دەبێ. دایکم لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە نێو حەوشە. عەباکەی دەدا بەسەراو دەچێتە دەرێ و زۆر زوو بە قەترەکەوە دەگەڕێتەوە. ئەمان ئاقا گوتوویەتی کە ئەگەر جەراحەکە نەهات دەست بە جێ ئاگاداری بکەینەوە. قەترەکە دەخۆم و پاڵ دەکەوم. ددانەکانم لە تاو ئازار نیشتوونەتە سەریەك. سەرم قورس بووە. بژۆڵەکانم بە یەکا دەچن. ئازارەکەم خەریکە وردە وردە کەم دەبێ.

کە لە شاتە شاتی سەنەم رادەپەڕم. سەیر دەکەم هەتاو تەواو بەرز بۆتەوە و نێو حەسارەکەی پڕ کردووە. حەبیب نانەوا چووە و کەشافی شارەوانی هەڵخراندووە و ئەوا لەگەڵ کەشافەکەدا هاتووە کە تەنوورەکەی سەنەم تێك بدات. دەنگی کەشافەکە دەژنەوم کە بە ئارامی و نەرمی قسان دەکات.

- شاری بێ حاکم نیە خانم. شار یاسای هەیە، حیساب و کیتابی هەیە.

دایکم لە پەنجەرەکەوە تەماشا دەکات. دەڵێ کەشافەکە، کوڕە گەورەکەی (حاجی بەعەك)ی خەڵووز فرۆشە.

هەزارجار زیاتر کوڕە گەورەکەی (حاجی بەعەك)م بینیوە. دەستە باڵاو لاوازە. جێ ئاوەڵە هەموو دەموچاوی کونج کردووە. قەپۆزی لە قەپۆزی تۆڵە سەگ دەچێ. هەمیشە کلاوەکەی تا سەر نێوچەوانی دێنێ تا سەرە رووتاوەکەی دەرنەکەوێ... قەراغی کلاوەکەی لە یەخەی چاکەتەکەشی پانترە. هەندێ شەو دەچێ بۆ دوکانەکەی توبا عەرەق فرۆش و دوو پێکان هەڵدەدا. هەر جارێ عارەق بخواتەوە لەگەڵ یەك - دووانێ لە هاوەڵە چاکەکانیا دەچێ کەمێ تلیاکیش دەخوا. عەرەق خواردنەوەو تلیاك کێشانەکەیم لە ئەمان ئاقا بیستووە. بەڵام شتێ تریشم لە خواجە تۆفیقەوە دەربارەی زانیوە. بۆ نموونە کوڕە گەورەکەی حاجی بەعەك تا پۆلی شەشی سەرەتایی پتری نەخوێندووە. حاجی بەعەکی رەحمەتی دۆستی سەرۆك تەئمینات بووە. زوخاڵی چاك و درشتی لە نێو زوخاڵەکانا بژار کردووەو بۆی بردووە. هەندێجاریش پێکەوە دادەنیشتن و تلیاکیان دەکێشا. سەرۆك تەئمینات لە لای سەرۆك شارەوانی واسیتەی بۆ کردووەو سەرۆکی شارەوانی دەستی گرتووەو ئیدی کوڕەکەی حاجی بەعەك-یش بۆ خۆی تۆزێ وریا بووە وردە وردە لە شارەوانی دا بۆ خۆی بووە بە پیاو.

گوێم لەدەنگی سەنەم دەبێ کە لە رقاندا دەلەرزێ.

– ئەگەر دەست لە تەنوورەکەم بدەن، خۆ دەکوژم.

دەنگی خواجە تۆفیق دێت.

– ئاخر ئەم بەندەی خوایەش دەیەوێ بژی.

حەبیب نانەوا دەڵێی پاچیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. دەنگی دەژنەوم

– من هەقم نیە، کاکی کەشاف دەستووری فەرمووە کە تێك بدرێ.

خواجە تۆفیق دەڵێ:– کاکی کەشاف لە خۆمانە....

کەشافەکە. بە هێمنی و سەلاری دەدوێ.

– بڕیاری دایەرە، خۆمانەو بێگانە نازانێ.

خواجە تۆفیق دەڵێ:– بەڵام حاجی بەعەکی رەحمەتی هێندەی غیرەت هەبوو کە...

کەشافەکە، قسەکەی خواجە تۆفیق دەبڕێ... دەنگی بەرزو حوکم ئامێزە.

– دەبێ ئەم تەنوورە تێك بدرێ.

لە پڕ سەنەم بە شاتە شات حەوشەکە بە یەکا دەدا.

– حەددتان چیە، بێڵم هەروا بە ئاسانی تێکی بدەن. بەردەم سەرۆك شارەوانی دەگرم، شکاتتان لێدەکەم، دار دەدەم بە رۆحتانا.

حەبیب نانەوا رادەچڵەکێت.

– ئا... ئا... ئا... بەکاکی کەشاف؟

سەنەم هەموویان دێنێتە گیرو گاز، دەنگی تا حەوت گەڕەکان دەڕوا

– بەدەقی خۆتاوە بڕۆن و لەم ناوە مەمێنن.

کەشافەکە قسەی ئوسوڵی دەکات. تووڕە بووە.

– تەوس بە ماموری دەوڵەت مەکە دایە، خۆ ناتەوێ دەزیندانێت بخەم.

– جوانە، جوانە، جوانە، ... کوڕی حاجی بەعەکیش لێمان بووە بە پیاو بە چوار تمەن ئاوسییان کردووەو ئێستا هاتووە قەدو قەڵافاتی چەپەڵی بەسەر مندا بادەدا.

لە پڕ هاواری حەبیب نانەوا بەرز دەبێ. دایکم دەڵێ کەرەم عەلی بە دەمو لەوسی پێچراوەوە دارگاڕانێکی هەڵگرتووەو کەوتۆتە وێژەی حەبیب نانەوا.

سەنەم دەستی داوەتە شیشی تەنوورەکەو پەلاماری کەشافەکەی داوە. حەبیب نانەوا و کەشافەکە هەڵدێن. دەنگی سەنەم دەژنەوم کە خەریکە خۆی هەڵدەکێشێت: کاکی کەشاف بۆ هێناوم.

دەزانم کە کوڕی حاجی بەعەك دەست بەردار نییە. بەڵایەکی وا بەسەر سەنەمو کەرەم دا دێنێ چۆن خۆی حەزبکا.

شەفەق لەگەڵ پیاوێکی میانە ساڵی ردێن خەنەییدا دێت. شەفەق دەپرسێ:

– شەوت چۆن گوزەراند؟

– زۆر خراپ.

دایکم دەڕوا کە ئاو بکولێنێ. پیاوەکە دادەنیشێ. لبادەکە لە پێم دەکاتەوە. بە پەنجە پەنامەکەی پێم دەگوشێ. ئێسقانی پێم تا زرانیم دەبڵاچێنێ. کابرای میانەساڵ دەڵێ کە پەنجەی پێم بجوڵێنم. ناتوانم.

بلورخان دێت. دایکم گازی دەکات.

– بلورخان، بێ زەحمەت دوو پیاڵە چای لێبنێ.

جەمیلە، کورسییەك دێنێو لە کەنار جێگەکەی من دای دەنێ. شەفەق دادەنیشێ. کابرای میانەساڵ هێدی هێدی دەڕوانێتە پێم. باوەڕی وایە کە نەشکاوە. دەڵێ:– لەجێ چووە، هیچ نیە.

خەیاڵم رەحەت دەبێ.

دایکم، لەگەنێکی مس دێنێو لەبەر پێمدا دای دەنێ. ئەوجا دەڕواتو کتریە ئاوە کولاوەکە دێنێ. کابرای میانە ساڵ پێم لە نێو ئاوە گەرمەکەدا دەشێلێ. یاری بە پەنجەکانی پێم دەکا. ئازای لەشم بووە بە ژانو ژارو خەریکە بگرێم. ئەگەر شەفەق یان بلورخان لەوێ نەبوونایە لەوانە بوو دەستم بەگریان بکردایە.

کابرای میانە ساڵ سەیرم دەکا. قسەم لەگەڵ دەکا. دەپرسێ کە چۆن بوو پێم دەرچوو. بە دەنگی گیراوەوە بۆی دەگێڕمەوە. دەم خلافێنێ. پاژنەی پێمو سەری پەنجەکانم دەگرێو لە پڕ ڕای دەتەکێنێ. مێشکم لەگەڵیانا دەزریکێنێ.

– تەواو بوو.

پێم هاتۆتەوە جێ. زەردێنەی هێلکەو رۆنو ئاردو خوێ تێکەڵ دەکاو لە پێمی دەنێو لبادپێچی دەکا.

– دەستی لێمەدەن تا خۆی جیا دەبێتەوە.

لە کاتی هەستاندا، شەفەق دوو کتێبی بچووك –هەریەکەی بە قەد نێو لەپێ– لە باخەڵی قەمسەڵەکەی دەردێنێو دەیخاتە ژێر سەرینەکەمەوە.

– بۆ ئەوەی بێ تاقەت نەبی، ئەم کتێبانە بخوێنەوە، سەریشت لێدەدەمەوە.

کابرای میانە ساڵ دایکم ڕادەسپێرێ کە هەمیشە پێم گەرم رابگیرێ.

شەفەقو کابرای میانە ساڵ دەڕۆن. پێم پل دەدا، ئازارەکەی کەمتر بووە، خەو دام دەگرێ. لەپڕ دیسان دەنگی سەنەم بەرز دەبێتەوە. دایکم لەپەنجەرەکەوە سەیری دەکا، دەڵێ هەموو دراوسێکان هاتوونەتە دەرێ.

دەڵێ هەمدیس کوڕەکەی حاجی بەعەك هاتووە. ئەمجارە پاسەوانێکی لەگەڵە. حەبیب نانەوا قولینگێکی دوو دەمی بە دەستەوەیە. سەنەم تازە تەنوورەکەی داخستووە. پاسەوانەکە بێ سێو دوو زللەیەکی ئەوتۆ بە بناگوێی کەرەم دا دەکێشێ کە دووبارە برینەکەی دەمی دەکولێتەوە. سەنەم سەراپا یەخەی خۆی دادەدرێو لەسەر ئەرزەکە پان دەبێتەوەو خۆڵو بەردی ناو حەوشەکە بەسەر خویدا دەکا. کوڕە گەورەکەی حاجی بەعەك دەستی خستۆتە کەلەکەیو لەولاوە وێستاوەو بزە دەکات. خواجە تۆفیق بە دەستەسڕەکەی لووتی خۆی دەسڕێ. حەبیب

نانەوا بە قولینگ بەر دەبێتە تەنوورەکەو لەگەڵ ئەرزەکەدا تەختی دەکا. پاسەوانەکە وەکو بت وەستاوەو کەسێك ناوێرێ فزە بکات.

***

دراوسێکان، هەر یەکەیان بەلای کەمەوە جارێکیان سەرداوم، بەڵام بلورخان هەموو رۆژێ یەك– دوو سەعاتی لەتەکما دەگوزەراند.

حەسەنۆك لە کوورەخانە دێتەوە. یەکەمجار دەچێ بۆ لای عەلی پەرستار، دەرزییەکەی لێ دەدا. ئەوجا دێ نیو سەعاتێ لای من دادەنیشێو دەڕوات. ئەوشۆ دوا دەرزی لێدەدا. وەك خۆی دەڵێ، چاك بووەتەوە، کتێبەکانم خوێندنەوە. شەفەق نەهات. بەڵام بێدار تا ئێستا جارێك هاتووە کتێبەکانی لێوەرگرتمو بردنیو چەند کتێبێکی دی لە بری هێنان.

نامەی بابم هاتووە. نەختێ پارەشی ناردووە، ئێستا هەموو قەرزەکانمان داوەتەوە. وردە وردە خەریکە دەبوژێینەوە.نەورۆز چەند رۆژێکی ماوە.

لەسەر جێگاکە هەڵدەستم. بە دار دەڕۆمو لەبەر پەنجەرەکەدا دەوێستم.سێبەر هاتۆتە بن دیوارەکە. رەزوان لە دەرگای حەوشەوە دێتە ژوورێ ، بزەیەك بەڕووما دەداو بەرەو ژوورەکەی مش رەحیم دەچێ. بانۆ خەریکە بەر ژوورەکە دەماڵێ. پشیلەیەك لەسەر ساباتی وڵاخەکانەوە باز دەداو دەچێتە ژووری کۆترەکانەوە. دیارە بە هەوای هێلکە کۆترێ یان بێچوویەکەوە سەرێك بە کونو کەلەبەری کۆترەخانەکەدا دەکاو دەچێتە دەرێ. لەپڕ هاواری رەزوانم گوێ لێدەبێ. بە پەشۆکاویو سەری رووتەوە دێتە دەرێ. دەست دەخاتە کەمەریو بە شاتە شات مردوو و زیندووی رەحیم وڵاخدار دادەچڵەکێنێ. تومەز مش رەحیم لە بازاڕی قەسابەکانا رەزوانی گرتووە. کێ خەبەری داوەتێ. خوا دەیزانێ. خوا دەزانێ چەند رۆژە خۆی لێداگرتووە.

ژنان، بنجو بناوانی مەسەلەکەیان دەرهێناوە. مش رەحیم لە بازاڕی قەسابەکاندا رەزوان دەبێنێ کە لەگەڵ گەنجێکی مل ئەستووردا چاكو خۆشی دەکا. ئەوجا سەیر دەکا رەزوان لەگەڵ گەنجەکەدا سواری تاکسی دەبێ. رەحیم وڵاخدار دێتەوە لە ماڵەوە دادەنیشێو چاوەڕوانی دەکا.

رەزوان. بە خەیاڵی ئەوەی کە مش رەحیم لەسەر کوورەیە، لە دەرێ فراڤین دەخوا، کاتێ کە عەسر دێتەوە، رەحیم وڵاخدار بێ سێو دوو بە تێڵا تێی بەردەبێ، بگرە بۆ کەیتە.

رەزوان. دەمی لێ بەرەڵلا کردووەو تەوسو تەشقەڵە هەواڵەی رەحیم وڵاخدار دەکا. دراوسێکان هاتوونەتە دەرێ. چەند منداڵێکی کۆڵانیش رژاونەتە نێو حەوشەکە، رەحیم وڵاخدار بە تێڵاوە راویان دەنێ.

– زۆڵینە، بنیادەم لە ماڵی خۆشیا ناتوانێ گوویەك بخوا ؟

منداڵەکان تێی دەتەقێنن. کە رەحیم وڵاخدار دەگەڕێتەوە. منداڵەکان هەمدیس پەیدا دەبنەوە.

ئافاق پەلی رەزوان دەگرێو دەیباتە ژوورەکەی خۆیان. رەحیم وڵاخدار بە بۆڵە بۆڵ دەچێتەوە ژوورەوە.

– تەڕەم کڕی بیکەم بە پێ خۆری نان، کەچی لێم بوو بە قاتیلی گیان.

ئێستا دەتوانم بە دار بڕۆم. ئەگەر فشار نەکەوێتە سەر قولەپێم، بە هیچ جۆرێ نایەشێ. لەسەر جێگاکە ڕادەکشێم، ئەم چەند ڕۆژەی کە خانەنشین بووم، هەم چەند کتێبێکم خوێندووەتەوەو هەم بیرم لە "چاو ڕەش" کردۆتەوە. هەرکە هەستامەوەو لە ماڵ چوومە دەرێ، لەسەر ڕێگاکەی دەڕوێم.

– بۆ حەزت نەکرد ئەدرەسی ماڵەکەتان بڵێی؟

بێگومان هەزار جۆرە بیرو خەیاڵی کردۆتەوە، ئەگەر بە بیانووی سوپاس کردنیشەوە بووە هەر بە سۆراخییەوە دەچم.

تۆزێ هەڵدەکشێمو پشت بە سەرینەکەوە دەدەم. دایکم دێت، چای لێدەنێو چراکە دادەگیرسێنێ. چەند لاپەڕەیەکم لە دوا کتێب ماوە. خوا بکا سبەینێ بێدار بێتو کتێبی دیم بۆ بێنێ. خەریکە خوو بە کتێب خوێندنەوەوە دەگرم. هەرکە کتێبەکە دابنێم، دوای تۆزێ بێ ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆمدا بێ دەستی بۆ درێژ دەکەمەوە. وەك بڵێی شتێکم گوم کردبێ. ئەم کتێبەی دوایی چەند خۆشو پڕ لە ڕووداو بوو. چەند پڕ لە ڕووداو بوو و چەندم لەزەت لە خوێندنەوەی وەرگرت. ئەم "پاڤل"ـە، چەند سەیرە. کوێر بووەو هێشتا هەر دەست بەردار نەبووە. سەیرە هەموو کەسێك ناتوانێ وەکو پاڤڵ بژی. بنیادەم دەبێ لە پۆڵابێ تا بتوانێ بەرگەی ئەم هەموو ناڕەحەتیو سەختییە بگرێ.

خوا حەزکات ئێژی ڕەزوان لە دەنگە دەنگ کەوتووە. چایەکە خەریکە دەم دەکێشێت. دایکم پیاڵەو ژێر پیاڵەکان دێنێو دادەنیشێ. هێشتا چای تێ نەکردووە کە دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە. پورە ڕەعنایە. کچەکەی و غولامیشی لەگەڵە. پورە ڕەعنا بێ سەلامو کەلام لە تەنیشتمەوە چۆك دادەداو ڕوومەتەکانم ماچ دەکا.

– خوایە پورت بمرێ، بریا پێی پورت دەشکا... بزانە چ بەڵایەك بەسەر کوڕەکەما هاتووە.

وازم لێ دێنێ، ڕوودەکاتە دایکم، پەیتا پەیتا قسە دەکا.

– خوشکێ بۆ ئاگادارت نەکردم؟ دنیاو عالەم زانیویانە پێی کوڕەکەم شکاوە کەچی من بێ ئاگابووم.. خوشکێ گلەییت لێدەکەم... بەلای کەمەوە دەتگوت..

دایکم قسەکەی پورە ڕەعنا دەبڕێ. تەوازۆ دێنێتەوە کە سەرقاڵ بووە. کە کەسێ نەبووە بینێرێو هەواڵی بداتێ. پورە ڕەعنا دیسان گازاندە دەکا. دایکم چای تێدەکا. کوڕەکەی پورە ڕەعنا بە خۆی دەچێ تەختێك لە سووچێکی ژوورەکەدا دێنێو لە تەك جێگاکەی منەوە دای دەنێو دادەنیشێ.

چاوەکانم لێك دەنێم، غولام دەپرسێ:– چۆن بوو کە پێت لە جێ چوو؟

حەز ناکەم وەڵامی غولام بدەمەوە، خۆ دەدزمەوە.

– ئیدی... هەروا.. لە جێ چوو.

کیژەکەی پورە ڕەعنا جەمیلەی گرتووەتە باوەش. کیژەکەی پورە ڕەعنا گەشو بە دەماخە. بە ئاستەم گۆناکانی سووراو کردووە. قژەکەی دەبریقێتەوە.جەمیلە ماچ دەکا. ئەوجا هەواڵی من دەپرسێ:– لە خوا بەزیاد بێ.

غولام دیسان دەڵێ: نەت گوت کە چۆن پێت لە جێ چوو؟

لە ژێر لێوەوە دەڵێم... هەروا، ئیدی.

دەڵێ: خۆتم لێ مەشارەوە.

پورە رەعنا، لەچکەکەی لەسەری دەکاتەوە، پاشان چایەکەی دەخواتەوەو ئەوسا دەم لە دکتوری دەکوتێت:- خوشکێ پێستی دوگی تازەی لێبنێ.

دوو ددانی پێشەوەی پورە رەعنا کەوتوون.

- ... بە رۆن و خوێو....

وەلامی دەدەمەوە: پام چاك بووەتەوە پورێ، ئازاری نیە.

- بۆ زووتر ئاگادارتان نەکردمەوە؟

ئێستاش کەس خەبری نەدابوویە. گوایە ناعوری خشتبڕ لە حەسەنۆکی بیست بوو و بە عاشوری بەلەم چی گوتبوو. عاشوری بەلەمچیش بە کوڕەکەی رەعنای گوتبوو.

غولام هەواڵی بابم دەپرسێ.

دایکم دەڵێ... حاڵی باشە شوکر. لەم دوو- سێ رۆژەی پێشوودا کاغەزی هات.

غولام دەپرسێت:- دیارە، پارەشی ناردووە؟

دایکم دەڵێ:- چەند تمەنێك؟

غولام تەماشام دەکات و بزەیەکی ئەوتۆ دەکات کە دەهری دەبم.

کیژەکەی پورە رەعنا برۆکانی هەڵگرتووە. ئێژی مەمك دانیشی بەستوە. بە تەواوی لەگەڵ جارانا فەرقی کردووە.

پورە رەعنا لە مێردەکەی دەخوێنێ:

- لەش داوەشیوە کونجی ماڵەوەی گرتووەو جوڵەی بۆ ناکات. دەبێ پارەی توتنەکەشی من پەیدای بکەم... خوشکێ چما ژنێك چی پێ دەکرێ؟...هەموو زستانەکە هەر لە ماڵەوە بوو، تەنانەت تاقە رۆژێك نەچووەتە سەرکار.سەیری دەستەکانم کە... ئاخر بنیادەم چەند دەتوانێ جل بشوات؟... تاکەی دەتوانی کارەکەریی ئەمو ئەو بکات؟..

دەستەکانی پورە رەعنا سپی هەڵگەڕاون. پەنجەکانی و پشتی دەستی هەڵماساوە. پێستی دەستەکانی پیرەڵۆك بووە.

کوڕەکەی پورە رەعنا جگەرەیەك دادەگیرسێنێو یاری بە دووکەڵەکەی دەکات.یەکەمجارە کە دەبینم غولام جگەرە دەکێشێت. دایکم تەماشای دەکات.نیگای پڕە لە سەرزەنشت.

غولام دووکەڵەکە لەدەمییەوە پەرت دەکاتەوەو قسان دەکات.

- ئیدی سەربازییە پورە.. بنیادەم گیرۆدە دەبێ. خۆ جگەرەکێشانیش شتێ نیە.

پورە رەعنا دەستی هەڵدەتەکێنێو دەڵێ باشە، باشە.. ئەگەر سەربازی خراپە بۆ چوویت. خۆت نووسی کە بمێنیتەوە. لەش بە دۆشاوی بێعار دەیەوێ لە سەربازی دا بمێنێتەوەو بە خۆڕایی بخواو بگەڕێ.

غولام داوای کردووە لە سەربازی دا وەمێنێ. بڕیارە دەورە ببینێو ببێ بە عەریف. عەیبەکەی ئەوەیە بە هیچ جۆرێ خوێندەواری نییە. دەستی بە دەرس خوێندن کردووە. لە لقەکەیاندا ٨٦ کەسی نەخوێندەوار هەن کە لە ئۆردوگادا دەرسیان پێ دەڵێنەوە. غولام دەڵێ: بۆم هەیە تا پلەی رەئیس عورەفایی بڕۆم. ئیدی ژیانم مسۆگەر دەبێ.

نازانم بۆ رۆژ بە رۆژ پتر ڕقم لە کوڕەکەی پورە رەعنا هەڵدەستێ. حەزناکەم هەر چارەشی ببینم. بەدەم سمێڵ بادانەوە گوێ بۆ هاتوچۆ و قسەکردنی خەڵکانی نێو حەوشە هەڵخستووە. دوای ئەو رۆژەی کە بلورخان تەریقی کردەوە، هەوای بلورخانی لەسەر خۆی دەرکرد. بەڵام ئەمجارە ئێژی کە دیسان لە کەللەی داوەتەوە.

... حەسەنۆك دەرگای ژوورەکە دەکاتەوەو دێتە ژوورێ. لە تەنیشتمەوە چۆك دادەداتو دەڵێ:–

خالید، ئەو کوڕەی پێرێ شەو هاتووە.

بێدارە. هەڵدەستمو لەنگەری خۆم بە دارشەقەکە دەگرم. پورە رەعنا دەڵێ:

– خالید، مەچۆ دەرەوە پێت دەکولێتەوە. هەر کەسێکە بڵێ با بێتە ژوورێ خۆ ئێمە بێگانە نین.

– نا، پورە رەعنا، دەچمە بەر دەرگای حەوشە.... زۆرم پێ ناچێ.

بە حەسەنۆك دەڵێم کە کتێبەکان لە ژێر سەرینەکە دەربێنێو بیداتە دەستم.

غولام دەست درێژ دەکات کە کتێبەکان لە دەست حەسەنۆك وەربگرێ.

– ئەم کتێبانە چین خالید؟

کتێبەکان لە دەست حەسەنۆك وەردەگرم. وەلامی غولام نادەمەوەو لەگەڵ حەسەنۆکدا دەچمە دەرەوە. بێدار کتێبی بۆ هێناوم.

***

بە کۆمەکی دار عەساکەم دەچمە دەرێ. دوو سبەی نەورۆزە. بابم بۆی نووسیبووین کە ئەگەر کرا دێتەوە.لێ نەهاتەوە. هێشتاش بۆ سبەی شەو بە دەمییەوە هەیە. لای خوا دوور نیە. لەوانەشە ئێستا بەڕێوە بێ تا شەوی نەورۆز لە دەور یەکدی خڕ ببینەوە.

دە رۆژ پترە کە نەچووم بۆ چاخانەکەی ئەمان ئاقا. تا سیازدە بەدەریش ناڕۆم. پاش ئەوەش چی دێتە پێشێ، بە خێر بێ. بە تەقە تەقی داران تا دوکانەکەی مەهدی بەقاڵ دەڕۆم. مەهدی بەقاڵ بەکەیفو بە دەماخە. ئێستا قەرزاری نین. هەرکە دەمبینێ بە دەممەوە پێدەکەنێ.

– چۆن پێت لە جێ چوو؟

هێندەم گوتووەتەوە ئەزبەرم کردووە. خێرا بۆی دەگێڕمەوەو دەی بڕێنمەوە.

مەهدی بەقاڵ لە پشت مێزی دەخیلەکەوە هەڵدەستێ، کورسیەك دێنێو لەبەر دوکانەکەدا دای دەنێ. دانیشە با تۆزێ قسان بکەین.

لەسەر کورسییەکە دادەنیشم. هەتاوەکەی خۆشە، بێ ویستی خۆم دەستم بۆ لای کتێبەکە دەچێت. لە گیرفانی دواوەی پانتۆڵەکەم دەری دێنم. دوو مشتەری دێن بەسەرا، تا مەهدی بەقاڵ بەڕێیان دەکا. لاپەڕەیەك دەخوێنمەوە. کتێبەکە دادەخەمەوەو هەڵی دەگرم. حەز دەکەم بەم پێیە

شـەلەوە هەسـتمو بـڕۆم بـە سـۆراخی چـاو رەشـەوە. بـە هـیچ جـۆرێ لـە هـزرو خـەیاڵم دوور ناکەوێتـەوە. کـە بیری لێدەکەمـەوە دڵـم تـەنگ دەبـێ. خـەم دام دەگـرێ، بیر کردنـەوە لـە چاوڕەش لەگەڵ بیرکردنەوە لە بلورخان ئەرزو ئاسمانیان فەرقە. مەهدی بەقاڵ مشتەرییەکان بەڕێ دەکا و کورسییەکەی دێنێو لە تەنیشتمەوە دای دەنێو دادەنیشێ.

– ئێ خالید حاڵو ئەحواڵت چۆنە؟

– باشم.

– دەنگو باس چیە؟

ئەم رۆژانە هەموو کەس حەزدەکا سەر لە وەعزو دەنگو باسەکان دەربکات...دەیەوێ بزانێ ئەو هەموو هاتو هاواری (نەوت)ـە. بە کوێ گەیشت. مەهدی بەقاڵ تیلماسکیکی بە بەرۆکییەوە درووە کە چەورو چڵکن بووە.

– مانگرتنی پالاوتەخانەکە دەڵێم.

– کرێکارانی پاڵاوتەخانەکە دەستیان لە کارکێشاوەتەوە. چەند ئینگلیزێك هاتوونەتە کوشتن. ئینگلیزەکان پاڵاوتەخانەکەیان تەعتیل کردووە. خەریکن خۆ کۆ دەکەنەوە تا بۆی بقوچێنن. ئیدی بۆیان دەرکەوتووە کە سەردەمی تاڵانکەری بەسەر چووە. بۆیان دەرکەوتووە کە هەموو شتێك خاوەنی هەیەو هەموو شتێ بە حیساب و کیتابە. خۆ گاڵتە نیە. تا ئێستا رۆژی ٣٠٠ هەزار لیرە دەرامەتیان خستۆتە باخەڵو کەسیش پێی نەگوتوون کەرتان بەچەند.

مەهدی بەقاڵ گەز گەز باڵا دەکا:– رۆژی ٣٠٠ هەزار لیرە؟

– رەنگە پتریش.

– دەزانی وەعزمان زۆر چاك دەبێ؟

– ئەی مانای چی؟

برایم دێت بەسەرا:

– ها خالید، چۆنی؟

– باشم.

مەهدی بەقاڵ هەڵدەستێ کە مشتەریەك بەڕێ بکات. برایم لە شوێنەکەی ئەو دادەنیشێ.

– بیستم پێت لەجێ چووە؟

– وا دەی بینی

– بیستم کە لە خۆیشاندانەکە بوویت؟

وەڵامی نادەمەوە، جگەرەیەك دادەگیرسێنێو مژی لێدەدا، ئەوجا فەرموو لە منیش دەکا: – دەکێشیت؟

– نەء.

حاڵو وەزعی برایم باشە. پۆشتەو پەرداخە. رەنگو رووی وەبەر هاتۆتەوە. تەواو لە مش رەحیم دابڕاوە. لەوەش بێ ئاگا نییە کە چ بەڵایەك بەسەر حەسەنۆکدا هاتووە.

– چاوی دەردەهات... خەتای خۆیەتی. دوای قونی بابە کەوتووەو وازی لێناهێنێ. با بێتە لای من کە هەر کاتێ ئارەزووی هەستا، پارچەیەکی ئەوەندە نایابی بخەمە بەر دەست کە ناچار نەبێ پەنا بەرێتە بەر سۆزانی خانەو لەگەڵ (لاڵە)دا ڕابوێرێو تووشی سوزەنەك بێ.

دەیەوێ ئەو پارەی من لە حەسەنۆکم خەرج کردووە. بمداتەوە، لێی وەرناگرم. دیارە وەزعی برایم زۆر چاکە، دەست بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا دەکاتو یەك مشت ئەسکەناسی وردەو زبرە دەردێنێو نیشانمی دەدا.

– ئەمە هەمووی پارەیە... ئەگەر حەسەنۆك واز لە بابە بێنێو بێتە لای من قازانجێتی. تازە کێ دەتوانێ گەوادی بۆ ئەو قەحپەیە بکات؟... بابم دڵی خۆشە ژنی هێناوە.

پارەکان دەخاتەوە گیرفانیو باسی ئەم پارانەم بۆ دەکات کە چۆن بە دەستیان دێنێو چ عەیشو نۆشێکی پێدەکات. دەڵێ کە لەگەڵ (مهین سالکی)دا بووە بە دۆست. جارێك لە چاخانەکەی ئەمان ئاقادا باسی (میهن سالکی)م گوێ لێبووە کە شۆخو شەنگە. لە شاییو داوەتاندا سەما دەکاتو کرێکەی ٥٠ تمەنە. پێموایە برایم درۆ دەکات. دۆستایەتی کردنی (مهین سالکی) پارەیەکی زۆری دەوێ. کە ئەمەی پێ دەڵێم قاقا پێدەکەنێ.

– تۆ ئاگات لە چییە؟... دوو دەخیلە ببڕم بەشی یەك هەفتەی (میهن سالکی) دەکات.

پێی دەڵێم:– ناترسی بگیرێی؟

دەڵێ: پیاوی ترسنۆك ناتوانێ بژی.

قسەکردن لەگەڵ برایمدا بێ سوودە. بە هیچ جۆرێ نایەتەوە سەر ڕێ. خالق دێ بە سەراو لەگەڵ برایمدا دەکەونە ڕێ. سەرم سوڕ دەمێنێ کە بۆچی تا ئێستا ڕێی برایم یان خالق نەکەوتۆتە پۆلیسخانە. لەوانەیە تووش بووبێ بەڵام هەندێ وردە حسێب لە کارەکەیدا هەیە. هاپۆ بەندەرم بیر دەکەوێتەوە کە لە بازاڕی قەسابەکاندا پارەکەیان لێ دزی بوو. دوای ئەم تەمەنە دڵە بێعارەکەم ئارەزووی گورچیلەی کرد. بیرم کردەوە بیکڕمو بیهێنمەوە ماڵەوە بیبرژێنمو ژەهری ماری کەم. پارەم لە ئەستەڕی کلاوەکەم دەرهێنا تا بیدەم بە گورچیلە فرۆشەکە. هەر کلاوەکەم کردەوە سەرم، لەپڕ وەکو با لە سەریان فڕاندم.

مەهدی بەقاڵ نێرگەلەکەی پێ دەکاتو دێ دادەنیشێ. بەدەم مژ لێدانەوە دەڵێ: زۆر نمەك حەرامە.

– کێ؟

– برایم.

– بۆ؟

– جارێکیان لەگەڵ خالقو چینووق دا هاتبوون کلاوم بکەنە سەر.

مژێکی دی لەسەبیلەکەی دەداتو دەڵێ: دەیانگوت سەندوقێ چای سەر مۆریان هەیەو دەیانەوێ بیفرۆشن. خەریك بوو کلاوم بچێتە سەرو (١٠٠) تمەن پێش دەستییان (بێعانە) بدەمێ. بەسێ قوڵی مرخیان لێخۆش کردبووموو دەیانویست بمخەڵتێنن.

چاوەکانی مەهدی بەقاڵ خێلن. تیلماسکەکەی سەر سینگی ڕەش دەچێتەوە.

– دەتگوت؟

– دەربارەی چی؟

– دەربارەی ئینگلیزەکان

لە پڕ دەنگی سەلاواتی دەستەجەمی کرێکارانی نانەواخانەکەی حەبیب نانەوا بەرز دەبێتەوە. تەنوورەکەیان داخستووە.

بیر دەکەمەوە کە هەستمو هێدی هێدی بەرەو لای ماڵی چاو ڕەش بڕۆم. تا دەگەمە ئەوێ قوتابخانەکانیش تەوان دەبن. لەو نزیکانە پیاسە دەکەم تا پەیدا دەبێ. هەڵدەستمو کتێبەکە دەخەمە گیرفانم.

زەوی وشك وشکە. هەتاو زۆر گەرمە. ئاسمان سافە. شار ئەوەندە کپو بێدەنگە پیاو خەو دای دەگرێ. زۆربەی دیوارەکانی ئەو بەرو وئەمبەری شەقامی حکومەتی نووسراون. بەردەم تەلاری حکومەتی لە هەموو شوێنێ گەورەترو تۆختر نووسراوە: (دەستی تالانکەران لە سامانی نەتەوەییمان هەڵدەگرین).

کەی ئەم دروشمەیان نووسیوە کە ئێشگگری تەلاری حکومەتی پێی نەزانیوە، خودا دەزانێ.

جارێکیان کە بە تەما بووین دیواری بەرامبەر پۆلیسخانە بنووسین، یەکێك لە شوفێرە دۆستەکان، ترێلەکەی هێناو بەرانبەر پۆلیس خانەکەی ڕاگرتو بۆنیتەکەی هەڵدایەوەو بە درۆ خۆی بە مەکینەکەیەوە سەرگەرم کرد تا ئێمە کارەکەمان تەواو کرد. گڵۆپی پۆلیسخانەکە هەڵبووبوونو درەنگ بوو. شەقامەکە چۆڵو هۆڵ بوو.

کە کارەکەمان تەواو بوو، ترێلە بە ئاسپایی کەوتە ڕێ. ئێمەش کە دوو کەس بووین بە پەنای ترێلەکەدا کەوتینە ڕێ. ئەوجا بە ترێلەکەدا هەڵگەڕاین. سوار بووینو شوفێرەکە پێی بە بەنزینەوە نا. لەوانەیە بۆ نووسینی دیوارەکەی بەرامبەر تەلاری حکومەتی–ش فێڵێکی وایان کردبێ.

لەسەر شەقامی حکومەتییەوە. پێچ دەکەمەوە بۆ شەقامی پەهلەوی. یەکێ گازم دەکا. ئازادەو خەریکە بە گورگە لۆقە بەرەو لام دێت.

– ئێژی کەوتوویتەوە سەر پێ؟

ئازاد خۆش حاڵ دەبێ.

– بۆ کوێ دەچیت؟

حەزدەکەم هەموو شتێکی بۆ باس بکەم. حەزدەکەم پێی بڵێم کە چۆن گرفتاری چاوڕەش بووم. دەمەوێ گرێی دڵم بۆ ئازاد بکەمەوە. تا بەڵکو یارمەتیم بدات. ڕەنگە لە من پتر عەقڵی پێدا بشکێت کە بۆ خۆشەویستی چاو رەش دەبێ چ بکەم. هەر نەبێ دوو – سێ ساڵێ لە من گەورەترەو ژیانیشی وا بووەو کە پتر لە من تێکەڵاوی و هەڵسو کەوتی لەگەڵ کیژاندا هەبووە. ئازاد دەڵێ: نەتگوت دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی.

زات ناکەم شتێکی پێ بڵێم. دەترسم پێم پێ بکەنێ، یان گاڵتەم پێ بکات. دەڵێم: بۆ هیچ شوێنێ.... هەروا بێ تاقەت بووم. ئەوەندە لە ماڵێ دانیشتووم تاقەتم چووە. دەڵێت:– با بچین بۆ چاخانە، چایەك بخۆینەوە.

پێکەوە دەکەوینە رێ.

مشتەریانی چاخانەی (شکۆفە) بە تەواوی جیاوازن لە مشتەرییانی چاخانەکەی ئەمان ئاقاو چاخانەکەی مرشد. زۆربەیان گەنجن. لە قوتابی و خوێندەوار دەچن. دەستە دەستە لە دەوری یەکتری دانیشتوون و گفتوگۆ دەکەن. قسەکانیان دەربارەی نەوت و مانگرتنی کرێکارانی پالاوتەخانەیە. دەنگەکان تێکەڵن. دەوراو دەوری چاخانەکە، ژووری گەورەی سێ دەرگایە. لە هەر ژوورێکا چەند دەستەیەك دانیشتوون. ژوورەکان دەچنە سەریەك. حاڵەتی تایبەتی چاخانەکە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت. کە پێ دەنێیتە چاخانەکەوە، وەکو ئەوەیە چووبیتە دونیایەکی تازەوە.

دادەنیشم. ئازاد بە سێ کەسم، کە لە دەوری یەك دانیسشتوون، دەناسێنێ. بیری دیتنی چاوڕەش لەمێشکم دەردەکەم. قسەکانیان بنیادەم رادەکێشێن. حەزدەکەم دانیشم و گوێ بگرم. خۆ تازە هیچ بیانوویەکم نەماوە کە لە ئازاد جوێ ببمەوە.

چام بۆ دێت. کوڕێکی گەنج بەرامبەرم دانیشتووە. نیگای ئاشنایە. تەنانەت ئاخاوتنیشی بە گوێم ئاشنایە. دەڵێی ئەو چاوانەم لە جێیەك دیتوون. لە ساتێکی تیژ تێپەڕدا، لە تاریکییەکدا، چاوەکان دەناسمەوە رەش و گەورەو گەش... ئەدی قسە کردنەکەی؟... جۆرە ئاشنایەتییەکی دوور بە دوور، جۆرە ئاشنایەتیەکی رەوتەنی و لێڵ بە ئاخاوتنی ئەو گەنجەوەم گرێ دەدا. گەنجەکە بە گەرمی قسان دەکات. سەر دەخەمە بنا گوێی ئازادو لێی دەپرسم:

– ئەمە کێیە کە قسان دەکات ؟

بە گوێما دەچپێنێ: تازە لە زیندان بەر بووە.

– ناوی چییە؟

– پندار.

کوت و پڕ مەلی خەیاڵم دەفڕێ. ئێوارانەکەی پۆلیسخانەکەم لەلا زیندوو دەبێتەوە. سمێڵە قەیتانییەکەی غولام عەلی خان و چاوە خڕو زەقەکانی.

– کاکە... لەگەڵ تۆمە.

هەتاو لە ستارەی پۆلیسخانەکە تێپەڕیوە.. دڵم پڕە، دەمەوێ لە پڕمەی گریان بدەم.

– گوێ بگرە کاکە... تۆ تەنیا گوێ بگرە.. چ قسەیەك مەکە.

پاسەوانێك چا بۆ غولام عەلی خان دەبات. ددانەکانم ئێژی لەق بوون. سەرم خەریکە دەتەقێ.

– بە شەفەق بڵێ پنداریان گرت. کتێبخانەی موجاهید لە شەقامی پەهلەوییە.

... چایەکە تێك دەدەم و تەماشای پندار دەکەم. خەریکە باسی زیندان و بەرگری و خۆڕاگری خۆی دەکات. هێندە بەتام و لەزەتەوە قسان دەکات کە چاوە گەشەکانی هێندەی دی درەخشان کردووە.

***

نیو سەعاتێکە لە دەوروبەری ماڵی چاوڕەش دەسوڕێمەوە. کاسبکارەکانی گەڕەك گومانیان لێ کردووم. ئەوەندە تەماشام دەکەن، ناچارم لەوێ دوور بکەومەوە. مێرد منداڵێك لە شەقامەکەوە دێت. عەینی بارامە، رەنگی جلەکانی، قەدو باڵای، رێو رۆیشتنی بە هیچ جۆرێ لەگەڵ بارام دا فەرقی نیە. شاد دەبم، بەپێی شەلەوە تەکان دەدەم کە بیگەمێ. لە پڕ گەرم دادێم، دڵم وەکو چۆلەکەی ترساو لێدەدا. بە شەلەشەل خۆ دەگەیەنمە کوێرە کۆڵانەکە تا پێش بارام بگرمو قسانی دەگەڵ بکەم. مێرد منداڵەکە کە نزیك دەبێتەوە خۆی نیە. بە جۆرێ سارد دەبمەوە ئێژی بەفراویان پێدا ڕشتووم.

ئێستا دنیا تاریك بووە. گڵۆپێکی گەرد گرتوو لە ناو قەدی کوێرە کۆڵانە کە دەسووتێ. قیروسیا دەکەمو بە بەرچاوی عەتارەکەوە خۆ بە کۆڵانەکەدا دەکەم.

تەقە تەقی دار عەساکەم خراپ حەیام دەبات . تەقە تەقەکەی ئێژی تەقەی چەکوشێکە کە بەلا جانگەکانم دا دەکێشرێ. دەگەمە سووچی بن بەستی دووەم. گڵۆپی سەر دەرگاکەیان خامۆشە. دەچمە پێشترەوە. دەزانم کە بە سەهوو نەچووم. هەر ماقوڵیش نیە لێم تێك چوو بێ. خانووەکە هەمان خانووە کە بە پەلە خۆم پێدا کردبوو و دەرگاکەم داخستبوو، هەموو شتەکانم لەلا زیندوو دەبنەوە.

– لە خۆپیشاندانەکە بوویت ؟

– نەء ! دەمویست بەڕێی خۆما بڕۆم.

گومانم لەوە نیە کە خانووەکە هەمان خانووە. پەنجەرەی ژوورەکەیان تاریکە. هەزار چەشنە بیروخەیاڵ دەکەمەوە. یانی دەشێت بۆ گوزەراندنی ڕۆژانی نەورۆز چووبنە سەفەر؟!... دەشێت چووبنە میوانیو درەنگانی شەو بێنەوە؟ بۆ چەند ساتێك لە بەرانبەر خانووەکە دەوێستم. دەڕوانمە دەرگاو دیوارەکان. پەنجەرەی ماڵەکەی بەرانبەریان ڕووناکە. سێبەری سەری زەلامێ لە پەردە ناسکە رەنگاو رەنگەکەوە دەردەکەوێ. بە بەر پەنجەرەکەدا رەت دەبێ دەکەومەڕێ. ئێژی خەمی هەموو دنیا لەسەر دڵما کەڵەکە بووە. لە کۆڵانە بن بەستەکە دێمە دەرێ. نیگای کابرای عەتار – کە دووکانەکەی رێك ڕووبەڕووی کۆڵانەکەیە– وەکو سوژنی داخ کراو لەشم کون دەکات، بە من بێ تا هێزم تیایە دارعەساکەم بکێشم بە تەپڵی سەریاو بی بورێنمەوە. مەهدی بەقاڵ هەرگیز وانیە. ڕۆژی سەد کەس بێنو بڕۆن. هەر بە خەیاڵیا نایەت.

پێویستە دۆستایەتی لەگەڵ ئەم دووکاندارەدا بگرم. وا باشترە.

بەرەو شەقامی پەهلەوی دەڕۆم. کە قەرەباڵغە.

سبەی شەو نەورۆزە. هەرکەسێ بە ئاستەم دەستی بڕوا شت دەکرێ. گۆزنگی پێم خەریکە بە ژان دەکەوێت. ماندوو بووم. وا چاکە بچم بۆ کتێبخانەی موجاهیدو شەکەتی خۆم دەربکەم.

چەند گەنجێك پێکەوە دێن. بە دەستەجەمی ڕۆژنامە دەفرۆشن. شەقامەکەیان خڕۆشاندووە. چ کەسێك رێیان لێناگرێ. (ئیمان)یشیان لە گەڵە. دەنگی لە هەموویان قەبەترە. باڵای لە گشتیان کورت ترە. دەستە ڕۆژنامەیەکی بەرز کردۆتەوەو هاوار دەکات. هەندێ جار وێنە گەورەکەی

یەکەم لاپەڕە سەرنجم رادەکێشێت. ئەم چەشنە رۆژنامانە هەمیشە نهێنین. هێشتا بە سیمای وێنەکە ئاشنا نەبووم. هەست بە جۆرە نامۆییەك دەکەم. کوڕەکان بە ئانقەست دەیانەوێ سمێڵ بهێڵنەوەو گەورەی بکەن. تەواو وەك سمێڵی وێنەی سەر یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەکە.

جارێك لەگەڵ بێدارا کەوتمە قسان.

– من هێشتا تێناگەم بۆ دەبێ ئەم وێنەیە لە یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەکانی ئێمەدا چاپ ببێ.

بێدار دەڵێ:– وەختێ بە چاکی لە هاوپەیوەندی جیهانی حاڵی بوویت ئەوسا ئەمەش تێدەگەی.

پێی دەڵێم:– چ پێوەندیەکیان پێکەوە هەیە؟

دەڵێت:– وردە وردە حاڵی دەبیت.

پێم وانیە حاڵی ببم.

کتێبخانەکەی موجاهید داخراوە، هیچ مەعلوم نیە کە چ وەختێ کراوەیەو چ وەختێ داخراوە. چ بەرنامەیەکی کارکردنی نییە. یا ئەگەر هەشیبێ ئەوا من هیچ سەری لێدەرناکەم.

زۆری نەماوە بۆ چاخانەی شکۆفە. بە دارەتەقێ دەڕۆم تا تاوێ دانیشم و پشوویەك بدەم. چاخانەکە لە پێش نێوەڕۆ قەرەباڵغ ترە. هەندێ لە دانیشتووەکان هەمان ئەوانەن کە بەر لە نیوەڕۆ بوون. پنداریش لە وێیە هیمەت لە پاڵیا دانیشتووە. زۆر دەجوڵێت. نیگا تیژەکانی ئۆقرەی نییە.

هەر کە دەمبینێ، دەست بەرز دەکاتەوە.

– وەرە ئێرە خالید.

دەچمە پێشمەوە، بە پندارم دەناسێنێ، لە کوڕە باشەکانە.

تەوقە لەگەڵ پندار دەکەم.

– من تۆ دەناسم.

چاوە گەشەکانی لەسەر چاوم دەگیرسێنەوە.

– دەمناسیت؟... لە کوێ؟

پێی دەڵێم کە چۆن و لە کوێ.

بە گەرمی دەستم دەگوشێت.

– دەزانی چەند خۆشحاڵم. هەمیشە لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە بشێ رۆژێ بتبینمەوە.

ئەوجا لێم رادەمێنێ.

– بەڵام لە چاو ئەوسادا زۆر گۆڕاوی.. ئێژی گەورە بوویت. ئەوساکە منداڵ دیار بوویت.

قسەکەی دەسەلمێنم. لە پڕ باڵام رفاندو لە پڕ سمێڵم بۆرکردەوە.

– ئێ... دانیشە بزانم.. پات چییەتی؟

هیمەت بۆی دەگێڕێتەوە. پێدەکەنێ

– هەڵاتن ئەم هەموو پەلەپەلەی ناوێ.

– پەلەم نەکرد.

– ئەی ی بۆ... دیارە پاڵت پێوە نراوە، پەشۆکاویتو نەت زانیوە پێت لە کوێ دابنێ ی... بنیادەم دەبێ هەمیشە هێمنی خۆی بپارێزێت، وا باشتر دەتوانێ بزانێ کە چ دەکاتو دەبێ چ کارێ بکات.

ڕەنگە راست بکات. لەوانەیە خۆم شڵەژاندبێ بۆیە ئەم بەڵایەم بەسەردا هاتووە.

دادەنیشم،. خۆشەویستیم چووەتە سەر پندار. بەر لە نیوەڕۆ کە باسی زیندانو خۆڕاگری دەکرد، تەواو دڵبەندی بووم. حەزم دەکرد هەمان تواناو هەمان زاتم هەبێ.

وەختێ غوڵام عەلی خان هەواڵەی زیندانی کرد بووم، ئەوەندە خۆم بە بێکەسو بێ دەرەتان دەزانی دەتگوت هەموو دنیام بەسەردا روخا بوو. بە تەواوی ورەم بەردا بوو.

– کاتێ کە تەحقیق لە بنیادەم دەکەن، دەبێ وا بیربکاتەوە سەرنێزەیەك لە ژێر چەناگەی دایە. ئەگەر بڵێ بەڵێ نووکی سەرەنێزەکە بە چەناگەیدا دەچێو ئەگەر بڵێ نا هیچ مەترسیەك هەڕەشەی لێناکات.

بەر لە نیوەڕۆ کە پندار قسانی دەکرد. دڵبەندی بوو بووم. ئاخاوتنی بە جۆرێکە بنیادەم ناچار بە گوێ گرتن دەکات. زۆر لە شەفەق چاکتر قسان دەکات.

– ئێ... ئێستا چ کارێك دەکەی؟

بۆی باس دەکەم.

– ... بەڵام وام بەنیازە جارێ نەچم بۆ چاخانە.

– ئەدی بە شەوان ناخوێنێ؟

– بیرم لێ نەکردۆتەوە.

بەڵام لام وایە قسەکەی خراپ نییە. ئەگەر بتوانم بە رۆژ لە چاخانەکەی ئەمان ئاقادا کار بکەمو بە شەوان بخوێنم خراپ نییە. تۆزێ ئەم قسەیە لە مێشکی خۆدا تاوتوێ دەکەمو زوو رەهای دەکەمو گوێ لە قسەکانی پندار دەگرم.

– ئەرێ بەڕاست نەتگوت بۆ رێت کەوتبووە پۆلیسخانە؟

مەسەلەکەی بۆ دەگێڕمەوە، قاقا پێدەکەنێ.

هیچ بە تەما نەبووم راسپاردەکەم بە شەفەق بگەیەنێ.. بەڵام وەختی بردیانم بۆ ماڵەوە تا بەڵکو شتێ بدۆزنەوە، دیتیان جێ تەڕەو هیچ منالێك لە گۆڕێ دا نیە. چ شتێکیان دەست نەکەوت.

چا بۆ من دێنن. نێرگەلە بۆ پندار دێنن. دەست بە مژ لێدانو قسان دەکات. بۆم دەردەکەوێ کە بۆچی گیرا بوو. زۆر شتم لە قسەکانیا بۆ دەردەکەوێ. ئێژی مەبەستێتی بنیادەم فێری ئەوە بکات کە ئەگەر گیرا چی بکاتو چی نەکات. وەك دەیگێڕێتەوە، هەندێ لە کارەکانی وەکو کارەکانی (پاڤڵ)ـە. ئەو کەسەی کە وەختێ کوێریش بوو، هەر دەست بەردار نەبوو. ئەم جۆرە کەسانە زۆر کەمن. چما مرۆڤ دەتوانێ بۆ ماوەی ٥ سەعات بەرگەی ئەوە بگرێ لە پشتەوە بە بەرەواژی دەستی ببەستنو هەڵیواسنو لات کەلام نەکات؟... ئەم دەست بەستنو هەڵواسینە چ شتێکە کە ئێسکی شانی مرۆڤ دادەتەکێنێ، کە پەراسوو داتەکێنێو مەچەکی دەست لەکار دەخات؟. بەمجۆرە کە پندار دەیگێڕێتەوە، بەرگە گرتنی یەك سەعاتیش هونەری دەوێ.

من گوزنگێکی پێم دەرچوو بوو، خەریك بوو گازم لە زەوی دەدا. جنێوم بە ئەرزو ئاسمان دەدا. ئەوەی لە پندارا بەدڵم نییە تەنیا سمێڵیەتی. عەینی سمێڵی هەمان وێنەی سەر یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکانە.

ئازاد بە پەلە دێت و ماندووێتی خۆی بە کۆڵی یەکێك لە کورسیەکانی چاخانەکەدا دەدات.

– کوڕینە، چ هەواڵێکی تازەتان لایە؟

هەواڵەکان زۆرن.

***

شار، بووە بە یەك پارچە شەوق و شادی. شوفێرەکان لایتی ترومبێلەکانیان هەڵکردووە. دەستیان بە هۆرنەکانا ناوەو شاریان خرۆشاندووە. دەنگی رادێوکان تێکەڵ بە یەکدی بوون. گوێندەی ڕادێوو بە گەرمی و بە دلێرییەوە قسە دەکات.

ئەنجوومەن، بە پێی خواستی جەماوەری گەلە. پرۆژەی خۆماڵی کردنی پیشەسازی نەوتی پەسەندو مۆرکردووە. خەڵکی بەڕووی گەش و لێوی بە خەندەوە، لێرەو لەوێ لە دەوری شارژەنان کۆبوونەتەوەو هەڵدەپەڕن. چەند کەسێك لە شیرینی فرۆشەکان، سینی گەورەیان پڕ لە نوقڵ و نەبات کردووەو بە نێو خەڵکەکەدا دەی گێڕن. ئاشناو نا ئاشنا یەکدی لە ئامێز دەگرن و پیرۆزبایی لە یەکدی دەکەن. شان بە شانی خۆشی شادی خەڵکەکە، هەواڵەکان دزە دەکەن و دەم بەدەم بڵاوەدەکەن و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو شار پڕ دەکەن.

– بیستت؟

کەشتی موریش هاتووەو لە کۆ ئاوی عەرەب (شط العرب)دا لەنگەری گرتووەو رووی تۆپەکانی کردووەتە پاڵاوتەخان.

– دەڵێن چەتر بازەکانی ئینگلیزیش لە قوبرس دا دابەزیوون.

رووی خەڵکەکە سوور دەبێتەوە.

– دەبێ بەسەر لاشەکانماندا تێبپەڕن.

دەماری لا ملی خەڵکەکە هەڵدەستێ.

– ئەگەر بە چنگ و ددانیش بووە. هەر شەڕیان لەگەڵدا دەکەین.

– ئیدی تەواو بوو.

سەرکەوتن هەموو کەسێکی مەست کردووە. خەڵکی بۆ هەموو کارێك ئامادەن. هاواری شادی کەفی خستۆتە لالغاوە.

– هە!... کەشتی جەنگی!... دەیانەوێ بترسێین.

– ئەمە هەمووی فشەو خۆنواندنە.

هەواڵ، دەم بە دەم دەڕوات کە کۆمیتەیەك پێك هێنراوە تا داوا لە دەوڵەت بکات، بۆ بەرگری لە سەرکەوتن. چەك بەسەر خەڵکەکەدا دابەش بکات.

– شان بە شانی یەکدی دەجەنگین.

– هەموویان دەخەینە دەریاوە.

– ئەو رۆژگارە نەما.

– دەبێ کلکیان بخەنە نێو گەڵیان و گۆریان گوم کەن.

خەڵکی دەستە دەستە کەوتنە نێو شەقامەکان.

لە مەیدانی شاردا، بەدارو پەڕۆ کۆنە، پەیکەری ئینگلیزێکیان دروست کردووە تا ئاگری تێ بەر بدەن. شۆڕتێکیان لە پێی پەیکەرەکە کردووە، نافەکەکەیان لەبری چەرم، بە نەوتی رەش رەنگاندووە. شەپقەیەکی قەراغ پانیان لەسەر کردووە. کێرە گایەکیان لە قەسابخانەکەی مەیدان هێناوەو لە بری چرووت ناویانەتە لالێوی پەیکەرەکەوە. کابرای ئینگلیز (پەیکەرەکە) تۆلە سەگێکی زنجیر کراوی بە دەستەوەیە. سەگەکە لە پارچەو پەڕۆ کۆنە دروست کراوە. گوپچەکەکانی گەورەو پانە. بە نەوتی رەش رەنگاندوویانە. خەڵکی لە دەوری پەیکەرەکە کۆبوونەتەوەو هەڵهەڵە لێدەدەن.

منداڵان شیعریان بۆ دروست کردووە.

ئاغا بڕۆ ماڵەوە

وەك سەگ بچۆ لانەوە

بێگانە دینی نییە

وڵاخی، زینی نیە.

مەهدی بەقاڵ چووە تاقمێ زوڕنا ژەنی هێناوە بۆ گەڕەك و هەرایەکی ناوەتەوە هەر مەپرسە! هەموو لە ماڵ هاتوونەتە دەرێ. بازنەیان لە دەوری زوڕناژەنەکان بەستووەو دەستی یەکدیان گرتووەو لەسەر نەزمی دەهۆڵو زوڕناکە دەڕەقسن.

لە پڕ خەلیفەو مەهدی بە قاڵ دەدەپەڕنە ناوەندی جەماعەت وەدەست بە داربازی دەکەن. (١٢) . خەلیفە دارەکە دەخاتە پشتی ملی، هەردوو قۆڵی لە ئانیشکەوە دەخاتە سەر ئەم سەرو ئەو سەری دارەکەو دەخولێتەوە. مەهدی بەقاڵ لە دواوەیەو لەسەر نەزمی دەهۆڵەکە هەنگاو دەنێ و نەعرەتە لێدەدا. زوڕناکە نەزمی هەڵپەڕکێی دار لێدەدا. خەلیفە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوەو لە پڕ دەوەستێت و دارەکە دەداتە بەر پێیان. مەهدی بەقاڵ دارەکە بە دەوری سەری خۆیدا بادەدات و بە توندی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

– هێ ی...

لەگەڵ لێدانی دەهۆڵەکەدا هێرش بۆ خەلیفە دەبات. دارەکان دەگۆڕنەوە. مەهدی بەقاڵ دەکەوێتە پێشەوە. خەلیفە دوای دەکەوێت. دەنگی دەهۆڵو زوڕنا تا حەوت گەڕەکان دەڕوات. هاوارو چەپڵەرێزان تێکەڵ بە یەکدی بوون.

نەورۆز دەستی پێ کردووە.

***

چاو رەش چوو بوو بۆ سەفەر.

تـا سـیانزه بـەدەر پـتر لـە دەجـاران چـووم بـۆ دەوروبـەری ماڵیـان. ئێسـتا لەگـەڵ دوکانـداره عەتارییەکەی رووبەڕووی کۆڵانە بن بەستەکەدا، بووم بە دۆست، دەماریم ناسیوه، لەلایـەنگره گەلحۆکانی سەرۆکی دەوڵەته.

یەکەم رۆژی دوای سیانزه بەدەر چاوڕەشم بینی لەگەڵ بارام دا بوو.

بە جۆرێ لە سەر رێگاکەیان روام هەر ئەبڵەق بوو.

– ئا.. تۆ.

سلاو کرد. ئەوجا ئەحوالم پرسین. پێویستم بەدار نەبوو، بەلام بە دەستمەوە بوو. هەستم کرد کە چاو ڕەش بە دیتنم خۆشحاڵ بووە. چاوانی کە پیاو بۆ خۆشویستن و پەرستنی بانگ دەکات –بریسکانەوە.

– پێت چۆنە؟

– باشە.

بێدەنگ بووم. زۆرم پێ بوو، بەلام بێدەنگ بووم. یانی نەمدەتوانی قسان بکەم. وشەکانم چنگیان لە گەرووم گیر دەکردو نەدەهاتنە دەرێ. بە هەزار هەوڵو تەقەللا سوپاسم کرد.

– زۆر مەمنونم کە ئەو رۆژە لە ماڵی خۆتاندا داڵدەتان دام...

سەیری بارامم کرد.

– زۆر مەمنونی ئێوەم.

پێکەنی. وەختێ کە چاوڕەش پێدەکەنێ. پیاو هەست بە بەهار دەکات. بۆنی بەهارو پشکوتنی گوڵان و تازە بوونەوەی گەڵاو گوڵ دەکات.

– کارێکی ئەوتۆمان بۆ نەکردوویت.

– هەر ئەوەی کە داڵدەتان دام، هەموو شتێکە.

لێیان جیا بوومەوە.

بەهار دەستی پێکرد. کارون هەستاوەو لێڵە. ڕەنگی ئێژی شیرو قاوەیە. شەپۆلە وردو درشتەکانی سەر بە پایەی خانووەکانی کەناریدا دەکێشن. لاشەی ئەو مەڕانەی کە لە دێهاتە دوورەکانەوە لەگەڵ خۆیدا هێناونی توڕ دەداتە سەر کەنارەکە. ئەو دروشمە گەورەیەی کە لەسەر بەربەستە چیمەنتۆکە نووسیبوومان، کەوتووەتە ژێر ئاوەوە. بورجی ئەندازەگیری ئاوەکە کەوتۆتە ژێر ئاوەوە. کە لە تەیمانەکانی پردە سپییەوە بڕوانیتە ئاوەکەی، سەرت گێژ دەخوات. شەوان هاژەی کارون تا بنی دنیا دەڕوات. بە رۆژیش، رۆژ بە رۆژ سەرو سەدا پتر دەبێت. دەستەی جۆراجۆری خەڵکی بەلافیتەو دروشمی رەنگاو رەنگەوە، بە هورا کێشانەوە دەکەونە نێو شەقامەکان.

لەلایەن دەوڵەتەوە چەند کەسێك هاتوون کە بڕۆن ئینگلیزەکان سواری کەشتی بکەن و رەوانەیان بکەن. چ پێشوازییەکیان لێکرا. بەو قرچەقرچی نیوەڕۆیە. فڕۆکەخانە بوو بوو بە رۆژی حەشر. دەرزیت هەڵدابا بە عەردی نەدەکەوت . لافیتەی رەنگاو رەنگ بەسەر سەری حەشاماتەکەوە شەپۆلی دەدا.

چەند کەسێك دڕیان بە حەشامەتەکەداو خۆیان گەیاندە تەك پەیژەی فڕۆکەکە. نوێنەرەکانی سەرۆك دەوڵەتیان خستە سەر شان.

تا قەرەباڵغییەکە پتر دەبوو، خەڵکەکە بە جۆش تر دەبوون. هەواڵەکان زۆرتر دەبوون.

– بیستت؟

– نە!... دەربارەی چی؟

– دەربارەی ئەو کرێکارانەی کە رژاونەتە ناو ماڵی ئینگلیزەکان‌و چەند کەسێکیان لێکوشتوون.

– سێ ترومبیلیان سووتاندووە.

بەڵام ئینگلیزەکان بەم ئاسانییە دەست هەڵناگرن.

– حەددیان چییە.

– لات وایە هەروا بە ئاسانی جێی دێڵن‌و دەڕۆن.

– دەریان دەکەین.

– خوێنی باپیریان لێ رژاوە.

– ئەوە نەما.

چ هێزێك ناتوانێ بەری خەڵکەکە بگرێ. هەر ئەوەندەی بڵێی یەك‌و دوو بازاڕ هەڵدەگیرێ. دایەرەکان دادەخەن‌و خەڵکی پۆل پۆل دەڕژێنە نێو شەقامەکان.

– با بڕۆن بۆ تەلەگراف خانە.

– چ باسە؟

– کۆمەڵێك مانیان لە نان خواردن گرتووە.

– لە بەر چی؟

– داوای ئازاد کردنی زیندانییەکان دەکەن.

رۆژی سێیەمە کە ١٧ کەس لە تەلەگرافخانەکەدا مانیان لە نان خواردن گرتووە. قەرارە کۆمەڵێکی زۆر بە دەنگیانەوە بچن‌و بدەنە پاڵیان. لە گوینە ئەگەر سبەینێ چ ئەنجامێکیان دەستگیر نەبێ، گروپێکی دی پێوەندیان پێوە بکەن.

– بڵاوکراوەی نانەواکانت خوێندەوە؟

– چی نووسی بوو؟

– دەیانەوێ مان بگرن.

– بۆچی؟

سیانزە بەدەر رۆیی‌و نەچوومەوە بۆ چاخانەکەی ئەمان ئاقا. حەز ناکەم بچمەوە.

– خالید خۆ پێت چاك بۆتەوە، بۆ نایەی بۆ چاخانە؟

– لەوانەیە لەم رۆژانەدا بێمەوە ئەمان ئاقا. هێشتا پێم باش چاك نەبۆتەوە.

وڕ بووم. دانیشتووم‌و لەبەر خۆمەوە بیر دەکەمەوە. ئەنجام؟ لە چاخانەدا ئەوپەڕی دەبم بە (عەنکەبووت) خۆ ئەگەر بەخت یار بێ دەبم بە ئەمان ئاقا.

چەند مانگێکی دی دەبم بە ١٨ ساڵی تەواو. ریش‌و سمێڵم هاتووە. ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبم.. نا!.. چاخانە بە کەڵکی من نایەت. لەوانەیە بچمە قوتابخانەی شەوان. ئێستا لە شانەکەی پندارم. عەسرانی هەینی کۆ دەبینەوە. هەندێ جار کات‌و شوێنی کۆبوونەوەکەمان دەگۆڕین. بە پندارەوە چوار کەسین. گوێ لە باس‌و هەواڵەکان دەگرم ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان وەردەگرم‌و دەڕۆم دەیدەم بە شانەی لاوانی کرێکارانی چنینکاری. لاوانی کرێکارانی چنینکاری شەوانی هەینی کۆدەبنەوە. هەموومان چوار کەسین‌و کاری هەموو کرێکارانی کارخانەی چنینکاری، ئەوانەی کە تەمەنیان لە ٢٣ ساڵ کەمترە، دە ئەستۆی ئێمە دایە.

ڕۆژنامەکان لەسەر گۆشتی ڕووتەوە دەخەمە بەر پشتێنەکەم‌و خوا حافیزی لە هاوڕێیان دەکەم‌و دەڕۆم. تا چاو بڕ دەکات کارونی خرۆشاو لەبەر چاومایە. ئاو تا سەر باریکە ڕێگە بەرد ڕێژەکەی بەردەم ماڵەکان هاتووە. هەفتەی سێیەمە کە لەم ماڵەدا کۆبوونەوە دەکەین. دنیا تاریك بووە. گڵۆپەکانی پردی سپی تازە هەڵبوون. بە بەر ماڵەکانا تێدەپەڕم‌و خۆم بە کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکاندا دەکەم. بارە کۆتەرە تەڕەکان لە پەنای دیوارەکان هەڵچنراون. بۆنی گەڵا‌و لق‌و پۆپی بی کەپووم پڕ دەکات. چەند کۆتەرە فرۆشێك لە دەوری یەکدی خڕ بوونەتەوەو ئاگریان کردۆتەوەو کتریان خستۆتە پاڵ ئاگرەکە. تاقە روناکی کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکان، ئەم گڕەیە کە جارێ بەرز دەبێتەوەو جارێ نزم. کە دەگەمە ئاست ئاگرەکە بۆنی دووکەڵ‌و ماسی‌و بۆنی لقە بی تاڵ تێکەڵ بە یەکدی دەبێ. کابرایەکی میانە ساڵ لە پاڵ ئاگرەکەدا دانیشتووەو سکی چەند ماسییەکی (سەبور)ی هەڵدڕیوەو خەریکە پاکیان دەکات.

لە کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکان دەردەچم. ئێستا لە جادەی پڕ چاڵ‌و چۆڵی خورما فرۆشەکاندام. بۆنی خورمای ترشاو دێت. شۆستەکە شیلاوییە.شیلەی خورما بە بەردەکانەوە لکاوە. بەسەر جۆگای کەنار جادەکەدا باز دەدەم. لە پڕ پێم لە ڕۆیشتن دەوەستێ. عەلی شەیتان هێواش هێواش بە ژێر گڵۆپە گەرد گرتووەکەی کەنار شەقامەکەدا دێت. هاوڕێیان ئەم ناوەیان لێناوە.

– لە سەر جلی خەڵکەوە دەتوانێ ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەیە بخوێنێتەوە کە لە نێو گیرفانی بەر باخەڵتدایە.

– وەکو پشیلە بۆن دەکات.

– چاوی وەکو چاوی سەرگەڕە(سیسارکە کەچەڵە).

– وەکو ڕێوی فێڵبازە.

چاوانی عەلی شەیتان سپی واژە. بڕۆکانی کشاو وباریکە. سمێڵەکەی کە بە ئەندازەی نینۆکی پەنجە کەڵە دەبێ، بەسەر لێوییەوە گیرساوەتەوە، زەردە، کەپووی باریك‌و تیژە. وەك ئەوەی مووی لە شیت هەڵکروزاندبێ، لە پڕ پەیدا دەبێ. تا ئێستا چەند جارێك کەوتۆتە پارێزم. بەڵام هیچی دەست نەکەوتووە. هەمیشە چەکی پێیە. هاوین‌و زستان قەمسەڵە لەبەر دەکات‌و بارستایی دەمانچە حەوت تیرەکەی لە ژێر قەمسەڵەکەیەوە دیارە. من لە تاریکییەکەدام. هەر چۆن وێستام، بەو دەقەوە بە هێمنی دەسووڕێمەوەو دەکەومە ڕێ بۆ کۆڵانی کۆتەرەفرۆشەکان. دەنگی پێی عەلی شەیتان لەسەر خۆڵەکە کپ دەبێ. ئێژی پێی هەڵگرتووە. لەوانەیە دیتبێتی کە

گەڕامەوە. ناوێرم سەیری دوواوە بکەم. ئێژی لوولەی ساردی دەمانچەکەی پشتی ملم ختووکە دەدات.

دەگەمە کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکان. پێم دەکەمەوەو تێی دەتەقێنم. بۆنی ماسیی برژاو تێکەڵ بە بۆنی بی تاڵ بووە. کابرایەکی میانە ساڵ ماسیەکانی لەسەر ئاگرەکە راگرتووە. دەگەمە بارە دارەکان. خۆ دەدەمە پاڵ دیوارەکەو تا کەناری کارون ناوەستمەوە.

پندار تازە لە ماڵەکە هاتۆتە دەرێ. دەڵەکی دەدەمە ژوورەوە.

– عەلی شەیتان خەریکە دێت.

پێکەوە دەچینە ژوورەوە. لە قاڵدرمەکانەوە سەر دەکەوینە سەربان. لە دەلاقەی ستارەکەوە سەیری دەرێ دەکەین.

عەلی شەیتان لە کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکان دێتە دەرێ. لە پاڵ دیوارەکە دەوەستێ. دەست دەخاتە کەلەکەیو دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی.

ئەوجا تۆزێ ئەمسەرو ئەوسەر دەکات. جگەرەیەك دادەگیرسێنێو چەند مژێکی لێدەداو دووبارە خۆی بە کۆچەی کۆتەرە فرۆشەکاندا دەکاتەوە.

***

دنیا گەرم بووە. ئێواران بەر ژوورەکانمان ئاوڕشێن دەکەینو گسکی دەدەین، جێ ڕادەخەینو فانۆس دادەگیرسێنین.

کەرەم عەلی دەستی بە لۆبیا فرۆشتن کردۆتەوە. ناسر دووانی لە نزیکی زەلکاوەکانی ئەوبەری شارە. سەد مەترێك عاردی کڕیوەو هەنووکە لە بیری ئەوەدایە کە چوار دیوارێکی بە دەوردا بکێشێتو لە دەست کرێ نشینی رزگار بێت.

– پارە لە بانق وەردەگرم. دەبێ زامنێ پەیدا بکەم. ئەو پارەیەی کە هەموو مانگێ دەیدەمە کرێ، لە بری قیست دەیدەم بە بانق. چما سوودەکەی چەندە؟...

بلورخان لە دەستم ناڕەحەتە.

– خالید، بە خوا زۆر خراپ بوویت... ناکا لەگەڵ کەسێکی دیدا دەست تێکەڵ کردبێ؟

گوێ بە قسەکانی نادەم. سوێندم خواردووە کە ئیدی دەست بۆ بلورخان نەبەم. هەرچەندە چاو رەشم بیر دەکەوێتەوە، پتر لە بلورخان دەڕەوێمەوە.

رەحیم وڵاخدارو رەزوان هەموو شەوێ مشتو مڕی خۆیان هەیە.

– ئافرەت، تۆزێ حەیا بکە، تەمەنت گەورەیە. جوانە نییە.

– هەر ئەوەم کە هەم... ناتەوێ، تەڵاقم بدە.

– تەڵاقت بدەم؟... رۆحت دەردەکەم!... دەبێ قژی سەرت وەکوو ددانەکانت سپ ببێ.

کوتەك خواردنی بلورخانیش لە ئارادایە. بۆم دەرکەوتووە کە خەتای بلورخانە. سەری قسە دەردەخاتو ئەوەندە سەر دەکاتە سەری ئەمان ئاقا تا دەهری دەکاتو بە پشتێنەکەی بەر دەبێتە گیانی.

هاپۆ بەندەر چەند رۆژێ نەخۆش بوو. دایکم خزمەتی دەکرد. هەنووکە باشتر بووە. عەرەبانە دەستیەکەی دەمەو روو لەبەر کۆترخانەکەدا داناوەو لە حەوشە ناچێتە دەرێ.

مەسەلەی کەرەم عەلی و بانۆ، وردە وردە خەریکە دەبێ بەڕاست. هێندە ئافاق بڕی و خواجە تۆفیق دروی کە ئێستا ئافاق هەر کە دەستی بگات دەچێتە بن دەستی سەنەمەوە. بانۆش ڕێزی سەنەم دەگرێ. وەکو خەسوویەکی خۆی سەیری دەکات. وەك بە قسەکاندا دیارە، دەبێ سەنەم لە ڕۆژانەدا قۆڵی لێ هەڵماڵێ.

وازم لە چایخانە هێناوەو هەر ڕووی تێناکەم. لەگەڵ دایکمدا قسانم کردووە کە هاوین تەواو بوو و قوتابخانە کرایەوە، بچمە قوتابخانەی شەو. بابم کاغەزی نووسیوە کە نیازی هاتنەوەی هەیە (... تاقەتم چووە، بیرتان دەکەم. دامناوە کە سەرەتای پایز سەرتان لێبدەم. هەڵبەت ئەگەر کارو کاسبی هەبێ ئەوا لە لاتان دەمێنمەوە، ئەگینا دیسان بۆ کوێت دەگەڕێمەوە) ئومێد لەبەر ژوورەکەی خۆیان دانیشتووەو دەرس دەخوێنێ. دایکی خەریکە بۆ شیو شفتە دروست دەکات. لە ژیانما لەم ژنە کەمدووترم نەدیتوە. هەقی بەسەر هیچ کەسێکەوە نییە، ئێژی هەر لەو حەوشەیشدا نییە.

بلورخان جێی لەسەر سیسەمەکە ڕاخستووەو دانیشتووە تا ئەمان ئاقا بێتەوە. بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق حەوشەکەی پڕ کردووە. بانۆ وەکو هەمیشە لە پاڵ مەقەڵییەکە دانیشتووەو وەنەوز دەدات. خواجە تۆفیق سەرگەرمی کاری خۆیەتی. وا فورەکەی گەرم دەکاتو هێدی و ئارام دەیکێشێ. ئەگەر یەکێك لای دانیشتبێ ئیدی ڕێی نادا دەم هەڵبێنێ. باسی سەردەمی لاوی خۆی دەکات. باسی ئەو دەمانە دەکات کە تلیاك وەکو زەعفەران بووەو بۆنی تا حەوت گەڕەکان ڕۆییووە. یان باسی ئەو وافورانە دەکات کە مارکەی ناسرەدین شای پێوە بووەو ئەم هەی بووەو هەنووکە لە هەر حەوت قاڕەی زەمینا تاقە یەك دانەی لێ دەست ناکەوێ. خواجە تۆفیق وەختێ دەچێتە پاڵ پیرە مەقەڵی، تاقەتی هەیە تاکو بەیانی نەنوێو هەر قسان بکات. بەڵام ئێستا بە تەنیایە. بە نێو پشکۆکاندا دەگەڕێو گەشترینیان هەڵدەبژێرێو وافورەکەی پێ دەم دەدا. بانۆ خەوە نوتکەیەتی، ئافاق هێشتا نەهاتووەتەوە.

لەبەر ژوورەکەی بابم ڕاکشاوم. لامپاکەم لە سەرووی خۆمەوە داناوەو کتێب دەخوێنمەوە تا بێدار بێت. کتێبخانەی لاوانی کرێکارانی کارخانەی چنینکاری لای منە. پندار کتێبەکانی داومەتێ. سەد کتێب زیاترە. کتێب ئەم دەستو ئەو دەست دەکات تا دەگاتە دەستی کرێکارەکان. من پێوەندیم تەنیا بە سێ کەسی تەنزیمییەوە هەیە. هەندێ لە کرێکارەکان دوور بە دوور دەناسمو هەندێکیان هەر ناناسم. دوو ڕۆژە چەند کەسێکیان لە کارخانە دەرکراون. چەند کەسێکیان لێ دارکاری کردوونو دووانیان لێگرتوون. ئێستا چاوەڕوانم کە بێدار بێت. قەرارە بیرێکیان لێبکەینەوە.

کوڕەکەی پورە رەعنا دێت. بێگومان دیسان هاتووە بۆ لاقرتێ. کتێبەکە دەخەمە ژێر فەرشەکەوە. هەنووکە هەر لە خۆوە سڵ لەو کەسانە دەکەمەوە کە جلو بەرگی سوپاییان لەبەر بێ. هەر کەسێك جلی پۆلیسی لەبەر بێ هەر لە خۆڕا لێی دوور دەکەومەوە.

- خوا قوەتت دا خالید.
- بەخێر بێی.
- سلاو پورە گوڵێ.
- سلاو غولام.

کوڕەکەی پورە رەعنا جەمیلە ماچ دەکات. دەچێت لە ژوورەوە تەپڵەکێك بۆ خۆی دێنێو لەسەری دادەنیشێ. چاوی لە بلورخانە کە لەوسەری حەوشە لەسەر سیسەمەکە دانیشتووە.

غولام دەست دەباو کتێبەکە لە ژێر فەرشەکە دەردێنێ. تومەز وەختێ کە کتێبەکەم دەشاردەوە، دیویەتی.

- ئەمە چییە کە دەی خوێنێتەوە؟

وەلامی نادەمەوە.

کوڕەکەی پورە رەعنا لە ئۆردوگای سەربازیدا فێری ئەوە بووە کە وشە حینجە بکات..

- نەت گوت کە چی دەخوێنێتەوە؟

بە من بێ بە هەردوو دەستان بە تەوقی سەریا بمالم.

- مەیلێ... بە خۆم دەیخوێنمەوە.

زۆر لە خۆی دەکات کە ناونیشانی کتێبەکە حینجە بکات.

- ئا.. ئا.. ئام.. ئامانج

دڵی رەحەت دەکەم.

- ئامانجی ئەدەبیات.

کتێبەکە فڕێ دەداتە سەر فەرشەکە. لێو هەڵدەقورتێنێو دەڵێ:

- ئەمانە نابن بە نانو ئاو.

دایکم چای بۆ تێدەکات. دوگمەی نیوکۆتە سوپاییەکەی دەکاتەوە. سینگە توکنەکەی دەردەکەوێ. لەشی کوڕەکەی پورە رەعنا وەکو ورچ توکنە.

- پورە گوڵێ هەواڵێکی هاپۆ حەداد؟
- لە خوای بە زیاد بێ، باشە.
- نامەی نەناردووە؟
- با.
- ئەدی پارە؟

دایکم تەماشای دەکات. ئەگەر پورە رەعنا بەو شێوەیە سەیری منی بکردایە، دەبووم بە دڵۆپێ ئاو و بە ناخی عاردیدا دەچووم. زلی بێعار، هەر شەرمیش ناکات. دەڵێی نانی بەلاشی سەربازی پێ کەوتووە. سمێڵی کوڕەکەی پورە رەعنا دەبریقێتەوە. سەری سمێڵی وەکو کلکی کولاژدم بۆ سەرەوە هەڵگەڕاوەتەوە. دەست بە قسان دەکات. باسی قوتابخانەی عەریفی دەکات.

- گوتیان سێ دەفتەری دوو سەد پەڕی بکڕم لەگەڵ چەند قەڵەمێكو چەند لاستیکێکی رەش کردنەوەو چەند راستەیەکدا. رەئیس عورەفاکە گوتی کە دەباشیریش بکڕم.

كە قسان دەكات چاوێكی هەر لە بلورخانە. چاوەكانی زوو زوو دەتروكێن. دایكم لێی دەپرسێ كە چۆنە رەیس عورەفاكە ئەم هەموو شتەی بەسەر ئەودا داوە. دەڵێ: نەخێر پورە گۆڵی.. شتی بەسەر ئەوانی تریشا داوە.

تارمایی باڵای بێدار دەبینم كە لەسەر دەرگای حەوشە نەخش دەبێ. پانتۆڵەكەم لە پێدەكەمو دەكەومە ڕێ.

– دایە. زوو دەگەڕێمەوە.

غوڵام دەپرسێ: بۆ كوێ؟

– كارم هەیە.

لە حەوشە دەچمە دەرێ. بێدار پاسكیلی پێیە. لەبەردەمییەوە سوار دەبمو بە شەقامی حكومەتیدا بەرەو سەرووی شار دەڕۆین. چەند كوچە وكۆڵانێك دەبڕین. بێدار رای دەگرێت، لە پاسكیلەكە دادەبەزین. ناونیشانی ماڵەكەم دەداتێ.

– من دەڕۆم، تۆ چەند دەقەیەك دوای من بێ. ئاگات لە دەوروبەرت بێ كە ویستت بێی لە پێشدا بە بەر ماڵەكەدا رەت بە، چەند هەنگاوێ بڕۆ، ئەوسا بگەڕێوەو بێرە ژوورەوە. دەرگاكە داناخەم، تۆ دای بخە.

بێدار دەڕوا. لە پەنای دیوارەكەدا دەوەستم. تاریكە، لە نێو كۆڵانەكەدا، تەنیا یەك گڵۆپی گەرد گرتوو بەسەر دەرگای ماڵێكەوە ئاوێزانە. دەنگی پێی كەسێك دێت. بە ئەسپایی دەكەومە ڕێ. كابرایەكی باڵا بەرز نزیك دەبێتەوە، ئەوجا دوور دەكەوێتەوە، بە ژێر گڵۆپە گەرد گرتووەكەدا تێدەپەڕێ. بەرەو ماڵەكە دەڕۆم. بێدار لەداڵانەكەدا چاوەڕوانە. دەچینە ژێر زەمینێكەوە.

شەفەق، پندار، بێدارو ئازاد دەناسم، دووانەكەی دی ناناسم تا ئێستا نەم دیتوون. یەكێكیان بە (دكتۆر) گازدەكەن. خەریكە باوەر نەكەم، لە كۆبوونەوەیەكدام كە یەكێكیان دكتۆرە، هەموومان حەوت كەسین. دكتۆر ریشێكی بزن ئاسای هەیە. دەستە باڵایە، نیگای تا ناخ، مرۆڤ دەسمێ. هەوای ژێر زەمینەكە گەرمە. پانكەیەك بە بنمیچەكەوە تەقە تەق دەكات. شەربەیەك ئاوو چەند پەرداخێكیش لە ژێر زەمینەكەدایە. گەچی دیوارەكانی ژێر زەمینەكە هەڵتۆقیوە. پایینی دیوارەكان شێی هەڵێناوە. دكتۆر پایپ دەكێشێ. شەفەق جگەرە دەكێشێ. دەكتۆر من باش دەناسێ، بە قسەكانیا دیارە. باس باسی لاوانی كرێكارانی كارخانەی چنینكارییە. ئەو پیاوەی دی كە لە تەنیشت دكتۆرەوە دانیشتووە كورتە باڵاو لاوازە. كۆسەو دەموچاو ئاوڵاوییە. تا ناوەندی سەری هەر تەوێڵە. چەناگەی باریكە، لووتی ئەوەندە بچووكە كە لەگەڵ دەموچاویا ناگونجێ. ناوە ناوە بێئەوەی لە دەسەڵاتی خۆیا بێ ژێر چاوی دەجوڵێنێ. (نادر)ی گازدەكەن. سی و پێنج ساڵێك دەبێ، ئێژی حەزی لێناكەم. بە پێچەوانەی ئەمەوە هەر لە یەكەم ساتدا خۆشیم بە دكتۆرا چوو.

– مەسەلەكە بگێڕەوە.

نیگای دكتۆر لە منە. سەر دادەخەمو بە هێمنی دەی گێڕمەوە كە لە كارخانەی چنینكاریدا چی بووە.

– ... هەموو ڕۆژێ سەعات دە، هەر کرێکارەو پەرداخێ شیریان دەدایێ ،بەڵام کوت و پڕ بێ هیچ پێشەکییەك، چەند ڕۆژێك لێیان دەبرن. ڕۆژی یەکەم و دووەم کرێکارەکان بۆڵە بۆڵ دەکەن. ئەوجا لە ڕۆژی سێیەمەوە دەنگیان دەردێت. وردە وردە کار دەگاتە سەر دارکاری کردنی کرێکارەکان... ئەوجا مەسەلەکە ڕەگوڕیشە دادەکوتێ. بەڕێوەبەری کارخانە، پۆلیسخانە ئاگادار دەکاتەوە. پاسەوانان دێن و دەرژێنە کارخانەکەوە. چەند کەسێك دارکاری دەکەن و دووانیان لێدەگرن و دوای ئەوە حەوت کەس لە کارخانە دەردەکەن.

دکتۆر دەڵێ: باشە، دەبێ چ بکرێت؟

بە ئارامی چاوی دەبڕێتە یەك بە یەکمان.

بێدار دەڵێ: باشە، مەسەلەکە چ پێوەندییەکی بە پۆلیسەوە هەیە؟

نادر دێتە قسان، دەنگی نزمە.

– ئیدی ئەمە خوو عادەتی خاوەن کارێکە کە بەرانبەر کرێکار وەستاوە. سەرەڕای ئەمەش، تاقیمانە ئەمەی سەلماندووە کە لەگەڵ خەملێن و گەشەکردنی پیشەو فراوان بوونی کارخانەدا، لەلایەکەوە گرفتی تازە دێنە گۆڕێ و لەلایەکی دییەوە، پێکادانی نوێ لە نێوان کرێکاران و خاوەن کاردا چێدەبێ.

ژێر چاوی ڕاستی نادر دەجوڵێ. چەناگە باریکەکەی دەجوڵێ و قسان دەکات... بەڵام، کرێکار دەبێ هۆشیار بێ و کەڵك لە ئەزموونی مێژوویی وەربگرێ تا بتوانێ مافی خۆی بە دەست بێنێ. مادامێکێ مەسەلەی سەرمایە لە گۆڕێ دابێ، مەسەلەی سوودو قازانجش هەیە. بناغەو بنەڕەتی کاری خاوەن کاریش لەسەر کۆکردنەوەی قازانج و بەرهەمی پتری دەزگا بەرهەم دەرەکان وەستاوە. بەمجۆرە هیچ کاتێ نایەوێ و حەز ناکات بەرانبەر بە کرێکار بێدەنگ بێت.

نە ء! ... ناتوانم بیحوبێنم. بەڵام لەبەر ئەوەی شت لە من زیاتر دەزانێ و ئەو هەندێ شت دەزانێ کە من نایزانم، بەغیلی پێدەبەم.

نیگای تیژی نادر لەمنە.

– ... بەم جۆرە، من لامایە بۆ بەرپا بوونی مانگرتن بارودۆخێکی گونجاو لە کارخانەی چنین کاری دا هەبێ، بە تایبەتی کە پێویستیەکی هاوبەش بووەتە مایەی دەنگ بەرز بوونەوەی کرێکاران.

شەفەق دەڵێ: منیش هەمان ڕاو بۆچوونم هەیە.

پندار، ڕای من دەپرسێ: دەڵێم: باشە، بەڵێ... لەوانەیە ئەم کارە بکرێ. دکتۆر دەڵێ لەوانەیە؟

نادر دەپرسێ: چما چ گومان و دوو دڵییەکت هەیە؟

شانەکانم هەڵدەتەکێنم و بە پچڕپچڕی دەڵێم: دوو دڵی و گومان... نە ء.

دکتۆر دەڵێ: بەڕای من، دەبێ بەر لە هەموو شتێ (کارامەیی و توانای ڕێبەرایەتی سیاسی) کۆمیتەی کارخانەی چنینکاری هەڵسەنگێنین. دەبێ ئەمە بزانین کە کۆمیتەی چنینکاری دەتوانێ کرێکارەکان لە دەوری خۆی خڕ کاتەوە یان نا؟

هەم تێگەیشتنی قسەکانم بەلاوە زەحمەتە، هەم وەڵام دانەوەی.

نادر دەڵێ: ئەمەیان خالید دەتوانێ رووبی بکاتەوە.

نامەوێ خۆم بشکێنمەوە. نامەوێ چ لاوازییەك بەرانبەر بە دکتۆر نیشان بدەم.بە دەنگی گیراوەوە دەڵێم: هەڵبەتە وایە... کۆمیتەی چنینکاری دەتوانێ کرێکارەکان لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوەو ئاراستەیان بکات.

دکتۆر دەڵێ: ئێمە دەبێ ئەوشۆ بڕیاری خۆمان بدەین تا بتوانین ئەنجامەکە بەسەرەوە رابگەیەنین.

پندار دەڵێ: دەبێ پرۆژەی مانگرتنێکی گشتی پێشبینی بکرێ. دەبێ تا بەربوونی گیراوەکان و گەڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ سەر کار، مانگرتنی کارخانەی چنینکاری درێژە بکێشێت.

قسان گەرم دەبێ. من هەمیشە لە بیری (سەرەوە)دام کە هەمیشە لە کۆبوونەوەکان نێو دەبرێ، بەڵام تا ئێستا هیچ جارێ نەمتوانی بە باشی لەمە تێبگەم. لە پڕ دێ بە خەیاڵما کە نادر یان دکتۆر یان هەردووکیان، شەوانە بە بێتەل لەگەڵ (سەرەوە)دا پێوەندی دەکەن. ئامۆژگاری و فەرمانی لێوەردەگرن و... بەڵام هەر زوو پێکەنینم بەخەیاڵەکەی خۆم دێت.

گوێم لێیە. کە شەفەق دەڵێ: .... بەڕای من، دەبێ تەنانەت گروپە جیاکانی کرێکارانیش ئامادەبکرێت تا ئەگەر پێویستی کرد وەکو هاوخەمی لەگەڵ ئەوان، مان بگرن.

بێدار دەپرسێ: یانی کرێکارانی نەوت و هێڵی ئاسنیش؟

– نەك بەیەکەوە.

نادر دەڵێ: لەگەڵ دام.... ئەگەر چەند رۆژێ مان گرتنی کارخانەی چنینکاری درێژەی کێشاو چ ئەنجامێکی نەبوو، دەبێ کرێکارانی نەوت و هێڵی ئاسنیش مان بگرن.

ئازاد دەڵێ: تەنانەت دەکرێ کە نانەواو کاسبکارو پیشەوەرانیش ئامادە بکرێن.

ئێژی کارەکە خەریکە گەورە دەبێ. چاوم لە دەستی دکتۆرە کە خەریکە بە کەوچکێکی (٣٢) چکۆلە توتنە نیوە سووتاوەکەی نێو پایپەکەی دەردێنێ. دکتۆر چل ساڵان دەنوێنێ. داوی سپی کەوتوونەتە ردێنی. هەرکە سەیرم دەکات سەر دادەخەم. ئێژی ناتوانم سەیری نێو چاوەکانی بکەم. حەزدەکەم لە جێی دکتۆر بم و بتوانم پەیوەندی بە (سەرەوە) بکەم. چاك ئەم (سەرەوە)یەم لێبووە بە مەتەڵ. شتی نا مەفهووم و ئاڵۆز لە هزرمدا جێگیر دەبێ. وەك ئەوەی کەسانێکی بێ روخسار بن، یان روخساریان داپۆشی بێ و لە نێو تەم و مژدا ببزوێن و دەنگیان پتەوو قسەکردنیان مەحکەم بێ، هەموو شتێ ببینن و لە هەموو شتێ تێبگەن و بە چاکی شتەکان هەڵسەنگێنن و .... وشەیەکی تازە لە گوێمدا دەگیرسێتەوە.

– دەبێ یەکەمجار (ئلتیماتۆم) بدرێ.

دکتۆر دەڵێ: بێ گومانم... دەبێ (ئلتیماتۆم) بدرێ.

ئلتیماتۆم؟... کە دەمەوێ بیر لە ماناکەی بکەمەوە، دەنگی نادر دێتە گوێم.

– دەبێ مۆڵەتی ٢–٣ رۆژ بە خاوەن کارەکە بدرێ.

تەماشای دەکەم، ژێر چاوی دەجوڵێ.

– ... كە هەم كرێكارەكان بگەڕێنێتەوە سەر كارو هەم وەكو جاران سەعات دە شیر بە كرێكارەكان بدات.

پندار روو لە من دەكات.

– دەتوانی كوڕەكانی كارخانەی چنینكاری بەم دوو رۆژە ئامادە بكەی؟

ژێر خانەكە قانگی خواردووە، پڕ بووە لە دووكەڵ. چرایەكی كز بە دیوارەكەوە هەڵواسراوەو لە نێو دووكەڵە چڕەكەدا تەقەلایەتی.

نادر قسان دەكات، ئێژی بۆ خۆی دەدوێ. ئێژی قسەكەی كەمو زۆر پەیوەندی بە دانیشتنەكەوە نییە.

– چما كرێكارێكی چنینكاری چەند وەردەگرێ تا پارەی پیاڵەیەك شیریش بدا؟

قسەكان تێكەڵ دەبن. هەندێجار قسەكان دەبن بە قسەی لاوەكی و چ گرێیەك ناكەنەوە. دكتۆر، گفتوگۆكە راست دەكاتەوەو جڵەوی دەگرێ. ئاقیبەت بڕیار دەدەین كە ئەگەر دەستەی بەڕێوەبەرایەتی كارخانەی چنینكاری مل نەداتە خەت، ئەوا هەر بە مانگرتن لە خواردن ناوەستین و تەلەگرافخانە دەكەین بە سەنگەر.

– ئەگەر پێویست بكات، تەواوی شار دەجوڵێنین.

ئێستا،باس باسی بابەتی (بلاوكراوە)و ماوەی (ئلتیماتۆم)كەیە.

– سێ رۆژ بەسە.

هەموو رازی دەبین، بەڵام من هێشتا لە مانای (ئلتیماتۆم) تێ نەگەیشتووم... نادر دەڵێ: دەبێ زۆربەی كرێكارانی كارخانەی چنینكاری لە ژێرەوە بەیانەكە ئیمزا بكەن.

دكتۆر دەڵێ: دەبێ پێشبینی بەیاننامەی كرێكارانی نەوت و رێگای ئاسنیش بكەین. چونكە ئەگەر پێویستی كرد، دەبێ دەمودەست بە ناوی هاوخەمی و هاوبەشی كردنی كرێكارانی چنینكارییەوە بەیاننامە دەربكەن.

كە كۆبوونەوەكە تەواو بوو، دەبێ بڕۆم هاوڕێیانی شانەكەی خۆم یەك یەك لە ماڵ بێنمە دەرێ و لە شوێنێكا پێكەوە دانیشین و بڕیاری كۆبوونەوەكەیان پێ رابگەیەنم.

دكتۆر، پایپێكی دی ساز دەكات و بە من دەڵێ كە دەبێ زۆر بە وردی و جورئەتەوە كار بكەم.

– ... هەموو وەختێ پێوەندیت بە پندارەوە هەبێ، ئەگەر دووچاری گرفتێ بوویت و نەت توانی بڕیاری لەسەر بدەیت، یەكسەر لەگەڵ پندارا بیخەنە روو.

نادر، دووا بە دووای قسەكەی دكتۆر دەڵێ: ... هەروەها هەواڵ و ئەنجامی كارەكان بە بەردەوامی بە پندار رابگەیەنە.

دكتۆر، مژ لە پایپەكەی دەدات و دەڵێ:

– بەر لەوەی دەست پێبكەی، ئەمە بزانە كە هەمیشە سەركەوتن بە ئاسانی بە دەست نایەت.

شەفەق دەڵێ: بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ پۆلیسدا تێك گیرای، دەبێ چاوەڕوانی هەموو چەشنە توندو تیژییەك بیت.

ئارامم لێهەڵگیراوە. خوا خوامە زووتر بكەومە ڕێ. بڕۆمو هاوڕێكانم لە ماڵ بێنمە دەرێ.

– کوڕینە، دەبێ زۆر بە جورئەت‌و وردییەوە کار بکەین.

ئێژی دکتۆرە کە خەریکە بەزمانی منەوە قسان دەکات.

لەسەر ئەو بۆڕییە نەوتانە دانیشتووین کە بە رۆخی گۆڕستانەکەدا دەڕوات.دنیا تاریکە، زۆری نەماوە بۆ نیوەشەو. لێرەو لەوێ تاك‌و تەرا چرای کەم شەوق پرتە پرت دەکات.

دنیا هەندێ گەرمە.

– تەنانەت ئەگەر پێویست بێ، تەواوی شار دەجوڵێنین.

– هەموو شار؟

سەر دەلەقێنم، ئەمەیان دەنگی نادرە کە لە گەرووم دێتە دەرێ.

– نموونەی مێژوویی زۆرمان بە دەستەوەیە کە هەم فێرکەرەو هەم ئیلهام بەخشە.

ئێژی زەوقم هەستاوە. هەستدەکەم دەتوانم بە تاقە ئیشارەتێك سەراپای شار راپەڕێنم. لایتی بە شەوقی ترێلەیەك کە لە بەندەرەوە دێت قەراغی جادەکەو درێژایی بۆڕیەکانی قەراغ جادەکە روونـاك دەکاتـەوە. دەنگـی ترێلەکـە، لـە نێـو بێـدەنگی شـەوا کـە هـەموو دەنگـەکان کـپ بـوون، گەورەترە.

– کەی دەبێ دەست پێ بکەین؟

دەڵێم: ئەو شەو تا بەیانی، بەیانەکە چاپ دەبێ. سبەینێ سەراپای چنینکاری لە بەیاننامەدا سپی ببێ.

کە دەگەمەوە بەر ماڵ، شەو لە نیوە تێپەڕیوە. دەرگای حەوشە هەمیشە لەسەر پشتە. هیچ کـاتێ دەرگـای حەوشـە داناخـەین. ئەنجامـەی دەرگاکـە ژەنـگ گرتوویـەتی‌و تـاکێکی دەرگاکـە داتەکیوەو نیشتۆتە سەر زەوی.

بە ئاسپایی. خۆ بە ژوورێدا دەکەم. جلەکانم دادەکەنم. دێمە دەرێ‌و لەبەر ژوورەکەی بابمدا رادەکشێم.

ئاسمـان بـەرزە. ئەستێران گـەش‌و بـەجریوەن. دەنگـی جـێرە جـێری سیسـەمەکەی بلورخـان لـە گوێمدا دەگیرسێتەوە.

***

جلـی کـار دەپۆشـم‌و لەگـەڵ کرێکارەکانـدا خـۆم بـە کارخانـەی چـنینکاریدا دەکـەم.هـەموو کارخانەکە، هۆڵی نان خواردن، راڕەو و حەوشە گەورەو پڕ درەختەکەی چنینکاری پڕ دەبێ لە بەیاننامە. تەنانەت چەند بەیانێکیشمان بە دەرگای ژووری سەرۆك کارخانەو ژووری سەرۆکی حیسابداری‌و ژووری کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە هەڵواسیوە.

مانگرتنەکە پەرە ناسەنێ. بەڕێوەبەر لە بەرمان دادێنێ. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کارخانەو نوێنەرانی کرێکاران، لە دەوری یەك مێز دادەنیشن.

رۆژی مانگرتنەکە، کرێکاران، تـاقم تـاقم لـە ژێـر درەختـەکان دانیشـتوون تـا کۆبوونـەوە تـەواو دەبێ. چ دەقە پتر ناخایەنێ کە نوێنەرانی کرێکاران بە روو خۆشییەوە لە ژوورەکە دێنە دەرێ‌و رای دەگەییەنن کە:

– کرێکارە دەرکراوەکان دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. گیراوەکان بەر دەبن. شیری سەعات دەی بەیانیان کارخانە دەیدات.

لە پڕ قریوەو هەڵهەڵە بەرز دەبێتەوە. کرێکاران پەلامار دەدەن‌و نوێنەرانی خۆیان دەخەنە سەر شان‌و شادی دەکەن.

حەوشی کارخانەی چنینکاری لە چاوتروکانێکا دەبێ بە یەك پارچە شەوق‌و شادی. عەلی شەیتان، چاك کەوتۆتە سۆراخم. لەوەخت و ناوەختا لەسەر ڕێگام شین دەبێت. هەندێ جار وا هەست دەکەم خەریکە تاقیبم دەکات. کارێکی وای کردووە کە لە مێشك‌و هزرمدا حازرە. تا ئێستا نەبووم بە تەڵەیەوە. پێموایە هەندێ خەوی پێوە دیتووم.

– خالید چۆنی؟

نێوم فێر بووە.

– لە کارخانەی چنینکاری دا چاك ئاگرەکەت خۆش کرد ها!

کێ پێی گوتووە؟

هەندێجار بە سواری پاسکیلەو هەندێ جار پیادەیەو هەمیشە قەمسەڵەکەی لە پشتەوە بەرز بووەتەوە، دەمانچەی لە ژێرەوەیە.

بە تەنیشتما ڕەت دەبێ‌و خراپ سەیرم دەکات. زەردەخەنەیەکی بە ڕوودا دەدەم. حەز ناکەم تاقە قسەیەکی لەگەڵدا بکەم. هەمیشە بە جۆرێ بە تەنیشتیا ڕەت دەبم کە یەکانگیر نەبین.

هەفتەیەك دەبێ کە چاو ڕەشم نەدیتووە. لە هەفتەی رابردووەوە کە لە باخی میللی دا دیتم، پێم وایە رۆژی سێ شەممە عەسرەکەی بوو. لەگەڵ بارامدا بوو. لەسەر یەکێك لە تەختەکانی باخی میللی دا دانیشتبوون.

ئێستا هەرکاتێ بیبینم دڵم دەکەوێتە ترپە ترپ‌و خێرا لێدان . گەرووم وشك دەبێ. دەنگی گڕ دەبێ‌و دەگۆڕێ.

هەمدیس غافڵگیری دەکەم. لە پڕ لە بەردەمیا سەوز دەبم. پێکەوە دەئاخفین.

– حاڵت چۆنە؟

– باشم.

– پێت چاك بوو؟

– زۆر چاکە.

لە تەنیشتی دادەنیشم. بێدەنگ دەبم. سەیری یەکدی دەکەین. بزەیەکی بۆ دەکات‌و سەری دادەخات. دڵم لێدەدا. خەریکە بۆ ماچێکی سوێم بێتەوە. ئەگەر جڵەوی خۆ نەگرم، دوور نیە لە پڕ لە ئامێزی گرم‌و هەموو ئەندامی لەشی ماچ باران بکەم. دڵم بەوەوەیە کە دەموچاوم لە نێو قژیا غەرق بکەم‌و بۆنی بکەم. بە من بێ هێندە لێوەکانی ماچ بکەم تا خوێنیان لێدەتکێ. دیسان سەیرم دەکات. بۆ چرکەیەك نیگامان ئالکاوی یەکدی دەبێت. هەردووکمان بزە دەمانگرێ‌و سەر دادەخەین. لە پڕ سەیر دەکەم عەلی شەیتان بە دیار سەرمەوە وەستاوە. نیگای بڕیوەتە چاو

رەش‌و بزەیەکی بێ تام لێوەکانی کشاندووە. دەمەوێ هەستم‌و بە بۆکس دەم‌و قەپۆزی بکوتمەوە. سەیرم دەکات‌و قسان دەکات.

– خەیاڵم نەدەکرد گەنجێکی رووتەی بێ سەروو بەری خەڵکی خوارووی شار بتوانێ دەست لەگەڵ کیژێکی خشکۆکدا تێکەڵ بکات.

سوور سوور دەبمەوە، ناتوانم جڵەوی خۆم بگرم. لە دەمم دەردەپەڕێ.

– قسەی خۆت بزانە.

عەلی شەیتان ڕادەچڵەکێ‌و بزە لە لێوی دەبڕێ.

– چیت گوت؟

چاو ڕەش رەنگی زەرد بووە. هەڵدەستێ، سەیرم دەکات. بە تۆبزی بزەیەك بە لێوی دەبەخشێ. سەرێك دەلەقێنێ‌و لەگەڵ بارامدا دەکەوێتە ڕێ. ددانەکانم بە چیڕا دەچن. دەمارەکانی لا ملم هەڵدەستن. خوێنم قوڵپ دەدات.

– چۆنت خستۆتە داوەوە؟

ئەگەر بتوانم قیروسیا لە رۆژانەیەکم بکەم بە گژیا دەچم. دەبێ بەسەر خۆدا زاڵ بم. قسە لەسەر زمانم پەنگی خواردۆتەوە. لیکەکەی دەمم قووت دەدەم.قسەکەم دەخۆمەوە. پاڵ بە پشتی تەختەکەوە دەدەم، پێم دەخەمە سەر پێ‌و دەڕوانمە قولایی باخی میللی.

عەلی شەیتان دەجولێ، پاشان لە تەکمەوە دادەنیشێ. لە ژێرەوە سەیری دەکەم‌و لێو دەکرۆژم.

عەلی شەیتان جگەرەیەك دادەگیرسێنێ‌و وازی بە دووکەڵەکەی دەکات.

تەکان دەدەمە خۆ کە هەستم. مەچەکی دەستم دەگرێ.

– جارێ دانیشە.

– دەمەوێ بڕۆم.

– زۆر چاکە... یەك دەقە سەبر بکە.

بەهێمنی لەسەری دەڕوات.

– ئێمە دەتوانین ببین بە دۆست.

دەهری دەبم. مەچەکم لە دەستی دەردێنم‌و بە توندی دەڵێم:

– من بابایەکی رووتەی بێ سەروبەری خەڵکی خوارووی شارو تۆ بابایەکی خاوەن پاپە.. چۆن دەتەوێ ببین بە دۆست؟

لە قاقای پێکەنین دەدا، هەڵدەستم.

– زۆر ناڕەحەت بوویت ها؟

تەوێڵم ئارەقی کردۆتەوە. لاجانگەکانم دەتریوێنن. سەرم خەریکە دەداتە ژان. دووکەڵی جگەرەکە لە نێو سمێڵی عەلی شەیتاندا پەنگ دەخواتەوەو تێکەڵ بە سمێلی دەبێ‌و وەکو گووی سەگ رەنگی دووکەڵ دەگرێ. چاوانی لە دوو پوولەکەی سەوزی شووشەیی دەچن. لووتی سوورە. گۆناکانی گۆشتنن.

– لەگەڵ هەموو ئەم قسانەشدا ئەگەر حەزبکەی دەتوانین ببین بە دۆست.

بێئەوەی چ قسەیەك بكەم، دەكەومە ڕێ. خراپ تێم ئاڵاوە. هەرچۆنێ بووە، دەبێ خۆمی لێ دوور بخەمەوە. ئەگەر وا بڕوات ڕۆژێك بەتەواوی تێك هەڵدەشاخێین و ئەوسا سەریەشەم بۆ دروست دەبێ.

كە دەگەمەوە بەر ماڵ، دنیا تاریك بووە. لە پڕ منداڵانی گەڕەكەكە بە هۆی هاوە لە حەوشە دێنە دەرێ. هەراو هوریای منداڵەكان تێكەڵە. ڕەحیم وڵاخدار بە تێڵاوە دوویان كەوتووە. ڕەزوان لەكەنار حەوزەكە وەستاوەو دەمی لێ بەرەڵڵا كردووە.

– تۆ كە ناتوانی بەخێوم بكەی، دەبێ كڵاوی گەودای لەسەر بكەی.

ئیدی قیروسیای كردووە.ئاردی پێژاوەو سوسی ڕێژاوە.

ڕەحیم وڵاخدار واز لە منداڵەكان دێنێ و پەلاماری ڕەزوان دەدات. خوێن بەرچاوی گرتووە. خواجە تۆفیق پێشی دەگرێ.مش ڕەحیم هاوار دەكات.

– ژنۆكەیە، دەیخورێ.

خواجە تۆفیق، ڕەحیم وڵاخدار دێنێتە لاوە.

– مش ڕەحیم جوان نییە.

ڕەزوان دەشاتێنێ: هەر ئێستا دەچم بۆ پۆلیسخانەو تەگبیری خۆ دەكەم.

– بڕۆ... دەبڕۆ... منت كوشت.. دەبڕۆ گۆڕت گوم كە.

دراوسێكان تازە فانۆسیان داگیرساندووە. سەنەم ژێر باڵی ڕەزوان دەگرێ. خواجە تۆفیق، ڕەحیم وڵاخدار بەرەو ژوورەوە دەبات. دەمی مش ڕەحیم كەف كردووە.

– بووم بە مەخسەرەی هەموو هەرچی و پەرچییەك. حەبیب نانەوا توانجم تێدەگرێ. منداڵان هۆیها دەكەن. مەهدی بەقاڵ بە ماناوە پێدەكەنێ. چ هەڵەیەكم كرد!

خواجە تۆفیق، مش ڕەحیم دەباتەوە ژوورێ و بەگوێیدا دەچپێنێ.

– دەباشە دەستی پێوە بنێ با بڕوات... ئەمە ناڕەحەتی ناوێ.

مش ڕەحیم ئەبڵەق دەبێ: دەستی پێوە بنێم؟... گیانی دەردێنم.

– كەواتە دەبێ لەگەڵیا بسازیت.

– هەرچەندی پێ دەڵێم ئافرەت گەمە بە ئابڕووم مەكە هەر گوێی لێنیە... عەمرێكم بەبێدەنگی بوراند. .. ئێستا بەم ئاخری عەمرەوە...

لە پڕ ڕەزوان خۆی بە ژوورێدا دەكات. دێ عەباكەی بەرێ. ڕەحیم وڵاخدار ڕادەپەڕێ و عەباكەی لە دەست دەستێنێ.

– خەیاڵت خاوە.

ڕەزوان عەباكە ڕادەكێشێت. ڕەحیم وڵاخدار بە بناگوێیدا دەكێشێت. ڕەزوان دەكەوێتە سەر زەوی و تل دەدات. داوێنی هەڵدەماڵدرێ. ڕەزوان فیزاح دەكات. منداڵان هەمدیسان ڕژاونەتە حەوشەوە. ڕەحیم وڵاخدار دوویان دەكەوێ.

– حیز دایكانە... بنیادەم ناتوانێ لە ماڵی خۆشیدا گوویەك بخوات؟ منداڵەكان لاسایی دەكەنەوەو هۆیها دەكەن و بەرەو دەرگای حەوشە هەڵدێن، سەنەم هەمدیس مەچەكی ڕەزوان

دەگـرێو لـە ژوورەوە دەیهێنێتـە دەرێ. خواجـە تۆفیـق، رەحـیم ولاخـدار لـە بـەردەم ژوورەکـەدا دادەنیشێنێت ،دارەکە لە دەستی وەردەگرێو سەبیلێ تێدەکاو دەیداتە دەستی.

– مش رەحیم ئەم ژنە بە کەڵکی تۆ نایەت.

رەحیم ولاخدار، لە جێی خۆیەوە بۆڵە بۆڵێ دەکات. حەسەنۆك بە ولاخەکانەوە لە کوورەخانە دێتەوەو لە دووای ئەوەوە هاپۆ بەندەر عەرەبانەکەی بە حەوشەدا دەکاتو سلاو دەکات.

هاپۆ بەندەر زۆر داکەوتووە.

رەزوان، لە بـەردەم ژوورەکـەی ئافاقـدا دەنیشـێو دەکروزێتـەوە. ئافـاق لـە پـاڵ مەقلەییەکـە بـە چینچکانەوە دانیشتووەو خەڵووزە نیوە گرگرتووەکان باوەشێن دەکات. بانۆ بەردەم ژوورەکەی سەنەم دەماڵێ. بانۆ رەنگێکی هەڵێناوە. سێ هەفتەی دی لە کەرەم عەلی مارە دەکەن.

***

بـابم کاغـەزی نووسـیوە کـە لـە سـەرەتای پـایزدا سـەر دەداو ئەگـەر کـارو کاسـبی بـاش بـوو دەمێنێتـەوە. وەك دیـارە لـەم رۆژانـەدا چ هـەواڵێك لـە کـارو کاسـبیەوە نییـە. تەماشـای هـەر چـایخانەیەك دەکـەیت، دەسـتە دەسـتە خـەڵکانی بێکـار دانیشـتوونو خـەم کلاڤـە دەکـەن. پاڵاوتەخانە خەوتووە، بازاڕ پتر کەساد بووەو برسێتی زۆر بۆ زۆر کەس دێنێ.

هەرکە میلی ڕادێو با دەدەی، دەنگی لەرزۆکی سەرۆك دەوڵەتە کە قسان بۆ خەڵکی دەکاتو داوای کۆمـەکیان لێـدەکات. نوێنـەرانی سـەرەك دەوڵـەت هـاتوونو –بەقسـەی خـەڵکی– ئینگلیزەکانیان خستۆتە دەریاوە، کەشتی جەنگی ئینگلیزەکان رۆیی. بەڵام هێشتا چ هەواڵێ لە هەموار بوونەوەی ژیان نییە. بیرم لەوە کردۆتەوە کە لە کارخانەی چنینکاری دا کارێك بۆ خۆ پەیدا بکەم. هەم لە کرێکارەکانەوە نزیکتر دەبمو هەم باشتر دەتوانم لە سەرەتای پایزدا بچم بۆ قوتابخانەی شەوانە. ئەم بیرەم بە شەفەقو پندار دەڵێم. بەڵکو هەوڵێ دەدەن کە لە کارخانەی چنینکاریدا کارێکم بۆ وەدۆزن. بەڵام کاری کارخانە ئەوەندە کزە رەنگە ئەمڕۆ نا سبەینێ دای بخەن.

هەمدیس هەواڵی تازە کەوتوونەتە سەر زاران.

– ئینگلیزەکان نیازیان وایە وەفدێك بنێرن کە پەیمانی تازە ببەستن.

– وەفدی استوکسو دەڵێی؟

– بەڵێ... پێموایە پێشنیازەکەشیان هێندە خراپ نەبێ. نیواو نیو.

– چەند خۆش باوەڕی برادەر.

– بەڕای تۆ چ خراپییەکی هەیە؟

– پێت وایە، ئێمە دەرەقەتی فڕوفێڵی ئینگلیزان دێین؟ بیرت چۆوە کە کۆمپانیای ١٣٢ی داگیرکەر ئەو باجی نەوتەی کە بە دەوڵەتی ئینگلیزی دەدا، لە مافی ئیمتیازی ئێمە پتر بوو؟

بەڵام سەرەك دەوڵەت وتویەتی کە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پەیمان نابەستێ.

– ... خۆمان دەری دێنین، خۆمان دەی پاڵێوین، خۆشمان دەیفرۆشین.

– بەڵام بە کام کەشتی، بەکام دەزگای فرۆشتن؟

کرێکارانی پاڵاوتەخانە لە سێبەری دیوارەکان دادەنیشن تا شووتی پایدوس فووی پێدا بکات و قابلەمەکانیان هەڵبگرن و ڕێگای ماڵ بگرنە بەر. هاکا لەم ڕۆژانەدا، دەستە دەستە فنیشیان بکەن. پێویستە کاغەز بۆ بابم بنووسم کە وریا بێ و کارەکەی لە دەست نەدا، پێویستە بۆی بنووسم کە بارودۆخ و وەزع و حاڵ لە چ دایە.

کە چاو هەڵدێنم، دەبینم ڕۆژ خەریکە ئاوا دەبێ، پێنج سەعات پتر خەوتووم. کە دوا پاروی فراقین لە گەرووم چووە خوارێ، چاوم قورس بوو. هەموو پاش نیوەڕۆیەك هەر خەوم بە چاو ڕەشەوە بینی، ئێستا کە بیرم دەکەوێتەوە لە خۆشیاندا گەشکە دەکەم.

کاغەزێ بۆ بابم بنووسم و بکەومە ڕێ، لاموایە کۆبوونەوەی ئەوشۆمان لەمەڕ دوا خوتبەی سەرەك دەوڵەت بێ. وەختێ قسانی دەکرد، دەتگوت قین و داخ بینی گرتبوو، باسی شاندی (ئەستوکس)ی کرد کە قەرارە بێن و لەگەڵ دەوڵەتدا گفتوگۆ بکەن.

– دایکە دەمەوێ کاغەز بۆ بابم بنووسم، تۆ چ ڕاسپاردەیەکت نییە؟

جەمیلە خۆی دەهاوێتە بەردەمم.

– بنووسە غەریبی دەکەم.

دایکم دەڵێ خاوەن دوکانەکە هاتووەو داوای کرێکەی کردووە.

– ... گوتی ئەگەر بەلایەکا ساغی نەکەنەوە، قفڵی دەدەم.

کاغەزەکە بۆ بابم دەنووسم و پانتۆڵەکەم لە پێ دەکەم و دەکەومە ڕێ.

گڵۆپی شەقامەکە هەڵبوون. لەو سەری شەقامی حکومەتی نامەکە دەخەمە سەندوقی پۆستەوەو پێچ دەکەمەوە بۆ بازاڕی خورما فرۆشەکان. بۆنی تاڵی لق و پۆپی بڕاوی داری بی، کوچەی کۆتەرە فرۆشەکانی پڕ کردووە. کارون هەمدیس لە جاران پتر هەستاوە. ئاوەکە لێڵ دێتە بەرچاو. پندارو برادەرەکانی دی چاوەنۆڕمن. ئێژی چەند دەقەیەك دوا کەوتووم. پندار دەست بە خوێندنەوەی سەرگوتاری ڕۆژنامەکە دەکات. سەر وتارەکە دەربارەی (فرانکۆ)ی دیکتاتۆری ئەسپانیایە. پێویستە پشتگیری لە خەباتگێڕانی ئەسپانیا بکەین. دەبێ تا دەتوانین پتر جەلادەکەی ئەسپانیا ریسوا بکەین و کەڵك لە بچوکترین دەرفەت وەربگرین تا پیلانەکانی فرانکۆ بۆ دامرکاندنەوەی خەڵکی ئەسپانیا ڕاماڵین.

سەر وتارەکە تەواو دەبێ. باس دێتە سەر (ئستخانوفییەکان). کاری پتری (فەرد) بۆ زیاد بوونی بەرهەم هێنان. پندار، بۆچوونە دیارەکانی ئستخانوف، کرێکاری نموونەیی شورەوی شەرح دەکات. لەسەرسامیدا دەمم دادەچەقێ. حەزم دەکرد باسی ئەوشۆمان دەربارەی خوتبەکەی ئەخیری سەرەك دەوڵەت بێ، حەزم دەکرد بزانم و حاڵی ببم کە بۆچی دەوڵەت پێشنیازی (وەفدی ئستوکس) قەبووڵ ناکات. دەمویست هەرچی زیاترە لە حیلەو حەواڵەکانی داگیرکەرانەی ئینگلیزان حاڵی ببم. ئاخر لەم ڕۆژانەدا گرنگترین مەسەلەی ئێمە هەر ئەمەیە. مەوزوعەکە بە پندار دەڵێم. سەیرم دەکات. چەند لەحزەیەك بێدەنگ دەبێ و ئەوجا زۆر بە نەرمی و بە کورتی دەڵێ کە دەبێ ئەم مەسەلەیە لە سەرەوە لێی بکۆڵرێتەوە! دیارە هەق بە پنداره. چونکە هەر نەبێ، زۆر لە من پتر، سەر لەم شتانە دەردەکا.

ژوورەکە رووی لەسەربانە. پەنجەرەکەی روو لە کارونە. هاژە هاژی کارون دێت. دنیا گەرمە. بە توندی لە دەرگا دەدرێ. پندار لە قسەکردن دەکەوێ. سەیری یەکدی دەکەین. لە خوارەوە، پێرێ ژنێك و ژنێکی جەحێڵ هەن، مێردی ژنە جەحێڵەکە لەگەڵ ئێمەداو لە کۆبوونەوەکەدایە. خانووەکە ئەوەندە بچووکە ئەگەر منداڵیان ببێ، جێیان تەنگ دەبێ.

هەڵدەستم و لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەم. دەنگی لێدانی دەرگا دەبڕێ، ئێستا دەنگی پێیە کە خێرا لە قاڵدرمەکانەوە دێتە سەرێ. لە ژوورەکە دێینە دەرەوە. رووبەڕووی پەیمان دەبینەوە. هەناسەبڕکێی پێکەوتووە.

– دەی.. خێرا.. ئێرە چۆڵ کەن... زۆر زوو...

بە پەلە دەگەڕێتەوەو لە قاڵدرمەکانەوە دەچێتە خوارێو لە حەوشە دەچێتە دەرێ.

کتێبو رۆژنامەکان بەسەر خۆمانا دابەش دەکەینو لە پلەکانەوە دادەبەزینو لە دەرگای حەوشەوە دەردەچین. ژنە جحێڵەکەو مێردەکەی دەرگای حەوشە لە دوای ئێمەوە دادەخەن.

دەنگی پێ لە کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکانەوە دێ. تا کۆتایی شۆستە بەردڕێژەکە بە پەنای دیوارا دەڕۆین. بەردەممان تا چاو بڕدەکات ئاوی لێڵی کارونە. دەنگی کارون هەڕەشە ئامێزە. شەپۆلە پەی دەرپەیەکان خۆیان بە پایەی دیوارەکانا دەکێشن. چ رێگایەکمان نیە. لە ئاوەکە دەدەینو بەرەو تاوێرێکی گەورە دەڕۆین کە لە پێشمانەوەیە. ئاو تا ئەژنۆیە. زیخو لم لە ژێر پێماندا دادەچێ. کە شەپۆل دێت، ئاو دەگاتە ئەستۆرایی ڕانمان. دەگەینە تاوێرەکە. خۆمان لە پاڵیدا مات دەدەین. پێنج زەلامی سوپایی لە کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکانەوە دێنە دەرێ. روخساریان نابینین. چاومان توانای شەق کردنی تاریکییەکەی نییە. مەچەکی پەیمان بە دەستی یەکێك لە سوپاییەکانەوەیە. هەناسە لە سینگماندا پەنگی خواردۆتەوە. هاژە هاژی توندی کارون گوێی پڕ کردووین. دەنگی پەیمان لەگەڵ دەنگی ئاوەکەدا تێکەڵ بووە.

– ... چیتان لە من گەرەکە ؟

سوپاییەکان لە دەرگای حەوشەکە دەدەن... دەرگای حەوشە دەکرێتەوە. چواریان هێرش دەبەنە ژوورەوە. پەیمان لەگەڵ خۆیاندا بکێش دەکەن. یەکێکیان لەبەر دەرگای حەوشە دەمێنێ.

تاوێرێکی دی لە پشتمانەوە هەیە. یەك یەك بەرەو تاوێرەکە دەڕۆین. دنیا تاریك تاریك بووە. لە پەنای تاوێری دووەمەوە بەرەو شیوە لماوییەکەی رۆخی کارون دەڕۆینو بە دەستو پێ هەوڵ دەدەین کە خێرا لە شیوەکە سەر بکەوین. چەند جارێ لمەکەی ژێر پێمان دەخزێتو خل دەبێتەوە بۆ خوارێ. ئێستا، تەنانەت تارمایی ئەو سوپاییەی کە بەرانبەر ماڵەکە وەستاوە، نابینین. هەر چۆنێ بووە سەر دەکەوینو بە پەنای دیواری خانووەکانی رۆخی کاروندا دەڕۆینو ئەنجام لە شەقامی خورما فرۆشەکانەوە سەر دەردێنین. دەوێستینو لە نێو تاریکییەوە لە دوورەوە، دەڕوانینە مەدخەلی کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکان. گڵۆپەکانی شەقامی خورما فرۆشان، ناوە ناوە کوژاونەتەوە. ترومبیلێکی سوپایی لەبەردەم کۆڵانی کۆتەرە فرۆشەکانا وێستاوە. لە پڕ سوپاییەکان لە کۆڵانی کۆترە فرۆشەکانەوە بە پڕتاو دێنە دەرێ. پەیمانیان لەگەڵدایە. کەمێك

دەوەستن و ئەوجا، پەیمان بەرەڵلا دەکەن و سواری ترومبیلەکەیان دەبن و دەسووڕێنەوەو بەرەو سەرووی شار دەڕۆن.

***

ناسر دوانی بە قەرزو قۆڵە زەوییەکەی کرد بە خانوو. بزگوڕو شتومەکەکانی پێچایەوەو چوو لە خانووی خۆیدا بژی. گوایە مانگایەکیشی کرێوە تا ژنەکەی ماستەکەی بفرۆشێت و ببێ بە کۆمەکی خەرجی و قیستی مانگانەی بانق. لامواید ئەگەر زۆری بۆ بێ، هەمدیس ڕێگای کوێت دەگەڕێتەبەر.

کەرەم عەلی، ژوورەکەی ناسر دوانی بە کرێ گرتووە. قەرارە تەڕاوێکی بکاو سپی بکاتەوە. شەوی هەینی داهاتوو، مارە بڕین و شایی پێکەوەیە. لە ئێستاوە خەریکن تەدارەك دەبینن. سەنەم پێی بە عاردی ناکەوێ. کەرەم عەلی چووە لە هەڕاجخانە قەمسەڵەو پانتۆڵێکی کڕیوە. ڕەنگی قەمسەڵەکە تۆختڕە لە ڕەنگی پانتۆڵەکە. پانتۆڵەکە مەیلەو شەکەرییە. بەڵام قەمسەڵەکە قاوەیی کاڵە.

ئافاق، بەشی دەستێ جل قوماشی سەوزباوی داوە کە بۆ بانۆی بدرون، عەسر، بانۆ مارە دەبڕن و شەویش دەی گوازنەوە.

چەند خزم و کەسێکیان بۆ نیوەڕۆژەو شێو داوەت کردووە. دەهۆڵ و زوڕناش دێنن. قەرارە ڕەزوانی ژنی مش ڕەحیم، بانۆ بڕازێنێتەوەو دەموچاوی هەڵگرێ. هەموو شتێك کۆك و سازە.

کە لە خەو ڕادەبم، هەتاو هەموو نێو حەوشەکەی گرتۆتەوە. ردێنم دەتراشم و پانتۆڵەکەم لە پێ دەکەم تا بچمە دەرێ. بۆنی تلیاکی خواجە تۆفیق حەوشەکەی پڕکردووە. تا نزیکی نیوەڕۆ لە پاڵ پیرە مەقاڵی دادەنیشێت. جاران، جار جارێ دەچووە بازاڕو دەڵاڵی دەکرد، یەکدوو سەودای خورما، برنج یا چای دەسازاندو چەند عانەیەکی وەدەست دەخست. بەڵام ئێستا بە تەواوی پێی لە بازاڕ بڕاوەو لە پاڵ مەقەڵییەکەی دانیشتووەو هەر گوێیشی لە خوتەو بۆڵەی ئافاق، نییە.

ڕەحیم وڵاخدار چووە بۆ سەر کوورەخانە. ڕەزوان لەگەڵ گەردی بەیاندا چوویتە دەرێ و خوا دەزانێ کەی دێتەوە. ئافاق، شەو نەهاتۆتەوە، عەرەبانەکەی هاپۆ بەندەر لە بەردەم کۆترخانەکەدا نییە. دایکم لە ژوورەوەیە. بلورخان بە ئاسپایی گازم دەکا. لەبەر دەرگای حەوشەوە پێچ دەکەمەوەو دەچمە ژوورەکەی بلورخان. دەرگاکە دادەخات و بەرانبەرم دەوەستێت لێی دەپرسم: چ کارێکت پێمە؟

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێ: تۆ زۆر خراپ بوویت خالید؟

– خراپ بووم؟

– منت بە جارێ لە یاد کردووە.

دەمەوێ بکەومە ڕێو لە ژوورەکە بچمە دەرێ. بە هەردوو دەستان مەچەکم دەگرێ.

– دەقەیەك سەبر بکە... کارم پێتە.

خاو دەبمەوە.

– واز بێنە بلورخان... دراوسێکان قسەمان بۆ دروست دەکەن.

– كە هاتییە ژوورەوە كەس نەی بینیت.

– بەڵام كە بچمە دەرەوە دەم بینن.

– لە ئێستاوە تا بڕۆی...

توند مەچەكی گرتووم. ئارەزوو و ئاڵۆش، چاوەكانی پڕ كردووە. دەنگی دەلەرزێ. دوگمەكانی یەخەی دەترازێنێ. مەمك دانی نەبەستووە. بەم تەمەنەوە هێشتا سینگو مەمكی لە هی كیژان سفتو سۆڵ ترە.

لە پڕ گەروم وشك دەبێ. دەپرسم: دەتەوێ چ بكەی؟

دەڵێ: ئەوڕۆ عەسر، ئەمان ئاقا دەچێ بۆ شوش.

– باشە با بڕوات.

– دەبێ شەوێ بێی.

سەر دادەخەم: بلورخان، من سوێندم خواردووە.

خۆی بە سینگمەوە دەنووسێنێو تا بكەومە ئەوەی خۆ وەلاخەم، باسكی لە دەوری كەمەرم دەئاڵێنێو هەست بە نەرمایی سكی لەسەر سكم دەكەم.

– دەبێ ئەوشۆ بێی... دەبێ بێی... دەبێ....

پەیتا پەیتا گەردنم ماچ دەكاتو قسان دەكات.

– ئەگەر نەیەی خۆم دەكوژم... دەبێ بێی...

هەوڵدەدەم خۆم لە دەستی دەربێنم.

– بلورخان خراپە.. ئەگەر دراوسێكان.

دەرفەتم نادات قسەكانم تەواو بكەم. لێوەكانی دەخاتە سەر لێوم ،سەراپای بووە بە ئاڵۆشو ئارەزوو. ئەژنۆكانی دەلەرزێ. سكی لە سكم توند دەكاو هێواش هێواش دەجوڵێو خێرا خێرا گۆناو گەردنو لێوم ماچ دەكا.

وردە وردە دەبزوێم. باسكم لە قەدی دەئاڵێنم. دەموچاوم بە سینگییەوە دەنووسێنم. بە ئەسپایی گاز لە گۆی مەمكەكانی دەگرم. بلورخان دەناڵێنێ دەپارێتەوە. قسە لە گەرووی دەتاسێ. هەردووك سست دەبین. بە چۆكا دێین. ئەوجا درێژ دەبین. بە نووكی قامكان كراسەكەی هەڵدەدەمەوە.

دەرپێی لە پێ نەكردووە. دەست بەسەر سمتو كەفەڵی ڕووتیدا دێنم. ساف و لووسە، گەرمە. هەردوو دەستم لە دەوری ڕانو كەفەڵی دەئاڵێنمو توند پێوەی دەچەسپم.

ئێستا بلورخان سوور بۆتەوە... شەڵاڵی ئارەقە. هەناسەی گەرم گەرمە دەستی دەگەیەنێتە پشتێنەكەم. بە ئەسپایی دەیكاتەوە. دوگمەكانی پانتۆڵەكەم یەك یەك دەكاتەوە. با دەرگای ژوورەكە ڕادەتەكێنێ. تاكێ لە دەرگاكە دەكرێتەوە. نێو حەوشەكە دیارە. تۆزێ خۆ كۆ دەكەمەوە. دەنگم دەلەرزێ. پێی دەڵێم: بلورخان، دەرگای ژوورەكە كرایەوە.

نایەوێ دەست بەردارم بێ، پانتۆڵەكەم ڕادەكێشێتە خوارەوە.

– بلورخان، ئابڕومان دەچێ.

تەکان دەداتە خۆ. بە زەحمەت هەڵدەستێ، دەچێ دەرگاکە جووت دەکاو بە توندی دای دەخات. تا ئەو دەگەڕێتەوە، من هەڵدەستم دێت‌و رووبەڕووم دەوەستێ.

– نا، بلورخان... نا ئێستا نابێ.

لە پڕ خاو دەبێتەوە. بە سەرزەنشتەوە سەیرم دەکات. پشتێنەکەم دەبەستم، ئەژنۆکانی شل دەبێ. دادەنیشێت‌و هێدی هێدی دەست بە گریان دەکا.

– بۆ دەگرێت؟

قسان ناکا. هەنسك هەڵدەدات. لە درزی دەرگاکەوە دەڕوانمە نێو حەوشە. سەنەم گونیە تەپاڵەی وشکی داوە بە کۆڵیاو لە قاڵدرمەکانی سەربانەوە دێتە خوارێ.

ژنەکەی محەمەد میکانیك لە قەراغ حەوزەکە دانیشتووەو هیربار دەشوات. داوێنی هەڵدراوەتەوە. دەرپێکەی دیارە. ڕانەکانی گۆشتن‌و پڕن... رەنگیان عەینی رەنگی تریفەی مانگە شەوە. لەبەر دەرگاکە لادەچم. بلورخان بێدەنگ بووەو خەریکە دوگمەی کراسەکەی دادەخات. هەڵدەستێ ،داوێنی کراسەکەی دادەداتەوەو رێکی دەخات‌و بە دەنگێکی نزم دەڵێ:

– بڕۆ دەرێ.

– تەماشای دەکەم، هەمدیس دەڵێ: بڕۆ دەرێ.

– زۆر باشە بلورخان.

– هەر ئێستا.

– یەك دەقە سەبر بکە.... ژنەکەی محەمەد میکانیك لەسەر حەوزەکە دانیشتووە.

– کە لێرە چوویتە دەرێ، ئیدی نەخەڵەتابی سەیرم بکەی.

دەست دەخەمە سەر شانی. بە زویرییەوە دەکشێتە دواوە.

– ... ئاخر ئێستا نەدەبوو.

لە ڕووم دەوەستێت: نەدەبوو؟... ئەگەر ویستبات، ئێستا تەواو دەبوو.

– ئەگەر یەکێك بهاتایە بە سەرمانا چی؟

– خۆ تا ئێستا نەهات.

هەمدیس دەچمە لایەوە بە نەرمی قسان دەکات.

– گوتت کە ئەمان ئاقا...

لە رێگا لا دەچێت‌و قسەکەم دەبڕێ:

– خۆ تۆ سوێندت خواردووە.

قینم هەڵدەستێ: بەڵێ سوێندم خواردووە... دیسان دەیڵێمەوە کە سوێندم خواردووە.

بەرەو لای دەرگاکە دەچم. لە درزی دەرگاکەوە تەماشا دەکەم. سەنەم چووەتە ژوورەوە. ژنەکەی محەمەد میکانیك خەریکە هیربارەکان بسمیل دەکا.

چۆڕاوگەی ئاو دەرپێکەی تەڕکردووە. سەر دادەخەم‌و هەست بە دەستی بلورخان، لەسەر قەبرغەم دەکەم. لە پشتەوە باوەشم پێدا دەکات.

– سوێندت خواردووە کەچی؟

به پەستییەوە دەڵێم: کە ئیدی بە لاتا نەیەم.

پاڕانەوە لە قسەکردنەکەیدا هەیە.

– ئەوشۆ وەرە... باشە؟... وەرە... چاوەڕوانم

دەنگی لەرزۆکە. دەنگی کۆکردنەوەی ئامانەکان دەژنەوم. لە درزی دەرگاکەوە تەماشا دەکەم. ژنەکەی محەمەد میکانیك هەستاوە. ئامانەکانی هەڵگرتووەو خەریکە بەرەو ژوورەوە دەڕوات. دەستی بلورخان لە قەدم دەکەمەوە.

– دێی؟

وەڵامی نادەمەوە. شیشی دەرگاکە دەکەمەوە. بە ئاسپایی تاکی دەرگاکە رادەکێشمو خێرا لەسەر نووکی پێ خۆم دەگەیەنمە ئاودەستەکەو دەچمە ژوورەوە. هەناسەم سوار بووە. هەست دەکەم ڕەنگم پەڕیوە. دڵم خێرا خێرا لێدەدات. لۆچی کراسەکەم رێك دەخەمەوە. پشتێنەکەم چاك دەبەستمو لە ئاودەستەکە دێمە دەرێ. بانۆ لەبەر ژوورەکەدا وێستاوەو سەیرم دەکات. دایکم لە ژوورێ ڕا دێتە دەرێ. کە چاوی بە من دەکەوێ، دەوەستێ، لۆچەکانی نێوچەوانی گرژ دەبێ.

– خالید هێشتا نەچوویتەتە دەرێ؟

– نەخێر دایکە.

دایکم دەچێتە مەدبەقەکەوەو چ قسەیەکی دی ناکا. لە حەوشە دەچمە دەرێ. لە شەقامی حکومەتییەوە بەرەو سەرووی شار دەکەومە ڕێ. لە پڕ خۆم لە دەوروبەری ماڵی چاوڕەشدا دەبینمەوە. ئێستا دەزانم کە لە کام قوتابخانەی ناوەندییەو کەی دێتەوەو لە چ شەقامێکەوە.

لەگەڵ دوکاندارەکەدا هۆگر بووم... دەماریم دۆزیوەتەوەو ناسیوەو... هەندێجار پێکەوە قسان دەکەین. باسی بارودۆخ و باسی ئینگیزان دەکەین.

– مش باقر چ هەواڵێکی تازەت لا هەیە؟

هەرچییەکی لە رادیۆو بیستووە. بۆم دەگێڕێتەوە.

هێشتا زۆری ماوە تا چاوڕەش لە قوتابخانە بێتەوە. بەرەو باخی میللی دەڕۆم. پیاسەیەك دەکەمو ئەوجا لەسەر تەختێك دادەنیشم. سێبەری دار خورماکان فێنکە. لاقان دەخەمە سەر لاقو دەچمە ژێری. بیر لە بلورخان دەکەمەوە (.... ئەگەر ئەوڕۆ کەسێك هاتبا بەسەرا، چ دەقەوما.چ ئابڕوو چوونێ رووی دەدا... ئەمان ئاقا چی دەکرد؟ کێ رووی دەهات لە ئاستی ئەمان ئاقادا سەر هەڵبڕێ؟... ئەمان ئاقا هەقیەتی کە ئەوەندەی دارکاری دەکات.. ئەگەر ژنی من بووایە گۆشاو گۆش سەرم دەبڕی....)

– چاوەڕوانی کچەکەی؟

عەلی شەیتانە. پاسکیلەکەی بە دار خورماکەوە هەڵدەپەسێرێو لە تەکمەوە دادەنیشێ. کەمێ خۆ کۆدەکەمەوە.

– بەڵام هەر خۆمانین ها... زۆر بە سەلیقەیت؟

خوێن دەزێتە دەمو چاوم. لە پڕ دەمم دەکرێتەوە. دەنگم نزمە.

– چیت بەسەر کاری منەوەیە؟

قەست دەکەم هەرکە شولی لێهەڵکێشا بە بناگوێی دا بکێشمو هەرچی دەبێ با ببێ. لە پڕ بیرم دەکەوێتەوە کە ١٠٠ دانە کتێب پترم لە ماڵەوەیە. ددانەکانم چیر دەکەمەوە. لێوم دەکرۆژم، گوێم لێدەبێ کە عەلی شەیتان دەڵێ:

– هیچ.. چ کارێکم بەسەر کاری تۆوە نییە.

قەمسەڵەکەی لە پشتەوە بەرز بۆتەوە، بە نەرمی دەڵێم.

– باشە، ئەدی بۆ هەندێجار سەر دەکەیتە سەرم؟

لە قاقای پێکەنین دەدا، دڵم ئەنجن ئەنجن دەبێ. ئەگەر دەمتوانی، دەستم دەخستە بینی تا دەم خنکاند.

خۆی دێنێتە پێشترەوە.

– من، سەر ناخەمە سەر تۆ.

– نای خەی؟... هەمیشە لێم بوویت بە مووی لووت.

– دۆغریت دەوێ، خۆشیم پێتدا چووە.

چاوەکانم چکۆلە دەکەمەوە: خۆشێت پێمدا چووە؟ ... بە...

عەلی شەیتان ساردە. زۆر هێمە. بزە لە لێوی نابرێ. قسەکەم دەقۆزێتەوە.

– بنیادەمێکی سەیری ها؟....

دەست بە قسان دەکات.

– سەیرکە خالید، من حەزدەکەم لەگەڵ تۆدا دۆست بم. باوەڕ بکە من پیاوێکی خراپ نیم. من دەتوانم زۆرتان یارمەتی بدەم. زۆر بە چاکی دەتوانم سوود لە پلەو پایەکەم وەربگرم. دەتوانم بە ئاسانی رۆژنامەکانتان بۆ دابەش بکەم. دەتوانم هەواڵی تازەو گەرماو گەرم بێنم.

چاوەکانم دەکرێنەوە. لە پڕ وەکو خشتی کاڵی ئاومژیو دەتلیسێمەوە. خراپ غافڵگیر بووم. خۆ کۆدەکەمەوە.

– ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟

پێدەکەنێ: خۆت مەکە بە مەڕی پێغەمبەر.

دەبێ هێورو لەسەر خۆ بم: مەڕی پێغەمبەر؟... مەبەستت چییە؟

دیسان بزەی بۆ دەکات.

– چاك دەزانی چی دەڵێم.. ئەمە دەزانم. بەڵام متمانەت بە من نییە. دەڕوانمە سەعاتەکەی عەلی شەیتان، زۆری نەماوە بۆ هاتنی چاوڕەشەکەم. هەڵدەستم.

– دەتەوێ بڕۆی؟

– نازانم، تۆ چیت لە من دەوێ.

بزە لە لێوانی دەبڕێ. بە وشکی و بنچ بڕانە دەڵێ: ئەگەر یارمەتیم بدەی، یارمەتیت دەدەم کە بەو کچە بگەیت.

پێکەنین دەمگرێ. جڵەوی خۆ دەگرم. بیر دەکەمەوە کە عەلی شەیتان دەبێ چەند وەخت بێ کەوتبێتە پارێزم. پێی دەڵێم: وەختێ حاڵی بووم کە چیت لە من دەوێ، ئەگەر دەستم گەیی، لەوانەیە یارمەتیت بدەم. دەکەومە ڕێ. دەنگی عەلی شەیتان لەپشتەوە دەژنەوم.

– بەڵام خالید، دەزانم کە من و تۆ، ئاقیبەت هەر ڕێك دەکەوین.

لە باخی میللی دەچمە دەرێ. عەلی شەیتان، بە سواری پاسکیل بە بەردەممدا ڕەت دەبێ.

– تۆزێ خێراتر بڕۆ تا بیگەیتێ.. ئێستا قوتابخانە تەواو بووە.

هەموو شتێ دەزانێ. دەبێ وازی لە کارو کاسبی و زیندەگی هێنابێ بۆ ئەوەی تاقیبی من بکات. دەبێ وریا تر بم. بە خۆڕایی ناویان نەناوە (شەیتان). دایمە لە هەموو شوێنێکا حازرە. ئێژی جنۆکەی هەیە.

چاك و خۆشی لەگەڵ دوکاندارەکەدا دەکەم. تەختێك ڕادەکێشمە پاڵ دیوارەکە تا دانیشم. چاوڕەش بەسەرا دێت، سلاوی لێدەکەم.

– ئەحواڵت چۆنە؟

دەفتەرێکی سەد پەڕەیی لە دوکاندارەکە دەکرێ. بۆم دەردەکەوێ کە بیانووە.

– باشم.. ئەدی تۆ چۆنی؟

چ قسەیەکی دیم نییە کە بیکەم. بێدەنگ دەبم. هەردووکمان بزەی بۆ دەکەین و هەردوو سەر دادەخەین. لەپڕ قسەیەك دەدۆزمەوە.

– تۆ ئەو ڕۆژە، لە قسەی ئەو چڵیتە ناڕەحەت نەبووی؟

هەمدیس زەردەخەنەیەك دەکات. دڵم دادەخورپێ.

– نا... بۆ ناڕەحەت ببم؟

– زۆرت لێ مەمنوونم.

لێوەکانی دەبزوون، لێ قسە ناکات. پێی دەڵێم: وەك بڵێی نیازت بوو شتێ بڵێی.

دەڵێ: ئاھ... دەزانی؟

قسەکە ڕادەگرێ.دەتگوت نەیدەویست بیڵێ، بەڵام دەڵێ: من، لە قسەکانی ئەو کابرایەوە حاڵی بووم کە بۆچی ئەو ڕۆژە ئەدرەسی ماڵەکەتانت نەداینێ. سوور دەبمەوە. دەزانێت کە شەرمم کردووە. خێرا دەڵێ:

– بەڵام باشە، چ عەیبێکی تێدایە؟

گەرووم وشك دەبێت. ناتوانم سەیری نێو چاوەکانی بکەم. چاوەکانی پیاو یەخسیر دەکەن. پڕ بە سییەکانم هەوا هەڵدەمژم و بە دەنگی بەرز هەواکە دەردەکەمەوە: بەڵێ: بە باوەڕی منیش چ عەیبێکی تێدا نییە. زەردەخەنەیەك دەکات و خوا حافیزی دەکات.

***

لە پاڵ ساباتی وڵاخەکان، کوانوویان دروست کردووە. چیلکەو داری شکێنراو، لەبەردەم کوانووەکان کەڵەکە کراون. سەنەم خەریکە برنج دەکاتە ئاو. لە حەوشەکەدا بێ و بڕۆیەکە هەر مەپرسە. بانۆ لە ژوورەوە دانیشتووەو جوڵە ناکات. دەلاك هاتووەو وا خەریکە ردێنی خواجە

تۆفیق قەڵەم دەکا. هاپۆ بەندەرو رەحیم وڵاخدار نۆرەیان گرتووە. ردێنی کەرەم عەلی لە حەمام دەتراشن. هەتاو بەرز بۆتەوە. دنیا گەرمە. حەسەنۆك لەگەڵ گەردی بەیاندا وڵاخەکانی بردووەو چووە بۆ کوورەخانە تا زوو بگەڕێتەوە. رەزوان خەریکە وەسمەو سووراو و سپیاو ئامادە دەکات. پێیەکی لە ژوورەکەی ماڵی خواجە تۆفیقەو پێیەکی لە ژوورەکەی خۆیەتی. ئافاق بە هیچ جۆرێ دەرفەتی دانیشتنی نییە. ئاشپەز دێت تا کەمو کووڕیەکان نەهێڵێ. چاوێك بە کوانوو و چیلکەو مەنجەڵەکاندا دەخشێنێو بە پەشتەماڵەکەی سەرشانی ئارەقەکەی نێوچەوانی دەسڕێ. دەهۆڵو زوڕنا ژەنەکان پەیدا دەبن.

مش رەحیم، هاپۆ بەندەرو خواجە تۆفیق لەبەر سێبەری دیوارەکە دانیشتون، کەرەستەی وافوورەکەی خواجە تۆفیقیان لە ژوورەکەی رەحیم وڵاخداردا چێکردووە. کۆمەڵێك لە منداڵانی گەڕەك لەگەڵ زوڕناژەنو دەهۆڵ کوتەکاندا دەڕژێنە حەوشەوە. رەحیم وڵاخدار سەبیلەکەی تێ دەکات. دەسکی سەبیلەکە درێژە. مش رەحیم بە توندی نەفەسی لێدەدا. ئەوجا وەك ئەوەی کەوتبێتە چاڵە خۆڵەمێشێکەوەو خۆڵە مێشەکە هێشتا تینی تیا مابێو تۆزی خۆڵەمێشەکە گەڕابێتەوەو لەچاڵەکەوە هاتبێتە دەرەوە، بەمجۆرە دوکەڵێکی خەست لە دەمی رەحیم وڵاخدارەوە دێتە دەرێو دەسکی سەبیلەکە کە قاوەییەکی کاڵە لە نێو دوکەڵەکەدا تاریك دەبێتو بۆ چرکەیەك ون دەبێ.

رەزوان لە ژوورەکەی خواجە تۆفیقەوە دێتە دەرێ. عەباکەی لەسەر سەری خزاوەو کەوتۆتە سەرشانی. قژی رەزوان دەڵێی قەترانە. لە ژێر تیشکی بەتینی هەتاوەکەدا دەبریقێتەوە. رەحیم وڵاخدار لە ژێر لێوەوە دەبۆڵێنێ.

– ژنۆکەیە، بیر لەوە ناکاتەوە کە چوار کەسی غەریبە لە حەوشەکەدا هەن.

بلورخان لە تەنیشت بانۆ دانیشتووە. شەرمێکی کچانە نیشتۆتە سەر چارەی زەردی بانۆ. عەسر مارەی دەکەنو شەویش دەی گوازنەوە. ئافاق، ریزێ چا دەهێنێو فەرموو لە پیاوەکان دەکات. رەزوان دەچێتە ژوورەکەی خۆیو بە کلدانێکەوە دەگەڕێتەوە. نیگای ئاشپەزەکە لەبەر دەرگای ژوورەکەی رەحیم وڵاخدارەوە تا بەر دەرگای ژوورەکەی خواجە تۆفیق، بە دوای رەزوان دا دەگەڕێ. دەهۆڵ کوتو زوڕنا ژەنەکان، لەبەر سێبەری دیوارەکەدا دادەنیشن. منداڵەکان لەبەردەم دەهۆڵ کوتو زوڕناژەنەکان هەل دەتروشکێن.

کابرای ئاشپەز پیاوێکی دەستە باڵایە کە لە سی ساڵ پترە. هەمدیس ئارەقەکەی سەر تەوێڵی بە پەشتەماڵەکە دەسڕێو چیلکەو دارەکان بە دیقەت لە ژێر مەنجەڵەکان هەڵدەچنێو کووڕە دروست دەکات. کەرەم عەلی لە دەرگای حەوشە دێتە ژوورەوە. سەنەم دەچێتە پێشیو سەوزەجاتەکە لە کەرەم عەلی وەردەگرێ. رەزوان هەمدیس لە ژوورێ ڕا دێتە دەرێ. کابرای ئاشپەز پشت ڕاست دەکاتەوەو تەماشای دەکات. رەحیم وڵاخدار هەمدیس دەبۆڵێنێ: ئەم ژنە ئاقیبەت لە خۆشی تێکدەداو لە منیش.

سەبیلەکەی خاڵی دەکات. سەری سەبیلەکەی مش رەحیم لە دارە. قاوەییەکی تێرەو بە ئەندازەی سەرە وافوورێکی سێ خەتی ناسرەدین شا دەبێ.

ڕەزوان دەچێتە ژوورەکەی بلورخان. ئەوجا بلورخان گاز دەکات. بلورخان لە ژوورەکەی خواجە تۆفیقەوە دێتە دەرێ. لێوەکانی سوور کردووە، گۆناکانی سووراو کردوون. بە گورجی دەچێتە ژوورەوەو ئەوجا لەگەڵ ڕەزوانا بە دوو قۆڵی لە ژوورەکەوە دێنە دەرێ. ئاشپەزەکە ئیسراحەتێ دەداتە پێیەکانی و بە دەنگی نزم ڕەزوان گاز دەکات.

– خوشکێ، داوایەکی بچووکم هەیە.

ڕەزوان دەوەستێت. ڕوخساری یەك پارچە شادیو خۆشییە. نێوچەوانە پانەکەی ئارەقی کردۆتەوە. گۆناکانی دەبریقێنەوە. ئاشپەزەکە درێژە بە قسەکەی خۆی دەدا: خوشکێ، مەقاشێکی درێژ لەم ماڵەدا پەیا نابێ؟ بزەیەك بەرووی ڕەزواندا دەدا. ئاشپەزەکە دوو ددانی زێڕی هەن کە ڕەش بوونەتەوە. ڕەزوان، لێو بە خەندە دەڵێ: هەر چیەکت دەوێ لە دایکی زاوای داوا بکە. بە ئیشارەی چاو سەنەمی نیشان دەدا.

ڕەحیم وڵاخدار گڕ دەگرێ.

– ژنۆکەیە، حەیا نازانێ.

تەکان دەدا کە هەستێ، خواجە تۆفیق مەچەکی دەگرێ.

– دانیشە مش ڕەحیم، ئەمڕۆ وەختی ئەم قسانە نییە.

مش ڕەحیم پەستو نیگەرانە.

– ئاخر هەر بیر ناکاتەوە کە چوار بێگانە لێرەن. سەری کە ڕووتە هیچ، بە دەم ئەو کابرایەشەوە پێدەکەنێ. بەلای کەمەوە واز بێنە پێی بڵێم عەباکەی لەسەر بکات.

خواجە تۆفیق، مش ڕەحیم دادەنێتەوە. ئەوجا ئافاق گازدەکا کە ڕیزەچایەکی دی بێنێ. ڕەزوان لە ژوورەوە سەر دەردێنێو سەنەم گاز دەکات.

عەبای لەسەر نییە. لەشی لە نێو جلەکانیا قاڵبی گرتووە. تا سەنەم دەچێ بۆ ژوورێ، ڕەزوان، بەتیلەی چاوان ئاشپەزەکە بەسەر دەکاتەوە. ڕەحیم وڵاخدار دەهری دەبێو هەڵدەستێتە سەر پێ.

– نەحلەتی خوا لە دڵی ڕەشی شەیتان.

ڕەحیم وڵاخدار دەچێتە ژوورەوەو ڕەزوان گاز دەکات. ئاشپەزەکە بە چینچکانەوە دادەنیشێو ئاگر دەخاتە ژێر یەکێك لە مەنجەڵەکان. ڕەزوان لە ژوورەکەی خواجە تۆفیقەوە دەچێتە دەرێ. گڕە بچووکەکانی ژێر مەنجەڵەکە ئاوێتەی دووکەڵن.ڕەزوان دەکەوێتە بۆڵە بۆڵ.

– پەنام بەتۆ خودایە... هەمدیس پیرە گازی کردم.

ئاشپەزەکە گوێی لێدەبێ. سەری وەردەگێڕێو بزەیەك دەکات. ڕەزوان دەچێتە ژوورەوە. گڕەکان ژێر مەنجەڵەکە هێشتا هەر ئاوێتەی دووکەڵن. دەنگی مش ڕەحیم نزمە.

– ئاخر ئافرەت ئەو عەبا شڕە بدە بە سەرتا، ئاخر چوار نامەحرەم لە حەوشەدان.

دەنگی ڕەزوان نابیسترێ. هەمدیس دەنگی لەرزۆکی ڕەحیم وڵاخدارە کە لە ژوورەوە دێتە دەرێ.

– ئافرەت مەیەڵە ئەوڕۆ دەنگم دەربێ. تۆزێ خۆت چاك بكە. ئاخر شەرم ناكەی بەدەم ئەو زەلامەوە پێدەكەنی.

ئاشپەزەكە خۆی كەڕ كردووە. چیلكەكان لە ژێر مەنجەڵەكەدا ئەولاو ئەولا پێدەكات. گڕەكان بڵێسە دەسەنن.

خواجە تۆفیق هەڵدەستێ، دەچێتە ژوورەوە. دەستی رەحیم وڵاخدار دەگرێو دەیهێنێتە دەرەوە. رەزوان لە دوویانەوەیە. عەباكەی بەسەرەوەیە.

رەحیم وڵاخدار دادەنیشێو سەبیلێكی دی پڕ دەكا. دەسكی سەبیلەكەی شەش گۆشەیە. سەرەكی هێلكەییە. عەینی هێلكە قازێكە كە رەنگت كردبێ. مش رەحیم مژ لە سەبیلەكەی دەداتو لە ژێرەوە تاقیبی ئاشپەزەكە دەكات. ئافاق ریزە چایەكی دی دەهێنێ. كەرەم عەلی لە حەوشە دەچێتە دەرێ. دایكم لەگەڵ جەمیلەدا دەچێتە ژوورەكەی خواجە تۆفیقەوە.

لەسەر تەختێك دانیشتووموو پشتم بە دیواری هۆدەكەی خۆمانەوە داوەو لاقم خستۆتە سەر لاقان. ئافاق چام بۆ دەهێنێ.

– ئینشاڵڵا لە شاییەكەی تۆشدا خزمەت دەكەم.

– زۆر سوپاس ئافاق خان

كوڕەكەی پورە رەعنا دێت. ئەوجا پورە رەعناو پاشان كیژەكەی دێن. دەعوەت كراون. پیاوان لە ژوورەكەی بلورخان فراڤین دەخۆنو ژنان لە ژوورەكەی بابم.

خواجە تۆفیق روو دەكاتە ئەو پیاوە درێژە رەقەڵەیەی كە زوڕناكەی بە دەستەوەیە.

– لێدە گەرمی كە بابە گیان.

كابرای درێژو رەقەڵە پشتی بە پەشتەماڵێك توند دەبەستێو هەندێ لۆكە دەئاخنێتە گوێیەوەو فوو بە زوڕناكەدا دەكات. دەهۆڵ كوتەكە هەڵدەستێو دەهۆڵەكە لە ملی دەكاو دەنگی دەهۆڵ بەرز دەبێتەوە. هەتاو پەخش بۆتەوە. وردە وردە منداڵان لە گەڕەكەكانی دییەوە دێنو لە دەوری دەهۆڵ كوتو زوڕنا ژەنەكان خڕدەبنەوە.

رەزوان لە ژووری پا دێتە دەرێ.

هەمدیس عەباكە بەسەر شانییەوەیە. ئاگری ژێر مەنجەڵەكە كەوتۆتە نێڵە نێڵ. هەڵم لە دەمی مەنجەڵەكەوە هەڵدەستێ. ئاشپەزەكە برنجەكە دەكاتە مەنجەڵەكەوە، ئاوەكە كەف دەكات. حەوشەكە قەرەباڵغە. دەنگی دەهۆڵو زوڕنا تەواوی گەڕەكەكەی گرتووە. رەحیم وڵاخدار هەڵدەستێ، دەڕواتو قۆڵی رەزوان دەگرێو لە قەرەباڵغییەكە دووری دەخاتەوە: سەد كەڕەتم پێت گۆت كە عەبا میراتییەكەت بەسەرتا بدە.

رەزوان دەبۆڵێنێ: ئاخر كێ ئیدی سەیری منو تۆ دەكات كە ئەوەندە خۆت سەغڵەت دەكەی؟

دەنگی مش رەحیم دەلەرزێ: ئافرەت، شەرم لە خوا بكە.

هاپۆ بەندەر دەستی رەحیم وڵاخدار دەگرێ: مەشهەدی وەرە با بڕۆینە دەرەوە پیاسەیەك بكەین.

ڕەزوان دەپاڕێتەوە: ئەرێ وەڵڵا هاپۆ بەندەر، توخوا بیبە دەرەوە، با بتوانین ئەوڕۆ هەناسەیەك بدەین.

دەمارەكانی لاملی ڕەحیم وڵاخدار هەڵدەستن. ئاشپەزەكە، كەوگیرەكە لە پاڵ دیوارەكە دادەنێ. لە نێو خەڵكەكەوە دێت و لە تەنیشت خواجە تۆفیقەوە دەوەستێ. ئێستا خەریكە لە ژێرەوە سەیری ڕەزوان و ڕەحیم وڵاخدار دەكات. سەنەم خۆی پێدا دەكات و دەست بە سەما كردن دەكات. چەپكێ قژی سپی لە ژێر لەچكەكەیەوە هاتۆتە دەرێ. تەوێڵ و گۆناكانی سەنەم شەڵاڵی ئارەقەن. منداڵان چەپڵە لێدەدەن. ئاوی مەنجەڵەكە هاتۆتە كوڵ.

وردە وردە بڵقی ئاوەكە لە بن مەنجەڵەكەوە سەر دەكەوێ و لەسەر ئاوەكە دەتەقێ. ڕەحیم وڵاخدار قسان دەكات. دەنگی ناژنەوم. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا تا حەوت گەڕەكان دەڕوا. دەمارەكانی لاملی مش ڕەحیم شین هەڵگەڕاوە. ڕەزوان خێرا خێرا دەست ڕادەوەشێنێ و قسان دەكا. ڕەحیم وڵاخدار دەستی ڕەزوان دەگرێ و بەرەو ژوورەوە ڕای دەكێشێ. عەباكە لەسەر سەری ڕەزوان دەبێتەوە. دەنگی دەهۆڵ توند تر بووە. مەنجەڵەكە هاتۆتە كوڵ. ئاوەكە قوڵپ دەدا. ڕەزوان عەباكەی هەڵدەگرێ و بەسەر عەردەكەداو بە دووی خۆیدا ڕای دەكێشێت. دەنگەكان تێكەڵ بوون. مش ڕەحیم دەقیڕێنێ. دەنگی زوڕنا بەرزتر دەبێ. ڕەزوان جنێو دەداو دەنوزێتەوە. خواجە تۆفیق خۆی دەگەیەنێتە مش ڕەحیم. سەنەم خەریكە سەما دەكات. منداڵان چەپڵە لێدەدەن. ئێستا بڵێسەی ئاگر هەموو مەنجەڵەكەی گرتۆتەوە. ڕەزوان بە هەردوو دەستان دەكێشێت بەسەر سینگی ڕەحیم وڵاخدارا. قوڵپی ئاوەكە بەرز دەبێتەوەو دەتەقێ و تا لێواری مەنجەڵەكە دێت. دەموچاوی مش ڕەحیم سوور بووەتەوە. نەرمایی گوێچكەكانی سپی دەنوێنێ. خواجە تۆفیق قۆڵی مش ڕەحیم دەگرێ. سەنەم پێی بە بە عاردی ناكەوێ. سەما دەكاو دەخولێتەوە. دەنگی توندی دەهۆڵەكە ئازاری پەردەی گوێ دەدات. ڕەحیم وڵاخدار دەست بە بەر پشتێنەكەیدا دەكات. هێشتا ڕەزوان بە مشت دەكێشێت بە سینگە ڕەقەكەی مش ڕەحیم دا ،بڵێسەی ئاگر لە مەنجەڵەكە بەرزترە. مش ڕەحیم سەبیلەكەی لەبەر پشتێنەكەی دەردێنێ. ئێستا ڕەزوان بەسەرو سینگی خۆیدا دەكێشێ. قژی ئاڵۆسكاوە. سەنەم سەراپا لە ئارەقەدا هەڵكشاوە. دەموچاوی سوور بۆتەوە. گورج و چاپوك لەسەر نەزمی دەهۆڵ و زوڕناكە سەما دەكات. ڕەحیم وڵاخدار سەبیلەكەی ڕادەوەشێنێ. ڕەزوان چنگ لە ڕووی خۆی گیر دەكات. ئاوی مەنجەڵەكە هەڵدەچێ و دەڕژێ. مش ڕەحیم بەسەری سەبیلەكەی دەكێشێت بە لاجانگی ڕەزواندا. ڕەزوان لەسەر زەوییەكە تەخت دەبێ. ئاوی مەنجەڵەكە هەڵدەچێت و ئاگرەكە دەكوژێنێتەوەو ڕەزوان ئێژی سەد ساڵە مردووە.

هێشتا دەنگی دەهۆڵەكە بەرز دەبێتەوەو سەنەم سەما دەكات و دەنگی زوڕناكە بەرز دەبێتەوەو كورەكەی پورە ڕەعنا تاو دەدات و دەستی ڕەحیم وڵاخدار دەگرێ.

***

دەچم بۆ دیدەنی رەحیم ولاخدار. بەردەم تەیمانی ژووری دیدار غەڵبە غەڵبەو قەرەباڵغە. عەینی بازاڕی مالات فرۆشەکانە. دەنگەکان تێکەڵو پێکەڵن. جگەرە بۆ مش رەحیم دەبەم. ئێستا ئیدی سەبیل ناکێشێت. کە قسە دەکات چاوەکانی تەژی روندك دەبن.

– خۆ دەبینی خالید؟

دڵی دەدەمەوە.

– ... دەبینی خالید کە بەم ئاخری عەمرەوە چ بەڵایەکم بەسەردا هات؟ ردێنی درێژ بووە. سمێڵی لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد دەنوێنێ. سەری تاشراوە، چاوەکانی بە قووڵا چوون.

دەپرسێ: حەسەنۆك و برایم لە چ دان؟

خەیاڵی ئاسوودە دەکەم: لای خاڵۆیانن.

مش رەحیم جلی موقەلەمی زیندانی پۆشیوە. شاییەکەی کەرەم عەلی دوا دەکەوێ.

– خوشکێ، کە بەخت نەیهێنا. خۆ بە زۆر نییە؟

سەنەم خەمبارە: پیاوی بەدبەخت لە ئاسمانیش بێ هەر بۆی دەبێ. برایم دێت و دەست دەخاتە نێو شرەو پرەکەی رەحیم ولاخدار. ولاخەکان دەبات و لە بازاڕی مالات فرۆشەکان دەیان فرۆشێت. پاشان، ژوورەکە چۆڵ دەکات و حەسەنۆك لەگەڵ خۆیدا دەبات. حەسەنۆك ئەوەندە گریاوە تاقەتی قسەکردنی نییە.

دنیا تەواو گەرم بووە. تەنانەت لاسکە گیایەکی باریکیش ناجوڵێ. گڕەی دێ. قاوەڵتی دەکەم و هەڵدەستم: دایکە من ئەمشەو نایەمەوە.

لە پڕ واقی وڕ دەمێنێ. لێوەکانی هەڵدەقورتێن. نیگایەکی پرسیار ئامێزم دەکات. پاشان دەڵێ: وتت شەوێ نایەیتەوە؟

بە ئەسپایی دەڵێم: نە دایکە... نایەمەوە.

دێتە پێشەوە: دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟

پشتێنەکەم دەبەستم و دەڵێم: بۆ بەندەر

دایکم بێدەنگ دەبێ. نیگامان تێکەڵ بووە. لێوەکانی قوڕقوشم ئاسا نیشتوونەتە سەریەك. لۆچ کەوتۆتە دەم و لێوی. قژی خەریکە بۆز دەبێ. بە ئارامی قسان دەکات. ئێژی لەگەڵ خۆیدا دەدوێ.

– من نیگەرانم خالید.

سەرم سوڕ دەمێنێ. نیگەرانی دایکە؟... لەبەرچی؟

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ.. نیگەرانی کارەکانت...

ئیشارە بۆ تاقەکە دەکات.

– ... ئەم کتێبانە.. ئەوانەی کە تازە لە گەڵیاندا ئاشنا بوویت.. من دەترسم خالید

پێدەکەنم، دەنۆڕمە نێو چاوەکانی و دەڵێم: بۆ دەترسی دایکە؟.... چما من چی دەکەم؟

ئاهێك هەڵدەکێشێت و قسان دەکات: دڵم خەبەر دەدا کە کارێکی دروست ناکەی.

باوەشی پێدا دەکەم و روومەتەکانی ماچ دەکەم: شتی خراپ بە دڵتا مەیەنە دایکە...

دەنگی نزم دەبێ: تۆ هێشتا ژیان ناناسیت خالید... تۆ هێشتا زۆر گەنجی ..

خێرا دەڵێم: دەزانم دایکە دەزانم، خوا یاربێ لە سەرەتای پایزدا دەست بە خوێندن دەکەمەوە... ئاخر ئەگەر بنیادەم خوێندەواری نەبێ لە هیچ شوێنێ ڕای ناگرن.

هەمدیس روومەتەکانی ماچ دەکەم، چەندم بە بابم گۆت واز بێنە با بخوێنم. بەرەڵلای دەکەم: لەوانەشە شەوێ بگەڕێمەوە دایکە.

بە ئاسپایی دەڵێ: خوا پشتو پەنات بێ.

جەمیلە ماچ دەکەم. لێوی دایکم دەبزوێ. ئێژی وێرد دەخوێنێ. بزەیەکی بەروودا دەدەمو دەچمە دەرێ.

شەقامی حکومەتی چۆڵە، قژە چەرمووەکەی دایکم لە هزرم جودا نابێتەوە چاوانی بە قووڵا چووی بابم لە خەیاڵم دانابرێن. دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. پیاو ئەو کەسەیە وەختێ بکێشیت بەسەر شانیا گەردو تۆزی لێهەستێ.

دوو هەیڤی دی دێتەوە. بێگومان لاواز تر بووە. پیرتر بووە. (پیاو وا خەیاڵ دەکات کە نۆکەری عەرەبانەو عەرەبیش نۆکەری ئینگلیزانن....)

(.... لێرە پارە هەیە، بەڵام بەخمو خەفەتەوە...)

ناسر دووانی ژوورێکی دی لە حەوشەکەیدا دروست کردووەو داویە بە کرێ.

– پیاو دەبێ زرینگ بێ... زرینگ... بە فەرەنگی گۆتم (گود می سەن) پێکەنیو دەستی بە پشتما داو موچەکەمی زیاد کرد... پیاو دەبێ زرینگ بێت.

شەقامی پەهلەوی چۆڵە. ناو بە ناو و تاكو تەرا خەڵکی هاتوچۆ دەکەن کراسەکانیان شەڵاڵی ئارەقەیەو بە پشتیانەوە نووساوە. کەس لە کتێبخانەی موجاهید نییە. پەیمان دانیشتووەو ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە. شەفەق لە پشت دوکانەکەوە دێتە دەرێ و بە زەردەخەنەوە دەڵێ: هاتیت؟.

– بەڵێ.

تەوقە دەکەین. پەنجەم لە نێو دەستە لپرەکانیدا ون دەبێ. هەست بە ئاسوودەیی دەکەم.

– جانتاکە لە پشت موغازەکەیە.

پێکەوە دەچینە پشت دوکانەکەوە کە یەك عەمبار کتێبە. پشتو تەوێڵم نیشتوونەتە سەر عارەقە. درێژە بە قسەکەی دەدا: ئەگەر گیرای بە تەواوی حاشا بکە.

جانتاکە هەڵدەسەنگێنم. زۆر قورسە. لەسەر زەوی دای دەنێم.

– ... ڕۆژنامە، بڵاوکراوەو پۆستەرو چەند کتێبێکیشە.

جانتاکە هەڵدەگرمو دەکەومە ڕێ.

– خوا حافیز.

– سەرکەوتوو بیت.

لە دوکانەکە دێمە دەرێ. قەراری پێوەندی یەکە لە مێشکی خۆمدا تاوتوێ دەکەم.

– چ وەختێ ڕاوچیان دەچنە ڕاوە مەیگو؟

- ئەگەر دەریا ئارام بێ، ئەمشەو.
- پێدەچێ کە دەریا ئارام بێ.
- چ پێشبینییەك ناکرێ.

دەبێ بڕۆم بۆ بازاڕی ماسی فرۆشەکان. سوچی خوارووی بازاڕ. جارێکی دی نیشانەکان دێنمەوە یادی خۆم. دەستە باڵایە، لاوازو رەشتاڵەیە. قژی لوولە. کراسێکی وەنەوشەیی قوڵ کورتی لەبەرە. پانتۆڵەکەی سەوزباوە پەنجەکەڵەی دەستی راستی بە پارچەیەکی زەردباو بەستووە.

دنیا گەرمە. ترسم لێنیشتووە. شەقامەکە خەریکە چۆڵتر دەبێ. دڵم لێدەدا. ئەگەر بەم جۆرە خۆ بشڵەژێنم، گرتنم مسۆگەرە. جانتاکە لە فکری خۆ دەردەکەم. چۆنیەتی پێوەندییەکە لە خەیاڵم دەردەکەم. هەوڵدەدەم بیر لە چاو رەش بکەمەوە. بەڵام مەحاڵە. قورسایی جانتاکە هەستو نەستم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

بە قەراخی شەقامەکەدا بەرەو گەراج دەڕۆم. رێگایەکی زۆر نییە. قورگم وشکە. لەبەردەم گەراجەکەدا سەهۆڵاو دەخۆمەوە. پاشان بلیت دەبڕم.ئەوسا جانتاکە دەخەمە سەنوقەکەی پاش ترومبیلەکەو دێم لەسەر کورسی نووسینگەی گەراجەکەدا دادەنیشم تا رێبوارەکان تەواو بن.

بەردەم گەراجەکە قەرەباڵغە. دەنگی ساردەمەنی فرۆش، پاقلە فرۆش، شەربەت فرۆش، سەهۆڵاوفرۆش و دەڵاڵی گەراجەکە تێکەڵ بە یەکدی بوون.

- دوو نەفەر بۆ بەندەر... ڕاکە بەندەر.
- نۆبەرەی بەهارە ساردەمەنی، هەڵوژەو هەرمێیە ساردەمەنی.
- سەهۆڵاو بخۆوە دڵت فێنك بکەوە.
- پاقلە بخۆ، خەفەت مەخۆ، وەرە بۆ پاقلە حەیاتەکە.

خەریکن بارەکان لەسەر پاسێکی فریشقە دەبەستن.دەڵاڵی گەراجەکە یەك پارچە ئارەقی لێ دەچۆڕێ. پارەکان دەژمێرێ. سەر دەلەقێنێ و دووبارە هاوار دەکات.

- ڕاکە، ڕاکە، بەندەر...

چەند عەرەبە ژنێك لە بەردەم گەراجەکە پان بوونەتەوەو چایان دەمداوە. خەزێمەی گەورە بە قورسی بە لالووتیاندا شۆڕ بۆتەوە. لەوانەیە فریای نان خواردنی نیوەڕۆش بکەون و پاسەکە هەر دەرنەچێت.

هەتاو گەییوەتە سەر شۆستەکە. دوا نەفەر دێت. سوار دەبین. ترومبێلەکە هەرەکەت دەکات. دەست دەکەم بە ئایەتەل کورسی خوێندن. لە دڵی خۆمدا دەیخوێنمەوەو بێئەوەی کەسێك ئاگای لێبێ، فوو بە خۆمو بە ترومبێلەکەدا دەکەم. هەست دەکەم دەنگم پەڕێوە. دەمو قوڕگم عەینی گۆگرد وشك بووە.

شەقامی پەهلەوی دەبڕین و لە فلکەکە رەت دەبین. ئەوەندەی نەماوە بۆ نوقتەکەی سێ رێیانی بەندەر. ئەگەر لەم نوقتەیە رەت ببم ئیدی تەواوە.

نوقتـەی بەنـدەر، بـە تەمـەڵی یـەوە سـەیری نێـو ترومبێلەکـە دەکـەن‌و دار بەرهەڵسـتەکەی سـەر جادەکـە هەڵـدەبڕن.ترومبێلەکـە دەوەسـتێ.جەندرمەیـەکی بـاڵا بـەرزو سـەربازێکی پـان‌و پـۆڕو پاسەوانێکی لاوازو کابرایەکی کورتە بنەی قەڵەوی سوورفل لەوێن.

– سەنووقەکەی دوواوە بکەوە.

شـوفێرەکە دادەبـەزێ. کابرایـەکی ئەسمەرە. دەموچـاوی رەقەڵەیـە. قژی بـۆز دەچـێتەوە. دەبـێ "٥٠" ساڵێك ببێ.

شـوفێرەکە سـەنووقەکەی دوواوە دەکاتـەوە. دڵـم دادەخـورپێ ئێسـتا ئایـەتول کورسـیش دادەم نادات. حەزدەکەم جانتاکە بەجێ بهێڵم‌و تێی بتەقێنم.

– بێ زەحمەت، وەرنە خوارێ.

هەموو دادەبەزین. بەردەمم پێنج ریزە بۆری نەوتە کە لە نفتونەوە دێت‌و بۆ بەندەر دەڕوات. پشت بۆڕیـەکان گۆمـاوێکی گەورەیـە کـە تـا پـاینی شـار کشـاوە. ماڵـەکان لـە پشـت گۆماوەکـەوە دەست پێدەکات. کابرا قەڵەوەکە سەیرم دەکات. لـە پـڕ ڕەنگـم دەپـەڕێ. بـە من بـێ بەسـەر بۆرییـە نەوتەکاندا باز بدەم‌و خۆم بە گۆماوەکەدا بکەم‌و تا ئەوان بکەونـە خـۆ گۆماوەکـەم بڕیـوەو لـە نێـو شاردا ون بووم.

پیاوە قەڵەوەکە دەپرسێ: جانتاکەی تۆ کامەیە؟

تفەکەی دەمم قووت دەدەم: من جانتام نییە.

چەند نەفەرێك لە دەوروبەرمان خڕبوونەتەوە. چاوم بە بێدار دەکەوێ کە لە بەردەم چایخانەکەی نزیکی نوقتەکە وێستاوە. چایخانەکەی ئەمان ئاقا هەندێ دوورترە کە دەقاو دەق لەسەر سێ ڕێیانی بەندەرە.

کابرای قەڵەو دەپرسێت: بۆ ڕەنگت تێکچووە؟

دەنگم گڕە: ڕەنگی من؟

چـاوم لـە چـایخانەکەی ئـەمان ئاقایـە. خۆزیـا دەخـوازم کـە لـە چـایخانەکەی ئامـان ئاقـادا دانیشتبێتم‌و گوێ لە قسەکانی جان محەمەد بگرم.

گوێم لە قسەکانی عەنکەبووت بێ.

– وەختێ چاو دەکەیتەوەو بە خۆت دەزانی کار لە کار ترازاوە

دەنگی پاسەوانەکە دەژەنەوم.

– ئەم جانتایە هی کێیە؟

دەنگی عەنکەبووت لە گوێمدا دزرنگێتەوە.

– خۆت تووشکرد ؟

شوفێرەکە دەڕوانێتە جانتاکە. کەس خۆی ناکات بە خاوەنی. دەنگی پاسەوانەکە بەرزتر دەبێ.

– وتم ئەم جانتایە هی کێیە؟

شوفێرەکە دێتە لامەوە.

– وا بزانم ئەم جانتایە هی تۆ بوو؟

دەچمە پێشمەوە، سەیری جانتاکە دەکەم، سەر بادەدەم.

– نەخێر من جانتام هەر نەبوو.

چاوانی شوفێرەکە ئەبڵەق دەبن. دەنگ هەڵدەبڕێ.

– جانتات نەبوو؟... بەخۆم لێم وەرگرتیت و خستمە سەندووقەکەی پاشەوە، پاشان روو دەکاتە پاسەوانەکە.

– خۆ دەبینی قوربان؟

ئەمجا روو دەکاتە پۆلیسەکەو

– جانتای خۆیەتی و خەریکە حاشای لێدەکات.

تەماشای بێدار دەکەم. دەڵێی دڵنیا بووم. هەنگاوی یەکەمم ناوە. چاك حاشام کردووەو نابێ ژێوان ببمەوە. بە شوفێرەکە دەڵێم.

– قسەی هەلەق و مەلەق مەکە برادەر... من جانتام لە کوێ بوو؟

سەربازەکە، جانتاکە دادەگرێ و لەسەر عاردی دای دەنێ. پاسەوانەکە سەیرم دەکات.

– هیچ تۆیە، نا؟

بە توندی دەڵێم: نە.

کابرای قەڵەو دێتە پێشترەوەو رێك چاو دەبڕێتە نێو چاوم.

– حاشا کردن بێ فایدەیە. هەر لە هەوەڵەوە دیار بوو کە شتێکت لە ژێر سەردایە.

– بەخۆڕایی تاوانبارم مەکە.

لە پڕ شوفێرەکە هاوار دەکات و قسەکەم دەبڕێ.

– ئەدی من ئەم جانتایەم لە ماڵی پورم هێنا؟

بە سارددییەوە دەڵێم: نازانم، بە خۆت چاکتری دەزانی

پاسەوانەکە دادەنەوێتەوە. بە چەقۆ سەری جانتاکە هەڵدەبڕێ. دەستە رۆژنامەو بلاوکراوەکان دەکەونە دەر.

پۆلیسەکە فیکەیەك دەکێشێت. سەربازەکە سەرێك بادەدا. کابرای قەڵەو دەڵێ: بڵێ بۆ حاشای لێدەکەی؟

پاسەوانەکە مەچەکم دەگرێ و دەڵەکم دەداتە نێو ژووری نوقتەکەوە. کابرای قەڵەو جانتاکە دێنێ و لەسەر مێزێك دایدەنێ.

دەکەومە بۆڵە بۆڵ و هات و هاوار. هەر گوێشم لێناگرن. پاسەوانەکە لە پشت مێزەکەوە دادەنیشێ. سێ پەڕە کاغەزی سپی دەخاتە سەر یەك و کاربۆن دەخاتە بەینیانەوەو دەست بە نووسینی کیتابەکە دەکا. چوار دێڕان دەنووسێ و سەر هەڵدەبڕێ و دەپرسێ:

– نێوت چییە؟

کەس وەڵامی ناداتەوە.

– لەگەڵ تۆم بوو.

– نێوی من؟

پاسەوانەکە دەهری دەبێ.

- نەخێر نێوی پورم.

لە ژێر لێوەوە دەڵێم.

- عەندەلیب.

سەری سوڕ دەمێنێ.

- عەندەلیب چییە؟

- نێوی منە.

لە گەراجیش گوتبووم عەندەلیب، لە بلیتەکەدا عەندەلیب نووسرا بوو. پاسەوانەکە روو دەکاتە شوفێرەکە.

- کوا لیستی ناوی رێبوارەکان؟

شوفێرەکە لیستی ناوی رێبوارەکانی دەداتێ.

- عەندەلیبیش بوو بە ناو؟

لیستەکە دەداتەوە دەستی شوفێرەکەو دەست بە نووسین دەکاتەوە. کە تەواو دەبێ قەڵەمەکە دەداتە دەستی شوفێرەکە.

- ئیمزای بکە.

- خوێندەواریم نییە قوربان.

- پەنجەی پێدا بنێ.

شوفێرەکەی پەنجەی پێوە دەنێ.

ئێستا پاسەوانەکە ئیمزای کردووە. سەربازەکەو کابرا قەڵەوە سورفلەکەش ئیمزایان کردووە.

پاسەوانەکە، قەڵەمەکە بۆ من درێژ دەکات.

- ها ئیمزای بکە.

- چی ئیمزا بکەم؟

- کیتابەکە.

بەوپەڕی سارداییەوە دەکشێمەوە. لەسەر تەختێك دادەنیشمو دەڵێم:

- خوێندەواریم هەر نییە.

هەندێ لێم رادەمێنێو ئەوجا بە توڕەییەوە دەڵێ:

- بۆت دەخوێنمەوە.

دەست بە خوێندنەوەی کیتابەکە دەکات.

لە پەنجەرەکەوە دەڕوانمە دەرێ. جادەکە تیشکی هەتاو عەکس دەکاتەوە. جادە نەوتییەکە رەش دەنوێنێو تا چاو بڕدەکات کشاوە.

دەنگی پاسەوانەکە لە گوێمدا دەزرینگێتەوە.

- دەی باشە ئێستا ئیمزای بکە.

- گوتم خوێندەواریم نییە.

ددانەکانی چڕ دەکاتەوەو دەڵێ:

– پەنجەی پێوە بنێ.

بە ئەسپایی دەڵێم: چما دیلم ئەز؟

دەنگی پاسەوانەکە قەبە دەبێ.

– وتم ئیمزای بکە ئەگینا زەرەر دەکەی.

هەمدیس بیری دەخەمەوە کە خوێنەواریم نییە. دەبۆڵێنێ.

– زۆر باشە... زۆر باشە... پەنجەی پێوە بنێ.

سەرم بە راستو بە چەیدا بادەدەم.

– جانتای من نییە.

پاسەوانەکە لە پشت مێزەکەوە هەڵدەستێ. خەڵکانی بەر دەرگاکە دەردەکا. ئەوجا لە ژێر کیتابەکەوە دەنووسێت کە ئیمزام نەکردووە. هەموو ئیمزای دەکەن. شوفێرەکە پەنجەی پێوە دەنێ. سواری ئوتومبیلەکە دەبنو دەکەونە ڕێ.

بەر لە نیوەڕۆ لەگەڵ پاسەوانێکدا دەگەمە دایەرەی ئەمن. دایەرە قەرەباڵغە. پاسەوانەکە جانتاکە لەبەر هەیوانەکە دادەنێ. بەر هەیوانەکە فێنکە. هەموو لەشم لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. ترسم رەویوەتەوە. چش چی دەبێ با ببێ. چاوم بڕیوەتە پلەکانی رارەوی نهۆمی دووەم. پیاوێك لە ژوورێ ڕا دێتە دەرێ. چەند دۆسیەیەکی لە ژێر هەنگڵدایە. کە دیقەتی دەدەم، غولام عەلی خانە.کەمێك قەڵەو بووە.سپێتی لاجانگەکانی زۆرتر بووە.غولام عەلی خان دەوەستێت. دەڕوانێتە نێو حەوشەکە. خۆم دەخەمە پشتی کابرایەکی کوڵە بنەوە کە خەریکی خوتەو بۆڵەیە.

– ئێستا من زامن لەکوێ پەیدا بکەم بۆ براکەم.

غولام عەلی خان دەچێتە راڕەوەکەوە. پاسەوانەکە رووبە ڕووم وێستاوە. دۆسیەکەی بە دەستەوەیە، کیتابەکەش لە نێو دۆسیەکەدایە. پاسەوانەکە سەیرم دەکات. دەڵێی دەیەوێ بچێتە ژوورەوە بەڵام دوو دڵە. زەردەخەنەیەکی دەستکرد دەکاو دەڵێ: هەر بەینی خۆمان بێ، زرینگیت کرد کە کیتابەکەت ئیمزا نەکرد.

بۆ ئەمە دەڵێی؟... دەم و دەست وەڵامی دەدەمەوە.

– بەڵام کە ئێستا ڕێم کەوتۆتە ئەمن، هەموو شتێك دەڵێم

لەسەر جانتاکە دانیشتم.

پاسەوانەکە سەیرم دەکات، دەڵێی باوەڕی کردووە کە هەموو شتێك دەڵێم. سەرم دادەخەمو خۆم وادەنوێنم کە غەدرم لێکراوە. هەمدیس غولام عەلی خان پەیدا دەبێتەوە. ئەگەر بم بینێ حیسابم رۆییشتووە. کابرای کوڵەبنە هێشتا هەر دەبۆڵێنێ. پاسەوانەکە پێم دەڵێ کە لە جێی خۆم نەجوڵێم. پێی دەڵێم.

– بریا توانای جوڵانم هەبووایە.

پاسەوانەکە دەچێتە ژوورەوە. کابرای کورتە باڵا دەچێتە بەر هەیوانەکە. لە پڕ قیروسیا دەکەم. هێشتا دەرگای ژوورەکە بە چاکی لە پاش پاسەوانەکەوە جووت نەبووە، کە تێی دەتەقێنم. بە

بەینی ئەو خەڵکانەی لەبەر هەیوانەکەدا وێستاون، ڕەت دەبم. حەوشەی ئەمن خۆرەتاوە. بە قەراغ ئەستێلەکەدا، ڕەت دەبم. دەگەمە بەر دالانەکەو، لە خۆوە دەکەومە بۆڵە بۆڵ.

– ئێستا من لە کوێ زامن بۆ براکەم بێنم.

پاسەوانە ئێشکچییەکە لوول بووە، گەرما کلافەی کردووە. بە بۆڵە بۆڵ بە بەردەمیا ڕەت دەبم. بە سستییەوە دەڵێ:

– بۆ کوێ کورە؟

بە دڵنیایی یەوە دەڵێم:

– دەچم زامن بۆ براکەم پەیدا دەکەم. ئەدی گوێت لێ نەبوو ئەو سەرکارە چی گۆت:؟

لە ئەمن دەردەچم. بە پشت ڕیزە دار (میموزا) کورتە باڵاکاندا پێچ دەکەمەوە. دەگەمە سەر شەقامەکە. ترێلەیەکی فریشقە دێت. لە دوواوە خۆمی پێدا هەڵدەواسم. بە ئاسپایی بە سەر پەیژەکەیدا سەر دەکەومو لە نێو ترێلەکەدا دادەنیشم. دڵم دەکەوێتە لێدان. لاجانگەکانم پل دەدەن. ئازای گیانم لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. ترێلەکە چەند شەقامێك دەبڕێ، بە تەك زبڵدانەکەی قەراغ هێڵی ئاسندا بەرەو جادەی خوێلێن دائاژوێ. پێویستە دابەزم، بە پەیژەکەدا سەردەکەومو خۆم بە ترێلەکەوە هەڵدەواسم.نووکی پێم دەگەیەنمە سەر زەوی، هەندێك لەگەڵ ترێلەکەدا غار دەدەمو ئەوجا دەست بەردەدەم. هێشتا زۆرم ماوە بۆ ماڵ. دەکەومە نێو کوچەو کۆڵانەکان. کە دەگەمە ماڵەوە دایکم بە واق وڕماوی تەماشام دەکاتو ماچ بارانم دەکات. غەریبیم هەڵدەستێ، ئەگەر جڵەوی خۆم نەگرم لە پڕمەی گریان دەدەم.

– چی بووە دایکە؟ بۆ وا دەکەیت؟

بازووەکانم دەگرێو نەختێ دوور رامدەگرێ تا بتوانێ سەراپام بە چاکی ببینێ. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێ:

– هاتن کتێبەکانیان برد.

– کتێبەکانیان برد؟

سەر دەلەقێنێ.

– گوتیان گوایە تۆ گیراوی.

بە قامکان، شانەکانم دەگوشێت.

– راستە دایکە. بەڵام رام کرد.

بەڕەڵڵام دەکاتو چاو دەبڕێتە چاوم.

– رات کرد؟

لەسەر چەرپاکە دادەنیشم. دەستم دەخەمە ژێر چەنەم. دایکم سفرە رادەخا تا فراڤین بخۆین. لە بن لێوانەوە قسە دەکات:

– کە هاتنو هەواڵی گرتنی تۆیان دامێ، هێزم لەبەر بڕا. زرانیم شل بوو، توانای وێستانم نەما، لەسەر عاردەکە دانشتم....

ئەوجا ڕوو دەکاتە من و لە سەری دەڕوا.

– ... کوڕم ئەم کارانە بێفایدەیە. ڕەحم بە جوانی خۆتدا بکە، بە زەییەکت بە منو بابتا بێتەوە....

دێتو لە بەرانبەرم دەوێستێ.

– ... تۆ هێشتا منداڵی کوڕە باشەکەم... دەبێ لە ئێستاوە بیر لە ژیانو گوزەران بکەیەوە.

لە بیری ئەوەدام چۆن شەفەق ئاگادار بکەم. جەمیلە لەسەر سفرەکە دادەنیشێ. پێی دەڵێم.

– جەمیلە، دەتوانی تا شەقامی پەهلەوی بچی؟

لەسەر سفرەکە هەڵدەستێ.

– بەڵێ کاکە خالید، دەتوانم بڕۆم.

هێشتا نۆ ساڵانی پڕ نەکردۆتەوە. دایکم دەپرسێ بچێ بۆ شەقامی پەهلەوی چی بکات؟و ئەوجا دەڵێ:

– ناتوانێ بڕوا... منداڵە، بەم قرچەی نیوەڕۆیە بۆ کوێ بچێ؟

دادەمێنم. لێوەکانم لێکدی دەسوم. دایکم دێتە قسان:

– یەعنی زۆر پێویستە بڕوا؟

سەیری دەکەم. دەڵێی دەیەوێ بڵێ بەو هەموو سەریەشەیەشەوە کە بۆمانی دروست دەکەی هەر خۆشم دەوێی.

– بەڵێ، زۆر پێویستە. دەبێ شەفەق ئاگادار بێ کە ڕام کردووە تا کەس بە خۆڕایی بە دووما نەچێ بۆ ئەمن.

دایکم، دەچێ بە لای نوێنە هەڵچنراوەکانەوەو چارشێوەکەی هەڵدەگرێ:

– دوکانەکەی لە کوێیە؟

ناونیشانی دەدەمێ. چارشێوەکەی لەسەر دەکا. سەڵای بانگی نیوەڕۆ لە منارەی مزگەوتەکەی بازاڕی عبدالحمیدەوە بەرز دەبێتەو. دایکم لە ماڵ وەدەردەکەوێ.

جەمیلە لە پاڵ سفرەکە دادەنیشێ، و منیش دەچمە ژێری. سەد جۆرە خەیاڵم بە مێشکدا دێ.

هێشتا لەسەر چەرپاکە دانیشتووم کە شەفەقو دایکم وەژوور دەکەون. بزە نیشتۆتە سەر لێوی. باوەڕ ناکا کە ئەمە خۆمم.

– تا ناو ئەمن ئاگام لە هەواڵت بوو.

– ئەوی تریشی من بۆت باس دەکەم.

چۆنیەتی هەڵاتنەکەمی بۆ دەگێڕمەوە. قاقا پێدەکەنێ.

– ئافەرین... بەڕاستی ئافەرین...

هەست بە غرور دەکەم. لە ژوورەکەی بابم دادەنیشین. پەردەی نێوان هەردوو ژوورەکە دادەینەوەو پێکەوە نیوەڕۆژە دەخۆین.

– دەبێ تا چەند ڕۆژێك تەنك دەربکەوی.

– دەزانم.

– بە تایبەتی دەبێ خۆت لە عەلی شەیتان بپارێزی.

– ئەوی راستی بێ لێبڕاوم هەفتەیەکی تەواو لە ماڵەوە وەمێنم. سمێڵ بێڵمەوەو قژم هێندێ درێژ ببێو تەنیا بە شەوان لە ماڵ وەدەرکەوم.

شەفەق دەڕوا. لە پڕ غەمی دنیام لە دڵ دەنیشێ. مەیلی چوونە دەرەوە دەکەم. مەیلی کوچەو کۆڵانو شەقامان، مرۆڤ کە ناچار بێ لە کونجی ماڵەوە حەپس بێو تەنانەت نەتوانێ تا بەر دەرکەش بڕوا یەکجار ناخۆشو ناڕەحەتە، وەختێ لێ ناڕوا. جارەکەی پێشوو کە لە ماڵەوە بووم گۆزینگی پێم دەرچوو بوو. نەمدەتوانی بچمە دەرێ... بەڵام ئێستا؟... ئێستا چی؟... خۆ ئێستا چ بەڵایەکم نییە... لە پڕ کەڵکەڵەی چاوڕەش ئازای گیانم دادەگرێ. دەمەوێ خۆم بە شتێکەوە بخافڵێنم. کتێبێکم لا نییە. چونکە هەر پاش گرتنەکەم برادەران هاتوونەتە ماڵەوەو هەموو کتێبەکانیان بردووە. هەڵدەستم، یەکێك لە کتێبەکانی بابم لەسەر رەفەکە دادەگرم.

(چیرۆکی پەیامبەران). تاقەتم نییە بیخوێنمەوە. لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکەدا چەند یاداشتێك بە دەست خەتی بابم نووسراوە. رۆژی لە دایکبوونی من. رۆژی لە دایکبوونی جەمیلە. لەگەڵ رۆژی خەتەنەکردنی مندا.

– سەیری ئەو قومرییە سەوزە بکە.

– دەڕوانمە سەرێ. لە پڕ هەست بە سوێیەك دەکەمو کارەکە تەواو دەبێ.

رۆژی دوایی دەچمە کەناری کارون، پەشتەماڵەکە لە نێو قەدم دەکەمەوە، لە نێو لمە گەرمەکەدا دادەنیشم. ئەڵقە پیازێکیان لە گەردنم کردووە. بەڕکی کراسە مەلمەلەکەم پڕە لە نوقڵ. دایکم لە کەنار کارون دانیشتووەو بە گەڵاکوتك بەربۆتە جلان تا پاك ببنەوە. سەقاقوشو مەلان سینە لە رووی ئاوەکە دەسوونو یەکسەر بەرز دەبنەوە. منداڵان لە نێو کاروندا کردوویانە بە رۆژی حەشر. شەڕە ئاو دەکەن. بە پەشتەماڵ وردە ماسی کەنار ئاوەکە دەگرنو بە زیندوێتی قووتی دەدەن تا گوایە فێری مەلە ببن. گرێو دەکەنو خۆ بە بن ئاوەکەدا دەکەنو تا هەناسەیان بڕدەکا دەمێننەوە. چەند کەسێکیان زات وەبەر خۆ دەدەنو تا ناوەڕاستی کارون دەڕۆن.

– کۆسە لە مەمی داوە.

– دەزانم... پێی ڕاستی بردووە.

دەڵێی چ شتێك رووی نەداوە. ئەم جۆرە هەواڵانە لە هاویندا زۆرن.

– کۆسە، عەلی گەدای برد.

– ئێسكو پروسکەکەشیان خوارد.

– کتێبەکە لەسەر عاردەکە دادەنێم. پڕ بەدڵ حەزدەکەم بچمە دەرێو لەسەر چوارپاکەی بەر دوکانەکەی مەهدی بەقاڵ دانیشمو سەیری خەڵکی بکەم.

– ... منداڵێکی چەورەی قوون رووتە کە لە خانووە قوڕەکانی خوارووی شاردا دەژی....

ئەدی ئەگەر عەلی شەیتان بە دوومدا بگەڕێ؟.... بێگومان کە هەڵاتووم. لە دایەرەی ئەمندا بووە بە هەرا. بێگومان حەرەسەکەشیان لە جێی من گرتووەو دیارە ناوونیشانەکانی منیان داوە بە مامورەکان.

خۆ عەلی شەیتانیش بە تەواوەتی دەم ناسێت، نا... تا دنیا تەواو تاریك نەبێ، نابێ لە ماڵ وەدەرکەوم.

رادەکشێم بەڵکو خەوم لێبکەوێ، بەڵام هێندە بیری جۆراوجۆر لە مێشکمدا تێکەڵو پێکەڵ بووە مەحاڵە خەو بچێتە چاوانم. حەزدەکەم بیر لە چاو ڕەش بکەمەوە بۆ ئەوەی شتەکانی دیم لا بسڕدرێتەوە.

گوێم لە دەنگی ئاوی حەوزەکە دەبێ. دیارە هەمدیس بانۆیە کە خۆی ڕووت کردۆتەوەو چۆتە نێو حەوزەکەوە:

– خالید یەکجاری دی...

– نا، بانۆ، نا!

– هەر یەك جاری دی.

– ئیدی ناتوانم بانۆ.

بەختێکی سەیری هەیە. زەماوەندەکەی بوو بە پرسە. مەلا هاتو بەبێ دەنگی مارەی بڕیو ڕۆیی. گواستنەوەکەی ماوە بۆ هەوەڵی پایز. دیارە بەختی بانۆیە کە لەو ڕۆژەدا ئەمان ئاقا بەو رادەیە بلورخان دارکاری دەکا... بەینی خۆمان بێ ئەم بلورخانەش مرۆڤێکی گیان سەختە. کرمەکە لە خۆیەتی. دەڵێی لەزەت لە کوتەك خواردن وەردەگرێ. ئەگەر بەر دەست بکەومەوە دیارە دارکاری کردنیشی تێدەکەوێ. ئاخۆ پاسەوانەکە کاتێ کە لە ژوورەکە هاتۆتە دەرێو سەیری کردووە رام کردووە، چی بەسەر هاتووە.

گەر بەردەستی بکەوم ئەنجن ئەنجنم دەکا.

هەڵدەستم، لە پەنجەرەکەوە دەڕوانمە دەرێ. سێبەرەکە گەییوەتە نێو حەوشەو لە زیاد بووندایە. خەریکە لە ژوورەوە دیق دەکەم. با بەلای کەمەوە چوارپایەك بەرمە نێو حەوشە. ئەگەر دڵگیریش نەبێ. بەلای کەمەوە لە ژوورەوە باشترە. دەڕوانمە دیوارەکانی ژوورەکە. لە پڕ دڵم دەگیرێ. مرۆڤ چۆن دەتوانێ مانگان و ساڵان لە زیندانداا بگوزەرێنێ. لە نێو چوار دیوارێکی بەردینی دەوراو دەور بەپاسدار دەورگیراو. گەر رام نەکردبا ئێستا تەپێنرابوومە زیندانەوە.

دایکم چ ئازارێکی دەکێشا. بەستەزمان رەحیم وڵاخدار.

– دەبینی خالید؟.... دەبینی بەم ئاخری عەمرەوە؟

– ئەوە گوپت چێتی مەشهەدی رەحیم؟

– ددانم کوڕم... ددانم.

– گوپی رەحیم وڵاخدار بە ئەندازەی هەنارێك هەڵتۆقیوە. رەق و ناشیرین.

– باشە مشورێکی بخۆ مش رەحیم.

داخی برایم لە گوتن نایەت.

– برایم بۆ سەرێکی بابت نادەی؟

– بۆ سەری لێبدەم؟

– بەلای کەمەوە دوو پاکەت جگەرەی بۆ بەرە... پیرەمێردە دڵی پێخۆش دەبێ.

حەسەنۆك لە برایم دەپاڕێتەوە.

– برایم با بچین بۆ لای بابە.

برایم قەناعەت دەکا.

– دە باشە.. بەس وەکو ژنان نوکە نوك بکە... رۆژی هەینی دەچین.

حەوشەکە گەرمە. هێشتا هاوماڵەکان لە ژوور وەدەر نەکەوتوون.

کە هەتاو لە دیوارەکە ئاودیو بێ، بەر ژوورەکانیان دەماڵن و جل و پەڵاسان لە حەوشە ڕادەخەن و دادەنیشن.

بە باوەشێنە حەسیرەکە خۆم باوەشێن دەکەم ، کەچی هەر گەرمە. هەڵدەستم، باوەشێنەکە لە ئاوی حەوزەکە هەڵدەکێشم، دەگەڕێمەوەو لەسەر چوار پایەکە دادەنیشم. هەتاوەکە یەکجار رووناکە. خەریکە لە کەنار حەوزەکەوە بەرەو دیوارەکە هەڵدەکشێ، بلورخان لە ژوور وەدەر دەکەوێ. سوارحی بەفرەکە دەخاتە بەر بەلوعەکە.

– خالید بۆ لەوێ دانیشتووی؟

– لە ژوورەوە بێ تاقەت بووم.

لێم دێتە پێشێ.

– ئەدی نیوەڕۆ نەخەوتی؟

– نەء .

– تینوت نییە؟

سەهۆڵاوەکەی لە دەست وەردەگرم و تێر ئاو دەخۆمەوە.

سکم دەئاوسێ. سوراحییەکەم لە دەست وەردەگرێ. ئارەقە لە ئازای لەشمەوە هەڵدەقوڵێ. چارشێوەکە لەسەری بلورخان خزیوەو کەوتۆتە سەر شانی.

– ئەمڕۆ دەنگوباس چی بوو؟

خۆم لە گێلی دەدەم.

– دەنگوباسی چی؟

– هیچ ئەوانەی کە هاتن کتێبەکانیان بردی.

– هاتن کتێبەکانیان بردو تەواو. چما کتێب بردن هیچی تێدایە!

دڵسۆزانە قسان دەکا.

– خالید، نەکەی تێکەڵی ئەمانە ببی!

– تێکەڵی کامانە؟

– ئەوانەی کە هاتن کتێبەکانیان برد.

هێدی و هێمن وەڵامی دەدەمەوە:

– چ قەیدییە کتێبەکان هی خۆیان بوو و هاتن بردیان. خۆ ئەمە هیچی تێدا نییە.

چاوەکانی چکۆلە دەکاتەوە.

– هیچی تێدا نییە؟

و لەسەری دەڕوا.

– ... بەپەلە پەلێکی وا هاتن کە دایکت زراوی تۆقی، هەموو هەستمان کرد کە شتێك لە گۆڕێدایە....

خۆم هێدی پیشان دەدەم.

– خەمت نەبێ و چ شتێك لە گۆڕێدا نییە.

بزەیەك دەکا.

– خوا بکا... هیچ نەبێ.

کە دەڕوا لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

– رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێ.

بلورخان وەژوور دەکەوێ. بە یەك ساڵی دی دنیا تاریك نابێ.... هیچ کاتێ ئەوەندەم حەز بەدەرەوە نەبووە. دەڵێی لە ماڵەوە سوزناژنم دەکەن. جینگڵ دەدەم. ئەم جێ و ئەو جێ دەکەم. هەڵدەستم و وەژوور دەکەوم. دیسانەوە دەر دەکەومەوە. ئێستا، هاوماڵەکان وردە وردە کەوتوونەتە ئاوڕشێن و ماڵینی بەر ژوورەکانیان. تا دنیا تاریك دەبێ گیانم دەگاتە سەر کونە لووتم.

لە ماڵ وەدەر دەکەوم. پڕ بە سییەکانم هەناسە هەڵدەمژم. دەڵێی سەد ساڵە دوکانەکەی حەبیب نانەوام نەدیوە. خۆ دەکەم بە شەقامی میری دا.

لە پڕ ترسم لێدەنیشێت. بە تایبەتی کە دەبێ خۆ لە عەلی شەیتان بپاێزم. تەنانەت لە سێبەری خۆش دەسڵەممەوە. خێرا خێرا دەڕوانمە دەوروبەرم. کاتێ بە خۆ دەزانم وا خەریکە بەرەو ماڵی چاوڕەش دەچم.

گڵۆپی دوکانی عەتاری فرۆشەکە داگیرساوە. بە پەنای دیوارەکەدا خۆ بە کوێرە کۆڵانەکەدا دەکە. گڵۆپی ئەوسەری کۆڵانەکە کوژاوەتەوە ، کۆڵانەکە تاریك تاریکە. تا بەرماڵی چاوڕەش دەچم. دەکەیان داخراوە. پشت پەنجەرەکە روناکە، سەرێك دەکێشم. پەردەی پەنجەرەکە ئەستوورە. ناتوانم هیچ شتێك ببینم. دەست بۆ دەرکوتی دەرگاکە دەبەم، لە پڕ لاجانگەکانم دەبڵاچێنن. ئازای لەشەم گەرم دەبێ. زات ناکەم لە دەرگا بدەم. دەستم دێتە خوارێ و دەکەومە رێ کە لە کۆڵانەکە دەرچم، هێشتا نەگەییومەتە پێچی کوێرە کۆڵانەکە، کە گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگاکە دەبێ. ئاوڕ دەدەمەوە و دیقەت دەدەم، تارمایی باڵای بارام لە تاریکییەکەدا دەبینم. دەکەوێتە غاردان، لە رێگایدا دەوەستم، نزیك دەبێتەوە. سڵاوی لێدەکەم. سڵاوەکەم دەسەنێتەوە. هەنگاوەکانی سست دەبن. سەیرم دەکا.

– ئەوە تۆی؟

– چۆنی؟

– باشم.

– کێوە دەچی؟

– دەچم پاکەتێ بنێشت دەکڕم.

- بەگەڵی دەکەوم.
- با پێکەوە بڕۆین.

بنێشت لە کابرای عەتار دەکڕێ. ناچمە بەرەوە تا عەتارەکە نەمبینێ، دەنا بە قسەوە دەم گرێو بەم زووانە یەخەم بەرنادا.

- گوێت لە وتارەکەی سەر کۆمار بوو؟.

ئیدی دەکەوێتە لێکدانەوەی وتارەکەی سەر کۆمار.

لە بارام جیا دەبمەوە. بەلەز بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە دەڕوا. بۆ چەند ساتێك لە پەنای دیوارەکەدا ڕادەوێستم. پاشان وەڕێ دەکەوم. لە دووری کابرای دوکاندارەوە، شان بە عامودێکی کارەباوە دەدەم. حەزناکەم لەبەر روناکییەکە بم، بەڵام وەك بڵێی دڵم خەبەری داوە کە چاوڕەش دێ. بۆیە پێویستە لەبەر رووناکییەکدا بوەستم تا ئەگەر هات بتوانێ بم بینێ. لە ژێر گڵۆپەکەدا ئەم جێو ئەو جێ دەکەم. تاقەت ناگرم. لە پڕ عەلی شەیتانم بیر دەکەوێتەوە. لە مەودای روناکی گڵۆپەکە دوور دەکەومەوە. لە پڕ قەدو باڵای ئافرەتێك لەسەری کوێرە کۆڵانەکەوە بەدیار دەکەوێ. دڵنیام کە چاو ڕەشە. بەپەلە وەرێ دەکەوم. لێی نزیك دەبمەوە. خۆیەتی، هەنگاوەکانم سست دەبن.

- سلاو
- سلاو
- ئەوە خۆتی؟
- بارام پێی گوتی؟

چ نالێ. دەڵێم.

- زۆرت لێ مەمنونم کە هاتیە دەرێ.

بزەیەك دەکا.

- هەروا هاتم.

دەزانی درۆ دەکا. دەزانم بارام پێی گوتووە.

- دەمەوێ بت بینم.
- چییت لێم دەوێ؟

حەزدەکەم قسەت لەگەڵ بکەم.

- باشە ئێستا قسەکەت بکە.
- نابێ... ئێستا نابێ.
- بۆ؟
- ئاخر قسەکانم یەکجار زۆرن.

بەرەو بنی کۆڵانەکە دەکەوێتە رێ. بە گەڵی دەکەوم. ئازای گیانم گەرم بووە. لێدانی دڵم لە کاسەی سەرما دەنگ دەداتەوە.

- دەتەوێ چ بڵێی؟

بەپەلە دەڵێم:

– دەمەوێ پێت بڵێم کە بۆچی ئەو رۆژە ئەدرەسی ماڵی خۆمانم پێ نەگوتی.دەمەوێ بڵێم کە بۆچی عەلی شەیتان وازم لێ ناهێنێ...

قسەکەم پێ دەبڕێ.

– عەلی شەیتان؟

– بەڵێ عەلی شەیتان... ئەوەی کە ئەو رۆژە لە باغی میللی...

پێدەکەنێو قسەکەم پێ دەبڕێ:

– ناوێکی سەیرە.

– برادەران ئەم ناوەیان لێناوە.

لە ناوەندی کۆڵانەکەدا پەلە پەلی پێدەکەوێ.

– لەوە زیاتر لەگەڵما مەیە.

قسەکانم خێراو پچڕ پچڕو تێکەڵو پێکەڵ دەبێ.

– بەڵام هەر دەبێ بت بینم. من ئێستا کابرایەکی ڕاکردووم. قاشقونجم، ناتوانم بە رۆژ لە ماڵ وەدەرکەوم... پێویستە زۆر شتت پێ بڵێم.

سەیری پێ دێ. قسەکردنەکەی هێدییە، سوکنایی بە دڵی بنیادەم دەبەخشێ.

– لە چی قاشقونجی؟

– ئاخر دەمەوێ ئەمەت پێ بڵێم.

کەمێك بێ دەنگ دەبێ، دەڵێم.

– دەمەوێ پێت بڵێم کە ....

بە خەم ساردییەوە دەڵێ:

– بۆ بە من؟

هۆپێکم لەخۆ دەمێنێ. بۆ ساتێ بێدەنگ دەبم. لە جۆش‌و خرۆش دەکەوم. هەست دەکەم رەنگ لە رووما نەماوە. بە ئەسپایی دەکەومە قسان. دەنگم گڕە، گەرووم هیشکە.

– ببورە کە بوومە مایەی زەحمەتتان.

دەمەوێ بڕۆم.

– سەبرکە.

دەوێستم.

– هیچ زەحمەت نییە.

دیسان دەکەومە جۆش‌و خرۆش. زات پەیدا دەکەم. لێبڕاوانە دەڵێم:

– کەوا بێ، دەتوانم بت بینم؟

پاش سووکە بێدەنگییەك دەڵێ:زۆر باشە.

– کەی؟

– رۆژی سێ شەممە.

- چ کاتێ؟
- سەعات سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ.
- لە کوێ؟
- لە وێستگای پاسەکانی کۆمپانیای نەوت.
- لە پڕ شەوق و شادی سەراپام دادەگرێ. حەزدەکەم باڵ بگرم. بێئەوەی بزانم چی دەکەم، دەستی دەگرم و لە لێومی نزیك دەکەمەوە. لێوەکانم گردەگرن. لێی جودا دەبمەوە.
- خوا حافیز.
- خوا حافیز.

***

زۆری ماوە بۆ سەعات سێ و نیو. دەمەوێ لەپێشدا بچمە لای بەربەرو سەرم چاك بکەم. پێی دەڵێم کە ردێنم بتاشێ.

هەوا زۆر گەرم نییە، بۆنی پایزی لێدێ. کە چاوڕەشم بینی و گەڕامەوە، پێڵاوەکانم دەبەمە لای پینەدۆز بۆم لە قاڵب بدا. خراپ پێم دەگرێ. ئێستا کە لە ساڵان و لە مانگان پێڵاوێکم کڕی ئەویش بە پێم تەنگە. چۆن بیرم لێنەکردەوە، خۆ کە لای پێڵاو فرۆشەکە لە پێمکرد، بە ئەندازەی پێم بوو.

بە جۆرێ بیردەکەمەوە وەك بڵێی کەسێ بە دوومدا نەگەڕێ. ئەمە ٤- ٥ رۆژە چ شتێك رووی نەداوە.

هەڵدەستم جلەکانم لە بەردەکەم، دایکم دەپرسێ کە دەمەوێ کێوە بچم. دەڵێم.

- زوو دەگەڕێمەوە دایکە.

دڵتەنگ دەبێ.

- مەچۆ دەرێ کوڕەکەم.
- زۆرم پێ ناچێ.

لە ماڵ وەدەردەکەوم. لەدڵی خۆدا دەوری ئەو قسانە دەکەمەوە کە دەمەوێ بە چاوڕەشی بڵێم. دەبێ غیرەت بنەمە بەرخۆ. هەر چۆنێك بووە دەبێ ئەمجارە پێی بڵێم کەخۆشم دەوێ.

بە پێچ و پەنای کۆڵانەکەدا وەڕێدەکەوم و بەربەر خۆبگرە وا هاتم. خۆ ئەگەر دیداری چاوڕەش لە گۆڕێ نەبا هەرگیز ئەم پێڵاوە نەعلەتیانەم لە پێ نەدەکرد. پێڵاوەکەتانەکانم لە پێ دەکردو بار سووك و سەر سەلامەت. پاژنەی پێم زۆر دەکزێتەوە. ئەگەر نەبێ بە تلۆق باشە. زۆرم نەماوە بگەمە دوکانەکەی توبای عەرەق فرۆش. کە لە ماڵ دەرکەوتم، کەرەم عەلی عەرەبانەکەی ئامادە کرد کە بە مەنجەڵە لۆبیاکەیەوە تا دوکانی توبا بڕوا. بەربەرەکە کۆڵانێك لەسەرووی دوکانی توباوەیە. محەمەد دەلاك، هەندێجار کە مشتەری نەبێ. دێت و لەوێندەر بەسەر پێوە پێکێك هەڵدەداو دەگەڕێتەوە بۆ دوکانەکەی.

بایەکەی، لە بای هاوین ناچێ، هەوا لە پڕ گۆڕاوە. پەڵە هەوری نەزۆك بەری ئاسمانی گرتووە. هەوا بە ئاستەم گەرمە. بۆنی فێنکی لێدێ. بۆنی پایز.

وێستگەی پاسەکانی کۆمپانیای نەوت؟.... بۆ وێستگەی پاسەکان؟... رەنگە مەبەستی ئەمە بێ. بچین بۆ نێو باخەکەی کۆمپانیا یا مەبەستی ئەمەیە کە وەکو نەفەری پاس لە ریزدا بوەستین و قسە بکەین.

لە کۆڵانەکە وەدەردەکەوم. دوکانی دەلاکەکە بەرانبەرمە. پێویستە لە شەقامی سی مەتری بپەڕمەوە. تا ئێرە بە پەناو پاساراندا هاتووم. شەقامەکە دەبڕم و خۆ بە دوکانی بەرەبەرەکەدا دەکەم.

– یائەڵلا خالید، خێر هاتی.

محەمەدی دەلاك سەری لە درۆیان دەخورێ و لە درۆیان پەکی ناکەوێ. هەرکە لە ژێر دەستیا دادەنیشیت ئیدی دەست بە قسان دەکا. ئاگای لە هەموو دەنگ و باسێکی خەڵکی شارە. هێندە دەچێتە بنج و بناوانی خەڵکەوە تا بە تەواوەتی دەزانێ کە کێن و کوێندەرین و چکارەن و پاشان دەیانەوێ چ بکەن.

– .... ئەمە دەبینی؟...

– بەدەم قسەوە، تیغەکەی بە هەسانەکەدا دێنێ.

– ... کە هاتە ئەم شارە، پانتۆڵێکی پینە پیناوی لە پێدا بوو، جانتایەکی خاڵی بە دەستەوە بوو.... هەنووکە بڕۆ سەیرکە، پارەی بەسەردا باریوە... ئیدی کاری خوایە.

ئەوجا بزەیەك دەکاو دەپرسێ:

– مەگەر کاری خوا نییە ها؟

پێدەکەنێ و ددانە درشت و زەردەکانی بە دیار دەکەون.

خۆ بە دوکانەکەیدا دەکەم.

– خێر هاتی خالید.

– بژی.

– تەنك دەردەکەوی.

– لە خزمەتتام.

هەرکە لەبەر دەستیا دادەنیشم دەست دەکا بە قسان و پرسیار.

– بیستوومە کە نیازت وایە ئیدی نەچی بۆ چایخانە... راستە؟

لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆ دەکەم. وەك بڵێی لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا گۆناکانم داتەکی بن. چاڵ کەوتۆتە ژێر چاوانم.

محەمەد دەلاك دەپرسێت:

– بیستم بە تەمای لە کارگەی چنینکاری کار بکەی.... راستە؟ لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکەم. شوێنەواری ئاوڵە. دەموچاوی وەکو شارە زەردەواڵە لێکردووە.

– نەء !... نیازی وام نییە.

– بەڵام من بیستوومە.

قسەکەی پێ دەبڕم:

– قژم کورت مەکەوە... تەنیا تۆزێ زیادو کەمەکانی ڕێك بخەو... پاشان گوێزانێ بە ریشمدا بێنە...

شانەو قەیچی دەکەونە کار. لە ئاوێنەکەوە، دیوارەکەی پشتمەوە دەبینم. لە سەروی دەست شۆرەکەوە ڕەفەیەك هەیە. سەعاتێکی چاڵمە لەسەر ڕەفەکەیە. شەش دەققە لە دوو لایداوە. لەسەر قسەکەم دەڕۆم.

– ... بێ زەحمەت دەست لە سمێڵم مەدە... بە قەڵەم تۆزێ ڕەشی بکە.

سەرگەرمی سەرم دەبێو قسان دەکا:

– زانیت پێرێ چی بوو؟

– نە ء...

– جواد حەشری کرد.

باسی ئەو قاچاخچیانە دەکا کە مامورانی دەوڵەت دوای ئوتۆمبێلەکەیان کەوتوونو قاچاخچییەکان بە تیژی بە شەقامی سی مەتریدا لێیان خوڕیوەو هاوکاری قاچاخچییەکان کورسی چاخانەکەیان توڕداوەتە بەردەم ئوتۆمبێلی مامورەکانو ئوتۆمبێلی قاچاخچییەکان دەرباز بووەو...

هێند بە ئاو تاو دەیگێڕێتەوە وەك ئەوەی خۆی لە بنەچەدا قاچاخچی بوو بێ.

مش محەمەد تۆزێ سەبرکە.

دەست هەڵدەگرێ. دادەنەومەوەو پێڵاوەکانم دادەکەنم. پاژنەی پێم دەکزێتەوە.

– بێزەحمەت ئەو بۆیاخچییەم بۆ گازبکە.

دەرگاکە دەکاتەوەو بۆیاخچییەکە گازدەکا. هەوای دوکانەکە گەرمە. پانکە ئاسمانییەکە بە بن میچەکەوە لەقە لەق دەسوڕێتەوە.

بۆیاخچییەکە وەژووردەکەوێ. پێڵاوەکانی وێدەدەم.

– سەیرکە برادەر، ئەم پێڵاوانەم بۆ لە قاڵب بدە. بە تەواوەتی بیکوتەوە. پاژنەی پێم دەگرێ.

بۆیاخچییەکە پێڵاوەکان هەڵدەگرێو لە دوکانەکە وەدەردەکەوێ و دەرگاکە لە پاش خۆیەوە پێوە دەدا.

سەعات دوو و چارەکە. زۆری ماوە بۆ سێو نیو. چاککردنی قژم زۆر زۆر بەرێ بیست دەقیقەیەك دەبا. محەمەد دەلاك بەدەم قسەوە دەست بەکار دەبێتەوە. وەکو هەمیشە دەکەوێتە قسەی بێ سەروبەر.

من لە فکران ڕادەچمو بیر لە ڕێکخستنی ئەو قسانە دەکەمەوە کە حەزدەکەم بە چاوڕەشیان بڵێم. بە ئەسپایی چاو دەخەمە سەر یەکو بیر دەکەمەوە، (ئەمڕۆکە یا دەبێ شتێکی پێ بڵێم یا...) دەنگی محەمەد دەلاك بیرم دەشڵەقێنێ.

– خەوت دێ ؟

چاو هەڵدێنم.

– نە ء.... کەمێك ماندووم.

دووبارە چاو دەنێمەوە سەر یەك. محەمەد دەلاك قسە ناكا. دەنگی قەیچییەكە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە... دەبێ پێی بڵێم كە خۆشم دەوێ. ئەگەر ئەمڕۆ نەیڵێم ئیدی هیچ كاتێ ناتوانم پێی بڵێم. هەر زات ناكەم قسەی لەگەڵ بكەم.... دەنگی كردنەوەی دەرگاكە دێ، چاوان هەڵدەنێم. عەلی شەیتانە. رەنگ لە رووم نامێنێ. دڵم دەلەرزێ (نەعلەت لە بابت. تۆ تەنانەت نیوەڕۆانیش ئیسراحەت ناكەی؟) لە نێو ئاوێنەكەدا نیگامان یەكانگیر دەبێ. بزەیەكی بۆ دەكەم بزەیەك دەنیشتێتە سەر لێوی. برۆكانی عەینی شەیتان باریك و درێژ تا لا جانگەكانی رۆییشتوون. بە ئەسپایی لێوەكانی لەبەر یەك هەڵێنان.

– ها پایزە برا.

چ چارەیەكەم نییە جگە لەوەی كە دڵسۆزی بنوێنم. بزەیەكی دی بۆ دەكەم، محەمەد دەلاك خێر هاتنی دەكا، ئەوجا ڕوو دەكاتە من و دەڵێ:

– بە گیانی هەرچی مەردە لە ژیانمدا لەم عەلی خانە پیاوترم نەدیوە.... یەك پارچە مەردایەتییە... پیاوە پیاو... هەمیشە نۆكەریم...

عەلی شەیتان لە شوێنێكدا دادەنیشێ كە لە ئاوێنەكەدا یەكدی ببینین. سەعاتەكە رێك لە ژوور سەرییەوەیە. ئێستا، دوو و نیوە.

– چۆنی مش محەمەد؟.

محەمەد دەلاك بەزەردەخەنەوە وەڵامی دەداتەوە.

– لە سایەی سەری ئێوەوە.

ئەوجا لەسەری دەڕوا.

– عەلی خان ئارەزووی چای ترش دەكەن بنێرم بۆتان بێ؟

عەلی شەیتان بێ موبالاتانە دەڵێ:

– فەرق ناكا.

شانە و قەیچییەكە لەسەر مێزەكە دادەنێ و لە دەرگاكەوە سەر دەباتە دەرێ و شاگردی چاخانەی (تریفە) گاز دەكا.

عەلی شەیتان قسە دەكا.

– پێنج شەش رۆژێكە دیار نیت.

كەس وەڵامی محەمەد دەلاك ناداتەوە. لە دوكانەكە وەدەر دەكەوێ.

عەلی شەیتان دیسان دەڵێ:

– پێت نەگوتم.

پشت بە پشتی كورسیەكەوە دەدەم و دەڵێم:

– بۆ نە ء... دیارم.

كە قسە دەكا. بزەی لە لێو نابڕێ. دەزانێ رێك كەوتوومەتە داوەكەیەوەو رێگەی پاش و پێشم لێبڕاوە.

– من ئەم چەند رۆژە نەتم دیوە.

– هەندێجار وا ڕێکدەکەوێ.

بە تەوسەوە دەڵێ.

– هەندێجار پیاوی خۆی دەیەوێ وا ڕێك بکەوێ.. وانا؟

محەمەد دەلاك دێتەوە. بە دەستی خۆی پیاڵە چایەکی لە چاخانەکەوە هێناوە. دەیداتە عەلی شەیتان. قەیچی و شانەکە هەڵدەگرێ و دەکەوێتەوە کارکردن. عەلی شەیتان دەڵێ:

– مش مەمەد،سەری جوان بتاشە، کوڕێکی چاکە.

ددانە زەردەکانی محەمەد دەلاك بە دیار دەکەون.

– نۆکەرتم عەلی خان.

عەلی شەیتان چایەکە تێکدەدا. فڕ فڕ لە لێوی پیاڵەوە دەیخواو بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ قسە دەکا.

– دەزانی مش محەمەد... هەندێ... جار پیاو... حەسودی بە زرنگی... هەندێك... دەبا...

دڵم دادەخورپێ. محەمەد دەلاك سەری قسەکەی لە دەم دەقۆزێتەوە.

– .... ڕاستە فەرمووی عەلی خان... من حەسوودی بە زرنگی ئەم قاچاغ چیانە دەبەم. ئاگات لێ نییە دوێنێ چ شاکارێکیان ئەنجام دا... ئەم جەوادە، یا ئەم خودا بەخشە...

عەلی شەیتان، قسەکەی محەمەد دەلاك دەبڕێت.

– یان بۆ نموونە... عەندەلیب....

چاوانی محەمەد دەلاك ئەبڵەق دەبن:

– عەندەلیب کێیە؟

عەلی شەیتان لەسەری دەڕوا.

– ... دەبێ چەند زرنگ بێ کە لە ناو ئەمنەوە، بە نێو سەد ماموردا هەڵێ...

محەمەد دەلاك سەری لێ شێواوە. هەموو شتێکم بۆ ڕوون دەبێتەوە، عەلی شەیتان، سەروبنی هەموو مەسەلەکە دەزانێ. دەزانم لێبڕاوە بە قسەکردن ئیعترافم پێ بکاو دەزانم کە ئەمڕۆ بە ئاسانی لە بەرۆکم نابێتەوە. لە پڕ ئازای گیانم لە خەم دەنیشێ. نیگای بێ باوەڕی محەمەد دەلاك بەزاری عەلی شەیتانەوە گیرساوەتەوە. عەلی شەیتان هێدی و لەسەر خۆی قسە دەکا. بزە لە لێوی نابڕێ.

– جا بەرۆژی ڕوناکیش... دەزانی مش محەمەد، مرۆڤ دەبێ یەکجار زرنگ و وریا بێ.

جگە لەوەی نیگای بکەم و بۆی بگرژێمەوە چ چارێکی دیم نییە. محەمەد دەلاك تاقەتی ئەم مەتەڵەی نییە. قسەکانی عەلی شەیتان پشت گوێ دەخات و ڕوو دەکاتە من.

– گوتت سمێڵت نە تاشم.

– نەخێر... مەیتاشە.

عەلی شەیتان قسان دەکا. وەك بڵێی خۆی دەدوێنێ.

– بۆ گۆڕینی سیما خراپ نییە. پیاو ناتوانێ هەمیشە یەك سیمای هەبێ، بێتاقەت دەبێ...

محەمەد دەلاك، سابون لە دەمو چاوم دەداو دەست بە تیژ کردنی تیغەکەی دەکا. شەش دەققەی بۆ سەعکات سێ ماوە. لێرەوە تا وێستگای پاسەکانی کۆمپانیای نەوت هەر چارەکە سەعاتێك دەبێ ئەگەر بە تەکسی بڕۆم (٥) دەقیقەیە. بەڵام دەرباز بوون لە دەستی عەلی شەیتان گاڵتە نییە. ئەمڕۆ لێبڕاوە تۆڵەی بەرودوام لێبکاتەوە.

محەمەد دەلاك تۆزێ کۆلۆنیا لە روومەتەکانم دەداو. بە قەڵەم سمێڵم رەش دەکاتو ئاوێنەکە لە پشت سەرمەوە رادەگرێ.

– زۆر سوپاس.

بەروانکەکە لە گەردەنم دەکاتەوە. پێی دەڵێم:

– مش مەمەد بێ زەحمەت ئەو بۆیاخچییە گاز بکە پێڵاوەکانم بێنێتەوە.

بۆیاخچییەکە پێڵاوەکانم دێنێتەوە. لەسەر کورسییەکە دادەبەزم. محەمەد دەلاك فەرموو لە عەلی شەیتان دەکات.

– نەخێر... من سەرم چاناکەم.

دیسان خوڵکی دەکا.

– فەرموو با سەرت شانە بکەم.

لە جێیەکەی عەلی شەیتان دادەنیشم. ئەویش لە شوێنەکەی من دادەنیشێ .دادەنەومەوە تا پێڵاوەکانم لە پێ بکەم. پێم تلۆقی کردووە. محەمەد دەلاك دەکەوێتە شانەکردنی سەری عەلی شەیتان. هەڵدەستم کە لە دوکانەکە وەدەربکەوم. دەنگی عەلی شەیتانە.

– دەققەیەك سەبر کە کارم پێتە.

بزە بە هیچ جۆرێ لە لێوی نابڕێ. دادەنیشمەوە. چاکەتەکەی عەلی شەیتان لە پشتەوە بەرز بۆتەوە. دوو دەققەی ماوە بۆ سەعات سێ. دڵم وەکو چۆلەکەی ترساو دەلەرزێ.

محەمەد دەلاك، بە قەیچی موی کونە کەپوی عەلی شەیتان دەبڕێ. بڕۆکانیشی شانە دەکا. عەلی شەیتان لە جێی خۆی ناجوڵێ. لەسەر کورسییەکەوە نیمچە ئاوڕێ دەداتەوەو چاو لە دوڕ چاوانم دەبڕێ.

– ئێ؟

لە قسەکەیدا بۆم دەردەکەوێ چ راوە رێوییەك داد نادا. بەمن بێ مشتێ بدەم بە دوڕ دەویداو هەموو ددانەکانی هەڵوەڕینمە ناو دەمییەوە. بزە بێ مەعناکەی هێندەی دی پەستم دکا. بۆ چەند ساتێ – بێئەوەی چ قسەیەك بکا– تەماشام دەکا. ئەوجا روو لە محەمەد دەلاك دەکا:

– دەتوانێ چەند دەقیقەیەك بچییە دەرەوە؟

محەمەد دەلاك دەڵێ: بەڵێ بە چاوان.

لە دوکانەکە وەدەردەکەوێ و دەرگاکە دادەخا. عەلی شەیتان هەوەڵجار کۆکەیەك دەکاو ئەوجا بێئەوەی بزە لە لێوی ببڕێ. دەست بە قسان دەکا.

– ئێ کاکە...

دان بە وشەکاندا دەنێ. هێواش قسە دەکا.

– نە تۆ ماتەڵ دەکەمو نە خۆم. هەموو شتێکت دەخەمە دەست... بەڵام بە مەرجێ ئاقڵ بی و ئاقڵانە وەڵام بدەیەوە...

ئێستا، بزەکەی نەماوە. نیگام دەبڕمە چاوانی سەوزی بێ تروکەی.بە کاوەخۆ لەسەری دەڕوا:

– ... من ئەمە دەزانم کە تۆ پێنج ڕۆژ بەر لە ئێستا لە نێو ئەمنەوە ڕات کرد. هەڵبەت ئەم زرنگییەتم پێ خۆشە. بەڵام حەزدەکەم ئەم زرنگییە لەگەڵ مندا بەکار نەیەنی.

چاوەڕێ دەکا کە شتێك بڵێم. وام پێ چاکە بە هیچ جۆرێ قسە نەکەم. دیسان دەڵێ:ئەمەش دەزانم کە دەتویست یەك جانتا ڕۆژنامەو بڵاوکراوە بۆ بەندەر بەری، بەڵام گیرای. ئەو پاسەوانەی کە تۆ لە دەستی هەڵاتووی ئێستا گیراوە. ژن و منداڵەکانی نە خەویان هەیە نە خواردن. نیشانەکانی تۆیان بە دە مامور داوە کە بتدۆزنەوە. بەڵام خۆت دەزانی؟ هەر یەکەمجار کە بیستم کراسێکی خانەخانەی شین و سوور، پانتۆڵێکی کەتانی شینی لە بەربووە، دڵنیا بووم کە تۆی. ئێستا دەتوانم یەکسەر بتبەم بۆ ئەمن، لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە بۆ من.

قسەکانی تەواو دەبن. دەست دەباو لە ژێر چاکەتەکەیەوە کەلەپچەیەك دەردێنێ. لەو کاتەدا کە خەریکی کەلەپچەکە دەبێ. پێشی چاکەتەکەی وەلادەکەوێ و دەسکی قاوەیی دەمانچەکەی بە دیاردەکەیێ. وا هەست دەکەم دەیەوێ چەکەکەیم نیشان بدا. نیگام لە دەسکی دەمانچەکەوە دەفڕێ بۆ سەر سەعاتەکە، بیست و چوار دەققەی ماوە بۆ سێ و نیو. کەلەپچەکە دەخاتەوە جێی خۆی و چاکەتەکەی ڕێك دەخاتەوە. پیس گرفتار بووم. گەر قەرارم لەگەڵ چاو ڕەش نەبا دەرفەتی زیاترم دەبوو کە لە چنگی دەرباز ببم. عەلی شەیتان سەیرم دەکا. چاوە سەوزەکانی و بزەکەی سەر لێوی سەرکەوتنیان پێوە دیارە. هەستدەکەم بەکورسییەکەوە داکوتراوم. دەڵێی ناتوانم لە جێی خۆ ببزووم. دەنگی عەلی شەیتانە.

– ئێ... چ دەڵێی؟

گەر پێڵاوەکانم لە پێدا نەبوایە باشتر بوو. ئومێدی ڕاکردنم هەبوو. بەم پێڵاوانەوە تەنانەت ناتوانم دە هەنگاویش ڕابکەم. بریا پێڵاوە کەتانەکانم لە پێ کردبوایە.

– شتێ بڵێ.

بزەیەکی بێ مەبەست لە لێوم دەنیشێ.

– بە سەهو چوویت.

– یەعنی چی؟

– یەعنی ئەوە من نەبووم.

بە چاوی خۆ دەی بینم کە حایر دەمێنێ. بە تەما بوو هەموو ئیعترافێك بکەم. قسەکردنەکەی جۆرێ بوو وەك بڵێی پێشوەختە هەموو شتێکم قبووڵ کردبوو.

لە پڕ دەنگی نزم دەبێ.

– گوتت کە ... بە سەهوو چووم؟

چاوەکانی چکۆلە دەبنەوە. سەر دەلەقێنم. محەمەد دەلاك بە نوکی قامك لە شووشەی دەرگاکە دەدا. سەیری دەکەین. لەگەڵ مشتەرییەکدا، لە پشت دەرگای دوکانەکەوە وێستاوە. بە دەست و

به چاو ئیشارەت بۆ عەلی شەیتان دەکا کە مشتەری هەیە . عەلی شەیتان حاڵی دەکا کە جارێ سەبر بکا. محەمەد دەلاك پەست دەبێ. عەلی شەیتان روو دەکاتەوە من:

– یەعنی دەتەوێ بڵێی کە تۆ نەبووی لە ئەمن ڕاتکرد.

– نەخێر!

– زۆر چاکە... تاقییت دەکەمەوە.

لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێ.

دەڵێم:– تاقی کردنەوە؟

زۆر بێباکانە دەڵێت:– بەڵێ، تاقیت دەکەمەوە... پێکەوە دەچین بۆ ئەمن. هەموو ئەو مامورانەی کە لە سێ ریانی بەندەر گیراون حازرو زندوون... ئەو مامورەش کە لەگەڵت بوو هەر لە وێندەرە...

دەست دەکا بە ژێر چاکەتەکەیدا.

– هەستە.

لە جێی خۆ ناجوڵێم.

– پێم گوتیت هەستە.

لە پڕ خوێن دەزێتە دەموچاوم. سەیری سەعاتەکە دەکەم. سێ و دە دەقیقەیە. دەنگم گڕ بووە. گەرووم وشکەو زمانم ناگەڕێ.

– باشە تۆ چیت لەمن دەوێ؟.

– هیچ.

مەچەکم دەگرێ. دەیەوێ کەلەپچەم لە دەست بکا. خۆم رادەپسکێنم.

– باشە بۆ دەبێ لەگەڵتا بێم بۆ ئەمن؟

– لە بەر ئەوەی کابرایەکی قاچاغیتو منیش ماموری دەستگیری تۆم.

ناتوانم مەچەکم لە دەستی دەربێنم. بێئەوەی سەیری یەکدی بکەین یا قسە بکەین یەکدی رادەپسکێنین. ئەڵقەی کەلەپچەکە لە دەستم توند دەبێ.

– خێرا هەستە.

ئێستا لە بری بزە، لەرزە کەوتۆتە سەر لێوی. سمێڵە زەردە باریکەکەی بە ئەسپایی دەجوڵێ دەیەوێ لەسەر کورسییەکە هەڵمسێنێ. دەڵێی بە کورسیەکەوە داکوتراوم. هەرا لە دڵمدا بەرپا بووە. پاش ئەو هەموو تامەزرۆییەم بۆ چاوڕەشو ئێستاکە قەراره یەکدی ببینین کەوتمە داوی شەیتانەوە. مەچەکم لە کەلەپچەکەدایە. وام دێ بە خەیاڵدا کە لە پڕ رابمو چەکەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەرێنمو وەکو چۆن رەحیم ولاخدار سەری سەبیلەکەی بەلاجانگی رەزواندا کێشا، بە دەسکی دەمانچەکەی بکێشم بە لاجانگی داو هەڵێمو ... چ دەبێ با ببێ.

عەلی شەیتان بە جۆرە ئەمرکردنێکەوە قسە دەکا.

– پێم گوتیت بە خۆڕایی ماتەڵ مەبە.

محەمەد دەلاك لە پشت دەرگاکەوە بێ قەرارە. مەچەکی کابرای گرتووە تا نەڕوات، کابرای مشتەری زەلامێکی قوچی لاوازی چەفییە بەسەرەو وەکو بەرخ دەڕوانێتە نێو دوکانەکە. محەمەد دەلاك بێ تاقەتە. بە نێو لەپ بە شووشەی دەرگاکەدا دەکێشێ. دەزانم دەیەوێ بزانێ مشت‌ومڕی من‌و عەلی شەیتان لەسەر چییە. عەلی شەیتان چ حسێبێك بۆ محەمەد دەلاك ناکا.

هەموو هۆش‌و گۆشی لای ئەوەیە کە لەسەر کورسییەکە هەڵم بسێنێ‌و وەڕێ بکەوێ.دەبێ بیرێ لە حاڵی خۆ بکەمەوە، کاتەکە خەریکە دەڕوا. سەر دادەخەم‌و بە دەنگێك کە بۆنی تەسلیم بوونی لێدێ دەڵێم:

– گریمان لەگەڵتدا بۆ ئەمن هاتم‌و دەرکەوت کە هەڵاتوم... ئەو کاتە تۆ چیت پێ دەبڕێ؟

قسە کردنی عەلی شەیتان زۆر نا دۆستانەیە.

– پێویست ناکا من هیچم پێ ببڕێ. من بابایەکی مامورم‌و ئەرکی خۆ ئەنجام دەدەم.

هێشتا سەرم داخستووە. دەڕوانمە نووکی پێڵاوەکانم، لەبەر خاتری دیداری ئەوڕۆ، چەندم زۆر لە خۆ کرد تا پارەی ئەم پێڵاوانەم دا. بێ هیچ بەرگرییەك، دەستم تەسلیمی دەکەم‌و دەڵێم:

– باشە ئەگەر بە مەیلی تۆ رەفتار بکەم چی دەبێ؟

نەرم دەبێ. کەلەپچەکە دەکاتەوە، دەکشێتە دواوەو لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێت. نیگای دەکەم. هەمان بزەی فێڵاوی نیشتۆتە سەر لێوی.

– پێدەچێ بتەوێ ئاقڵ بی؟

بە ئەسپایی دەڵێم:– ئاخر تۆ رێی بەرودوا لە پیاو دەگری.

هەستدەکەم بە هەر چوار پەلەوە گیرۆدەی داوەکەی بووم. دەبێ بیرێ لە حاڵی خۆ بکەمەوە.

– کەواتە ئامادەی؟

نازانم دەبێ بۆ چ کارێك ئامادە بم، دەڕوانمە سەعاتەکە. ئەگەر بە پێیان بڕۆم رێك لە وەختدا دەگەم.

– دەبێ چ کارێ بکەم؟

بێئەوەی بەباشی دان بە وشەکاندا بنێ دەڵێ:

– هاوکاریم لەگەڵدا بکە.

– هاوکاری؟

– منیش یارمەتیت دەدەم. هەر کارێکم لە دەست بێ..

بە تەواوی کەوتومەتە هەوڵ‌و تەقەلای ئەوەی کە قسەیەك بدۆزمەوەو بیکەم. هەرچییەك بڵێم، دەستەکەم کەشف دەبێ. لەو زۆڵانەیە کە قسەی بێ سەروبەری بەسەردا تێناپەڕێ. تێپەڕ بوونی کاتەکەش نیگەرانم دەکا. قیروسیا دەکەم‌و قسەی خۆ دەکەم.

– دەزانی من ئەمڕۆکە فرسەتی دانیشتن‌و قسەکردنم نییە. دەبێ بڕۆم و فریای کاری خۆ بکەوم.

دەپرسێت:– کۆبوونەوەت هەیە؟

بەسەرسامی دەڵێم:– کۆبوونەوە؟

– ئەدی چی؟

قسەکە دەگۆڕم:

– با قەرارێ دابنەین بۆ دوایی تا بە ئاسوودەیی دانیشین و قسان بکەین. سیمای وا دەنوێنێ کە خەریکە بیری لێدەکاتەوە. چەند ساتێك بێدەنگە.

محەمەد دەلاك مەچەکی مشتەرییەکەی بەر نەداوە. مشتەرییەکە خەریکە توڕە دەبێ. محەمەد دەلاك بە نێو لەپ لە شووشەی دەرگاگە دەدا، عەلی شەیتان گوێی ناداتێ. هەموو هۆش و گۆشی سەرگەرمی منە. دەبێ بە هەر جۆرێ بووە لە دەستی رزگاربم. عەلی شەیتان دەپرسێت:

– ئەگەر تۆ لە جێی من بای قبوڵت دەکرد؟

وا خۆ دەنوێنم کە هەق بەمنە.

– ئەگەر متمانەو باوەڕم بە خۆت و قسەکەت بوایە، بەڵێ.

نیگای دەبڕێتە دوڕ چاوانم و دەپرسێت:– باشە باوەڕم بە قسەکەت هەبێ؟

شانەکانم هەڵدەتەکێنم:– نازانم.

لێوەکانی لێکدی دەسوێ و بێدەنگ دەبێ. وەك بڵێی خەریکە بیردەکاتەوە.

نیگای بڕیوەتە عاردی. دەڕوانمە سەعاتەکە. ئەگەر نەکەومە خۆ درەنگم بەسەر دێ. دوا قسەم دەکەم، زۆر هێدی و بە متمانەوە:

– من ئەمڕۆکە، تاقەتی قسەکردنم نییە... تەنانەت ئامادەم لەگەڵت دا بێم بۆ ئەمن بەڵام قسە نەکەم...

چاو هەڵدەبڕێ. وەك بڵێی قسەکەم خەریکە کاری خۆی دەکا. لەسەری دەڕۆم.

– ... بەڵام ئەگەر ڕێم بدەی بڕۆم، جارێکی دی...

قسەکەم دەگۆڕم. تەنانەت دەنگیشم دەگۆڕم.

– ... ئەمە جگە لەوەی کە من دەتوانم کێوە بچم؟ هەمیشە لەبەر دەستتدام...زۆر زۆر وریا بم ئەوا توانیم ١٠– ١٢ ڕۆژێك خۆمت لێبشارمەوە...پاشان چی؟....

قاییل دەبێ. جۆرە دڵنیاییەك دەنیشێتە سەر چرچەکانی نێو چەوانی: – زۆر چاکە.

پڕ بە سییەکانم هەناسە هەڵدەمژم.

دەپرسێت:– وەعدمان کەی بێ؟

شانەکانم هەڵدەتەکێنم:– بۆ من فەرق ناکا.

دەڵێ:– ئەمشەو

سەرم بەم لاو بەولادا بادەدەم.

– نەء!..

لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێ:– ئەدی کەی؟

محەمەد دەلاك تاقەتی چووە. مشتەرییەکە خەریکە مەچەکی لە دەستی محەمەد دەلاك دەربێنێ و بڕوات. محەمەد دەلاك بێ گوێدان بە عەلی شەیتان پاڵێ بە دەرگاکەوە دەنێ و بە بۆڵەبۆڵ وەژوور دەکەوێ.

دەڵێم:– هەینی، بەیانییەکەی.

محەمەد دەلاك نیگام دەکا، پاشان مشتەرییەکە رادەکێشێتە پێشیٚو لەسەر کورسییەکە دای دەنیشێنیٚو بەروانکەکە لە دەوری گەردنی دەئاڵێنیٚ.

عەلی شەیتان قاییل دەبیٚ، بە دوو قۆڵی لە دەلاکخانەکە وەدەر دەکەوین، کاتو شوێنی دیدارەکەمان دیاری دەکەین:– سەعات دەی بەیانی، کەناری کارون، پشت باغی "ریچی".

***

تەکسیم دەست ناکەویٚ، چەند دەققەیەك دواکەوتووم ،پاسێك وەستاوە وخەریکی حەرەکەتە. نیگای چاو رەش سەرگەردانە. کە دەگەم، نیوەنەفەس بووم، تەوێڵو گۆناکانم شەڵاڵی ئارەقەن. چاوڕەش بزە دەیگریٚ. پانتۆڵێکیٚ کەتانی سپی پۆشیوە. تەنوورەکەی کڵۆشو کورتە. قژی بە داوێکی خوری زەردی ئەستور لە پشتەوە بە ستووە. رەکتێکی تەنسی بە دەستەوەیە. پاکەتێکی تەنەکەی دەرێژیشی پێیە. سڵاو دەکەم. سواری پاسەکە دەبین، ئیشارەت بۆ پاکەتەکە دەکەمو دەپرسم:– ئەمە چییە؟

– تۆپی تەنسە.

لە پاڵ یەکدی دادەنیشین. ڕانی دەقەرسیٚ بە ڕانمەوە. پڕ دەبم لە لەزەت. دەنگی دەژنەوم. دەڵێی خەون دەبینم.

– سمێڵت لیٚ نایەت.

دەشڵەژێم. هەموو ئەو قسانەم ،کە ئامادەم کردبوون، لە بیردەچنەوە.

تیتییەکە دیٚ. بۆ خۆی کارتێکی نیشان دەداتو بۆ منیش بلیتی دەداتیٚ. کارتەکەی لە دەست وەردەگرم، دەڕوانمە وێنەکەی، لێوی بە ئاستەم لێکدی ترازاوە، دەڵێی تۆزیٚ بەر لە ئێستا لە ماچێك جودا بۆتەوە. قژی مەڵۆ ئاسا بەسەر شانیا کەوتووە. پەرچەمی تاسەر برۆکانی هاتووە... دەڵێی سەیری شتێك دەکا لە بنەڕەتدا بوونی نییە.

پیاو ناتوانیٚ ئاسۆی نیگای وێنەکە بدۆزێتەوە. غەبغەبە چکۆلەکەی ئەوەندە رێكو دڵگیرە هەر حەزەکەی بیمژی.

– بۆ وا حایر بووی؟

رادەپەڕم.

– هیچ، سەیری وێنەکەم دەکرد.

کارتەکەی وێدەدەمەوە. دەپرسێت:

– ئیٚ، دەتویست چیم پیٚ بڵێی؟

دەشڵەژێم.

– ئێرە جێی نییە.

پاسەکە قەرەباڵغ نییە. چەند پیرێژن، چەند پیرەمێرد، چەند کیژو کوڕێك لێرەو لەویٚ دانیشتوون. هەموو جلی جوانیان لەبەرە، جلەکانی من خرا نییە، بەڵام لە هی ئەوان زۆر جیاوازترە.

پانتۆڵە کەتانە شینەکەمو کراسە خانە خانەکەم لە بەر کردووە.

پاسەکە دوا ماڵەکانی کۆتایی شار بە جێ دێڵێ. ئێستا گەیشتووینەتە هەوەڵی خانووەکانی کۆمپانیای نەوت. بە ژێر درەختی چنارو بیی بەرزدا تێدەپەڕین. پاسەکە چەند پێچێکی خۆش دەبڕێ. بە نێو خانووەکانی کۆمپانیای نەوتدا کە هەموویان بە پەرژینی مۆردی سەوز دەورە دراون، رەت دەبێو لەبەر سەیرانگاکەدا دەوێستێ. هەوای ئێرە بە تەواوەتی لە هی شار جیایە.

لە پاسەکە دادەبەزین. کارتەکەی نیشان دەدا، دەچینە سەیرانگاکەوە.بە کەنار هۆڵێکی گەورەی سەر پۆشراوی زستانەدا تێدەپەڕین. لە پشت هۆڵەکەوە پانتاییەکی چیمەنکاری گەورە هەیە کە تا کەنار کارون دەڕوا. چ کەسێك لە حەوزەکەدا مەلە ناکا. لە پشت حەوزەکەوە، مەیدانی یاری تەنس هەیە. نەرمە بایەکی فێنك لە کارونەوە دێ. بە دەوری حەوزەکەدا دەسوڕێینەوە. دەنگی چاو ڕەش لەگوێمدا دەگیرسێتەوە.

– شتێك بڵێ.

دەنگم دەلەرزێ.

– دەڵێم.

بە قەراغ تۆڕبەندی یەکێك لە مەیدانەکاندا دەڕۆین. ژنو پیاوێك لە مەیدانەکەدا یاری دەکەن، پیاوەکە، قەڵەوێکی کورتە باڵای پانکۆڵەی میانە ساڵی سەر رووتاوەی کەپو فسە.

– ئەمە مامۆستای منە.

– مامۆستا؟

– تەنسم فێر دەکا.

کابرا، تۆپەکە لە حەوا دەگرێتەوە. نیگامان دەکاو دەست هەڵدەتەکێنێ، پاشان بەرەولامان دێ. لە پشت تۆڕبەندەکەوە دەوەستین.

– چۆنن؟

چاو ڕەش بەدەم زەردەخەنەوە چاكو خۆشی لەگەڵ کابرا دەکا، کابرای قەڵەو دەڵێ:

– دەمێکە دیار نیت.... وا بۆ "١٠" مەشق دەچێ.

– دەرسو دەورم هەیە.

کابرای قەڵەو ئاماژە بۆ لای ژنە هاووازییەکەی خۆی دەکا کە بێ موبالات لە مەیدانەکەدا وێستاوە.

– ئێستا تەواو دەبێ...

بزەیەك دەکاو لەسەری دەڕوا.

– تاقەتی بردووم.

ئافرەتەکە، درێژێکی ڕەقەڵەی ڕەنگ زەردی چاو زەقی ناشیرینە، کابرای سەر رووتاوە هەر سەیرم ناکا. هەر لە یەکەم نیگاوە بۆم بە دیارکەوت کە نایەوێ وجودم بۆ دانێ.

– ... ئێوە لێرەن؟

چاو ڕەش دەڵێ:

– بەڵێ، بەڵام پێدەچێ تاقەتی یاری کردنم نەبێ.

کابرای میانە ساڵ سەری سوڕ دەمێنێ:- تاقەت؟

و لەسەری دەڕوا.

- ... تۆ لەم تەمەنەدا نابێ باسی تاقەت بکەی.

چاو رەش خۆی دەدزێتەوە.

- یەعنی... وەك بڵێی ماندووم... هێندەم دەرس خوێندووە کە...

نیگای یارۆی سەر رووتاوە لەسەر رەکتەکەی چاو رەشە.

- ئێستا تەواو دەبێ.

و دەڕوا.

- لەم ناوە بە ، تەمەڵی نەتگرێ.

لەم بەختو یەغباڵە! لە دەستی عەلی شەیتان رزگار بووم‌و کەوتمە چنگی ئەم کەمتیارەوە.

یارۆ دەست بە یاری دەکا. دەکەوینە رێ. لە پشت دووەم مەیدانی تەنسەوە بەرەو کەناری کارون دەڕۆین. کەنارەکە بەرزو بەردینە.

ئاوەکە، ئارام‌و هێدی خۆی بە تاوێری کەنارەکەدا دەکێشێ‌و تێکەڵ بە یەکدی دەبێ. لەسەر یەکێك لە تەختەکان دادەنیشین. رەنگی تەختەکە، سەوزێکی تێرە.

کارون لەبەر دەمماندایە‌و هێمنی و رازێکی قووڵی لە خۆ گرتووە. هەردوو بێدەنگین. نازانین لە کوێوە دەست پێبکەین.

- ئێ... شتێ بڵێ.

دەکەومە مینگە مینگ‌و پاشان بەپەلەو پچڕ پچڕ دەڵێم:- دەزانی... حەزم دەکرد بت بینم‌و پێت بڵێم هەر کاتێ بگیرێم، دەگیرێم.

نازانم بۆچی بێ چ پێشەکییەك ئەمەم گوت.

- تۆ بگرن؟!

بێئەوەی بە دەستە خۆم بێ، زۆر بە ئاوو تاو باسی هەڵاتنەکەی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە. سەرگەرمی قسەکردن بووم. ئارەقم کردۆتەوە. سەرم داخستووەو قسە دەکەم. لە قسەکانمدا گیرۆدەیی‌و غرور بەدی دەکرێ، کە لە قسە دەبمەوە، سەر هەڵدەبڕم‌و نیگای دەکەم. زاری چاوڕەش نیوەکراوەیە. بێ چاو تروکاندن نیگام دەکا. دڵۆپە ئارەقە بەسەر تەوێڵمدا دەخزێ. هاڕەو هاژەی کارون لە گوێم دایە. بۆنی تاڵی درەختانی بی‌و بۆنی تورتی درەختانی میموزاو بۆنی چیمەن هەموو تێکەڵ بە یەك بوون و دەم‌و لوتیان پڕ کردووم. چاو رەش لە پڕ دەست بۆ زاری دەباو بە دڵ دەڵێ:

- وای کە خۆش بوو.

ئێستا رەنگی چاوەکانی زەیتونی دەنوێنێ. سەرسامی لە سیمای نیشتووە. چاوەکانی رەش هەڵدەگەڕێن‌و لە پڕ لە قاقای پێکەنین دەدا. منیش لەگەڵی پێدەکەنم. ئەوجا، زات دەکەم‌و قۆڵم دەخەمە سەر پشتی تەختەکە.

هەرکە پاڵ بداتەوە دەستم دەکەوێتە سەر شانی. گرفتاری جۆرە گێژییەکی خۆش بووم. دەنگی دەژنەوم. دەڵێی لە دوورەوە دێ. دەڵێی لەگەڵ شنەی بەهارا دێت و گوێم پڕدەکات.

– کەواتە ئەو رۆژەش کە خۆت بە ماڵی ئێمەدا کرد، لە شوێنێکەوە هەڵاتبووی؟

حەز دەکەم شەیدای بکەم. حەزدەکەم چیرۆکێکی قارەمانانەی ئەوتۆی بۆ بهۆنمەوە کە لەسەرسامیدا گێژ ببێ. بەڵام دەترسم. دەترسم دەستەکەم کەشف بێ. بە ئەسپایی دەڵێم.

– نەء ، ئەو رۆژە تەنیا لە میتینگدا بەشداریم کردبوو.

هەتاو خەریکە دەنیشێتە سەر کەناری کارون. کلکەی ئاسمان نارنجی هەڵگەڕاوە. تیشکی هەتاو تێکەڵ بە وردە شەپۆلانی قورقوشم ڕەنگی کارون بووە. ئاسمان سافە. لە دوورەوە بۆنی خڕاڵی تازە سەر دەرهاتوو دێ. تەشکی هەوا شکاوە.

– بەردەوام بە.

ئێستا، زاتی قسەکردنم پەیدا کردووە، ئێستا لە قسەکردن گەرم بووم. باسی ئەو شەوەی بۆ دەکەم کە پەیمان هات و هەواڵی دامێ و سوپاییان هاتن و هیچیان دەست گیر نەبوو. ئەوجا بەسەرهاتی دەلاکخانەکەی محەمەد دەلاکی بۆ دەگێڕمەوە.

– ... ئۆقرەم لێ بڕابوو. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر نەتوانم لە چنگی عەلی شەیتان دەرباز بم و نەیەم، تۆ چە خەیاڵی دەکەی.

ئێستا، دنیا تاریك بووە، لێرەو لەوێ، گڵۆپی سپی شیری لە نیو چیمەنەکەدا هەڵبووە. چاوانی چاوڕەش دەبریسکێنەوە، دەستم لە پشت شانییەوە دێنمە خوارێ ،کاتێ بەخۆ دەزانم کە دەستیم گرتووە. هەردووکمان بێدەنگ بووین. دەنگی کارون قورسە. بە ئەسپایی دەستی دەگوشم. بزەیەك گوڵ ئاسا لە سەر لێوی دەپشکوێ. بە ئەسپایی دەڵێم:

– ئێستا نۆرەی تۆیە، تۆ قسەم بۆ بکە.

– قسەی چی؟

– باسی خۆت.

سەری دادەخا. مەڵۆی قژی بە سەر شانیدا بڵاودەبێتەوەو ئەوجا زۆر بە ئەسپایی، بە جۆرێ کە بە زەحمەت دەەبیسترێ، دەڵێ:

– خۆشم دەوێی.

لە پڕ دڵم دادەخورپێ. چاوەڕوانی ئەمە بووم. گەرم دادێم. لاجانگەکانم پڵ دەدەن. دەست دەخەمە ژێر چەناگەی. سەری بەرز دەکاتەوە. نیگامان ئاوێتەی یەکدی دەبێ. هەردوو بزە دەکەین و نازانین چ دەبێ کە لە پڕ هەست بە گەرمی لێوی لەسەر لێوم دەکەم. ئەوجا تۆزێ لێی دوور دەکەومەوە. دەڵێی هەموو شتێك لە خەوندا ڕووی داوە، هەرچی دەکەم ناتوانم باوەڕ بکەم. هێشتا مەستی گەرمی لێوەکانی بەری نەداوم کە گوێم لە دەنگی دەبێ.

– بۆ دوور کەوتییەوە.

پڕ دەبم لە لەزەت. دیسان لێی نزیك دەبمەوەو لێی دەپرسم.

– دەتوانم جاری تریش بت بینم؟

هێنده به نەرمی قسه دەکا دەڵێی عەتری هەرچی گوڵی بۆن خۆش هەیە لە زارییەوە دەبارێ.
– بە من بێ هەمیشە بت بینم.
مەستی نیگایم، مەستی لەرەی لێوەکانی. لە سەری دەڕوا:
– بەڵام دەزانی؟... تەنیا رۆژانی سێ شەممە دەتوانم بێمە ئێرە.
پەنجەکانمان لێکدی ئاڵاوە. هەڵدەستین و وەرێ دەکەوین. دەگەینە مەودای روناکی گڵۆپە گەورەکانی تەلاری سەیرانگاکە. دەوەنە خورمایەك لەبەر دەممانەوەو لە سەر عاردەکە پان بۆتەوە. بەسەر چیمەنەکەدا دەڕۆین ، هەست دەکەم باری لەشم سووك بووە. خەریکە باڵ بگرم. قامکی چاو رەش دەگوشم. دەگەینە دەوەنە خورماکە. گەڵاکانی عەینی سەرەنێزە چوون بە یەکدا. من بە لای چەپی دەوەنەکەدا رەت دەبم، چاو رەش بەڕاستی دەوەنەکەدا رەت دەبێ. دەستمان بەسەر دەوەنەکەدا دەخشێ، چەند گەڵایەکی سەرە نێزە ئاسای دەوەنەکە دەگاتە مەچەك و دەستمان.
دەوەنە خورماکە زۆرپانە قامکەکانمان لێکدی دەترازێ. نووکی چەند گەڵایەك لە نێو لەپمان رۆ دەچن. حەزدەکەم قامکەکانی بگرمەوە. حەزناکەم دەستمان لێکدی جوێ بێتەوە. گەڵای دەوەنەکە لەسەر پانتۆڵە کەتانەکەمەوە، جزە لە لاقم هەڵدەستێنێ، هەوڵ دەدەم قامکەکانی چاو رەش بگرمەوە بەڵام ناتوانم. نووکی قامکەکانمان لێکدی دەسوون و دەستی یەکدی بەر دەدەین.
***
مەلا ئەحمەد، ژوورەکەی رەحیم وڵاخداری بەکرێ گرتووە. بەر لە هەتاوکەوتن مەلا ئەحمەد و ژنەکەی و هەر پێنج کیژەکەی، شرەو پرەکانیان لەسەر سەر دەنێن و دێن.
مەلا ئەحمەد، لەگەڵ خاوەن خانووەکەدا رێکەوتووە کە ساباتی وڵاخەکانیش بدرێ بەو تابیکا بە حوجرە بۆ شاگردەکانی.
کیژەکانی مەلا ئەحمەد هەموو رەنگ زەردو لاوازن. لە هەشت ساڵانیانەوە تا هەژدە ساڵان، زۆریش دەربەستی خۆ پۆشین نین. تەنانەت مەلا ژنیش کە بە نێو حەوشەکەدا دێ و دەچێ گەر پیاوانیش دانیشتبن چارشێو بەسەرا نادات. من و کەرەم عەلی بە پیاو نازانێ، داوی سپی کەوتوونەتە ڕدێنی مەلا ئەحمەد. ڕدێنی دەبزوێ و بەردەوام قسە دەکات و دەستوور دەدا.
کیژەکان، دەکەونە کارکردن. ژوورەکە دەماڵن و ئاوڕشێنی دەکەن. ئەوجا جل و جنجوڕەکانیان ڕادەخەن. ئاخوڕی وڵاخەکان و تەنوورە نیوە روخاوەکەی سەنەم تێك دەدەنەوەو بەو دەستەبەرە شکاوەی ، سەر کۆترخانەکە دارو پەرووەکەی دەڕێژنە کۆڵان. ئەوجا هەموو پێکەوە ژێر ساباتەکە رێکدەخەن و ئاوڕشێنی دەکەن و حەسیری لێڕادەخەن.
کیژەکانی مەلا ئەحمەد، بە هەموو لەڕو لاوازییەکیانەوە، وەکو کرێکاری بەکار کاردەکەن.
لەگەڵ نیوەڕۆدا لە هەموو کارێ دەبنەوە.
ردێنی مەلا ئەحمەد دەبزوێ.
– دەی منداڵینە، ئێستا ئامانەکان بێنن و لە حەوزەکەدا بیشۆن.

کیـژەکان، مەنجـەڵ، مەنجەڵۆکـە، کـەوگیرو قاپـەکان هەڵـدەگرن‌و دەیانهێننـە کـەنار حەوزەکـەو دادەنیشن.

تـا ئێسـتا حوجرەکـەی مـەلا ئەحمـەد، لەبـەر مزگـەوتی بـازاڕی سـەوزەکەدا بـوو. خـۆی‌و مـاڵ‌و منداڵەکەشی لە حەوشە وڕاقەکەی ماڵی نەسیم پاقلەدا بوون.

***

لەیلای کیژە گەورەی مەلا ئەحمەد، زۆر چاو باشقاڵە. چەند کتێبێکم خواستووە تا لە ماڵەوەم بیان خوێنمەوە. قسەکانی شەفەقەم‌و وەبیردێتەوە.

– بەلای کەمەوە لە تەنیایی رزگارت دەکا.

قسەی پندارم وەبیردێتەوە.

– دەبێ تۆزێ زیاتر بزانی. پێویستە پتر کتێبان بخوێنییەوە.

پاڵ دەدەمەوە ودەست بە خوێندنەوە دەکەم. کتێب، بۆ من دنیایەکی تازەیە. وتەی تازەو کاری تازە. بە جۆرێ ئاوێتەی خوێندنەوە دەبم کە ئەگەر تۆپم لە بن دەستدا بتەقێنن گوێم لێنابێ. وەکو تینویەك بە ئاو گەیشتبێ، هەر ڕستەیەکی بۆم بووە بە دڵۆپە ئاوێکی سازگار. ئاوێکی فێنك، زوڵاڵ کە گیانم پێ دەبەخشێ.

بەیانی، درەنگ لە خەو ڕادەبم، هەراوزەنای منداڵانی حوجرەکە لە خەو بێدارم دەکەنەوە. کە مـەلا ئەحمـەد دۆشـەکەڵەکەی لـە جێـی ئـاخوڕی وڵاخـەکان راخسـتووەو چـوار مشـقی لەسـەری دانیشتووە. منداڵەکان رەحلەی قورئانەکانیان لەبەردەم خۆ داناوەو چوار مشقی دانیشتوون. یـەك یـەك دەچـن‌و لـە بـەردەم مـەلا ئەحمـەد لەسـەر هـەردوو ئـەژنۆ دادەنیشـن‌و دەرسـەکەیان دەخوێنن.

مـەلا ئەحمـەد، کەشیدەیەکی لەسـەر ناوە. کراسێکی سپی لەبەرە. یەخەکەی کراوەتەوە. عەبا ناسکەکەی بەقەد کراوی لە تەنیشتییەوە دانراوە. لەیلا قلیانی بۆ دەبا. کە بە تەنیشتمدا رەت دەبێ، چاو باشقاڵانە نیگام دەکا، منداڵەکان لە بیست کەس پتر نین.

لـە قـەراخ حەوزەکـە دانیشـتووم تـا دەسـت‌و چـاوم بشـۆم. خواجـە تۆفیـق لـە ئاودەسـتەکە وەدەرکەوتووە. مەسینەکە بەدەستی راستییەوەیە. دەستی چەپی – وەك ئەوەی گلاوبێ– دوور راگرتووە. لە قەراخ ساباتەکە وێستاوەو قسە لەگەڵ مەلا ئەحمەد دەکا.

دەچینە ژوورەوە. بلورخان بە گوێی دایکمدا دەبۆڵێنێ:

– ئێرە بووە بە کاروانسەرا... دەبێ لە بەیانییەوە تا ئێوارێ هەراو زەڵەی ٣٠– ٤٠ منداڵە ورتکە تەحەمول بکەین.

لە بیست منداڵ پتر نین. کەسیان لە دە ساڵان گەورە تر نییە.شەش ساڵانیشیان تێدایە. چڵمی هەندێکیان پشتی لێویانی سوورکردۆتەوە.

حوجرەکەی مەلا ئەحمەد عەسران نییە. ئەو کاتانەی کە لەبەر مزگەوتی بازاڕی سەوزەکە بوو، زستانان منداڵەکانی دەبردە بەر هەیوانێکی مزگەوتەکەو دوو مەقاڵە ژیلەمۆشی بۆ فەراهەم دەکردن. دیارە، ئێستا کە زستان بێ منداڵەکان دەباتە ژوورەکەی خۆی. زۆری ماوە بۆ زستان،

چوار پایەکەم لە سێبەری دیوارەکە داناوەو دانیشتووم کتێب دەخوێنمەوە. لە نێو دەنگە دەنگی منداڵانەکانەوە، دەنگێکی ئاشنا لە گوێمدا دەگیرسێتەوە.

سەر لە سەر کتێبەکە هەڵدەبڕمو دەڕوانمە دەوروبەرم. پندار، لەبەر دەرگای حەوشە وێستاوە، دەستی بۆ هەڵدەتەکێنم. وەژوور دەکەوێ.

هەردووکمان دەچینە ژوورەکەی بابمەوە، پەردەی دەرگای نێوان هەردوو ژوورەکە دادەدەمەوە. چوارپایەکە دادەنێم، پندار لەسەری دادەنیشێ.

– هاتم قسەت لەگەڵ بکەم.

سەرینەکە لە پاڵ دیوارەکە دادەنێم، دادەنیشمو پاڵ بە سەرینەکەوە دەدەمو ئەژنۆکانم دەگرمە باوەش.

– گوێم لێتە، بڵێ.

ئێژی دوو دڵە، یا نازانێ لە کوێوە دەست پێبکا، دەنگی زیقاوڵەی بە کۆمەڵی منداڵەکان گوێی بنیادەم کەڕ دەکا.

لە پندار دەپرسم:– هیچ بووە؟

خێرا وەڵام دەداتەوە:– نا... نا هیچ نەبووە!

هێشتا چایەکەی بەیانی لەسەر تەباخەکەیە. بە پندار دەڵێم:– چات بۆ تێکەم؟

شانەکانی هەڵدەتەکێنێو خۆمانە دەڵێ:– تێکە.

هەڵدەستم، دەچم دوو پیاڵە چای دێنمو دادەنیشم.

– ئێ، قسە بکە، بزانم چیت دەوێ؟

بێدەنگیو دوو دڵییەکەی پندار هەراسانی کردووم، ئاقیبەت دەکەوێتە قسان. نیگای بڕیوەتە فەرشەکە

– تۆ .... لەگەڵ کچێکدا پەیوەندیت پەیدا کردووە... وانا؟

سەیرم پێ دێ. هەزارو یەك جۆرە بیر بە مێشکمدا دێ.

بڵێی عەلی شەیتان ئەمەی کردبێ؟ لە گوینە عەلی شەیتان باسی چاو ڕەشی بۆ کردبنو هەزارو یەك قسەی بێ سەرو بەری بۆ هەڵبەستن؟...یا خۆیان هێندێ شتیان زانیوە؟...

– خەیاڵ نەکەی هەروا بە ئاسانیو بێ چەندو چون کەسێك قبوڵ بکەن.

– هەر کەسێ داوای ئەندامێتی بکا، دوو هەیڤ پتر لە دوور ونزیکەوە تاقیبی دەکەین.

نازانم چ بڵێم. دەنگی پندار وەئاگام دەێنێتەوە.

– بزانم هیچ ناڵێی...

بە ئەسپایو هێمنی دەڵێم:

– بەڵێ، ڕاستە... من ئاشقی کیژێك بووم. بەڵام حەزدەکەم بەر لەوەی باسی بکەم، بزانم کێ ئەمەی بە ئێوە گوتووە.

دەپرسێت:– زۆرت بەلاوە مەبەستە؟

کە قسە دەکەم، سەرم داخستووە.

– پێم وایە.

ئێستا، پندار هاتۆتە قسان، گرێ نایەتە بەر قسەکانی.

– ئەگەر زۆرت لا مەبەستە. ئەوا چاك بزانە کە عەلی شەیتان ئەم قسەیەی کردووە.

زارم بەش دەبێتەوە. چاو لە چاوانی پندار دەبڕم.

– عەلی شەیتان؟

لە قسەکانی پندار، جۆرە بەدگومانییەك هەست پێدەکرێ.

– بەڵێ .. عەلی شەیتان.

بێنێکی دەداتێ و لەسەری دەڕوا:

– .... زۆر شتی تریش دەربارەت دەزانێ.

هەست دەکەم کە عەلی شەیتان ویستویەتی برادەرانم لێ بە گومان بکا.سوودی لەو کەسانە وەرگرتووە کە بتوانن قسە بە برادەران بگەیەنن. لە خەڵکانی وەکو محەمەد دەلاك.

پندار دەپرسێت:– ئەو رۆژە لە دوکانی محەمەد دەلاکدا، دوو دانە سەعات لەگەڵ عەلی شەیتان دا چیت کردووە، چیت پێگوتووە؟

بێ کەمو زیاد، هەموو شتێك بۆ پندار دەگێڕمەوە. باسی هەڕەشەو تەماح نانەبەری عەلی شەیتان، باسی قەراری دیداری رۆژی هەینیمانی بۆ دەگێڕمەوە. پندار ماتو بێ دەنگ نیگام دەکا. چ شتێك لە نیگای حاڵی نابم.

– ئێ؟

– بەڵام من رۆژی هەینی نەچووم.

– باشە لە قسەکانتدا شتێکی وات نەدرکاند کە زیانی بۆ هەندێکمان هەبێ؟

بەڕاست و چەپدا سەر بادەدەم.

– نەخێر، هیچ شتێکم نەگوت.

– ئەدی بۆ ئەمانەت زووتر بە بێدار نەگوت؟

– پێم وا نەبوو پێویست بکا.

پندار قەناعەی بە قسەکانم کردووە. بەدگومانییەکەی رەوییەوە.

ئێستا، قسەکانی بۆنی ئامۆژگاریان لێدێ.

– پێدەچێ ئەم عەلی شەیتانە مرخی لێخۆش کردبی. وا خەیاڵ دەکا دەتوانێ بە گیرت بێنێ و سوودت لێ وەربگرێ... بە تایبەتی لەم وەختەدا کە دوو خاڵی لاوازی گەورەت هەیە.

خێرا دەڵێم:– لاواز؟... دوو لاوازی گەورە؟... یەعنی چی؟

پندار سەر دەلەقێنێ و دەڵێ:– یەکێکیان ئەوەیە کە قاشقونجی و ئەویتریان ئەو کیژەیە.

سەر لە قسەکانی پندار دەر ناکەم. پێی دەڵێم:– ئاشق بوونی ئەو کیژە چ پێوەندییەکی بەم قسانەوە هەیە؟

چاوە رەشەکانی پندار زاتی قسە کردن لە بنیادەم دەبڕێ.

– تۆ.... کەم ئەزموونی... ڕێ دەکەوێ ناچار دەبێ بۆ پاراستنی ئابڕووی ئەو کیژە، یا لە بەر خاتری دڵو سۆزی خۆت یا لەبەر هەندێ شت کە دوورو نزیك پەیوەست بن بەو کیژەوە گەلێ زەرەر تەحەمول بکەی... جا بریا هەر زیانت بۆ خۆت دەبوو، هیچ دوور نییە: زیان بە کەسانێك بگەیەنی کە تا ئێستا بۆ تاقە جارێکیش نەت دیوون.

سەرسام دەبم. لەبن لێوانەوە دەڵێم:– سەر لەم قسانە دەرناکەم...

– تا بەسەرت نەیەت سەری لێدەرناکەی... بەڵام ئەو کاتە کار لە کار دەترازێ.

چاو دەبڕمە زاری پندار.

– باشە چ بکەم؟

– دەبێ فێری ئەوە ببی کە لە کاتی خەباتدا، بە هیچ جۆرێ گرفتاری ئاشقێنی و سۆز نەبی.

– یەعنی کە...

قسەکەم دەبڕێ:– بەڵێ... یەعنی دەبێ واز لەو کیژەیە بێنی.

تەنانەت بە خەیاڵیش پێم قبوڵ ناکرێ. بە پندار دەڵێم.

– ئاخر، ئەمە بۆ من زۆر قورسە.

دەڵێ:– بەڵام مەحاڵ نییە.

لە سەر چوارپاکە هەڵدەستێ.

ئەو کتێبانەی کە خوێندومنەتەوە، لە پەنا دەردێنم و دەیاندەمەوە بە پندار، لە گیرفانی پشتی پانتۆڵەکەیەوە، ڕۆژنامەیەکی قەدکراو دەردێنێ و دەمداتێ.

– کە خوێنتەوە، شەوێ هەڵی بدە ماڵێکەوە... فەرق ناکا هەر ماڵێك بێ.

تا بەردەرگا لەگەڵ دەچم. دەستی یەکدی دەگوشین. دڵسۆزانە، بەڵام زۆر وشك دەڵێ:

– خۆ بیرت ناچێ دەبێ چ بکەی؟

منداڵانی حوجرەکەی مەلا ئەحمەد هەموو پێکەوە حونجە دەکەن. بە بەردەمیاندا ڕەت دەبم. لەیلا سەیرم دەکا. دەچم لە ژوورەکەی بابم دادەنیشم و بیر لە قسەکانی پندار دەکەمەوە، دایکم پەردەی نێوان هەردوو ژوورەکە لا دەبا و وەژوورە دەکەوێ. خەم لە لێوانی نیشتووە. قسە کردنەکەی زۆر دڵسۆزانەیە.

– خالید، من خەمی تۆمە.

دڵم گیراوە.. حەزدەکەم یەکێك یارمەتیم بدا. هەڵدەستم و باوەش بە دایکمدا دەکەم.

– خەمی منت نەبێ دایکە.

ئەوجا لە پڕ بە دەممدا دێ.

– کە بابە هاتەوە لەگەڵی دەچم بۆ کوێت.

دایکم وەك بڵێی ئاسودە بووە. هەستدەکەم خەمباریەکەی دایکم ڕەوییەوە. لە ژوورەکەی بابم وەدەردەکەوێ و پەردەکە دادەداتەوە.

بابم لە دوا نامەیدا کە بەر لە چەند ڕۆژێك گەییە دەستمان، نووسیوێتی کە هەوەڵ ڕۆژی پایز دێتەوە... "بە خاوەن دوکانەکە بڵێن کە دنیا ئاخر نەبووە. دێمەوەو هەموو کرێیەکانی

دەدەمێ..." بۆ خۆدزینەوە لەو پەشێویەی دڵم لە پڕ بیری چوونە کوێت لەسەری دامو نیازی نییە دەربچێ. بڕیارم دابوو لە هەوەڵی پایزدا بچمە قوتابخانەی شەو. دەنگی منداڵانی حوجرەکە نەماوە. ڕادەکشێم، دەستەکانم وەبن سەری دەنێمو چاو دەبڕمە بن میچەکەو لە فکران ڕادەچم". نا... ناتوانم چاو رەش نەبینم... بەشێکە لە گیانم، تێناگەم بۆچی خەباتو ئاشقێنی پێکەوە ناگونجێن... بۆ؟ ئاخر بۆ؟!...." چاوەکانم لێك دەنێم"..... نا! کوێت نا! لێرە دەمێنمەوەو خەبات دەکەم... دەمێنمەوەو هەموو رۆژێ چاو رەش دەبینم... لە هەوەڵی پایزیشدا دەست بە خوێندن دەکەم... نا!... هەرگیز ناڕۆم بۆ کوێت... هەرگیز!...".

***

رۆژی چوارەمە کە لە ماڵ وەدەر نەکەوتووم، خەریکە دیق دەکەم. لەیلای کیژە گەورەی مەلا ئەحمەد زۆری دڵ پێوەیە کە رێك بکەوین. نیگای بێ شەرمە. بەڵام جۆرە میهرەبانییەك لە پرشنگی چاوانیدا بەدی دەکرێ. تا ئێستا چەند جارێ هاتووەو سەری قسەی کردۆتەوە، دەیەوێ بزانێ بۆ لە ماڵەوەم. درۆی لەگەڵ دەکەم:

– دنیا گەرمە، حەوسەڵەی چوونە دەرەوەم نییە.

باوەڕم پێ ناکات،. بزە دەکا. وەك بڵێی سوسەی شتێکی کردبێ. لەگەڵ ژنانی حەوشەکەدا، لە هەموویان پتر لەگەڵ بلورخاندا رێکە. بەم چەند رۆژە کەمە چۆتە بن کڵێشەی بلورخانەوە. پێی گوتووە بۆ ناخوێنێ. گوتوویەتی ئەگەر ژن خوێندەواری هەبێ زۆر باشتر ژیان دەناسێ.

– ... ئافرەت چ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودا هەیە؟... بۆ نابێ وەکو پیاو کاربکا؟... بۆ نابێ شان بەشانی پیاو بەشداری هەموو شتێك بکا؟!..

قسەکانی لەیلا مرۆڤ دەخاتە بیرکردنەوەوە. رەفتارو گوفتاری، زۆر لە هی بابی جیاوازن.

مەلا ئەحمەدو خواجە تۆفیق هۆگری یەکدی بوون. دەڵێی سەد ساڵە یەکدی دەناسن. کە شەو دادێ کۆڕی تلیاك خواردنی خواجە تۆفیق گەرم دەبێ. مەلا ئەحمەد بەرانبەری دادەنیشێو دەکەوێتە قسە کردن.

– رۆژگار خراپ بووە.

خواجە تۆفیق قسەکانی مەلا ئەحمەد دەسەلمێنێ.

– ... قوتابخانە، منداڵی خەڵکی لە دین دەردەکا... لە قوتابخانە چوار کەلیمەی کۆمەڵایەتی یا چوار کەلیمەی ئاینی فێری منداڵان ناکەن...

مەلا ئەحمەد ئینجێکی قامکی لە کونە کەپوی رۆدەکاو قسان دەکا:

– ... هەرچی عایلمو موجتەهیدە لە حوجرەدا پێگەییون.ئەبو عەی سینا، شاگردی ئەم حوجرانە بووە. ئەمیری کەبیر" دەرچووی ئەم حوجرانەیە کە ئێستا تەنیا چوار خواناس منداڵی خۆیانی دەخەنە بەر. ئەویش بەم وەزعەوە کە دەی بینی، تا دە ساڵێکی دی بە تەواوی مۆر دەکرێنو نامێنن.

خواجە تۆفیق تلیاکەکەی ساز دەکاو فەرموو لە مەلا ئەحمەد دەکا. مەلا ئەحمەد دوو دڵە لەوەی وافورەکەی لێوەربگرێ. خواجە تۆفیق فنکێ دەکاتە نێو دەستەسڕە سوورە یەزدییەکەیەوەو دەکەوێتە باسی چاکەی تلیاك:

– ... بە تایبەتی بۆ خەڵکانی هاوسونحی منو تۆ ئەوا نوری عەلا نورە... خۆ ئەگەر تلیاك زیانی بۆ بنیادەم هەبایە یا ئەگەر بنیادەمی لە دین دەرکردبا ئەو کاتە شەریعەتی پیرۆز حەرامی دەکرد.

مەلا ئەحمەد دوو دڵە. خواجە تۆفیق تلیاکەکە لەسەر حوقەکە دەبرژێنێو قسە دەکا:

– ... دەرمانی حەوت دەردانە، تەمەنی بنیادەم درێژ دەکا.

ئاخری مەلا ئەحمەد دێتە پێشێ ،خواجە تۆفیق یارمەتی دەدا کە ئاگر بگرێ. ژنەکەی مەلا ئەحمەد قلیانێك تێدەکاو لەبەردەم مەلا ئەحمەد دای دەنێو دەگەڕێتەوە، لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ:– بەئاخری پیری، تلیاکیش بکێشە... نا شوکری نەبێ ئەم پێنج دەڵەشڕە بەدبەختەم ئاتاجی نانی شەون.

بەڵام هەرگیز زات ناکا لەبەردەم مەلا ئەحمەد دا متەق بکا.

***

لە ماڵ وەدەر دەکەوم تا شەفەق ببینم. دەبێ دابنیشێتو جوان تێم بگەیەنێ کە بۆچی نابێ چاوڕەشم خۆش بوێ. من چ خەوشێك لەم کارەدا نابینم. قسەکانی پندار قەناعەتی پێ نەکردووم.

بە کووچەو کوڵانە تاریکەکاندا بەرەو شەقامی پەهلەوی دەڕۆم. دنیا تازە تاریك بووە. شەقامی پەهلەوی قەرەباڵغە. کە شەو دادێ، دەڵێی هەموو خەڵکی شار دەڕژێنە شەقامی پەهلەوییەوە، زات ناکەم لە پەنای تاریکی دیوارەکەوە وەدەرکەوم. بە ئەسپایی دەچمە پێشێو لە پشت کوشکی "یارمەتی میللی" دا دەوێستم، چاوم لە پیاوێکی میانە ساڵە لە ژێر پزوی شەڕواڵەکەیەوە ئەسکەناسێکی چرچو لۆچی دوو تومەنی دەردێنێو بلیتی یانەسیب دەکڕێ. کابرا، چاو دەنوقێنێ، لە بن لێوانەوە شتێك دەڵێو لە نێوان سەفتە بلێتەکەوە، دانەیەك دەردێنێ.

چاوەڕوانم بەڵکو ئاشنایەك بێو لە دووی شەفەقی بنێرم. بەڵام سەد بریا لە ماڵەوە دادەنیشتمو یەکێکم بە دویدا دەنارد. لە پڕ ترسم لێدەنیشێ. نزیك بونەوە لە شەقامی پەهلەوی کە دنیاو بنیای تێڕژاوە کارێکی گەوجانەیە.

– تۆ دەبێ فێر بێ چۆن لە نێو ئاپۆڕای خەڵکیدا، خۆت ون بکەی.

عەلی شەیتان گوتەنی، دە کەس پتر بە دووتا دەگەڕێن.

لێرەوە تا کتێبخانەکەی موجاهید ئەوپەڕی سێ دەقیقە ڕێیە، بگرە کەمتریشە، بەڕاستی نازانم لە پەنای کوشکەکەوە وەدەرکەوم. نەك هەر بەڕاستی نازانم، بەڵکو دەڵێی لەوێندەر بەستراومەتەوە. لە پڕ بڕیار دەدەم. خۆ کۆدەکەمەوە، لەوێ دەجوڵێمو پاشەوپاش خۆ بە تاریکی کۆڵانەکەدا دەکەم. دەمەوێ بڕۆم بۆ ماڵەوەو ئومێد بنێرم بە دووی شەفەق دا، ئەگەر محەمەد میکانیك لەماڵ بێ ئامادەیە بە خۆیشی ئەم کارەم بۆ بکا.

– خۆشحاڵم بەوەی کە ڕێگەی خۆت دۆزیوەتەوە.

لێوی محەمەد میکانیك لە ژێر سمێڵە زلەکەیەوە دەجوڵێ:

– لاوان ئومێد وهیوای هەموو لایەکن.

دەتوانم تا نزیکی ماڵەوە بە تاریکی بڕۆم. هێندە پەناو پەسێر هەیە کە ناچار نەبم بە ژێر گڵۆپاندا تێ بپەڕم. تەنیا لە نزیکی ماڵەوەیە کە لۆکسی حەبیب نانەواو مەهدی بەقاڵ هەموو شەقامەکەی روناك کردۆتەوە کە ئەویش لە ٤٠– ٥٠ شەقاوێك پتر نییە.

بەلای کەلاوەکەی پشت دوکانی حەبیب نانەوادا تێدەپەڕم. دەگەمە سەر شەقامەکەی بەرماڵی خۆمان. هەڵوەستەیەك دەکەم.

بە وردی دیقەتی شەقامەکە دەدەم. مەهدی بەقاڵ خەریکە مشتەریان بەڕێ دەکا. مەلا ئەحمەد لەگەڵ هاپۆ بەندەرا لەبەر ماڵەوە وێستاوەو قسان دەکەن. کیژە چکۆلەکەی مەلا ئەحمەد لە تەنیشتیانە. قاپێکی بە دەستەوەیە. دەڵێی بابی خەریکە پارەی دەداتێ. مەلا ئەحمەد دەست لە بەڕکی دەکا. سێبەرەکەی بە دیوارەکەوە گیرساوەتەوە.بەر نانەواخانەکە چۆڵە. سەگێکی بەڵلاڵ لە نێو سیاناوی کەنار شەقامەکە وەرکەوتووە. ئیدی کەس نییە. لە سوچی کۆڵانەکەوە دەردەکەوم، بە پەلە بە قەراخ شەقامەکەدا بەرەو ماڵ دەڕۆم. کە دەگەمە بەر نانەواخانەکە، یەکێك گازم دەکا. دەنگەکە لە نێو نانەواخانەکەوە دێ. هەڵوەستەیەك دەکەم. دەنگەکە هێندە ئاشنایە کە چ گومانێکم لانەمێنێ. دەنگی عەلی شەیتانە. رەنگم دەبزڕکێ. دەزانم ئەگەر بوەستم، ئەمجارە عەلی شەیتان بەرۆکم بەرنادا.

کە گوێم لە دەنگەکە دەبێ، لە خۆڕا هەڵوەستەیەك دەکەمو ئەوجا بە پەلە تێی دەتەقێنم. پێڵاوە کەتانەکانم لە پێدایە. بەڵام تلۆقەکەی پێم دەکزێتەوە. خۆم بە کیژەکەی مەلا ئەحمەدا دەدەمو لە تەنیشت برنج بەشیر فرۆشەکەوە دەکەوێو بەسەریدا باز دەدەم. عەلی شەیتان لە نانەواخانەکە وەدەر دەکەوێو دەست بە غاردان دەکا. دەزانم عەلی شەیتان هەمیشە دەمانچەی پێیە.

– بۆ کوێ دەچی ، بە خۆڕایی خۆت ماندوو دەکەی.

گوێی نا دەمێ. وەکو تێسکەی تفەنگ بە بەر ماڵی خۆماندا رەتدەبم.دەنگی پێی عەلی شەیتان دوور دەکەوێتەوە. دەڵێی دواکەوتووە. ئەگەر سەد هەنگاوێکی دی بڕۆم ئیدی مەحاڵە بەر دەستی عەلی شەیتان بکەوم. خۆ دەکەم بە کۆڵانە پێچاو پێچەکانداو هەزار لقی لێدەبێتەوە.

تلۆقەکەی پێم زۆر دەکزێتەوە. لە پڕ دەنگێکی گڕو توند لە جێی خۆم ڕام دەگرێ!

– لە جێی خۆت نەجوڵێی.

پیاوێکی باڵا بەرزی چوار شانە کە بە پاسکیل دوام کەوتووە، لە پڕ پاسکیلەکەی بەرەڵلا دەکاو بە دەمانچەی رووتەوە رووبەڕووم دەوەستێ. پاسکیلەکە دوور دەکەوێتەوە، بەرەو شۆستەکە پێچ دەکاتەوە، تایەکەی پێشەوەیو سووکانەکەی دەچەقنە قوڕوسیانەکەی قەراغ شەقامەکە. تایەکەی دواوەی هێشتا دەسوێتەوە.

کابرای باڵابەرز دێتە پێشترەوە. دەیەوێ مەچەکم بگرێ. لە ئارەقەدا هەڵکشاوم. هەناسەبڕکێم پێکەوتووەو ناتوانم قسە بکەم بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ دەپرسم:

– چی...ت.... لە.... من دەوێ؟

چاك دەزانم كە قسەييەكی بێ سەروبەرم كردووەو چاك دەزانم چی دەوێ.عەلی شەيتان، بەپەلە دەگاتە سەرمان. يەكەم قسەی ئەمەيە.

– زۆر نامەردی!

ددانەكانی لێكدی دەسوێ. كەلەپچەكەی بە دەستەوەيە.

– دەستەكانت جووت كە.

چار نييە دەبێ دەستم جووت بكەم.

تا كەلەپچەكەم لە دەست دەكرێو قفڵ دەدرێ، مەهدی بەقاڵ، حەبيب نانەوا، شاگردانی نانەواخانەكە، مەلا ئەحمەد، لەيلا، خواجە تۆفيقو خەليفە بەسەرماندا دەڕژێن.

ئێستا، بلورخان كە بە هانكە هانك دێ. داوێنی چارشێوەكەی هەڵكردووە. ئەوجا، دايكم كە بۆ يەكەمجار بەبێ چارشێو لە ماڵ وەدەركەوتووە. دوا بە دوای ئەو جەميلە دەگاتە سەرمان. دايكم، دڕ بە پياوەكان دەدا. پەلامار دەداو لە ئامێزم دەگرێ.

– چيتان داوە لە منداڵەكەم؟

هێند بە پەلە ئەم كارانە دەكا كە عەلی شەيتان غافڵگير دەبێ.

– لاكەوە باجی.

دايكم بە توڕەيی دەڵێ:– ئەم بازنە چييە لە دەستتان كردووە.

وەكو بەوری مێچكە، ددانەكانی چڕ دەكاتەوە.

سەری وە پەنا گوێ دەنێم.

– دايكە خۆت ناڕەحەت مەكە. ئەمانە گوێت لێناگرن. تكا دەكەم ئارام بە.

يەكسەر سست دەبێو چاوانی تەژی فرمێسك دەبن. لەيلا دەچێتە ژێر باڵیو دەڵێ:

–گوێی مەدەيێ خاليد... پياو لێی دەقەومێ.

تكا لە دايكم دەكەم:– دايكە بڕۆنەوە بۆ ماڵ... لەوەيە قسەی ناشيرينتان پێ بڵێن ئەمانە بێ چاوو ڕوون.

دايكم دەچێتە لاوە. بلورخان بە هەڵچوونەوە دەڵێ:– هەر ئێستا بە شوێن (ئەماندا) دەنێرم... گوێ مەدەيێ خاليد... ئەوجا روو دەكاتە عەلی شەيتان.

– ... چی قەوماوە؟... كافرتان دەستگير كردووە؟

دەزانم ئەم كارە لە كێشی ئەمان ئاغادا نييە. ئەگەر شووشەی پەنجەرەی ماڵی غولام عەلی خانم شكاندبا ئێهێكی تێدا بوو، بەڵام ئەمجارەيان كارەكە لەوەدا نييە.

عەلی شەيتان گيرفانەكانم دەگەڕێ. چ شتێك نادۆزێتەوە. هەست بە سەنگينی نيگای لەيلا لەسەر مەچەكی كەلەپچە كراوم، دەكەم.

لەگەڵ عەلی شەيتاندا وەڕێ دەكەوم. جەميلەو دايكم شوێنم دەكەون.

خەریکە لە گەرما دەخنکێم. ژووری ئینفرادی، سێ شەقاو درێژو دوو شەقاو پانە، بنمیچەکەی زۆر بەرزە. تاریك تاریکە. تەنیا لە کونی دەرگاکەوە کە کونێکی بازنەیی بچوکە، چەپکە تیشکێ داوییە لە ڕووی شڕە کومبارەکە. ئەمان ئاغا تەنیا ئەوەندەی بۆ کردووم کە قاپلەمەیەك خواردنی بۆ هێناوم. رامسپارد کە مۆمم بۆ بنێرێ کەچی تا ئێستا چ هەواڵێك نییە.

– بە تەکسی بڕۆین.

عەلی شەیتان زۆر گۆڕاوە. هێندە قسەی بێ تامولەزەت دەکا کە هەر لایەقی خۆیەتی.

– دەبێ تاکو ئەمن بەپێ بڕۆی.

– ئاخر چ سوودێکی تۆی تێدایە؟

دەنگی گڕ دەکات:– دەبێ هەموو خەڵکی شار بزانن کە تۆ چ بێ شەرمێکی.

– چ قەیدییە، با بمناسن.... خۆ دزیم نەکردووە.

گەرووی پف دەدا:– دزان شەرەفو ئابڕویان هەیە. بەڵام تۆی قەحپە دایك هیچت نییە.

سەرم گەرم دەبێ. داخی رۆژی هەینی لە دڵە.

–.... دوو دانە سەعات چاوەڕێم کردی. ئاوی پێم داهات. نامەردیش بەو ڕادەیە.

دەڵەکم دەداتە ژوورێکی ئینفرادییەوەو دەرکەم لەسەر دادەخات.

ژوورەکە سێ شەقاو درێژو دوو شەقاو پانە. گەرم گەرمە. بنمیچە بەرزەکەی دڵی بنیادەم دەگوشێ.

– لێرەبە تا بەیانی بە جەڵدەوە دەکەونە وێزەت.

چما دەشێت بنیادەم هێندە دەم پیس بێ، چاوەکانی دەنوقێنێو وەکو سەگ دەڕشێتەوە. مردوو زیندوو نابوێرێ. دەرگا ئاسنەکە دادەخاتو دەڕوا. دەنگی دەژنەوم.

– ئاگاتان لەم حیز دایکە بێ. لە کونی دەرگاوە هەڵدێ. جارێك لە ئەمنەوە ڕای کردووە.

تەنیا خەمی دایکمە. بیرم لای چاوڕەشە، بەڵام بەو رادەیە نا کە ئازارم بدات. دەزانم دایکم بە درێژایی شەو ناخەوێ. لەبەر لامپاکە دادەنیشێو هێدی هێدی فرمێسکان دەڕێژێو لەبەر خۆوە دەلاوێنێتەوە.

کە براکەی لە دەست دا وای دەکرد. کە چاوی بە جەنازەی براکەی کەوت، هەوەڵجار حەپەساو پاشان دانیشتو هێدی هێدی فرمێسکی ڕشتو لاواندییەوە.

(قەتارچی خەم کوانێ، خەمانم بکا بار)

(سەرنشینی من بم، بمگێڕێ لە کوچەو بازاڕ)

تەنیا خەمم، خەمی دایکمە. لە ناخدا هەڵدەقرچێو دەگری. بەخۆم دەیناسم.

لـه سوچێکی ژوورەکـەدا دانیشـتووم‌و ئـەژنۆکانم لـه بـاوەش گرتـوون، نیگـام بڕیوەتـه خـاڵێکی روناکی سپیواژی سەر کومباره تۆزاوییەکه.

خـەو لـه چاوانم تـۆراوه. لـه پـڕ دەرگـای ژوورەکـه دەکرێتـەوەو کـوڕێکی گـەنجی ئەنـدام وردیلـه دەکـەوێت بەسـەرما. دەسـت دەخەمـه ژێـر لەشـی‌و لەسـەر ئـەژنۆکانم هەڵدەسـتم. دەرگاکـه دادەخرێتەوه. کوڕەکه دەگری.

– به زاتی خوا بوختانیان بۆ کردووم، بوختان...

دەگری‌و سوێند دەخوا. دەمەوێ ژیری بکەمەوه. گوێم لێناگرێ.

وەکو ژنێکی منداڵکار که منداڵەکەی مردبێ، به پەرۆشەوه دەگری.هەردوو شانی دەگرم:

– مەگری کوڕی باش، ئاخر تۆ به ناخێرت پیاوی!

نەخێر، بێفایدەیه. دەست له شانی بەردەدەم‌و دەمی دەگرم‌و دەیگوشم‌و به مەیلەو هەڕەشەوه دەڵێم:– ئەگەر چیتر بگری دەتخنکێنم.

دەکەوێتـه تەقـەلا کـه خـۆیم لـه دەسـت دەربـاز بکـا. دەسـت لـه دەمـی بـەر دەدەم. لـه سوچـی ژوورەکەدا دادەنیشێ‌و دەکەوێته هەنسك هەڵدان. قسەی لەگەڵدا دەکەم بەڵکو هێدی بێتەوه.

– بۆ گرتویانیت!؟

وەڵام ناداتەوه. هەنسك هەڵدەدا. تاقەتم دەچێ. بازووەکانی دەگرم‌و رای دەتەکێنم.

– لەگەڵ تۆمه... بۆ گرتویانیت؟

به شێوەیەکی پچڕ پچڕ دەڵێ:

– خانم... دەڵێ من.... گەردانەکەیم... دزیوه....

به قسەکانیدا بۆم به دیار دەکەوێ که له ماڵی فەرمانبەرێکی پایەبەرزدا خزمەتکاره.

دیسان دەکەوێته قسەکردن..

– من... دەکوژن... له سێدارەم دەدەن.

دەهری دەبم:– گەوجه گەوج مەکه کوڕی باش... چما چیت کردووه تا له سێدارەت بدەن؟

– له هەنسك هەڵدان دەکەوێ. ئەژنۆکانی دەگرێته باوەش.

بەرانبـەر یەکـدی دانیشـتووین. جێـی لاقمـان نییـه. هـەردووکمان لاقمـان هەڵکێشـاوه. لـه پـڕ ختووڕەم بەدڵدا دێ. گومانم لا دروست دەبێ. نەکا ئەم ماسته موویەکی تێدا بێ. ژوورەکه هێنده تاریکـه نـاتوانم دەموچـاوی بـه جـوانی ببیـنم. کـەمێك دەجـوڵێ‌و لاقـەکانی ڕادەکێشـێ. لـه ختوخۆڕایی ترسم لێنیشتووه، منیش دەجوڵێم. هەزارو یەك بیرو خەیاڵ هێرشیان بۆ هێناوم.

– یەکەمجار دڵت دادەخورپێنن....

چاوانی درشت‌و رەشی پندار دەبریسکێنەوه. دەنگی له گوێم دایه.

– ... ورەت پێ بەر دەدەن...

شان بەشانی یەکدی دانیشتووین. دەڵێی خەریکه خەو دەیباتەوه. لەپڕ سیمای دایکم هەموو ژوورەکه پڕدەکا. دەڵێی دەنگی گریانی دەژنەوم. لاواندنەوەکەی دەژنەوم.

(دەست بخەمه دڵم، دەڵم دەربێنم)

(دەستو دڵی پڕ لە خوێن، لە دەورت گێڕم)

شەو، دەبێ لە نیوە بوری بێ. دنیا کپو خاموشە. هەڵدەستمو لە کونی دەرگاکەوە دەڕوانمە دەرێ. دوو پاسەوان، لەسەر دوو تەختی سەفەری بە تەنیشت یەکەوە نووستون. دەرگا گەورەکە دیارە.

نێو حەوشەکە روناکە. داڵانەکە روناکە. پاسەوانێکی قوچ، شانی داوە بە چوارچێوەی دەرگاکەوەو قۆناغی تفەنگەکەی ناوەتە سەر زەوی. دەڵێی لە وەنەوز دایە. دادەنیشمەوە. کوڕەکە خەوتووە. پڕخەیەکی هێدی دەکا. پاڵ دەدەمەوەو لاقەکانم ڕادەکێشم. ئازای گەردنو پشتو سینگم شەڵاڵی ئارەقەیە. قۆپچەکانی کراسەکەم دەکەمەوە. بەم کراسەوە چوومە ژوانی چاوڕەش. دەنگی عەلی شەیتان لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

– هەرکە گوتیان کراسێکی خانەخانەی شینو سوورو پانتۆڵێکی کەتانی شینی لەبەردایە، یەکسەر زانیم تۆی...

سەرم قورس بووە. چاوەکانم لێك دەنێم. خەو، بە هیچ جۆرێ رووم تێناکات. پێڵوەکانم دەسوتێتەوە. دەنگی هەناسەم قورسو هێواش بووە.گوێم لە خشەخش دەبێ. کوڕەکە لەجێی خۆی تل دەدا. بێئەوەی لە جێی خۆ بجوڵێم ئاگام لێیەتی. تۆزێ ئەم دیوو ئەو دیوو دەکاو هەمدیس پرخە پرخی لێ هەڵدەستێ. زۆری ماوە بۆ بەیانی. دەڵێی هەموو لەشم کوتراوە. دیسان دەنگی تەپاوتلی کوڕەکە دێ. لە پڕ رادەپەڕێ. پەنجەی راستی دەنێتە سەر ملم. دەستی چەپی بەرز دەبێتەوە. لە نێو تیرێژی کونی دەرگاکەوە شتێك دەبریقێتەوە. دەنگی گڕ بووە.

– دەتکوژم...

دەنگی پندارە:

– ... جەوێکی ترسناك دروست دەکەن....

دەنگی کوڕە منداڵکارەکەیە:– ... بەم چەقۆیە، شادەمارەکەت دەبڕم...

مەچەکی دەگرم. ددان چڕ دەکاتەوە. ئێستا دەنگی دایکمە:

– ... بەزەییت بە جوانی خۆتا بێتەوە.

قاقای عەنکەبووت لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە:

– ... کاتێ بە خۆ دەزانی کار لە کار ترازاوە...

هەردووکمان تێك ئاڵاوین. لەقەیەك بە دەرگا ئاسنەکەدا دەکێشمو هاوار دەکەم:

– دەرگا بکەنەوە.

عەنکەبووت هێشتا پێدەکەنێ:

– ... جارێ زۆرت ماوە کە تێبگەی هەڵەکردن یەعنی چی.

یەکدی هەڵدەشێلین. دەنگی پندارە:

– جەوی ترسناك... ترسناك... و ترسناك...

دەنگی دایکمە. لە کانگای دڵی هەڵقرچاوییەوە هەڵدەستێ:

– ... خەریکە نیگەرانت دەبم رۆڵە... نیگەران دەبم...

چاوە سەوزەکانی عەلی شەیتان هەموو ژوورەکەی داگیر کردووە:

– زۆر نامەردی... زۆر نامەرد.

تا دەرگا دەکرێتەوە، چەند جارێ یەکدی لە بن دەنەین، روناکی گڵۆپەکانی نێو حەوشە، ژوورەکە روناك دەکاتەوە:

– ئەوە چ گلاراوێکتانە؟

– قوربان ئەمە شێتە.

چەقۆکەی دەستی کوڕە منداڵکارەکە دەبریقێتەوە. چاوەکانی دەڵێی دوو کاسەی خوێنن. پاسەوانەکە شانی کوڕە منداڵکارەکە دەگرێو رای دەکێشێتە دواوە. لێکدی دەبینەوە.

کوڕە منداڵکارەکە هەڕەشە دەکا:– بەرم دە... دەبێ ئەم حیز دایکە بکوژم...

بە راکێشو بکێش لە ژوورەکەی دەبەنە دەرێ. دەنگی دەژنەوم:– وا دەزانێ من هەتیوە لوسکەم... وا دەزانێ لەوانەم....

سام دای گرتووم.. هێشتا قسە دەکا:– ... دەیویست پشتێنەکەم بکاتەوە...

دەڵێی پاسەوانەکان باوەڕیان پێ کردووە.

دەرگای ژوورەکە دادەخەن. یەکێك لە پاسەوانەکان جنێوبارانم دەکا. بە تەواوەتی حەپەساوم. ناتوانم چ قسەیەك بکەم. دەمم وشك بووە. تۆ بڵێی خۆیان ئەم نمایشەیان رێك خستبێ؟... یا ئەو کوڕە شێتە؟

پاسەوانەکە هێشتا جنێو دەدا:– قەحپە دایکە... هیچ شەرم ناکا... بەیانی پێت نیشان دەدەم کە ئەم گو خواردنە چ تامێك دەدا!

بێئەوەی بمەوێ، دەڵێم:– درۆ دەکا قوربان.

پاسەوانەکە، دەمو چاوی دەنێ بە کونی دەرگاکەوە.

– چما گلاراوێتی تا درۆ بکا؟

– بە گیانی تۆ...

دەنگی گڕ دەبێ:– بە گیانی خۆت نامەرد. گەوادە دەڵێی بەخێوی کردووم.

بێدەنگ دەبم. دەبوا لە هەوەڵەوە بێدەنگ بوومایە. قسەکردن بێفایدەیە. وەکو گو وایە تا چیلکەی تێوەردەی پتر بۆنی دەردەچێ. پاڵ دەدەمەوە.

ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم. چاك گیرۆدە بووم. هەر ساتێکی دەردەسەرێکە. ئەو هەتیوە شێتە چاوەکانی هاوار دەکەن. دەڵێی دوو کاسە خوێنن. پێدەچوو بۆنی عارەقی لەزار بێ. ئەوەندە سست بووم کە توانای جووڵەم نییە. دەمم تاڵ تاڵە، تاڵ وەکو ژەهری مار.

خۆزیا خەوم لێدەکەوت. سەر دەنێم بە دیوارەکەوە. هەست دەکەم سەرم زل بووە. دەست دەکەم بە ژماردن تا بەڵکو خۆم فەرامۆش بکەم. ژمارەکان هەر یەکەیان وەکو کوتەکێك بەر مێشکم دەکەوێ. بێ سوودە هەوڵم. شەو درێژ بووە.

***

هەتاو لە دەرگا ئاسنەکەی داوە. ناو ژوورەکە شێدارو گەرمە. سەرو کەللەی فەرمانبەرانی ئەمن وردە وردە پەیدا دەبێ. بۆ پیاڵە چایەك پەرێشانم. لەو بەرەوە، لە سێبەری دیوارەکەدا، پیاوێکی کووڕ دانیشتووە. گازی دەکەم. بە جلەکانیدا دیارە کە خزمەتکارە. لەسەر کورسییەکە رادەبێ و دێتە پێشێ. نوقستانە. سەری زلە. لەشی لە منداڵێکی ١٠- ١٢ ساڵان دەچێ. بە کووڕە کووڕ دەڕوا. تەمەنی هەیە.

- دەڵێی چی؟

قسە خۆشە.

- باوکە گیان، ئەگەر پێویستم بە پیاڵە چایەك بێ چ بکەم؟

- پارەت پێیە؟

دوو تومانی دەدەمێ.

- نان و پەنیریشت دەوێ.

- ئەگەر ئەوەم بۆ بکەی زۆرت لێ مەمنون دەبم.

تا دەگەڕێتەوە، لە کونی دەرگاکەوە، دەڕوانمە نێو حەوشە. غولام عەلی خان لە دەروازەکەوە وەژوور دەکەوێ. ورگی زل بووە. سەری داخستووە. خۆی بەڕاڕەوەکەدا دەکا. ئیدی لە چاو ون دەبێ. کابرای نوقستان دەگەڕێتەوە. نانێك و تۆزێ پەنیرو چایەکی شیرین لە کونی دەرگاکەوە دەداتە دەستم. بۆم دەردەکەوێ کە لە نێو ئەمندا چاخانە هەیە.

نانەکە لە گەرووم ئاودیو نابێ. بە تۆپزی دوو پاروو دەخۆم. دەڵێی گۆشتی لەشی خۆ دەخۆم. چایەکەی خۆشە. ئێستا ئەمن قەرەباڵغ بووە.

دەنگە دەنگ تێکەڵ بووە. دەڵێی مەیدانی ماڵات فرۆشتنە. خەریکم دوا چۆڕی چایەکە دەخۆم کە لە پڕ دەرگا دەکرێتەوە. عەلی شەیتانە. لە پڕ ڕادەچڵەکێ. وشك دەبێ و ئەوجا هاوار دەکا:

- کێ قاوەڵتی بۆ ئەم قەحپە دایکە هێناوە؟

کابرای نوقستان لەسەر کورسییەکە دانیشتووە. خەریکە سەیرم دەکا. سەری بەملاو بەولادا با دەدا.

قسە کردنی عەلی شەیتان، دژمنانەیە.

- بێگومان دوێ شەویش خواردنیان داوێتێ؟.

حەز دەکەم بی تەزێنم. ئامازە بۆ قاپلەمە بەتاڵەکەی سوچی ژوورەکە دەکەم.

- بێ تۆ ناخۆش، برنج و کەباب... ئەوەش قاپلەمەکەی.

خوێن دەزێتە دەموچاوی:- کێ قاوەڵتی دایتێ؟

باوەڕ ناکەم لە رق و کینەی نیگام تێبگات. خەریکە شەق دەبا. بزە دەکەم. بۆی بەدیار دەکەوێ کە مشت و مڕ بێفایدەیە.

- هەستە وەرە دەرێ.

هەڵدەستم، جلەکانم دەتەکێنم و لە ژوورەکە وەدەردەکەوم. لە پڕ بیرم دەکەوێتەوە کە سێ شەممەیەو سەعات سێ و نیو ژوانم لەگەڵ چاوڕەشدا هەیە.

مەچەکم لە نێو دەستی عەلی شەیتاندایە. بەنێو خەڵکانی نێو رارەوەکەدا رەت دەبین. لە قاڵدرمەکان سەر دەکەوین. لە رارەوەکەی سەرەوەدا چەند ژوورێك بەریزی یەکەوە هەن. عەلی شەیتان، دەرگای یەکێك لە ژوورەکان دەکاتەوە. دەچینە ژوورەوە، پانکە ئاسمانییەکە زۆر بە نەرمی ئیش دەکا. نێو ژوورەکە فێنکە.

– دانیشە.

ئیشارەت بۆ کەرەویتەیەکی کەنار دیوارەکە دەکا. سلاو ناکەم. دادەنیشم. دوو مێز لە ژوورەکەدا هەن. لە پشت هەر مێزێکەوە زەلامێك دانیشتووە. هەردووکیان میانە ساڵن. هەردووکیان جلی مەدەنیان لەبەر کردووەو جلەکانیان رەساسییە.

یەکێکیان هێندە لاوازە ئەگەر کەپوی بگری گیانی دەردەچێ. لە خواجە تۆفیقیش لاوازترە. پێ دەچێ رۆژی سێ چوار میسقال تلیاك فت بکا. دووەمیان کە مێزەکەی گەورەترو بەرزترە، هێندە قەڵەوە پیاو وا هەست دەکا هاکا بتەقێ. هەردووکیان سمێڵیان هەیە. عەینی سمێڵی غولام عەلی خان بە ئەندازەی کلکە مشکێکە.

هەردووکیان سەیرم دەکەن.

جانتای رۆژنامەو بلاوکراوەکان لەسەرە کەرەویتەکەیە.

کابرای قەڵەو روو لە عەلی شەیتان دەکاو دەپرسێت:– ئەمەیە.

عەلی شەیتان، لەسەر کەرەویتەکە دادەنیشێ و دەڵێ:– بەڵێ قوربان، خۆیەتی.

کابرای قەڵەو، سۆراخی راپۆرتی مەخفەری سێ ریانی بەندەرو راپۆرتەکەی عەلی شەیتان دەکا. کابرای لاواز، دۆسییەك لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ و دەیداتە دەست کابرای قەڵەو. چەند کتێب و رۆژنامەیەکیش لە بەینی دۆسییەکەدایە.

کابرای قەڵەو، بە شێنەیی و وردی، سەیری کتێب و رۆژنامەکان دەکا. ئەوجا راپۆرتەکان دەخوێنێتەوە.

لە ژوورەکەدا، تەنیا دەنگی پانکەکە دی کە زۆر بە نەرمی دەسووڕێتەوە.

عەلی شەیتان لاق لەسەر لاقان دەنێ و جگەرە دادەگیرسێنێ. چاکەتەکەی لە پشتەوە بەرز بۆتەوە.

خوێندنەوەی راپۆرتەکان، دە دەققەیەك پتر دەخایەنێ. پێدەچێ هەندێ پەڕەگراف دووبارەو سێبارە بخوێنێتەوە. ژوورەکە بەرە بەرە بێ تاقەتم دەکا. کەمێك دەجوڵێم و باوێشك دەدەم.

کابرای قەڵەو سەر لەسەر دۆسییەکە هەڵدەبڕێ و نیگام دەکا. چاوەکانی عەینی چاوی فیلن. تەنگ و بچووك، بە هیچ جۆرێ لە دەموچاوە پان و سوورەکەی نایەن.

عەلی شەیتان لەسەر کەرەویتەکە هەڵدەستێ:– چ کارێکتان بە بەندە نییە؟

کابرای قەڵەو دەڵێ:– ئەگەر پێویست بوو گازت دەکەم.

عەلی شەیتان لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ.

کابرای قەڵەو جارێکی دی کتێب و رۆژنامەکان ئەم دیوو ئەو دیوو دەکات و ئەوجا دەکەوێتە قسان. دەنگی کابرای قەڵەو، لەگەڵ لەش و هەیکەلیدا ناگونجێ. نزم و ناسکە:

- دیارە ناتەوێ سەریەشە بۆ خۆت دروست بکەی؟

سەر لە قسەکەی دەرناکەم، من گیرۆدەی سەریەشەمو کەچی تازە پێم دەڵێ ناتەوێ سەریەشە بۆ خۆت دروست بکەی! قسە ناکەم. دەپرسێت:- زمانت نییە؟

پێکەنینم دێ. پێکەنینم بە ئاهەنگی دەنگی دێ. زەلام بەم زلییەو دەنگ وەکو دەنگی کیژۆلان؟!

- پێدەچێ قۆشمەش بی؟

دەنگم نزمە:- لە مەبەستت ناگەم.

لە جێی خۆی دەجوڵێ. بەڵام دوور دێتە بەر چاو کە زەلامێکی وا کەتە بتوانێ بجوڵێ:

- گوتت چی؟

بە ئەسپایی دەڵێم:- عەرزم کردی لە مەبەستت ناگەم.

دژمنانە دەڵێ:- بەرە بەرە تێدەگەی.

دۆسیەو کتێبو رۆژنامەکان دەداتە دەست کابرای لاواز تا تەحقیقم لەگەڵ بکات.

کابرای لاواز، نیوە جگەرەیەکی هوما لەسەر تەپڵەکەکە دادەنێ. ئەوراقەکان رێك دەخا. شقارتە لێدەداو جگەرەکە دادەگیرێنێ. کە مژی لێدەدا گوپەکانی هێندە بە قولا دەچن پیاو وا هەست دەکات تاقە ددانێکی لە دەمدا نییە.

کابرای لاواز، منگنە.

- وەرە لێرە دانیشە بزانم.

لەسەر کەرەویتەکە هەڵدەستمو دەچمە سەر ئەو کورسیە زلە توندو تۆڵەی کە نیشانی دام. ناوو، شۆرەتو ژمارەی ناسنامەو ساڵی لە دایك بوونم دەپرسێت. قەلەمەکەی بە دەزوویەك بە مێزەکەوە بەستراوە.

چەند خەتێك دەنووسێتو دووبارە رووم تێدەکاتەوە:- خوێندەواریت هەیە؟

- بە حاڵ.

کەپوی دەخورێنێو دەڵێ:

- رێك وەڵام بدەرەوە.

- کوێرە خوێندەواریيەکم هەیە.

- باشە کۆڵکە خوێندەوار، ئەم جۆرە کتێبانە دەخوێنێتەوە کە دەبێ بە هەلەق مەلەق ناوەکانیان بدۆزێتەوە؟

- من کەی گوتوومە لەم جۆرە کتێبانە دەخوێنمەوە؟

چاوی ئەبڵەق دەبن. سپێنەی چاوی زەرد دەنوێنێ. رەشێنەکەی گۆڕاوە.

- یانی دەتەوێ بڵێی کە ئەم کتێبانە هی تۆ نین؟

کابرای قەڵەو گوێ لە گفتوگۆکەمان دەگرێ.

- چما وا دانرا بوو کە ئەم کتێبانە هی من بن؟

کابرای لاواز، نائومێدانە روو لە کابرای قەڵەو دەکا:

- ملاحەزە دەفەرمووی کە چەند حازر وەڵامە؟

کابرای قەڵەو، زیکەزیکێك دەکا:

– ئەمانە دەرسەکانیان ڕەوانە.

کابرای لاواز مژ لە جگەرەکەی دەداو دەست بە نووسین دەکا. بنمیچی ژوورەکە نزمە. دیوارەکان مەیلەو زەردن. قالیچەیەکی کاڵەوەبوو لە ژوورەکەدا داخراوە. هەندێ ژمارەی درشتو ناڕێك بە بۆیەی قاوەیی لەقەد مێزەکان نووسراون. پانکەکە بە نەرمی دەسووڕێتەوە. گیان وشك بۆتەوە. ئازای لەشم کوتراوە. دەنگی کابرای لاواز دەژنەوم.

– بیخوێنەوەو پاشان وەلامەکەی بنووسەوە.

کاغەزی تەحقیقەکە لە بەردەمم دادەنێ. نووسراوە ، کاتێ کە عەلی شەیتان دەستگیری کردووم، ئەم کتێبو ڕۆژنامانەم پێ بووە. ئەوجا، ناوی کتێبو ڕۆژنامەکان بە خواروخێچی نووسراوە. ئەگەر ناوی کتێبەکانم نەزانیبا مەحاڵ بوو بتوانم بیان خوێنمەوە. وەرەقەکە بەسەر مێزەکەدا بەرەو خۆی دەخزێنم.

– عەرزم کردن کە من تەنیا کوێرە خوێندەوارییەکم هەیە... ئەوانەی کە تۆ نووسیوتن بە من ناخوێنرێتەوە.

سەر هەڵدەبڕێ.. قۆرتمی بەرزو نزم دەبێ.

– دەزانی خەریکە زیاد شولی لێهەڵدەکێشی!

تێناگەم کە شول لێهەڵکێشانو نەخوێنەواری چ پێوەندییەکیان هەیە.

پێی دەڵێم:– جا من چ بکەم خوێندەوارییەکی ئەوتۆم نییە.

کاغەزەکە ڕادەکێشێتە پێشەوە، دەی خوێنێتەوەو ئەوجا دەپرسێت کە چ دەڵێم:– درۆیە!

توڕە دەبێ. دەنگی دەرنایەت. تەنیا رەنگی دەگۆڕێ:– درۆیە؟

نازانم چی روویداوە وا هێمنو لەسەرخۆم.

– بەڵێ مەعلوم درۆیە!... بانگی بکەنو رووبەڕوومان بکەنەوە.

هەموو ئەوانەی لەوێندەر بوون، دیتیان کە من هیچم پێ نەبوو. خۆ ئەم کتێبانەش کە تەنانەت ناوەکانیانم پێ ناخوێنرێتەوە بە چ کەڵکێکی من دێن؟

کابرای قەڵەو تەکانێ دەداتە خۆ. هەڵدەستێو لە پشت مێزەکەوە دێتە دەرێ .لاقەکانی کورتو قەڵەون. وەکو نەهەنگ بەرەو من دەخزێ:– گوتت درۆیە؟

– بەڵێ، درۆیە!

– بە قامکە کورتو قەڵەوەکەی ئاماژە بۆ جانتاکە دەکا.

– ئەدی دەربارەی ئەو جانتایە چ دەڵێی؟

بە سەرسامی سەیری دەکەم:– جانتایەو تەواو.

دەنگی نزمە، دەلەرزێ.

– سەرەکەشی دڕاوە؟

– بەڵێ... دڕاوە.

– لە پڕ دەنەڕێنێ.

– تۆزێ ئاقڵ بە هەتیو.

زۆرم کەیف بەوە دێ کە خەریکە پێیان رادەبوێرم. دەڵێی دەمەوێ داخی دڵم هەڵڕێژم.

– باوەڕ بکەن تێناگەم کە ئێوە چ دەڵێن.

دیسان توڕە دەبێ:– یەعنی دەتەوێ حاشا لە جانتاکە بکەی؟

سەر بە چەپو راستدا با دەدەم. چاوە بچوکەکانی لەسەر رووم دەگیرسێتەوەو دەنگی نزم دەبێ.

– تۆ زۆر بێ ئەدەبی ها!

قیروسیا دەکەمو دەڵێم:– ئەگەر بڵێم جانتاکە هی منە، بە ئەدەبم نا؟

دەموچاوە سوورەکەی تاریك دەبێ. بە ئەسپایی دەڕواو لەپشت مێزەکە دادەنیشێت. دەنگە. زیقاولەکەی نزمتر دەکاتەوە:– پێدەچێ بڵێی کە لە ئەمنیش رات نەکردووە؟

خۆمی لێدەکەم بە کەڕەی شەربەت:– ئەگەر رام کردبایە ئێستا لە خزمەتی ئێوەدا نەدەبووم.

کابرای قەڵەو، وەکو مرێشکێ کە لە نکاو بەردێکی بەربالٌ کەوتبێ قیڕەیەك دەکا:– بێدەنگ!

ئەوجا بێدەنگ دەبێ، هەردوو دەستی دەنێتە ژێر چەنەیو راست نیگام دەکا. پیاوە لاوازەکە قونکە جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە. کابرای قەڵەو تەکانێ وەخۆی دەدا، جگەرەکەی دادەگیرێنێ، دوکەڵەکەی قووت دەداو زەنگ لێدەدا. فەڕاشێك وەژووردەکەوێ.

– چای.

فەڕاشەکە لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ. ئێستا، نێو ژوورەکە بێدەنگ بێدەنگە. دەنگی هێمنو هێدی پانکەکە، پیاو خەواڵو دەکا. برژانگەکانم قورس دەبن. کابرای قەڵەو بەدەم جگەرەکێشانەوە راست نیگام دەکا. چاو ناتروکێنێ. کابرای لاواز بەردەوام کەپوی دەخورێنێ. کاتێ کە خواجە تۆفیق تێرو پڕ تلیاکی دەکێشاو نەشئە دەیگرت، هەمان حاڵەتی ئەمی پەیدا دەکرد. بەردەوام سەری کەپووی دەخوراندو برژانگەکانی قورس دەبوونو دەنووسان.

فەڕاشەکە، چایەك دێنێو لەبەردەم کابرای قەڵەوی دادەنێو لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ. ئێستا جگەرەکەی کابرای قەڵەو بە نیوە بووە. دێتە قسە.قسەکانی بۆنی ئامۆژگاریان لێدێ:

– گوێ بگرە کوڕی باش...

مژێك لە جگەرەکەی دەدا. قامکەکانی لە دوکەڵی جگەرەدا زەرد هەڵگەڕاون.

– ... تۆ دەتوانی زۆر بە ئاسانی یا خۆت رزگار بکەی یا...

دیسان مژ لە جگەرەکەی دەدا:– ... یا دەتوانی سەریەشە بۆ خۆت دروست بکەی.

قونکە جگەرەکەی دەکوژێنێتەوەو بەردەوام دەبێ:

– ... ئەوجا با پێت بڵێم کە چۆن دەتوانی سەریەشە بۆ خۆت دروست بکەی.

وا خۆ دەنوێنم کە سەرپارام بووە بە گوێو زۆرم پێویست بە رێنوێنییەکانێتی.

ئانیشکەکانی دەخاتە سەر مێزەکە، چاوەکانی دەنوقێنێو قسە دەکا:

– .... ئێمە دەزانین کە چەند رۆژێك بەر لە ئێستا، لەبەر دەروازەدا تۆیان بەم جانتایەوە گرتووە...

چاو دەکاتەوەو بە چەناگە ئاماژە بۆ جانتای سەر کەرەویتەکە دەکا.

– .... کۆنووسی دانیشتەکەش ئامادەیە. ئەوانەش کە ئیمزایان کردووە هەموو حازرن. ئەو ماموره‌ش کە لە مەخفەرەکەوە تۆی هێناوە ماوەو بەدوومدا ناردووە. ئیدی دیار نییە کە چۆن ماموره‌کەت غافڵگیر کردووەو لەناو ئەمنەوە هەڵاتووی. دوێ شەویش کە دەستگیرکراوی، هەموو ئەم کتێبو رۆژنامانەت پێ بووە.

قسەکەی پێ دەبڕم:

– ئەمە درۆیە!... چ شتێکم پێ نەبوو.

بێوەی گوێ بە قسەکەم بدات لەسەری دەڕوا:

– ... هەموو ئەم شتانەمان لا روونە. هیچ پێویستمان بە تەحقیق یا دان پێدانانی تۆ نییە. دۆسیەکە لە لای ئێمە تەواوە، تەنیا ئەوەندە ماوە بت نێرین بۆ دادگاو لەوێوە بۆ زیندان. ئەمە رێیەکە کە بە لای کەمەوە دەبێ (٥) ساڵان لە ژوورەوە ئاوی سارد بخۆیتەوە...

خەو گرتوومی. دەنگی لێدانی دەرگاکە وەئاگام دێنێتەوە. کابرای قەڵەو دەڵێ:فەرموو...

دەرگا دەکرێتەوە. غوڵام عەلی خان وەژوور دەکەوێ. سڵاو دەکا. چاوی بە من دەکەوێ. وەکو یەکێك غافڵگیر بووبێ سەرسام دەوەستێ.

بزەیەکی تاڵ نیشتۆتە سەر لێوی. بە جۆرێ پێم دەڵێ (مەرحەبا خالید) کە لە سەد جنێو ناخۆشترە. گوێی نادەمێ. کەمێك قەڵەو بووە. یەعنی ورگی هەڵتۆقیوە. پیر بووە. گۆناکانیو غەبغەبەی بەحاڵ قەڵەو بوون. بەڵام گرێی بۆینباخەکەیو سمێڵیو ردێن تاشینەکەیو نیگاکردنەکەی بە هیچ جۆرێ نەگۆڕاوە. تەنیا ڕەنگی کەمێ پەڕیوە.

کابرای قەڵەو لە غوڵام عەلی دەپرسێت:

– چما دەیناسیت؟

غوڵام عەلی خان دەڵێ:– ئەمما ناسین قوربان...

ئەوجا دەپرسێت:– تاوانەکەی چییە؟

– کابرای لاواز ئاماژە بۆ لای جانتاو کتێبو رۆژنامەکان دەکا.

چاوانی غوڵام عەلی خان ئەبڵەق دەبن.

– کەواتە تۆ بوویت کە لە ئەمن هەڵاتیت؟

کەسیان ناڵێن (ڕات کرد) هەموو هەر دەڵێن (هەڵاتیت).

– زوو دەمزانی، منداڵێکی بێ سەروبەر، کاری دەکەوێتە ئێرە.

– دەڵێی هەموویان مەسەلەی راکردنەکەی من دەزانن.

غوڵام عەلی خان روو دەکاتە کابرای قەڵەو:– قوربان هەر لە منداڵییەوە هارو هاج بوو. هەموو گەڕەکەکەی بێزار کردبوو. پەنجەرەیەك نەبوو کە بە تیرو کەوان یا دارلاستیك شووشەکەی نەشکاندبێ. تەنانەت دەستی بۆ ناموسی خەڵکیش دەبرد.

خۆم پێ ناگیرێ، لە پڕ دەهری دەبم:

– (ناموسی خەڵکی) یەعنی ئەو قەحپانەی کە نیوەڕوان بۆ ماڵەکەی تۆ دەهاتن؟

کابرای قەڵەو دەنەڕێنێ:- بێدەنگ بە قەحپە دایك.

پێدەچێ لە زمان پیسیدا حەوت بەردی بە هەنگڵی عەلی شەیتاندا دابێ.

غـوڵام عـەلی خـان نیگـام دەکـا. هەناسـە هەڵدەکێشـێ. رەنگـی پـەڕیوە. چـارەی گـرژو لێـوی هەڵقورتاون. ئەو دۆسیەی کە لە بن هەنگڵی ناوە، لەسەر مێزەکەی کابرای قەڵەو دادەنێو بە دەنگێکی نیمچە نووساوەوە دەڵێ:- ئەمرێکتان نییە قوربان؟

- سوپاس.

غـوڵام عـەلی خـان دەڕوا. ژوورەکـە کـپ دەبـێ، بـەڵام زیقـەزیقی کـابرای قەڵـەو ئـەم کپییـە دەشڵەقێنێ.

- وا دیارە رابوردوویەکی باشیشت نەبێ. تەنانەت بەمندالیش خەڵکیت بێزار کردووە....

لە پڕ هەموو شتێکم لە هزردا بەرجەستە دەبێتەوە. کابرای عەرەبانچی لۆکەی ئاخنیوەتە نێو زەنگوڵـەی ئەسـپەکانی. دەنگـی پێچـکەی عەرەبانەکـەو سمـی ئەسـپەکان لەسـەر خـاکی سـەر شەقامەکە کپ دەبێ. کەس بەدەرەوە نییە. هێندە گەرمە سەگیش لە کون نایەتە دەرێ.

- خالید چۆنە لە کۆنە پەڕۆ، گڵۆڵەیەك دروست بکەینو نەوتی پێدا بکەینو هەرکە "قەحپەکە" هات ئاوری پێوە بنەینو هەڵیدەین بە دەموچاویا؟.

ئامادەی هەر کارێکم، بەڵام....

- برایم چۆنە ئێوارێ هەموو منداڵەکان کۆ بکەینەوەو هەرکە قەحپەکە وەدەرکەوت تا بڕوات، تێکرا هۆیهای لێبکەین؟

عەرەبانەکە دەگاتە جێ. لەبەر ماڵی عەلی غوڵام خاندا دەوێستێ. غوڵام عەلی خان دەست بەجێ دەرگا دەکاتەوەو ژنەکە بە قاڵدرمەکاندا سەر دەکەوێتە سەرێ.

تەواو غافڵگیر دەبین. لە کاتێکدا چاوم لە عەرەبانەکەیە لەپڕ گوێم لە دەنگی شکانی شووشە دەبێو ئەوجا دەڕوانم کە برایم قووچاندوویەتی...

کـابرای قەڵـەو هێشـتا قسـان دەکـا:- مـن بـەپێی ئـەرکی خـۆ بـە پێویسـتی دەزانم رێنوێنیـت بکەم.هەرچییەك بێ تۆ هێشتا لاویتو قابیلی چاکبوونی...

لەبن لێوانەوە سوپاسی دەکەم.

- رێگەیەکی دیش هەیە...

گوێ شل دەکەم.

- ... ئەگەر ناوی ئەو کەسانەم پێ بڵێی کە ئەم رۆژنامەو کتێبانەیان داویتێ، وەعدی شەرەفت دەدەمێ دۆسییەکەت بە جۆرێ رێك بخەم هەرکە پێت نایە ناو دادگا ئازاد بکرێی....

بێدەنگ دەبێ. چاوەکانی هێندەی دی چکۆلە دەبنەوە. راست نیگام دەکا، وەکو بڵێی بیەوێ کاریگەری قسەکانیم لە سیمادا بخوێنێتەوە.

دیسان لێوە ئاڵەکانی دەبزوون. زیقە زیق دەکات:

- ... بەڕای من، قازانجی تۆ لەمە دایە. چونکە ئەوانەی ئەم شتانەیان پێداوی، دژمنی تۆن...

بێدەنگ دەبێ، چ شتێ ناڵێم. چاوەڕوانە ڕێگەیەکیان هەڵبژێرم. دەست بەسەر مێزەکەدا دەگێڕێ. پاکەتە جگەرەکەی هەڵدەگرێ. جگەرەیەکی دی دادەگیرێنێ. بەکاوەخۆ دوکەڵەکەی هەڵدەمژێ.

– دەڵێی چی؟

هێدی و هێمن دەڵێم:– من نازانم ئێوە باسی چی دەکەن.

لەپڕ دەموچاوە گۆشتنەکەی تاریك دەبێ.

– بەڕاستی لێبڕاوی حاشا لە جانتاو کتێبەکان بکەی؟

– هی من نین تا حاشا بکەم.

لە زەنگ دەدا. تەنیا دەنگی پانکەکە دێ. فەڕاشەکە وەژووردەکەوێ.

– بە"شەهری" بڵێ با بێ.

لە پڕ هەموو قسەکانی پندار لە هزرمدا بەرجەستە دەبن. نێوی ئەم جانەوەرەم بیستووە.

– ڕەحم بە دایکی خۆیدا ناکا.

گەرووم وشك وشکە. ترسم لێدەنیشێت. دەزانم هەر کە ناوی برادەرانم لە زار بێتە دەرێ، بەلای کەمەوە پێنج دانە ساڵ حوکم دەدرێم.

کردنەوەی دەرگاکە رام دەچڵەکێنێ. ئاوڕ دەدەمەوە، "شەهری" وەژووردەکەوێ.

– بەڵێ قوربان.

دێو ئاسا نییە. بنیادەمێکە دەستەباڵا، گۆنا ڕەق و تەق و کەپو درێژو نیگا ئاسایی.

کابرای قەڵەو ئاماژە بۆ لای من دەکا.

– ئەم منداڵە حاڵی بکە کە قازانجی لە چ دایە؟

هیچ جۆرە دڕندەییەك لە دەنگی شەهریدا نییە.

– ئەمرەکەی قوربان.

ئیشارەتم دەکاتێ.

– هەستە.

لە پڕ شتێك لە نیگایدا دەبینم کە کەمتر دیومە. ئێژی جۆرە حەواس پەرتییەك، جۆرە بێ دەسەڵاتییەك یا جۆرە ڕچینێك. عەینی چاوانی مردوو.

بیستوومە کە لەزەت لە ئازاردانی خەڵکی دەبینێ. ئیدی دەی بینم. لەسەر کورسییەکە هەڵدەستم.

بزە کەوتۆتە سەر سیمای وشکی کابرای لاواز. خەریکە سەری کەپوی دەخورێنێ. شەهری، بازووم دەگرێ.

– لەگەڵما وەرە.

ئازای لەشم ماندووە. بای پانکەکە ئارەقەکەی لەشی وشك کردوومەتەوە. لەگەڵ شەهریدا وەڕێ دەکەوم. بە قاڵدرمەکانا دادەبەزین. هەمدیس لەشم گەرم دادێ. شەهری، بە هیچ جۆرێ قسە ناکا. بە ڕاڕەوەکەدا تێدەپەڕین. لە حەوشەی ئەمن ڕەت دەبین. دەڕۆین بۆ پشت ریزە تاك

ژوورییەکان. حەوشێکی قەناس هەیە. ژوورێك لە سێ سوچەکەیدا هەیە. هەتاو لە دەرگای ئاسنەکەی دەدا. لە پڕ گەرمام دەبێ. شەهری، بە دەستەسڕ دەسکی دەرگاکە دەگرێ. دەرگا دەکاتەوە.

– بڕۆ ژوورێ.

هەرکە پێ دەنێمە ژوورێ. شەهری کۆڵەمستێکی توند دەسرەوێنێتە پشت سەرم. نا غافڵ پەرت دەبم‌و لەسەر ئەژنۆکانم دەگیرسێمەوە. دەرگاکەم لەسەر دادەخرێ. بۆ چەند ساتێ گێژ دەبم. بەرچاوم تاریك دەبێ. ئەوجا بەرە بەرە بەرچاوم روناك دەبێتەوە. جمگەکانی ملم دێشێ. دەمارەکانی گەردنم پڵ دەدەن. خۆم کۆ دەکەمەوەو چوار مشقی دادەنیشم. دەنگی پندار لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. "هێندە قەحپە دایکە لەژەت لە ئەشکەنجەدان دەبینێ". هەڵدەستمە سەر پێ. دیسان بۆ نیو نەخت بەرچاوم تاریك دەبێ. "کاتێ ببینێ کە سێك لە ژێر جەڵەدەدا تەپاوتل دەکا، کەیفی دێ. لە کەیفان چاوەکانی دەبریقێنەوە". ژوورەکە چوار گۆشەیە. دیوارەکانی سپیە. پەنجەرەی نییە. دەرگای ئاسنەکە یەکپارچەو ڕەشە. لەبن میچە بەرزەکەدا هەوا کێشێکی بچووك بە ئەندازەی قاپێك هەیە. لەولای هەوا کێشەکەوە قولاپێکی ئاسن هەیە. دەڵێی شوێنی هەڵواسینی پانکەیە. لە هەواکێشەکەوە چەپکێ تیشکی بە قووەت رژاوەتە ژوورێ. بە دەوری ژوورەکەدا ڕێ دەکەم. سەرم قورسە. لە قوڕنەی ژوورەکەدا شەبەقێك هەیە. سەر دەبەم‌و تەماشا دەکەم. چاڵێکی روونەپۆشراوی پڕ لە پیسی‌و مێش‌و مەگەزە. بۆ ئەوەی مێشەکان نەوروژێن خێرا دێمە دواوە. دەچمە پشتی دەرگاکە. تەنانەت درزەکانی پاڵ چوارچێوەکەشی گیراون. دەنگی پێ دەژنەوم.

دەنگەکە نزیك دەبێتەوە. دەکشێمە دواوە. دەرگاکە، بە تەق‌و هوڕ دەکرێتەوە. شەهرییەو لەگەڵ ئەو مامورەدایە کە لە ئەمن ڕام کرد لە دەستی. هەرکە دەم بینێ لە توڕەییدا چارەی تاریك دەبێ. سەر دادەخەم‌و بێدەنگ دەبم. لەم چەند سەعاتەدا بۆم بەدیارکەوت تا پتر دەمی خۆ بگرم باشترە. شەهری، گوێم دەگرێ:– ئێستا چ دەڵێی؟

قسە ناکەم.نەرمەی گوێچکەم دەگرێ‌و بای دەدا:

– ئیعتراف دەکەی؟

سەرم بە چەپ‌و بە راستدا با دەدەم.

– قسە دەکەی؟

گوێچکەم بەردەدا.

– قسەی چی بکەم؟

کە قسە دەکا، ددانە زێڕە پیسەکانی بە دیاردەکەون.

– قسەی ئەوەی کە لە ئەمن هەڵاتی‌و ئەم ڕۆژنامەو کتێب‌و جانتایە هی تۆیە..

دڵەی بێعارم قەرار ناگرێ. قسەم لە زار ناوەستێ. هەرچەند دەمەوێ خۆم بگرم، ناتوانم.

– چیتر؟

شەهری، مۆڕەم لێدەکا. ئێستا نێگای لە نیگای سەگی هار دژمنانەترە. لە پڕ بریسکە لە چاوانم دەردەپەڕێ.

– ئیتر... کە زۆر قەحپە دایکی.

دەبێ خۆم بگرم. یەك لە یەك دڕندەترن. بزە دەکەم. هێشتا ماکی بزەکە بەسەر لێومەوەیە کە هەر پێنج قامکە قورسەکەی شەهری، قامچی ئاسا بە گۆنامدا دەچزێ. گوێم دەزرنگێتەوە. کە کاسییەکە بەرم دەدا. دەبینم شەهری لە نێو چوار چێوەی دەرگاکە دا وێستاوە.

– باش بیری خۆت بکەرەوە...

ئێستا قسەکردنی بەسوێیە. شتێك لە دەنگیدا هەیە کە تەنانەت قسەی خۆشیشت لا دەکا بە جنێو.

– ... سەعات سێ و نیوی رێك دێم. حەزدەکەم تا ئەو کاتە ئەقڵت وەبەر هاتبێتەوە.

لە نێو چوارچێوەی دەرگاکە دەکشێتەوەو دای دەخات.

لە پاڵ دیوارەکە دادەنیشم. ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم. هێشتا دەنگی شەهری لە گوێمدایە.

– سەعات سێ و نیو.

لە پڕ یادی چاوڕەش رام دەچڵەکێنێ.

– بۆ چویتە ژێری؟

کەیفی دنیام بە خۆ دێ. دەنگی کارون خۆشە. بۆنی دارخورماکان خۆشە. خۆم بە چاوڕەشەوە دەقرسێنم.

– دەتوانم جاری تریش بت بینم؟

هێندە نەرمو نیان قسان دەکا لە تۆ وایە عەتری هەرچی گوڵی جوان و بۆن خۆش هەیە لە زارییەوە دەڕژێ.

– تەنیا رۆژانی سێ شەممە.

دیسان دەنگی شەهرییە.

– سەعات سێ و نیو.

تیرێژی نێو ژوورەکە بۆ قەد دیوارەکە هەڵکشاوە. هەست بە برسێتی دەکەم. بریا بەیانی دوو پارو نان و پەنیری زیاترم دەخوارد. هەردوو گۆنام دەکزێنەوە. نەرمەی گوێچکەم دەکزێتەوە.

***

پێدەچێ قامچییەکە هەڕە ئاسا بێ. کە بەرزدەبێتەوە بەینی دانەکانی دەکرێتەوە. کە دادێتەوەو دەنیشێتە سەر گۆشت و دانەکانی جووت دەبنەوەو بە سەدان دانی ورد، وەکو پلایس گۆشت لە لەش دەپچڕن.

دەرگای ژوورەکە، بە تەق و هوڕ دەکرێتەوە.

– رێك لە سەعات سێ و نیودا دێم.

شەهری لە نێو دەرگاکەدا وێستاوە. دەزانم کە ئێستا چاوەڕوانم دەکات و بە نیگا جوانەکانی دەوروبەرم بۆ دەگەڕێ.

تیشکی رۆژەکە، لە دیوارەکە ئاودیو بووە. مێشەکان لە پڕ لە چاڵەکەوە وەدەردەکەون. ژوورەکە رەش دەچێتەوە. دوو کەس، دوو سەری یەك کەرەویتە هەڵدەگرن و دەیهێننە ژوورەوە. مێشەکان بەسەرو چاومەوە دەنیشنەوە. ئازارم دەدەن. شەهری هەر گوێی لێ نییە. دەرگای ژوورەکە دادەخا. وزە وزی هەزاران مێش کاسم دەکا.

دەنگی نامەردانەی شەهرییە:– لەسەر کەرەویتەکە دانیشە.

دادەنیشم.

رووبە ڕووم وێستاوە. گیرفانی پانتۆڵەکەی هەڵتۆقیوە.

– ئێ هاوڕێ...

بە ئانقەست دان لەسەر وشەی "هاوڕێ" دادەگرێ.

– ... ئیعتراف دەکەی چ کەسانێك ئەم جانتایەیان بە تۆ داوە یان نا؟

هەموو شتێك بۆنی هەڕەشەی لێدێ. سێبەری ئەو دوانەی کە لەپشتمەوە وێستاون، قورسایی خستۆتە سەر پشتم، دەبێ قسەیەك بکەم. لە بن لێوانەوە دەڵێم: – جانتای من نییە.

شەهری، دێتە پێشترەوە. دەستی دەکا بەگیرفانیا. قامچییەکی پێچ خواردوو دەردێنێ. خۆڵەمێشی و چوار سووچە. دەنگی شەهری ناخۆشە. دەڵێی تای لێهاتووە.

– پێمان دەڵێی چ قەحپە دایکێك ئەو رۆژنامەو کتێبانەی داویتەتێ یان نا؟

دیسان دەڵێم:– هی من نین... ئامادەم رووبە ڕوومان بکەنەوە.

شەهری چاوێك دادەگرێ، کاتێ بە خۆ دەزانم کە لەسەر کەرەوێتەکە راکشێنراوم. یەکێك لەسەر ملم دانیشتووەو یەکێك لەسەر ئەژنۆم. کراسەکەم تا سەر شانم هەڵدەماڵن. خەریکە دەخنکێم، هەردوو دەستم دەخەمە ژێر چەنەم. دەمم لە کەرەوێتەکە بەرز دەکەمەوە. خەرەنگێزێکی لاسار لەسەر کەپووم دەنیشێتەوە. ناتوانم سەرم بجوڵێنم. خەرەنگێزەکە بە گۆنامدا هەڵدەگەڕێ، ختوکەم دەدا، لە پڕ گوێم لە دەنگی فیشکە دەبێ، عەینی وەکو فیشکەی مارێك کە توڕەبێ. کەمەرم گڕ دەگرێ. وەکو ئەوەی شیشێکی سوورەوەبووی نێو کوورەیان لە نا غافڵدا بە پشتم دا چزاندبێ. هەمدیس دەنگی فیشکەیە، دیسان ئاورم تێ بەردەبێ. دەمەوێ هاوار بکەم. خەریکە دەبورێمەوە، بەڵام دەنگی پندار لە گوێچکەم دایە "ئەگەر خۆت رابگری... گەر خۆت رابگری" قەپ بە نەرمایی نێو لەپمدا دەکەم. ددانەکانم لە گۆشت دەچەقن. گەرووم سوێر دەبێ. تامی خوێنە. دەنگی قەمچییەکە تێکەڵ بە هانکە هانکی شەهری بووە، پێدەچێ قامچییەکە ددانەدار بێ، کە دادێتەوە جزە لە لەشم هەڵدەستێنێ و کە هەڵدەسێتەوە، پێستی لەشم بە ددانەکانییەوە ڕادەبێ.

ئێستا، هەموو پشتم سڕ بووە.خەریکە دەبورێمەوە. ددانەکانم لە نەرمایی نێو لەپم جوێ دەبنەوە.ناڵە لە ئەوکم گیراوە، لێوەکانم سوێرن. دەنگی هەناسەی شەهری دەژنەوم.دەنگی فیشکەی قامچییەکە دەبیستم، وەکو ئەوەیە قامچییەکە بەر کۆمەڵێك لۆکە بکەوێ. ئازای پشتم سڕ بووە. هەست دەکەم شەهری دەستی لە قامچیکاری هەڵگرتووە. ناتوانم ببزووم. دەنگی داخستنی دەرگا ئاسنەکە لە دووری چەندین فەرسەخەوە دێ و لە گوێمدا دەگیرسێتەوە.

دەستەکانم بەرەڵڵا دەبن‌و بە هەردوولای کەرەویتەکەدا شۆڕ دەبنەوە، لاقی راستم دەکەوێتە خوارێ. وزەوزی مێشەکان گوێم پڕدەکا.

***

پێدەچێ نیوە شەو بێ. نێو ژوورەکە تاریکستانێکە بۆ خۆی. وەکو جەنازە لەسەر کەرەویتەکە کەوتووم. دەمەوێ بە یارمەتی دەستەکانم هەستم. کە تەکان دەدەمە خۆ کەمەرم دەزریکێنێ. شوێنی قامچییەکە یەکپارچە خوێنی وشکی قەتماغە بەستووە. لەگەڵ هەر جوڵەیەکدا هەزاران هەزار دەرزی بە پشتمدا دەچەقێ‌و دەردێتەوە. بە هەر فەلاکەتێك بووە، دەستەکانم وەژێر سینگم دەنێم. نووکە باشتر هەناسەم پێدەدرێ. لە پڕ سەرم گێژ دەخوا، خەریکە دەڕشێمەوە. نە بەیانی هیچم خواردووە نە نیوەڕۆ. گەدەم بە تاڵە. دڵم تێك هەڵدێ. دیسان دەخوازم بڕشێمەوە. ریخۆڵەکانم دێنە سەرێ‌و لەبەر گەروومدا کۆدەبنەوە ، مەلاشوم تاڵە. زارم وشکە. سەرم قورسە. دەڵێی بەقەد ژوورەکە زل بووە، هەوڵدەدەم لاقم بێنمەوە سەرێ. قەتماغەی زامەکان دەکولێنەوەو سوێم دەچێتە دڵەوە. وەك بڵێی نابێ بجوڵێمەوە. چاوە رەشەکانی پندار هەموو هزرم داگیردەکا. دەنگی دەژنەوم: "ئەگەر دوو رۆژ خۆ رابگری ئیدی هەموو شتێك تەواو دەبێ... بەڵام لەم دوو رۆژەدا پیاو دەبێ شێر بێ". سینگ‌و ورگ‌و پەراسۆکانم بە تەختەکەوە نووساوە .حەزدەکەم بە هەر شێوەیەك بووە هەستم‌و دانیشم. بەڵکو هەندێ ئاسودە ببم. بەڵکو ئازارم کەم ببێتەوە. دداناەکانم لێکدی گیردەکەم. چاوان دەنوقێنم‌و لە پڕێکا هەڵدەستم‌و لە قەراخ کەرەوێتەکە "تەختەکە" دادەنیشم. قەتماغەی خوێنی وشکەوە بووم دەقەڵشێ‌و خوێنی تازەی لێدێ. کراسەکەم بە زامەکانەوە نووساوە. تا کراسەکەم دادەکەنم ئازارێ دەچێژم کە ئەوپەڕی دیار نەبێ. سەرم قورسە‌و بەسەر ململەوە دەلەقێ. خەریکە لە تەختەکە بەربمەوە. دەبێ پشت بە شتێکەوە بدەم. ناتوانم خۆم رابگرم. هەردوو دەستم دەنێمە سەر قەراغی کەرەوێتەکە بە وریایی خۆ دەخزێنمە خوارێ‌و لەسەر چۆکان دادەنیشم. ئەوجا دەست بە تەختەکەوە دەگرم‌و تەوێڵم وەسەر هەردووك دەستم دەنێم. ئازاری ئێسکەکانی سینگم دەنیشێتەوە، بەڵام پشتم یەکجار زۆر دەیەشێ وەك بڵێی بە تەنورەوە نرابێ. گوێم دەزرینگێتەوە. لە کلاوڕۆژنەکەی بن میچەکەوە هەوایەکی سارد دێتە ژوورێ. هاوین خەریکە تەواو دەبێ. شەو بۆنی پاییزی لێدێ. لە نیوەشەو بە دواوە دنیا سارد دەبێت. نیگای خەمباری دایکم سەراپای ژوورەکە داگیردەکا. دەنگی دەژنەوم. هێدی‌و خەمبارە.

– تۆ هێشتا نازانی هەڵە چ دەگەیەنێ... تۆ هێشتا بە رەوت‌و رێبازی ژیان ئاشنا نیت...

خێرا وەڵامی دەدەمەوە:

– دەزانم دایکە، دەزانم. خوا حەزکا لە هەوەڵی پاییزێ ڕا دەچمەوە مەکتەب.

کەمێ باشتر بووم. ئەو نەرمە بایەی لە هەواکێشەکەی سەرێ را وەژووردەکەوێ دەمبوژێنێتەوە. ئەگەر لە جێی خۆ نەجوڵێم ئازارم کەمترە. لە پڕ دڵم دادەخورپێ.

– سەعات سێ‌و نیوی پاش نیوەڕۆ.

بێگومان نەچوونم هەزار جۆرە بیروخەیاڵی لا دروست کردووە، هەڵبەتە نیگا مەستەکانی بە سەرانسەری شەقامی سی مەتریدا گێڕاوە.

– هەر کاتێ بگیریم، دەگیرێم.

ئۆقرەم لێبڕاوە. دڵم ناسرەوێ. ئەگەر بۆم بکرێ تەختەکە بە قیتی و بە باری درێژیدا دابنەمو پێیدا هەڵگەڕێم و لە هەواکێشەکەی بن میچەکەوە وەدەربکەوم و خۆیان گوتەنی بقوچێنم، عەلی شەیتان چی بەسەر دێ!

سەر هەڵدەبڕم. هەواکێشەکە بە ئەندازەی قاپێکە. هی بیر لێکردنەوە نییە. ئاسمان سورمەییە. چەند ئەستێرەیەك لە هەواکێشەکەوە دیارن.

خۆزگە لەگەڵ چاو رەشدا قەراری ئەوەمان دەکرد کە هەر کاتێ لێکدی دوورکەوتینەوە، هەردووکمان بڕوانینە مانگ. گەردنم ماندوو بووە. نیگام لە هەواکێشەکە دەگوێزمەوە. تەوێڵم دەنێمە سەر دەستەکانم. ئەو هەوا ساردەی لە هەواکێشەکەوە وەژووردەکەوێ، لە پشتم دەدا. لە پڕ گوێم لە دەنگی پێیان دەبێ. گوێ هەڵدەخەم، دەنگی پێیەکە نزیك دەبێتەوە، قورسە.

لەشم دەکەوێتە لەرزین. ئێستا دەنگەکە لە پشت دەرگەکەوەیە. ئەگەر هەمدیس قامچی کاری بێ، ئەگەر هەمدیس دەست بەستنەوەی پشتەوە بێ... دەڵێی دەنگی پندار دەژنەوم.

– هەندێ جاریش چەند تۆپەڵە ئاسنێك بە کەلەپچەکەوە هەڵدەواسن..

ئومێد بڕ دەبم!

– تۆپەڵە ئاسن؟

زاتم وەبەر دەنێ:– بەڵام مرۆڤ. دەتوانێ تەحەمولی هەموو شتێك بکات..

دەرگاکە، بە ئەسپایی قەدەبێ. پیاوێك لە نێو چوارچێوەی دەرگاکەدایە.فانۆسێکی بە دەستەوەیە. تا ناوقەدی کابرا روونەکە. دەڵێی عەلی شەیتانە.وەژوور دەکەوێ. دەرگاکە دادەخا. دێتە پێشترەوە. خۆیەتی. عەلی شەیتانە.

ئەگەر دەمتوانی وەکو پلنگ پڕم دەدایێ و بە عاردیمدا دەدا، هەرکە جوڵاباوە قورتمیم هەڵدەدڕی.

فانۆسەکە، لەبەر تەختەکە دادەنێ و ماوەیەك ئەم پێ و ئەو پێ دەکات. ئەوجا لە قەراغ تەختەکە دادەنیشێت. تەوێڵم دەنێمە سەر دەستم، بە تەمام قسەی لەگەڵ نەکەم. چەکی نەبەستووە. یەکەمجارە کەچاکەتی لەبەر نییە. دەست بە قسان دەکا. دەڵێی خۆی دەدوێنێ.

– من ئەگەر زانیبام دەکەوییە بەردەستی شەهری بێ ناموس، هەرچۆنێ با لەگەڵت رێك دەکەوتم.

جنێو بە خۆشیان دەدەن. دەمیان هێندە پیسە هیچ دوور نییە هەزارو یەك جنێوی سەر بەکوڵکە بە ژنەکانیشیان بدەن. تەوێڵم لەسەر دەستمە. لێوەکانم وەکو قوڕقۆشم نیشتونەتە سەر یەك. دەبێ بیتەزێنم ،جگەرەیەك دادەگیرسێنێ.

– جگەرە دەکێشی؟

وەڵامی نادەمەوە. فانۆسەکە بەرزدەکاتەوە. سەیری پشتم دەکا، نچ نچێك دەکاو ئەوجا دەڵێ:

– بزانە ئەو بێناموسە چی بەسەر هێناوە.

فانۆسەکە لەسەر تەختەکە دادەنێ. مژ لە جگەرەکەی دەداو دەپرسێت:- ناتەوێ قسەم لەگەڵ بکەی؟

دیسان وەڵامی نادەمەوە. قسە دەکا.

- باوەڕ بکە ئەوەندەش بێ ڕەحم نیم. من حەزم نەدەکرد ڕێت بکەوێتە ئەم شوێنانە.

بۆڵەیەك دەکەم:- وازم لێبێنە.

دەنگی خەواڵووە. بە نەرمی قسان دەکا:

- من هاتووم یارمەتیت بدەم. هاتووم خواردنت بۆ بێنم... هاتووم فێرت بکەم کە چ بکەی تا لە چنگی ئەم بێناموسە قوتار بی... من دەماری دەناسم...

بێدەنگم. لەسەری دەڕوا.

- ... کە چاوم بە پشتت کەوت ئاورم بۆت تێ بەربوو. مەیەڵە کارەکە لەمە خراتر بێ.

سەر هەڵدەبڕم. پڕ بە سییەکانم هەناسە هەڵدەکێشم. چاوم لەبەر ڕۆشنایی کزی فانۆسەکەدا لێڵە. دەبۆڵێنم:- تۆ چیت لە من دەوێ!؟

دووکەڵی جگەرەکەی پەرت دەکاو دەڵێ:

- تۆ ئێستا ناتوانی چ کارێ بۆ من بکەی تا شتم لێت بوێ.

بێدەنگ دەبێ، مژ لە جگەرەکەی دەدا، هێشتا سەیری دەکەم.

بە کاوەخۆ لەسەری دەڕوا:

- ... من کە ئێستا هەزار کارم لە دەست دێ، منم کە دەتوانم تەنانەت تۆ لێرە بەرمە دەرێو بەڕەڵات بکەمو بۆ هەرکوێت دەوێ بڕۆی.

لەبەر ڕۆشنایی فانۆسەکەدا، چ شتێك لە نێگای حاڵی نابم، بێدەنگ دەبێ. مژ لە جگەرەکەی دەدا، یاری بە دووکەڵی جگەرەکەی دەکا. لەپڕ نەفرەت سەراپام دادەگرێ.

- تۆ ئازادی!

کابرا، باوەڕ ناکات. دەنگی جەلادەکە میهرەبانە.

- تۆ ئازادی، دەتوانی بڕۆی.

کابرا، تەکان وەخۆ دەدا.

- یەعنی بەڕاستی دەتوانم بڕۆم؟

جەلادەکە بزەیەك دەکا. کابرایەکی شانو شەپیلك داکەوتووە، ڕدێنی هاتووە، چاوی بە قولا چوون.

- هەڵبەتە دەتوانی بڕۆی... خێراکە.

کابرا، هەناسەیەك هەڵدەکێشێ. کەڵکەڵەی ئازادی تەکانی دەدا، دەڕوانێتە چاوە پڕ فێڵەکانی. جەلادەکە بە نەرمی قسە دەکا:

- هەر بۆ ئەم مەبەستە لەزیندانەکە دەرم هێناوی... خێراکە بڕۆ.

کابرا، بە دوو دڵی وەڕێ دەکەوێ. دەلەنگێ. پشتە چەماوەکەی ڕاست دەبێتەوە. ئاوڕێك لە جەلادەکە دەداتەوە. جەلادەکە لوولەی ساردی تفەنگەکە لەنێو مشتیدا دەگوشێ. کابرا پێ

هەڵدەگرێ. جەلادەکە لە جێی خۆی وەستاوە.چاوان ناتروکێنێ. بزە نیشتوەتە سەر لێوی، کابرا دەکەوێتە غاردان. لە پڕ دەنگی گوللە بەرزدەبێتەوە. دەنگی گوللەیەك کە بەر گۆشت کەوتبێ. کابرا، بە چۆکا دێ، جەلادەکە غار دەدا، خۆی دەگەیەنێتە دیار کابرا. خوێن لە سینگی کابراوە فوارە دەکا.

– دەیویست هەڵێ. تێم خوڕی ناچار بووم...

دەنگی خەواڵۆی عەلی شەیتان وەئاگام دێنێتەوە:– چ دەڵێی؟

لە قینا دەلەرزم، تۆپەڵێك قسە لە بینم گیراوە.

– بێگومان، لە دەرێی ئەمن، دوو سێ تفەنگچی چاوەڕوانی منن.

قسەکەم قووت دەدەمەوەو هەناسەیەکی توند هەڵدەکێشم. تەوێڵم وەسەر دەستم دەنێم، دەنگی عەلی شەیتان دەژنەوم:– تۆ... تێك چووی

دەبۆڵێنم:– وازم لێبێنە.

بە جگەرەکەی، جگەرەیەکی دی دادەگیرێنێ.

– ڕەنگە هەقی خۆت بێ کە باوەڕم پێنەکەی.... بەڵام بەم ڕادەیەش؟

دووکەڵی جگەرەکە سەخڵەتم دەکا. ئەو هەوایەی لە هەواکێشەکەوە وەژووردەکەوێ، ساردتر بووە، قسە دەکا:

– دیارە ئەگەر خواردنیشت بۆ بێنم وا خەیاڵ دەکەی کە ژەهرم تێکردووە.

وەڵامی دەدەمەوە:– من، چۆن دەتوانم باوەڕ بە قسەی تۆ بکەم کە بەیانی لەسەر پیاڵە چایەك فەرتەنەیەکت نایەوە ئەوسەری دیار نەبێ؟

بێئەوەی چ قسەیەك بکات، لەسەر تەختەکە هەڵدەستێ. فانۆسەکە هەڵدەگرێ ،بە بۆڵە بۆڵ وەڕێ دەکەوێ:

– بەڕاستی تۆ هی ئەوە نیت قسەت لەگەڵ بکرێ.

لە نزیکی دەرگاکەوە دەوێستێ. لەسەری دەڕوا:

– بەڵام دڵینابە ئەگەر برسیتە دەتوانم نانت بۆ بێنم.

سەر لەم کارەی دەرناکەم.

دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە. گازی دەکەم:

– باشە، ڕەنگە بیخۆم.

لە ژوورەکە وەدردەکەوێ. دەرگاکە دادەخا.

ئێستا، تۆزقاڵێ لە ئاسمان دیارە. چ ئەستێرەیەك بەدەرەوە نییە، مانگ، ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە دیارە. پێدەچێ نزیکی هەواکێشەکە بێ.

ئەژنۆکانم داویانەتە ژان. ئەگەر بتوانم بە چوار مشقی لێی دادەنیشم، لەوەیە ئازاری ئەژنۆکانم کەمتر ببێتەوە. خۆم بەسەر دەستی چەپمدا دەدەم. لاقی ڕاستم لەژێر لەشم دەردێنم، ئەوجا لاقی چەپم درێژ دەکەم و چوارمشقی لێی دادەنیشم. ئێستا، ڕانەکانم، ناو گەڵو ئەژنۆکانم هەست بەئارامی دەکا. بازووە روتەکانم دەنێمە سەر تەختەکەو گۆنام وەسەر بازووی چەپم دەنێم.

دەرگا دەکرێتەوە، عەلی شەیتان وەژووردەکەوێ. بە هەمان فانۆس و قاپلەمەیەك خواردنەوە. کەوچکی یەکەم دەخۆم، شتێکە لە هەڕشتەی ساردەوە بوو دەچێ. خواردنەکە لە بینم دەگیرێ. لە نێو زارم دەیگێڕم.بە هەزار حاڵ قووتی دەدەم. ئەوجا چەند کەوچکێکی یەك لە دوی یەك دەخۆم. خەریکە دڵم تێکهەڵدێ. تفتە. دەست لە خواردن هەڵدەگرم. عەلی شەیتان لە سوچی تەختەکەوە دادەنیشێ و دەڵێ:- دەتەوێ خۆم بیخۆم تا دڵنیا ببی؟.

پچڕ پچڕ قسە دەکەم. پاروەکە لە گەروم دایە.

- پێم ناخورێ... دڵم تێکهەڵدێ.

- مرۆڤ کە گەدەی خاڵی بێ وایە... تۆزێ سەبر بکە. ئەوجا دەست پێبکەوە.

ریخۆڵەکانم قۆڕە قۆڕیان پێدەکەوێ.

عەلی شەیتان دەست بە قسان دەکا، دیسان باسی شەهرییە.

- گەر دیسان بکەوییە چنگی ئەم بێ ناموسە، لە گیانی خۆت بێزارت دەکات..

بێنێکی دەداتێ و دەڵێ:- هەڵبەتە حەز ناکەی لە ژێر دەستی ئەم نامەردانەدا بمری؟!... دڵنیام سبەینێ دیسان دێتەوە سەرت.

بێدەنگ دەبێ، تۆزێ ئاسودە بووم. دووبارە قسان دەکا:

- ئەگەر بڵێی، یەك زەڕە بەزەیی لەم بێناموسەدا هەیە، نییە.

دەست بە خواردن دەکەمەوە، کاتێ بە خۆ دەزانم قاپلەمەکەم تەواو کردووە.

ورگم بای کردووە. عەلی شەیتان قسە دەکا:

- تۆ بە خۆڕایی باوەڕ بە من ناکەیت.. هەڵەت کرد کە رۆژی هەینی نەهاتی...

گۆنام وەسەر دەستم دەنێم و سەیری دەکەم، قسەکانی تێکەڵ و پێکەڵە.

- ... بە خەیاڵی تۆ من چیم لێت دەوێ؟... خەیاڵ دەکەی کە زۆر لە کارەکەم رازیم... ها؟... باوەڕ بکە بە هیچ جۆرێ شتی وا نییە... تۆ دەتوانی وەکو یەکێك لە هاوڕێکانی خۆت سەیرم بکەی... ئەگەر باوەڕم پێبکەی دەتوانم زۆرت یارمەتی بدەم.

هەست دەکەم حاڵم چاتر بووە. تاڵی گەروو وهیشکی زارم نەماوە. هەموو هۆشم لای ئەوەیە کە کەتر بجوڵێمەوە تا قەتماغەی زامەکانی پشتم نەتەقێ و نەکولێتەوە. عەلی شەیتان زۆری دەڕێسێ:- ئەگەر سبەینێ شەهری بێت و دەستت قیروقاج ببەستێ، باوەڕ ناکەم بتوانی تاقە سەعاتێ بەرگە بگری... نامەردە هێندەت عەزاب دەدا تا دان بە هەموو شتێکدا دەنەی.

دەیەوێ ورەم پێ بەربدا. نەفەس تازە دەکەمەوەو لێی دەپرسم:- مردو مەردانە پێم بڵێ بۆچی دڵسۆزیم دەرهەق دەنوێنی؟

چ شتێك ناڵێ. ئێژی بیردەکاتەوە. چاوە سەوزەکانی لەبەر روناکی کزی فانۆسەکەدا، رەش دەنوێنن. دێتە قسە:

- ئاخر بیر دەکەمەوە کە تۆ بتوانی ئازار نەکێشی، ئیدی بۆ بیکێشی؟

بە تەوسەوە دەڵێم:- بیرت لەمەش کردۆتەوە کە ئەم هەموو سەریەشەیە خۆت بۆت دروست کردووم؟

چاو لێك دەنێم. ئێستا كە تێر بووم، چاوەكانم قورسی خەو دەبن. عەلی شەیتان نیازی دەست بەردار بوونی نییە.

– ئاخر قەت لەو باوەڕەدا نەبووم كارت بگاتە ئێرە.

دەمەوێ سەر بخەمە سەری:– دیارە كە ئێستا كار گەیشتۆتە ئێرە، ویژدانت، ناڕەحەتە.

مینگە مینگێك دەكاو ئەوجا دەڵێ:

– لەوەیە... نازانم... لەوەیە بتەوێ گاڵتەم پێبكەی... بەڵام راستییەكەی وایە... ناڕەحەتم...

هێندە لێبڕاوانەو میهرەبانانە دەئاخفێ جێی چ گومانێك نایەڵێتەوە.

دەڵێم:– كەواتە لە پێناوی ئاسودەیی ویژدانی خۆتدا دەتەوێ یارمەتیم بدەی؟

باوەڕی كردووە یا قازانجی لەوەدایە كە وا نیشان بدات باوەڕی كردووە!

– هەڵبەتە ئەگەر خۆت بتەوێ.

دەنگم خەواڵوو وگڕە.

– دەزانی؟...

سەرم لەسەر بازووم دەگوێزمەوەو لەسەری دەڕۆم:

– من ئێستا خەوم دێ... ناتوانم بیر بكەمەوە كە دەبێ چ بكەمو یا چ بڵێم....

دەڵێ:– بەڵام من شتی گەورەم لە تۆ ناوێ.

– ئەگەر تا سبەینێ مۆڵەتم بدەی، لەوەیە بتوانم لە مەبەستەكانت بگەم.

خێرا دەڵێ:– بەڵام تۆ تەنیا ئەمشەوت بەدەستەوەیە.

سەرم سوڕ دەمێنێ:– یەعنی چی؟

دەڵێ:– ئەگەر بە پێشنیازەكەی من قاییل ببی، نایەڵم شەهری سبەینێ بێتە سەرت.

بۆ چەند ساتێك چاو لە دوڕ چاوانی دەبڕم. ئەوجا بێئەوەی چ شتێك بڵێم برژانگەكانم وێك دێنمەوە. دەنگی دەژنەوم.

– ناتەوێ وەڵام بدەیەوە؟

بە ئەسپایی لێو لە بەریەك هەڵدێنم:

– سبەینێ.

نائومێدی بە قسەكانییەوە دیارە.

– كەیفی خۆتە.

دەنگی هەڵگیرساندنی شقارتە دەژنەوم. لەسەری دەڕوا:– ... بەڵام سبەینێ...

دووكەڵی جگەرەكە كەپووم پڕدەكا...

– ... پێش ئەوەی چاوەڕوانی من بی، دەبێ چاوەڕوانی شەهری بی.

دەستی ڕاستم دەێنمە پێشێو دەموچاوم لە نێو بازوەكانمدا دەشارمەوە، لەسەر تەختەكە هەڵدەستێ، فانۆسەكە هەڵدەگرێ. دەنگی پێی دەژنەوم، ئەوجا دەنگی كردنەوەو داخستنی دەرگاكەیە. كە دەرگاكە دادەخرێ دەڕوانمە هەوا كێشەكەی بن میچەكە، دەڵێی بەیانی داوە. پڕ بەسییەكانم هەناسە هەڵدەكێشمو چاو لێك دەنێم.

***

به دەنگی کردنەوەی دەرگاکە. لە خەو ڕادەبم. چەند سەعاتێك لە نێوان خەوو بێداریدا بووم. دەرگاکە ڤەدەبێ. هەتاوی بەیانی دەڕژێتە ژوورێو لە چاوانم دەدا. پیرەمێرە نوقستانەکە لە نێو دەرگاکە دایە.

سەرە زلەکەی بەسەر ملییەوە دەلەقێ، باڵا وردو چەمیوەکەی بەسەر لاقەکانیەوە بکێش دەکا، دێتە پێشێ. نانو پەنیری بۆ هێناوم. پەرادخێ چاشی لەگەڵدایە.سینیەکە لەسەر تەختەکە دادەنێ. لە قسەکانیا بۆم دەردەکەوێ کە عەلی شەیتان ڕای سپاردووە کە قاوەڵتیم بداتێ.

پیاو سەر لە کارەکانی دەر ناکات....

ئەو مێشەی سەر کەپوی دەگرێ.

– ... ڕۆژێ دەیکا بە هەرا کە بۆ چاتان داوەتێ...

مێشەکە دەپلیشێنێتەوە. لەسەری دەڕوا:

–... ڕۆژێکی دی خۆی دێو دەڵێ قاوەڵتی بدەنێ.

دەڕوانێتە پشتم. چرچەکانی دەموچاوی وێك دێنەوە. چاوەکانی بچووك دەبنەوە.

– بێ دینانە....

دەچێ تا دەرگاکە داخا، هەتاوی ژوورەکە نامێنێ. کە دەرگاکە دادەخا، دێتو بە دیار سەرمەوە دەوەستێ.

– فڕێ چای بخۆ باگەرووت نەرم بێتەوە.

پەرداخە چایەکە لەسەر سینیەکە هەڵدەگرم. هێشتا تێری خواردنەکەی شەوێم. چایەکە فڕ فڕ دەخۆمەوە. دەنگی پیرەمێرەکەیە:

– نان و پەنیر ناخۆی؟

سەر با دەدەم.

– ناتوانم.

دەنگی کابرای نوقستان دەلەرزێ، بە میهرەبانی دەئاخفێ:– ئەدی تۆ بە چی دەژی؟

دەڵێی هاپۆ بەندەرە... دڵم دەگیرێ!

– ... وەستا حەداد، وەرە بە زستانو لە شاری غەریبیدا... تف!

بابم بەرانبەرم وێستاوە، قورتمی بەرزو نزم دەبێ. دەڵێی ئاوی زاری قووت دەدا. قسە ناکا. تەنیا نیگام دەکا. هاپۆ بەندەر مژ لە سەبیلەکەی دەدا، دەنگی دەلەرزێ:

– بەڵام کوڕم... هەرکاتێ شتێکتان پێویست بوو قسە بکەن، شەرم لە هاپۆ بەندەر مەکەن.

پیرەمێرە نوقستانەکە لەسەر تەختەکە دادەنیشێ:

– ڕاسپاردەت. بۆ چ کەسێك نییە؟

دیسان گەنگی هاپۆ بەندەرە:

– دەزانی خالید؟...

چایەکەی بە گەرمی هەڵدەدا.

– ... ئێمەو مانان، دەبێ خۆمان خەمی یەکدی بخۆین! ئەگەر دەستی یەکدی نەگرین، دەکەوین.

دەڕوانمە سیمای بێ دەنگی کابرای نوقستان. دەڵێی دووبارە دەڵێت:

– راسپاردەت بۆ چ کەسێك نییە؟

دڵم دەلەرزێ، کە قسە دەکا، سەرە زلەکەی بەسەر ملییەوە دەجوڵێ.

خۆشەویستی سەراپام دادەگرێ. دەمەوێ زار هەڵێنم. دەنگی پندار لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

– دەبێ ئەوەت لەیاد بێ کە لە کاتی خەباتدا نابێ گیرۆدەی سوز بی..

لێوەکانم دەنیشنە سەریەك. پیرەمێر چاوەڕوانە. دەماریکی بەرجەستە لە ئانیشکییەوە تا پشتی دەستی کشاوە. لاجانگەکانی وشکە. لێی دەپرسم:– بۆچی دەتەوێ ئەم کارەم بۆ بکەی؟

بە میهرەبانی دەڵێ:– ئەدی بۆ نابێ بیکەم؟

نەبادا عەلی شەیتان رای سپاردبێ کە سەرەداوێك بە دەست بێنێ؟ئەدی دوێنێ چی؟... کە قاوەڵتی دامێو عەلی شەیتان هاتو ئەمنی پڕ کرد؟... چ راسپاردەیەکم هەبێ؟... دایکم تا ئێستا پەرێشان بووە. وا چاترە کە نەزانێ چیم بەسەر هێنراوە خۆ ناشتوانم چ راسپاردەیەك بۆ چاوڕەش بنێرم، برادەرانیش تا ئێستا هەموو شتێکیان زانیوە.

دەنگی کابرای پیرەمێر دەژنەوم:– من وەکو بابت وام...

ژێر گۆنای راستی دەبزوێ:– ئەگەر راسپاردەیەکت هەیە مەترسە... ئەم کارەم بۆ کەسانی تریش کردووە.

– نا باوکە... ڕاسپاردەم بۆ چ کەسێك نییە.

لێوە وشکەکانی دەبزوون:– تۆ هیچ کەسێکت نییە کە بۆت تێبکەوێ؟

سەر با دەدەم:– نەخێر کەس شك نابەم.

دوا چۆڕی پەرداخە چایەکە دەخۆم!

دیسان دەڵێ:– بەلای کەمەوە پاروە نانێ بخۆ.

– دڵم نایبا.

پەرداخەکە دەخەمە سەر سینییەکە، پیرەمێردەکە بۆ چەند ساتێ تەمەشام دەکا.

ئەوجا هەڵدەستم. سینییەکە هەڵدەگرێو لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ.

هەڵدەستمو لەسەر تەختەکە دادەنیشم. ئەژنۆکانم وشکبوون. ئازاری پشتم نیشتۆتەوە. لە فکران ڕادەچم: "... تۆ لات وایە من زۆر دڵم بەکارەکەم خۆشە؟"...

دەنگی عەلی شەیتانە، "... تۆ دەتوانی وەکو یەکێك لە هاوڕێکانت سەیرم بکەی..." دەنگی پێ، سەرنجم رادەکێشێ. ئێستا دەنگی کرانەوەی قفڵی دەرگاکەیە. عەلی شەیتان لە نێو دەرگاکەدا وێستاوە. بە زەردەخەوە وەژوور دەکەوێ:

–باش نوستووی.

لێبڕاوەو دەست بەردار نابێ. شانەکانم هەڵدەتەکێنم. دەپرسێت:– چایان بۆ هێناوی؟

سەر با دەدەم، بڕیارم داوە هێندەی بتوانم قسە نەکەم. لە تەنیشتمەوە دادەنیشێت. بزە لە لێوی نابڕێ.

– ئەمەش سبەینێ.

لە دەمم دەردەچێ:– ئەدی قەرار نەبوو چاوەڕوانی شەهری بم؟

بزەکەی سەر لێوی دەمرێ

– زۆرت دڵ پێوەیە؟

– نە ء!..

باوێشکێ دەدا. ئەوجا راست دەڕوانێتە چاوم‌و دەڵێ:– دەزانی خالید؟... پێشنازەکەم زۆر ئاسانە.

بێدەنگ دەبێ. ئێژی بەدووی وشەی گونجاودا دەگەڕێ.

– ... تۆ ئەگەر قەولم بدەیتێ کە هەمیشە لە چالاکییەکانی خۆتانم ئاگادار بکەی ئەو قەولەت دەدەمێ کە هەموو بەڵگەنامەکان بفەوتێنم‌و تاکو نیوەڕۆ لە ئەمن بچیتە دەرێ.

بە زۆر جڵەوی پێکەنینی خۆم دەگرم.

– چما ئەوەندە دەستت دەڕوا؟

هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ:– ئەگەر هاوکاریم لەگەڵدا بکەی، ئا.

بزە دەنیشێتە سەر لێوم، عەلی شەیتان بە دووی قسەدا دەگەڕێ.

– نازانم چۆن قەناعەتت پێبکەم کە متمانەم پێ بکەی؟

قسەکەی دەگۆڕێ:– سەیرکە خالید... شتێکی گرینگم لە تۆ ناوێ... تەنانەت ناوی چ کەسێکم لێت ناوێ.

هەتاو، لە هەوا کێشەکەی سەربانەوە، لە دیوارەکە دەدا. عەلی شەیتان لەسەری دەڕوا:

– قەولی شەرەفت دەدەمێ کە قەراری نێوان من‌و تۆ کەس نەیزانێ.

بە تەواوی باوەڕی کردووە کە خەریکە دەکەومە داوەوە.

– ... قەولت دەدەمێ کە هەر لە بەینی خۆماندا بمێنێ... جا لە بری ئەوە، هەمیشە راستەوخۆو نا راستەوخۆ دەت پارێزم.

کەمێك بێ دەنگ دەبێ. دەڕوانێتە نیگام و بۆ کاریگەری قسەکانی دەگەڕێ.دیسان قسە دەکا:

– پێموایە قسە لەوە ئاشکرا تر نابێ.

سەر دەلەقێنم:– وایە... وایە...

بەپەلە دەپرسێت:– کەواتە قاییلی ها؟

سیمای گەوج دەنوێنێ. بزەیەکی گەوجانە نیشتۆتە سەر لێوی. هەوڵدەدا شەقڵێکی گاڵتە ئامێز بە قسەکەی ببەخشێ. دۆستانە قسە دەکا:– هەڵبەتە، ئەمجارەیان تەفرەت ناخۆم. جارێ دەستت بڕیوم کە بۆ هەموو تەمەنم بەسمە.

لە جێی خۆی دەجوڵێ. جگەرەیەك دادەگیرێنێ. زۆر لە خۆ دەکا کە قسەکانی دڵسۆزانە بێ. کە شۆخی ئامێز بێ.

– بەڵام ئەمجارەیان دەبێ زامن بدەی...

پێدەکەنێ. پێکەنینێکی ساختەو دەستکرد.

– .... باشە؟...

دیسان پێدەکەنێو بەدەم پێکەنینەوە دەڵێ:– زامن نە ء!....

مژێك لە جگەرەکەی دەدا. دوکەڵەکەی بە سەروچاومدا دەکا.

– ... یەعنی دەتەوێ بڵێم کە ... شتێك دەنووسینو هەردووکمان ئیمزای دەکەینو قەولی شەرەف بە یەکدی دەدەین کە یەکدی نەخەڵەتێنین.

هێندە خۆشباوەڕ بووە گەوجێتی لە سەرو سیمای دەبارێ.

دڵم دەچێتە جگەرە پێی دەڵێم:– جگەرەیەکم دەدەیتێ؟

دەڵێ:– داوای روح بکە.

پێدەکەنم.

پاکەتە هوماکەی لە بەردەمم رادەگرێ. نازانم بۆچی هەموو ئەوانەی ناو ئەمن جگەرەی هوما دەکێشن.

– هەڵگرە.

جگەرەیەك هەڵدەگرم. شقارتەم بۆ لێدەدا. دوکەڵەکە لە نێو دەممدا دەگێڕمو پەرتی دەکەمە دەرێ. تیشکی هەتاوەکە لە قەد دیوارەکە هاتۆتە خوارێ و لەناو ژوورەکەی داوە.

– هیچت نەگوت.

یاری بە دوکەڵی جگەرەکە دەکەم. چەند مێشێك لە چاڵەکە هاتوونەتە دەرێو بە دەوری پشتم دا دەسوڕێنەوە. دیسان دەڵێ:– هیچت نەگوت.

نیگای دەکەم: – دەربارەی چی؟

سەری سوڕ دەمێنێ. چاوانی ئەبڵەق دەبن:– دەربارەی چی؟

مژێك لە جگەرەکەی دەداو لەسەری دەڕوات:– ئاشکرایە کە دەربارەی چی!

ئێستا دەنگی، تینو تاوەکەی هەوەڵجاری نەماوە:– دەربارەی پێشنیازەکەی من.

چەند ساتێك بێدەنگ دەبێ. دڵەی پەشێوم ختوکەم دەدا. بە کاوەخۆ دەڵێم:

– باسی کام پێشنیاز دەکەی؟

هێندە بێ موبالاتانە ئەو قسەیە دەکەم وەك ئەوەی دوشێك سەهۆڵاوت بەردابێتەوە سەر لەشی رووتی عەلی شەیتان. بە چاوی خۆ دەبینم کە دەحەپەسێ.

مێشەکان لەسەر پشتم نیشتوونەتەوە. ئازارم دەدەن. کراسەکەم تەکان دەدەم. مێشەکان هەڵدەفڕن. عەلی شەیتان لێم مۆڕ دەبێتەوە. بە تەواوی بۆڕی داوەو زەرد بووە. سەرم لێ نزیك دەکاتەوە. لە بن لێوانەوە دەبۆڵێنێ:

– تا ئێستا یاسینم بە گوێی کەردا دەدا؟ گوێزم بۆ دەژماردی.

خۆم پێ ناگیرێ. پێکەنین دەکەوێتە سەر رووم. عەلی شەیتان هیشك بووە.دەڵێی پەیکەری بەردە. مۆڕەم لێدەکا، زاری نیوە کراوەیە. قرنکە جگەرەکە تووڕ دەدا. لە پڕ جگەرەیەکی دی دادەگیرێنێ وهەڵدەستێ. دەڵێی خەوتووە. دەڵێی نامبینێ. ئێژی خۆی دەدوێنێ.

– سەیری من کە خەمی کێ دەخۆم.

وەڕێ دەکـەوێ. لـە ژوورەکـە وەدەردەکـەوێ. کـە دەرگاکـە دادەخـا ترسـم لێدەنیشـێت. دەبـێ چاوەڕێی شەهری بم.

***

شـەهری بەرانبەرمـە. لـە سـەر چـوار پایەکـە دانیشـتووە. نیگـای عـەینی نیگـای مـەڕی سـەربڕاو دەرپۆقیوە. هەست بە سێبەری دوو زەلامی کەتە لەسـەر پشـتم دەکـەم. هـەمان ئەوانـەن کـە لەسـەر تەختەکە درێژیان کردم، هێشتا نەمتوانیوە چارەیان بە جوانی ببینم. بە خەیاڵی من باڵابەرز، گۆنا ڕەق و سمێڵ زل و دێز رەنگن، دەڵێی لفانەن.

شەهری. قامچییەکی بە دەستەوەیەو یاری پێدەکا. کەپووە درێژەکەی نیشتۆتە سەر لێوی. چ شتێ لە نیگای حاڵی نابم. ئەو قامچییەی کە بە دەستییەوەیە جیاوازە لەو قامچییەی کە پشتمی پێ شەقار شەقار کرد. کورتە، تا پتر بەرز دەبێتەوە ئەستوورتر دەبێ. ئەو قامچییەی کە پشتی شەقار شەقار کردم، بۆر بوو، ئەمەیان قاوەییە.

شەهری دێتە قسە:– کێ جانتاکەی داویتەتێ؟

چاك دەزانم کە وەڵامدانەوەی بێفایدەیە. لام مەعلومە کە سەد جاری دی بڵێم جانتای من نییە بە گوێیدا ناچێ و ناچێ.

قامچییەکە بە دەوری دەستیدا با دەداو قسە دەکا. شتێك لە قسەکانیان هەست دەکرێ کە بەدەن دەتەزێنێ.

– پێم ناڵێی؟

بە کاوەخۆ دەڵێم:– چی بڵێم؟

ئەمجارەیان ئاگر لە قسەکانی دەبارێ.

– دەزانی ئەو شۆخەشمان دەستگیر کردووە؟

لەسەری دەڕوا:– ئەو کیژەی هاوڕێت دەڵێم.

خوێن دەزێتە دەموچاوم. تۆ بڵێی عەلی شەیتان ئەم کەتنەشی کردبێ؟یا دەشێت کیژۆڵەیەك بێ سوچ و تاوان لە ماڵ بهێنرێتە دەرێ و بگیرێ؟... ئەگەر چاوڕەشیان گرتبێ؟... ئەگەر هەموو ئەو قسانەی گێڕابێتەوە کە لە سەیرانگاکەی کۆمپانیای نەوتدا بۆم باس کرد؟... لە پڕ گێچی ورەم دادەبەزێ. نامەردە، چی دۆزیوەتەوە. دڵنیام ئەگەر کەمێ پتر پێ لەسەر ئەم خاڵە دابگرێ ئەوا کۆنترۆڵی خۆ لە دەست دەدەم. لە پێناوی ئازادبوونی چاوڕەشدا هەموو شتێك، وردو درشت دەڵێم.

لەشم دەلەرزێ، چۆن دەتوانم بڕوانمە چاوانی ڕەشی پڕ گازاندەو سەرزەنشتی؟ نا!... هەقتان بەسەر چاوڕەشەوە نەبێ... لە پڕ وەئاگا دێمەوە. نەبادا مووێك لەم ماستەدا هەبێ. دڵی خۆ دەدەمەوە. دەبێ ورەم بەرز بێ، تا هەموو شتێك روون نەبێتەوە، نابێ خۆ بە دەستەوە بدەم...

دەنگی شەهرییە.

– بزانم بێدەنگی کوڕۆ؟

– ها!

ئێستا، نیگای لە نیگای گوربە دەچێ. بزەیەکی گەوجانە ددانە زێڕە چڵکنەکانی بەدیار خستووە. گەرووم وشکە.

– بۆ هیچ ناڵێیت؟

کە قسە دەکەم دەنگم دەلەرزێ:– چی بڵێم؟

بەسەری قامچییەکە نێو چەوانم ختوکە دەدا:– خۆ ناتەوێ سمت و کەفەڵی ناسکی شۆڕێ لە ژێر قامچیدا دابڕزێنم؟

زۆر هەوڵدەدەم کە تف نەکەمە چارەی.

– ها؟ ... دەتەوێ؟

بە رقەوە دەڵێم:– من زۆر شتم ناوێ.

نەدەبوو ئەم قسەیە بکەم، بەڵام کردم.

– زۆر چاکە، کەواتە قسە بکە.

مێشەکان لەسەر پشتم نیشتونەتەوە. خۆ دەجوڵێنم بەڵکو بفڕن.

– ئاخر شتێك بڵێ.

– ئەگەر شتێکم پێ بوایە. دوێنێ دەمگوت.

لەپڕ ئاور لە چاوم دەردەپەڕێ. قامچییەکە لەسەر ملم خەتم دەبێ. تەنانەت "ئاخ"یش ناکەم. ئازاری لە قامچییەکەی دوێنێ پتر نییە. نیگام دەبڕمە چاوانی ساردو سڕی شەهری. ئەگەر هەستی هەبێ شەپۆلی نەفرەتی چاوەکانم دەبینێ. سپێنەی چاوانی شەهری زەرد دەنوێنێ. وەکو چاوی گورگێك کە زەردویی گرتبێ. ددانەزێڕە پیسەکانی بە دیاردەکەون.

– بەڵام قسەت پێیە... و دەڵێی

هەست دەکەم پڕ بووم. هاکا جڵەوی خۆ لە دەست بدەمو تف بکەمە چارەی، دیسان دەڵێ:

– حەز دەکەی شۆڕێ بێنمە ئێرە؟

دیسان دەستی پێکردۆتەوە. دەڵێم:– تۆ هەر کارێکت بوێ دەتوانی بیکەی.

چاوی راستی دادەگرێ. لە پڕ ملم دەچێ بەناوا. کۆڵەمستێك بە پشتمدا دەدرێ. وردە چرچەکانی دەموچاوی شەهری دەچنەوە یەك. پێدەچێ بیەوێ پێبکەنێ. قسەکانی دەڵێی شیشی سوورەوە کراون و بە دڵمدا رۆدەچێ.

– هەر خۆت لەگەڵ شۆڕێدای یا بۆ هاوڕێکانیشتی دەبەی؟

گاز لە زمانم دەگرم کە چ قسەیەکم لەزار دەرنەچێ، هەست دەکەم رەنگم تێکچووە، گوێچکەکانم سووربوونەتەوە. لاجانگەکانم خەریکە دەتەقێ. هەوڵدەدەم جڵەوی خۆ بگرم. ئەگەر بۆی دەربکەوێ کە چەند پابەندو دڵبەندی چاو ڕەشم، بە تەواوی زەبوونم دەکا. هەراو هەنگامەیەك کەوتوەتە دڵم ئەوسەری دیار نەبێ، پڕ بەدڵ حەزدەکەم لە هۆڕژنی گریانێ بدەم. نامەردە پیس دەمڕەنجێنێ.

ئەگەر لە ژێر قامچیدا دام بڕزێنێ، زۆرم پێ خۆشترە لەم تەشقەڵەیە.

لە بن لێوانەوە دەبۆڵێنێ:– ئاخر شتێك بڵێ.

قوڕو قەپ، لێو هەڵنایەنم.. دیسان چاوێ دادەگرێو گەردنم بە سینەمەوە دەنووسێ.

ئەمجارەیان قسەکانی شەهری تەوس ئامێزە. وەك بڵێی بیەوێ تەشقەڵەم پێبکا، عەینی پشیلەیەك کە مشکێکی نیوە گیانی بەرچنگ کەوتبێ.

– حەزدەکەی شۆڕێت بۆ بێنم بۆ ئێرەو تا سبەی بەیانی لە باخەڵتدا بێ؟

لەوەی پتر خۆم پێناگیرێ، زار هەڵدێنم و دەڵێم:– چما ئەم کارانەیش دەکەی؟

لە سەر چوارپایەکە رادەپەڕێو هێرشم بۆ دێنێ. بە قامچی بەردەبێتە سەرو گوێلاکم.

– قەحپە دایکە چەند حازر وەڵامە.

دڵم فێنك بۆتەوە. گەنم گردی دەم کوتێ. زامی قەتماغە بەستووی کەمەرم لەسەد لاوە دەکولێنەوەو خوێنی تازە فوارە دەکا.

دەستم لێهەڵدەگرێ. بەدەم هاتوچۆوە جنێو دەدا. جنێوی وا دەدا لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نییە. بە جۆش‌و خرۆشەکەیدا بۆم بە دیاردەکەوێ کە لە خۆوە باسی چاو رەش دەکا. ئەگەر چاو رەش لەبەر دەستیان بوایە ئەم هەموو زەحمەتەی وەبەرخۆ نەدەدا. دەچوو و دەی هێناو ئەو دنیای نیشام دەدام.

لە پڕ لەبەردەممدا دەوێستێ. سەری قامچییەکە دەکێشێ بەدەمو چاومداو وەك سەگ بەسەرمدا دەڕشێتەوە.

– دایکت بە کەر دەگێم... تا ئێستا هیچ حیز دایکێکی وەکو تۆم نەدیوە.

تائێستا زەلامی وا دەم پیسم نەدی بوو. بە خۆڕایی ئەو هەموو ناوبانگەی دەرنەکردووە. دەبێ هەندێ شتی هەبێ کە لە خەلکانی دیدا نەبێ. سەد رەحمەت لە عەلی شەیتان.

شەهری بەرەو لای دەرگاکە دەچێ. بەسەر ئاماژە بۆ ئەوانەی پشتمەوە دەکا. هەرسێکیان لە ژوورەکە وەدەردەکەون‌و بە تەق‌و هوڕ دەرگاکە دادەخەن.

دەست بە گۆناو گەردەنمدا دێنم. جێی قامچییەکە ئاوساوە. دەکزێتەوە. بەڵام هێشتا ناگاتە ئازاری ئەو هەموو جنێوەی کە پێی دام.

وا تێدەگەم کە چوو کەلەپچە بێنێ.

– بنیادەم تەحەمولی هەمووشتێك دەکا.

ئەنجام لەمەش رزگارم بوو. منێ کە تا ئێستا تەحەمولم کردووە، هەرچۆنێ بووە ئەوی تریش تەحەمول دەکەم. من بە بێدەنگی ئازاریان دەدەم. قسە نەکردنەکەی من بارتەقای ئازاری هەموو قامچیکاری‌و ئەشکەنجە دانەکانی ئەوانە.

دەنگی تێکەڵو پێکەڵی پێ دێ. دەرگا ئاسنەکە بە توندی دەکرێتەوە. هەرسێکیان وەژوور دەکەون. تەنافێکی درێژی ئەڵقەدار بەدەستی شەهرییەوەیە.

پەیژەیەکی دوو لاییێشیان هێناوە. سەر لە کارەکەیان دەرناکەم، لەسەر تەختەکە دانیشتووم‌و سەیریان دەکەم. مێشەکان دەم دەژننە پشتم، روونا‌کییەکە هاتۆتە خوارێ. زۆری نە ماوە لە نێو ژوورەکە بدات. دەبێ نزیکی نیوەڕۆ بێ. هێندە کارامەو بە پەلە کاردەکەن دەڵێی سەدان جار ئەم کارەیان کردووە.

پەیژەکەیان لە نێوەڕاستی ژوورەکە داناوە. ڕێك لە ئاستی هەواکێشەکەدایە.

شەهری بە پەلە سەر دەکەوێ. تەنافەکە لە بەکرەی تەنیشت هەواکێشەکە هەڵدەکێشێ و رایدەکێشێتە خوارەوە. دەڵێی نیازی لە سێدارەدانمیان هەیە. سەری تەنافەکە کراوە بە ئەڵقە. یەعنی دەشێت هەروا بێ پرس و ڕا، لە سێدارەم بدەن؟ هێشتا بۆم روون نەبۆتەوە کە دەیانەوێ چ بکەن. سەری تەنافەکە ڕادەکێشنە خوارەوەو پەپژەکە لە نێوەڕاستی ژوورەکە هەڵدەگرن.

شەهری دێو لە بەردەمم دەوێستێ. سێبەری کابرای ئەشکەنجەچی بە قورسایی بارە قورقوشم کەوتۆتە سەر پشتم. چاوم لە ئەڵقەی سەری تەنافەکەیە کە لەسەر عاردەکە پان بووەتەوە. دەڵێی خەریکە لەجێی خۆی هەڵدەپلێ. دەڵێی مارەو بەرەو من دەخزێ. دەنگی شەهری وەکو تەرەقە لە زاری دێتە دەرێ.

– چاوی ببەستن.

پارچەیەکی ڕەش دەنیشێتە سەر چاوانمو لە پشت سەرمەوە گرێ دەدرێ. دەڵێی خەریکی هاتوچۆیە. دەچێتە ئەوسەری ژوورەکەو دەگەڕێتەوە. دیسان دەڕواو دەگەڕێتەوە. دەنگی پێی سات بە سات پەشێوم دەکا. ئەگەر لە مەبەستیان حاڵی ببم ڕەنگە ئاسوودە ببم. دەگی پێ دەبڕێ.

– چاکە....

بێنێکی دەداتێ و لەسەری دەڕوا:– کێ ئەو جانتایەی داویتەتێ؟

هەستم دەکەم سەری تەنافەکە لەبەر پێم دایە. دەڵێی ماریکە، سەری هەڵبڕیوەو زمانە باریکەکەی دێنێتە ژوورێ و دەباتە دەرێ.

– کێ ئەو جانتایەی پێ داوی؟

– سەد کەڕەتم گۆت کە هی من نییە.

دەنگی گڕ دەبێ:– هی تۆیەو بڕایەوە.

– هی من نییە.

چزە لە گەردنم هەڵدەستێ. سەری قامچییەکەی پێدا کێشاوە.

– تۆ یاری بەگیانی خۆت دەکەی.

وەڵامی نادەمەوە.

– من ئێستاکێ دەتوانم لە سێدارەت بدەم و ئەوجا لاشەکەت بخەمە بیری ئاودەستەوە...

پێدەچێ ئەڵقەی تەنافەکە بەسەر سەرمەوە سەما بکا. شەهری قسە دەکا:

– ... هەروەها دەتوانم بەرەڵلات بکەمو بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ.

ئێستا. دەڵێی دەنگی عەلی شەیتانە کە گوێم پڕ دەکا:

– پێشنیازەکەی من زۆر ئاسانە....

شەهرییە، کە قسە دەکا:

– ... زۆر بەتۆوە خەریك بووم.

عەلی شەیتانە کە قسە دەکا:

– تەنیا قەولم بدەیێ کە...

دەنگی پندار لە گوێمدا دەزرنگێتەوە:– جەوێکی سامناك دەڕەخسێنن.

دەنگی شەهرییە:– ئەگەر قسە ناکەی، وەسێتی خۆبکە.

بە من بێ جنێو بارانی بکەم.

نەرمەی گوێم دەگرێ:– هیچ نالێی؟

نقەم لەخۆ بڕیوە. گوێچکەم بەر دەدا! گوێم لە دەنگی خشەش دەبێ. ئەوجا.دەنگی شەهرییە:

– تا دە دەژمێرم.

دەکەوێتە هاتوچۆو لەسەری دەڕوا:– تەنیا ناوی ئەوانەم دەوێ کە جانتاکەیان وێداوی. تەنیا ئەوەندەو بەس!

دەچێتە ئەوسەری ژوورەکەو دەگەڕێتەوە. دیسان دەگەڕێتەوە.دەنگی پێی دەبڕێ.

– تا دە دەژمێرم.

و دەست بە ژماردن دەکا:– یەك.... دوو....

دەڵێی دەنگی پورە رەعنا دەژنەوم:– کچەکە ئەم منداڵە چەند کەللە رەقە.

– سێ ... چوار...

ئێستا دەنگی بابمە:– ئەگەر تۆ ئەوەندە لەسەری نەکەیەوە، ئاوا کەللە رەق نابێ.

دایکم بەهێمنی فرمێسك دەڕێژێ.

– پێنج... شەش.

کە چووم بە قینا هێز نییە رامم بکا.

– حەوت... هەشت...

رابـوردووم لا بەرجەسـتە دەبـێ. خـۆم لـە عـاردی دەگـەوزێنم. کراسـەکەم دەدڕێـنم.سـەرم بـە دیوارەکەدا دەکێشم. چووم بە قینا کەنەچم بۆ ماڵی پورە رەعنا.

– ئەم منداڵە زۆر خرا بووە.

دەنگی بابم سەنگینە. دایکم بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە وەڵامی دەداتەوە:

– تاپتر سەر بخەیە سەری ، خراتر دەبێ.

– ... نۆ...

ئێستا شەهری رێك بە دیار سەرمەوە وێستاوە.

– نایڵێی؟

لێوەکانم وەکو بەرد نیشتنوتە سەر یەك. دەنگی شەهری دەتەقێتەوە:– ... دە.

کاتێ بە خۆ دەزانم هەردوو قولە پێم لە ئەڵقەی تەنافەکە گیر دەکرێن و خێرا بەرز دەکرێمەوە. وەکو ئەوەی لاشەی مەڕێکت بە قولاپی قەسابخانەوە هەڵواسی بێ. دەستەکانم شۆڕ دەبنەوە ،سەرم بەرز دەکەمەوە. گەردنم زوو هیلاك دەبێ. هەستدەکەم خوێن لە کاسەی سەرمدا کۆ دەبێتەوە، گوێچکەکانم دەکەونە زرینگە زرینگ. خوێن فشار بۆ چاو ولاجانگەکانم دینێ. دەڵێ ی دەموچاوم خەریکە شین دەبێتەوە. دەنگی شەهری دەژنەوم. ئێژی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ:

– من، ئەم کارانەشم لە دەست دێ.

گوێم دەزرنگێتەوە:– حەز دەکەی شۆڕێت بۆ بێنمە ئێرە تا بەیانی لە باخەڵتدا بێ؟

لە دەمم دەردەچێ:– چما، ئەم کارانەشت لە دەست دێ؟.

دەنگی شەهری لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ:– من، لەم کارانەشم لە دەست دێ.

پارچە رەشەکە لە چاوم دەکەنەوە. هیچ شوێنێ نابینم. هەموو شوێنێ رەشە. سەرم خەریکە گەورە دەبێ. خوێن وەکو دەریا لە کاسەی سەرمدا شەپۆل دەدا. سەرم هێندەی ژوورەکەی لێهاتووە. هێندەی ئەمن. هێندەی هەموو شاری لێهاتووە.

هەموو دەنگەکان، قسەکانو بیرەوەرییەکان تێکەڵ بە شەپۆلی خوێن دەبن. لاجانگەکانم خەریکە لێك دەبنەوە. دەمارەکانی ملم ئەوەندە ئاوساون خەریکە دەخنکێم. لە پڕ خوێن وەکو لوولەی مەسینە، لە کونە کەپوومەوە سەر دەکا.

هێرشی مێشەکان تەکانم دەدا. چاو هەڵدێنم. ژوورەکە بە دەوری سەرمدا دەسوڕێتەوە. عەینی جەنازە لەسەر عاردەکە کەوتووم. خوێنی وشکەوە بوو دەمو لێوی داپۆشیوم. بۆنی سپرتۆ ژوورەکەی پڕکردووە. شرینقەیان لێداوم. شوێنی شرینقەکە هەڵتۆقیوە. سێ هەڵتۆقیوی نزیك بەیەك لەسەر نەرمەی سمتم چەسپیوە.

دیارە خەریك بووە بمرمو فریام کەوتوون. نازانم چ کاتێکی رۆژە. چاوانم دەنوقێنم. مێشەکان ئازارم دەدەن، دەم دەژەننە بن خوێنە وشەکەوەبووەکەی سەر پشتم، حاڵی جوڵانم نییە. حەز دەکەم بسوڕێمەوەو لەسەر دەستم بنووم. برسێتی، ئازار، سەرەگێژێ بڕشتی لێبڕیوم. ئیسکەکانی سینگم دێشێ. بازووی چەپم دەخەمە ژێر سینەم. هەوڵدەدەم ،دەستم ناجوڵێ، دیسان هەوڵدەدەم. سینەم لە عاردەکە بەرز دەبێتەوە. هەموو هێزم دەدەمە دەستەکانم. چەناگەم بەرز دەکەمەوە. تەختەکە لە بەردەممە. ئێستا سەرە گێژکێکەم کەمتر بووە. هەوڵدەدەم قاچی تەختەکە بگرم. بەڵکو ئەگەر دابنیشم وەزعم باشتر ببێ. چاوم بە روناکی هەتاوەکە دەکەوێ. داوییە لە نێو ژوورەکە. دەبێ پێش نیوەڕۆ بێ. رەنگە رۆژێك بوری بێ. کە هەڵیان واسیم روناکییەکە لە هەمان جێ بوو. دەمم هێندە وشکە هەڵنایەتەوە. دەڵێی گوژاڵکم خواردووە. گەرووم دەڵێی ژەهری مارە. قاچەکانی تەختەکە دەگرم. خۆ بەرزدەکەمەوە. غیرەت دەدەمە خۆو لەسەر هەردووك چۆکان دادەنیشم.

بازووەکانم دەنێمەوە سەر تەختەکە. تەوێڵم دەنێمەوە سەر دەستەکانم. گوێچکەم دەزرینگێتەوە. مێشەکان بە دەورمدا دەسووڕێنەوە، دەڵێ ی شارە زەردەواڵەم لە نێو گوێ دایە و ئاگر لە شارە زەردەواڵەکە بەردراوە. دەرگاکە ڤە دەبێ. یەکێك وەژوور دەکەوێ. سەیری ناکەم. تاقەتم نییە.

دەمو چاوم لە نێو بازووەکانمدا وەشاردووە. تەختەکە دەجوڵێ. بێگومان لەسەر تەختەکە رۆنیشتووە. چەند ساتێکی خامۆش دەگوزەرێ. بۆنی دووکەڵی جگەرەکەی دڵم تێك هەڵدێنێ. دەنگێ تێکەڵ بە وژە وژی گوێم دەبێ. دەنگەکە زۆر ئاشنایە.

– تۆ بۆ هێندە کەللە ڕەقی؟

وەڵامی نادەمەوە. تازە دوای چی! قیمە قیمەشم بکەن لێو لە بەریەك هەڵنایەنم. دیسان قسە دەکا:– ئەمان ئاغا رای سپاردوم کە یارمەتیت بدەم.

بۆم دەردەکەوێ کە غوڵام عەلی خانە. دەنگی لە دوورەوە دێ:

– قوربان، هەر لە منداڵییەوە بزێوو ناڕەحەت بوو...

سمێڵە زەردەکەی دەبزوێ:

– ... هەموو گەڕەك‌و بان بە دەستییەوە هەراسان بوو....

وادیارە وەکو عەلی شەیتان هاتووە تا قسەم لێدەربێنێ. هەموویان دەستیان داوەتە یەك کە هەر چۆنێ بووە ناچارم بکەن قسە بکەم.

قسەکانی تێکەڵ بە ژاوە ژاوی نێو گوێم دەبن.

– ئاخر مەخابنە کوڕێکی وەکو تۆ بە خۆڕایی تیا بچێ.

دەبێ بە بێدەنگی، بیتەزێنم.

– من دڵم پێت دەسووتێ.

لە پڕ رابوردوو لە هزرمدا بەرجەستە دەبێ، ئێوارەیە. مەهدی بەقاڵ لێی دەپاڕێتەوە.

– غوڵام عەلی خان لێی ببورە.

خواجە تۆفیق تکای لێدەکا.

– غوڵام عەلی خان ناماقوڵی کرد.

حەبیب نانەوا گۆناکانی ماچ دەکا.

– چیدی ناماقوڵی وا ناکا.

گلێنەی چاوە سەوزەکانی سارده. گوێ بە کەس نادا. پاسەوانەکە مەچەکی گرتووم. غوڵام عەلی خان ردێنی تاشیوە. حەبیب نانەوا تازە لۆکسەکەی داگیرساندووە. دایکم لەبەر دەرگا وەستاوەو فرمێسك هەڵدەرێژێ. خەلیفە بەردەمی دەگرێ بەڵام بێفایدەیە.

لەدڵی خۆدا هەموو جنێوە مزرەکانی ئەو رۆژەی خۆی پێدەدەمەوە. دەنگی غوڵام عەلی خان تێکەڵ بە ژاوە ژاوی نێو گوێم دەبێ.

– برسیت نییە؟

هەمان دەست پێکردنی عەلی شەیتانە.

– قەولم بە ئەمان ئاغا داوە کە هەرچیم لە دەست بێ بۆتی بکەم.

پڕ بە دڵ حەزەکەم هاواری بە سەردا بکەم. حەزدەکەم دەری بکەم.

بە نەرمی دەڵێ:– دەتەوێ خواردنت بۆ بێنم؟

دوکەڵی جگەرەکەی دڵم تێك هەڵدێنێ.

– چییە، ناتەوێ قسەم لەگەڵ بکەی؟

وەڵامی نادەمەوە. کەمێك دەجوڵێ.

– کەللە رەقی مەکە خالید.

دەمم وشکە، وشە بە زۆر لە گەرووم دێتە دەرێ.

– من چ قسەیەکم پێ نییە.

چ شتێك ناڵێ. لە سەری دەڕۆم.

– شەهری، بە خۆی ئەمە چاك دەزانێ.

لەسەر تەختەکە هەڵدەستێ. جۆرە بۆڕ خواردنێك لە قسەکانیا هەست پێدەکرێ.

– وام دەزانی حەزدەکەی یارمەتیت بدەم.

دڵم ئیسراحەت دەکا. دەزانم دەردی بۆڕ خواردن کلاڤەی کردووە. وەرێ دەکەوێ.

– سەلا لە ئەقڵم، بەزەییم بەکێدا دێتەوە.

دەنگی کردنەوەو داخستنی دەرگاکە دێ. دەڕوانمە روناکییەکە. داکشاوەتە بن دیوارەکە. پێم وایە رۆژی پێنج شەممەیە. شەوی دوو شەممە عەلی شەیتان دەستگیریکردم. رۆژی سێ شەممە قامچی کارییەکە بوو. رۆژی چوار شەممە وەکو گۆشتی قەسابی هەڵیان واسیم. شەو رۆژێکیش بێ هۆش بووم. دەڕوانمە ئەڵقە ئاسنەکەی بن میچەکە، تەنافەکەیان بردووە. لێرەو لەوێ پەڵە خوێنێ وشکەوە بوو بەسەر عاردەکەوە ماوە. دیارە خوێنەکە لەمە زیاتر بووە. خوێن وەکو فوارە لە کونە لوتمەوە رژاوە. بێگومان پاکیان کردۆتەوە.

دوبارە سەرم وەسەر بازووەکانم دەنێم. ئەگەر شەهری ئەمڕۆ نەیەت، سبەیش نایەت، برسێتی و بێ هێزی خەریکە لە نێوم دەبەن. خۆزیا قاییل بام کەغولام عەلی خان خواردنم بۆ بێنێ، لە کەللە رەقی خۆم بێزاردەبم. لەوەیە غولام عەلی خان راست بکاو ئەمان ئاغا رای سپاردبێ. دەزانم کە بلورخانم هەرچییەکی لە دەست بێ درێغیم بۆ ناکا. دەزانم کە ئەم چەند رۆژە ئەمان ئاغای هەراسان کردووە. دەزانم شەوو رۆژ سەری کردۆتە سەری. ئەگەر دایکم تا ئێستا نەمردبێ زۆر چاکە.

دەنگی پێ دێ. سەرم لەسەر بازووەکانم هەڵدەبڕم. دەرگای ژوورەکە ڤەدەبێ. یەکێك لە دەرگاکەوە قاپێکی مس هەڵدەداتە ژوورەوەو دەرگا دادەخا.دەبێ خواردن بێ.

دەستەکانم دەنێمە عاردی. بە قونە خشکێ. بەرەو قاپەکە دەچم. زارم ئاوی کردووە. قاپەکە، لێوان لێوی نیسکە، قامکەکانم بە پانتۆڵەکەم دەسڕمو دەست بە خواردن دەکەم. نیسکەکە پڕە لەزیخ. کە بەر دانەکانم دەکەوێ تەزووم پێدا دێ. دەڵێی بە ئانقەست زیخیان تێکردووە. لە گەرووم ناچێتە خوارێ. هەر دەیجوم دەیجوم تا وەکو شۆربا شل دەبێتەوەو ئەوجا بە زیخەکانەوە قووتی دەدەم. ئیدی دان بە پاروەکانی دیدا نانێم. تەنیا تۆزێ لە نێو دەممدا دەیگێڕمو ئاودیوی دەکەم. هەرچۆنێ بێ نیوەی قاپەکە دەخۆم. سکم دەکەوێتە قۆڕە قۆڕ. دووبارە بە قوونەخشکێ بەرەو تەختەکە خۆ بکێش دەکەم. شان بە تەختەکەوە دەدەمو لاقەکانم ڕادەکێشم. بەرە بەرە چاوم قورس دەبن. ئێستا ژاوە ژاوەکەی نێو گوێم کەمتر بووە. برژانگەکانم دەنیشنە سەریەك.

***

کە چاو هەڵدێنم، دنیا تاریکە، چ شوێنێ نابینم. نازانم چەند خەوتبووم. دەڕوانمە سەرێ. لە هەواکێشەکەوە تۆزێکی ئاسمان دیارە. ئەستێرەیەکی درشت بەسەر هەواکێشەکەوە

دەدروەشێتەوە. لە پڕ دڵم دەگیرێ. تاسەی چاو رەش دەکەم. ئارامم لێدەبڕێ. حەزدەکەم هاوار بکەم. هێندە سەر بە دەرگا ئاسنەکەدا بکێشم تا دەبوریمەوە. ئەستێرەکە خەریکە لە مەودای بینینم رەت دەبێ. دڵم تەنگە. ئازارم هەیە. دەمەوێ هەستمو هەندێ رێ بکەم، بەڵکو غەمی دڵم سووك ببێ. بەسەر پێوە دەوەستم. خواردنو خەوتنەکە کەمێك بوژاندوموییەوە. بۆ چەند ساتێك سەرم دەسوڕێ. لەسەر تەختەکە دادەنیشمو پێی راستم هەڵدەبڕم. چەند جارێك لاقم دێنمەوە یەكو دەیکەمەوە. ئەمەم لە گیان خۆشە، وەك بڵێی ئازارو ماندوێتی ئەژنۆم دەردەکا. دیسان هەڵدەستم. ئەمجارەیان دەتوانم خۆم بە پێوە بگرم. بە ئەسپایی ڕێ دەکەم. لاقەکانم دەلەرزن. وەکو منداڵێك بە تاتی تاتی خۆم دەگەینمە پشت دەرگا ئاسنەکە. گوێ بە دەرگاکەوە دەنێم. فێنکە. دەگەڕێمەوە تا ئەو سەری ژوورەکە دەڕۆم. هێڵنجم دێ. پێدەچێ ئەگەر دانیشم باشتر بێ. دادەنیشم. لە پاڵ دیوارەکەدا هەڵدەتروشکێم. ئەو بایەی لە هەوا کێشەکەی سەربانەوە وەژوور دەکەوێ بۆنی پایزی لێدێ.

***

بەم دوو رۆژە قاپە نیسکەکەم هەموو خوارد. بەینی ددانەکانم هەر وردە زیخە. قسەیەکی دایکم بیر دەکەوێتەوە.

– مرۆڤ گەر برسی بێ بەردیش دەخوا.

مەگەر هەر خوا بزانێ چ بەڵایەکم بەسەر دێ.

لەو ساوە کە غوڵام عەلی خان رۆیی و قاپە خواردنەکە هەڵدرایە ژوورەوە ئیدی کەس بەلام دا نەهات. تیشکی هەتاو تازە لە هەوا کێشەکەوە داوییە لە دیوارەکە. کراسەکەم لە عاردی هەڵدەگرم، دەی تەکێنمو بەسەر شانمیا دەدەم. ئێستا کە کراسەکە بەر زامەکانی پشتم دەکەوێ ئازارم نادا. هێندە لە نێو چوار دیوارەکەدا هاتوچۆم کردووە، لاقەکانم کەوتوونەتە ژان. تیشکی هەتاوەکە لە قەد دیوارەکەوە بۆ ناو ژوورەکە دادەکشێ. هێندەم حەز بە قسە کردنە خەریکە شێت دەبم. دیقم کردووە. دیوارەکان دەڵێی کێونو نیشتوونەتە سەر دڵم. لەبەر تیشکی هەتاوەکە رۆدەنیشم، سەر بەرزدەگرم. لە نێو تیشکی هەتاوەکەدا هەناسە هەڵدەمژم. سیەکانم پڕ دەکەمو بە دەنگی بەرز هەواکە دێنمە دەرێ. نیگا دەبڕمە ئاسمان. خاڵێکی رەشی جوڵەدار، لە قوڵایی ئاسمانی شیندا بەدی دەکەم. دەڵێی کۆترێکە یا بازێکی تیژ باڵەو خۆی لە قوڵایی ئاسمانێ گیر کردووە. خاڵە رەشەکە بچوکتر دەبێ. لە بازنەی هەواکێشی ژوورەکە دوور دەکەوێتەوە. ئێستا تەنیا ئاسمان دیارە. ئاسمان پیرۆزەییەکی بێگەردە. جریوە جریوی دوو پاساری لاسار دەژنەوم کە لە قەراغ هەواکێشەکەدا هەڵدەقونێنەوە. سەر دەکێشنە ژوورەوە. هەتاوەکە نێو چەوانو گۆناکانی گەرم کردووم. پاساریەکان لە قەراغ هەواکێشەکە دوور دەکەونەوە. ئێستا تەنیا دەنگە پڕ خرۆشەکەیان لە ژوورەوە دەنگ دەداتەوە. دیسان خاڵە رەشەکە بە دیارکەوتۆتەوە. خەریکە بەرەو خوار دادەکشێ. مەزنتر دەبێ کۆتر نییە. سەرم گێژ دەخوا. چاو دەنوقێنم. بە من بێ هەستم و هاواربکەم. لە پڕ دەنگی کردنەوەی دەرگاکە لەگویمدا دەزرنگێتەوە. رادەپەڕم بەڵام زات ناکەم سەر وەسوڕێنم. یەکێك وە ژووردەکەوێ. دەنگی پێی دەبڕێ.

– هەستە.

دەنگە کە بە گوێم نا ئاشنایە.

لەجێی خۆ ناجوڵێم. دەنگەکە نێرتر دەبێ.

– پێم گوتیت هەستە.

دیسان پاساریيەکان پەیدا بوونەتەوە. دیسان خاڵە رەشەکە بە ئاسماندا چووەوە. پاساریيەکان سەرەتاتکێ دەکەن، بێهودە دەجریوێنن. خاڵە رەشەکە هێندە بەرزبۆتەوە کە لە حوکمی چاو دەرچووە.

ئەو کەسەی لە پشتمەوە وێستاوە نوکە شاپێك دەئاخێوێنێتە سمتم.

– لەگەڵ تۆم نییە؟

دەستم دەنێمە زەوی. هەڵدەستم. پیاوێکی کەڵەگەت رووبەڕووم وێستاوە. چاوەکانی دەڵێی دووکاسەی خوێنن. سمیڵی بە ئەندازەی کلکە ڕێوییەك ئەستوورە. گۆناکانی بەرجەستەن.

– وەرە لەگەڵم.

هەزارو یەك جۆرە بیرو خەیاڵم بە مێشکدا دێ. خەیاڵی کەلەپچە هزرو بیری داگیر کردووم. بەگەڵی دەکەومو لە ژوورەکە وەدەردەکەوین. دڵم دەکرێتەوە. هەتاو بە نێو حەوشی ئەمندا پەخش بۆتەوە. لەشم دەکەوێتە مێرووله. رەنگی هەتاوەکە دڵم دەکاتەوە. بە قاڵدرمەکاندا سەر دەکەوین لەوێوە دەچینە ژوورێکەوە. کابرای قەڵەو خەریکی جگەرە کێشانە. کابرای لاواز سەرگەرمی هەڵدانەوەی دۆسیەیەکە. هەردووکیان سەیرم دەکەن. کابرای لاواز گیرۆدەی خوراندنی کەپویەتی. ئیشارەتم دەکاتێ کە دانیشم. لەسەر کورسییە پانو پۆڕەکەی کەنار مێزەکەی ئەوەوە دادەنیشم. سەر دادەخەم. دەنگی هەڵدانەوەی پەڕەکانی دۆسییەکە دەژنەوم. پاشان دەنگی کابرای قەڵەو دەژنەوم کە وەکو خەڕەکە شکاو جیکە جیك دەکا.

– تەحقیقیەکەی تەواو بکەو بینێرە بۆ دادگا.

بۆم بە دیاردەکەوێ کە ئیدی لە چنگی شەهری رزگار بووم. خەیاڵم رەحەت دەبێ. دەمەوێ پڕ بە دڵ هەناسە هەڵکێشم، بەڵام خۆ دەگرم. ژێراو ژێر دەڕوانمە پیاوە لاوازەکە. خەریکی نووسینە. کە مژ لە جگەرەکەی دەدا، گوپەکانی هێندە بە قوڵا دەچن کە تەواو دڵنیا دەبم ددانی لە زاردا نییە. هێندە سەری کەپوی خوراندووە سوور هەڵگەڕاوە.

کابرای لاواز پەڕەیەك هەڵدەداتە بەردەممو دەڵێ:– وەی خوێنەو وەلامی بدەوە.

دیسان بیری دەخەمەوە کە خوێندەوارییەکی ئەوتۆم نییە.

زیقە زیقی کابرای قەڵەو دەژنەوم:– خۆت بۆی بخوێنەوە.

دەڕوانمە کابرای قەڵەو، لێم دەپرسێت:– خۆ دەتوانی ئیمزای بکەی؟

دەڵێم: – ئا.

کابرای لاواز دەست بە خوێندنەوە دەکا:

– پرسیار: ئەو کتێبو رۆژنامانەی کە لە کاتی پشکنیندا پێت گیران کێ پێی داویت؟

وەلامی نادەمەوە. چاو کزەکانی ئەبڵەق دەبن. سپێنەی چاوەکانی زەرد هەڵدەگەڕێ.

دێته قسه:- زمانت نییه؟

له بن لێوانەوە دەڵێم:- ئاخر، ئەمە درۆیە.

دەڵێ:- بنووسم درۆیە.

دەڵێم:- ئەدی مەعنای چی... ئاخر من نە کتێبم پێ بووە نە رۆژنامە.

قسەکانم دەنووسێت و ئەوجا پرسیارێکی دی دەخوێنێتەوە.

- لە مەخفەری سێ ریانی بەندەردا یەك جانتا بەیاننامەی قەدەغەت پێگیراوە، بە تەمابووی ئەم جانتایە لە بەندەر بە کێ بسپێری؟

دیسان وەڵامی نادەمەوە. دیسان مۆڕەم لێدەکا و دەپرسێت کە مەگەر زمانم نییە.

پێی دەڵێم کە لە قسەکانی حاڵی نابم. لە پڕ دەهری دەبێ و بە توڕەیی دەڵێ:

- یەعنی حاشا لە جانتاکە دەکەی؟

- من جانتام پێ نەبووە تا حاشای لێبکەم.

کابرای قەڵەو تەکانێ بەخۆ دەداو چاو دەبرێتە دوڕ چاوانم. بە جۆرێ مژ لە جگەرەکەی دەدا لە تۆ وایە دەیەوێ هەمووی بە جارێ قووت بدا. کابرای لاواز دەستی لە نووسین هەڵگرتووەو مۆڕەم لێدەکا. ئەوجا نیوە جگەرەکەی دادەگیرسێنێ و لە کابرای قەڵەو دەپرسێت:

- چی دەفەرموون قوربان؟

کابرای قەڵەو بێ تاقەت بووە، جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە،دەستە سپی و کوڵەکانی پێکدا دەداو بەتوندی دەڵێ:- بنووسە برادەر، بنووسە... هەر شەکرێ دەخوا بینووسە.

هێندەی نەماوە لە پێکەنیندا شەق بەرم. بە زۆر جڵەوی خۆم دەگرم. سەر دادەخەمو لێوم دەگەزم.. دەنگی کابرای لاوازە:

- بە چ نیازێ بۆ بەندەر دەچوویت؟

سەر هەڵدەبڕمو دەپرسم:

- لەگەڵ بەندەتە؟

توڕە دەبێ و دەنەڕێنێ:- نەخێر، لەگەڵ خوشکەکەتمە.

خوێن دەزێتە دەمو چاوم.. دیسان هاوار دەکا.

- پێم گوتیت بە چ نیازێ...

مۆڵەتی نادەمێ قسەکەی تەواو بکا:

- بەندەری چی؟ چ ئیشم بە بەندەرە.

چەند ساتێ خامۆشی باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێ. نێگای کزی کابرای لاواز بە جانتاکەوە گیرساوەتەوە. قسە دەکا:

- ئەدی دەربارەی ئەو مەحزەرەی نێو دۆسییەکە چ دەڵێی؟

- مەحزەر؟

سەرم بەملاو بەولادا بادەدەمو دەڵێم:- دەربارەی کام مەحزەر قسە دەکەن؟

لە پڕ بە توندی پەڕەی مەحزەرەکە لە نێو دۆسییەکە دەردێنێ‌و دەڵێی بەتەمایە بیدات بە دەم‌و چاومدا، بە پەلە بۆمی درێژ دەکا:

– ئەمە دەڵێم... ئەم مەحزەرە.

بۆ چەند ساتێك مەحزەرەکە بە دەستی لە رزۆکەوە، لە بەردەممدا ڕادەگرێ‌ بە ئارامی دەڵێم:

– من گوتم... من خوێنەواریم نییە.

دیسان مەحزەرەکە دەکێشێتەوەو دەست بە خوێندنەوەی دەکا. قورتمی بەردەوام بەرزو نزم دەبێ‌. لێوی شین دەچنەوە. تاقەتی خوێندنەوەی نییە، کە لێ‌ دەبێتەوە نیگام دەکا. بێدەنگم. جگەرەکەی لەسەر تەپڵەکەکە هەڵدەگرێ‌و مژی لێدەدا. هێشتا چاوەڕێیە کە قسە بکەم. خۆی دێتە قسە:– ئێ‌.

وا خۆ دەنوێنم کە سەرم سوڕماوە. دەپرسێت:– دەڵێی چی؟

دەڵێم:– وەکو خۆت خوێندتەوە... کابرایەك بووە بە نێوی (عەندەلیب).

دەڵێ‌: – ناوێکی ترت داوە.

دەڵێم:– تۆ خۆت چیت دەوێ‌، ئەوە بنووسە.

دەمارە شینەکانی لاملی هەڵدەستن.

– بەڵام تۆ چ دەڵێی؟

– ئەمانە هەمووی بوختانە.

قەڵەمەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ‌و دەست بە خوراندنی کەپوی دەکا. خەریکە سەیرم دەکا لەپڕ چاوەکانی سپی دەبن، برژانگەکانی دەنیشنە سەر یەك. وەکو یەکێك تلیاك خاوی کردبێتەوە، عەینی چاوانی خواجە تۆفیق پاش فتکردنی سێ‌ چوار میسقال تلیاك.

دەنگی کابرای لاواز گڕو ئارام بووە.

– گۆتت بوختانە؟

چ شتێ‌ ناڵێم.

بە هێمنی قسە دەکا. دەبێ‌ تلیاکەکە کاری بوبێ‌و ئارامی کردبێ‌.

– ئەدی ئیمزاکەی پاینی مەحزەرەکە چییە؟

– درۆیە.

چاوەکانی حاڵەتی ئاسایی خۆیان وەردەگرنەوە.

– ئەدی راکردنەکەت لە ئەمن؟

– درۆیە.

دەنگی بەرز دەبێ‌:– ئەو پاسەوانەی کە لەگەڵیشت بوو درۆیە؟

لە بن لێوانەوە دەڵێم:

– دەستکردبوو... خۆتان فێرتان کردبوو.

کابرای قەڵەو لە پڕ دەنەڕێنێ‌:– تاقەتت بردم.

– نازانم لەگەڵ منییە یا لەگەڵ کابرای لاواز. خەم ساردانە لێی دەڕوانم. بە تۆپزی جڵەوی پێکەنینی خۆ دەگرم. گوپە سوورو سمێڵە قەیتانی و چاوە چکۆلەکانی هێناومیانەتە پێکەنین.

کابرای لاواز دیسان دەست بە نووسین دەکا، هێندەم بێزار کردووە کێردی لێبدەی خوێنی لێ نایەت.

– بۆ ئەمەیان چ دەڵێی؟

– درۆیە.

– ئەدی ئەویان؟

– درۆیە.

تەحقیقەکە تەواو دەکا. قەڵەمەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ و زەق زەق دەڕوانێتە چاوانم. تا من ئیمزا دەکەم، کابرای قەڵەو لە زەنگ دەدا. فەڕاشێ دێتە ژوورێ، پێی دەڵێ کە بڕوا بۆ پۆلیسخانەو بڵێ دوو پاسەوان بنێرن تا بمبەن.

– ئێرەش ئیمزا بکە.

ئیمزا دەکەم.

– ئەمەش.

دیسان ئیمزا دەکەم.

پاسەوانەکان، تفەنگەکانیان سواردەکەن. کەلەپچەم لە دەست دەکەن. پێیان گوتراوە کە جارێك لە ئەمن ڕامکردووە. زۆر وشك و مەسلەکین. بە هیچ جۆرێ رووی خۆش نانوێنن. لە دەرگای ئەمن وەدەردەکەوین. بە کەنار ریزە چنارێکدا تێدەپەڕین. بە سێبەری دار میمۆزەکاندا بەرەو مەیدانی گەورەی شار وەڕێ دەکەوین، قۆناغی تفەنگی یەکێك لە پاسەوانەکان بە قەبرغەمدا دەکێشرێ.

– پارەت پێیە تا بە تەکسی بڕۆین؟

حەزدەکەم تاکو دادگا بەپێ بڕۆم، لە نێو ئەو چوار دیوارەدا دیقم کرد. حەزدەکەم خەڵکی ببینم. موغازەکان ببینم. دنیا هەتاوە، بەڵام هێندە گەرم نییە کە ناڕەحەتم بکات. ڕێگەی دادگا بەسەر پردی سپیدا تێدەپەڕێ. کەڵکەڵەی بینینی کارونم کەوتۆتە سەر. ئێستا، ئاوی کارون هێندە روونە ماسییەکانی ژێری دەبینرێ، ئەوەندە روونە کە وردە شەپۆلەکانی لە ژێر تیشکی هەتاودا وەکو زیو دەدرەوشێنەوە.

– لە گەڵ تۆمە.

دەبۆڵێنم:– تاقە پولێکم پێ نییە.

– کەواتە دەبێ تا دادگا بەپێ بڕۆی.

چی وای بۆ مەیدانە گەورەکەی بەرانبەر پردەکە نەماوە.

***

تا دەگەمە دادگاو تەماشای دۆسییەکەم دەکرێ، دەبێ بە سەعات یەك و نیوی پاش نیوەڕۆ. لە دەوروبەری سەعات دوو ونیودا خۆ لە نووسینگەی زیندانداا دەبینمەوەو بە پەلە پەنجە مۆرو ئەم شتانە تەواو دەبێ و خۆ لەودیو دەرگای ئاسنینی ئینفرادیدا دەبینمەوە.

ژوورەکە، پێنج هەنگاو درێژ و سێ هەنگاو پانە. لە تاك ژوورەکەی ئەمن باشترە. هەواکێشێکی چوار گۆشەی بە شیش ڕایەڵ کراو بە بن میچەکەیەوەیە. تاك ژوورەکە، لە ڕاڕەوێکدایە. ڕاڕەوەکە سەری گیراوە. پاسەوانێکی کوڵە باڵا بە ڕاڕەوەکەدا دێو دەچێ. زەمینەی ڕاڕەوەکە بەردرێژە. تەنیا دەنگێ کە بێدەنگییە گەرم و شێدارەکەی ڕاڕەوەکە دەشڵەقێنێ، دەنگی پێی پاسەوانەکەیە.

حاکمەکە تاقەتی قسەکردنی نەبوو. خوا دەزانێ تا ئەو کاتە چەند کەسی دی مەحکەمە کردبوو.

– چیت کردووە؟

بە بێ تاقەتی دۆسییەکە دەکاتەوەو مەحزەرەکەو پەڕەکانی دی، دەخوێنێتەوە. ئەوجا نیگام دەکاو سەر دەلەقێنێ. چاوەکانی هاوار دەکەن کە خومارە. ئەم حاڵەتەم دەیان جار لە چاوانی خواجە تۆفیق دا بەدی کردووە. حاکمەکە دیسان تەماشای پەڕەکانی نێو دۆسییەکە دەکاتەوە. قژی ماشو برنجە. هێشتا سەری بە سەر دۆسییەکەوەیە کە لە بن لێوانەوە قسەدەکا:

– دەتانەوێ بەم ئاژاوەچێتییە چ بکەن؟

قەراری حەپسی کاتیم بۆ دەردەکاو بەڕێم دەکا.

پاسەوانەکە گازدەکەم. لەو سەری ڕاڕەوەکەوە دێ. دەست دەخاتە سەر دەرگاکەو لە کونە بازنەییەکەی دەرگاکەوە نیگا بێ ڕەنگەکانی لە نیگام دەبڕێ.

– چییە؟

پێی دەڵێم:– برسیمە.

– ڕەحمەت لە پورت.

بە دەم پێکەنینەوە لە سەری دەڕوا:– هێشتا نە گەییوەتە جێ، خواردنی لێم دەوێ.

دڵم لە دانە زەردو درێژەکانی تێکهەڵدێ.

چاوان دەنوقێنمو دەڵێم:– ئاخر دوو ڕۆژە نانم نەخواردووە.

دیسان بە پێکەنینەوە دەڵێ:– تۆ تا شەوو ڕۆژێکی دی خواردنت نابێ.

سەرم سوڕ دەمێنێ:– نابێ؟

دەڵێ:– هەڵبەتە نات بێ.

کۆکەیەك دەکاو دەڵێ:– خۆ ئێرە ماڵی بابت نییە.

دەیەوێ بڕوا

– قوربان دەققەیەك.

دەوەستێ. هێشتا هیچم نەگوتووە کە دەپرسێت:– پارەت پێیە؟

گیرفانی پانتۆڵەکەم دەگەڕێم. چوار ئەسکەناسی گرمۆڵە بووی دوو تومانی لەبنی بەڕکمدا گرمۆڵە بووە.

– ئا، پێمە.

پاسەوانەکە دەڕوانێتە دەوروبەریو ئەوجا دەڵێ:– بێنە با ڕاسپێرم لەچاخانەکە خواردنت بۆ بێنن.

بۆم بە دیاردەکەوێ کە لە زیندانیشدا وەکو ئەمن و وەکو دادگا چاخانە هەیە.

پیاوێکی کوڵە باڵای جلی زیندان لەبەر، خواردنم بۆ دێنێ. لەتێ نانی کۆن و چوار پەتاتەی چکۆلەی کوڵاو و تۆزقاڵێ خوێ.

نان و پەتاتەکە دەخۆم. گەرما و کپیی پاش نیوەڕۆ و قورسی گەدەم خاوم دەکەنەوە.شان بە دیوارەکەوە دەدەم ولاقەکانم رادەکێشم. هێندە تەپ وتۆز نیشتووەتە سەر کومباری نێو ژوورەکە هەر دیار نییە. بە جۆرێ دانیشتووم کە کەمەرم لە دیوارەکەوە دوورە. زوو ماندوو دەبم. رادەکشێم. ئەوجا بەلای راستدا تل دەدەم. ئێستا چاوانم قورس بوون. حەزم بە خەوە. بیری جۆراوجۆر سواری سەرم دەبێ. لە پڕ دەکەومە بیری رەحیم وڵاخدار. هەڵدەستم. پاسەوانەکە گاز دەکەم. لەو سەری راڕەوەکەوە دێ. لە پیاوێکی خراپ ناچێ. سەری کۆتە. قژی رووتاوەتەوە. تەنیا لە دەوری گوێی و پشتی سەری چەند تاڵە مویەکی خەنەیی هەیە.

– دیسان چت دەوێ؟

ڕەنگی چاوانی پەڕیوە. دەڵێی دوو دوگمەی رەشی کۆن و کاڵەوە بوون و سپی دەچنەوە.

لێی دەپرسم:– تۆ رەحیم وڵاخدار دەناسیت؟

دەڕوانێتە چاوانم و بە ئەسپایی دەڵێ:– ئەوەی کە ژنەکەی خۆی کوشتووە؟

لە کەیفان لە پێستی خۆ ناهێورم.. دەڵێی دنیام دراوەتێ

– بەڵێ... ئەوەی کە ژنەکەی خۆی کوشتووە... خۆیەتی

ددانە درێژو چڵکنەکانی کابرای پاسەوان بەدیاردەکەون.

– چما دەیناسیت؟

بە شادییەوە دەڵێم:– بەڵێ... دەیناسم... هاوسێ بووین. لە یەك حەوشە دا دەژیاین.

پاسەوانەکە بە نینۆك سەرە رووتاوەکەی دەخورێنێ و دەڵێ:– بەم پێیە دەبێ ئەمان ئاغاش بناسیت؟

بە من بێ هەر هەستم و باوەشی پێدا بکەم و دەموچاوە کونجەکەی ڕاموسم.

– دەیناسم... لە چاخانەکەیدا شاگرد بووم.

دەڵێ:– کەواتە دەبێ ئاگام لێت بێ.

لە پڕ بەدگومانی هێرشم بۆ دێنێ.. دەنگی پندار گوێم پڕ دەکا:

– هەندێ جار دێنە بن کڵێشەتەوە. متمانەت لا پەیدا دەکەن. دەبن بە دۆستت تا قسەت لێ دەربێنن.

دڵم دەتۆرێ. ناشێت فێڵ و دەهۆیەك لە گۆڕێ بێ! بڵێی فێر نەکرابێ کە نەرمم بکاو قسەم لێ دەربێنێ! ...کەیفم ساز دەبێ:

– قوربان... گەر بمەوێ دەتوانم رەحیم وڵاخدار ببینم؟

چرچ دەکەوێتە دەموچاوە ئاوڵاوییەکەی. بزەیەك دەکا:

– بۆ تۆ قەدەغەیە. نە کەس دەبینی و نە کەس دەت بینێ.

رادەپەڕم: قەدەغەیە؟

به نەرمی دەڵێ:- ئەدی پێیان رانەگەیاندی؟... قەرارەکەی تۆ (حەپسی کاتی)یە، تا تەحقیق تەواو نەبێ، بۆت نییە کەس ببینی.

نا ئومێد دەبم.. دادەنیشم. ئەوجا ڕادەکشێم. دەنگی پاسەوانەکە دەژنەوم.

- سەعات چوار، ئێشکی من تەواو دەبێ. ئەگەر راسپاردەت بۆ هەر کەسێ هەیە بیڵێ با بۆتی جێبەجێ بکەم.

چ شتێ ناڵێم خەریکە گومان لە خۆشم پەیدا دەکەم. دیسان دەنگی دەژنەوم:

- بە ئەمان ئاغا دەڵێم لێرەیت. پێی دەڵێم بەلای کەمەوە نوێنت بۆ بێنێ.

دەکەوێتە ڕێ. دەنگی پێیەکانی بێدەنگی و تەنیایی نێو ڕاڕەوەکە پتر دەکا. ئارەقەی لەشم چۆڕاوەتە سەر قەتماغەی زامەکانی پشتم. جێ قامچییەکان دەکزێتەوە. دادەنیشم. کراسەکەم دادەکەنم. بە داوێنەکەی خۆم باوەشێن دەکەم. فایدەی نییە. دنیا گەرمە. ئازای لەشم لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، دەڵێی لەشم دەرزی ئاژن دەکرێ. لە پڕ هەواکێشەکەی سەربان دادەخرێ.

دەلنگو نافەکی شۆڕی پانتۆڵی پاسەوانێك دەبینم کە دەڵێی بەسەر هەواکێشەکەدا دراوە. لە نێو هەردوو لینگی پاسەوانەکەوە دەموچاوێکی درێژی پیر دەبینم کە بەسەر هەواکێشەکەدا دانەویوەتەوە. قۆناغی قاوەیی تفەنگێك بە یەکێك لە لاقەکانییەوە چەسپیوە. لە سەرووی قۆناغەکەوە میلی تفەنگەکە لەبەر تیشکی هەتاو دەبریقێتەوە. دوو چاوی خڕ بە پانتایی دەمو چاوی پیری پاسەوانەکەوە گیرساونەتەوە. تاقەتی دیتنی چاوەکانم نییە. تاقەتی دیتنی کەپوی درێژو گۆنای رەق و تەقی پاسەوانەکەم نییە. سەر دادەخەمو بە دەما رادەکشێمو سەر وەسەری دەستەکانم دەنێم. هێشتا هەواکێشەکە داپۆشراوە. نیگای پیری پاسەوانەکە قورسایی دەخاتە سەر پشتم. دیسان دەڕوانمە سەرێ. چاوی بڕیوەتە نێو ژوورەکە. دەموچاوم لە نێو بازووەکانم وەدەشێرم. دەنگی پێی پاسەوانەکە بەردەوامە. زەمینەی ڕاڕەوەکە بەرد رێژە. بنی پێڵاوەکانی پاسەوانەکە ناڵچەی پێوەیە. بێوچان بە درێژایی ڕاڕەوەکەدا دێو دەچێ.

بە درێژایی ڕاڕەوەکەدا دێو دەچێ. پێموایە تا ئەو سەری ڕاڕەوەکە هەر تاك ژوورییە. کاتێ کە هاتم ئەوەندە گێژ بووم، جوان سەیرم نەکرد. لە پڕ دەنگی توندی زەنگ، ڕاڕەوەکە پڕدەکا.

عەینی زەنگی قوتابخانە. هەڵدەستمو لە کونی دەرگاکەوە دەڕوانمە نێو ڕاڕەوەکە. ئێستا دەنگی زەنگەکە بڕاوە. غەڵبە غەڵبو دەنگە دەنگ لە ڕاڕەوەکە دێ. پاسەوانەکە گازدەکەم. دێتە پێشەوە. لێی دەپرسم ئەوە چییە. دەڵێ:

- دەچن فراڤین وەردەگرن.

دەبێ سەعات لە سێ تێپەڕی بێ.

دەپرسم:- ئێستا کەیە، وەختی نیوەڕۆژەیە؟

دیسان بزەو ددانە رەشو درێژەکانی پاسەوانەکە دڵم تێك هەڵدێنێ.

- ئێرە نە ماڵە بابەو.... نە لۆقنتەخانەشە!

قەتاری زیندانیان بە بەر ژوورەکاندا تێدەپەڕێ. چاودەگێڕم بەڵکو رەحیم وڵاخدار ببینم. هەموو جۆرە مرۆڤێکیان تیدایە. بە جلی موقەلەمی زەردو رەشی جاوەوە. فریای ناسینەوەیان ناکەوم:

زوو لەبەر چاوم ون دەبن. هەموو قاپی مسیان پێیە. خواردن وەردەگرن‌و دەگەڕێنەوە. هیواش ڕێ دەکەن. هەڵم لەو زەرداوەی نێو قاپەکانیان هەڵدەستێ. پیرەمێردێکی کۆماوە بە جۆرێ قاپەکەی هەڵگرتووە لە تۆ وایە بەگیانییەوە نووساوە.

کابرای پیرەمێر گەڵاوگەڵ دەڕوا. کەپوی بە ئەندازەی گێزەرێکە. چاوەکانی پڕوشن. بە بەردەمم دا ڕەت دەبێ. لە پڕ چاوم بە ڕەحیم وڵاخدار دەکەوێ.

قاپەکەی وەبن باخەڵی ناوە. سەری تاشراوە. تەوێڵی زەقە. سمێڵی زەرد دەنوێنێ. هەڵبەتە هی دوکەڵی جگەرەیە. لەوساوە کە ڕەزوانی بەسەرە سەبیل کوشت، ئیدی سەبیلی نەکێشا. گازی دەکەم. هەڵوەستەیەك دەکا. دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی. دیسان گازی دەکەم.

– مش ڕەحیم... منم.

هێشتا نێوی خۆم نەگوتبوو، پاسەوانەکە خۆی گەیاندێ. بازووی دەگرێ‌و دەڵەکی دەدا.

– ڕێکە پیرەمێر.

ئەوجا بەرەو لای من دێ. سیمای میهرەبانە. نیگای میهرەبانە. قسەکانی بۆنی گلەییان لێدێ.

– پێم گوتیت، بۆت نییە قسە لەگەڵ کەس بکەی.

دیسان دەلنگ‌و نافەکی پانتۆڵە شینەکەو قۆناغی تفەنگی پاسەوانەکە، هەواکێشەکە دەگرن.

تەوێڵم دەنەم بەدەرگا ئاسنەکەوەو لە کونی دەرگاکەوە دەڕوانمە نێو ڕاڕەوەکە. سیمای هێندەی لە زیندانییەکانم بەلاوە ئاشنایە. وەك بڵێی لە شوێنێکدا دیبمن. دەمەو ئێوارانێ کە بە شەقامی پەهلەویدا پیاسە بکەی، هەموو خەڵکی شار دەبینی.

ڕەحیم وڵاخدار دەگەڕێتەوە. لەبەر ژوورەکەمدا دەوێستێ. پاسەوانەکە لەوسەری ڕاڕەوەکەیە. گازی دەکەم.

– مش ڕەحیم، منم من.

سەرگەردانە.

– منم، خالید، لە ژوورەوەم.

نیگام دەکا، نیگای پیریی لە خەم نیشتووە. دەنگی لە دوور دێ.

– دەبینی خالید، دەبینی بەم ئاخری پیرییە؟... دەبینی؟

سەرسامە، لێوی تەتەڵە دەکا. هێشتا چیوای نەگوتووە کە پاسەوانەکە دەگاتە سەری.

– دیسان... لاحەولەوەلا... ڕێکە بابە.

ڕەحیم وڵاخدار سەری دادەخات‌و وەڕێدەکەوێ.

لە سوچێکی ژوورەکە ڕۆدەنیشم. ئێستا غەڵبە غەڵبی زیندانییەکان بڕاوە. دەنگی داخستنی دەرگای قاوشەکان دێ، دووبارە بێدەنگی باڵ بەسەر ڕاڕەوەکەدا دەکێشێ. ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم. چەناگەم دەنێمە سەر ئەژنۆم‌و لە فکران ڕادەچم. لە پڕ ڕۆژانی ڕابوردوو هێرش دێنن. دەنگی ڕەزوان لە هەموو دەنگەکان ئاشکراترە:

– چ بکەم خوشکێ؟.... ئافرەتی بێ مێرد هەزارو یەك قسەی قۆڕی دوو دەخرێ...

نیگای ڕەزوان، قسەکردنی ڕەزوان هەقن:

– ... هاتو هەر ڕستی و ڕستی کە دوو منداڵی بێ دایکی هەیە...

زوڵفە ڕەشەکەی دەورینجێتەوە. چاوە درشتەکانی بەکل رشتووە.

– دڵم بە منداڵەکانی سووتا. دەنا خۆی ئیدی لێ بۆتەوە...

گۆناکانی سووراو کردووە. لۆچ دەکەوێتە نێو چەوانی.

– ... راستیت دەوێ منیش لێ بوومەتەوە.

ئێستا ژنانی گەڕەك لە نێو خۆیاندا چپەچپ دەکەن:– یەکێکە لەو عەیارانەی کە مش رەحیم لەسەر یەك قامك دەخولێنێتەوە...

خەجێ، مەمکی دەتەپێنێتە زاری منداڵە رەنگ زەردەکەیەوەو لەبن لێوانەوە دەڵێ:

– دە دانە دۆستی هەیە خوشکێ...

روقیا، گرێیەکی تەواوی قامکی بە نێو کونە کەپویدا دەگێڕێو دەڵێ:

– ئاخری پیری و کلاوی گەوادی...

لە پڕ دەنگی دەهۆڵو زێڕەی زوڕنا.. ڕام دەچڵەکێنێ. مش رەحیم هاوار دەکا:

– ئافرەت شەرم لە خوا بکە.

هاپۆ بەندەر دەستی مش رەحیم دەگرێ.

– مش رەحیم با بڕۆینە دەرێ پیاسەیەك بکەین.

رەزوان دەپاڕێتەوە. ئارەقە نیشتۆتە سەر نێو چەوان و گۆنا سافەکانی. سەنەم سەما دەکا. ئاوی مەنجەڵەکە هاتۆتەکوڵ. دەمارەکانی لاملی مش رەحیم هەستاون. دەنگی ناژنەوم. دەنگی زوڕناکە تونـدە. رەحـیم وڵاخـدار سـەبیلەکەی بەدەسـتەوەیە. دەنگـی دەهۆڵەکـە لەیـەك بینـە دەتەقێتەوە.

سەری سەبیلەکەی دەسڕەوێنێتە لاجانگی رەزوان. دەموچاوی پان و سوری یەکێك کونی دەرگا ئاسنەکە پڕدەکا.

– ئەمڕۆ هاتووە؟

ئێشکچـی ڕاڕەوەکـە خەریکـە دەگـۆڕدرێ. سـەعات چـوارە. دەنگـی پاسـەوانە سـەر سـافەکە دەژنەوم.

– بەڵێ ئەمڕۆ هاتووە... قەدەغەیە کەس بێتە دیداری.

دڵم گیراوە ئەگەر لەگەڵ رەحیم وڵاخدار قسەم کردبا خەمم سوکتر دەبوو.

پاسەوانەکە بە بەر ژوورەکەدا ڕەت دەبێ، تیشکی هەتاوەکە بە دیوارەکەدا هەڵکشاوە. خەمی هـەموو دنیـام لـە دڵ نیشـتووە. دەزانم ئێسـتا، هاوماڵـەکان بـەر ژوورەکانیـان گسـك داوەو ئاوڕشـێنیان کـردووەو بـەڕەو دۆشـەکەڵەیان لـێ راخسـتووەو ئێسـتا خواجـە تۆفیـق بـە دیـار مەقەڵییەکەیـەوە دانیشـتووەو هێـدی هێـدی خەڵوزەکـەی باوەشـێن دەکـاو ئێسـتا دایکـم دەسـتەو ئەژنۆ دانیشتووەو زۆر بێتاقەتە.

وەکو مەنجەڵێکی ئاوی گەرم کە لە پڕ هەڵبچێ، دڵم هەڵدەچێ. دەمەوێ هەستمو پڕ بە زار هاوار بکەم. دەمەوی هەستمو دەم بە کونی دەرگا ئاسنەکەوە بنەمو هاوار بکەم کە (چاوڕەشم خۆش

دەوێ.... تۆ چەند چاکی... چەند خەیاڵێکی ناسکت هەیە... چەد دڵسۆزانەو راستگۆیانە لەگەڵم دەدوێی... خۆشم دەوێی... چاوڕەشە جوانەکەم... ئازیزەکەم...) لە ناکاو وەئاگا دێمو سەیر دەکەم خەریکە لەگەڵ خۆدا قسە دەکەم. دەمو چاوە سوورەکەی پاسەوانەکە، بەرکونی دەرگاکە دەگرێ.

– کارت هەبوو؟

– نە.

دەیەوێ بڕوا

– دەققەیەك توخوا

– چییە؟

– دەمەوێ بچمە سەر پێشاو.

دەڕواو بە دەستەیەك کلیلەوە دەگەڕێتەوە.

– هەستە.

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە.

– لە پێنج دەققە پتر وەختت نییە.

پاسەوانێکی رەشتاڵەم بەگەڵ دەکەوێ. دەیناسمەوە. گەر بە هەڵەدا نەچوبم بەلەمچی بووە. قسەی لەگەڵ دەکەم. زمانی، زمانی عەرەبە. دەنگی ئاشنایە. دەبێ هەر ئەوە بێ کە من بۆی چووم. پرسیاری لێدەکەم. بە نە بە دڵی دەڵێ کە بۆچی قسەی بەلاش دەکەم. دەرگای قاوشێك دەکاتەوە. وەژوور دەکەوین.

ئاودەستەکان کەوتوونەتە بنی قاوشەکەوە. هەتاو لە دیوارە بەردەکە ئاودیو بووە. لە پشت تەلبەندەکەی سەربانەوە پاسەوانێکی باڵا بەرز، دێو دەچێ. تفەنگەکەی لە شانی کردووە. کڵاوەکەی بە پشتدا بردووە.

زیندانییەکان دەستە دەستە لە دەوری یەکدی دانیشتوون. لە سەد کەسێك پتر دەبن. لێرەو لەوێ پەرێمز دەگڕێ. کتریان لەسەر نراوە. دیارە بۆ چا لێنانە. قاپلەمەش لە تەباخی بریقەدار بارکراوە. پیاوێکی کامڵ لەسەر سەکۆ چیمەنتۆکەی بەردەم ئاودەستەکان هەڵتروشکاوەو لەیەك بینە دەڕوانێتە ئاسمان.

لە ئاودەستەکە وەدەردەکەوم. هەموو ماسوولکەکانم رەق بووە. ئێسکەکانی لەشم دێشن. ناتوانم رێ بکەم. بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدەنێم. حەزدەکەم بەجوانی دیقەتی دەوروبەری زیندانەکە بدەم. ریزی ژوورەکان کەوتۆتە یەك لاوە. پەنجەرەی هەموو ژوورەکان دەڕوانێتە نێو حەوشە. دەیان ژمێرم. یازدە ژووری گەورەیە. بەمن بێ بچمە راڕەوی بەر ژوورەکانو سەیر بکەم. دەنگی پاسەوانەکە بەرز دەبێتەوە.

– بجوڵێ.

دەوێستم:

– ناتوانم رێ بکەم.

– چما لاقت شكاوه؟

– نه ء... بەڵام كەمەرم هەلا هەلایە.

نیگای هەندێ لە زیندانییەكان تاكو قاوشەكە بە دوومدا دێ. لە ڕاڕەوەكەدا دیسان دڵم دەگیرێ. هەوای نێو ڕاڕەوەكە گەرمە. هەناسەی بنیادەم سوار دەكا. لە پشت هەندێ كونی دەرگای تاك ژوورییەكانەوە، دوو چاو دەبریسكێتەوە. لەبەر ژوورەكەدا دەستەیەك نوێنی بە یەكادراو دەبینم قالیچەكە دەناسمەوە.دەنگی كەسێك دەژنەوم:

– تۆ خالیدی؟

ئاوڕ دەدەمەوە. كابرایەكی كوڵە باڵای پانە. بازووەكانی دەڵێی خڕكە بەردن. نیگای وەكو ئاگر دەسووتێ.

– بەخشی.

تیادەمێنم و نازانم دەبێ چ بكەم. حاڵیم دەكا.

– نوێنم بۆ هێناوی، بەخشیم بدەیێ.

نێو گیرفانم دەگەڕێم. دوو تومانییەكی گرمۆڵە بوو لە دەستی دەنێم.

قالیچەو پەتۆو سەرینەكە هەڵدەگرمو وەژووردەكەوم. هەر داوێكی قالیچەكە بۆنی بابمو بۆنی توتنەكەی بابمی لێدێ. رای دەخەم، سەرینەكە دادەنێمو ڕادەكشێم. دەمو چاوم لە قالیچەكە هەڵدەسوم. دڵم پڕ دەبێ. سەرینەكەی دایكمە. دەموچاوم لە سەرینەكەدا نقوم دەكەمو بۆنی دەكەم. خەم هێرشی بۆ هێناوم، دڵم هێندە ناسك بووە لەوەیە هەر كەسێك گازم بكا یا قسەم لەگەڵ بكا لە هۆڕژنی گریان بدەم. دەڵێی قژی دایكم بەسەر سەرینەكەدا پەخش بۆتەوە. دەڵێی بابم لەسەر قالیچەكە دانیشتووەو خەریكی سیغار پێچانەوەیە. دەنگی خەمباری بابم دەژنەوم. لە دوورەوە دێ. ئێژی لە بنەبانی ئەشكەوتەوە دێ:

– ئاسنگەری كەساد بووە.... بازاڕی نییە. ئێستاكێ تەنانەت مێخ زنجیریش لە هەندەرانەوە دێنن.

سەرینەكە ئەم دیوو ئەودیو دەكەم. بۆنی پێوە دەكەم. بۆنی دایكم. قسەكردنەكەی گلەیی ئامێزە.

– تۆ هێشتا منداڵی كوڕەكەم... تۆ دەبێ بیر لە ژیانی خۆت بكەیەوە.

دەمو چاوم لە سەرینەكەدا نقوم دەكەم. لە پڕ شتێكی رەق بەر گۆنام دەكەوێ. دادەنیشم، سەرینەكە دەنێمە سەر ئەژنۆكانمو هەموو لایەكی دەپشكنم. دەڵێی شقارتەیەكەو لە نێو پەڕەكاندا دەجوڵێ. چەند تەقەڵێكی سەری سەرینەكە هەڵدەوەشێنمەوە. دەستم تا ئانیشك لە نێو پەڕی سەرینەكە دەكەم. دەی دۆزمەوە. نوشتەیە، پەرۆیەكی سەوزی تێگیراوە. پەرۆكە دەكەمەوە. نوشتەكە دەردێنم. خەتی میرزا نەسرووڵلایە. بۆنی میسكو گوڵاوی لێدێ. نووسینەكە دەدرەشێتەوە. تیا دەمێنم كە چی لێبكەم. دەمەوێ بیدڕم. بەڵام لە پڕ نیگای بابم هەموو هزرم داگیر دەكا. دەستم خاو دەبێتەوە. نوشتەكە دەنێمەوە نێو پەڕۆ سەوزەكەو هەڵی دەدەمەوە نێو

سەرینەکە. ئەگەر قازانجی نەبێ زیانیشی نییە. لەسەر دەستم ڕادەکشێم. خوا دەزانێ دایکم چەند پاڕاوەتەوە تا میرزا نەسروڵلا ئەم نوشتەیەی بۆ نوسیوە. لەپڕ دەنگی یەکێك دەژنەوم.

– سەری بتاشن.

یەکێك وەڵام دەداتەوە:

– بەسەر چاو جەنابی سەروان.

دەرگا دەکرێتەوە. ئەفسەری ئێشکچییە بە چاوانی درشت و سپێنەی سوور هەڵگەڕاوو چەناگەی پان و باڵای مامناوەندییەوە.

– هەستە بزانم.

هەڵدەستم.

– وەرە دەرێ.

لە ژوورەکە وەدەردەکەوم.

ئەفسەری ئێشکچی وەڕێ دەکەوێ، سەر بە هەموو تاك ژوورییەکاندا دەکاو ئەوجا خۆی بە قاوشەکەدا دەکا. لەگەڵ پاسەوانی ئێشکچیدا وەڕێ دەکەوم. لە ناوەندی ڕاڕەوەکەدا کورسییەك هەیە. پاسەوانەکە ئیشارەتم دەکاتێ کە دانیشم. دادەنیشم. دەموچاوە پان و سوورەکەی پاسەوانی ئێشکچی هەموو نیگای داگیرکردووم. دەنگی گڕەکەی لە نێو ڕاڕەوەکەدا دەنگ دەداتەوە.

– عەلی دەلاك.

دەنگی پێ دەژنەوم. لە سوچی ڕاڕەوی چێشتخانەکەوە، پیاوێکی میانە سالْ وەدەردەکەوێ. گەڵاو گەڵ ڕێ دەکا. وەکو ژنی سك پڕ.

– وەرە سەری ئەمە بتاشە.

بە هەمان خاوی دەگەڕێتەوەو بە هەمان سستی دووبارە دێتەوە. مەکینەیەکی نمرە سفری ژەنگاوی بە دەستەوەیە. دەیان کەڕەت قژم هەڵدەکێشێ. تا سەرم دەتاشێ فرمێسك دەزێتە چاوانم. لە ئارەقەدا هەڵکشاوم. ئارەقەی لەشم جێ قەمچییەکان دەکزێنێتەوە.

تا سەرم دەتاشێ گیانم دێتە کونە کەپوم. لامل، شان و پیل و سینگم پڕ بووە لە موو وەکو نەقیزە بە لەشمدا دەچێ. هەڵدەستم و دەچمەوە ژوورەکەم.

دەرگاکەم لەسەر دادەخرێ. پەتۆکە بەسەر قالیچەکەدا ڕادەخەم. کراسەکەم دادەکەنم و دەی تەکێنم. خەوم دێ. روناکی گڵۆپەکە توڕەم دەکا.

***

نازانم چ کاتێکی ڕۆژە، ئاسمان لەو دیو هەواکێشی سەربانەوە روناکە، گڵۆپی بن میچەکە کوژاوەتەوە. هیلاکم بۆ پیاڵە چایەك. ئێستا، ڕێگەکەیم دۆزیوەتەوە. پاسەوانە ئێشکچییەکە گاز دەکەم. پاسەوانەکەی دوێنێ شەو نییە. کابرایەکی ڕووگرژی ڕەزا قورسە.

– قوربان، دەشێت لە چاخانەکە چاپەکم بۆ بهێنرێ.

– جارێ دانیشە.

دەم پیسیشە. هەندێ کەس هەموو خەسڵەتێکیان تێدایە.

دەمم تاڵ دەڵێی ژەهری مارە.دادەنیشم. ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم.

دڵم دەکزێتەوە. دڵە کزەیەکی خراپو بە ئازار. هەموو دەنگەکان ئاشنان. هەموو قسەکان، گشت بۆنو قەڵافاتی هەموو ئەو کەسانەی دەیان ناسم تێکەڵ بە یەکدی دەبن.

بانۆ، لەبەر چاوم بەرجەستە دەبێ. رووتە. مەمکەکانی وەکو گوانی دێڵە سەگێك کە تازە لە شیردانی توتەڵەکانی بوبێتەوە، بەسەریەکدا کەوتوون.

دەستم دەگرێو دەپارێتەوە.

– جارێکی دیش... تەنیا یەکجار...

بابە لەسەر بەرماڵەکەیەتی، بە دەنگی بەرز سوبحانەڵلا دەکا.

– سوبحانەللا وەل حەمدو لله وەلا ئیلاهە ئیلاڵلا. وەللاهو ئەکبەر.

ئاهەنگی دەنگی، دڵم دەلەرزێنێ .بابم دەچێتە کڕنۆش. ژنەکەی رەحیم ولاخدار لەسەر گازی پشت خەوتووە. رەحیم ولاخدار تیا ماوە. دەستەکانی بە یەکدا دەداو بە خەمباری دەڵێ:

– ئێستا چ خاکێ بەسەردا بکەم؟

دەنگی خواجە تۆفیق گڕە.

– لا ئیلاهە ئیلاڵلا.

دووکەڵی تلیاکەکەی خواجە تۆفیق بەرچاوم لێڵ دەکا. غولامی کوڕی پورە رەعنا دەپرسێت:

– پورە گوڵێ، هاپۆ حەداد پارەی بۆ نە ناردوون؟

بلورخان، بەپەلە، ژێر کراسە مەلمەلەکەی تور دەداتە سوچێکی ژوورەکە. سکە تورتەکەی بە سکمەوە دەچەسپێنێ. چاوانی پڕ سەرزەنشتی چاو ڕەش – کە هەنووکە زەیتونی دەنوێنێ– رامدەچڵەکێنێ، بۆنی خراڵی گەییو کەپوم پڕدەکا.

بۆنی ماسی زندوو، فێنکی ئاوی کاروانم بە گیاندا دەڕێژێ. کارون تورە بووە، هەڵساوە. خۆی بە پایە چیمەنتۆکانی پردەکەدا دەکێشێ. دەنگی پندار هاوکات لەگەڵ دەنگی ئاوەکەدا لەگوێمدا دەگیرسێتەوە.

– تۆ بۆت نییە ئاشقێنی لەگەڵ کەسدا بکەی... بۆت نییە... بۆت نییە.

لێوە گەرمەکانی چاوڕەش، گیان وەبەر لێوە وشکەکانم دەخا. دایکم دەپارێتەوە.

– چیتان لەمندالٌ من دەوێ؟

چاوە باشقاڵەکانی لەیلا تیر ئاسا دەم سمێ. دەنگی تورەی مار دەژنەوم، دەنگی جەڵدەیەو لە حەوادا بەرزو نزم دەبێتەوە. سەری چاوڕەش لەسەر سینەم ئارام دەگرێ. بۆنی قژی مەستم دەکا. دەڵێی بۆنی خورمای روتابەو لەگەرمای کاروندا. لە پڕ دەنگی قاقای عەلی شەیتان وەکو تەرەقە دەتەقێتەوە.

– نەم دەزانی کوڕیژگەیەکی بێ سەروبەر...

جەڵدەکە بە گونییە لۆکەدا دەکێشرێ. لە ئارەقەدا شەڵاڵ دەبم. بلورخان تەقەلا دەکا، لەشی گەرمە. لێوی بە ئاستەم دەلەرزێ. شەڵاڵی ئارەقەیە. دەنگی ئەمان ئاغا لە گوێمدا دەگیرسێتەوە.

– ڕاکە کوڕم... ڕاکە قلیانێك بۆ ئەوێ بەرە... ڕاکە، ڕاکە...

ئاگر لە چاوانم دەبێتەوە. غولام عەلی خان، سمێڵە قەیتانییەکەی دەلەرزێ.

– قەچپە دایکی بەرەڵڵا.بووی بەو پیاوەی شووشەی پەنجەرەی من بشکێنی؟

لاوانەوەی دایکم تاڵی دنیام پێ دەنۆشێت:

"ئەگەر دەمزانی رۆژم بەم رۆژە دەگا"

تلیاکم دەخوارد، حەڵاڵتر لە شیری دایکم"

هەنیەی رەحیم وڵاخدار بەرچاوم دەگرێ. دەنگی غەمگینە.

– دەبینی خالید؟ بەم ئاخری پیرییەوە دەم بینی؟

رەزوان سەنەمی داوەتە دواوە. خەریکە دەرەقسێ. چارشێوەکەی فڕێ داوە. قژە قەترانییەکەی بەرەڵا کردووە. دەستەکانی کردۆتەوە. بۆیەی بە هەموو کەسێك داوە. دەنگی دەهۆڵو زوڕنا دنیای لێکناوە. رەحیم وڵاخدار هاوار دەکا. دەمارە شینەکانی لاملی هەڵدەستو دەنیشنەوە.

رەزوان، قاقا پێدەکەنێ. شادو بەکەیف دەرەقسێ. عەینی کچۆڵان. سەر وریاو چوستو چالاك. ئارەقە، زەنگوڵ زەنگوڵ بەسەر هەنییەو گۆناکانییەوە دەخزێ.

چێشت چییەکە زاری تا بن گوێی داچەقیوە. ددانە زێڕەکانی دەبریقێنەوە. بزە نیشتۆتە ژێر گۆنا پانەکانی. حاجی شێخ عەلی پەنجەی هەڕەشە ڕادەوەشێنێ. دەڵێی خەنجەرێکەو ختوکەی دەمو چاوم دەدا. دوو قامکی رەقەو تەق گەرووی حاجی شێخ عەلی دەوشێت. دەستەکانی دەناسمەوە، دەمارە بەرجەستەکانی دەناسمەوە. دەستانی دایکمە. گۆنا ئاڵەکانی حاجی شێخ عەلی لێڵ بووە. دەنگی عەنکەبووتە.

– خالید، ئەو پیاڵانە کۆبکەوە.

لە سووچێکی چاخانەکەوە دەنگێکی نەناس بەرزدەبێتەوە:

– ئەهوی کوڕۆ، دیژێك بێنە.

ئاوڕ دەدەمەوەو نیگای دەکەم. کەسێکی دی گازم دەکا. لە پشتەوەیە.

– ئەهۆی کوڕۆ، لەگەڵ تۆمە.

دەڵێی دەنگەکان تێکەڵ بوون.

– ئەهۆی کوڕۆ.

– ئەهۆی.

– هێی....

دەنگی دەرگا ئاسنەکە ڕام دەچڵەکێنێ. دەنگی پاسەوانە مۆنەکەیە.

– ئەهۆی، لەگەڵ تۆمە.

بە مشت بە دەرگاکەدا دەکێشێ:

– لەگەڵ تۆمە کوڕۆ، خەیاڵت لە کوێیە؟

هەڵدەستم. پاسەوانەکە بێتاقەتە.

– چما تۆ کەڕی....

وەڵامی نادەمەوە.

– کوا پارە بدە با چات بۆ بێنین.

دوو ئەسکەناسی دوو تومەنی لە کونی دەرگاکەوە ئاودیو دەکەم. جوتێ چاوی تیژ، عەینی دووکەڵە پشکۆی سوور، بە نیگامدا دەچزێ. ئەو پیاوەیە کە نوێنەکانی بۆ هێنام.

تا من بەتانییەکە قەد دەکەمو دەینەمە سەر سەرینەکە، ئەو دەڕواو دەگەڕێتەوە. لە کونی دەرگاکەوە، قۆرییەکەم دەداتە دەست. ئەوجا پیاڵەیەك، پاشان لە تێ نانی شەو بە سارەو ئەمجا چوار کلۆ شەکر.

دادەنیشم. پاڵ بەسەرینەکەوە دەدەم. یەکەم پیاڵە چای هەڵدەدەم. قۆرییەکە هێندە بچووکە. لە سێ پیاڵە چا پتر ناگرێ. گازێ لە سوچێکی نانەکە دەگرم. بۆم قووت ناچێ. بە زەبری چایەکە قووتی دەدەم. قۆرییەکە بە تاڵ دەبێ. لاق ڕادەکێشمو سەر بەرز دەکەمەوە. هەندێ نووسین بەسەر دیوارەکەوە دەبینم. چۆن تا ئێستا ئەمانەم نەدی بوو! نووسینەکان بە نینۆك یا بە تەڵە شقارتە لەسەر گەچی دیوارەکە هەڵکەنراون.نینۆك لە دوارەکە دەدەم. نەرمە. عەینی گەچی مردوو. هەڵدەستم و دەڕوانمە دیوارەکان. نووسینەکان تێکەڵو پێکەڵە، هەندێکیان دەخوێنرێتەوەو هەندێکیان ناخوێنرێتەوە. لەم نووسینانەدا هەزار و یەك جنێوی سەر بە کوڵکە هەواڵەی موحەقیق و حاکم و ئەژداد و ئابادیان کراوە. هەندێ شتی ئاشقانەش نووسراوە. چەند دڵێکی تیر لێدراو، وێنەی ژنێکی کەفەڵ پان و گەلێ شیعری جۆرا و جۆر بەدی دەکرێ:

"جوانانی دنیا ڕەحمی تێدا نییە دڵیان"

چار هەر ئەوەیە بۆیان لێخۆری و بەرەڵڵایان بکەی"

هەندێ لە شیعرەکان شەرمەزارم دەکەن. دەڕوانمە وێنەی ژنەکە. بە ڕاستی ناشیرینە. حەز دەکەم بە نووسینەوە خۆ سەرگەرم بکەم. بە من بێ لە هەموو کەس و لە هەموو شتێك رزگاربم. حەزدەکەم هەر چیم لە دڵدایە هەڵبڕێژم.

دیسان پاسەوانە ئێشکچییەکە کەوتۆتە هاتوچۆ، دەنگی پێیەکانی قورسە. دەچێتە ئەوسەری ڕاڕەوەکەو دەگەڕێتەوە. دیسان دەڕواو دەگەڕێتەوە. لە پڕ دەنگی کرانەوەی دەرگای قاوشەکە لە ڕاڕەوەکەدا دەنگ دەداتەوە. ئێستا دەنگی پیاوێکی نەناسە کە هاواردەکا. پڕ بە زار جنێوان دەداو ئەفسەر و پاسەوانان نابوێرێ. نەعرەتەی پیاوەکە، عەینی بۆڕەی گای پێکراوە. لە کونی دەرگاکەوە دەڕوانم، پیاوێکی باڵا بەرزە. چەند پاسەوانێك گرتویانە. قژە لوولەکەی تێك رژاوە. دەمو لێوی خوێناوییە. پاسەوانەکان دەڵەکی دەدەن. مقاوەمەت دەکا. لاقەکانی بە عاردیدا دەخشێن. یەخەی کراسەکەی تا سەر ناوکی دادڕاوە. خوێنی کەپوی تکاوەتە سەر سینگی. پاسەوانە ئێشکچییەکە گازدەکەم. گوێم ناداتێ، دیسان گازی دەکەم. چارەی بە یەکدا داوە.

– دە بیخۆ دەی.

لێی دەپرسم:– ئەوە چییەتی قوربان؟

بە توڕەیی وەڵامم دەداتەوە:

– قەحپە دایکە دیسان قاوشەکەی هاڕوژاندوە.

چـاوانی کـابرای، باڵابـەرزە، دەڵێـی دوو کاسـەی خوێنـە. لاقـەکانی لـە عـاردی توندکردووە. پاسەوانەکان هەوڵدەدەن. دەڵەکی دەدەن. هەر دەستێکی بە دەست دوو پاسەوانەوەیە، دەڵێی نە هەنگەو لە دەریا دەرهێنراوە.

پاسەوانەکان تا لە دەرگای ڕاڕەوەکە دەری دەکەن بە هیلاك دەچن. دەرگاکەی لەسەر دادەخەن. دەنگی دەبڕێ. کابرای کوڵە باڵا دێ تا قۆریو پیاڵەکەم لێوەربگرێ. ناتوانم بڕوانمە چاوانی. لێی دەپرسم:– ئەم کابرایە کێ بوو؟

دەڵێ:– سادق بوو... سادق کوردە

دەنگی کابرای کوڵە باڵا گڕە. ختوکەی گوێ دەدا. حەزەکەم ناوی خۆیشی بزانم.

– تۆ ناوت چییە؟

نیگام دەکا. بزە دەکا. بزەکەی میهرەبانە.

– ناسر ئەبەدی نۆکەرت.

قۆریو پیاڵەکە وەردەگرێو دەڕوا. دیسان ڕاڕەوەکە کپ دەبێ.

دیسان دەنگی پێی پاسەوانەکەیەو وەکو چەکوش بەسەرمدا دەدرێ. لە پڕ هەتاو چام روون دەکاتەوە. لە هەواکێشی سەربانەکەوە، لوولە تیشکێك دەکەوێتە سەر دیوارەکە. دادەنیشمو سەیری دەکەم. هەتاوەکە دێتە خوارێ. دەبێ بە لاکێشەیەکی خانەخانە. سێبەری سەرەنێزی سەر لوولەی تفەنگێك بەسەر لاکێشە ڕووناکییەکەدا دەخزێو تێدەپەڕێ. یەکێك بەسەر باندا پیاسە دەکا. تفەنگێکی لەشانە. سێبەری سەرە نێزەکە دەگەڕێتەوە لەسەر لاکێشە ڕووناکییەکە دەگیرسێتەوە. پێموایە ئەو پاسەوانەی سەربان، هەزاران جار پرۆڤەی ئەوەی کردووە کە لە کوێدا بوەستێ، تا سێبەری سەرەنێزەکەی لە نێو ژوورەکەدا نەقش ببێ.

دنیا خەریکە گەرم دەبێ. کراسەکەم دادەکەنم. ئارەق نیشتۆتە سەر شانەکانم. بە چمکی کراسەکەم ئارەقەکە دەسڕم. لە پڕ دەرگا ڤە دەبێ.

– بگرە.

قاپێکی مسە. قاپەکە وەردەگرم. دەرگا دادەخرێ. ئیدی لەمرۆوە خواردنم بۆ بڕاوەتەوە. کە بچم بۆ خواردن وەرگرتن، هێندە ملەقوتێ دەکەم تا ڕەحیم ولاخدار دەبینم.

قاپەکە لە سوچێکدا دادەنێم. لەسەر سەرینەکە دادەنیشم. ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرمو دەڕوانمە سێبەری سەرە نێزەکە.

***

غولامی پورە ڕەعنا، لە ڕاڕەوەکانی دادگادا چاوەڕوانمە. سمێڵی دەبریقێتەوە. کلاوەکەی لار داناوە. کە دەم بینێ، بە نێو خەڵکەکەدا بە پەلە بەرەو لام دێ. لە پەلەپەلیدا ژنێك بەلادا دەخاو شان لە شانی پیاوێك دەدا کە هاواریان لێهەڵدەستێ. لای دەرگا شووشەکەی ڕاڕەوە گەورەکەی دادگادا وێستاوم. غولام باوەشم پێدا دەکاو ماچم دەکا.

غـولام هـەرگیز ئەوەنـدە دڵسـۆز نـەبووە. پاسـەوانەکان هـەقیان بەسـەر قسـە کردنمانـەوە نییـە. لەوەیـە حسـێب بـۆ جـڵو بەرگەکـەی بکـەن. سمێڵـی بـۆ سـەرەوە بـاداوە. عـەینی سمێڵـی ئـەو ئەفسەرەی کە ئافاق قەدیفەی قاچاغی بۆ ژنەکەی دەبرد.

دیسان ماچم دەکا. قەراخی کڵاوەکەی بەر چاوم دەکەوێ. بە نێـو پاسـەوانەکاندا دەکەوینـە رێ. کوڕەکەی پورە رەعنا دەست دەکا بە ئامۆژگاری کردنم. گوێی نادەمێ. زۆر قسـەی بێ سـەروبەر دەکا. لـە بیری ئـەوەدام کـە بیتـەزێنم تا لـەوە پتر چەنەبازی نـەکا. لـە پڕ دایکـم پەیـدا دەبـێ. بـە خێرایی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەوە بەرەو رووم دێ. چارشێوەکەی خشـەخش لـە دووی دەکشـێ. چەپکێ لـە قژی بەسـەر هەنیەیدا بەربۆتـەوە. هـەموو سـەیرمان دەکـەن. دەموچاوی دایکـم سـوور هەڵگەڕاوە. شەڵاڵی ئارەقەیە. کێ هەواڵی داوەتێ؟ بێگومان شەوو رۆژ لە تاقیبو سۆراخدا بـوون کە لە کوێمو چ بەڵایەکم بەسەر هاتووە. دایکم باوەشم پێدا دەکا. قامکەکانی بەر زامەکانی پشتم دەکەون. خۆ دەگرمو گرژ نابم، نەبادا تێبگا.

دەموچـاوم غـەرقی مـاچ دەکـا. بـۆنی لەشـی گریـانم هەڵدەسـتێنێ. دەترسـم قسـە بکـەم. چـونکە دەزانم هەرکە زار هەڵێنم لە هۆڕژنی گریان دەدەم.

پاسـەوانەکان دەیانـەوێ دەسـتیم لـە گـەردن هـەڵگرن، بـەڵام دەرەقـەتی نایـەن. کوڕەکـەی پـورە رەعنا، پاسەوانەکان دەباتە لاوەو قسەیان لەگـەڵ دەکـا. قاییـل دەبـن کـە قسـە لەگـەڵ دایکـم بکـەم. بەڵام دایکم توانای قسەکردنی نییە. هەنسك هەڵدەدا. کە چاوی بە کەلەپچەکەی دەستم دەکەوێ لە هوڕژنی گریان دەدا.

لەسـەر تـەختێکی بـەر ژوورەکـەی موحـەقیق دادەنیشـم. دادگـا هێنـدە قەرەباڵغـە دەڵێـی مەیـدانی مـاڵات فرۆشـانە. رەزا دەڵاڵ خەریکـە بـە نێـو خەڵکەکـەدا پیاسـە دەکـا. دەزانم بـە دووی نێچیردا دەگـەڕێ. ئـەمان ئاغـا بـۆی بـاس کـردووم. ئەگـەر رێـت بکەوێتـە دادگـاو بـەر دەسـتی رەزا دەڵاڵ بکەوێ کاتێ بە خۆ دەزانێ تەقڵەیـەکی وای پێداوی کـە هـاوارت بگاتـە ئاسمـان. دایکـم هێنـدە لـە نزیکمـەوە دانیشـتووە، دەنگـی دڵـێ دەژنـەوم. سـەری وەسـەر شـانم نـاوەو دەسـتی لـە کەمـەرم ئاڵانـدووە. پاسـەوانەکان بـە دیارمانـەوە وێسـتاون. کەلەپچـەکەم لـە دەسـت دەکەنـەوە. کوڕەکـەی پـورە رەعنـا خەریکـە قسـە لەگـەڵ پاسـەوانەکاندا دەکـا. باسـی دەورەی عـەریفی دەکـا. لـە نێـو ئاپۆڕای خەڵکەکەوە نیگای تیژی رەزا دەڵاڵ لەنیگام هەڵدەنگوێ. دەڵێی دەنگی دەژنەوم.

– کوڕۆ قلیانێك بۆ ئێرە بێنە.

– سەرچاوم کاکە رەزا

– کوڕۆ تۆ بۆ ناچیتە قوتابخانە.

– دەمەوێ بە شەو بخوێنم کاکە رەزا.

دەم بە خەنەدە بەرەو رووم دێ. دیارە بیری دەکەوێتەوە کە لە چاخانەکەی ئەمان ئاغادا خزمەتم کردووە. ورگی لـە بەردەمییـەوە دەڕوا. پشتێنەکەی لەسـەر بـەری بەستوە. لـەتۆ وایـە هاکا ورگـە دەهۆڵ ئاساکەی، کراسەکەی دابدڕێ.

– چۆنی کوڕۆ؟

– مەرحەمەتت زیاد بێ کاکە رەزا.

بە دەم تەزبیح گێڕانەوە قسان دەکا:– شەڕت کردووە؟

– شتێکی وا نییە.

قامکی لە کونە کەپوی دەئاخنێو دەڵێ:– ئەگەر گیروگرفتێکت هاتۆتە ڕێ، ئەوا خاڵە رەزا لە خزمەتدایە.

دایکم زار هەڵدێنێ کە قسە بکا. دەرفەتی نادەم. دەڵێم:

– بژی کاکە رەزا، شتێکی وا نییە.

چاوەکانی چکۆڵە دەکاتەوەو قسە دەکا:

– دەزانی هەموویان لەبەر دەستی خاڵە رەزادا وەکو مێوو رۆن نەرمن.

دایکم قسە دەکا. نا نا، قسە نا، هەنسك هەڵدەدا.

– یانی تۆ دەتوانی کە...

رەزا دەڵاڵ، قامکی لە کەپوی دەردێنێ. قسەکەی دایکم دەبڕێ، روو دەکاتە منو دەڵێ:

– ئیشت بە شوعبەی سێیە؟

دایکم دەپرسێت:– شوعبەی سێ؟

رەزا دەڵاڵ، بە هەمان قامکی کە لە کەپوی ئاخنی بوو، ئیشارەت بۆ ئەو ژوورە دەکا کە لەبەر دەمیا دانیشتووینو دەڵێ:– ئەم شوعبەیە دەڵێم.

ئەوجا هەژدەر هەژدەر قسە دەکا.

– ئەگەر شوعبەی سێ بێ خەمت نەبێ، نازانم چۆنت حاڵی بکەم، لەگەڵ موحەقیقەکەدا موو بە بەینمانەوە ناچێ. هەڵبەتە لەبەر خاتری ئەمان ئاغا... ئەگینا...

گازم دەکەن. بەر لەوەی بچمە ژووری، دایکم تێدەگەیەنم کە گوێ لە رەزا دەڵاڵ نەگرێو باوەڕ بە قسەکانی نەکات.

– دایکە... ئەگەر کارەکەم جێبەجێ بێ، بە دەستی کاکە رەزا جێبەجێ نابێ.

نزیکی نیوەڕۆ لە ژووری تەحقیق دێمە دەرێ. بلورخان هاتووە. ئەمان ئاقاش هاتووە. رەزا دەڵاڵ گۆڕی گوم کردووە. دادگا چۆڵە. هێشتا کەلەپچەکەیان نەکردۆتەوە دەستم. بێدار لەوسەری ڕاڕەوەکەوە بەپەلە دێ، باوەشم پێدا دەکاو ئەملاو ئەولام ماچ دەکا. پاسەوانەکان غافڵگیر دەبن، ئەحواڵم دەپرسێت، دەست دەخاتە نێودەستمو کاغەزێکی قەدکراو لە مشتم دەنێ. پاسەوانەکان بێدارم لێ جودا دەکەنەوە. مشتە نوقاوەکانم دەبەمە پێشێ. کەلەپچەکەم لە دەست دەکەن. بێدار خوا حافیزی دەکا. لە کاتی ڕۆییشتندا، چاوێ دادەگرێو دەڵێ:

– چ نییە..... زوو تەواو دەبێ.

لە دادگا وەدەردەکەوین. دنیا نقومی خۆرەتاو بووە. دڵ دەکرێتەوە. سەرنجی هەموو شتێك دەدەم. دەڵێی چەندین ساڵە ریزە میمۆزاکانی بەر دادگام نەدیوە. سواری تەکسی دەبین، ئەمان ئاغا قسەی لەگەڵ پاسەوانەکان کردووە کە نیوەرۆژە پێکەوە بخۆینو ئەوجا بۆ زیندان بڕۆین، بەسەر پردی سپیدا رەتدەبین. چاوم لەو بەلەمانەیە کە هێدی هێدی بەسەر ئاوەکەدا دەکشێن.

گـوێم لـه قسـەکانه .کـارون دەڵێـی زیـوەو لەبـەر تیشـکی هەتاوەکـەدا دەبریسـکێتەوە. جەمیلـه نەخۆشـه. قـورگی ئاوسـاوه. بـەزەییم پێـدا دێتـەوە. ئـەو دورگەیـەی نێـو کـارون سـەوزو جوانـه. لقوپۆپی سەوزی تێری شۆڕەبی، بڵاوبۆتەوەو هەموو دورگەکەی گرتۆتەوە. کاغەزی بابه هاتۆوە. بـیری دەکـەم. ئاسمـان سـاف و پرشـنگداره. تاقـه بـەرزەکانی پردەکـه تیشـکی خۆرەکـه عـەکس دەکاتەوە.هاوماڵەکان بۆم به خەمن. کوڕەکەی پوره رەعنا فشه دەکاو دەڵێ:

– بەسەر گروبان دەڵێم هەوڵێکت بۆ بدا.

له دڵی خۆدا پێی پێدەکەنم. دایکم هەر چەندە دەپرسێت، باسی ئەشکەنجەی ئەمنی بۆ ناکەم. چونکه دەزانم گەر بۆی باس بکەم، یەکسەر دڵی دەوەستێ.

ئەمان ئاغا دەڵێ:– هەوڵێك دەدەم بزانم بەکەفالەت بەرت نادەن.

شوفێرەکه له ئاوێنەکەوە نیگام دەکاو دەپرسێت:– چەقۆت وەشاندووە.

بزەیەك دەکەم.

– نه براردە چووم له مزگەوت نوێژ بکەم، گرتیانم.

کابرای شوفێر سەرسام دەبێ: نوێژ بکەی؟

ئەمان ئاغا له قاقای پێکەنین دەدا. شوفێرەکه حاڵی دەبێ. دەگەینه مەیدانی گەورەی شار. له کەبابخانەیەك دادەنیشین. پاسەوانەکان، کەلەپچەکەم له دەست دادەکەنن. کاغەزەکه دەتەپێنمه گیرفانمەوە. هەموو له دەوری یەك مێز دادەنیشین. پاسەوانەکانیش لەگەڵ ئێمەدا دادەنیشن. ئەمان ئاغا له تەنیشت منەوەیه. بە جۆرێ دانیشتووم کە مەیدانەکەم لێ دیار بێ. ئەمان ئاغا سێ دە تومانی له گیرفانی پانتۆڵەکەم دەنێ. مەیدانی پەیکەر له خۆرەتاودا نقوم بووە. دەڵێی سەد ساڵه مەیدانەکەم نەدیوە، لەزەت له هاتوچۆی ڕێبواران دەبینم. کەیفم بە چیمەنی ناوەندی مەیدانەکه دێ. تا چوار ریانەکەی ئەو دیو مەیدانی پەیکەرم لێ دیارە، لەوێندەرەوە تا ماڵی چاو رەش هەر سەد شەقاوێك دەبێ. له پڕ بلورخان دێته قسان:

– خالید، سەیری کوێ دەکەی؟

له دەمم دەردەچێ:– شەقامەکە... مەیدانەکە... دەڵێی سەد ساڵه نەم دیون.

له پڕ دایکم دەست بە گریان دەکا. فرمێسك دەموچاوی تەڕ دەکا. پاروەکه له زارمدا دەماسێ.

– دایکە، من هەروا هات بە دەمم دا....

بلورخان دڵی دەداتەوە. کوڕەکەی پوره رەعنا مۆڕەم لێدەکا، ئەوجا پاروەکەی کە بە ئەندازەی سەری گوربەیەك دەبێ له زار دەنێ.

پاسەوانەکان پەلەیانه.

– تۆزێ خێرا کەن.... با ئێمەش تووش نەبین.

دەنێرن له چاخانەکەی تەنیشت کەبابخانەکەوە چامان بۆ بێ. لەو ماوەیەدا لەگەڵ یەك له پاسەوانەکاندا دەچم بۆ سەراو، له ئاو دەستەکەدا کاغەزەکه دەردێنم. ئارەقەی دەستم تەڕی کردووە، مەرەکەبەکەی بڵاوبۆتەوە. دەی خوێنمەوە. جفرەی پەیوەندی کردنه.

– بە چاوانتدا دیارە کە خەڵکی باشوریت. رەنگی دەموچاویشت شایەته.

- بەڵێ خەڵکی باشورم.
- کەواتە دەبێ حەزت لە ماسی سەبور بێ.
- پتر حەزم لە بۆنی کارونە.

***

هەتاوەکە خەریکە لە دیواری قاوشەکە ئاوا دەبێ، نیوەڕۆ کە لە دادگا هاتمەوە، نوێنەکانم نایە بن هەنگڵو قاپە مسەکەم هەڵگرتو هاتمە قاوشەکە. جێگەکەم لەبەر دەرگای ژووری چوارەمە. رەنگە سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ بێ. ناو قاوشەکە سێبەرە هەندێك خەریکن عاردی گسك دەدەنو ئاوڕشێن دەکەن تا جێگە ڕابخەن، هەندێکی دی دوو بە دوو پیاسە دەکەن، دێنو دەچن. جفرەی پێوەندییەکە مێشکی پڕکردووم. دەڕوانمە هەر کەسێك وا دەزانم هاکا بێو پێوەندیم پێوە بکا. هێشتا لەگەڵ چ کەسێکدا ئاشنا نەبووم. تۆزێ لەمەو پێش چووم شیوم وەرگرتو لە تەنیشت نوێنەکەمەوە دامنا. سێ پەتاتەی کوڵاوو تۆزێ خورمای رەشە. خەریکە بێتاقەت دەبم. هێشتا بەو پاسەوانەی سەربان رانەهاتووم. یەخەی چاکەتەکەی کردۆتەوە. کڵاوەکەی بە پشتا بردووە، بڕنەوێکی درێژی بە شانەوەیە، بێتاقەت دێو دەچێ. لە خۆوە دەست بە ژماردنی چینەکانی دیوارەکە دەکەم. بیست و نۆ چینە. کات زۆر بە خاوی دەڕوا. گەر پێوەندیم پێوە بکەن رەنگە لەم بێ تاقەتییە رزگار ببم. ئێشکچی قاوشەکە شانی بە دیوارەکەوە داوەو دۆنکییەکەی دەستی با دەدا. دەڵێی سەیرم دەکا. دەنگی کەسێك دەژنەوم:

- تۆ ئەمڕۆ هاتووی؟

ئاوڕ دەدەمەوە. گەنجێکی دەستە باڵایە، نیگای ساف و سیمای جوانە، دڵم دەکەوێتە لێدان. چاو دەبڕمە زاری. لەلامەوە دادەنیشێت. چاوەڕوانی ئەوەم بڵێ: "بە چاوەکانتدا دیارە کە خەڵکی باشور نیت..." دەیسان دەپرسێت.

- ئەمڕۆ هاتی؟

بزە نیشتۆتە سەر لێوانی.

- بەڵێ ئەمڕۆ هاتم.
- تاوانەکەت چییە؟
- نازانم.

دەنگی خۆش و دڵگیرە.

- وەکو من کە بە خوتوخۆڕایی دەڵێن پیاوت کوشتووە.

دڵم دەگیرێ. دیارە چ هەواڵێك لە پێوەندییەکەوە نییە.

- ناوت چیە؟

نێوی خۆمی پێدەڵێم، ناوی دەپرسم دەڵێ:

- غولام... پێم دەڵێن غولام پیاو کوژ.

دەپرسێت: - جگەرەت پێیە؟

- خێر... جگەرە ناکێشم.

هەڵدەستێ ولەبەر خۆوە دەبۆڵێنێ:- بەڵام مرۆڤ لە زیندانداا فێر دەبێ. و دەڕوا.

لەسەر سەکۆ چیمەنتۆکەی بەر ریزە ئاودەستەکان دانیشتووم. لە نێو قاوشەکەدام. دەبێ زوتر خۆ لەگەڵ مرۆڤ و دەرو دیوارەکان ڕا بێنم. دەبێ خەڵکانێ بدۆزمەوە کە بتوانم قسەیان لەگەڵ بکەم. کابرایەکی باڵا بەرز بە بەردەممدا ڕەت دەبێو بۆ ساتێك تەمەشام دەکا. دڵم دەکەوێتەوە لێدان. ردێنە ماشو برنجەکەی دەخورێنێو دوور دەکەوێتەوە. دەنگی کردنەوەی دەرگای قاوشەکە دێ. ناسر ئەبەدییە. کەمێك دەلنگێ، دەرگای قاوشەکەی لە دواوە دادەخرێ. کورتە باڵاو تۆکمەیە. کە چاوی بە من دەکەوێ، بزەیەك دەکاو بەرەو لام دێ.

- دەڵێی هاتوویتە قاوش؟

لەلامەوە دادەنیشێو دەستی دەخاتە سەر شانم. دەستی قورسە، دیسان دەپرسێت:

- بۆ غەریبی دەکەی؟

بزە دەکەم.

- نا... غەریبی ناکەم.

دەپرسێت:- لە ژووری چەندی؟

- چوارەم.

دەڵێ:- باشە. من لە ژووری دەیەمم.

ژوورەکان بە ریزی یەکەوەن، هەر ژوورەی لە ده کەس کەمتری تێدا نییە، بەر هەیوانێکی سەر گیراو لەبەردەم ژوورەکاندایە. پەنجەرەکان بەسەر حەوشەکەدا دەکرێنەوە.

- هەستە با پیاسە بکەین.

هەڵدەستمو لەگەڵ ناسر ئەبەدی دا دەکەومە ڕێ.

دەڵێ:- پیاو لە زینداداا ڕۆژی (٢-٣) سەعات پیاسە نەکا گۆت دەبێ.

هەنگاوەکانم دەژمێرم. درێژی حەوشەکە، نەوەدو سێ شەقاوە، دیسان قسە دەکا:

- ئەگەر بیری لێبکەیەوە دڵت شەق دەبا. مرۆڤ دەبێ لە زینداندا بێعار بێ.

هەتاو لەسەربان ڕەت بووە. قوللە قاوەییەکەی بورجی پاسەوانەکان خەریکە دەکەوێتە تاریکی.

دەنگی ناسر ئەبەدی دەژنەوم:- شتێ بڵێ.

لێی دەپرسم:- چەندە لە زیندانی؟

یەکسەر دەڵێ:- ئەگەر بیخەیە بەر منداڵ دەتۆڕێ.

سەر لە قسەکەی دەرناکەم. بەدەم بزەوە لەسەری دەڕوا:- دوازدە ساڵو سێ مانگە.

ڕادەچڵەکێم:- دوازدە ساڵ!؟

لە قاقای پێکەنین دەدا. ئاو دەزێتە چاوانی. دەڵێ:- نەم گوت بیخەیە بەر منداڵ لێی دەتۆڕێ.

پێدەچێ کوڕی باش بێ. گفت شیرینە. نیگای، پیاو دەترسێنێ. بەڵام بزەکەی دەڵگیرە.

لێی دەپرسم:- چۆنە وا بە ئارەزووی خۆت دەسوڕییەوە؟

بە ئەسپایی. بە سینەی خۆدا دەکێشێو دەڵێ:- من ئازادی، حەوت دەوڵەتانم. سەرقفڵانەی زیندانم داوە.

دەچینە ئەوسەری قاوشەکەو دەگەڕێینەوە. دیسان دەڕۆین‌و دەگەڕێینەوە.خەریکە خۆشیم بە ناسر ئەبەدیدا دەچێ. لە پڕ رەحیم ولاخدارم بیر دەکەوێتەوە.

لێی دەپرسم کە دەیناسێت یا نا، چاو لە دوڕ چاوانم دەبڕێ‌و دەڵێ: – ئەوەی کە ژنەکەی خۆی کوشتووە؟

شاد دەبم. خێرا دەڵێم:– بەڵێ... خۆیەتی:

دەڵێ:– لە قاوشی چوارەمە.

بازوی دەگرم. دەڵێی خڕکە بەردە. حاڵ‌و ئەحواڵی رەحیم ولاخداری لێ دەپرسم: – چما ئاشنایەتیت لەگەڵی هەیە؟

– هاوسێ بووین.

چارەی گرژ دەبێ.

– نامەردانە زۆر سەری دەکەنە سەر.

دڵم تەنگ دەبێ:– سەر دەکەنە سەری؟... کێ؟

– زیندانییەکان... وەکو قەلەڕەشی پیر. بوزی پێوە دەکەن.

خەمبار دەبم. دەنگی رەحیم ولاخدار دەژنەوم. دەنگی لەرزۆکە. زۆر پیر بووە.

– دەبینی خالید بەم ئاخری پیرییە چ بەلایەکم بەسەر هات؟

نیگای وێڵە. فرمێسك لە چاوە پیرەکانیدا قەتیس ماوە. سمێڵی لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد دەچێتەوە. توانای قسە کردنی نییە، دەنگی دەڵێی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ.

– دەبینی خالید؟

بازووی ناسر ئەبەدی دەگوشم: – لەبەر چی؟

دەڵێ:– لە زیندانا هەر کەسێك فەقیرۆکە بێ، رۆژگاری رەشە.

دنیا خەریکە تاریك دەبێ. دیوارە بەرزەکانی زیندان دڵم تەنگ دەکەن.ناسر ئەبەدی لێم جیا دەبێتەوە.

– دەچم سەرێ لە ژوورەوە دەدەم.

دیسان لەسەر سەکۆ چیمەنتۆکە ڕۆدەنیشم. پیرەمێرێکی قوچی کۆماوەی شان‌و شەپیلك دا چەکیو، لەبەر دیواری ئاودەستەکاندا وێستاوە.

بە تەڵە شقارتەیەك خەریکی ژماردنی ئەو خەتانەیە کە لە سەر دیوارە خشتەکە کێشراوە. نیگای دەکەم. بزە دەیگرێ. دوو ددانی پێشەوەی کەوتووە. دەڵێ:– هەفتاوو سێ رۆژ تێ پەڕیوە.

دەنگی کرانەوەی دەرگای قاوشەکە، نیگام لەپیرەمێردەکە دەگوێزێتەوە، پاسەوانێکی دەستە باڵا وەژوور دەکەوێ. گەنجێکی رەشتاڵەیە. ئێشکچی نێو قاوشەکە دەگۆڕێ. پاسەوانە رەشتاڵەکە بە نێو قاوشەکەدا دەکەوێتە ڕێ.

هەوەڵجار خۆ بە ڕاڕەوەکەدا دەکاو سەر دەکێشێتە ژوورەکان. ئەوجا دێتە نێو حەوشە. بەلای کۆمەڵێك زیندانیدا کە لە دەوری یەك دانیشوون‌و چا دەخۆنەوە، تێدەپەڕێ. ئەوجا دێ‌و لە

بەردەم مندا دەوێستێ. بلاجکتۆرەکانی هەر چوار گۆشەی قاوشەکە هەڵدەبن. پاسەوانەکە مژ لە جگەرەکەی دەستی دەدا. دووکەڵەکەی لە دەمو کەپووە دەردێنێو بە هێمنی دەپرسێت:

– تازە هاتووی؟

بە ئەسپایی وەڵام دەدەمەوە:– بەڵێ.

– ناوت چییە؟

حەز ناکەم وەڵامی بدەمەوە. قونکە جگەرەکەی لە ژێر پێیدا دەکوژێنێتەوەو دیسان دەڵێ:

– گوتم ناوت چییە؟

لە بن لێوانەوە دەڵێم:– خالید.

بزەیەکی خێرا دەنیشێتە سەر لێوی. دێتە پێشترێو رێك بە دیارمەوە دەوەستێ. هەڵدەستم، بڕۆم. رێگەم لێدەگرێو بەرانبەرم دەوەستێ.

بیرم جەنجاڵو تێك رژاوە. دەمەوێ بە تەنیشتیدا تێبپەڕم. دەنگی دەژنەوم.

– بە چاوتدا دیارە کە خەڵکی باشووریت. رەنگو ڕوشت وا دەنوێنێ.

لە پڕ دڵم دادەخورپێو رەنگ لە رووەدا نامێنێ. کە قسە دەکەم دەنگم دەلەرزێ.

– بەڵێ خەڵکی باشورم.

– کەواتە دەبێ حەزت لە ماسی سەبور بێ؟

بەهەڵچوونەوە وەڵام دەدەمەوە: – پتر حەزم لە بۆنی کارونە.

((٥))

لە دادگای سەرەتاییدا بە سێ ساڵ حوکم دراوم. سێ ساڵ! عومرێکە. تا ئێستا، تەنیا دوو مانگو نۆزدە رۆژی رۆییوە.

سەندوقەکەی ناسر ئەبەدی بووە بە کتێبخانەی من. خۆی ناوی ناوە تلیاك خانە. کەس زاتی ئەوەی نییە سەندوقەکەی بگەڕێ. مۆڕە کردنەکەی زراوی پیاو دەتۆقێنێ. پێموایە سووسەی ئەوەی کردووە کە پاسەوانەکە کتێبم بۆ دێنێ. کەڵکەڵەی دەرس خویندنی کەوتۆتە سەر. پێی دەڵێم:– تۆ کە دەبێ هەتا هەتا لە زیندانداا بی، چ لە خوێندن دەکەی.

قسەکەم دەبڕێو دەڵێ:

– تۆ دنیات نەدیوە کوڕۆ... رۆژێ دێ عەفوەیەك، شتێ بدرێ... ئەمە جگە لەوەی کە خوێنەواری لە زیندان پتر بە کەڵکی مرۆڤ دێ. کە پیاو خوێنەوار بوو ناچێ بۆ دوو وشە منەتی ئەمو ئەو هەڵگرێ.

قاییل دەبم کە دەرسی پێ بڵێم:– باشە ناسر.... بەڵام دەبێ بەڵێنم بدەیێ کە هەر چۆنێ بووە رەحیم وڵاخدار بێنێتە قاوشی سێ.

– ئای بە چاوان.

لە ژووری چوارەمەوە چوومەتە ژوورەکەی ناسر ئەبەدی. بووین بە هاو سفرەو خۆراك.
قازیو بویەش لەوێندەرن.
– کوڕۆ ئەگەر بە تەمای خواردنی زیندان بی، بە دوو رۆژان پەکت دەکەوێ.
– ئەی تەگبیر؟
– ئێمە پارە کۆ دەکەینەوە، شت لە ناپلیۆن دەکڕینو خواردنەکەی زیندانی بە پاڵەوە دەخۆین.
ناپلیۆن، حوکمی ئەبەدییە. بەقاڵی قاوشی سێیەمە. خواردەمەنیو زەرفو کاغەزو پولیشی هەیە. خۆ ئەگەر دەم شڕ نەبی، هەندێجار تلیاکیشت فریا دەخا.
بووم بە هاوسفرەوخۆراکی ناسر ئەبەدیو قازیو بویە. من دەفرەکان دەشۆم، بویە جل دەشوا. قازی خواردن لێدەنێ. ناسر ئەبەدی هەر ئەوەندەی لەسەرە دێتە سەر پیرە سفرەو لێی دادەنیشێ. دەست بە هیچەوە نادات.
– ئاخر ناسر گیان وا نابێ، تۆش کارێ بکە.
بە فیزەوە دەڵێ:– من ئاگام لێتان دەبێ.
چ کەسێك لە زیندانەکە، زاتی ئەوە ناکا بە ئێمە بڵێ پشتی چاوتان برۆیە. سەرۆکی زیندان، ئەفسەری ئێشکچی، پاسەوانەکانو سەر پاسەوانەکان هەموو حیسابی تایبەتی بۆ ناسر ئەبەدی دەکەن.
هەرکە توڕە ببێ، هەرکاتێ ئارەزووی لێبێ، دەتوانێ لەسەر کاغەزە جگەرەیەك، سەلکێك پیاز، تەماتەیەك یا لەسەر هەر شتێکی بێ ئەهمیەت، ئەو قاوشە لێك بنێ. تا فریادەکەوی، لە پزوی بێجامەکەیەوە چەقۆی دەرهێناوەو خەریکە قیامەت بەرپا دەکا. سەرە زلو تاشراوەکەی ناسر ئەبەدی قاژ قاژەو لێرەو لەوێ شوێنی چەقۆی پێوە دیارە.
ناسر ئەبەدی بە تەواوی ئاگاداریمان دەکا.
مانگی دووەمی پایزە. تەشکی گەرما شکاوە. بە رۆژەوە تۆزێ گەرمە.جار جار زڕە هەوران پەڵەپەڵە لە ئاسمان پەیدا دەبێو هەوا گەرم دەبێ. بەڵام کە ئێوارە دێ، دنیا فێنك دەبێو شەوانیش سارد سارده.
دایکم هاتۆتە دیدەنیم ،جەمیلەو پورە رەعناشی لەگەڵە. بلورخانو لەیلای کیژە گەورەی مەلا ئەحمەدیش هاتوون. نیگای لەیلا یەکجار پڕ جورئەتە. پێم سەیرە کە هاتووە بۆ لام. لە سایەی سەری ناسر ئەبەدییەوە دەتوانم دیدەنی تایبەتیشم هەبێ. دەرگا ئاسنەکەم لە بەردەم دەکرێتەوە.
لە راڕەوە سەرگیراوەکەی نێوان قاوشەکانەوە وەدەر دەکەوم. دەچمە نێو ژوورێکی گەورەی تەنیشت پاسدارخانەکە. دایکم غار دەدا. باوەشم پێدا دەکاو سەروچاوم غەرقی ماچ دەکا. بۆنی لەشی دایکم خەفەتبارم دەکا. ئەوکم پڕ لە گریان دەکا.
نیگای لەیلا یەکجار دلێرە. پورە رەعنا لەیەك بینە قسان دەکا. جەمیلە حەپەساوە. ماچی دەکەم. دەکەوێتە هەنسك هەڵدان. دەستی بەسەردا دێنم. هێندەی نەماوە لە هۆڕژنی گریان بدا. نیگای گەشو شادی جارانی نەماوە.

بابم لە کوێت نەهاتۆتەوە. دایکم دەڵێ:- نامەی نووسیوە کە شەوی جەژن دێتەوە.

لێی دەپرسم:- دەزانێ من لە زیندانم؟

دایکم بە کەسەرەوە قسان دەکا:- چۆن دەتوانم شتی وای بۆ بنووسم.

بلورخان چ قسەیەك ناکا، لە یەك بینە نیگام دەکا. بزەیەکی بەروودا دەدەم.

دەنگی لەیلا دەژنەوم. دەنگی هەڵچووە.

- جێگەکەتان باشە.؟

بلورخان زەرفێکی گەورەی ناوکە کولەکەی بۆ هێناوم. دایکم کوبەی هێناوە. پورە رەعنا ئەسکەناسێکی پێنج تومانی قەد دەکاو دەینێتە مستم.

غولامم بیر دەکەوێتەوە. دەڵێی دەنگی دەژنەوم. قسەکردنەکەی ریاکارانەیە.

- ... پێی دەڵێم ئاخر جەنابی سەرگروبان کە من بەچی دەزانی؟... من ئەوەندەم پارە نییە... ئەگەر بە هەزار قەرزو قۆڵە ئەوجا بتوانم بۆیاخ بۆ خۆ بکرم.

دەنگی پورە رەعنا، هزرم لەسەر غولام لادەبا.

- شایانی نییە کوڕم...

مستم دەنوقێنێو دەیگوشێت.

- ... رووم رەش.... لەوە پترم نییە.

پاسەوانە چاودێرەکە بە دیار سەرمانەوەیە، بەدەم جگەرەکێشانەوە گوێ لە قسەکانمان دەگرێ. دایکم هەواڵی رەحیم ولاخدار دەپرسێت..

پێی دەڵێم:- لە قاوشی چوارە... نای بینم.

بلورخان دەڵێ چەقۆیان لە برایم داوە.

- لە خەستەخانەی دەوڵەتی کەوتوە. ئەمڕۆ سێ رۆژە. دەڵێن بازوو سینگیان بە چەقۆ هەڵدڕیوە.

دەڵێ:- خوا رەحمی لێکردووە. بە ئەندازەی گایەکی سەربڕاو خوێنی لەبەر رۆییوە.

دایکم لەیەك بینە قسە دەکا. باسی هەموو کەس و هەموو شوێنێ دەکات.

پورە رەعنا پرسیاری خۆراك و خەوم لێدەکا. دایکم دەڵێ کە رۆژگار لە زیندانداا چۆن بەسەر دەبەم و دۆستایەتیم لەگەڵ کێ پەیدا کردووە.

دەڵێی سەد ساڵە یەکدیمان نەدیوە. دەڵێی سەد ساڵە قسەمان لەگەڵ یەکدی نەکردووە. دەنگی پاسەوانە چاودێرەکە بەرز دەبێتەوە:- بجمێ پورێ... وەخت خەریکە تەواو دەبێ.

وەختەکە چەند زوو رۆیی. دایکم دووبارە دەست لە گەردنم دەکاو ڕامدەموسێ. کە لێی جوێ دەبمەوە چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك.

لە ژوورەکەی کەنار پاسدارخانەکە وەدەردەکەوم. بەر تەلبەندی دیدەنییەکە یەکجار قەرەباڵغە. پیاوان، ژنان دەدەنە دواوە. هاواری ژنان تێکەڵ بووە. منداڵان دەکەونە ژێر دەست و پێ. ئەفسەری ئێشکچی شانی بە نووسینگەی زیندانەکەوە داوە. لەبەر پاسدارخانەکەدا ئەفسەرێکی باڵابەرز لە پشت مێزێکی پانی گەورەوە دانیشتووەو ناوو ئەدرەسی دیدەنیکەران دەنووسێت،

دوو پاسەوان و دوو ژن، لێکدا لێکدا لەشی دیدەنیکەران تەفتیش دەکەن. دەنگەکان تێکەڵ بوون.

– ئەهۆی دایە وەرە بۆ ئێرە.

تەنانەت نافەکی دەرپێکەشی دەپشکنن.

– ئەهۆی لەگەڵ تۆمە... ئەوەچییە بە دەستەوە.

– قاپلەمەیەك چێشتە.

بە کەوچك، چێشتەکە لەنێو قاپلەمەکەدا هەڵدەگێڕنەوە.

یەکێك لە پاسەوانەکان دەبۆڵێنێ:– ئاخر پیاو چۆن دەتوانێ هەموو شوێنێکیان بپشکنێ؟.. تلیاك لە قونیاندا قایم دەکەن.

هاواری پاسەوانەکەی دی بەرز دەبێتەوە: – کێوە دەچی؟

ڕێگە بە گەنجێکی درێژو باریك دەگرێ.

– وەرە بزانم... ئەو پریاسکەیە چی تێدایە؟

گەنجەکە ڕەنگی تێك دەچێت:– چ نییە سەرکار... ترۆزییە.

پاسەوانەکە پریاسکەکە دەکاتەوە. بە کێرد ترۆزییەکان لەت دەکا.لە نێو یەکێك لە ترۆزییەکاندا بە ئەندازەی گومشکێك تلیاك دەدۆزێتەوە.

پاسەوانەکە مەچەکی کوڕە گەنجەکە دەگرێ.

... لە دادگای سەرەتاییدا سێ ساڵان حوکم دراوم.

بویە لە پاڵ پەرێمزەکە هەڵتروشکاوەو چای لێدەنێ. هەتاو، لە هەواکێشەکەی سەربانەکەوە داوییە لە نێو ژوورەکە. قازی ئەوڕۆ چێشت لێنانی لە کۆڵ بۆتەوە. نیوەڕۆژەی زیندان نیسکێنەیە. کوبەشمان هەیە. بۆیە لەبەر خۆوەو سووك سووك گۆرانی دەڵێ. کابرایەکی ڕەقەڵەی قوچە. هەمیشە دزداشەیەکی لەبەرە. چەفییە لەسەر دەکا. بویە بەلەمچی بووە. هەنووکە، دەڵاڵی زیندانە:

– بویە، دەتوانی پانتۆڵێکی نیو داشتم بۆ پەیدا بکەی؟

– ئای بە چاوان.

– بویە دەتوانی ئەم سەعاتەم بۆ بفرۆشیت؟

– کێ لەزیندانداسەعات دەکڕێ بابەکەم؟

گۆرانییەکەی بویە، غەریبە. بە سۆزە ،دڵم باڵ دەگرێ. تاسەی کارون دەکەم. بۆ ساردی ماسی زیندوو کەپووم پڕدەکا. کارون ئارامە. ئاوەکەی وەکو فرمێسکی چاو، زوڵاڵە. لەبەر تریفەی مانگدا، شین باوە. بەلەمەکەی هێدی هێدی دەخزێ. دەڵێی لەسەر پەڕەی هەور دانیشتووم. بویە گیزەگیزی گۆرانییەتی. دەنگی بەلەمچییەکە بەرز دەبێ. سۆزاوی وغەمناکە، غەم هەموو گیانم داگیر دەکا، غەمێك کە لە کەناری کارونەوە نەوە دوای نەوە هاتووە، تا گەیووەتە من، غەمی هەموو ماسیگرانو بەلەموانانی کارون. ئەم غەمەم لە گیان خۆشە. سینەم شەقار شەقار دەکا، بەڵام لە گیانم خۆشە. بویە، هێشتا بەردەوامە.

– بویە، ئەوە چۆن بوو بە سەوڵ کێشات بەسەری نەسرۆدا؟
– کەریت کوڕم... کەریت.
بویە ١٥ ساڵ حوکم دراوە. نۆ ساڵو چەند مانگێکی تەواو کردووە.
– بویە. کە بەر بووی، نیازت وایە چ بکەی؟
بزەیەك دەکا، ددانە درێژەکانی بەدیار دەکەون. بێخی ددانەکانی رەشە.
– کە بەر بووم؟
ئاهێك هەڵدەکێشێ:– سەر لە نوێ تێ هەڵدەچمەوە.
– دیسان....
قسەکەم دەبڕێ.
– بەڵێ کوڕم... دیسان بەلەمو سەوڵو
سوعبەتی لەگەڵ دەکەم:– دیسان شەڕێکی دیکەو یازدە ساڵان زیندان.
سۆزەکەی بویە خەمناکە. نیگای هەمیشە ڕمۆکە، دەڵاڵی زیندانە.
– بویە، دەتوانی ئەم پێڵاوانە ساغ بکەیەوە؟
قازی وەژووردەکەوێ. وەکو هەمیشە سەرقاڵە، زیندانییەکان ئەم ناوەیان لێناوە. کتێبی یاسای گەڕۆکی زیندانە.
– هەڤدە ساڵە لەگەڵ دادگاو زیندانـدا خەریکم، ئەگەر هەر ساڵەی دە مادەی یاسا فێر بووبم. گەلێ لە مودەعی عام(داواکاری گشتی) شارەزاترم.
قازی هەندێك ڕیوەڵەیە. سمێڵێکی ناسکی هەیە، هەمیشە بەپەلەیە. بیرێکی تیژی هەیە. وردە دزی دەکا. بەبێ زیندان هەڵناکات:
– لە دەرێ چی بکەم؟... کێ مەسرەفم دەکێشێ؟... ئیش نییە، خۆ ئەگەر هەشبێ من پیاوی ئیش نیم. لە زیندانـدا هەر نەبێ چۆڕە چڵکاوەکە هەیە...
چاوە زیتەکانی بچووك دەکاتەوەو لەسەری دەڕوا:
– جگەرەکەم لەسەر ئەمو ئەوە... گلاراومە بڕۆمو بۆ گیلان...
قازی، بە هەمووان ڕادەبوێرێ.
– قاتڵی؟... بێ چەندو چوون بەپێی مادەی "١٧٠" ئیعدامی.
هەندێجار سوعبەت و گاڵتە دەکا:– ئەگەر مێزەری ئاخوند بدزیو بیکەی بە دەرپێ، ئەوا مادەی (١٢٧) دەتگرێتەوە. ئاخر ئاخوند کۆڵەگەو کەلەپوری مەزەبە.
ئەوجا بزە دەکا، قامکی بە بەر کەپوی پیاودا دەگێڕێو لەسەری دەڕوا.
– و مێزەرەی ئاخوند، بەشێکە لە کەلەپووری مەزەب، بەڵام قنگی رووتی تۆ دەرپێی بۆ چییە؟
قازی لای پەرێمزەکەوە هەڵدەتروشکێ:– ئا چایەکم بۆ تێبکە.
ڕاڕەوەکە کپە.. دەنگی پەرێمزەکە پتر کپی دەکا. ناسر دێو لەسەر بەڕەکە دادەنیشێ:
– چا پێ نەگەیشتووە؟
دەنگی زەنگی نیوەڕۆژە، حەوشەکە پڕ دەکا.

***

ئێستا، دەتوانم بەچاو نوقاندنەوە چینی دیواری ئاو دەستەکان بژمێرم. چەند چۆلەکەیەك لە کونی دوا کۆڵەکەدا هێلانەیان کردووە. نیوەڕوان هەتاو دەگاتە کوێی حەوشەکە، جەمەلۆنی بورجی پاسەوانەییەکە قاوەییەو دیوارەکانی بەخشتی مەیلەو زەرد رۆنراونو بە گەچ بن کەشی کراون.

هۆگری غولام پیاوکوژ بووم. کەیفم پێ دێ.

– پێم نەوتیت پیاو لە زیندانداا فێری جگەرە دەبێ.

لەلامەوە دادەنیشێ. جگەرەیەکی دەدەمێ. چاوە گەشەکانی دەبریقێنەوە.

شقارتەی بۆ لێدەدەم. بێ چ پێشەکییەك دەکەوێتە قسان.

– دەزانی خالید؟

مژێك لە جگەرەکەی دەداو لەسەری دەڕوا. دەنگی دڵگیرە.

– من تازە پێم ناوەتە بیست....

خەم بە قسەکانییەوە دیارە:– تا ئازاد دەبم، دەبم بە سیو پێنج ساڵ.... ئیدی ئەو ساکە ژیان بە کەڵکی چی دێ..

بە کەسەرەوە قسە دەکا:– دەزانی خالید؟

چەند ساتێك بێدەنگ دەبێ، دیسان چاوەکانی دەبریقێنەوە:– ... من، هەرچۆنێ بووە دەبێ هەڵێم... گەر کوژراوم دەبێ هەڵێم.

بازووی دەڵێی خڕکە بەردە. ڕەنگی تۆزێ زەردە. جلی خەت خەتی زیندانی لەبەردایە، لە بەدەنی چەسپ بووە.

– تۆ تەگبیرێکم بۆ ناکەی؟

نیگای دەکەم.

– چ چارەیەکت بە بیردا نایەت کە چۆنی هەڵێم؟

بە رویا پێدەکەنم:– ئەوە بە راستتە؟

نیگام لەسەر دیوارە بەرزەکانی زیندان دەگیرسێتەوە. پاسەوانە ڕەشتاڵەکە وەژووردەکەوێ. بە غولام دەڵێم:– هەڵیگرە بۆ دوایی.

هەڵدەستمو دەچم بۆ لای پاسەوانەکە. کتێبی تازەی بۆ هێناوم. بەچاو ئیشارەتم دەکاتێو خۆی بە ئاودەستەکاندا دەکاو خێرا وەدەردەکەوێ.

بێ ترس دەچم کتێبەکان لە نێو ئاودەستەکە هەڵدەگرمو لە ژێر کراسەکەم تاقەتیان دەکەم. بەگوتەی پاسەوانەکە بێ. لە دەرێ را مقومقۆیەك هەیە. بازاڕ داخراوە، قوتابخانەکان داخراون، دایەرەکان نیمچە داخراون، دەڵێ:

– سەرۆکی دەوڵەت داوای دەسەڵاتی تەواو دەکا.

دەڵێ:– هەندێك لە تەلەگرافخانەدا مانیان گرتووە، نان ناخۆن.

كە نۆبەی پاسەوانە رەشتاڵەكە تەواو ببێ، ئەو كتێبانەی كە خوێندومنەتەوە لە سەندووقەكەی ناسر ئەبەدی دەردێنمو دەی دەمێ كە بیان باتەوە.

پاسەوانە رەشتاڵەكە دیسان دەڵێ:- ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ لە مەیدانی پەیكەردا میتینگ بوو، بۆ پشتیوانی لە دەوڵەت...

لە پڕ كەڵكەڵەی دەرێم دەكەوێتە سەر. دڵم بۆ چاو ڕەش باڵ دەگرێ. خەمی دنیام لە دڵ دەنیشێ.

لە پاسەوانە ڕەشتاڵەكە جودا دەبمەوە. دەنگێ دەژنەوم.

- ئەوانەی كە خوێندووتەوە زوو وێمدە.

سەر دەلەقێنم. وەژوور دەكەوم. دادەنیشمو پشت بە نوێنە هەڵچنراوەكانەوە دەدەمو ئەژنۆكانم لە باوەش دەگرمو لە فكران ڕادەچم. وا هەست دەكەم كە چاوڕەش لەپاڵمەوە دانیشتووە. دەنگی دەژنەوم:

- خۆشم دەوێی.

كارون، لەبەر دەممدا ڕاكشاوە. بۆنی چیمەن، بۆنی خورما، كەپوم پڕ دەكا. خەریكە پەڕوباڵ دەردەكەم. هەرچۆنێ بووە دەبێ هەواڵی بگەیەنمێ كە لە زیندانەدام. دەبێ هەواڵی بزانم.

دەنگی گری بویە رام دەچڵەكێنێ:- خالید بۆچی پرسەت داناوە؟

ئەژنۆكانم بەر دەدەم. كەمێك دەجوڵێم. لاقم ڕادەكێشم. دەڕوانمە بویە. بزەیەكی نیوەگیان لێوم لێكدی دەترازێنێ. "مەنوچە رەش" وەژوور دەكەوێ. دیسان مۆنو روو گرژو بێتاقەتە. بێ پێشەكی دەكەوێتە قسان. خواردنی زیندان، بخەیە بەر سەگ بۆنی پێوە ناكا.

بویە گاڵتەی پێ دەكا:- گوێی مەدەیێ بابە.

مەنوچە رەش، پێیا هەڵدەشاخێ:- چی گوێ نەدەمێ؟... من خەریكە لە برسان سەگ تۆپ دەكەمو ناتوانم دەم بۆ ئەو خواردنە بەرم. بۆنی گووی لێدێ.

بویە، لە قاقای پێكەنین دەدا. بەدەم پێكەنینەوە دوو لا دەبێتەوەو ڕاست دەبێتەوە.مەنوچە رەش خوای نامێنێ. ژێر چاوی دەكەوێتە پرتە پرت. دەڵێ:

- هەقتە ڕابوێری. پێویستت بە خواردنی زیندان نییە تا بزانی چ گوویەكە.

مەنوچە رەش. هێندە رەشە دەڵێی رەژووە. سپێنەی چاوانی زۆر ناشیرینە. رەنگی لێوی پەڕیوە. قژی لوولە. كوڵەباڵاو پانە... بویە دەكەوێتە پینە كردن.

جگەرەیەك بە مەنوچە رەش دەدەم. دەنگی غولام پیاوكوژ لە ڕاڕەوەكەدا دەنگ دەداتەوە. دەنگی غەمناكە.

"كاسەی سەرم كەشتییەو ئەشكی دیدەم دەریا"

دیسان دەچمە ژێری، دڵم تەنگە. تاسەی چاوڕەش هەراسانی كردووم. مەنوچە رەشو بویە بە جێ دێڵمو لە ژوورەكە وەدەردەكەومو دەچمە نێو حەوشە كە وەكو رۆژ روناكە. دەست بە پیاسە دەكەم. بورجی پاسەوانەكان چۆڵە. پاسەوانەكە لە بورجەكە هاتۆتە دەرێ. تفەنگەكەی لە شان كردووەو بە سەربانەكەدا پیاسە دەكا. هەنگاوەكانی خاوە. دەڵێی پێ بەسەر دڵی مندا دەنێ.

دەڕوانمە ئاسمان. سافە. لێرە و لەوێ ئەستێران دەدرەوشێنەوە. بریا دەمتوانی باڵ بگرمو لە نێو ئەم چوار دیوارە دەرچمو تا ماڵی چاو ڕەش نەوەستمەوە.

ئێستا. دەڵێی سۆزەی خەمناکی دایکمە. لەبەر لامپاکە دانیشتووە. ئەژنۆکانی لە باوەش گرتووە. خەریکە سۆزە دەکا. دەنگی دەژنەوم، لە دوورەوە وەکو کۆترێکی پێکراو بە باڵە فڕێ دێ، گوێم پڕدەکا.

"وەکو گاکۆتر لە دەوری دووریەکت گەڕێم"

دڵم لە خەمدا شەرمەزارە.

"شاهین گوشتەکەم بخوا، ببمە بەڵاوەگێرت"

لە پڕ، "ئەسەسور" بازووم دەگرێ، رادەچڵەکم.

– ترسایت؟

بەدەمییەوە پێدەکەنم.

– بۆ بە تەنێ پیاسە دەکەی؟

– دڵم تەنگە ئەسی.

ئەسە سور، ئاهێك هەڵدەکێشێ. قژی زەردە. دەموچاوی تەڕو ناسکە.

وردیلەو چالاك عەینی زەردەواڵە. هاوتاوانی مەنوچە رەشە، لە سەریەك تاوان گیراون. پێکەوە پیاسە دەکەین. ئەسی قسان دەکا:– مەنوچە رەش زۆر عێجزە.

گوێ دەگرم. بەردەوام دەبێ:

– دوو روژە زاری لە خواردن نەداوە. پێی دەڵێم ئەگەر بە تەما بی ئەم کارانە بکەی کەشکت فەریکە.

تاوانی مەنوچە رەشو ئەسە سور، دزینی ئوتومبیلە.

ئەسی قسە دەکا:– .... پێی دەڵێم کە دوو روژە خۆت کوشتووە کێ گونی لە خم گرتووە.

دێمە قسان:– مەنوچ هەقیەتی... خۆراکی زیندان خراپە، ناخورێ.

دەنگە تیژەکەی گوێم ئازار دەدا:– منیش ئەمە دەزانم... بەڵام چارە چییە؟

دەبێ چارەیەك بدۆزرێتەوە. خواردنی زیندان هێندە خراپە بیخەیە بەر سەگی برسی بۆنی پێوە ناکا. هەر ژەمە خواردنێك بریتییە لە دوو پەتاتەی بۆگەنی کوڵاو، یا تۆزقاڵێك خورمای رەش، یا قاپێك چڵکاو، یا قاپێ نیسکێنەی وشکی بێ ڕۆن، کە لە گەروو ناچێتە خوارێو شەوو رۆژی دونانی رەشی پڕ کەپەك کە سەد خۆزیا بە نانی جۆ.

دەنگی ئەسی دەژنەوم:– جگەرەت پێییە؟

جگەرەیەکی دەدەمێ. هەردوو بێدەنگ بووین. هەردوو لە فکران ڕاچووین.

دەچینە ئەو سەری قاوشەکەو دەگەڕێینەوە. هەمدیس دەڕوینو دەگەڕێینەوە. ئەسی قونکە جگەرەکە لە ژێر پێییدا دەکوژێنێتەوە.

دەرگای قاوشەکە ڤە دەبێ. ناسر ئەبەدی وەژوور دەکەوێ. مەچەکی رەحیم ولاخداری گرتووە. بە پەلە بەرەو پیری دەچم. مش رەحیم شرەو پرەو نوێنەکانی لە بن هەنگڵ ناوە. بزە نیشتۆتە سەر لێوانی ناسر ئەبەدی:– ئەمەش لەبەر خاتری تۆ.

مش رەحیم شرەو پرەکەی فرێ دەداتە سەر عاردی. یەکتری لە باوەش دەگرین. بۆنی لەشی، کە بۆنی داڕوی لێدێو، بۆنی جگەرەی شنۆ کەپوم پرەکا. دەڵێی هەموو دنیایان داومەتێ. باری لەشم سوك دەبێ. دڵم دەکرێتەوە. نوێنەکانی مش رەحیم لە بن هەنگڵ دەنەمو وەژوور دەکەوین. بە تەنیشت یەکدی یەوە دادەنیشین. قازی چای لێدەنێ.

مش رەحیم قسەکانی دادگای لەبەر کردووە. گەردنی رەش دەچێتەوە. دەمارەکانی لاملی شین دەچنەوە. قورتمی بەرزو نزم دەبێتەوە. دەنگی لەرزۆکە. زۆر پیربووە.

لێوەکانی وشكو قڵەش بردووە. سمێلی زەرد دەنوێنێ. نیگای شپرزە وڕمۆکە. جگەرەیەك دادەگیرسینێ. دەڵێ: – لە دادگادا حوکمی ئیعدام درام.

دڵم دا دەخوڕێ. دڵی دەدەمەوە: – چما شاری بێ حاکمە، هەروا بە هەوەنتە ئیعدامت بکەن؟

بەڵام لە ناخی دڵمدا دەترسم. قازی دەست بە سوعبەت دەکات.

– قەتڵی بە ئانقەست، مادەکەی ١٧٠، بێ چەندو چۆن ئیعدامە.

نیگای پیری مش رەحیم لە چاوە زیتەکانی قازی هەڵدەنگوێ. بوویە لە قاقا دەدا. ناسر ئەبەدی توڕە دەبێ. بوویە، لە پێکەنین دەکەوێ.

مش رەحیم بە چیچکانەوە دانیشتووە. دەڵێی لەبەر بەڕۆچکەکە دانیشتووە. ئێژی قلیانەکەی تێکردووەو خەریکە سەیری ساباتی ولاخەکان دەکا. خەریکە لەگەڵ هاپۆ بەندەر دەئاخڤێ. دان بە کۆترەکانم دەدەمو گوێ لە قسەکانیان دەگرم:

– باوەڕناکەم ئەم ساباتە بەرگەی یەك بارانی دی بگرێ.

بەڵام زستان لە ئاخرو ئۆخری دایە.

دەنگی مش رەحیم لە زۆرکە، تفەکەی دەمی قووت دەداو قسە دەکا.

– دوو دانە سەعات قسە دەکەی بەڵام کەس گوێ بە قسەت نادا.

قازی، چای تێدەکا. مش رەحیم درێژەی دەداتێ:

– ... ئاخر جاریش کاغەزێکت دەخەنە بەردەم، دەڵێن پەنجەی پێوە بنێ.... فرێك لە چایەکە دەداو دەڵێ:

– ... ئاخر ئەگەر بە جوانی گوێت لێنەگرن چۆن سەرو بنی مەسەلەکە بە دیار دەکەوێ؟...چۆن بە دیار دەکەوێ کە...

دەنگە گرەکەی ناسر ئەبەدی، قسەکەی مش رەحیم دەبڕێ: – من دەبینی پیرەمێر؟

دەست بە سنگی خۆیدا دەکێشی و دەڵێ:

– من مرۆڤێکم کوشتووە.... خۆ ئەوەتا بە چاوی خۆ دەبینی کە ئیعدامیان نەکردووم. ناسر ئەبەدی خوشکەکەی خۆی کوشتوە. رۆژێ لای نیوەڕۆ دەچێتەوە بۆ ماڵێ، دەبینێ دایکی خەمبارە، بۆی بەدیار دەکەوێ کە خوشکەکەی لە بەیانی زووەوە لە ماڵ وەدەرکەوتووەو

نەگەڕاوەتەوە. هەموو کوچەو کۆڵانانی شار بە دوویدا سەنگو سوژن دەکا. ئەوجا شار بە شار دەکەوێتە تاقیبو سۆراخی خوشکەکەی. تا ئاقیبەت، پاش یازدە مانگ، ڕێی دەکەوێتە "زوڵم ئاوا" دەبینێ خوشکەکەی لە ماڵی "اکرم سیاه" شاگردی دەکا. بێ سێو دوو هەڵدەکێشێتە چەقوو ورگو ڕێخۆڵەی دادەروێ. تا خەڵکی دەکەونە خۆ، ئەو خۆی دەگەیەنێتە پۆلیسخانە: "جەنابی سەروان، من خوشکەکەم کوشتووە... بەرگریم لە ناموس کردوە..." ناسر ئەبەدی چایەکەی لە ژێر پیاڵەکە دەکا، فووی لێدەکاو ئەوجا قسە دەکا:

– .. بەڵێ پیرەمێر، خۆت سەغڵەت مەکە... بنیادەم بە ئومێدەوە دەژی.

لێوە هیشکەکانی مش ڕەحیم دەبزوون. دەنگی لە زرۆکە. زۆر پیربووە.

– من لە ئیعدام ناترسم... چ خێرو خۆشییەکم لە ژیان نەدیوە، خۆ تازە لە زیندانیش دەربچم چ بکەم؟

چاوی لە دوڕ چاوانم دەبڕێ

– دەزانی خالید؟... واهی زۆر خراپە.

لێوەکانی مش ڕەحیم دەنیشنە سەریەك. بێدەنگ دەبێ. قونکە جگەرەکەی دەکوژێنێتەوەو دیسان قسەدەکا.

– زۆر خراپە پەت بنەنە ملی پیاو،و بە بەرچاوی بێگانەو ئاشناوە پیاو بەرەو سەرێ هەڵکێشن.. عەینی لاکی مەڕ بە قولاپییەوە بکەی... ئاخر واهی زۆر ناخۆشە. خراپە، خراپ.

زرانییەکانی لە باوەش دەگرێو ئاهێك هەڵدەکێشێ. قازی دەڵێ: – پیرەمێرد بە خۆڕایی خۆت، نارەحەت مەکە.

بویە، چایەکی دی بۆ مش ڕەحیم تێدەکا. مش ڕەحیم چەناگەی وەسەر ئەژنۆکانی دەنێو قسەدەکا، دەڵێی خەریکە خۆی دەنوێنێ.

– عادەتێکی زۆر خراپە... پیاو بەرن بۆ بیابانو لەوێندەر زیندە بە گۆڕی بکەن، گەلێ ئابڕومەندانە ترە...

دەنگی ناسر ئەبەدی گڕ دەبێ: – پیرەمێر وا دیارە شێت بووی ها... بە خۆڕایی خۆت ئازار دەدەی.

پاسەوانە ڕەشتاڵەکە دێو لە نێو دەرگای ژوورەکە دەوەستێ. دەبێ کتێبەکانی بدەمێ. ناسر ئەبەدی بزەیەکی بەرودا دەداو فەرمووی لێدەکا:– فەرموو پیاڵە چایەك بخۆ سەرکار.

پێموایە ناسر ئەبەدی سووسەی کردووە. پاسەوانەکە چایەك دەخواو دەڕوا.

پاش ئەو هەڵدەستمو دەچمە سەر سەندوقەکەی ناسر ئەبەدی تا کتێبەکان لەگەڵ خۆدا هەڵگرم. دەنگی ناسر ئەبەدی دەژنەوم:

– دەبێ لە سبەیەوە دەست بە دەرسدانی من بکەی.

وردە شتەکانی نێو سندوقەکە وەلا دەخەمو کتێبە بچکۆلەکان کە هەر یەکێکیان بە ئەندازەی ناو لەپێکە، لە ژێر کراسەکەم قایم دەکەم.

***

دنیا سارد بووە. هەتاوی بەیانیان لە گیان خۆشە. کە قاوەڵتی دەخۆین لە ژوورەکان وەدەر دەکەوین و لە پاڵ دیوارە بەرزەکەی زیندانـدا خۆ وەبەر بەرۆچکەی هەتاو دەدەین. بەدەم قسەکردن و جگەرەکێشانەوە دادەنیشین. ناسر ئەبەدی چاك هاتووە ئەگەر بەم پێیە بێت، یەك مانگی دی دەرس بخوێنێ زۆر شت فێر دەبێ. ئێستا وشە دەناسێتەوە. کەوتۆتە سەر زەوق. هێندە سوورە لەسەر فێر بوون هەر هەپرسە، زەینی رۆشنە.

پەتۆمان لە پاڵ دیوارەکە ڕاخستووە. پشتمان داوە بە دیوارەکەوەو لاقمان راکێشاوە. کە سەرمای شەومان لە گیان دەردەچێ، زۆرمان پێخۆش دەبێ.

مش ڕەحیم زۆر کەمدوو بووە. دادەنیشێ و زرانییەکانی لە باوەش دەگرێ. چاو دەبڕێتە خاڵێك و لە فکران ڕادەچێ. ئەگەر قسەی لەگەڵ نەکەی بە درێژایی رۆژ لێو لەبەر یەك هەڵناهێنێ. خۆ کە شتێکیشی لێدەپرسیت ئەوەندە بە کورتی وەڵام دەداتەوە، لە پرسیارەکەت ژێوان دەبییەوە.

ورگی مش ڕەحیم ئاوساوە. خۆی دەڵێ ئاوی هەڵێناوە. دەست و لاقی بای کردووە. رۆژ بە رۆژ ملی باریکتر دەبێ. بە هیچ جۆرێ پیاسە ناکات.

– مش رەحیم تۆ دەبێ پیاسە بکەی... تۆزێ بجوڵێی.

بە جۆرێ چاوە ڕپێوقاوییەکانیت تێدەبڕێ. دڵت بۆی دەستووتێ، ئەسکەندەر، قەراخە کولێرەی جویوەو هەڵهاتووەو خەریکە پەیکەر دروست دەکا. بە درێژایی رۆژ ئەمە کاریەتی. کاسبییەکەی خراو نییە لە سپێدەی بەیانییەوە تا شەوێ، بە تاقەت و حەوسەڵە دادەنیشێ و قەراخە کولێرە دەجوێ، هەویر دروست دەکا و بە مست هەڵیدینێ و ئەوجا دەست بە دروست کردنی پەیکەرو وردە پەیکەری جۆراوجۆر دەکا، ئەوجا رەنگیان دەکا، مشت و ماڵیان دەداو دەیانێرێتە دەرێ تا بۆی بفرۆشن.

– ئەگەر ئەم کارە نەکەم کێ ژن و منداڵەکانم بۆ بە خێو دەکا؟....دەبێ یازدە مانگی دی لەم کولانە سەگەدا بم... ئیدی دەبوایە بە هەر شێوەیەك بووە پاروو نانێکیان بۆ پەیدا بکەم.

حسین دەباغچی و ئەسە سور خەریکی یاری "زار زارێنن". بویە، لە قاوشەکە وەدەرکەوتووەو چووە بۆ کاسبی. مەنوچە ڕەش لەسەر سەکۆ چیمەنتۆکەی بەر ریزە ئاودەستەکان دانیشتووەو لەگەڵ مەهدی سینگ کوتردا قسەدەکا. مەنوچە رەش دوو رۆژە نان ناخوا. بێتاقەت بووە. چاوی سپی بوون، جار جار سەری گێژ دەخوا، زرانییەکانی دەلەرزن و ئازای لەشی دەلەرزێ.

دەرگای قاوشەکە ڤە دەبێ. سەبەتە نانەکان دێننە ژوورەوە. دوو سەدو هەژدە نان بۆ سەدو نۆ کەس بۆ هەر یەکێکیان دوو نانی رەش. هی شەوو رۆژێك.

عەلییە لچە، نانەکەی وەردەگرێ و دێ لای منەوە دادەنیشێ. دەست دێنێ و نیو جگەرەکەم لە دەست دەسێنێ. چەند مژێکی لێکدا لێکدای لێدەدا، دوکەڵەکەی قووت دەداو لچە ئەستوورەکانی لەبەر یەك هەڵدێنێ و دەڵێ:– ئەم مەنوچە رەشە هەقیەتی ها.

نانە نوشتکراوەکە کە لە خشت دەچێ دەکێشێ بە سەری ئەژنۆیداو دەڵێ:– تەماشاکە... بیکێشی بە کەللەی فیلدا، دەست بەجێ دەتۆپێ. هەتیو لە بەرد دەچێ. قسەکەی مەنوچە رەش خەریکە کاری خۆی دەکا. قسەکان دەماو دەم دەکا.

– نامەردانە، دەیانەوێ گۆشتی سەگمان دەرخوارد بدەن.

ناڕەزایی هەندێکی گرتۆتەوە:– چی گەنوگو هەیە بەسەر ئێمەیدا ساغ دەکەنەوە.

قاپە گۆشتاوەکە لە باغچە وشکەکەدا دەڕێژن.

– دەڵێی ئاوی گەڕاوەی گەرماوە.

پاسەوانی ئێشکچی نێو قاوشەکە، شانی بە دیوارەکەوە داوەو دۆنکییەکەی بە دەستەوە گرتووەو جگەرە دەکێشێ.

چەند کۆترێکی رەش لە ئاستی زیندانەکەوە، چون بە حەلحەلەی ئاسماندا. باڵیان لەبەر تیشکی خۆرە تاوەکەدا دەبریقێتەوە. ئاسمان ساف و بێگەردە. قازی لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ. بە دەنگی بەرز باوێشك دەداو بە مستەکۆڵە بە سینگی خۆیدا دەکێشێ. مش رەحیم لاقەکانی لێ ڕاکێشاوە و دەڕوانێتە بەردەم خۆی. چەند کەسێك خەریکی پیاسەن، یەکێك بە دەنگی بەرز دەڵێ:– داخلی کە؟

ئەو زەلامەی کە وەژووردەکەوێ بەلە باریکەیەکی رەشتاڵەیە. چاوەکانی درشتن. سەریان تاشیوە، زۆر ئاشنا دێتە بەر چاوم. بەرەو لای دەچم. قازی دووم دەکەوێ:– بۆ کوێ؟

ئیشارەت بۆ لای ئەو گەنجە دەکەم کە خەریکە لەگەڵ حەمە گەوجدا دەستو مۆچ دەکا.

– دەڵێی ئەمە دەناسم!

قازی بازوم دەگرێ.

– دەیناسیت؟

پرسیارەکە جۆرە سەرسامییەکی تێدایە.

– لە کوێ دەیناسیت؟

پێی دەڵێم:– پێدەچێ لە جێیەك دیتبم.

دەنگی قازی نزم دەبێتەوە:– ئێ ئەمە رەزا گیرفان بڕە.

لێبڕاوم قسە لەگەڵ رەزا گیرفان بڕدا بکەم. لە حەمە گەوج جیا دەبێتەوەو وەژوور دەکەوێ. بوخچەکەی بە بن هەنگڵییەوەیە. خێرا بە دوویدا دەچمو گازی دەکەم. دەوێستێ. یەکەمجار سەراپام بە نیگا دادەبێژێ، ئەوجا نیگای بێ باوەڕی لە نیگام دەبڕێ. ئاشنایەتییەکی ئاڵۆزو نامەعلوم بە نیگای رەزا گیرفان بڕمەوە گرێ دەدا.

وەپێش دەکەوم و رووبەڕووی دەوێستم. بۆ چەند ساتێك یەکدی بە نیگا دادەبێژین.

رەزا گیرفان بڕ دێتە قسە:– چیت لێ دەوێم؟

هێشتا سەری گڵۆڵەی ئاشنایەتییەکەم بۆ نەدۆزراوەتەوە:– من... تۆم لە کوێ دیوە؟

سەیری لێدێ. بە دەنگی نزم دەئاخفێ.

– منت لە کوێ دیوە؟

دەنگی رام دەچڵەکێنێ. دەیەوێ بەڕێ بکەوێ، نێو ڕاڕەوەکە ساردە، باسکی دەگرمو ڕای دەوەستێنم.

– تۆزێ ڕاوەستە بزانم ... من تۆم لە جێیەك دیتوە.

خۆی رادەپسکێنێو باسکی لە دەستم دەردێنێ. دەنگ هەڵدەبڕێ:- تۆ چیت لەمن دەوێ؟

لە پڕ هەموو شتێکم لا بەرجەستە دەبێ. بۆنی ئارەق کەپووم پڕ دەکا. دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە.

- بەم تیغە شا دەمارەکانت دەبڕم.

لە پڕ خوێن دەزێتە دەموچاوم. بێوەی بزانم چ دەکەم. پەلاماری دەدەم. بازووەکانی دەگرمو هەڵی دەدەمە ژوورەوە. بوخچەکە لە دەستی دەکەوێ. نایەڵم هەستێتەوە، لە سوچێکی ژوورەکە توندی دەکەم. دەنگم دەلەرزێ.

- تۆ ئەو شەوە لە ئەمن، بۆ دەتویست بە چەقۆ پارچە پارچەم بکەی؟

چاوانی رەزا گیرفان بڕ ئەبڵەق دەبن. دەستم ناوەتە بینی، زاری داچەقیوە، بەڵام ناتوانێ قسە بکا. هەوڵدەدا خۆیم لە چنگ دەربێنێ.

- ها؟.... بۆ؟... ئەگەر پێم نەڵێی ئێستا دەت خنکێنم.

گێژو وێژ بووە. غافڵگیر بووە. دەمی داچەقیوە. چاوە درشتەکانی تروکە تروکیان پێ کەوتووە..

- دەی قسە بکە.

قوڕ قوڕاگەی دەگوشم. ناتوانێ قسە بکا.

دەنگی ناسر ئەبەدی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە:- ئەوە چ دەکەی خالید؟

سەر وەردەگێڕم. نیگای ناسر گازاندەی پێوە دیارە، رەزا بەرەڵلا دەکەمو سەر دادەخەمو دەڵێم:

- ئەمە ئەو کەسەیە کە لە حەپسخانەی ئەمندا چەقۆی لێدەرهێنام.

چاوانی ناسر چکۆلە دەبنەوە. رەزا دەیەوێ وەڕێ بکەوێ. ناسر، رێی لێدەگرێ.

- راستە رەزا؟...

رەزا قسە ناکا. ناسر، نەرمەی گوێی بادەدا. لادەکەوم. رەزا، رەنگی بووە بەن لێموی زەرد.

- وایە، رەزا تۆ بووی؟

رەزا بێدەنگ بووە.

- بۆ چەقۆت لە خالید هەڵکێشاوە؟

مینگە مینگێ دەکاو ئەوجا دێتە قسان. بە قسەکانیا وا دەردەکەوێ کە عەلی شەیتان ناچاری کردووە.

ناسر هێشتان نەرمەی گوێی بەر نەداوە:- گوتی بەڵکو بی ترسێنم.... تەنانەت گوتی ئەگەر بەر چەقۆیانیشی بدەم قەیدی نییە.

گوێی بەر دەدا:- ئاخر بۆ؟

رەزا بووە بە مشکی ترساو. بچوك بۆتەوە.

- نەتگوت بۆچی؟

- بۆچی ناوێ.... هەموو کاتێ کارم تێی دەکەوت. ئەگەر ئەم تاقە کارەم بۆ نەکردبایە، هەزارو یەك بیانووی لێدەگرتم.

ناسر بە ئاسپایی زلەیەکی لێدەدا:- بەڕاستی نامەردی.

و دەستی من دەگرێو لەگەڵ خۆیم دەبا.

- با بڕۆین پیاسە بکەین.

هێشتا بە تەواوەتی پێمان نەناوەتە نێو حەوشەکە، لە پڕ حیلەی ئەسپ دەژنەوم.

غوڵام پیاو کوژە. دەستی کردووە بە چوار ناڵەو حیلاندن. بەدەم جووتە وەشاندنەوە لەو سەری قاوشەکەوە دێ. هەموو زیندانییەکان لە پیاسە کردن وێستاون و سەیری دەکەن. غوڵام، چوار ناڵە دەکا. دەحیلێنێ و جووتە دەهاوێ. پاسەوانی نێو قاوشەکە بە پەلە دەڕواو ڕێگەی لێ دەگرێ.

- ئەوە چ گلاراوتە غوڵام؟

غوڵام دەوێستێ، ئەم پێو ئەوپێ دەکا، لێکدا لێکدا، وەکو ئەسپێك کە چەند سەڵەڤ غاری دابێ، دەپڕمێنێ.

پاسەوانەکە دەڵێ:- بڕۆ لەسەر جێگەکەی خۆت دانیشتە.

غوڵام. لە پڕ دەهری دەبێو دیسان دەست بە چوار ناڵەو حیلاندن دەکا. قازی لە پەنای دیوارەکەوە خۆی دەگەیەنێتە ناوەندی حەوشەکەو سەر دەخاتە سەری. غوڵام دەوێستێ، چەند ساتێ سمکۆڵان دەکا، ئەوجا بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو وەکو ئەسپێکی چەموش کە لغاویان ڕاکێشا بێ، سەر بادەدا.

پاسەوانەکە لێی دەچێتە پێشترو بە دۆنکی تێی بەر دەبێ. غوڵام هەڵدەبەزێتەوە، ئەوجا بەرانبەر بە پاسەوانەکە دەوەستێو بە دەنگێکی خەمناك دەڵێ: سەرکار، بە گیانی ئەو دایکتە من ئەسپم.

ئێستا چاوانی دەرپۆقیون. پاسەوانەکە دەکشێتە دواوە، دەڵێ:

- ئەگەر دەست لەم کارانە هەڵنەگری دەخرێیتە ئینفرادی.

لە پڕ غوڵام قاقا لێدەدا. ئەوجا پەلامار دەداو خۆی بە ملی پاسەوانەکەدا هەڵدەواسێو لێکدا لێوی پاسەوانەکە ماچ دەکا. پاسەوانەکە دەکشێتە دواوە، دۆنکییەك دەسرەوێنێتە ملی غوڵام. ناسر ئەبەدی دەکەوێتە بەینەوە، لە هەوادا مەچەکی پاسەوانەکە دەگرێ کە دەیەوێ ئەمجارەش دۆنکییەکەی بسرەوێنێتە ملی غوڵام. پاسەوانەکە دەداتە دواوەو باوەش بە غوڵامدا دەکاو دەیباتە ژوورەوە، پاسەوانەکەی سەربان لە نێو بورجەکە هاتۆتە دەرێو دەڕوانێتە نێو حەوشەکە. زیندانییەکان، دەڕژێن بە سەرباندا. غوڵام دیسان دەحیلێنێ. دەنگی ناسر وەکو تەرەقە دەتەقێتەوە:- بەسە غوڵام.

مەنوچە ڕەش لەسەر سەکۆی بەر ئاو دەستەکان دانیشتووە. لە جێی خۆی نەجوڵاوە. لە پەنجەرەکەوە سەر دەکێشمە ژوورەوە. غوڵام قوڕو قەپ دانیشتووە. ناسر چەندی قسە لەگەڵ دەکا، بەرد وەجواب دێ ئەو وەجواب نایەت.

هەتاو تەواو گەرم بووە. پێدەچێ ئەمشەو باران بباری. ئەسە سور دەست دەخاتە سەر شانمو ئامازە بۆ لای مەنوچە ڕەش دەکا.

– تەماشای کە... پرسەی گرتووە.

مەنوچە رەش، چاوی بڕیوەتە ئەو دوو نانە رەشەی کە لە بەردەمێتی.

– ئاقیبەت لە برسان دەمرێ.

دەستی ئەسە سور لەسەر شانم لا دەبەمو بەرانبەری دەوەستم.

– گوێ بگرە ئەسی... چاك بزانە ئەگەر هەموومان وەکو مەنوچە رەش خواردنی زیندان نەخۆین، ناچار دەبن وەزعی خواردنەکەمان باشتر بکەن.

ئەسە سور، هارە. دەڵێی ژەنگە سوورەیە. دەنگی تیژە، گوێ ئازار دەدا.

– بە گیانی تۆ هەر بە خیاڵیشیاندا نایەت.... زۆریش قسە بکەین. دارمان تێدەبڕن.

چەند ساتێ نیگای دەکەم. گۆناکانی سوور، دەڵێی خوێنن. تەوێڵی شملاوییە، لێوەکانی سپی واژن. کە سەیری ئەو دەکەم، شەفەقو مانگرتنی کارخانەی چنینم بیر دەکەوێتەوە.

سیمای ئەسە سوور لەبەر چاوم دەسڕێتەوە. هەنووکە لە ژێر زەمینێك دام و بەرانبەر بە دکتۆر دانیشتووم. پانکەکە لەقە لەقێتی. ژێر زەمینەکە پڕ بووە لە دووکەڵ، تیشکی کزی گڵۆپەکە کز تر دەنوێنێ. ردێنێ دکتۆر دەجوڵێ و قسە دەکا. چاو دەبرمە ئەسە سوورو بە هێمنی دەڵێم:

– چما تۆ لات وایە هەموو زیندانییەکان وەزعیان باشە تا پێویستیان بە خواردنی زیندان نەبێ؟

دەیەوێ قسە بکا، مۆڵەتی نادەم.

– ... لات وایە ئەگەر برسێتی ناچاریان نەکا، بەم خواردنە پیسە قاییل دەبن؟

ئەسە سوور دەپڕمێنێ. عەینی سەگی توڕە ددانە وردو سپییەکانی بەدیار دەکەون.

– منیش ئەمە دەزانم... بەڵام...

قسەکەی دەبڕم:– ئەسی، دڵنیابە کە ئێمە دەتوانین ئەم کارە بکەین. دڵنیا بە ئەگەر هەموومان بمانەوێ دەتوانین وەزعی خواردنەکە بگۆڕین. دەتوانین کە...

دیسان حیلەی غولام پیاو کوژ بەرز دەبێتەوەو لە ڕاڕەوەکەدا دەنگ دەداتەوەو دیسان پاسەوانەکە بەخۆو پیرە دۆنکییەوە بۆی دەچێ.

ئەسە سور شانەکانی لە ژێر دەستم دەردێنێو دوی پاسەوانەکە دەکەوێ.

***

باران وەستاوە، لە سەرەتای شەودا ڕێژنە بارانێکی سێڵاوئاسا دایکردو زووش وێستایەوە، بەڵام هەورە تریشقە هێشتا ناوە ناوە دەبڵاچێنێ، تا ئێستا چەند جارێك لە خەو راپەڕاندووم. رەنگە شەو لە نیوە دابێ. گڵۆپی بن میچەکە پێیە. خەوم زڕاوە. بویە پرخە پرخێکی هێدی دەکا. ناسر لێفەکەی لە خۆی پێچاوەو لاقەکانی گرمۆڵە کردووە. تا ئێستا چ هەواڵێکی چاوڕەشم دەست نەکەوتووە. چەند جارێك ویستم بە بێدار بڵێم کەچی نەمتوانی. ئەگەر ئەمجارە بێت بۆ دیدەنیم پێی دەڵێم. دەنگی بێدار بەرۆکم بەر نادا. هەرکە دەکەومە یادی چاوڕەش، چنگ لە بیرو هزرم دەنێ:– کە کەوتییە کۆڕی خەباتەوە، دەبێ دەست بەرداری سۆزو ئاشقێنی بی.

بە پندار دەڵێم:– ئەدی ئێستا؟

دەڕوانمە نێو چاوی.

– ئێستا كە وەكو مشك كەوتوومەتە تەڵەوە؟

دەنگە خۆشەكەی دكتۆر، ورەم بەرز دەكاتەوە:– ئێستا، تۆ كارێكی دیت لە بەرە.

نیگای تا ناخی ناخم دادەچۆڕێ.

– كارێكی بنەڕەتی....

چاوان دەنوقێنم.. دەنگی دكتۆر دەژنەوم.

– ... مانگرتن لە خواردنی زیندان.

چاو دەبڕمە زاری.

– هەموویان نا قاییلن... هەموو پێویستیان بە یەكێكە رێیان نیشان بداو پێیان بڵێ چی بكەن.

ئێستا مەنوچە رەشە، كە قسە دەكا، چاوی بە قولا چووە. توانای قسەكردنی نییە. دەنگی نزمە.

عەلییە لچە، لاقە دینگە ئاساكانی بە عاردیدا دەكێشێو بەرەو لام دێ.ملی بە سنگییەوە نووساوە. نانە رەشەكانم نیشان دەداو دەڵێ:– بیكێشی بە كەللەی فیلدا دەی تۆپێنێ.

دەستە كوڵەكانی لەگەڵ نانەكەدا بە چەپو بەڕاست دا دەڕوا.

– تەمەشای كە.... لە بەر دەچێ.

كەمێك خۆ هەڵدەكێشمو پشت بە دیوارەكەوە دەدەم. ئەژنۆكانم لە باوەش دەگرم. پەتۆكە تا ژێر چەناگەم دێنم، چاو دەنوقێنم.

– تۆ دەبێ زۆر كار بكەی...

دەنگی دكتۆرە.

– دەبێ قسە لەگەڵ یەك بە یەكیاندا بكەی... دەبێ هەموویان ساز بدەی... دەبێ وەزعی زیندان بگۆڕی... دەبێ بیسەلمێنی كە لەوان فامیدە تری... دەبێ تێیان بگەێنی كە ئەگەر بیانەوێ دەتوانن زۆر كار بكەن...

ردێنە چكۆلەكەی دەجولێ، قسە دەكا:

– ... دەبێ تێیان بگەینێ كە دەشێت هەموو شتێ بێتە گۆڕین. هەموو شتێك... چاو دەكەمەوە، نازانم بۆ لە پڕ چاوانی پڕ جورئەتی لەیلام لە خەیاڵدا بەرجەستە دەبێ. چاوەكانی هەموو ژوورەكە داگیردەكا. ناتوانم سەیریان بكەم.

چاو دەنوقێنم. ئێستا دەنگی چاو رەش دەژنەوم. ناسكی دەنگی بۆنی گوڵم بە سەردا دێنێ.

لە پڕ دەنگی غولام رام دەچڵەكێنێ. شەو لە نیوە بوریوە، پرخە پرخی بویە، دەبڕێ. غولام پیاو كوژ چۆتە نێو حەوشەو بانگ دەدا. لە نێو جێگەكەم هەڵدەستم. پەنجەرەكە دەكەمەوە. بایەكی ساردو وەژووردەكەوێ. ناسر ئەبەدی تلیك دەداو لە جێی خۆی دادەنیشێ.

– لا حەولە وەلا.... ئەم قەحپە دایكە بەم نیوە شەوە نایەڵێ بخەوین.

لە پەنجەرەكەوە سەر دەكێشمە نێو حەوشە. غولام لەسەر سەكۆی بەر ریزە ئاودەستەكان وێستاوە. دەستی ناوەتە بن گوێیو بە دەنگی بەرز بانگ دەدا:

الله اكبر....

پەنجەرەکان یەك یەك دەکرێنەوە، نێو حەوشە دەڵێی ڕۆژی ڕوناکە... غوڵام بانگێکی تێکەڵ و پێکەڵ دەدا:

– ئەشهەدو ئەننە عەلی ڕەسول الله!....

ئێشکچی سەربان، لە بورجەکەوە دەردەکەوێ و لە پشت تەلبەندەکەوە سەر دەکێشێ و دەڕوانێتە نێو حەوشە. خۆی لە باڵا پۆشێکی خاکی پێچاوە.

دیسان هەورە تریشقە بڵاچە دەدا. دیسان دەنگی غوڵام پیاو کوژە.

– ئەشهەدو ئەننە محەمەدەن حسین الله.

ئێشکچی سەربانەکە دەکشێتەوەو فیکە لێدەدا. هەموو بێدار بوونەتەوە، بانگەکەی غوڵام تەواو بووە. بە تۆپی کراسێکی ڕێ ڕێی دڕاو هەڵتڕوشکاوەو خەریکی وەعز دادانە، دەنگی غوڵام، لەگەڵ ئەو هەموو شتە بێ سەروبەردا کە دەیڵێ خۆش و دڵگیرە.

– ئەی زیندانیانی بە ختەوەر خوا بەڕێی ڕاستدا بەرن... ڕێی ڕاست بەخوا نیشان بدەن...

ئێستا لە ڕاڕەوەکەداو لەبەر ژوورەکاندا غەڵبە غەڵب پەیدا بووە. هەندێ کەس پەتۆ بە شانیاندا دەدەن و دەچنە نێو حەوشە، هەندێکی دی...لە پەنجەرەکانەوە سەریان بردۆتە دەرێ و سەر دەکەنە سەر غوڵام. غوڵام، بێئەوەی گوێ بە قسەی کەس بدا، لەسەر وەعز دادانی خۆی دەڕوا.

– ... من خەوم بینی، لەو خەوەمدا خوا بەڕدێنێکی دەرێژەوە هات و گوتی ئەی غوڵام، ڕابەو بانگ بدەو ئامۆژگاری زیندانییە بێ غیرەتەکان بکە...

پێکەنین و تەوس و توانج تێکەڵ بە یەك بووە. دەنگی غوڵام دەم بە دەم ڕەساتر دەبێ.

– ... ئێوە ئەی زیندانیانی قونەدەر... دەڵێی مەڕی لاتن و...

لە پڕ دەنگی کرانەوەی دەرگای قاوشەکە وەکو هەورە تریشقە دەتەقێنەوە.

– ... وە ئێوە ئەی بەدبەختانی چاکی خوا، وەرن دەستەکانم ماچ بکەن و من بە پێغەمبەری خۆ قبوڵ بکەن دەنا فەرمان بە سەرۆکی زیندان دەدەم کە قونی تەسکتان بکێڵێ....

پێکەنین و هەرای زیندانییەکان، ژوورەکانی پڕ کردووە. ئەفسەر یارێکی میانە ساڵ دێتە ژوورەوە، دڕ بە خەڵکەکە دەداو بەرەو غوڵام دەچێ.

قژە خاوەکەی غوڵام بەسەر هەنیەیدا بەربۆتەوە. چاوە گەشەکانی بزەبزیانە، دەنگی بەسەر هەموو دەنگەکانی دیدا زاڵ دەبێ.

– ... ئەی زیندانیانی گۆشتاوی.

دەنگی پیرو خەواڵوی ئەفسەریارەکە، قسەکان بە غوڵام دەبڕێ.

– ئەوە چ گلاراوێکتە غوڵام؟

غوڵام بۆ ساتێ بێدەنگ دەبێ و ئەوجا لەسەری دەڕوا..

– ئەی زیندانیانی ئاوو گۆشت... غوڵام پیاو کوژ بپەرستن و نەفرەت بۆ ئەفسەریاری قژ سور بنێرن.

پێکەنین و قسە تێکەڵ بە یەکدی بوون.

– سەری لێداوە.

– دەبڕۆ بابە... فشە دەکا.

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟... خوێن بەرچاوی مرۆڤ دەگرێ.

– من ئەم قەحپە دایکە دەناسم... هەموو گیانی فشەو تەڵەکەبازییە.

– لات وایە پیاو کوشتن گاڵتەیە؟

ئەفسەریارەکە دەچێتە پێشێ، بازووی غولام دەگرێو لەسەر سەکۆکە دەی هێنێتە خوارێو رووبەڕووی دەوەستێو بەدەنگی بەرز دەڵێ:– وەرە بڕۆ دانیشە، دەنا....

غولام، لە پڕ خۆی رادەپسکێنێ، بازووی لە چنگی ئەفسەریارەکە دەردێنێو هاوار دەکا:

– ... ئەی زیندانیان ئەی ئوممەتی من، ئوممەتی بێ غیرەتی من، ئا وەرن ئەم ئەفسەرە بێ غیرەتە، بێ غیرەت تر لە خۆتان، تەمێ بکەن دەنا...

هێشتا غولام لە قسە نەبووەتەوە کە ئەفسەریارەکە بۆکسێك بە ملە پانەکەیدا دەکێشێ. غولام لە قسە دەکەوێ، بەلام لە جێی خۆی ناجوڵێ. ملی بەرز دەگرێ، بزەیەك بە رووی ئەفسەریارەکەدا دەداو ئەوجا دەنگێ کە وەکو تەرەقە دەتەقێتەوە:

– هی نا مەرد!

بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، دیسان بەرانبەر ئەفسەریارەکە دەوەستێو بە هێنمی دەڵێ:

– من وام دانا بوو کە تۆی گەواد بکەم بە خەلیفەی خۆم، بەلام....

ئەفسەریارەکە پەلاماری دەدا کە بیگرێ. غولام خێرا خۆی دەگەیەنێتە پشت ئەفسەریارەکەوە، تا هێزی تێدایە زللەیەك بە پشت سەریدا دەکێشێو ئەفسەریارەکە دەکەوێ.

دیسان دەنگی کردنەوەی دەرگای قاوشەکە دێ، وەکیل باشیو دوو پاسەوان بە پەلە وەژوورە دەکەون. دۆنکی بە دەست دڕ بە ئاپۆڕای زیندانییەکان دەدەن. غولام دەنەڕێنێ:– ها... بوو بە جەنگی مەغلوبە.

ئەوجا وەکو ئەوەی لە زۆرخانەدا بێ، بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە.

تا وەکیل باشیو دوو پاسەوانەکە دەکەونە خۆ، ئەو خۆی دەگەیەنێتە سەر سەکۆکەو دەڵێ:

" وەهات بکوتم بە گورزی گران، پۆڵا نەیدیبێ لە دەستی ئاسنگەران"

و بە ورگی خۆی تەپڵ لێدەدا.

قاوشەکە دەهاڕۆژێ.

وەکیل باشی و دوو پاسەوانەکە دۆنکی بە دەست بەرانبەر بە غولام دەوەستن. ئەفسەریارەکە جنێو بە ئەرزو ئاسمان دەدا. مردوو وزندووی غولام نابوێرێ.

– وەرە خوارێ قەحپە دایك... وەرە خوارێو دەست لەم خوێڕێتییە هەڵگرە دەنا دارت تێدەبڕم.

غولام بە ورگی تەپڵ لێدەداو دەکەوێتە حەماسەخوانی.

"کە سبەینێ هەتاو هەڵهات، منو گورزو مەیدانو ئەم ئەفسەریارە"

ئەفسەریارەکە بەرەو پاسەوانەکان دەچێو هاوار دەکا:– دایگرنە خوارەوە... بۆچی وەکو سەگی زامداری دەوری گورگ، بە دەوریا دەسوڕێنەوە؟

پشتی یەکێك لە پاسەوانەکان دەگرێو بەرەو غولام دەڵەکی دەدا. بەلام غولام پیاو کوژ لەقەیەك بە سنگیدا دەکێشێو پاسەوانەکە دەگەڕێتە دواوە.

دەنگی خەواڵوی ئەفسەری ئێشکچی، بەرز دەبێتەوە:- ئەوە چییە؟

ڕێگە، بۆ ئەفسەری ئێشکچی دەکەینەوە.

- لاکەون... لاکەون بزانم چ گلاراوێتی.

غولام. بەپەلە پێیەکانی جووت دەکاو تەمەننایەکی سوپایی بۆ دەکاو هاوار دەکا:

- بوەستە... ئامادە... بڕوانە... پاشێ!

ئەفسەری ئێشکچی پیاوێکی باڵا بەرزو بەخۆوەیە. لە قسەکانیا، متمانە بەخۆ بوون دیارە. ڕووبەڕووی غولام دەوێستێ. ئەمری پێ دەکا:- وەرە خوارێ غولام... وەرە بڕۆ وەکو بنیادەم بنوو.

لە پڕ هەورە تریشقە تۆپ ئاسا دەتەقێتەوە. غولام بە ئەسپایی دەڵێ:

- گوێت لێ بوو جەنابی ئەفسەر؟... ئەوە دەنگی خوا بوو... گوتی کە من پێغەمبەرم.

ئەفسەری ئێشکچی لە ئێمە توڕە دەبێ:

- بڕۆنە ژوورەوە.

کەمێك دەکشێینەوە، بەلام ناچێنە ژوورەوە.

چاوانی ئەفسەری ئێشکچی ئاوساون، قژی شێواوە. ئەفسەریارەکەو وەکیل باشی و پاسەوانەکان بە ریز لە پشت ئەفسەری ئێشکچییەوە وەستاون..

ئەفسەریارەکە هێندە توڕەیە خەنجەری لێبدەن خوێنی لێنایەت. غولام هەڵدەتروشکێ. بە تۆی کراسێك هەر سەرماشی نییە. لە ئەفسەرەکە راماوە.

ئەفسەری ئێشکچی دیسان لە ئێمە توڕە دەبێ. دیسان کەمێك دەچینە دواوە. غولام بە دەنگێکی خۆش دەڵێ:

- تۆ زۆر بێ سەروبەری ئەفسەری ئێشکچی... دینت نییە.... من پێغەمبەری گەودای تۆم... یاللا بە چۆکدا بێ...

ئەفسەری ئێشکچی بە نەرمی قسە دەکا:- زۆر چاکە غولام... زۆر چاکە... تۆ جارێ وەرە بڕۆ بخەوە.

غولام، لە پڕ وەکو پڵنگ نەعرەتە دەکێشێ، خۆی هەڵدەداو باوەش بە ئەفسەرەکەدا دەکاو، هەردووکیان لە عاردی دەگەوزێن.

باران، دەست پێدەکا.

***

پوره رەعناو دایکم دێنە دیدەنیم، هەردووکیان جلی رەشیان لەبەرە. کە چاوم پێیان دەکەوێ. دڵم دادەخورپێ. گێسووە سپییەکانی پورە رەعنا لە ژێر لەچکەکەیەوە وەدەرکەوتووە. چاوانی پورە رەعنا ئاوساون. توانای قسە کردنی نییە. چاوانی دایکم وەکو کانی هەڵدەقوڵێن.

– غوڵام، کوژرا.

دەتاسێم، ئەژنۆکانم سست دەبن. گریان ئەوکم دەگرێ

– غوڵام کوژرا.

ئێژی بەرانبەرم وێستاوە. خەریکە قسە دەکا، سمێڵە رەشەکەی کە وەکو کلکی دوپشك هەڵگەڕاوەتەوە، دەجوڵێو قسە دەکا.

– ئاخر جەنابی سەرگروبان... دەستم بە دامێنت. بە زەییەکت پێمدا بێتەوە.... من ئەم هەموو پارەیە لە کوێ بێنم؟

پورە رەعنا، هەنسك هەڵدەدا. سەری کەپوی سوور بۆتەوە. بە چمکی لەچکەکەی کەپوی دەسڕێ،و پچڕ پچڕ قسە دەکا: – جوانە مەرگ بوو... پشتم شکا.

چاوانی پورە رەعنا سوورن، گۆناکانی قۆپاون. غوڵام، لەسەر چوارپایەکە دانیشتووە، لاقی لەسەر لاق ناوە. خۆی پف داوەو قسە دەکا:– پورە گوڵێ... دەتوانی سبەی بچی بۆ ماڵی جەنابی سەرهەنگ جلەکانیان بۆ بشۆی؟

دڵم دەگیرێ. ڕقم لە خۆ دەبێتەوە. ئێستا دەزانم کە غوڵامم چەند خۆش ویستووە.

فرمێسك، بە دەموچاوی پورە رەعناوە دێتە خوارێ.

– خۆتان خۆش بن پورێ.

بە دەم هەنسك هەڵدانەوە دەڵێ:– لە مەیدانی مەشقدا گیانی پورێ... بە سەهو فیشەکی بەرکەوتووە... تۆ خۆش بی کوڕم...

جەنازەکەی غوڵام لە تابوت دەنێن‌و دەیبەنەوە بۆ ماڵی پورە رەعنا. پورە رەعنا، خاك‌و خۆڵی کۆڵانەکە بەسەری خۆیدا دەکا. یەخەی خۆی دادەدڕێ، قژەکەی چەپك چەپك دەڕنێتەوە، گۆناکانی شەقار شەقار دەکا، بە فیزاح‌و شیوەن هەموو گەڕەك‌و بان بەسەر خۆیدا دەڕێژێ، ئەوجا زاری دەچێتە کلیلەو دەبورێتەوە.

چاوانی دایکم هەڵدەقوڵێن:– بەڕە لای تەنکیییەوە دەدڕێ.

جەنازەکەی غوڵامم لەبەر چاوە. سینگی بەرجەستەیە. هاکا چاکەتەکەی دادڕێ. دەڵێی پێدەکەنێ. دەڵێی سمێڵی دەبزوێ. لێوەکانی لەبەر یەك هەڵدێنێ.

– ... لە سەربازیدا، هەر لات کردەوە لە زیندانداى...

ئێستا لەسەر چوار پایەکە دانیشتووە. دایکم چای بۆ تێکردووە.

– ... هەر لات کردەوە.. لە زیندانداى... بەرگری لەخۆ بکەی دەخرێیتە زیندانی سەربازخانەوە.

غوڵام لە کەنار حەوزەکە دانیشتووە. بلورخان بە دەوری حەوشەکەدا دەسوڕێتەوە. سەری غوڵام، لەگەڵ بلورخاندا بە دەوری حەوشەکەدا دەسوڕێتەوە. یەخەی چاکەتە سوپاییەکەی کردۆتەوە. سینگە توکنەکەی بەدیار کەوتووە.

– خالید دەتوانی راسپاردەیەك بدەیتە بلورخان؟

خۆزیا راسپاردەکەیم بە بلورخان گەیاندبا. بریا ئەوەندە لەگەڵ کوڕە پورەکەمدا خراپ نەدەبووم.

ئێستا شەوە. نێو حەوشەکە تاریك و روونە. خواجە تۆفیق لە پاڵ مەقەڵییەکەی دانیشتووە. بانۆ لە پاڵ لامپاکە وەنەوز دەدا. پورە رەعنا وەژووردەکەوێ. نزا دەکا.

– دایکت بمرێ وەکو کەوتییە داوی زاڵمان.

بابم لە پاڵ دیوارەکە هەڵتروشکاوە. بابم پورە رەعنای خۆش ناوێ.بەدەم جگەرە کێشانەوە نێگای دەکا. پورە رەعنا دادەنیشێ و بەسەرو سینگی خۆیدا دەکێشێ. کوڕەکەی پورە رەعنایان بۆ سەربازی بردووە.

– خوشکێ تۆ بڵێی خولامەکەی جەنابی سەروان بتوانێ کارێ بکا؟

سەنەم دەڵێ:– ئەدی مەعنای چی خوشکێ... بەڵام... دەزانی بێ دەست و دیاری بێ فایدەیە.

غولام، جلی سەربازی لێدێ. دەچمە تەنیشتییەوە و پۆز لێدەدەم.

حەسەنۆك و برایم خەریکە لە داخا شەق دەبەن.

وەختی دیدەنی تەواو بووە. ناتوانم لە پورە رەعنا جیا ببمەوە. لەدایکم جیا ببمەوە. پورە رەعنا بە سینگەوە دەگوشم. گریان لە ئەوکم گیراوە.

دەست لە ملی دایکم دەکەم. وەخت تەواو بووەو دەبێ جیا ببینەوە.

ئەگەر جڵەوی خۆ نەگرم. لە هۆڕژنی گریان دەدەم. پورە رەعنا ماچ دەکەم، لە ژووری دیدەنی وەدەر دەکەوم و خۆ بە قاوشەکەدا دەکەم.

پشت بە نوێنە هەڵچنراوەکانەوە دەدەم و ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم.

قازی بەپەلە وەژووردەکەوێ و بەستەیەك لە سەندوقەکەی دەردێنێ و وەدەر دەکەوێ. چەناگەم دەنێمە سەر ئەژنۆکانم. چاوەکانم دەنوقێنم. ئێستا، غولام خەریکە بەلەم داژوێ. کە سەوڵ لێ دەدا ماسولکەکانی بازووی وەکو خڕکە بەردیان لێدێ. ئارەقە نیشتۆتە سەر هەنیەی. دنیا گەرمە. شڵپەی ئاو گوێی پڕ کردووم. وردە ماسیان بەسەر ئاوەکەدا دەخزێن.

لە پڕ بەلەمەکە تەکانێك دەدا. لوتە باریکەکەی دەنیشێتە سەر لمەکە. غولام، بەلەمەکەی رەنگ کردووە. لەسەر شێوەی رەنگەکانی ئاڵای ئێران. سەوزو سپی و سوور. دەنگی غولام دەژنەوم.

– پازدە دەرێ.

غولام، سەوڵەکە لە نێو بەلەمەکە جێ دێڵێ و خۆی هەڵدەداتە سەر لمە تەڕەکە.ئەوجا دەستەکانی درێژ دەکا. دەستەکانم دەگرێ و وەکو پوشکە بەرزم دەکاتەوەو لەسەر عاردەکە دام دەنێ، غولام سەرانسەری دوڕگەکەی کردووە بە خەیار. شوتیشی چاندووە. شوتییەکان هێشتا کاڵە. خەیارەکان، سەوز سەوزە. بە ناو بڕکە خەیارەکان دەکەوم. چەند خەیارێکی تورت و چکۆلە دەکەمەوە.

خەیارەکان فێنکن. غولام چەقۆ یایلییەکەی دەردێنێ. زامنەکەی دەکاتەوە. دەمەکەی دێتە دەرێ. خەیارەکان پاك دەکا. توێکڵە خەیارەکان دەنێم بە روومەتە گەرمەکانمەوە. فێنکییەکەی لە زەتم دەداتێ. هەتاو یەکجار بە شەوقە.

تاقە بەرزەکانی پردەکە، تیشکی خۆر عەکس دەکەنەوە. وردە شەپۆلانی ئاوێتەی سەر ئاوی کارون. تیشکی رۆژ عەکس دەکەنەوە. بۆنی ئاو. بۆنی ماسی زیندوو، بۆنی خڕاڵی کاڵو بۆنی بڕکە ئاروو هەموو ئاوێتەی یەکدی بوون.

ناسر ئەبەدی گازم دەکا. رادەپەڕم. دەستی ناوەتە کەللەکەی. رووبەڕووم وەستاوە!

– یەك سەعاتە بە دیارتەوە وێستاوم.

نیگای دەکەم. حاڵی دەبێت کە خەمبارم.

– چی بووە؟

پێی دەڵێم کە چی بووە. ناسر لامەوە دادەنیشێ. دەیەوێ دڵم بداتەوە. پێی دەڵێم حەز دەکەم بە تەنێ بم. جگەرەیەك پێدەکا، دەیداتە دەستمو هەڵدەستێ.

غولام، لە نێو دووکەڵی جگەرەکەدا بەرجەستە دەبێ. لەسەر چوارپایەکە دانیشتووە. دایکم بە شەکرو گوڵاو شەربەتی بۆ دروست کردووە.

دەنگی بلورخان دەژنەوم.

– غولام.... سەربازی زۆر زەحمەتە؟

رقم لە بلورخان هەڵدەستێ. بە من بێ دەست لە بینی بنەمو بی خنکێنم، تا ئەوەندە سەر نەخاتە سەر کوڕەی پورە رەعنا.

کوڕەکەی پورە رەعنا خۆی پف داوەو قسە دەکا:– فەرماندە، قامك دەخاتە ژێر بەلەك پێچەکەت هەر بەحاڵ شل بێ ئیدی حیسابت رۆییوە.

چاوم پڕ بوون لە فرمێسك. وێنەی کوڕەکەی پورە رەعنا لە نێو فرمێسکەکان بەرجەستە بووەو پێ بە پێی فرمێسکەکان لەبەر دەرگای چاومدا دەلەرزێ.

مژ لە جگەرەکە دەدەم. دووکەڵە خەستەکەی رەها دەکەم. خۆم دەدوێنم:

" نە پورزا، نە!.... حەزم نەدەکرد عەزیەتت بدەم..." کوڕەکەی پورە رەعنا لە قاقا دەدا.ئەوجا بێدەنگ دەبێت، پاشان دەست لەملم دەکاو ماچم دەکا. ئەوجا لەسەر خو دەڵێ:

– قەیدی نییە، خاڵۆزا... هەندێجار براش لێکدی توڕە دەبن. دەم بۆڵەیان دەبێ.

جگەرەکە دەکوژێنمەوە. هەنیەم دەخەمە سەر ئەژنۆکانم.

ئێستا، گوللە، گەردنی غولامی کوناودەرکردووە. خوێن وەکو کانی لە شوێن گوللەکەوە هەڵدەقوڵێ. شیوەنی پورە رەعنا تەزوم پێدا دێنێ.

– غولام... چ خاکێ بەسەرا بکەم... وەی رۆڵە ڕۆ!... کوڕە نازدارەکەم ڕۆ!

مێردەکەی پورە رەعنا حەپەساوە، بە دیار جەنازەکەی غولامەوە کروشکەی کردووە. چاوەکانی دەرپۆقیون. دەموچاوی غولام خوێناوییە، مێردەکەی پورە رەعنا عەمەلەیە. کوڕەکەی پورە رەعنا بەلەمەوان بوو. کیژەکەی دووجار شووی کردووەو تەڵاق دراوە. داخو کەسەر خەریکە دەم

خنکێنێ، بویە، غولام دەناسێت. دەستە زلەکانی بە یەکدا دەکێشێو بە کەسەرەوە دەڵێ:- غولام؟!.

ئەوجا، دیزداشەکەی هەڵدەکاو لەلامەوە دادەنیشێ.

- خوا عافوی کا، کوڕێکی چاك بوو.

بەلام غولام نەمردووە. بە بەرچاومەوە وێستاوە. بەلەك پێچەکانی توند بەستووە، سینگی بەرجەستەیە. جلی سەربازی لێدێ. بزە نیشتۆتە سەر لێوە ئەستورەکانی.

دیسان دەنگی بویە دەژنەوم:- خوا عافوی بکات.

دەڕوانمە بویە، دەڵێی نای بینم. بەرچاوم تاریکە. دەڵێی خۆراوایە. خۆرئاوای ئەو رۆژەی کە جەنازەکەی خاڵمیان هێنایەوە، ئێستا دایکمە وا فرمێسك هەڵدەڕێژێو شین دەگێڕێ:

"گەر دەمزانی رۆژم بەم رۆژە دەگا"

"دەم خوارد تلیاك، لە جیاتی شیری دایە"

بۆیە باڵم دەگرێو هەڵم دەستێنێ.

- هەستە خالید... هەستە با بچینە دەرەوە پیاسە بکەین.

دنیا هەتاوە. سارده بەلام هەتاوە. لاقەکانم بە عاردیدا بکێش دەکەمو لەگەڵ بویەدا رێ دەکەم. بویە باسی غولام دەکا.

- خوا، بیبەخشێ، کوڕێکی چاك بوو. هەندێ شەو عەرەقی دەکڕی. لە نێو بەلەمەکەدا ماسی سەبوری دەبرژاندو بە عەرەقەوە دەی خوارد. ئەوجا هەڵی دەکردە گۆرانی. دەنگی باش بوو، زوڵاڵ بوو. غەمی لە دڵی بنیادەم دەتاراند...

بویە قسە دەکا. دەڵێی لەگەڵ خۆیدا دەدوێ. دەستە درێژەکانی خستۆتە پشت سەری، سەری داخستووەو پێبەپێی من ڕێ دەکا.

رەحیم وڵاخدار لەسەر سەکۆی بەر ئاودەستەکان دانیشتووە. ئێستا ورگی بە ئەندازەی دەهۆڵێکی لێهاتووە. لەگەڵ کەسدا تێکەڵ نابێ. تەنانەت تاقەتی قسەکردنی لەگەڵ منیشدا نییە. بویە هێشتا قسە دەکا، دەنگی ناژنەوم. دەڵێی وزەوز دەکا. لە فکران ڕاچووم بێئەوەی چ شتێك بە بویە بڵێم لێی جیا دەبمەوە. بەرەو لای رەحیم وڵاخدار دەچم. لە پاڵیا دادەنیشتم.هەر سەیرم ناکا. چاوی بڕیوەتە بەر پێی خۆی. گازی دەکەم:- مش رەحیم.

هیچ، دەڵێی لەگەڵ ئەویشم نییە.دیسان گازی دەکەم. سەر وەردەگێڕێ. نیگام دەکا. تاقەتی دیتنی خەمی نێو چاویم نییە. سەرم دادەخەمو لە بن لێوانەوە دەڵێم:

- بیستت مش رەحیم؟... بیستت غولام مردووە؟!

چ ناڵێ. دڵم پڕە. دەمەوێ خەمی دڵم هەڵڕێژم.

- بیستت مش رەحیم؟... گوللەیان بە ملییەوە ناوە... لە مەیدانی... کوڕەکەی پورم دەڵێم..

دێتە قسە، لە تۆ وایە گوێی لە قسەکەی من هەر نەبووە. چۆتە ژێری. بە حاڵ دەنگی دەژنەوم.

- واهی چاترە... ئەگەر مرۆڤ تیرباران بکەن چاترە.

پێی دەڵێم:- بەلام مش رەحیم .. خۆ غولام چ خەتایەکی نەکردبوو.

چاوە پڕوشەکانی دەنوقێنێ، لێوە هیشك و قڵەشاوەکانی لەبەر یەك هەڵدێنێ:

– لە ناو هەزار ئاشناو بێگانە... نە کوڕم، نا!... ئەمە عادەتێکی هیچە.

دەنگی زۆر لەرزۆکە. چاوەکانی هەڵدێنێ. خەمی ناو چاوی دڵم دەلەرزێنێ، ددانەکانی رەش دەچنەوە. سمێڵی زەرد دەنوێنێ. گەردنی باریك لە تیرۆك دەچێ. ژێر چاوەکانی شین بۆتەوە، ئاوساوە. سەرە تاشراوەکەی ناڕێکە. هەنیەی قۆقزە. دووکەڵی جگەرەکەی لە نێو تاڵەکانی سمێڵیدا دەپەنگێتەوە، مش رەحیم قسە دەکا:

– دەزانی خالید؟.... زۆر دەمێکە حەسەنۆك و برایمم نەدیون. نیگەرانیانم ، بڵێی بەڵایەکیان بەسەر نەهاتبێ؟ مژێك لە جگەرەکەی دەداو بە حەپەساوی سەیرم دەکا. وەکو یەکێك لە پڕ بێتەوە سەرخۆ.

– ئەرێ تۆ چیت گوت؟

– گوتم کوڕەکەی پورە رەعنا مردووە.

دەستەکانی بە یەکدیدا دەداو دەڵێ:– لا الە الا اللە.

– پێکراوە، مش رەحیم.

– لا الە الا اللە.

– لە مەیدانی مەشقدا... بە سەهو گوللەی بەرکەوتووە.

– لا الە الا اللە.

ئەوجا دەڕوانێتە بەر پێیەکانی خۆی.

– مش رەحیم وەڵام ناداتەوە.

– مش رەحیم، غوڵام کوڕێکی باش بوو.

هیچ ناڵێ.

– مش رەحیم.

هەڵدەستێ و بەرەو ڕاڕەوەکە دەچێ. کە رێدەکا کڵاشەکانی خشە خش بە عاردیدا دەخشێ. کە هەڵدەستم، لە پڕ دوونان دوا بە دوای یەك لە پەنجەرەی ژووری دەیەمەوە توڕ دەدرێتە دەرێو بە دیوارەکەی بەرانبەردا دەکەوێو وەکو دوو بەرد دەکەونە بن دیوارەکە. سەر هەڵدەبرم. قژە لوولەکەی مەنوچە رەش لە درزی دەرگاکەوە دیارە. دەڵێی سپێنەی چاوی زیاتر بووە.

هەڵدەستم تا بە دووی مش رەحیم دا بچم. ناسر ئەبەدی گازم دەکا.

– لە بەردەم قاوشەکەدا کاریان پێتە.

دەمەوێ وەڕێ بکەوم. باڵم دەگرێ.

– دیسانە چیتە؟

– دوایی پێت دەڵێم.

بەرەو قاوشەکە دەچم لە کونی دەرگاکەوە، چاو و کەپووی پاسەوانە رەشتاڵەکە دیارە. دەڵێ کە نەقڵیان کردووە بۆ پۆلیسخانە. دەڵێ:– رەنگە لەم رۆژانەدا، کەسێکی دی پێوەندیت پێوە بکا.

رەمزو جفرەی پێوەندییەکەی لێ دەپرسم.

دەڵێ:- ئەگەر بابت شەوی جەژن نەیەتەوە. دڵت بۆی تەنگ نابێ؟

دەبێ وەڵام بدەمەوە:- ئێستاش دڵم تەنگ بووە.

- کەواتە دڵنیابە کە شەوی جەژن دێتەوە.

و دەبێ وەڵامی بدەمەوە:- خوا لە زارت بڕۆنێ.

***

دەم بە دەم دەبیستین کە غوڵام پیاو کوژیان لە ژێرا دارا هەنجن هەنجن کردووە.دەبیستین کە بە دار خورما بچوکەکەی بەر نووسینگەی زیندانەوەیان بەستووەو تا جوڵاوە جوڵاندویانە. پاشان کە لە زمان کەوتووەو بوراوەتەوە، لە دار خورماکەیان کردۆتەوە، کەلەپچەو پێوەندیان لە دەست و پێی کردووەو بێ هۆش و گۆش وەکو لاکی قەسابی توڕیان داوەتە ژووری ئینفرادییەوەو دەرگایان لەسەر داخستووە.

نیوەڕۆ کە دەچین بۆ خواردن وەرگرتن، گوێ هەڵدەخەین تا بەڵکو نوزەیەك ناڵەیەك بژنەوین. بەڵام پێناچێ چ زی روحێك لە ژووری ئینفرادیدا هەبێ.

شەوێ لە بویە دەبیستین کە غوڵام دەمەو خۆراوا ئێشکچی ڕاڕەوەکە گاز کردووەو پێی گوتووە ئیدی ئاقڵ بووەو گوتوویەتی:- سەرکار، جەرگی دایکم بسۆتێ ئەگەر درۆ بکەم... من ئیدی ئاقڵ بووم.

ئەوجا ئێشکچی ڕاڕەوەکەی بە هەموو پیرو پێغەمبەران سوێند داوە کە ئەفسەری ئێشکچی بۆ گاز بکا.

- ... پێی بڵێ بابێ سەرکار، مەگەر تۆ موسوڵمان نیت!؟

هەموو گوێمان هەڵخستووە کە هەواڵێك لە غوڵام پیاوکوژ، بزانین. کە هەتاو دەکەوێ، ناسر ئەبەدی بەناو ڕاڕەوەکە دەکەوێ و هەواڵمان بۆ دێنێ.

کە ئێشکچی ئەو گۆڕاوە، ئەفسەری ئێشکچی چووە بزانێ غوڵام چی دەوێ.غوڵام بە دەستی بەستراوەوە، پشتی بە دیوارەکەوە داوە، خۆی هەڵبڕیوەو گوتوویەتی:

- جەنابی ئەفسەر گووم خوارد... ئیدی ئاقڵ بووم.

ئەفسەری ئێشکچی بزەیەکی کردووەو گوتوویەتی:- ئێستا خەریکی دەبی بە پیاو.

غوڵام گوتوویەتی:- دەزانی جەنابی ئەفسەر... من بیری خۆم کردەوە، من ئیدی پێغەمبەر نیم...خوا گوتوویەتی کە ببم بە "ئیمام"... تەنیا "ئیمام".

ئیدی ئەفسەری ئێشکچی لێوێکی هەڵقورتاندووەو بێئەوەی چ قسەیەکی دی بکا، ڕێو ڕێ گەڕاوەتەوە.

نیوەڕۆ، هەموو قاپە مسەکانمان هەڵدەگرینو دەکەوینە ڕێ تا خواردن وەربگرین، غوڵام پیاوکوژ دەموچاوی ناوە بە کونی دەرگا ئاسنەکەوەو گازمان دەکا:- ئەهۆی ... خالید، بە ڕۆستەم بڵێ کە بیژەن کەوتۆتە چاڵەوە.

لێوەکانی ئاوساون، خوێنی وشکەوە بوو سەری کەپوو وبان لێوی داپۆشیوە.

– هێـی بویـه... هێـی عەرەبـه... بـه رۆسـتەم بڵـێ بیـژەن دەڵـێ ئەگـەر نەیـەی نـەجاتم بـدەی بـه ئەسفەندیار دەڵێم گورزەکەی تێببڕێ.

دەنگی غولام پیاوکوژ نووساوە. چاوەکانی زیتە زیتیانە.

– هێـی قـازی... لەگـەڵ تۆمـه... بـەم تەپلـه سـوورە بڵـێ کـه زۆر کـەرە... پێـی بڵـێ تـا رۆسـتەم نەهاتووە، بۆ خۆی هەڵێ.

پاسەوانی ئێشکچی راڕەوەکە دێو بە بەر ژوورەکەی غولامدا رەتمان دەکا

... سێ رۆژە غولام پیاو کوژ لـه ئینفرادی دایـه. بـه تـەواوەتی تێکچووە.رۆژ بـه رۆژیـش خراتـر دەبێ.

ئەفسەری ئێشکچی دێ. دەرگای لێدەکاتەوەو دەستوور دەدا کە پێوەندەکەی بکەنەوە. ئەوجا پێی دەڵێ:– تا ئاوا شێت بی، ئەمە جێگەت دەبێ.

غولام، مۆڕەیەك دەکا، ئەوجا وەکو گوربـه دەمڕێنێ، پاشان لـەپڕ دەپخێنێو بـەرەو ئەفسـەرەکە خۆی هەڵدەدا. دووبارە پێوەندەکەی لە پێیان دەکەنو لە ژوورەکەدا جێی دێڵن.

غـولام سـێ رۆژە نـانی نـەخواردووە ،هـەر بـه خەیاڵیشـیدا نایـەت. کـه دەچـین بـۆ خـواردن وەرگـرتن.هەندێجار گوێمان لێیـه کـه گۆرانی دەڵـێ. هەندێجار بانگ دەداو جار جاریش زندوو ومردووی سەرۆکی زیندان جنێو باران دەکا.

عەلی دەلاك هەواڵمان بۆ دێنێ:

– خواردنیان داوەتێ، گووی تێکردووە، جوان جوان تێکەڵی کردووەو ئەوجا لە دەموچاوی خۆی هەڵسووە.

خەریکە پەتەڕی دەبێ. چ کەڵکەڵەیەکی کەوتۆتە سەر.

– دەبێ هەڵێم... ئەگەر گوللەشم پێوە بنەن دەبێ هەڵێم.

پێش نیوەڕۆی چوار شەممەیە. دەبیستین کە دکتۆری زیندان دووراو دوور وێستاوەو سەیری کردووە، بەدارێکی درێژ ختووکەی داوە، کە غولام قاقا پێکەنیوەو خەریك بووە لە پێکەنیندا ببورێتەوە، دکتۆر سەری لەقاندووەو گوتوویەتی:– وەزعی زۆر خراپە.... دەبێ بەزووترین کات ببرێ بۆ شێتخانە.

دەمەو ئێـوارە، ناسر ئەبەدی گازدەکەن تـا جلو پەلاسەکانی غـولام پیـاوکوژ کۆبکاتـەوەو بـۆ نووسینگەی زیندانی بەرێ.

ناسر بۆمانی دەگێڕێتەوە:– دوو جەندرمەی چەکدار هاتنو بردیان. هەوەڵجار گیرفانەکانیان پشکنی. پاشان کەلەپچەیان کردو پێیان گوت بکەوە رێ....

غولام، سڵ و دوو دڵ دەپرسێت:– بۆ کوێ؟

سەرۆکی زیندان، بە دڵسۆزیو نەرمی، ژێر باڵی دەگرێو دەڵێ:– تۆ ئازاد بوویت غولام... تۆ لە زیندان دەردەچی.

غولام لە پڕ سینگ دەردەپەڕێنێو دەنەڕێنێ:– ناڕۆم...

یەکێك لە جەندرمەکان، بە ئەسپایی قوناغە تفەنگێك دەسرەوێنێتە شانی غولامو بە توڕەیی پێی دەڵێ:- ڕێ کە.

غولام دەبێ بە مشك. دەنگی نزم دەبێو بە هێمنی دەڵێ:- نایەم.... من نایەم.. ئێوە بۆ کوشتنم دەبەن... دوێنێ شەو خوا هاتە خەونم، گوتی دوو جەندرمە دێن، یەکێکیان مەشکە ئاسایەو چاوانی ڕەشەو ئەوی تریان سورفلێکی تەپە تڕەیە. خوا گوتی من دەبەنە سەر گردۆڵکەیەکی زەردو لەوێندەر تاق... تاق... نا، نایەم.

لە پڕ خۆی داوێتە باوەشی سەرۆکی زیندانو دەپاڕێتەوە:- جەنابی سەرۆك تۆ گیانی ژنەکەت... مەیەڵە بمبەن...

سەرۆکی زیندان دڵی دەداتەوە. دەست بە سەرو چاویدا دێنێ. ئەوجا باسکی دەگرێو بە نەرمی دەڵێ:- غولام غەمت نەبێ هیچت لێناکەن.... تۆ ئازاد دەبی... تێگەیشتی غولام، تۆ ئازاد دەبی.

ئەوجا جەندرمەکان –کە تاقەتیان چووە- بە توڕەیی غولام دەڵەك دەدەنو بە تۆپزی لە دەرکەی زیندان ئاودیوی دەکەن.

***

مش ڕەحیم، لە دادگاوە بانگ کراوە. خەریکە لە دەرگەی قاوشەکە وەدەردەکەوێ. توانای ڕێ کردنی نییە. کلاشەکانی بە عاردیدا دەخشێ.

لە دادگای تەمیزدا. سێ ساڵەکەم کرا بە یەك ساڵ. داوای ئیفراجم کردووە. بەلام دەزانم بێ فایدەیە. دەزانم بە خۆڕایی خۆ ماندوو دەکەم. دەبێ یەك ساڵی خشت ئاوی سارد بخۆمەوە. ساڵێك نا!..... پێنج مانگیم بەڕێ کردووە.

ئەوقاتەکەم چ قسەیەکی نەکرد. وەکو کێوە گۆشتینە هاتو لە دادگادا دانیشتو تەنیا سەری لەقاند. دیارە هیچ لە هەگبەکەیدا نەبوو یا هەبوو و دەری نەخست. دەی توانی تەبرێم بکا. چ بەڵگەیەك لەدۆسیەکەمدا نەبوو کە تاوانبارم بکا. تەنیا ڕاپۆرتی ئەمو ئەو بوو.

کە حاکم هەموو قسەکانی تەواو دەکا. ئەوقاتە زەبەلاحەکەم لە جێی خۆ دەجوڵێ. لەسەر پێیان دەوەستێ. وەکو بۆق گەروی پڕو خاڵی دەکاو دەڵێ:- من وەکو وەکیلی ئەم نەگبەتە...

بە توندی بەگژ دەمیا دەچمەوە:- من نەگبەت نیم.

دەمی دەبێ بە تەڵەی تەقیو. سوور هەڵدەگەڕێ. چەند ساتێ بێدەنگ دەبێ. ئەوجا قسەکەی دەگۆڕێو زۆر لە خۆی دەکا تا دوو وشە بڵێ:- هێشتا گەنجو کەم ئەزموونەو...

ئەنجامی کارەکەم لێ عەیان دەبێ. ڕێی دەدەم شەکرەکەی بشکێنێ.دەرو دیواری دادگا بە نیگا دادەبێژم، زۆر پەرپوتو بێ سەروبەرە.دەڕوانمە سیمای سەرۆکی دادگا. چوار گۆشەیە. گوێچکەکانی حاکم زۆر پانن، پێموایە میرزا نەسرولڵا دەتوانێ لەسەر هەر یەکێکیان دوعایەکی تەواو بنووسێت.

گازم دەکەن. هاتوونەتە دیدەنیم. هەڵدەستم بڕۆم. ناسر ئەبەدی بەردەمم دەگرێ. دەست دەخاتە سەر شانم و دەڵێ:- بیستت؟

لە بیستنی هەواڵ دەترسم، هەموو ئەو هەواڵانەی لەم چەند رۆژەدا بیستمن، ناخۆش بوون. کوژرانی کوڕەکەی پورە رەعنا، نەخۆش کەوتنی پورە رەعنا.

– زەمین گیر بووە. بەم مانگە پرچی بە تەواوەتی سپی بووە، شەوو رۆژ دەلاوێنێتەوەو سینگ دەکوتێ. هاکا بمرێ..

دەبوایە بێدار هاتباوە بۆ لام کەچی دیار نییە. پێم گوتووە هەواڵی چاوڕەشم بۆ بێنێ. رۆیی و ئیدی نەهاتەوە.

ناسر ئەبەدی، جگەرەیەك لە گیرفانی کراسەکەم دەردێنێ و دەڵێ:– غولام پیاو کوژ فیراری کردووە.

زارم بەش دەبێتەوە:– نە بابا!

ناسر مژێك لە جگەرەکە دەداو دەڵێ:– لە نزیکی شووش، شووشەی پەنجەرەی ئاودەستەکەی شکاندووە لە قیتارەکەوە خۆی هەڵداوەتە خوارێ.

باسکی ناسر ئەبەدی دەگوشم:– بەڕاستتە؟

– نامەردە کلاوی لەسەر هەمووان کرد.

دەزانم ماوەی نێوان شووش و عەمارە زۆر کەمە. دەزانم کە ئەگەر لە جەنگەڵەکەی شووش رەت بێ و رووبارەکە ببڕێ، بەر لە خۆرکەوتن دەگاتە عەمارە.

بەغیلی بە زرنگی غولام دەبەم. دەڵێی لەبەردەممدا وێستاوە.چاوە گەشەکانی غەمبارە. دەنگی دڵگیرە:– تۆ تەگبیرێکم بۆ ناکەی؟

دیسان گازم دەکەن. هاتوونەتە دیدەنیم. بە راڕەوی بەر تاك ژوورەکاندا رەت دەبم ،خۆ بە ژوورەکەی تەنیشت پاسدارخانەکەدا دەکەم .دایکم، لەیلای کیژە گەورەی مەلا ئەحمەدیشی لەگەڵە. دیارە بلورخان دوایی دێ. پورە رەعناش دیارە هێندە نەخۆشە کە ناتوانێ لە جێی خۆ بجوڵێ. دایکم، پێنج تومانییەك قەد دەکاو دەیخاتە دەستی پاسەوانە چاودێرەکەوە. پاسەوانەکە دوور دەکەوێتەوەو بەجێیان دێڵێ. لە پاڵ دایکمەوە دادەنیشم. بۆنی لەشی هەموو بیرەوەرییەکانی ڕابوردوم لا زیندوو دەکاتەوە. لەیلا لە پاڵمەوە دانیشتووە. ئەحواڵی دەپرسم.

– باشم تۆ چۆنی؟

لە پڕ رەنگی سوور هەڵدەگەڕێ.

روو دەکەمە دایکم و هەواڵی بابم دەپرسم. لەیلا زۆر بە پەلە خۆی لە قسەکانمان هەڵدەقورتێنێ:

– ئەگەر بابت شەوی جەژن نەیەتەوە دڵت بۆی تەنگ دەبێ؟

رادەچڵەکم. چاوەڕوانی ئەمە نەبووم. نیگای لەیلا پڕ جورئەتە. دەموچاوی هێلکەییە. گێسوی خەنەییە. دایکم زار هەڵدێنێ تا قسە بکا. مۆڵەتی نادەم.

وەڵامی لەیلا دەدەمەوە:– ئێستا دڵم تەنگ بووە.

هەناسەی لەیلا سوار دەبێ. دەنگی وەکو جاران تیژ نییە.

– کەواتە دڵنیابە شەوی جەژن دێتەوە.

بزە دەنیشێتە سەر لێوانم.

– خوا لە زارت بنۆڕێ.

لەیلا پشوی دێتەوە بەرو بە دەنگی بەرز هەناسەیەك هەڵدەكێشێ، دایكم گێژو كاس بووە. سەر لە قسەكانمان دەر ناكا. پاسەوانە چاودێرەكە لە دوور وێستاوە و جگەرە دەكێشێ. دایكم دێتە قسان. جەمیلە دیسانە نەخۆشە. گەرووی ئاوساوە. تای هەیە. بە درێژایی زستان گەرووی جەمیلە دەئاوسێ. میرزا نەسرولاڵا دەرمانی دەداتێ. دەیخوا، هەڵی دێنێتەوەو دیسان تای لێ دێ.

لەیلا. جگەرەم بۆ ڕادەگرێ. سەیرم پێدێ. لەیلام نەدی بوو كە جگەرە بكێشێ.

– هەڵگرە.

جگەرەیەك هەڵدەگرم. بە دوی شقارەتەدا دەگەڕێم.

– شقارتەم پێیە.

كە شقارتەكەی لێوەردەگرم، دەستم دەگوشێو چاوم لێدادەگرێ.

دەبێ شتێك لە گۆڕێ بێ. جگەرەكەم دادەگیرێنم. دەمەوێ شقارتەكەی بدەمەوە، دیسان چاوێكم لێ دادەگرێو دەڵێ:– با پێت بێ... لە زیندواندا پێویستت پێی دەبێ.

هەرچییەك هەبێ. لەم شقارتەیە دایە. دەیخەمە گیرفانم. لەیلا بزە دەكا. بزەكەیم لە گیان خۆشە. چاوە كاڵو پڕ جورئەتەكانی، غروورم پێدەبەخشن. بە من بێ دەستی ماچ بكەم. سەرسوڕمان بە ئاشكرا بە سیمای دایكمەوە دیارە. دەستی دایكم دەنێو دەستمە. دێتە قسە.

– هەموو سلاویان لێدەكردی.

– هاپۆ بەندەر چۆنە؟

– باشە... دێتە دیدەنیت. خواجە تۆفیقو ئەمان ئاغاش دێن، رەنگە كەرەم عەلیش بێ.

دایكم هەواڵی مش رەحیم دەپرسێت. پێی دەڵێم كە ئەم بەیانییە چووە بۆ دادگا. دوو پاكەتی شنۆم دەداتێ كە بیدەمێ. هەواڵی محەمەد میكانیك دەپرسم. دایكم دەڵێ:– شانی ئازاری گەیوەتێ.

لەیلا هەڵ دەداتێ:– بە قۆناغە تفەنگ لێیان داوە.

دایكم دەڵێ:– سێ ڕۆژە لە ماڵەوە كەوتووە.

وا دیارە لە دەرەوە شت هەیە. بلورخان دەگاتە جێ، ئاجیلی بۆ هێناوم.

پاسەوانە چاودێرەكە كەوتۆتە جمو جۆڵ. لەیلا دەم لە پەنا گوێم دەنێو دەڵێ:– لە میتنگ بووە. محەمەد میكانیك دەڵێم.

پاسەوانەكە دێتە پێشەوە. بێتاقەت بووە: – خێراكە خالید.

بلورخان دەبۆڵێنێ:– با دەققەیەك بیبینین.

دایكم دەستم بەردەدا،گەردنمو گۆنام رادەموسێ.

– وەخت تەواو بووە.

دایكم دووبارە ماچم دەكاتەوە. بلورخان دەڵێ:– نوێنت كەم نییە؟

– نە ء.... ئەگەر دنیا ساردتر بوو رادەسپێرم کە...

دایکم هەڵدەداتێ:– پەتۆیەکت بۆ دێنم.

پاسەوانەکە دەبۆڵێنێ. دایکم بەرم دەدا. خوا حافیزی دەکەمو لە ژووری دیدەنی وەدەردەکەوم. بەپەلە خۆم دەگەیەنمە نێو قاوشەکە.دەخزێمە ژوورەوە. دەنکە شقارتەکان خاڵی دەکەم، کاغەزێکی قەدو نوشت کراو لە نێو شقارتەکەیە. هێندە تەنکە دەڵێی توێکڵە پیازە.

نووسینەکە، بە دەست نەنووسراوە. چاپکراوە!" وەزع باشە. هەموو توانایەکت بۆ ڕێکسختنی زیندانیانی قاوشی سێ بخەکار. چونکە هەموویان پێویستیان بە خواردنی باشە، واتە پێداویستی هاوبەشی ئەوان سەرکەوتنی تۆ دەستەبەر دەکا. پێویستە بە توندی بەرامبەر بەرپرسیارانی زیندان بوەستن و داوای مافی خۆتان بکەن. ئەگەر هەر شتێکت پێویستە ئاگادارمان بکەوە. مەسەلەی ناردنی کتێبەکانت بۆ جێبەجێ دەکرێ".

کێ هەواڵەکانی زیندان دەباتە دەرێ؟... بیرم بۆ هەموو کەسێك دەچێ. بۆ هەموو زیندانی و هەموو پاسەوان و تەنانەت بۆ دەرەجەدارو ئەفسەرەکانیش دەچێ. کاغەزەکە ورد ورد دەدڕم. پارچەکانی لەزار دەنێم و دەی جووم.

هەڵدەستم و لە ژوورەکە وەدەردەکەوم. دەچم بۆ ئاو دەستەو کاغەزە جواواوەکە تف دەکەمەوە. چیوای بۆ نیوەڕۆ نەماوە. خۆر هیچ تینێکی نییە. دنیا ساردە. پشت بە دیوارەکەوە دەدەمو لە فکران ڕادەچم.

هەندێ لە زیندانییەکان پەتۆیان ڕاخستووەو لەبەر هەتاوەکە ڕاکشاون.

چەند کەسێك خەریکی پیاسە کردنن. "پێداویستی هاوبەش" لەهزرم دووبارە دەبێتەوە. چاو دەنوقێنم و بیر دەکەمەوە کە چۆن و لە کوێوە دەست پێبکەم. دەنگی دەرگا دێ. چاو دەکەمەوە. ڕەحیم وڵاخدار وەژووردەکەوێ. بەپەلە بەرەو پیری دەچم. پشتی دوو لا کۆماوەتەوە، دەوێستێ و نیگام دەکا. چاوەکانی دەرپۆقیون. عەینی چاوانی گوێرەکەیەکی سەربڕاو.

– ها، مش ڕەحیم. ئیشی چییان پێ بوویت؟

دەستەکانی ناوەتە پشتی سەری. قسە ناکا. دەکەوێتە ڕێ. دووی دەکەوم.

– پێت نەگوتم ئیشی چییان پێ بوویت.

هیچ ناڵێ. لە ڕاڕەوەکەدا بەردەمی دەگرم، باسکی دەگرم و تەکانی دەدەم. دێتە قسە. وشەکان لە گەرووی گیراون. پچڕ پچڕ دێنە دەرێ.

حوکمی ئیعدامەکەیان پێ ڕاگەیاندووە.

تاس دەمباتەوە. سەرم گێژ دەخوا. دەنگی "چینووق" دەژنەوم.لە دوورەوە. لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دەنگی دەژنەوم.

– خالید، نەچین بۆ مەیدانی زیندان، بۆ تەماشا؟

– چما چی هەیە لەوێندەر؟

دەموچاوی چینووق یەکپارچە دەمە.

– سێ زەلامیان لە سێدارە داوە.

دەکەوینە غاردان. چینووق لۆق دەهاوێو ئێمە بە دوویدا. منو خالق هەرچی تاو دەدەینە خۆ بە تۆبزی پێیدا ناگەین. دنیا گەرمە. دنیا نقومی خۆرەتاوە. بەسەر دیوارە نزمەکاندا پاز دەدەینو ڕێگەکە قەد بڕ دەکەین.

لە پشت دیوارێکی نزمەوە سەر دەردێنینو بە نێو مێگەلە مەڕێکی ژێر سێبەری دارخورمایەك دەکەوین.

سەگی مێگەلەکە بۆمان دێ. شوانەکە فریامان دەکەوێ. لە کەلێنێکی دیوارەکەوە دەردەچین. هیلاكو ماندوو دەگەینە مەیدانی زیندان.

مەیدانی زیندان، تا قەراخ جەنگەڵەکەی کەنار کارون ڕۆییوە. نقومی خۆرەتاو بووە. هەنگاوەکانم سست دەبێ. لە ناوەندەی مەیدانەکەدا سێ، سێدارە قوت کراوەتەوە. پایەی سێدارەکان سپییە، تازە داتاشراون. لە تۆ وایە دوێ شەو دارتاش دروستی کردوون. هەر یەکێکیان زەلامێکی پێوە هەڵواسراوە. دەچینە پێشترەوە. خالقو چینووق تا دە مەتری سێدارەکان دەچنە پێشەوە. من زات ناکەم، ئەژنۆکانم دەلەرزن. حاڵم خەریکە تێك دەچێ. هەر سێکیان ڕەنگیان شین بۆتەوە. یەکێکیان قەڵەوە، زمانی لە دەمی هاتۆتە دەرێ، قژی شێواوە. سکێ ئاوساوە. قۆندەرەی لە پێیە. یەکێکیان لاوازێکی کوڵە باڵای ڕەقەڵەیە. تاکێ لە کلاشەکانی کەوتووەو تاکەکەی تری بە پێیەوە شۆڕ بۆتەوە. سێیەمیان درێژە. پەتی سێدارەکە پێچی خواردووەو لایەکی ڕووی دیارە. سمێڵی بەدەم ئەو نەرما بایەوە کە دێ، دەجوڵێ. سەری سفر کراوە. بەنی بەشەر لە مەیدانی زیندان نییە. تەنیا لە نزیکی سێدارەکانەوە پاسەوانێکی کورتە باڵا دێو دەچێ. تفەنگەکەی لە شان کردووەو کلاوەکەی بەپشتدا بردووە.

دەڵێی قسە لەگەڵ خالقو چینووقدا دەکا. دەنگی ناژنەوم. لە پڕ چاوم دەکەوێتە ڕێشکەو پێشکە. دنیا لەبەر چاوم دەسووڕێ. سێدارەکان، زەلامەکان لەبەر چاوم دەسوڕێن. تێکەڵ بە یەکدی دەبن. جیا دەبنەوەو دیسان تێکەڵ بە یەکدی دەبنەوەو زمانم لێدەڕدێنن. دڵم تێك هەڵدێ. هێڵنج دەدەم. هەرچییەکەم خواردبوو هەڵی دێنمەوە. هەست دەکەم خالقو چینووق ژێر باڵیان گرتووم. ڕاکێش ڕاکێش لە مەیدانی زیندان دەمبەنە دەرێ. دنیا گەرمە. شەڵاڵی ئارەقە بووم. لە سێبەری دیوارێکدا دادەنیشم. ئازای لەشم دەکەوێتە لەرزین. دەڵێی پەتی سێدارەم لە مل دەکەن هەست دەکەم ڕەنگم شین و مۆڕ بۆتەوە. خەریکە دەخنکێم، زمانم خەریکە دەئاوسێو لە دەممەوە دێتە دەرێ. لە پڕ هەڵدەستمو پێ وەغارەوە دەنەم. خالقو چینووق بە جێ دەمێنن. هەناسەم سوار دەبێ. دادەنیشم. لە پڕ چاوم بە دوو منداڵی گەڕەکی زیندان دەکەوێ کە بێچووە پشیلەیەکیان لە سێدارەیەکەوە هەڵواسیوە. بێچووە پشیلەکە لرخە لرخی پێکەوتووەو لەقەفرتێ دەکا. هەڵدەستم. دەچمە پێشەوە. چاوانی بێچووە پشیلەکە خەریکە دەردەپۆقن. پەلاماری منداڵەکان دەدەم. بەشەقو زللە تێیان بەردەبم. پاشان پڕ دەدەمە سێدارەکە. بەلەقە دەیخەم، بێچووە پشیلەکە دەکەوێتە غاردان. سێدارەکە بە دووی خۆیدا بکێش دەکا.

لە پڕ یەکێك لە منداڵەکان لە پشتەوە بۆکسێك بە سەرمدا دەکێشێ. بەر لەوەی فریای خۆ بکەوم یەکێکی دی دەسرەوێنێتە بنا گوێم. سست دەبمو دادەنیشم.

دەنگی مش رەحیم لە گوێمدا دەزرینگێتەوە:- لەم رۆژانەدا لە سێدارەم دەدەن.

چاو دەکەمەوە. مش رەحیم پشت بە دیوارەکەوە دەدا. خۆی بە پێوە ناگرێو لە عاردەکە دادەنیشێ. باڵی دەگرم. ناتوانم تەکانی بدەم. سست و قورس بووە.لە پڕ دەمی دەکرێتەوە. هێڵنجێك دەداو هەرچی لە ورگدایە هەڵی دێنێتەوە.

***

بێدار دێتە دیدەنیم، نیگای ساردە. دڵگیرییەکەی جارانی نییە. بزەیەکی مردوو نیشتۆتە سەر لێوی. دڵم خەبەردەدا کە چ هەواڵێکی خۆشی بۆ من پێ نییە. دەپرسم:- دەنگو باس؟

بە ساردی دەڵێ:- دەربارەی کێ؟

- دەربارەی چاو ڕەش

سەر دەلەقێنێ.

- نەمتوانی بیدینم... پێدەچێ لەوێ رۆیشتبن.

دڵم دادەخورپێ. رەنگم زەرد دەبێ.

- رۆییشتبن؟

بێ هیچ شێرو رێوییەك دەڵێ:- تۆ نابێ ئەوەندە خۆت ناڕەحەت بکەی.

سەرم گەرم دادێ. لاجانگەکانم پل دەدەن.

- تۆ دەبێ سەودای چاوڕەش لەسەرت دەرکەی... چەند جار ئەمەم پێگوتیت.

خۆ ئەگەر چاو رەش فەرامۆش بکەم دەمرم. هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەکی زیندانم بە یادی ئەوەوە تەحەمول کردووە.

هەموو شتەکانم وەکو خەون دێتە بەرچاو.

نیگای بێدار دەکەم. هێشتا بزە مردووەکە بەسەر لێوییەوەیە.

- من هەوڵی خۆم دا خالید... بۆم نەدۆزرایەوە.

- زۆرت لێ مەمنونم.

دەڵێ:- زۆر ناڕەحەت بووی. ها؟

وەڵامی نادەمەوە. دەزانم لێم تێناگات. دەزانم هەرچییەك بڵێم باوەڕ ناکا.نەك هەر ئەو هیچ کەسێك لەو ساتە خەونئاساو پڕ لەزەتانە تێناگا کە من بیر لە چاو رەش دەکەمەوە.

سەر دادەخەمو لە بن لێوانەوە دەڵێم:- خوا حافیز بێدار... زۆرت لێ مەمنونم.

مەچەکم دەگرێ:- راوەستە.

دەوێستم. هێشتا هەر سەرم داخستووە. دەڵێ:- تۆ دەبێ زۆر واقیعبین بیت...

دەمەوێ هاوارێ بەسەردا بکەم. نیگای دەکەم. بە تۆپزی جڵەوی خۆ دەگرم.ئێستا چاوەکانی هەمان دڵگیری جارانیان پەیدا کردۆتەوە. لە سەری دەڕۆا:- ... ئەگەر واقیعبین بی، هیچ کاتێ بەم جۆرە گیرۆدەی سۆز نابی.

نەرمەی گوێچکە چکۆلەکانی زەرد دەنوێنێ. ژێر گۆنا بێ رەنگەکانی چرچی تێکەوتووە. لێوە زەردەکانی دەبزوون:- باشە خالید... دەڵێی چی؟ دەتەوێ لە زیندانداا دۆزەخ بۆ خۆ دروست بکەی؟

سەر دەلەقێنم. هەناسەم سوار دەبێ، ناتوانم قسە بکەم. دەمەوێ بکەومەڕێ.

- با ئەوەشت پێ بڵێم کە ئیدی نابێ من بۆ دیدەنیت بێم.

هەموو شتێکم بەلاوە پەشمە، حەزەکەم سەر بکێشم بە دیواراو مۆخم بڕژێتەوە نێو زارم.

دەرگای قاوشەکە لە دوامەوە دادەخرێ. هەتاوی بێ تینی زستان، قاوشەکەی پڕکردووە. قازی ڕێم پێدەگرێ.

- دیسان پرسەت گرتووە؟

- وەزعم تەواو نییە.

قازی کەمێك لا دەکەوێ. چاو لە دوڕ چاوانم دەبڕێو وەکو هەمیشە بە پەلە دەڵێ:- ئیدی ژیان وایە، نابێ ئەوەندە گوێی بدەیتێ.

دەکەومە ڕێ. قازی بە دوومدا دێ، پێشم دەگرێ. سیمای گرژ بووە.دڵسۆزی خۆیم بۆ دەنوێنێ. بە هێمنی دەپرسێت:- هیچ بووە؟

دەڵێی لەگەڵ قسەکردندا پارچەکانی دڵم هەڵدەڕێژمە دەرێ.

- دڵم تەنگە قازی.

لەبەر دەمم لادەچێ دەچمە ژوورەوە. ساردە. لەسەر بەڕەکە ڕادەکشێم.پەتۆکەم بەخۆدا دەدەم. دەنگی بێدار، ئازارم دەدا:- تۆ دەبێ زۆر واقیعبین بی!

زات ناکەم بیر لە "واقیعبینی" بکەمەوە. خۆمی لێ دەبوێرم. بریا نەهاتبایە دیدەنیم. بەلای کەمەوە بەو ئاواتە دەژیام کە لە زیندان بەربم ببینم. نا!... هەموو دنیای بۆ دەگەڕێم. شار بە شار بۆی دەگەڕێم. دەیدۆزمەوە. من ناتوانم تاقە ساتێ بەبێ چاوڕەش بژیم. من پێویستم بە نیگای ئەوە. بە بزەی ئەوە. بە قسەکردنی ئەوە. نەخێر دەیدۆزمەوە، ئەگەر چوبێتە سەر هەوریش دەی دۆزمەوە. من ناتوانم رەشی چاوە دەگمەنەکانی لە بیر بکەم.

سەرم گەرم داهاتووە. دەڵێی تام لێهاتووە. لەشی باریك‌و ڕێکی چاو رەش هزری داگیرکردووم. جلی خۆڵەمێشی لەبەرە. تەنورەکەی زۆر کورتە. قژە خاوەکەی بەسەر شان‌و ملیدا ڕژاوە. خەریکە پڕ دەبم، لە شادی پڕ دەبم. نیگای، شادی دنیا دەڕێژێتە گیانمەوە. دەست درێژ دەکەم. دەستی درێژ دەکا. قامکەکانمان دەگاتە یەکدی. لە پڕ گەڵای تیژی بنکە خورمایەك دێتە ڕێمان. نوکی تیژی گەڵاکان دەچزێ بە پەنجەکانماندا. چاوڕەش دەچێتە دواوە. دوور دەکەوێتەوە. ون دەبێ.

حەز دەکەم بگریم. حەزدەکەم لە بری هەموو ئاشقانی دڵشکاو بگریم.

- تۆ دەبێ واقیعبین بی.

لە دڵی خۆدا هاوار دەکەم:- نا بێدار نا!... ئەشقی من شتێك نییە بتوانم لە بیری بکەم... من چاو رەشم خۆش دەوێ.

هەر هەموو ئەو ساتانەم لەبەر چاو بەرجەستە دەبن کە لەگەڵ چاو ڕەشدا بووم. هەر ساتێکی دەبێ بە ئازارێ. دەمەوێ هەستمو پڕ بە زار هاواربکەم. یەخسیر بووم. یەخسیر چاوانی چاوڕەش. دەنگی دەژنەوم.

گازاندە دەکا:– ئەوە تۆ لە کوێی خالید؟

هەموو شتێ وەکو خەون تێدەپەڕێ.

– من لێرەم، باشی باشم.

جلی شۆڕی لەبەر کردووە. یەك پارچە پولەکەی بە بریق و باقە. خۆی لە ئامێزم دەنێ. سەر دەخاتە سەر شانم. بۆنی لەشی مەستم دەکا.

– خۆشم دەوێی.

گۆناو گەردنی ماچ باران دەکەم. تریق و هۆڕ پێدەکەنێ.

– کوێم ما ماچی نەکەی؟

لێو دەنێم بە لێوییەوە. بۆنی بەهاری لێدێ. بۆنی سەوزەگیای تەڕوبڕ. بۆنی پونگەی کەنار جۆباران.

– لێوەکانت خواردم.

هانکە هانکم پێکەوتووە. لە ئارەقەدا هەڵکشاوم. لە پر غەیب دەبێ. ماڵم وێران دەبێ. ئازای لەشم دەکەوێتە لەرزین.

– تۆ دەبێو واقیعبین بی.

لە جێی خۆ ڕادەپەڕمو هاوار دەکەم.

ناسر ئەبەدی بە دیار سەرمەوە وێستاوە:– ئەوە چیتە خالید.

دەڵێی کوندەیەك ئاوی تەزیم پێدا کراوە. ئازای لەشم نیشتۆتە سەر ئارەقەیەکی سارد.

نیگای پرسیاری ئامێزی ناسر ئەبەدی کە دەڵێی دوو پشکۆ ئاگرن، ئالکاوی نیگام بووە. دەنگە گڕەکەی گوێم پڕ دەکا:– تۆ وەزعت باش نییە؟

توانای قسە کردنم نییە.

– نا... هیچم نییە.

ناسر ئەبەدی لەسەر چۆکان دادەنیشێ:– پێم بڵێ. بزانم چیتە.

دەنگم نزمە. وشە لە گەروومدا دەتاسێ.

– چ نییە... تۆزێ دڵم تەنگە.

جگەرەیەك دادەگیرسێنێو دەمداتێ:– دەبێ بچی نیوەڕۆژە وەربگری.

هەڵدەستم. ناتوانم ڕێ بکەم. قاپە مسەکە هەڵدەگرم. لاقەکانم بە تۆپزی بکێش دەکەمو لە ژوورەکە وەدەردەکەوم.

بۆنی بەهار دێ. تەشکی سەرما شکاوە. هەتاو تۆزێك گەرمە. بەڵام هێشتا لە گیان خۆشە. کە لە پشتی بنیادەم دەدا، خورویەکی بەلەزەت دەکەوێتە گیانت.

شوێنەکەی رەحیم وڵاخدار، لەسەر سەکۆ چیمەنتۆکەی بەر ئاودەستەکان، چۆڵە. هەفتەی رابوردو هاتن بە دوایدا. بەرەبەیان بوو. هێشتا سپێدەی نەدابوو. بە چاوانی خەواڵووەوە شانمان بە چارچێوەی دەرگاکانەوە داو نیگامان کرد. مش رەحیم یان بێدار کردەوە. توانای ڕێ کردنی نەبوو. چاوانی دەرپۆقیبوون. تەمەشای دەکرد، بەڵام پێ نەدەچوو چ کەسێك ببینێ. ئەژنۆکانم سست بوون. نەم توانی خۆ بەپێوە بگرم. لەسەر پاژنەی پێیەکانم دانیشم. مش رەحیم بە بەردەممدا ڕەت بوو. لاقەکانی بە تۆپزی بکێش دەکرد. ئەژنۆکانی چەمی بوون. گەڵاو گەڵ ڕێی دەکرد. ئەفسەرە ئێشکچیەکە گورج و گۆڵ ڕێی دەکرد. دەنگی رەحیم وڵاخدار لە هزرمدا دەنگی دەدایەوە:– دەبینی خالید؟... دەبینی بەم ئاخری پیرییە؟

بۆنی لەشی رەحیم وڵاخدار کەپوی پڕ کردم. بۆنی جگەرەی شنۆو بۆنی داڕو...

– ئەمە عادەتێکی باش نییە.

چ شوێنێکم نەدەبینی. دەنگی لەرزۆکی رەحیم وڵاخدار، ئازای لەشی سست دەکردم.

– هیچ عادەتێکی باش نییە کە بنیادەم بە بەرچاوی ئاشناو بێگانەوە هەڵواسن.

هەتاو گەرمە، بەڵام لە گیان خۆشە. شوێنەکەی مش رەحیم چۆڵە. هێشتا بەوە رانەهاتووم کە شوێنەکەی بە چۆڵی ببینم. دەڵێی لەسەر سەکۆکە دانیشتووەو پشتی بە دیواری خشتی ریزە ئاودەستەکانەوە داوە. دەڵێی دەنگی دەژنەوم.

– خالید... دەمێکە هەواڵی حەسەنۆك و برایم نازانم...

ژێر چاوەکانی هەڵئاوساوە. شین بۆتەوە. دەست و لاقی ئاوساون. ورگی عەینی دەهۆڵ بەرز بۆتەوە. بەزەحمەت دەنگی دەژنەوم.

– دەبینی خالید؟... دەبینی بە ئاخری پیری؟

بۆنی بەهار دێ. ئاسمان سافە. مەسەلەی خواردنەکە دەماو دەم دەکا.

لەگەڵ زۆربەی زیندانییەکاندا قسەم کردووە.

– تۆ ئامادەی مان لە خواردن بگری و تا خواردنەکەمان بۆ چاك نەکەن نان نەخۆی؟

چاوە سیسەکانی مەنوچە ڕەش بز دەبنەوە.

– دەپرسیت ئامادەی؟...

چاوم تێدەبڕێ. بە کۆڵە مست بە سینگی خودا دەکێشێ، سەرە زلەکەی دەلەقێنێ. دەمارەکانی لا ملی هەڵدەستن و بە دەنگێکی پڕ توڕەیی دەڵێ:

– من، هەر لە ئێستاوە ئامادەم کە ئەم خواردنە پیسە نەخۆم. بەڵام کوا پیاو تا گوێ لە من بگرێ؟

حسێن دەباغچی، لەسەر هەردوو ئەژنۆ دادەنیشێ. یەخەی چاکەتەکەی دێنێتەوە یەك و دەڵێ:

– بۆ نەء؟.

چاوی راستی کە خێلە، دەرپۆقیوە، قورتمی بەرزو نزم دەبێتەوە:– .... ئەگەر بتوانین کارێك بکەین...

حسین دەباغچی لە بویە درێژ ترە. چەناگەی دێنێتە پێشێ و هەمدیس دەڵێ:

– بەڵام تۆ پێت وایە ئەوانی تریش قبوڵ بکەن؟

دەڵێم:– ئەگەر بمانەوێ خواردنەکەمان تۆزێ لە خواردن بچێ، دەبێ قبوڵ بکەن.

تفەکەی دەمی قووت دەدا. زمان بە لێوە وشکەکانیدا دێنێو دەڵێ:– من بەش بە حاڵی خۆم ئامادەم.

لەگەڵ ئەسە سوردا پیاسە دەکەم. دەنگی تیژە، گۆنا سوورەکانی، سوورتر هەڵدەگەڕێن.

– ئەوە بزانە کە دارمان تێدەبڕن.

دەمەوێ حاڵی بکەم کە ئەگەر هەموومان یەك دەنگ بین، ناتوانن هیچ غەڵەتێك بکەن.

قژە زەردەکەی لەسەر هەنیەی لادەباو خۆی دەدزێتەوە. نامەوێ وازی لێ بێنم.رووبەڕووم دەوەستێو دەڵێ:– دەزانی چییە خالید؟.... من هەمووی ٤–٥ مانگی ترم ماوەو بەردەبم، ئەوی راستی بێ حەز ناکەم، ئەم چەند مانگە لە ئینفرادیدا بەسەر بەرم.

دیسان دەست بەرداری نابم:– بەڵام ئەسی، ئەوە بزانە کە مەنوچە رەش، بۆ هەموو کارێ ئامادەیە...تەنانەت...

خێرا هەڵدەداتێ:– ئەو شێت بووە.

دەست دەخەمە سەر شانیو چاو لە دوڕ چاوانی دەبڕمو دەڵێم:– وا نییە ئەسی.... ئەو لە هەموومان ئاقڵترە.... تۆ خەریکە غەڵەت دەکەی.

شانی لە ژێر دەستم دەردێنێو بەدەم رێوە دەڵێ:– هەرچییەك دەکەن بۆ خۆتانی بکەن... منی تێدا نیم.

زۆری نەماوە بۆ جەژنی نەورۆز. بۆنی بەهار دێ. ئاسمان ساف و بێگەردە. لەگەڵ مەهدی سینەە کۆتردا تێدەگیرێم:– هەر گونیشیان لە خم ناگرن بۆمان.

– بەڵام من پێم وایە کە بتوانین زۆر شت بکەین.

ملە کۆڵەکەی هەر دیار نییە. چەناگە درێژەکەی بە سینە بەرجەستەو رەقەڵەکەیەوە چەسپیوە. شانەکانی بە دیوارەکەوە دەداو دەڵێ:– بەڵام گیانەکەم... ئەوان چەکیان هەیە....

سییەکانی پڕ لە هەوا دەکا. هەناسەیەك هەڵدەکێشێو بە ئەسپایی لەسەری دەڕوا.

– ئەوانە... دۆنکیان هەیە... پێوەندو کەلەپچەیان هەیە... تاك ژووریان هەیە.... پێی دەڵێم:

– ئەمانە هەمووی راستە... بەڵام تۆ حەزەکەی ئەم چڵکاوە بخۆی؟

پشتی سەرە زلەکەی لە دیوارەکە جیا دەکاتەوەو دەڵێ:– نەء !...

دەڵێم:– کەواتە ئێستاکێ بۆیە دەی خۆی چونکە پێت وایە لە چارەمان نووسراوە کە لە جیاتی خواردن ئەم گەندو گووە بخۆین... وانا؟

چاوە خڕەکانی، دەکرێنەوە.

– کێ گوتوویەتی لە چارەمان نووسراوە؟

– باشە، کەواتە دەبێ هۆیەك هەبێ.

بێئەوەی ددان بە وشەکاندا بنێ. دەڵێ:

– ترس، گیانەکەم، ترس!... دەنا هەر گەوجێ بگرێ دەزانێ کە بودجەی خواردنەکەمان بۆ خو دەدزن.

مەچەکی دەگرم:– باشە کە ئەمە دەزانی، پێت وایە دەبێ ئەوەندە ترسنۆك بین تا دەمرین؟

بویە دێ بەسەراو لەلامانەوە دەوەستێ:– دیسان، باس، باسی خواردنەکەیە؟

رەزا گیرفان بڕ دێ. مەهدی سینە کۆتر سەر دەلەقێنێ:– بەڵێ... باس باسی خواردنەکەیە.

بویە دەڵێ:– با بە هەموومان فێڵێك بکەین... با لە سبەیەوە هەموو رۆژوو بگرین.

پاسەوانە ئێشکچییەکە دێ بەسەردا، قسەکەمان دەبڕین. نەرمە بایەك لەسەر دیوارە بەرزەکەی زیندانەوە دێتە ژوورێ. دەنگی لافاوی کارون دێ. بۆنی گیا دێ. ناسر ئەبەدی ئامۆژگاریم دەکا.

– بزانە خالید.... من لەگەڵ تۆدام... بەڵام ئەگەر سەرۆکی زیندان پێ بزانێ خوات پێ نیشان دەدا... دوو مانگ، دوو مانگ دەتخاتە ئینفرادییەوەو، دەنگت بە کەس ناگا...من ئەم نامەردانە دەناسم.

ئەگەر ناسر ئەبەدی بێتە ژێر بار، زۆر شتمان بۆ هەموار دەبێ. هەر چونێ بووە دەبێ قاییلی بکەم.

– ناسر، ئەوەش بزانە کە ئەگەر هەموومان یەکبین، زۆر شتمان پێدەکرێ.

نیگای کە لە دوو پشکۆ ئاگر دەچن، دەبڕێتە نیگامو دەڵێ:– ئێمە خواردنەکەمان باشە..

دەڵێم:– ئەدی ئەوانی دی؟

خێرا دەڵێ:– سەریان بە گۆڕی بابیان.

دەڵێم:– بەڵام، ناسر... ئەوانیش بەشەرن... هاوڕێمانن.

وەکو کەڵەشێری شەڕانی مل قوت دەکاتەوە:– هاوڕێ؟!

وەکیل کەرەم بەلاماندا رەت دەبێ. هێند لاوازە فوی لێبکەی با دەیبا. ناسر ئیشارەت بۆ لای ئەوەوە دەکا.

– ئا ئەم مارمێلکەیە دەبینی؟... هەر چاوت غافڵ بێ، گوێی بڕیوی...

بەم قەڵافاتەوە رەحم بە چ عەرەب و عەجەمێك ناکا....

خۆی پف دەداو لەسەری دەڕوا:– جا چ خوا بەردارە لە پێناوی قەحپە دایکێکی وەهادا خۆم بدەمە بەر دۆنکی؟

بەهیچ جۆرێ نایەتە سەر خەت. قسە بە گوێیدا ناچێ.. دەبێ زۆر هەوڵ بدەم تا دەی هێنمە رەدا. مەچەکی دەگرمو دەڵێم:– وەرە با بچینە ژوورەوەو بە شێنەیی تێت بگەیەنم...

قسەکەم دەبڕێ:– زۆر باشە بابە... هەر گوویە دەخۆن منیش لەگەڵتانم.

دەستی رادەپسکێنێو لە دەستمی دەردەکاو دەڕوا. دەڵێی بێتاقەت بووە. نابێ زۆر سەری بخرێتە سەر. دەبێ بە سەبرو حەوسەڵە بۆی بچی.

بۆنی بەهار دێ. هەتاو گەرمە. شوێنەکەی رەحیم وڵاخدار چۆڵە. هێشتا بەوە رانەهاتووم شوێنەکەی بە چۆڵی ببینم. دەکەومە رێ تا بچم لەسەر سەکۆ چیمەنتۆکە دانیشم. دەنگی

کرانەوەی دەرگای قاوشەکە دێ. ئاوڕ دەدەمەوەو تەمەشا دەکەم. ئەفسەریارێکی دەستەباڵایە. گازم دەکا. بەرەو لای دەچم.

– کارت بە من هەیە؟

مەچەکم دەگرێ:– وەرە لەگەڵم

بە نیگایدا بۆم دەردەکەوێ کە شتێکی خراپ لە گۆڕێیە.

– کاری چیت پێمە؟

بە دەنگێکی نامیهرەبان دەڵێ:– دوایی دەزانی.

هێشتا لە دەرگای قاوشەکە دەرنەکەوتووین کە ناسر ئەبەدی سەری ڕێمان لێدەگرێ:– بۆ کوێ.؟

ئەفسەریارەکە بە ساردییەوە دەڵێ:– جەنابی سەرۆك کاری پێتە.

بە نیگای ناسر ئەبەدیدا بۆم دەردەکەوێ کە ئەو لە من چاتر لە مەعنای قسەکەی ئەفسەریار تێدەگا.

– کاری چی پێیەتی؟

ئەفسەریارەکە چ شتێ ناڵێ. دەرگای قاوشەکە لە دوامانەوە دادەخرێ، بەڕاڕەوە سەرگیراوەکەی بەر تاك ژوورەکاندا ڕەت دەبین. نێو ڕاڕەکەوە سارده. شێداریشە. لە پڕ، لەرزم لێدێ. دەچینە نێو حەوشەی زیندانەکە. حەوشەکە نقومی خۆرەتاو بووە. سەرۆکی زیندان لەسەر کورسییەك دانیشتووە. جگەرە دەکێشێ. ردێنی تاشیوە. گۆنا خرپن‌و ئەسمەرەکانی دەبریقێنەوە. پشتی بە پشتی کورسییەکەوە داوەو بە تۆپزی لاقە کوڵەکانی لەسەر یەك ناون. هەرکە چاوی بەمن دەکەوێ، هەڵدەستێ‌و وەکو بەرازی ئاوس قورسو سەنگین بەرەو لام دێ.

لە ناوەدەنی حەوشەکەدا وێستاوم. لە ژێر سێبەری دارکونارەکە. نێو حەوشەکە کپ‌و بێدەنگە. لە دووکەڵکێشی ئاشخانەکەوە دووکەڵێکی ڕەش دەردەچێ‌و ئاسمانی شین لێڵ دەکا.

سەرۆکی زیندان، ڕووبەڕووم دەوێستێ. ئەفسەریارەکە دەستم بەردەداو دەکشێتەوە دواوە. سەرۆکی زیندان قونکە جگەرەکەی تۆڕ دەداو پێیەکی پێدادەنێ‌و دەیکوژێنێتەوە. ئەوجا لە پڕێکا زللەیەکم لێدەدا کە لەگەڵیا پەرت دەبم. تا دەکەومە خۆ کە هەستمەوە، گوێم لە دەنگی دەبێ:– بۆیە لێم دایت تا لە هەوەڵەوە بزانی کە خەنیمی کێیت.

چ ناڵێم. ئەفسەریارەکە، لە پشت سەرۆك زیندانەوە وێستاوە. چەند پاسەوانێك، لەبەر پاسدارخانەکەدا وێستاون‌و سەیرمان دەکەن..

دیسان دەنگی سەرۆك زیندان دەژنەوم:– دەتەوێ ئاژاوە لە نێو زیندانەکەدا بنەیتەوە.ها؟

هەموو شتێکم لا ڕوون دەبێتەوە. دەبێ چ کەسێك هەواڵی بۆ هێنابێ؟

دەنگی زل‌و گڕی سەرۆك زیندان، بە هیچ جۆرێ لەگەڵ لەش‌و لاری قەڵەویدا ناگونجێ.

– نۆبەتی ئەو قەوانەیە؟

لە چەند ساتێکی خێرادا بیر لە هەموو زیندانییەکان دەکەمەوە. تۆ بڵێی ئەسە سور جاسوسی کردبێ؟... ئەدی بۆ رەزا گیرفان بڕ نەبێ؟... ئەوجا یەکسەر بیرم دەچێتە سەر ناپلیۆن. چونکە ئەگەر خواردنی باش بە هەموومان بدرێ ئیدی ناپلیۆن کاسبییەکەی نامێنێ.

سەرۆکی زیندان دێتە پێشترو پەڕەی گوێم دەگرێو بایدەدا. لێوم وەکو قورقوشم نیشتونەتە سەر یەك:- دەستوور دەدەم دەستو پێوەندت لە دەست و پێیان بکەنو بتخەنە ئینفرادییەوە. تا قەدری عافێت بزانی.

پەڕەی گوێم بەردەداو چالاکانە بەردەبێتە گەردنم.

دەڵێم:- بەڵام جەنابی سەرۆك، من هیچم نەکردووە.

ددانە وردەکانی بە دیار دەکەون. لە بەینی ددانەکانییەوە دەمڕێنێ.عەینی سەگی توڕە.

- هیچت نەکردووە؟... خەریکی شۆڕش بەرپا دەکەی... هێشتا هیچت نەکردووە؟

لە پڕ لاقە کوڵەکانی هەڵدێنێتەوە تا دەتوانێ شاپێك دەسرەوێنێتە خالیگەم، بەسەرا بەرەو دار کونارەکە پەرت دەبم.

- بیخەنە ئینفرادییەوە تا...

هەڵدەدەمێ:- بەڵام جەنابی سەرۆك....

قسەکەم دەبڕێ:- بێدەنگ بە.

ئەفسەریارەکە دێو باڵم دەگرێ:- ڕێکە....

دەکەومە ڕێ. گەردنم دێشێ. پەڕەی گوێم دەکزێتەوە. دەلەنگم. قەبرغەم زۆر دێشێ.

دەرگای ئینفرادییەکەم لەسەر دادەخەن.

***

ئازای لەشم ڕچیوە. سەرمای شێدار خراپ کلاڤەی کردووم. دوو ڕۆژە هەتاوم نەدیوە. بەر لە نیوەڕۆ تۆزێ هەتاو لە هەواکێشەکەی سەربانەوە لە ژوورەوە دەداو زوو ئاوا دەبێ. چیوای بۆ جەژن نەماوە. ڕەنگە یەك هەفتەی مابێ. حیسابی ڕۆژم لێ تێکچووە. خۆرئاوایە. سەرۆکی زیندان دێو دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە. هەڵدەستمو ڕووبەڕووی دەوێستم، گۆناکانی دەبریقێنەوە. بیلبیلەی چاوانی لە بەرد دەچێ. دارێکی کورتی بە دەستەوەیە. گەشو بە دەماخە. دیارە نیوەڕۆ نانی باشی خواردووەو پاشانیش تێرو پڕ خەوتووە. بە هێمنی دەپرسێت:- دەتەوێ هەر لە ئینفرادیدا بمێنیتەوە یا تەمبێ بووی؟

ئەژنۆکانم دەلەرزن. سەرما خەریکە پەکم دەخا. ئەم دوو ڕۆژو یەك شەوەی کە لە ئینفرادیدا بووم. نەم توانیوە تاقە پاروویەك خواردن بخۆم.

- وەرە دەرێ.

لە ژوورەکە وەدەر دەکەوم. کە ڕێدەکەم دەلەنگم. قەبرغەم دێشێ.

لە دواوە گوێم لە دەنگی سەرۆك زیندان دەبێ:- ئەوەت لە بیر نەچێ کە هەمیشە دەتوانم تەمبێت بکەمو بۆ حەفتا پشتت ئاقڵت بکەم.

ناسر ئەبەدی لە ئامێزم دەگرێ. بویە، پەرێمزەکە دادەگیرسێنێ تا چای دەم بدا. قازی، مەنوچەڕەش و مەهدی سینە کۆتر دێن و لە دەورم دادەنیشن.

ناسر دەڵێ:- پێم نەگوتی، بزانە قسەی من دەرچوو.

تاقەتی قسەکردنم نییە. مەنوچە رەش، سەرە زل وقژە لوولەکەی دەلەقێنێ و دەڵێ:

- مادامێکی وای لێهات تا دوا هەناسە دەست بەردار نابین.

رەزا گیرفان بڕ دێ و لای بویەوە دادەنیشێ.

- بێنە، من پەمپی بدەم.

بویە، پیاڵەکان دەشوا. رەزا پەرێمزەکە پەمپ دەدا. قازی دەڵێ:- ئەوە بزانن کە مانگرتن رەفتارێکی یاساییە... هیچ سزایەکی لەسەر نییە... جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و لەسەری دەڕوا:

- ... ئەگەر داواکەمان رەوا بێ و بە دەنگمانەوە نەیەن. هەقی خۆمانە مان بگرین..

بویە، ملە درێژەکەی هەڵدەبڕێ، چاو دەبڕێتە چاوی قازی و بە ئەسپایی دەڵێ:

- ئەدی ئەگەر بە دەنگمانەوە نەیەن و دارمان تێببڕن چی؟

مەنوچە رەش، دەستەکانی دێنێتە پێشێ و قامکەکانی تێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ:- ئەگەر هەموومان یەك بین، ناتوانن هیچ بکەن.

رەزا گیرفان بڕ، ئەژنۆکانی لە باوەش گرتووەو لەپاڵ پەرێمزەکەدا هەڵتروشکاوە.

شێ و سەرمای ئینفرادی -کە هەموو لەشی پڕ کردووم- خەریکە لە مۆرەغەی پشتمەوە دەردەچێ.

مەهدی سینەکۆتر دێتە قسە:- دەڵێم کە...

سەیری چاوی یەك بە یەکمان دەکا.

- ئێمە دەبێ یەکەمجار شتێکی دیکە بکەین.

گوێ شل دەکەم. بە ئەسپایی دەدوێ. دەنگی لەگەڵ هاڕەی پەرێمزەکەدا تێکەڵ دەبێ.

- دەبێ بەر لە هەموو شتێ ئەو کەسە بدۆزینەوە کە هەواڵ بۆ جەنابی سەرۆك دەبا.

ناسر ئەبەدی وەکو فیشەکە شێتە دەچێ بە ئاسماندا.

- ئەگەر بزانم کام قەحپە دایکە، وەکو جاو دای دەدڕم.

لە ئینفرادیدا زۆرم بیر کردەوە، بەڵام بیرم بە هیچ کوێ ڕانەگەیی.

ناسر ئەبەدی خەریکە دێتە ژێر بار. خەریکە بە مانگرتن قاییل بێ. نیگا لە نیگام دەبڕێ و دەڵێ:- بە ڕای تۆ کێ خەبەر دەبا؟

شانەکانم هەڵدەتەکێنم:- نازانم.

کترییەکە دێتە کوڵ. بویە ئاو لە قۆرییەکە دەکا. پەرێمزەکە تۆزێ کز دەکاو قۆرییەکەی لەسەر دەنێ.

- دەبێ بیدۆزینەوە.

- دەبێ ئاگامان لەوە بێ کە لە وەخت و ناوەختدا کێ دەچێتە دەرێ.

***

زەردە پەڕی ئێوارەیە. هەوا خۆشە ،سێ ڕۆژی بۆ جەژن ماوە. ئاسمان بێگەردە. هەتاو خەریکە لە دیوارە بەرزەکەی زیندان ئاوا دەبێ. لەسەر سەکۆی بەر ریزە ئاودەستەکە دانیشتووم. ناسر ئەبەدی لەلام دانیشتووە. ناسر باسی ئاشقێنی خۆی دەکا. باسی توبا دەکا.

– چاوەکانی درشت، دەتگوت بنە پیاڵەیە. لەشی دەتگوت بلورە. ڕوومەتو گوپەکانی دەتگوت بەفرو خوێنە... ئاشقێنی دەردێکی گرانە خالید... تۆ نازانی خالید... شێتو شەیدای ببووم...

دڵم دەگرێ، ناسر ئەبەدی قسە دەکا. من هەر گوێم لێی نییە. یادی چاوڕەش سەراپای داگیر کردووم. کاتێ کە شەرم، گۆناکانەی سوور هەڵدەگەڕاند.کاتێ کە رەنگی چاوەکانی دەبوو بە زەیتوونییەکی کاڵ...

ناسر باسکم دەگرێ:– گوێت لێمە؟

– بەڵێ ناسر... بەردەوام بە.

دەڵێ:– ئەگەر ئەم خوشکە قەحپەیەم، ئەم بەزمەی بۆ دروست نەکردبام، بۆ خۆ دەم خواست...

دیسان دەچمە ژێری، ناسر بۆ خۆی قسە دەکا. دڵم خەبەری داوە هەرکە لە زیندان دەرچووم، دەی بینم. دڵم دەڵێ کە چاوڕەش دڵ بە کەس نادا.بە ڕووی کەسدا پێناکەنێ. هەموو تاسەو خۆشییەکی بۆ من هەڵدەگرێ. لەخۆشیا لەپێستی خۆ ناهێورم. دەڵێی لە زیندانداا نیم. دەڵێی چاوڕەش لە تەکما دانیشتووە. هەست بەگەرمی لەشی دەکەم. دەنگی دەژنەوم:

– تۆ هەموو کەسێکی منی... تۆ هەموو شتێکی منی.

لێوانی وەکو گوڵ دەپشکوێ. بزە، هەموو دەموچاوی پڕکردووە. بێگەردی چاوەکانی مەستم دەکەن. پەرچەمەکەی لا دەبەم. هەنیەی ماچ دەکەم. برژانگە درێژەکانی دەنیشنە سەر یەك. هانکە هانکی پێدەکەوێ. هەناسەی گۆناکانم دەسوتێنێ. لێو بەسەر گۆنایدا دێنم. هەست بە نەرمی دەستەکانی لە دەوری گەردنم دەکەم. بۆنی خۆشی مەڵۆی قژی کەپووم پڕ دەکا.

چاوانم دەنوقێنم. گوێم لە دەنگی دەبێ:– خۆشم دەوێی.

لە پڕ رادەچڵەکم. دەنگی گڕی مەهدی سینە کۆتر رام دەچڵەکێنێ:– ناپلیۆنیان بانگ کرد. لە قاوشەکە چووە دەرێ.

ناسر ئەبەدی، پشت راست دەکاتەوە.

– دوکانەکەی پێ دادەخەم... دەبێ باروبنەی بار بکاو لەم قاوشە بڕوا.

ناپلیۆن، دوکانداری قاوشی سێیە. سووکە خواردەمەنیو زەرفو کاغەزو پول دەفرۆشێ. ئەگەر دەمت شڕ نەبێ، هەندێجار شیرەو تلیاكو حەشیشەت بۆ دێنێ.

ناسر ئەبەدی دەڕوا:– کارێکی وا دەکەم داری تێببڕن.

مەچەکی دەگرم

– جارێ وەختی نییە. لەوەیە ئەو نەبێ.

بە قسەم دەکا. بەدەم ڕێوە دەبۆڵێنێ:– کارێکی وا دەکەم شیرەو تلیاك لە قوزی ژنەکەی دەربێنن.

سەر لە قسەکانی دەرناکەم.

– راوەستە ناسر... ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

دەوەستێ، نیگا ئاگراوییەکانی لە نیگام دەبڕێ:– چ دەڵێم؟

مەنوچە رەش دێ بەسەردا. ناسر ئەبەدی بڕۆ چڕەکانی وێك دێنێتەوە. چرچو لۆچ دەنیشێتە سەر هەنیەی.

– ژنەکەی دەڵێم کە شیرەو تلیاك لە نایلۆندا لە قوزی دەنێو دەی هێنێتە نێو زیندان.

مەنوچە رەش دەڵێ:– ژنەکەی ناپلیۆن دەڵێی؟

پێدەچێ هەموویان بە مەسەلەکە بزانن. باسکی ناسر ئەبەدی دەگرم. دەڵێی خڕکە بەردە.

– باشە، ئەگەر ئەو نەبێ...

هێشتا قسەکەم تەواو نەبووە کە دەرگای قاوشەکە دەکرێتەوە. ناپلیۆن وەژووردەکەوێ. پاکەتێکی موقەبای بە دەستەوەیە. سەرە تاشراوەکەی بەسەر گەردنە باریکەکەیەوە لەقەلەقێتی. ناسر بازووی لە چنگم دەردێنێو بە پەلە دەچێتە پێشێو دەستی دەگرێ. ناپلیۆن رەنگی لە رووداو نامێنێ. وردە چرچەکانی دەموچاوی دێنەوە یەك.

– بۆچی چویتە دەرێ؟

چاوە کزەکانی ناپلیۆن دەکەونە زیتەزیت. دەنگی نزمە:– یانی چی بۆچی چوومە دەرێ؟

– با بچینە راڕەوەکە تا پێت بڵێم.

دەکەوێتە رێو ناپلیۆن بە دوی خۆیدا بکێش دەکا.

لە راڕەوەکەدا، پاکەتەکە لە دەستی ناپلیۆن وەردەگرێو لەسەر ئەرزەکەی دادەنێ. ئەوجا هەردوو شانی ناپلیۆن دەگرێو دەینوسێنێ بە دیوارەکەوە.

– پێم دەڵێی بۆچی چویتە دەرێ یا چاوت دەربێنم؟

ناپلیۆن، دەکەوێتە لەرزین. پەنجە بۆ پاکەتەکە ڕادەکێشێو دەڵێ:– چووم شتو مەکەکانم وەربگرم.

ناسر ئەبەدی، دەستە لپرەکانی لە بینی ناپلیۆن دەنێ.

– بەڵام تا ئێستا، هیچ کاتێ رێ نەکەوتووە خۆت بچی شتو مەکەکانت وەربگری.

– جا چ قەیدییە... وا ئەمجارە چووم.... تاوانم کردووە؟

ناسر دەست لە بینی ناپلیۆن هەڵدەگرێ. بە دوو قامکان، گوپە چرچەکانی ناپلیۆن دەگرێو بای دەداو دەڵێ:– یاخوا هەر بۆ وەرگرتنی شتەکانت چووبی.

ناپلیۆن، بە پچڕ پچڕی قسە دەکا:– ئاخر.... مەگەر من... کاری ترم... هەیە؟

ناسر، گوپی ناپلیۆن بەردەدا:– سوێند دەخۆی کە جاسوسی بۆ سەرۆکی زیندان ناکەی؟

ناپلیۆن، ئاهێکی وەبەر دێتەوە:– جاسوسی؟

ناسر ئەبەدی، چاوەکانی چکۆلە دەکاتەوە:– پێم گوتیت سوێند بخۆ.

ناپلیۆن، روو وەردەگێڕێ، روو لە قیبلە دەوەستێ، هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ:

– بەسەری عەلی من جاسوسی ناکەم.

ناسر ئەبەدی هەناسەیەك هەڵدەکێشێ. نیگای من دەکاو دەڵێ:– ئەدی کام قەحپە دایك...

هێشتا قسەکانم تەواو نەبووە کە بویە بە پەلە خۆی بە ڕاڕەوەکەدا دەکا:- جەنابی سەرۆك، قازی بانگ کردووە.

کارەکە خەریکە تەشەنە دەکا. قازی، چەند جارێك گوتوویەتی کە مانگرتن هیچ سزایەکی نییە، تاوان نییە. گوتوویەتی ئەگەر بەدەنگ داوای ڕەوامانەوە نەیەن، هەقی یاسایی خۆمانە کە مان بگرین.

ناسر ئەبەدی، سەر هەڵدەبڕێ. چاو لە چاوانی بویە دەبڕێو دەپرسێت:- دیسان ئەفسەریارەکە بە دویدا هات؟

بویە، سەر دەلەقێنێ. بەرەو نێو حەوشەکە وەرێ دەکەوین.

مەنوچە ڕەش دەڵێ:- سەیرە! چۆن نەزانین کە کێ هەواڵ دەبا؟

ناسر ئەبەدی توڕە بووە:- خۆی لە قوزی دایکیشیدا بشارێتەوە هەر دەیدۆزمەوە.

دنیا خۆشە. بۆنی بەهاری لێدێ. زیندانییەکان کۆمەڵ کۆمەڵ لە نێو حەوشەدا دانیشتوونو سەرگەرمی قسەن.

عەسران، پیاسە دەکەین. شەوان جێ ڕادەخەینو چا لێدەنەینو کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە دادەنیشین. هەندێجار کاڵەمستێنە دەکەین.

هەندێجاریش زارێن دەکەینو جار جاریش باسی بیرەوەرییەکانمان دەکەین. بەڵام قسەوباسی ئەم ڕۆژانەمان پتر دەربارەی خواردنی زیندانە. باسی ئەوەیە کە کێ جاسوسی بۆ سەرۆك زیندان دەکا.

عەلییە لچە، لەوسەری قاوشەکەوە هەڵدەستێ. بە خشەخش دێو لە لامان دادەنیشێ.

ناسر، پاڵی داوەتەوەو خەنجەری لێبدەی خوێنی لێنایەت. مەهدی سینە کۆتر پشتی بە دیوارەکەوە داوە. بویە، چای تێدەکا. عەلییە لچە دەڵێ:- منیش بیری خۆم کردەوە....

چ شتێك ناڵێین. سەرە ڕوتاوەکەی لەبەر تیشکی بلاجکتۆری قاوشەکەدا وەکو مسی سپی کراوە دەدرەوشێتەوە. دیسان دەڵێ:- ... منیش لەگەڵ ئێوەدام....

دیسان، کەس هیچ ناڵێ.

کەمێك دەجوڵێ، لەسەر هەردوو چۆکان دادەنیشێ. دەستە کۆڵەکانی دەنێتە سەر ورگە زلەکەیو هەمدیس دەڵێ:- هەر کاتێ ویستتان خواردن وەرنەگرن بە منیش بڵێن.

تەنیا نیگای دەکەین. تاقەتی قسە کردنمان نییە. دەهری دەبێت.

- دە شتێ بڵێن...

هێشتا قسەم لە زار نەهاتۆتە دەرێ کە دەنگی کرانەوەی دەرگاکە دێ. قازی بەسەرا پەرت دەبێتە ژوورەوە. هەموو ڕادەپەڕینو بەرەو لای دەچین. دەرگای قاوشەکە بە تەقو هوڕ دادەخرێ. دەموچاوی قازی لە خوێنا هەڵکشاوە. سەروی بڕۆی چەپی شکاوە. ژێر چاوەکانی ئاوساوە. توانای قسەکردنی نییە.

***

ئێستا، دیداری تایبەتیم نەماوە. دەبێ لەگەڵ هەموو زیندانییەکاندا لە پشت شیش بەندی ژووری دیدەنیدا رابوەستم. هەمیشە پاسەوانێك لە نێوان دوو ریزە شیش بەندەکە وێستاوە. بنیادەم بە هیچ جۆرێ ناتوانێ قسە بکات. دەنگی تێکەڵ بە دەنگو غەڵبەغەڵبی ئەوانی دی دەبێ.

دەبێ هاوار بکا ئەوجا بتوانێ دوو وشە لە مواجەهەچییەکەی بگەیەنێ.

ئەم رۆژانە قسەی ناسر ئەبەدیش وەکو جاران ناڕوا، تەنانەت بۆنی ئەوە دێ کە نەیەڵن وەکو هەمیشە بە ئارەزووی خۆی ئەم قاوش‌و ئەو قاوش بکا. ناسر ئەبەدی توڕە دەبێو دەنەڕێنێ:

– دەبێ ئەم قاوشە وەها بە یەکدا بدەم کە بە ١٠٠ تفەنگچیش کۆنترۆڵ نەکرێ.

شەوی جەژنە. دڵم تەنگە، پەتۆکەم لەبەر هەتاو ڕاخستووەو دەمەو روو لێی کەوتووم. تینی هەتاوەکە لەشی سست کردووم. ناسر ئەبەدی پشتی بە دیوارەکەوە داوەو جگەرە دەکێشێ. چۆتە ژێری. تەماشای ئاسمان دەکا. هەتاوەکەی خۆشە. دوو کۆترە گایلکە لە قەراخ دیوارە بەرزەکەی زیندانەدا بە پاڵ یەکەوە هەڵکوڕماون. باڵندەیەك هەردوو باڵی جووت کردووەو لە قولایی ئاسمانەوە بەرەو زەوی دادەکشێ. لە پشت زیندانەکەوە، سەوزە جاڕەکانی دەرێی شار دەست پێدەکا. ئەوجا باخە پەرژین کراوەکان دێن کە پڕن لە جۆگەی پڕ ئاو. ئەگەر نەختێ گوێ هەڵخەم هاڕەو هاژەی کارون دەژنەوم. لە دیواری رۆژئاوای زیندانەکەوە تاکو کارون رێگەیەکی کەمە، بە تایبەتی لە بەهاردا کە ئاو هەڵدەستێ. لە پڕ رادەپەڕم... گازم دەکەن، ئەوجا، دەرگا ئاسنەکە دەکرێتەوە. ناسر ئەبەدی دەجوڵێ:– دیسان چییە؟

قونکە جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە. هەڵدەستێو بەرەو دەرگای قاوشەکە لەگەڵمدا دێ. عەلی دەلاکە کە دەڵێ میوانم هاتووە. سەیرم پێدێ. رۆژی دیدەنی نیە. نە دوو شەممەیەو نە هەینی. ناسر ئەبەدی دەبۆڵێنێ:– کەڵەکە.

دەبێ بڕۆم. شان هەڵدەتەکێنمو لە دەرگای قاوشەکە وەدەردەکەوم. سەرمای شێداری راڕەوەکە، بەلەشمدا دەچزێ، مەنوچە رەش لە ئینفراداییە. قاپی خواردنەکەی تۆڕ داوەتە سەربان، زاری لێ بەرەڵلا کردووەو هەزارو یەك جنێوی سەر بە کوڵکەی بە مردوو و، زیندووی سەرۆك زیندان داوە. چاوە ئەبڵەقەکانی، مەنوچە رەش لە کونی دەرگای ئینفراداییەوە زیتەیان دێ.

ناتوانم قسەی لەگەڵ بکەم. ئێشکچی راڕەوەکەم لەگەڵە. لە سیلەی راڕەوی ئاشخانەکەوە پێچ دەکەمەوەو بە پشت گەرماوەکەدا خۆ بە ژووری دیدەنیدا دەکەم. لە پڕ لە جێی خۆ دەچەقم. بابم لە پشت شیش بەندەکەوە وێستاوە، قژی بە تەواوەتی سپی بووە، نیگای نەرمە، جۆرە غرورێك نیشتووەتە سەر نیگای. بزەیەکی کاڵ نیشتۆتە سەر لێوی. دەڵێی برژانگەکانی تەڕن. گریان ئەوکی گرتووم. هەرچی دەکەم ناتوانم قسە بکەم. لە بەینی شیشەکانەوە دەست دێنێ. منیش دەستم دەبەم. بە تۆپزی جێی شانم لە نێوان دوو شیشدا دەکەمەوە. دەستم دەگاتە دەستی. دەستە زبرو قڵەشاوەکانی دڵم دەلەرزێنێ. تفەکەی دەمی قووت دەدا. قورتمی بەرزو نزم دەبێتەوە. دەنگی غەمبارە:– حاڵت چۆنە؟

دەستی یەکدی بەر دەدەین. هێندە دڵسۆزانە قسە دەکا، هەموو گیانم دەکەوێتە لەرزین، دەڵێی شتێك لە نێو دڵمدا وێران دەبێ. گریان بە جۆرێ ئەوکی گرتووم کە ناتوانم تاقە وشەیەك بڵێم. دیسان دەنگی دەژنەوم:– تۆ تازە بووی بە پیاو.

دڵۆپێ فرمێسك لە نێوان برژانگەکانییەوە دەبریسکێتەوە. هێندە بە نەرمی و میهرەبانی قسە دەکا، بە من بێ بکەومە سەر دەستو پێیو ماچیان بکەم. هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد بەم هەموو دڵسۆزییەوە رووبەڕووم بێتەوە. دەنگی بابم گیراوە. قورسە. خەمبارە:– خەم مەخۆ کوڕم.

خەریکە لە خۆشیا باڵ دەگرم. زات ناکەم لێو لەبەریەك هەڵێنم. دەستم لە هوڕژنی گریان بدەمو فرمێسکم وەکو بارانی بوهار بێتە خوارێ. دەنگی بابم وەئاگام دێنێتەوە:– خەم مەخۆ کوڕم.... ئیمام جەعفەری سادقیش زیندانیی کێشاوە.

ئەم هەموو باوەڕە؟!.... هەست بە زەبوونی دەکەم. هەست دەکەم هیچم.هیچی هیچ... هەناسەیەك هەڵدەکێشم. سەر دادەخەمو لە ژێر لێوەوە دەڵێم: – نا باوکە... خەم ناخۆم....

سەر هەڵدەبڕمو دەڕوانمە چاوە پڕغرورە بریقەدارەکانی بابم.سێبەری بزەیەك ژێر گۆنا رەقەڵەکانی چرچ کردووە. نیگای هێندە گەشە کە لە ژیانما بەو جۆرەم نەدی بوو. دەڵێی ئێستا باشتر دەتوانم قسە بکەم.

تەماشا کردنەکەی زاتم وەبەر دەنێ. لە پڕ شەرمەزاری ئەو هەموو سەریەشەیە دەبم کە بۆم دروست کردووە.

– من کە ڕێم کەوتۆتە زیندان ڕەنگە...

قسەکەم قووت دەدەمەوە. دەمەوێ بڵێم کە "لەبەر خاتری تۆ بووە. لە پێناوی دایکم بووە. لە پێناوی جەمیلە... لە پێناوی هاپۆ بەندەرو خەڵکانی وەکو مش رەحیم و خواجە تۆفیقو.." قسەکەم دەگێڕمەوە. لە بەردەم گەورەیی بابمدا هێندە بچووك بوومەتەوە کە هەموو ئەم قسانە پولێکی قەڵپ ناکەن. لە پڕ دەنگی بابم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. دەڵێی دایکم بەرانبەرم دانیشتووەو من نامەکەی بابمی بۆ دەخوێنمەوە. "لێرە کارو کاسبی هەیە، بەڵام سەر شۆڕیو ریسواییش هەیە. دەڵێی عەرەبەکان نۆکەری بێگانەکانو ئێمەش نۆکەری عەرەبەکان..." بابم بێدەنگە. تەماشام دەکا. چاوەڕوانە شتێك بڵێم. لاوازتر بووە. چاکەتەکەی بە بەری دەڵبە. گۆناکانی داتەکیون. نیگای دەکەمو هیچ ناڵێم.

– خەمت نەبێ تەواو دەبێ کوڕم...

دەنگی بابم گڕە. سەری بەرز گرتووە..

– ... لە بری ئەوە دەبی بە پیاوی ژیان... زۆر شت فێر دەبی.

بە مینگە مینگ لێی دەپرسم کە چۆن رێیان داوە بێتە دیدەنیم. بە قسەکانیا دەردەکەوێ کە بەرتیلی داوە. زۆرم لەبەر گران دەبێ. بزەیەك دەکاو دەڵێ:– قەیدی نییە کوڕم. سبەی جەژنە. من دوێ شەو هاتمەوە. دەبوایە تۆ ببینم.

سەبەتەیەك کاهوو بوتڵێ سرکەی بۆ هێناوم. پاسەوانەکە شانی بە چوارچێوەی دەرگاکەوە داوەو خۆیمان لێ ناکا بە خاوەن. پێدەچێ بابم بە چاکی دەمی چەور کردبێ. بۆ خۆی لە

دوورەوە جگـەرە دەکێشـێو هـەقی بـە سـەرمانەوە نییـە. قسـەی خـۆ دەکـەین. نزیکـەی نیـو سەعاتێکمان پـێ چوو. پاسـەوانەکە بەرەو لای ئێمە دێ. بابم دەستی دێنێ. دیسان هەست بە زبری دەستی دەکەم. ئەقڵم پێدا ناشکێ کە چۆن خوا حافیزی لێبکەم. بە من بێ شتێك کە هەرچی خۆشەویستیم هەیە بەشێوەیەك بیرێژمە دڵی بابمەوە. هێشتا دەمم هەڵنەهێناوە کە دەنگی دەژنەوم:– جەژنت پیرۆز بێ.

دڵم دەلەرزێو لە پڕ فرمێسکی چاوانم دادەبارێ:– جەژنت پیرۆز بێ باوکە.

***

دنیا بە تەواوەتی گەرم بووە. بەهار، لە ئاخرو ئۆخری دایە. هەندێجار هەوا گەرم دەبێ. هەوای نێو زیندان وەکو هەوای نێو بیر خەفە دەبێ. بای شەرجی حەشرمان پێدەکات. پەڵە هەوری نەزۆك لێرەو لەوێ بەری ئاسمان دەگرێ. لە ئارەقەدا هەڵدەکێشین. لەشمان دەسوتێتەوە. وەکو گۆشتی تازەی ئاسك، سوور دەبینەوە، خۆ باوەشێن دەکەین. ئاو دەخۆینەوە. سکمان دەئاوسێ. دیسان ئارەقە دەردەدەین. دیسان ئاو دەخۆینەوە. دیسان سکمان دەبێ بە مەشکە. دیسان خۆ باوەشێن دەکەین.

لەو رۆژەوە کە پندار هاتۆتە زیندان، ئیدی وەزعی زیندان گۆڕا.

کۆمیتەمان بۆ جێبەجێ کردنی مانگرتنەکە دروست کردووە. من ئەندامی کۆمیتەکەم. ئێستا. مەسەلەکە تەنیا خواردن نییە. بەڵکو ئاو سەهۆڵو گەرماویشی هاتۆتە پاڵ.

– پیف!... سەرچاوەی ئاوەکە؟

ئەم قسەیە دەکەوێتە سەر زاران.

– ئاوەکە تامی ژەنگ دەدا.

دەنگ بەزر دەبێتەوە:– بۆچی سەهۆڵاومان نادەنێ.

هەر وا نانەو پەرت دەکرێ و ناڕەزاییەو دەردەبڕێ.

– سەگیش ئەم نانە ناخوا.

– هەر نیو سەعاتێ بمێنێتەوە. بڕۆ گای پێ سەربڕە.

پندار، وەستانی نییە. خۆ بە هەموو ژوورەکاندا دەکا. قسە لەگەڵ هەموواندا دەکا. قسەکان یەك دەخا. ئەگەر ناکۆکییەك بکەوێتە بەینەوە، ئەوپەڕی توانا دەخاتە کار تا ناکۆکییەکان نەهێڵێو قسەی هەموو لایەك یەك بخا. ئێستا ناڕەزاییەکە خەریکە قاڵبی دەستەجەمی دەگرێ. پیاو ئەگەر تۆزێ هوشیار بێ دەتوانێ زۆر شت لە پندارەوە فێر ببێ، قسەیەك فڕێ دەداو ئەوجا دەکشێتەوە تا ئێمە لە نێو خۆدا گفتوگۆی لەسەر بکەین. لە نێوان قسەکانی ئێمەوە، قسەی دی دەخاتە سەر زارمان.

– پاسەوان، هەقی سوکایەتی کردنی نییە.

ئەوجا خۆمان قسەی ترمان بۆ زیاد دەکرد.

– ئەفسەری ئێشکچی–ش بۆی نییە سوکایەتیمان پێبکا.

– سەرۆکی زیندانیش ئەم مافەی نییە.

ئەوجا قسەیەکی دی فڕێ دەدا.

– ئێمە ئەگەر مەحکومین، وا حوکمی خۆ لە زیندانداا بەسەر دەبەین. ئیدی چ هۆیەك نییە تا هەر چلمنێ بێو بە کەیفی خۆی سوکایەتیمان پێبکا.

هەموو هۆشی لای دەمەتەقێکانە. ئەگەر لە شوێنێکدا بە پێویستی بزانێ ئەوا یەکسەر دەست هەڵدەبڕێ. هەموو بێدەنگ دەبین. هەموو نیگاگیری دەبین. قسەی تازە دەکەوێتە سەر زاران.

– پارە، جل، پێڵاوو پەتۆی ئێمە دەخۆن.

– بە درێژایی ساڵێك، دەستێ جلی جاو و جوتێ نەعلمان دەدەنێ کە بەرگەی سێ رۆژ ناگرێ.

پندار، کارێکی زۆری کردۆتە سەر ناسر ئەبەدی.

هەواڵدزەکەمان دۆزیوەتەوە. ناسر هەڕەشەی لێدەکا.

– وەرە ئێرە ناسکە کوڕ

رەزا گیرفان بڕ دەبێ بە مشك. لە سوچێکی حەوشەدا دادەنیشێو لێوی دەکەوێتە تەتەڵە.

ناسر ئەبەدی مەچەکی دەگرێو راکێش راکێش دەیباتە نێو راڕەوەکەو بە دیوارەکەیەوە دەچەسپێنێو دەست دەنێتە بینی و دەڵێ:– ئەگەر جارێکی دی خەبەر ببەی، بە تەمای خۆت مەبە!

دان بە هەموو شتێکدا دەنێ، رەنگی دەبێ بە زەعفەرانی زەرد. ناسر چەقۆکە بەبەر دەمیا دێنێو دەبا. رەزا ئەبڵەق دەبێ. ناسر بە دەنگێکی نێر دەڵێ:

– ئەگەر جارێکی دی گووی وا بخۆی وەکو مەڕی قوربانی سەرت دەبڕم. لەو رۆژەوە کە پندار هات، وەزعەکە یەکسەر گۆڕا. دەرگای قاوشەکە دەکرێتەوە. پندار وەژوورە دەکەوێ. لە خۆشیدا باڵ دەگرم. رادەپەڕمو لە ئامێزی دەگرم. سەریان بە قەیچی وەکو خوری مەڕ بڕیوەتەوە. یەکدی ماچ دەکەین. لەگەڵ ناسر ئەبەدیدا یەکدی دەناسن. لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەشدا چاكو خۆشی دەکات. ئەوجا بە دوو قۆڵی جیا دەبینەوەو قسە دەکەین. باسی لەیلا دەکەین.

– هەردووکمان پێکەوە گیراین.

قسە کردنەکەی زاتم وەبەر دەخا.

– خەریك بوو بەیانێکمان لە رۆنێو دەدا، ماڵەکەیان ئابڵوقە داو نەمان توانی دەرباز ببین. لەیلا وەکو پڵنگ پەلاماری دان، قەپی بە مەچەکی یەکێکیاندا کرد، تا توانی گازی لێگرت. دەمانچەکەی لە دەست کەوت، پڕم دا کە دەمانچەکە هەڵگرم، لە دواوە قۆناغە تفەنگێکیان بە پشتی سەرمدا کێشاو دنیام لەبەر چاو تاریك بوو، ئیدی نەمزانی چی بوو....

دەڵێی دەنگی لەیلا دەژنەوم. ئێستاش قسە کردنی دلێرانەیە.

– ئەگەر بابت شەوی جەژن نەیەتەوە، دڵت تەنگ دەبێ؟

بیری دەکەم. بیری نیگای دلێری دەکەم. پندار قسە دەکا.

– سەیرە.... لەیلا دەڵێم.... کیژێکی سەیرە... مەگەر هەر خۆی بزانێ لە تەحقیقدا چی کرد.

پنـدار ٢٢ رۆژە هـاتووە. کۆمیتـەی زینـدان کۆبوونـەوە دەکـا. بویـە لەبـەر دەرگـای راڕەوەکـە وێستاوە ، چاودێری پاسەوانە ئێشکچییەکە دەکا. ئەگەر پاسەوانەکە بێت، ئەم دەبیٚ گۆرانی عەرەبی بڵیٚ.

پنـدار، هانمـان دەدا. پێـی وایـە دەبیٚ مانگرتنەکـە دەسـت پێبکـەین. مەنوچـە رەش ئەنـدامی کۆمیتەیە، کە لە ئینفرادی هاتە دەریٚ، ئازاتر بوو. پندار دەڵیٚ:

– ئەگەر لەوە ماتەڵتر بین، سارد دەبینەوە. ئێستا باشترین کاتە، هەموو گەرمن. لەگەڵ هەر یەکێك لە زیندانییەکاندا قسە بکەی، دەڵێی ئاگرە. مەنوچە رەش لەسەر چۆکان دادەنیشیٚ، مل بەرز دەکاتەوەو دەڵیٚ:

– من رازیم... بەڵام ئەی ئەوانەی کە ئامادە نین؟ .... چی لەوانە بکەین؟

من دەپرسم:– چەند کەس دەبن؟

ناسر ئەبەدی، نۆ کەس دەژمێریٚو کەسی دی بیر ناکەوێتەوە.

مەهدی سینە کۆتر دەڵیٚ:– سیٚ کەسی دیش هەیە.

نیگای پندار، لەسەر مەهدی دەگیرسێتەوە:– کێن؟

مەهدی دەڵیٚ:– فەرەیدون باجگر، نەسرولڵا کەرمل‌و نەسرۆڵڵا خاڵدار

پندار دەڵیٚ:– ئەم١٠– ١٢ کەسە، ئەوەندە گرنگ نین کە ریسەکەمان لێبکەنەوە بەخوری.

بـای شـێداری شـەرجی لـە پەنجەرەکـەوە هەڵدەکاتـە ژوورىٚ. دەگـاو دیوارەکـان‌و زەوی تـەڕن. لەشمان لینجە. لە پەنجەرەکەوە چاوم لە دیوارە بەرزەکەی زیندانە. خۆر زەرد دەنوێنیٚ. خەریکە لە دیوارەکە ئاوا دەبیٚ. دیسان قسە دەکەین، بویە دیٚ، سەریٚ دەکێشێتە ژوورەوەو دەڕوا. راوێـژ و تـەگبیر دەکـەین‌و ئـەنجام بڕیـار دەدەیـن کـە سـەرۆکایەتی زینـدان بیـانوو بـڕ بکـەین‌و یادداشتنامەیەك بنووسین. مەهدی سینە کۆتر دەڵیٚ:– باشە برادەران ئاگادار نەکەینەوە؟

– پاشان ئاگاداریان دەکەینەوە.

دیسان مەهدی دەڵیٚ:– لەوەیە قایل نەبن.

پندار دەڵیٚ:– بەڵام خۆیان سەرپشکیان کردووین کە هەر کارێك لە قازانجی ئەوان بیٚ بیکەین.

پندار دەست بەنووسین دەکا. هەموو بێدەنگ بووین. بلاجکتۆرەکانی قاوشەکە هەڵدەبن.

– کوڕینە گویٚ بگرن.

پندار جگەرەیەك دادەگیرسێنیٚو یاداشتەکە دەخوێنێتەوە.

((٢٥ / خرداد/ ١٣٣١))

لە زیندانیانی قاوشی سێییەمەوە

بۆ سەرۆکایەتی زیندانی بەڕێز:

وێنەیەکی بۆ جەنابی حاکم بۆ ئاگاداری‌و هەنگاونانی پێویست.

لەبەر ئەوەی خواردنی زیندان زۆر خراپەو لە خواردن نایەت‌و چونکە زۆربەی زیندانیان دەست کورتن‌و ناتوانن لە کیسەی خۆ خواردن بکڕن‌و پێویستیان بە خواردنی زیندان نەبیٚ. بۆیە ئێمەی زیندانیانی قاوشی سێییەم داواکارین کە:

١- وەزعی خواردن بە جۆرێك چاك بكرێ كە هەر ژەمەی تێرەخۆری نەفەرێك بێو شایانی خواردن بێ.
٢- سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی هەموو قاوشەكان یا بگۆڕدرێ یا بە جۆرێ چاك بكرێ كە ئاوەكەی بخورێتەوە.
٣- ئەگەر ئەو داواكاریانەمان بۆ جێبەجێ نەكرێ، لە سەعاتی هەشتی بەیانی ٣٠/خرداد/١٣٣١ەوە، نە خواردن وەردەگرینو نە دیداری كەسوكار قبوڵ دەكەینو تا وەرگرتنی ئەنجامی بنجبڕ بەردەوام دەبین.

كە تەواو دەبێ، هەر پێنجمان تەمەشای یەكدی دەكەینو ئەوجا بێئەوەی چ قسەیەك بكەینو ژێرەكەی ئیمزا دەكەینو لە زەرفی دەنەینو دای دەخەینو دەیدەین بە پاسەوانە ئێشكچییەكەو داوای لێدەكەین بۆمان بەرێ بۆ سەرۆكی زیندان. ئەوجا لێكدی جودا دەبینەوە تا مەسەلەكە بە هەموو زیندانیەكانی دی بڵێین. كە مەسەلەكەیان پێ رادەگەیەنین، هێشتا هەر ئێوارەیە. لە پڕ دەرگای قاوشەكە دەكرێتەوەو ئەفسەری ئێشكچی وەژوور دەكەوێ. كلاوی لەسەر نییە، یەخەی كراوەتەوە، هەنیەو گۆناكانی لە ئارەقەدا هەڵكشاون. ئەفسەریارە پیرەكەی زیندان دوا بە دوای ئەو وەژووردەكەوێ، چارەی بە یەكدا داوەو دەڵێی بیبەری خواردووە. ئەفسەرە ئێشكچییەكە لە ناوەندی قاوشەكەدا دەوێستێ و داوامان لێدەكات كە بەریز بوەستین.ئەفەریارەكە دەڕوا لە پاڵ ریزە ئاودەستەكاندا دەوەستێو لێكدا لێكدا تف دەكا. هێشتا بە تەواوەتی ریز نەبووین كە سەرۆكی زیندان وەژوور دەكەوێ. بە دەستەسڕە نیمچە تەڕەكەی گۆناو گەردنی دەسڕێ. بە چوار دەوری زیندانەكەدا دەوێستین. سەرۆكی زیندان بە دەستەسڕە نیمچە تەڕەكەی، خۆی باوەشێن دەكا. گۆنا خرپینو رەشتاڵەكانی لەبەر تیشكی گڵۆپەكاندا دەدرەوشێتەوە. دەڕوانمە سەرێ. پاسەوان لێرەو لەوێ لە پشت تەلبەندەكەی سەربانەوە وێستاون. دەیان ژمێرم. دوانزە كەسن. تا ئێستا رووی نەدابوو، ئەم هەموو پاسەوانە سەربان بگرن. لە جێی خۆ رەق راوەستاون. قۆناغی تفەنگیان لە عاردی چەسپاندووەو لوولەكانیان لە نێو مستیاندا توند گرتووە. چاویان لە سەرۆكی زیندانە. ئەفسەری ئێشكچی دەڕواو لە بەر دەرگای قاوشەكە دەوێستێ. نێو قاوشەكە هێندە رووناكە دەڵێی رۆژی نیوەڕۆیە. هەموو هەناسەمان توند بووە. هەوا قورسە، شەرجییە. سەرۆكی زیندان هێشتا خۆی باوەشێن دەكا. لە ناوەندی حەوشەكە وێستاوە. لە دەوراو دەوری وێستاوین. دەست بە قسە كردن دەكا. دەڵێ:كە نامەكەتان لە رووی یاساییەوە تاوانە. دەڵێ:- ... بەڵام لەبەر ئەوەی زیندانەوان هەمیشە بە چاوی رۆڵەی گوناحكاری خۆیەوە دەڕوانێتە زیندانیان. بۆیە ئەم نامەیەتان لەسەر حسێب ناكەم.

بێدەنگ دەبێ. كەمێك دەجوڵێ. دەڵێی بیر دەكاتەوە. دەڵێی دەیەوێ قسەكانی تاوتوێ بكا. تا نزیكی ئاودەستەكان دەڕواو دەگەڕێتەوە.دەوێستێو دیسان دەست بە قسە كردن دەكاتەوە. دەیەوێ تێمان بگەیەنێ كە حەزدەكا بەم بۆنەیەوە برایانە باسی ئەزموونی ژیانی خۆیمان بۆ بكا.
- ... مرۆڤی عاقڵ ئەو كەسەیە كە لە پێشدا بیربكاتەوە.... خۆ ناكرێت خۆ سەرانە مل بە هەر كارێكەوە بنەی....

قسەکەی دەبڕێ. دیسان دەست بە پیاسە کردن دەکا. ئاسمان ئاوری لێدەبارێ. دەڕوانمە پاسەوانەکانی سەربان. دەڵێی بێتاقەت بوون. ئەم پێو ئەو پێ دەکەن.

پەڵە هەوری نەزۆکی سپی بەری ئاسمانی گرتووە. تاقە ئەستێرەیەك بە دەرەوە نییە.

دەنگی سەرۆکی زیندان دەژنەوم:– هەڵبەتە من دەزانم کێ خەتابارە.

یەك بە یەکی زیندانییەکان بە نیگا دادەبێژێ. بۆ ساتێك نیگامان لێکدی دەگیرێ. سەری بە سەر گەردنە کوڵو گۆشتنەکەیەوە دەسوڕێ. نیگای لەسەر سیمای پندار کە لە پاڵ ناسر ئەبەدی دا وێستاوە، دەگیرسێتەوە.

سەرۆکی زیندان قسە دەکا:– ... هەموو هەواڵێکمان پێدەگا. دۆسییەکانتانیش لە بەردەست دایە. ئا ئێستا دەتوانم یەك بە یەکی ئەوانە دەربێنم کە ئەم ئاژاوەیەیان بەرپا کردووە...

هێشتا تەمەشای پندار دەکا. هێشتا خۆی باوەشێن دەکا.

دەنگی سەرۆکی زیندان ئاساییە.

– بەڵام ویژدانم پێم دەڵێ کە رێتان نیشان بدەم تا نەکەونە چاڵەوە.ئەمە ئەرکی ئەخلاقی منە کە تێتان بگەینم ئەم کارانە چ ئاکامێکی خراپی هەیە....

نیگای لەسەر من دەگیرسێتەوە. بە ئاستەم دەنگی دەگۆڕێ.

– ... دەزانن ئەگەر ئەم کارە تەشەنە بکا، کێ دەدۆڕێ؟

دیسان دەڕوانێتە پندار

– ... بێگومان چاك دەزانن کە ئێمە نای دۆڕێنین.

بێدەنگ دەبێ. ئەوجا وەکو بەرازی ئاوس دەجوڵێ. چەند شەقاوێ دەڕواو دەگەڕێتەوە. دووبارە دەوێستێو ئەوجا وەکو ئەوەی هەموو شتێك کۆتایی هاتبێ دەڵێ:– باشە!

هەڵوەستەیەك دەکاو ئەوجا لەسەری دەڕوا:– پێم وایە تەواو، رێ کەوتین چ قسەیەك نەما.

هەموو دەڕوانیننە یەکدی، دەبێ شتێك بگوترێ. دەبێ یەکێك زات وەبەر خۆ بنێو سەرۆکی زندان تێبگەیەنێ کە مەسەلەکە بەو سادەییە نییە. هەناسەمان توند بووە. سەرۆکی زیندان لەسەر رۆیشتنە. لە پڕ ناسر ئەبەدی دەجوڵێو هەنگاوێ دەچێتە پێشێ. گوێ شل دەکەین. سەرۆکی زیندان دەڵێ:– ها چ قسەیەکت هەیە؟

ناسر ئەبەدی دەکەوێتە مینگە مینگ. ئەوجا سەری دادەخاو بە دەنگێکی لەرزۆك دەڵێ:

– نە... چی وا نییە.. بەڵام دەزانی جەنابی سەرۆك...

پشتی ملی دەخورێنێو لەسەری دەڕوا.

– ... ئەم خواردنەی زیندان ناخورێ... خۆ ئاوەکە هەر مەپرسە...

سەرۆکی زیندان بۆ لای دەچێ. توڕەیە.

– ئەدی تا ئێستا گوێزم بۆ دەژماردی؟

ئێستا، دەنگی پنداره کە سەرنجی سەرۆك زیندان بۆ لای خۆی رادەکێشێ:

– نەخێر جەنابی سەرۆك... گوێزت نە دەژمارد. قسەکانیشت زۆر بەجێ بوون... بەڵام وەڵامی داواکارییەکەی ئێمە نەبوو.

سەرۆك زیندان دەمڕێنێ. ددانە ڕێکەکانی بە دیاردەکەون. وەکو نەهەنگ بەرەو پندار دەخزێ:

– یەکجاری بڵێ وەڵامی ئینزارەکەی ئێمە نەبوو.

پندار هێدییە، بەڵام ڕەنگی پەڕیوە، لێوی گرژ بۆتەوە.

– قوربان خۆتان سەرپشکن... چی ناو لێدەنێن بینەن.

سەرۆکی زیندان چاوی بڕیوەتە پندار. نیگای دەڵێی نیگای مارێکی برسییە لەدەمی راودا. لێوەکانی نیشتۆتە سەر یەك. چرچ و لۆچ کەتۆتە سەر دەمو چەناگەی. دەڕواتە دواوە. لە ناوەندەی حەوشەکەدا دەوێستێ، دەست دەنێتە کەللەکەی. دەنگی لەرزۆکە:– زۆر چاکە.

بێدەنگ دەبێ. دوای تۆزێك دەڵێ:– زۆر چاکە.... سەرپشکم... هەرچی ناولێدەنەم..

ئەمجارەیان، قسەکانی خۆش نییە. نەرم نییە. هەر قسەیەکی هەڕەشەیەکە بۆ خۆی، دڵ دەلەرزێنێ.

– زۆر چاکە...

یادداشتنامەکە دەکاتەوەو دەست بە خوێندنەوەی دەکا. کە لێ دەبێتەوە بێ دەنگ دەبێ. نیگای هەموومان دەکاو ئەوجا دەڵێ:

– ئەوانەی لەگەڵ ئەم یادداشتنامەیەدا نین با هەنگاوێ بێنە پێشەوە.

یازدە نەفەر دەچنە پێشەوە. بێ دوو دڵی و پێکەوە دەچنە پێشێ.

– کەسی دی نییە؟

دەیان ژمێرێ. دەنگی بەرزتر دەبێ.

– ئیدی کەس نییە کە لەگەڵ ئەم یادداشتنامەیەدا نەبێ؟

نامەکە، تەکان دەدات و دەڕوانێتە دەوراو دەوری قاوشەکە. هەموو سەریان داخستووە. دەڵێی دەترسن لەوەی ئەگەر بڕوانینە چاوە چکۆڵەکانی سەرۆکی زیندان، زات لە دەست بدەین و لە ریزەکە بێینە دەرێ. لە نزیکی دەرگای قاوشەکەوە دەنگی ورتە ورت دێ. لە ژێرەوە دەڕوانم. شەعبان سەهۆڵ فرۆش بە زۆر دەستی لە نێو دەستی ئەوەی تەنیشتییەوە دەر دێنێ و دەچێتە پێشەوە. گوێم لە خوتەو بۆڵەی ناسر ئەبەدی دەبێ:– نامەرد!.... دزی سەگباب!

دەنگی سەرۆك زیندان دێ.

– ناوت چییە؟

– شەعبان.

تەپڵی سەری روتاوەتەوە. قژی درێژو تەنکی چوار دەوری سەری، تا سەر شانی هاتووە. باڵای کوڵەو دەمو قەپۆزی لە لمۆزی توڵە دەچێ.

سەرۆکی زیندان، ناوی یازدە کەسەکەی دیش دەپرسێت. ئەوجا خۆی پف دەداو دەڵێ:

– ئەوە بزانن هەرکە لێرە چوومە دەرێ، ئیدی گوێ لە پاڕانەوەی کەس ناگرم.

چاو بە هەموواندا دەگێڕێ. بەرەو دەرگای قاوشەکە دەچێ. لە تەنیشت ئەفسەرە ئێشکچییەکە دەوێستێ.

– کەسی دی نییە؟

لێومـان وەكـو قورقوشـم نیشـتۆتە سـەر یـەك. دەڕوانمـە سـیمای هـەموو زیندانییـەكان، هـەموو ڕەنگیان پەڕیوە. بلاجكتۆرەكان ،نێو حەوشەكەیان كردووە بە رۆژی رووناك. ئێستا ئەفسەریارە پیرەكە، لەبەر ئاودەستەكانەوە بەرەو دەرگای قاوشەكە وەڕێ كەوتووە. دیسان دەنگی سەرۆكی زیندانە:- گوێ بگرن.... هەركە لە دەرگای قاوشەكە وەدەركەوتم، ئیدی چ شتێ نامێنێ.

هەرچییەكتان بەسەر بێ ئوبالْتان لە ئەستۆی خۆتانە. قازی، لە پالْ مندا وێستاوە. پەنجەكانمان تێك ئالاوە. هەناسەمان سوار بووە. یەكسەر دەنگی كرانەوەی دەرگا دێ. سەرۆكی زیندان دەڕواتە دەرێ. ئەفسەرەكە بەدوایداو ئەفسەریارە پیرەكەش بە دوی ئەمدا وەدەردەكەون. دەرگای قاوشەكە دادەخرێ. دەڕوانمە سەرێ. پاسەوانەكان دەكشێنەوەو ئەوجا دیار نامێنن. لە پڕ ریزەكە تێكدەچێو قسەو غەڵبە غەڵب تێكەڵ بە یەكدی دەبن.

- ئێمە لەسەر قسەی خۆمانین.

- هەر خوا بكا ئاخری خێر بێ.

- هیچی لێ شین نابێ.

- ئەوە تۆ چ دەڵێی برادەر؟... راستە ئێمە چووین بە قیناو لەسەر قسەی خۆمانین. بەڵام دەتوانن هەزارو یەك بەڵامان بەسەر بێنن.

پندار دەڵێ:- نە برادەر... بەو جۆرەش نییە كە تۆ دەیڵێی... ئەمانە لە گیانی ئێمە بەر پرسیارن...

بویە دەڵێ:- من زۆر دڵنیا نیم.. نە لە زیندانییەكان و نە لە ...

خۆم لە قسەكەی هەڵدەقورتێنم:- بە خۆڕایی خۆت بەدگومان مەكە زۆر كارمان پێدەكرێ!

دەستەكانی دەخاتە سەر شانمو دادەنەوێتەوە دەڵێ:- تۆ سەرۆكی زیندان نا ناسیت. نازانی چ شیر حەرامێكی داك خۆ گێیە..

زیندانییەكان، شەعبان سەهۆڵ فرۆشیان گەمارۆ داوە.

- تۆ كە پیاوی ئەم مەیدانە نەبووی بۆ لە هەوەڵەوە قاییل بووی؟

نیگای شەعبان ڕمۆكە. لێوی دەلەرزێ. مینگە مینگ دەكا.

- خۆیشم نازانم چی بوو.... نیگای سەرۆك زیندان چوار پەلی شكاندم... لە پڕ دڵم داخورپا... ترسم لێنیشت.

- ترس؟

دەنگی شەعبان نزمە... دەڵێی كەسێك دەستی لە بینی ناوە.

- ناسر خان تۆ لە هەموو كەس چاكتر دەزانی كەلەپچەو پێوەند یەعنی چی؟

سامی سەرۆك زیندان، بە تەواوەتی شەعبان سەهۆڵفرۆشی گرتووە.

- ... تۆ لە هەموو كەس باشتر دەزانی كە دۆنكی یەعنی چی؟... جەڵدەكەی ئەفسەریار لە من باشتر دەناسی.

مەهدی سینە كۆتر دەستی ناوەتە كەمەریو لە پشت شەعبانەوە وێستاوە. سەرە زلەكەی بەسەر ملە كوڵەكەیەوە دەلەقێو بە هێمنی دەڵێ:

– شەعبان هەموو ئەمانە دروستە... بەڵام وەختێ پیاو گوتی یا حسین ئیدی نابێ بڵێ یا شەمر.

پاسەوانی نێو قاوشەکە دوور کەوتۆتەوەو شانی بە دیوارەکەوە داوە. سامی جارانی نییە. خۆی لە هەموو شتێ کەڕ کردووە. دەڵێی لە قسەکانمان تێناگا.

ئێشکچی سەربان، لە بورجەکە هاتۆتە دەرێ. لەپشت تەلبەندەکەی سەربانەوە وێستاوەو دەڕوانێتە نێو حەوشە. رەزا گیرفان بڕ لە پاڵ بویە وێستاوەو گوێ لە گفتوگۆکان دەگرێ. سەراپامان لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. هەر کەسەو قسەیەك دەکات. ناسر ئەبەدی دوا قسەی خۆی دەکا:

– ئێمە قسەیەکەو کردوومانەو لێی ژێوان نابینەوە. هەر قەحپە دایکێکیش لەگەڵمان نابێ با لە ئێستاوە جیا بێتەوە.

ئەوجا گوێی رەزا گیرفان بڕ دەگرێو دەڵێ:– ئەمەم لەگەڵ تۆیە.

رەزا گیرفان بڕ رەنگی دەبزرکێ ،دەکەوێتە پاڕانەوە:– ناسر خان، بە زاتی خوا من لەگەڵ ئێوەدام.

ناسر ئەبەدی، بزەیەکی تاڵی بۆ دەکا:– بەڵام من دەزانم ئۆینێکت لە ژێر سەردایە.

گوێی رەزا گیرفان بڕ بەر دەداو لە قەرەباڵغییەکە دوور دەکەوێتەوە، کراسەکەی لەبەری دادەکەنێ خۆی پێ باوەشێن دەکا.

پندار دەستم دەگرێو دەکەوینە پیاسە کردن.

***

هەتاو داوییە لە نێو قاوشەکە. هەوا گەرمتر بووە. هەموو شەڵاڵی ئارەقە بووین. لە ژوورەکان وەدەر کەوتووینو دەستە دەستە لە سێبەری دیوارەکەدا دانیشتووین. بۆ خۆ قسە دەکەین. لە چاو رۆژەکانی دیدا زۆرمان فەرق کردووە. دەنگی کەس نایەت. کەس "زار زارێن" ناکا. کەس سەر ناخاتە سەر کەس. ئەگەر چوار رۆژی دی داواکارییەکەمان جێبەجێ نەکرێ مان دەگرین.

بێدەنگ سەیری یەکدی دەکەین. منو ناسر ئەبەدی لەملاو لەولای پندارەوە دانیشتووین. مەهدیو مەنوچە رەش دەستەو ئەژنۆ رووبەڕوومان دانیشتوون. لە بیری ئەوەداین کە چۆن نوسخەکەی حاکم بگەینینە دەستی. شەوی پێشوو کاتێ کە سەرۆکی زیندان لە قاوشەکە وەدەرکەوت، منو پندار زۆرمان بیرکردەوە، بەڵام ئەقڵمان بە هیچ کوێ ڕانەگەیی. بویە بە لۆقە درێژەکانییەوە دێو لەسەر چۆکان دادەنیشێو بە ئەسپایی دەڵێ:– دوو سبەی، عەباس قەساب ئازاد دەبێ...

بەڵام عەباس قەساب لە قاوشی چوارەمە.. ناسر ئەبەدی بۆی نییە لە قاوشەکەی خۆمان وەدەربکەوێ.

– ... لەوەیە بتوانین نوسخەکەی حاکمی بدەینێو بیبا.

بویە بۆی نییە دەڵاڵی بکاو بە ئارەزووی خۆی ئەم قاوشو ئەو قاوش بکات.

پندار دەڵێ:– لەوەیە لەکاتی نیوەڕۆژە وەرگرتندا بتوانین نوسخەکەی بدەینێ.

دەزانین زیندانییەکان قاوش دوای قاوش دەچن بۆ نیوەرۆژە وەرگرتن . تا دوا نەفەری قاوشێك خواردنەکەی وەرنەگرێو نەچێتە ژوورەوە. دەرگای قاوشێکی دی ناکرێتەوە.

لە پڕ شتێکم بە بیردا دێ. دەڵێم:- شتێك دەڵێم کە رەنگە زۆر گەوجانە بێ: بەڵام هەر دەیڵێم.

پندار هەڵدەداتێ:- بیڵێ بزانین چییە؟

دەڵێم:- چۆنە یەکێکمان کارێکی وا بکا کە بیخەنە ئینفرادییەوە...

گوێ هەڵدەخەنو سەیرم دەکەن. لەسەری دەڕۆم.

- ... ئەوجا وەختی نیوەڕۆژە وەرگرتن، نوسخەکەی بدەینێ تا ئەگەر عەباس قەساب بۆ نیوەڕۆژە وەرگرتن هات، بە هەر جۆرێ بووە نوسخەکەی بگەیەنێتێ.

نیگای ئاگرینی ناسر ئەبەدی لە نیگام هەڵدەنگوێ. سەرم دادەخەم. دەنگی ناسر ئەبەدی دەژنەوم:- پێتوایە ئێشکچی رارەوەکە، وەها دەرفەتێك دەدا؟

لە قسە کەی خۆ ژێوان دەبمەوە. ناسر ئەبەدی دەڵێ:

- بە تایبەتی لەم کاتەدا کە هەر یەکێکمان لە جیاتی دوو چاو بە چوار چاو چاودێری دەکرێین.

پندار دەڵێ:- بەڕای ئێوە ناتوانین سوود لە چێشت چییەکان وەربگرین؟

لە بیرێکی خراو ناچێ. مەهدی سینە کۆتر لاقی درێژ دەکاو دەڵێ:

- لەوەیە من بتوانم لەگەڵ موسی چێشتچیدا رێکبکەوم... بەڵام دەبێ دەرفەتی قسەکردن بڕەخسێ.

هەمیشە پاسەوانێك لەبەر ئەو پەنجەرەیە وەستاوە کە خواردنی لێوەردەگرین.

- ئەگەر کارێکی وا بکرێ پاسەوانەکە مژول بکرێ...

ناسر ئەبەدی دەڵێ:- کارێکی ئاسان نییە... بەڵام...کە دەگەینە بەر پەنجەرەکە دەبێ یەك بە دووی یەکدا ریز بین، خواردنەکەمان وەربگرین و خێرا بگەڕێینەوە.

ناسر ئەبەدی لەسەری دەڕوا:- ... بەڵام لەوەیە بتوانم بەگژیا بچمو بیکەم بەهەراو لەبەر پەنجەرەکە دووری بخەمەوە...

پندار لە مەهدی سینە کۆتر دەپرسێت:- پێت وایە بتوانی موسا رازی بکەی؟

بەر لەوەی مەهدی سینە کۆتر شتێك بڵێ، لە پڕ دەرگای قاوشەکە بە تەقو هوڕ دەکرێتەوە. هەموو ئاوڕ دەدەینەوە. پیاوێکی دەستە باڵا بە دەم زللەیەکی ئەفسەریارە پیرەکەوە پەرتی ژوورەوە دەبێ. تۆزێ قەڵەوە. کراسەکەی لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. دوگمەکانی یەخەی تا خواری خوارەوە کراوەتەوە. هەموو چاومان لە کابرا دەستە باڵاکەیە کە هەستاوەتە سەر چۆکانو خەریکە هەڵدەستێتە سەر پێیانو ئاوڕی پاشەوە دەداتەوەو دەبۆڵێنێ:

- بێ شەرەفانە نە پیاوەتیان لایە نە مرۆڤایەتی.

هەوا هێندە شێدارە کە ئەگەر بڕوانیتە تیشکی خۆر دەشێت گەردیلە ئاوەکان بدینی. کابرا کە سەری ئەژنۆکانی دەتەکێنێ. مەچەکی دەشێلێو هێدی هێدی بەرەو لامان دێ. هێند بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدێنێ، دەڵێی توانای رێکردنی نییە. سەریان پاك سفر کردووە. سارغییەکی سپی بە تەوێڵییەوە بەستراوە. لێرەو لەوێ پەڵە خوێن بە سارغییەکەوەیە. هەموومان سەیری دەکەین.

بەلارە لار دێو لە ناوەندی قاوشەکەدا دەوەستێ. دەنگی نزمە:- کوڕینە ئاو... دوو دانە رۆژە ئاوم بە زاری نەکەوتووە.

قسەکانی لە ناخییەوە دەردێن، راستگۆییان پێوە دیارە، بەڵام لێوە تەڕەکانی ئەوە نانوێنێ کە دوو رۆژ بێ تینوێتی کێشا بێ.

مەنوچە رەش بە سەر ئیشارەت بۆ لای سەرچاوەی ئاوەکە دەکا.

- ئەوە تا ... لەوێندەر... لای ئاودەستەکانە.

کابرای دەستەباڵا دەڕوانێتە ساباتی سەر ئاوەکە. ئەوجا دەست دەخاتە کەمەریو بەرەو حەوزەکە دەڕوا. چەند ساتێك لە ژێر ساباتەکە دەوەستێ. ئاوڕ دەداتەوەو سەیرمان دەکات. ئەوجا دادەنەوێتەوە، بەلوعەی حەوزەکە دەکاتەوە، مستی لەبەر ئاوەکە رادەگرێ تا پڕ دەبێ، بە پشتی دەست ئاوەکە دەگرێتەوە.

مستی لە زاری دەکاتەوە. بۆنی ئاوەکە دەکا، چارەی گرژ دەبێ، ئاوەکە دەڕێژێ، هەڵدەستێو بە دەنگێکی نێر دەڵێ:- ئەم ئاوە ناخورێتەوە.

هەموو دەنگی دەژنەوین، هەموو نیگای دەکەینو هەموو بێدەنگین. کابرای دەستە باڵا، هەمدیس دەڕوانێتە حەوزەکەو ئەوجا بە لەقە لەق لە ژێر ساباتەکە وەدەر دەکەوێ. ئێستا دەنگی نزم نییە. بەڵکو دەنگی دلێرو پڕ جورئەتە:

- ئێوە، ئاوی ئەم حەوزە دەخۆنەوە؟

مەهدی سینە کۆتر، سەر دەخاتە سەری.

- نە بە گیانی تۆ، هەر ژوورەو یەخچاڵێکی گەورەی تێدایە.

بویە لە قاقای پێکەنین دەدا، قازی لە کابرا راماوە. کابرا بە داوێنی کراسەکەی، خۆی باوەشێن دەکا. بەدەنگی بەرز دەڵێ:- من سەرم لە ئێوە سوڕ دەمێنێ، دەڵێی ئاوی کولاوە، بۆنی ژەنگ دەدا...

یەکێك لەو سەری قاوشەکەوە وەڵامی دەداتەوە:- دەخۆی ئەوەیە ناخۆی ئەوەیە.

دەڕوانمە ئێشکچییەکەی سەربان کە لە بورجەکە هاتۆتە دەرێو لە پشت تەلبەندەکەوە دەڕوانێتە خوارێ. دەنگی کابرای دەستە باڵا دەژنەوم:- ئەمە نەبوو بە قسە.

زیندانییەکی دی کە لە نێو پەنجەرەکەدا هەڵتروشکاوە دەڵێ:- باشە تۆ مەیخۆرەوە.

کابرای دەستە باڵا دێتە ناوەندی قاوشەکە، بەداوێنی کراسەکەی ،ئارەقەی سەر گۆنا و گەردنی دەسڕێو بە دەنگێك کە هەموو گوێمان لێبێ دەڵێ:

- منو تۆ لە گۆڕێ نییە، چما منو تۆ جیاوازیمان چییە؟

پندار لە پاڵ دیوارەکە هەڵدەستێ. کابرای دەستە باڵا دەنگی لە تێرییەوە دێ. دەڵێی چ ئاشنایەتییەکی لەگەڵ کەلەپچەو پێوەندو ئینفرادیدا نییە.

- ئەم هەموو زەلامە دانیشتوون کە هەرچییەکتان دەرخوارد بدەن متەق نەکەن بە ناخێرتان هەموو بەشەرنو شعورتان هەیە.

قـازی، هەڵدەسـتێ چـاو لـە کـابرای دەسـتە بـاڵا ناگوێزێتـەوە. چـاو نـاتروکێنێ، هـەموو هەڵسوکەوتێکی بە نیگا دادەبێژێ. هەڵدەستم. لە پاڵ پندارەوە دەوێستم. گوێم لە دەنگی قازی دەبـێ کـە بـە گـوێی پنـدارا دەچـپێنێ:- پێدەچـێ ئـەم کابرایـەم لـە شـوێنێ دیـتبێ... نـازانم... لەوەشە...

پندار هەڵدەداتێ :- پێتوایە بیناسیت ها؟

قازی سەر دەلەقێنێ:- دەڵێی لە شوێنێ دیتومە.

پندار دەڵێ:- کەواتە باش بیر بکەوە... بزانە لە کوێ دیتۆتە.

کـابرای دەسـتە بـاڵا دەڵـێ:- ... ئەگـەر مـن لـە جێـی ئێوەبـام تـا ئێسـتا حـەوت زەمـان بـوو ئـەم بۆگـەناوەم تـوڕ دابـووە دەرێ. ئێسـتا، ناسـر ئەبـەدی. مەنوچـە رەش و مەهـدی سـینە کـۆتریش هەستاونەتە سەر پێ. پشتمان بە دیوارەکەوە داوەو دەڕوانینە کابرای دەستە باڵا. دیسان قازی دەڵێ:

- سەیر کردنەکەیم زۆر لە لا ئاشنایە... قسەکردنیشی ئاشنایە... جوڵەی سەروگەردنی...

پندار، لە قازی ڕاماوە. قسە کردنی پندار، جۆرە دوو دڵییەکی تێدایە.

- لام وایە ئۆینێکی لە ژێر سەردایە.

پندار، لە خۆڕایی قسە ناکا. تـا ئێسـتا زۆر شـتی لێـوە فێـر بـووم. ئـەوەی لێـوە فێـر بـووم کـە لـە مەحکەمـەدا چ بکـەم، چۆن رووبـەڕووی پـۆلیس ببمـەوە. چۆن هەسـت بـە پـیلان بکـەم. هەنـدێجار خۆزگـە بـە پنـدار دەخـوازم. بـە ئـەزموونی دەوڵـەمەنـدی، بـەو پێشـبینییانەی کـە دەیکـا و دروسـت دەردەچێ... دیسان دەنگی قازییە.

- ئەو گوپە گۆشتنانەم دیتوە... بێگومان لە جێیەك دیتومە.

دەنگی کابرای دەستە باڵا سات بە سات دلێرتر دەبێ. دەلێی راسپێردراوە کە قسەمان بۆ بکـا و هانمان بدات.

پاسەوانە ئێشکچی یەکە چووەتە راڕەوەکەی بەر ژوورەکان. دڵنیام کە دەنگی کابرای دەستە باڵا دەژنەوێ، بەڵام خۆی لێناگەیەنێ. بەڕاستی لە دوێ شەوەوە تا ئێستا رەفتاری ئێشکچی نێو قاوشەکە گۆڕاوە. هەر کارێ بکەین هەقی بەسەرەوە نییە. لـە سوچێکدا دەوێسـتێ و بـۆ خـۆی بـە بێدەنگی جگەرە دەکێشێ.

پنـدار لـە فکـران راچـووە، قـازی چـاو لـە کـابرای تـازە هـاتوو ناگوێزێتـەوە. چـاوەکانی چـکۆلە بوونەتەوەو چرچ کەوتۆتە هەنیەی.

ئێسـتا هـەموو زیندانییـەکان هەسـتاونەتە سـەر پـێ و بێئـەوەی چ قسـەیەك بکـەن، لـە سـێبەری دیوارەکەدا وێستاون و دەڕوانن کابرای دەستە باڵا کە بەبێ ترس قسە دەکا:

- ... ئێوە لەکێ دەترسن؟... چاوەڕێی چین؟... بۆ ئەم بۆگەناوە تـوڕ نادەنـە دەرێ... بۆچـی داوا ناکەن کە سەرۆکی زیندان بە خۆی بـێ چۆرێ لـەو چڵکاوە بخواتـەوە تـا بزانـێ ئێـوە لـە چ وەزع و حاڵێکدان؟...

هەموو سەرسامو بێدەنگین. بۆچی ئێشکچییەکە چۆتە ڕاڕەوەکەو لە جێی خۆی ناجوڵێ؟ ئەم پیاوە بۆ هێندە دەنگی دلێرە؟... دەنگی لێهەڵدەبرێ:

– ... من ئامادەم دەرگای قاوشەکە بەر لەقە بدەم تا دێن بە دەنگمانەوە. ئەگەر ئێوە زات ناکەن من ئامادەم هەر ئێستا تەنکی ئاوەکە بە تاڵ بکەمو بیکێشم بە دەرگای قاوشەکەدا... ئێوە پێتان وایە چمان لێدەکەن؟... لە زیندان بەو لاوە ئیدی بۆ کوێ؟...

بە دەم قسە کردنەوە بەرەو لای تەنکی ئاوەکە دەچێ.. رێی و رۆییشتنەکەی گورج و گۆڵەو بە هیچ جۆرێ نا لەنگێ. بەر لەوەی کابرا بگاتە ساباتی ئاوەکە، پندار رادەپەڕێو شانی دەگرێو دەڵێ:

– پەلەت چییە برادەر؟... تۆزێ سەبرت بێ.

کابرا خۆی رادەپسکێنێ کە شانی لەچنگ پندار دەربێنێ. رەنگی سوور هەڵگەڕاوەو هاوار دەکات:– ... بەرم بدە با ئەم چڵکاوە تورِ بدەمە دەرێ... ئەگەر ئێوە پیاوی مەیدان نین من لە خواش ناترسم. پندار باوەشی پێدا دەکاو ڕاکێس ڕاکێش دەی هێنێتە سێبەری دیوارەکە. هەموومان دەوری پندارو کابرای دەستە باڵا دەدەین. ئێشکچی یەکە هێشتا لە ڕاڕەوەکە دایە. هەر مێشیش میوانی نییە. ئێشکچییەکەی سەر بان ملی قوت کردۆتەوەو تەماشا دەکاو هەناسەی لە خۆ بڕیوە. پندار، کابرا وەردەگێڕێو بە هەردوو دەست یەخەی دەگرێو بە دەنگێکی هێدی دەڵێ:

– راست بڕۆ کابرا.... بۆ دەتەوێ هەراو هەنگامە لە قاوشەکەدا بەرپا بکەی؟

کابرای دەستە باڵا نیگای لە نیگای پندار دەدزێتەوەو دەڕوانێتە دەوروبەر:

– ئاخر حەیوانیش ئەم ئاوە ناخواتەوە.

ناسر ئەبەدی لە پشت کابرا وێستاوە... دەنگی پندار دڵگیرە:

– بەڵام کێ لە ئێمە قاییل بوو کە تۆ ئاوەکە بڕێژی؟

کابرا دەست هەڵدەبڕێ تا ئارەقەی سەر گۆناکانی بسڕێ. قازی لە پڕ ڕادەپەڕێو لە وشەکە بیرو گەورەکەی سەر دەستی کابرا ڕادەمێنێ. لە بن لێوانەوە دەڵێ:– نامەرد، ئێستا ناسیمیت... خەریك بوو شێت دەبووم.

وەکو هەمیشە بە پەلە دێتە پێشێو مەچەکی کابرا دەگرێو بەپەلە دەڵێ:– تۆ... تۆ.... سکرتێری لقی سێیەمی ئیجرام نیت؟

رەنگە سوورەکەی کابرا دەپەڕێ، لێوەکانی دەکەونە لەرزین. قازی دەڵێ:

– تۆ گیانی مردووەکانت گەوجم مەکە.

بە دەست دەکێشێ بە روومەتی خۆی داو لەسەری دەڕوا:

– منت بمرم راست بڵێ، تۆ هەر ئەو کەسە نیت کەپارەکە کاتێ سەعاتی کابرایەکم دزی بوو. بەم دەستە بیرۆواییەت ئیفادەکەت نووسیم؟

کابرای دەستە باڵا دەکەوێتە منجە منج:– من؟.... نە!... کێ دەڵێ من...

لە پڕ هەموو لێی دەکەوینە هۆی ها.

– هۆی، ها.

کابرای دەستە باڵا دەشڵەژێ.

– ... درۆ دەکا، من....

هەمدیس هۆی های لێدەکەین.

– هۆی، های

رەنگی کابرا بووە بە زەعفەرانی زەرد.

– درۆ دەکات، من....

– هۆی، ها.

– سوێند دەخۆم کە...

– هۆی، ها.

پندار دەنگی لێهەڵدەبرێ:– کەواتە دەتویست قاوشەکە تێکبدەی بۆ ئەوەی بیانوویان بدەیە دەست، ها؟....

کابرای دەستەباڵا دەکشێتەوە. ناسر ئەبەدی باوەشی پێدا دەکا.

– ئێوە بە سەهو چوونە.

هەموو پێکەوە هاوار دەکەین:– هۆی، ها.

لە پڕ دەنگی کرانەوەی دەرگاکە دێ. ئاوڕ دەدەینەوە. سەرۆکی زیندان وەکو بەرازی پێکراو خێرا خێرا لاقە کوڵەکانی هەڵدێنێو دێتە نێو قاوشەکەوەو نەڕەی سەعاتە رێیەك دەڕوا:

– ئەوە چیتانە؟... ئەم هاتو هاوارە چییە؟

کابرای دەستە باڵا خۆی لە باوەشی ناسر ئەبەدی دەردێنێو سووكو باریك دەکشێتەوە. رێگەی سەرۆکی زیندان دەکەین. دێتو رێك بەرامبەر بە پندار دەوێستێ.

دەڕوانمە دەرگای قاوشەکە. چەند پاسەوانێك لە نێوان دەرگاکەدا وێستاون. مشتوی قامچییەکانی دەستیان دەگوشن. چەند پاسەوانێکی دی لە دوای ئەوانەوە لە راڕەوەکەدا وێستاون.

کابرای دەستە باڵا لە نێو ئێمە دەرچووە. هەموو بێدەنگ بووین. دەنگی سەرۆکی زیندان دڵمان دەلەرزێنێ.

– ئەگەر لەسەر ئەم ئاژاوە گەرێتییە بەردەوام بی، کارێکت پێدەکەم کە عەرەب بە وشتری نەکردبێ..

پندار رەنگی تێکچووە. دەنگی گڕی ناسر ئەبەدی دەردێ:

– بەڵام جەنابی سەرۆك، ئەوە بزانە کە ئەگەر پندار نەبوایە، ئەم پیاوە بەزمێکی دەنایەوە ئەو سەری دیار نەبێ.

چارەی سەرۆك زیندان گرژ دەبێ. دەقیڕێنێ:– تۆ قسە مەکە ناسر.

ئەوجا دەڕوا بۆ لای سکرتێری لقی سێیەمی ئیجرام کە لە ژێر ساباتی ئاوەکەدا وەستاوە.

– رێکە، بڕۆ دەرێ.

کابرای دەستە باڵا سەر دادەخاو بەرەو دەرگای قاوشەکە دەڕوا. ئێستا پاسەوانەکان بەر دەرگاکەیان چۆڵ کردووەو چوونەتە ڕاڕەوەکە. سەرۆکی زیندان بە دەستە سڕەکەی ئارەقەی گۆناو گەردەنی دەسڕێو بە دەنگی بەرز دەڵێ:– بەشی هەمووتان ئینفرادیم هەیە. وەکو مەڕ دەتانکەم بە یەکدا تا قەدری عافیەت بزانن... تا بزانن کە ناتوانن هیچ ناماقوڵییەك بکەن.

ئەوجا سەری لەسەر ملە ئەستوورو قەڵەوەکەی دەسوڕێو نیگای هەموومان دەکا، کراسە وەنەوشەییەکەی لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، بە پشتیوە نووساوە، ورگی دەرپەڕیوە. پشتێنەکەی هاتۆتە سەر سمتی. نیگای تیژی لەسەر رەزا گیرفان بڕ دەگیرسێتەوە.

– وەرە لەگەڵ مندا.

نیگای ناسر ئەبەدی کە دەڵێی دوو پشکۆ ئاگرن بە سیمای رەزاوە دەگیرسێتەوە. سەرۆکی زیندان وەڕێ دەکەوێ. ناسر ئەبەدی بە گوێی رەزا گیرفان بڕدا دەچپێنێ:

– ئەگەر ناوی ئێمەت هێنا، ئیدی نەیەیتەوە بەم قاوشەدا ئەگینا....

سەرۆکی زیندان دەوێستێ، ئاوڕ دەداتەوە و مۆرە لە ناسر ئەبەدی دەکا. دەڵێ ی گوێی لە قسەکەی ناسر ئەبەدی بووە، دەڵێ ی گوێی مشکی هەیە. ناسر، وەکو پایە رەق راوەستاوە. دڵۆپە ئارەقەی درشت مووە چڕەکەی سەر سنگی پڕکردووە. رەزا گیرفان بڕ، رەنگی بزرکاوە. پندار بە ددان سمێڵی دەجوێ. سەرۆکی زیندان دێتە پێشێ و رووبەڕووی ناسر ئەبەدی دەوێستێ. سەری دۆنکییەکەی دەستی دەخاتە سەر شانی و بە توورییەوە دەڵێ:

– من دام نابوو هەوڵێکت بۆ بدەمو پەراوێزێکی وات بۆ بنووسم کە سوودی لێوەربگری... بەڵام لە ئێستا بەدواوە مەگەر هەر خەوی پێوە بدینی.

***

عەباسی قەساب بەر دەبێ. نوسخەکەی دادوەر لای خۆمان دەمێنێ. هێشتا بیرمان بە هیچ کوێ رانەگەیوە، پندار گازمان دەکات، یەك یەك خۆ بە ژووری ژمارە دەدا دەکەینو لە دەوری یەکدی دادەنیشینو کۆبوونەوە دەکەین. قازیو بویە، لە ڕاڕەوەکەو لە نێو حەوشەدان تا ئەگەر پاسەوانەکە هەستی بە شتێ کرد، ئاگادارمان بکەن. پندار دەڵێ ئەگەر ئاو بوەستێ نابێ ئێمە بوەستین. دەبێ هەمیشە ژوور بە ژوور بگەڕێینو قسە لەگەڵ زیندانیەکاندا بکەینو زاتیان وەبەر بخەین.

– ... وریا بن... ئەگەر یەکێك ویستی ژێوان بێتەوە، ئەوا قسەی لەگەڵ بکەن.... زاتی وەبەر بخەن، ئەگەر پێتان قاییل نەکرا، ئەوا یەکسەر خۆم ئاگادار بکەنەوە...

بڵاوەی لێدەکەین. زیندانیەکان دەستە دەستە لە دەوری یەك دانیشتوون. کەمتری قسە دەکەن. دیسان ئێشکچی نێو قاوشەکەی گۆڕاوە.گوێ لە قسەکان دەگرێ. بڕو بیانوو دەگرێ. دەنگ بەرز دەکاتەوەو...

دەستە دەستە سەرگەرمی دەکەین تا نەتوانێ گوێ لە قسەکانمان بگرێ.

قسەکانی پندار دەکەوێتە سەر زاران:- مانگرتن زۆر جیاوازە لە ئاژاوە نانەوە. دەبێ وریا بین، بە سەبرو حەوسەڵە بین. نابێ بە خۆڕایی بیانوویان بدەینە دەست. ئەو رۆژەی کە قەرارە مان بگرین، هێدی‌و هێمن رۆدەنیشین خواردن وەرناگرین.

... ئەگەر رێکەوتی رۆژی دیدەنی کرد ناچینە دیدەنی میوانەکانمان.

ناسر ئەبەدی، لە هەموو کەس پتر خەمی ناردنی نوسخەکەی دادوەرێتی.

- ... ئاخر ئەگەر نەگاتە دەستی، چۆن دەزانێ مانمان گرتووە؟

ئەحمەد روتەیل دەڵێ:- ئەدی ئەگەر نەمان توانی نوسخەکەی دادوەر بگەیەنینە دەرێ؟

پندار دەڵێ:- ئێمە مانگرتنی خۆ هەر دەکەین.

مەهدی سینە کۆتر، دیسان باسی موسا چێشتچی دەکا.

- چۆنە تۆزێکی دی بیری بکەینەوە؟ لەوەیە لە رێگەی ئەوەوە بتوانین نوسخەکە بنێرین بۆ دادوەر.

نیوەڕۆ کە دەچین بۆ نیوەڕۆژە وەرگرتن، ناسر قۆڵ بە قۆڵی پاسەوانی بەر پەنجەرەکەدا دەکا و دەیباتە لاوە. بویە لە پاش مەهدی سینە کۆترەوە دەوێستێ. مەنوچە رەش‌و پندار لەملاو ئەولایەوە دەوەستن. من لەم لای پەنجەرەی چێشتخانەکەوە بەئەنقەست پێ دەنێم بە پەنجەی پێی ئەحمەد شادان داو گوشاری دەخەمە سەر .ئەحمەد هاوار دەکات:- خالید، مەگەر کوێری؟

بە گژیا دەچمەوە:- کوێر بی‌و ئەولاتریش، ئاگات لە دەمت بێ.

ئەحمەد پتر دەنگی لێهەڵدەبرێ:- پێت پلیشانمەوەو هێشتا قەرزاربارم دەکەی؟

پاسەوانەکە دێ بەلامانەوە:- چیتانە؟

ناسر ئەبەدی لەگەڵ ئەحمەد دەیکا بە هەرا.

- تەمەشا، چی لە پەنجەی پێم کردووە...

لە پڕ موسا چێشت چی دەنەڕێنێ:- دەتانەوێ لە نان خواردنم دوا بخەن؟

پاسەوانەکە واز لە ئێمە دێنێ‌و خۆی دەگەیەنێتە بەر پەنجەرەی چێشتخانەکە.

- ئەوە چییە موسا؟

چارەی موسا گرژە، کەوچکەکە لە قاپەکەی مەهدی سینە کۆتردا خاڵی دەکاو دەڵێ:

- هیچ بابە هیچ.

پاسەوانەکە، پندارو مەنوچە رەش دەداتە دواوە.

- بچینە ریزەوە.

موسا چێشتچی، ناچێتە ژێر بار. نوسخەکەی دادوەر هەروا دەمێنێتەوە.

هەتاو خەریکە لە دیوارە بەرزەکەی زیندان ئاودیو دەبێ. قسەکانی پندار دەماودەم دەگەڕێ.

- دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە مانگرتن دەستی پێکرد، ئەگەر دارکاریشمان بکەن نابێ بیکەین بە هەراو هەنگامە. دەبێ زۆر هێدی و ئارام تەحەمولی هەموو شتێك بکەین‌و درێژە بە مانگرتنەکەمان بدەین.

هەموومان دوو دڵو بە گومانین. هەندێجار هێندە ورەمان بەرز دەبێ کە ئامادەین تا دوا هەناسە کۆڵ نەدەین. هەندێ جاریش وا ورە بەر دەدەین چیوای نامێنێ هەندێ کەس بڕۆن خۆ بەسەر دەستو پێی سەرۆك زیندانداا بخەنو پەشیمانی خۆ دەربڕن. پندار، ماندوو بوون نازانێ. سەرم سوڕ دەمێنێ لەو هەموو تاقەتو حەوسەڵەیەی کە هەیەتی، لەو هەموو قسەیەی کە دەیکا.

ئێوارەی بیست و نۆی مانگە. دەمی پندار کەفی کردووە. هەموومان بەسەر دەکاتەوە. لەم دەستەیەوە بۆ ئەو دەستە. لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور. لە هەموومان پتر قسە دەکاو لە هەموومان بە پەرۆش ترە. هەوا بە حاڵ فەرقی کردووە. بلاجکتۆرەکانی زیندان هەڵدەبن. هەندێجار نەرمە بایەك لەسەر دیوارە بەرزەکانی زیندانەوە دێو ئارەقەی سەر هەنیەمان هیشك دەکاتەوە. زیندانییەکان لێرەو لەوێ لە نێو حەوشەدا جێیان راخستووەو لە دەوری یەکدی دانیشتوون. ئاسمانی بێ گەرد ئەستێرەی لێهەڵدەقولێ. تەشکی گەرمای رۆژ شکاوە. دەنگی پەرێمزەکان تێکەڵ بە قسەکان دەبێ. قسەکان هەندێجار شێوەی گاڵتە دەگرنە خۆ:

– دوا شیوە.

– بڵێ شیوی غەریبان.

ئێستا، چ قسەیەك لە ئێشکچی نێو قاوشەکە نا شارینەوە. بە ئاشکرا باسی مانگرتن دەکەین. مان گرتن بووە بە شتێکی ئاسایی، دەڵێی ترسمان شکاوە.

حەمە ریشە دەڵێ:– ئەوشۆ بە قەد گامێشێ دەخۆم.

ئێستا، هەموو قەناعەتمان هێناوە کە سبەینێ لەگەڵ رۆژهەڵاتدا مانگرتن دەست پێدەکا. تەقی پێ مەکینە دەڵێ:– خۆ ئەگەر ئاو بخۆینەوە مانگرتنەکەمان ناشکێ؟

لە قاقای پێکەنین دەدەین.

– حەز دەکەی رۆژی یەك کوندە ئاو بخۆوە.

دوو دڵی دەکەوێتە سیمای تەقی پێ مەکینە. دەنگی نزم دەبێو دەڵێ:

– ئەمەیانم بە ڕاستە... ئەگەر گوتیان سەریان بە قەبری بابیان. چ بکەین؟... چما بنیادەم چەند رۆژ بەرگە دەگرێ؟

پندار هەڵدەداتێ:– تەقی بزانە... ئەگەر باش سەرنج بدەی، سەیر دەکەی لە ئێستاوە دەستەپاچە بوون.

حەمە ریشە بە قنگە خشکێ دێتە پێشێو دەڵێ:– بەڵام ئەوانە دڵیان بە ئێمە ناسوتێ.

مەهدی سینە کۆتر چاوە خڕەکانی ئەبڵەق دەکاو دەڵێ:

– بەڵام حەمە گیان ئەوە بزانە کە مەسئولی گیانی ئێمەن.

هێشتا هێور نەبووین. پندار هەر خەریکی قسە کردنو تەگبیرە. مەهدی سینە کۆتر دێتە پێشێو گوێ بۆ قسەکان شل دەکا. ناسر ئەبەدی خۆی پف دەداو دەڵێ:

– ئەگەر بە دەنگمانەوە نەیەن بە جۆرێ ئەم قاوشە بە یەکدا دەدەم کە پێنج سەد پاسەوان دەرەقەتمان نەیەن... بە چەقۆ ... پندار هەڵدەداتێو بیری دەخاتەوە کە دەبێ هێمن بێ...

– ... ناسر ئەمە سەدەمین کەڕەتە کە دەڵێم... نابێ بیانوویان بدەینە دەست.

دەنگی مەنوچە ڕەش دەژنەوم:

– یانی چمان لێدەکەن؟... من کە خواردنەکەم تۆڕ دایە سەربان‌و هەزارو یەك جنێوی سەر بە کوڵکەم بە هەموویان دا... تەنیا چەند ڕۆژێك خرامە ئینفرادی... هەر خۆشم بووم... تۆ پێت وایە بەرامبەر بە سەد کەس چیان لە دەست دێ؟

قازی بە پەلە قسان دەکا و بەڵگە دێنێتەوە:

– مانگرتن تاوان نییە... خۆ ئەگەر بە دەنگمانەوە نەیەن. هەقی خۆمانە مان بگرین. ئەوان بەرپرسیارن... خۆ ئەگەر دادەوەر پێبزانێ لەوانەیە سەرۆکی زیندان بگۆڕێ... من شارەزای یاسام، هەموو یاسام ئەزبەرە.

پندار، باسی ئەزموونەکانی خۆی دەکا.

– ... ئەگەر لە نیوەدا دەست بەردار بین، وەزعمان لەمەش خراتر دەبێ.دەبێ کۆڵ نەدەین... ئەگەر سوورین لەسەر بڕیاری خۆ، من دڵنیاتان دەکەم کە ڕۆژی سێیەم بە دەنگمانەوە دێن... تەنیا سێ ڕۆژ خۆ بگرین...

حەیدەر ئاوریشم، ڕدێنە ڕەش‌و چڕەکەی دەخورێنێ‌و دەپرسێت:– ئەدی ئەوانەی کە خواردن وەردەگرن؟

ناسر ئەبەدی سەر هەڵدەبڕێ‌و دەڵێ:– نەیخۆن تاڵە... وەکو پایە بەردەمیان دەگرم‌و نایەڵم بچنە دەرێ. ردێنە ماش‌و برنجەکەی بویە دەجوڵێ:

– ئێمە هەقمان چیە بەسەر ئەوانەوە.

ناسر ئەبەدی دەڵێ:– ترحێو... ئەوانە چیان لە ئێمە زیاترە؟

بویە دەڵێ:– بەڵام ئێمە ناتوانین جڵەویان بگرین.

ناسر ئەبەدی بە دەنگی بەرز دەڵێ:– ناتوانین؟... مەگەر بەسەر جەنازەکەمدا ڕەت بن...

پندار قسەکەی ناسر ئەبەدی دەبڕێ:– گوێ بگرە ناسر... هەڵبەتە ئەگەر ئەوانیش خواردن وەرنەگرن باشترە، چونکە ئەگەر وەری بگرن مانای وایە خواردنەکە دەخورێ...بەڵام...

ناسر ئەبەدی خۆی لە قسەکەی پندار هەڵدەقورتێنێ:– ئاخر لەبەر ئەمەیە کە دەڵێم نابێ خواردن وەربگرن.

بویە دەڵێ:– ئەگەر بە زۆر نەیەڵین خواردن وەربگرن، سەریەشەمان بۆ دروست دەبێ.

دەنگە گڕەکەی عەلی دەلاك لە نێو قاوشەکەوە دەنگ دەداتەوە:– ناسر ئەبەدی،

هەموو بێ دەنگ دەبین.

ناسر ئەبەدی چەناگە پانەکەی دەخورێنێ‌و نیگا تیژەکانی دەبڕێتەوە نیگای پندار. دەرگای قاوشەکە دەکرێتەوە. دیسان دەنگی عەلی دەلاکە. ئەفسەریارە پیرەکە لەبەر دەرگای قاوشەکە وەستاوە. ناسر هەڵدەستێ.

گوێم لە دەنگی ئەفسەریارە پیرەکە دەبێ:– ناسر ئەبەدی، وەرە جەنابی سەرۆك کاری پێتە.

ناسر ئەبەدی وەڕێ دەکەوێ. لە دەرگای قاوشەکە وەدەردەکەوێ. سەیری یەکدی دەکەین. ئێستا لە مانای ئەم بانگ کردنە ناوەختانە تێدەگەین. هەندێجار هەڕەشەیەو هەندێجار دارکاریو هەندێجار ئینفرادی.

– بۆچی بانگیان کرد؟

– ئاشکرایە... دەیانەوێ خۆ بنوێنن.

بە پشتدا رادەکشێم. دەستەکانم وەبن سەرم دەنێم. دەڕوانمە ئاسمان، یەکجار جوانو پڕ ئەستێرەیە.

قسەکان تێکەڵ بە یەکدی دەبن:– گوتی بەشی هەموومان ئینفرادی هەیە... مەگەر نەیگوت؟

بویە چا تێدەکا. دادەنیشم و چایەك وەردەگرم. پندار دەڵێ:

– هیچی لێناکات. تەنیا قسەی لەگەڵ دەکا. لەوەیە هەڕەشەی لێبکا... دوور نییە تەماعیشی وەبەر بنێ...

حەمە ریشە دەڵێ:– پەح!.... تۆ ئەمانە ناناسیت.... شیر حەرامێکی وایە رەحم بە دایکی خۆشیدا ناکا.

بەر لەوەی چای دووەم تەواو بکەم، ناسر دێتەوە. بزە نیشتۆتە سەر لێوی. ئەفسەریارەکەی لەگەڵە، دادەنوێتەوەو مەچەکی پندار دەگرێو دەڵێ:– هەستە، لەگەڵم وەرە.

پندار، کە وەرێ دەکەوێ، روو دەکاتە منو دەڵێ:– چاوەڕێ بە ئەمجا نۆرەی تۆیە.

ناسر ئەبەدی، چایەکەی لە ژێر پیاڵە دەکاو قسە دەکا. سەرۆکی زیندان پێی گوتووە:

– باشە ناسر... سبەی مان دەگری؟

ناسر ئەبەدی لە بن لێوانەوە گوتویەتی:– بە یارمەتی خۆتان جەنابی سەرۆك.

سەرۆکی زیندان لە قاقای پێکەنینی داوەو بە گاڵتەوە گوتوویەتی:– بە یارمەتی من؟

ناسر، دیسان گوتوویەتی:– مەبەستم ئەوەیە... کە خواردنەکەمان جەنابی سەرۆك... بەخۆت دەبی بینی. ئەوجا سەرۆکی زیندان کورسی بۆ ناسر هێناوەتە پێشو داوای لێکردووە دابنیشێت، بەڵام ناسر دانەنیشتووە. ئەوجا سەرۆکی زیندان دەستی خستۆتە سەر شانی ناسرو پێی گوتووە کە دەستوور دەدات رۆژی دوو ژەم خواردنی چاکی بدەنێ،و ئەوجا دڵسۆزی نواندووەو گوتوویەتی:

– دەزانی چییە ناسر؟.... تۆ نابێ خۆت تێکەڵی ئەمانە بکەی. من دەتوانم عەفوت بۆ وەربگرم...و دەتوانم حوکمەکەت بۆ تەمییز بکەمەوە، دەتوانم...

ناسر ئەبەدی هەڵیداوەتێو بە مینگە مینگ گوتوویەتی:– وەڵڵا... ئێمە.... جەنابی سەرۆك... چ هەڵەیەکمان نەکردووە.

بەڵام سەرۆکی زیندان دیسان دەستی بە بەڵێندانو ئامۆژگاری کردووە. لە دواییدا داوای لە ناسر کردووە کە ئاژاوەی زیندانییەکان بکوژێنێتەوە.

ناسر ئەبەدی چایەکەی هەڵدەقوڕێنێو قسە دەکا.پێم گوت:

– وەڵڵا جەنابی سەرۆك... زندانییەکان بە قسەی من ناکەن.

گوتی:– با گوێت لێدەگرن، بە قسەت دەکەن. بڕۆ قسەیان لەگەڵ بکە. بەڵێنم بدەیێ کە سبەی نەیەڵی مان بگرن، هەرچیم لە دەستبێ بۆتی دەکەم.

ناسر ئەبەدی لە قاقای پێکەنین دەداو دەڵێ:– نامەردە دەتگوت کەری بەگیر هێنا بوو. من دەڵێم نێرەو ئەو دەڵێ بیدۆشە. دەڵێم من هیچم لە دەست نایەت، دەڵێ رۆژی دوو ژەم خواردنی چاکت دەدەمێ....

دەرگای قاوشەکە دەکرێتەوە. پندار وەژوور دەکەوێ. پێکەنین نیشتۆتە سەر سیمای. ئەفسەریارەکە گازم دەکا. پندار دەڵێ:– ورەت بەرز بێ.

لەگەڵ ئەفسەریارەکەدا وەردەردەکەوم. بەردەم نووسینگەکەی زیندانیان ماڵیوەو ئاوڕشێنیان کردووە، فێنکە، سەرۆکی زیندان لەسەر کورسییەك دانیشتووە و جگەرە دەکێشێ. ئەفسەری ئێشکچی لە پشتییەوە وێستاوە. سەرۆکی زیندان نەرمە. قسە کردنەکەی تێکەڵ بە بزە بووە.

– من پێم سەیرە خەڵکانی فامیدەو خوێنەواری وەکو تۆ و پندار، خۆ تێکەڵ بە کۆمەڵێك دزو چەقۆکێش دەکەن.

بزە، لێوە تەڕەکانی لەبەر یەکدی هەڵدێنێ. لە پڕ دەڵێی دەنگی زللەکەی دەژنەوم کە بە رووەمەتم دەکەوێ، دەنگە توڕەکەی دەژنەوم.

– بۆیە بەر زللەم دایت تا بزانی خەنیمی کێی.

بزە نیشتۆتە سەر لێوی سەرۆکی زیندان. بە میهرەبانی قسە دەکا:– تۆ پێت وایە ئەمانە بە شەرن؟...

بە دەستەسڕەکەی غەبغەبەی دەسڕێ. پێکەنین لە دەموچاوی دەبارێ.

– ... لات وایە ئەمانە دەبن بە بەشەر؟ پشت بە مانە دەبەسترێ؟...باوەر بکە من دڵم بە ئێوە دەسووتێ.

بە نەرمی قسە دەکاو هەڵم دەنێ:

– تۆ گەنجێکی باشی.. هەر نەبێ لەوانە فامیدە تری... بۆ لە خوتو خۆڕایی خۆ تێکەڵی ئەوانە دەکەی؟

باسی تەجرەبەی خۆ دەکا.

– من ئەوە بۆ پازدە ساڵ دەچێ سەروسەختم لەگەڵ زیندانیاندایە. گیانم لەگەڵیاندا دەرچووە، ئەنجام گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ئەمانە چاك نابن. ئەمڕۆ لەگەڵتانو سبەی لە پێناوی دوو عانەدا گۆشاو گۆش سەرت دەبڕن... ئەمانە لە سەرەتاوە وا پەروەردە بوون...

تاقەتم لە چەنەبازییەکەی سەرۆك زیندان دەچێ. ئەم پێوو ئەو پێ دەکەمو دەڕوانمە دەوروبەر. دەنگی دەژنەوم:

– ... پێویستە لە سوچێك دا یەك– دوو ژوور بۆ خەڵکانی وەکو تۆ و پندار تەرخان بکەم... دەبێ ئێوەگەل لەمانە جیا بکرێنەوە.... ماقوڵ نییە ئێوە تێکەڵی تاخمێك لات و لەوێر بکرێن.

لەسەر کورسیەکە هەڵدەستێو بەرەو لام دێ.

– چۆنە هەر ئێستا ئێوە بە دوو قۆڵی بچن بۆ خەستەخانەکە، کە هەم پاکترەو هەم خواردنەکەشی باشە؟...

سەرم داخستووەو قسەم لە خۆ بڕیوە.

– قاییلی؟

لە بن لێوانەوە دەڵێم:– زۆر مەمنون

جگەرەکەی فڕێ دەداو پێیەکی پێدا دەنێ‌و ئەوجا دەڵێ:– تۆ وەکو کوڕی خۆم وایت.

دیسان دەڵێی لە دوورەوە دەنگی دەژنەوم. دەڵێی دەنەڕێنێ‌و هاوار دەکا:

– دەستوور دەدەم کەلەپچەو پێوەندت بکەن‌و توڕتبدەنە ئینفرادییەوە، تا قەدری عافێت بزانی.

دەڵێی لاقە کوڵەکەی دەبینم کە چۆن هەڵدێتەوەو بەر سمتم دەکەوێ، سەرۆکی زیندان دێتە پێشەوە.

– بیر لە چی دەکەیەوە؟

سەر هەڵدەبڕم‌و نیگای دەکەم، هێشتا بزە نیشتۆتە سەر لێوی.

– هیچ.

دەست دەخاتە سەر شانم.

– باشە... بەڵێنم دەدەیێ کە هەراو هەنگامەی نێو قاوشەکە دامرکێنیتەوە؟

بەسەر سامی سەیری دەکەم.

– ناسرو پندار یارمەتیت دەدەن... قەولیان داومەتێ.

بە نەرمی دەڵێم:– دەشێت ئەوانە قەولیان دابێ، بەڵام....

بێدەنگ دەبم...

– بەڵام چی؟

لە بن لێوانەوە دەڵێم:– .... من هیچم لە دەست نایەت.

دەکشێتە دواوە، خۆی پف دەداو قسەکانی دەگۆڕێ.

– تۆ چەند ساڵی!

– هەژدە.

جۆرە توڕەییەك بە قسەکانییەوە دیارە.

– بەم پێیە، کاتێ کە لە زیندان ئازاد بووی، دەبێ یەکسەری بچی بۆ سەربازی.

دڵم دادەخورپێ. دەڕوانمە گۆنا ئارەقاوییەکانی.

– ئەگەر عاقڵ بی وەختێ ئازاد بوویت هەقم بەسەرتەوە نییە، ئەگینا هەواڵەی تەجنیدت دەکەم.

دەڕواو لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ.

– چۆنە؟

جگەرەیەك دادەگیرسێنێ.

– باشە؟

متەقم لەخۆ بڕیوە.

– شتێ بڵێ.

– خۆتان سەر پشکن جەنابی سەرۆك.

مژێك لە جگەرەکەی دەداو دەڵێ:– بڕۆ بیسەلمێنە کە گەنجێکی عاقڵی... بڕۆ هاوکاری لەگەڵ ناسرو پندارڕا بکەو ئاژاوەکە بکوژێنەوە.

دەمەوێ بڕۆم، دەڵێ:

– ئەمەش بزانە کە ئەگەر بتەوێ فڕوفێڵ بکەی، دەبێ باجەکەی بدەی، بەرەو قاوشەکە وەڕێ دەکەوم. لە دواوە دەنگی دێ.

– هیوادارم قسەکان بە جوانی چوبنە مێشکتەوە.

***

رۆژی سێیەمی خورداده، سپێدەیە. هێشتا خۆر هەڵ نەهاتووە. هەوا قورس و شێدارە. هەموو لە خەو رابوین. نوێنەکانمان کۆکردۆتەوە، لە سوچێکی ژوورەکاندا هەڵمان چنیون. رۆژانی دی تا نزیکی نیوەڕۆ دەخەوتین، بەڵام ئەمڕۆ، دەڵێی هاتوونو یەك بە یەك لە جێگەدا دەریان هێناوین. دیسان دڵەڕاوکێ گرتوومانی. قسە ناکەین. جار جار چەند وشەیەك لەبن لێوانەوە دەڵێین و قوڕو قەپی لێدەکەینەوە. پندار لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە. بزە لە لێوانی نابڕێ. نیگای زات وەبەر پیاودەخا. قسەکردنی جورئەتمان دەداتێ. ترسمان لە دڵ دەڕەوێنێتەوە.

– دەبێ ورەمان بەرز بێ...

بەڵام دیسان دڵەڕاوکێ دێ، ترس دێ، هەڕەشە دێو باڵ بەسەر قاوشەکەدا دەکێشێ. رۆژی دیدەنییە. رۆژی یەکەمی مانگرتنەکەشە. چەند کەسێك لە ژوورەکان وەدەرنەکەوتوون. راکشاونو جگەرە دەکێشن. زۆربەی زیندانییەکان لە سێبەری دیوارە بەرزەکەی زیندانڕا هەڵتروشکاون.

هەتاو داوییە لە نێو قاوشەکە. ئەمڕۆ چ هەواڵێك لە ئێشکچی نێو قاوشەکەوە نییە. ئەژنۆکانم لە باوەش گرتوونو پشتم بە دیوارەکەوە داوە.لە ئارەقەدا هەڵکشاوم. چاوم لە تەلبەندەکەی سەربانە. هەتاو بەرە بەرە دێتە پێشەوە.

لە پڕ دەنگی عەلی دەلاك لە قاوشەکەدا دەنگ دەداتەوە، حەیدەر ئاوریشم گاز دەکات. میوانی هاتووە. لە جێی خۆ نابزوێ. لە نێو پەنجەرەکەدا کروشکەی کردووە، دەستەکانی لە ئەژنۆی ئاڵاندووە، چەناگە پانو چوار گۆشەکەی ناوەتە سەر ئەژنۆیو لە ژێرەوە دەڕوانێتە دەرگای قاوشەکە.

دیسان، دەنگی گڕی عەلی دەلاك، لە کونە بازنەییەکەی دەرگا ئاسنەکەی قاوشەکەوە دێتە ژووریێو لە نێو حەوشەدا دەنگدەداتەوە.

– حەیدەر، ئاوریشم... حەمە ریشە.

ناسر ئەبەدی شانی بۆ دەخەوێنێو بەرەو دەرگای قاوشەکە دەچێ.

حەمە ریشە لەسەر سەکۆی بەر ریزە ئاودەستەکان دانیشتووە. خەریکە نینۆکی دەکا. ناسر ئەبەدی هەردوو دەستی بە دەرگاکەوە دەنێو دەم دەنێ بە کونی دەرگاکەوەو دەڵێ:

– بە خۆڕایی خۆت ماندوو مەکە کابرا... ئەمڕۆ کەس نایەتە دیدەنی.

پندار دێو نیوە جگەرەکەی دەستم لێوەردەگرێ. بزە بە جۆرێ ئاوێتەی لێوەکانی بووە، لە تۆ وایە هەرگیز جیا نابێتەوە. مژێك لە جگەرەکەی دەداو دەڵێ:– زۆر باش دەستمان پێکردووە.

رازییە، مژێکی دی لە جگەرەکە دەدا.

– بەڵام دەزانی...

لەملاوە دادەنیشێ.

– ئەمە بۆیە بە تۆ دەڵێم تا وریا بی.

یاری بە دووکەڵی جگەرەکە دەکا.

– زۆر چاك دەستمان پێکردووە، بەڵام درێژەپێدانەکەی...

قسەکەی قووت دەداتەوەو نیگام دەکا. دەپرسم:– بەڵام درێژە پێدانەکەی چی؟

دەڵێ:– گاڵتە نییە.

بە ئەسپایی دەڵێ:

– ... ئەگەر نەتوانین ئیدارەی بدەین، ئەگەر لە پڕ چەند کەسێك ژێوان بنەوە، ئیدی کار لە کار دەترازێ... جڵەوی شتەکانمان لە دەست دەردەچێ.

بۆنی نا ئومێدی لە قسەکانی دێ. بەڵام بزە لە لێوی نابڕێ. دڵم دادەخوڕپێ، پێی دەڵێم:

– باشە ئەگەر وەختی نەبوو، بۆ...

قسەکەم دەبڕێ:– وەختی بوو... ئەگەر دوامان خستبایە هەرگیز ئەم جۆش‌و خرۆشەمان نەدەبوو.

– باشە، کەواتە...

دیسان هەڵدەداتێ:– من بۆیە ئەمەم گوت کە زۆر وریابی. قسە لەگەڵ ئەونیدیشدا دەکەم. دەبێ وەکو واشە وابین... نابێ رێ بدەین لە هیچ شوێنێکەوە درزمان تێبکەوێ... بۆیە ئەمەم گوت کە تۆ ئا لێرەدا دانەنیشی... دەبێ بڕۆیت و گوێ لە قسەکان بگری... بە ئەوانی دیش دەڵێم کە... هەمدیس سەدای عەلی دەلاك لە قاوشەکەدا دەنگ دەداتەوە.

– شەعبان سەهۆڵ فرۆش.

شەعبان، لە پاڵ دیوارەکە هەڵدەستێ، وەرێ دەکەوێ. لە پندار جوێ دەبمەوەو رێی لێدەگرم.

– کێوە دەچێ شەعبان؟

قەپۆزە درێژو باریکەکەی کە لە لمۆزی تۆڵە دەچێ دەجوڵێ:– من لە هەوەڵەوە گوتم، کە لەگەڵ ئێوە دا نیم.

نیگای پڕ شەرمەزارییە. سەرە روتاوەکەی لەبەر تیشکی هەتاوەکە دەبریقێتەوە، پێی دەڵێم:

– دەزانم وایە شەعبان، بەڵام ئەگەر لەگەل ئێمەدا بی قازانجتە...

بۆ چەند ساتێ دەمی دەچێتە کلیلەو ئەوجا دەڵێ:

– ئاخر، ئەگەر نەچم بۆ دیدەنی، دایکم دیق دەکا. دەمرێ.

پێی دەڵێم:– خۆ خوێنی دایکی تۆ لە خوێنی دایکی ئێمەومانان ئاڵتر نییە.

لە دواوە دەنگی مەنوچە ڕەش دەژنەوم:- لێی گەڕێ با بڕوا.

ئەوجا، دەنگی رەزا چامرلغ ساز دێ:- ئەم قوڕمساغە، بەم سەرە کەچەڵەوە یەکێکە لە نامەردەکانی ڕۆژگار.

ڕێی شەعبان دەکەم. لە دەرگای قاوشەکە وەدەر دەکەوێ. دەکەومە ڕێ. هەوا یەکجار گەرمو ناخۆشە. ئاسمان دەڵێی قورقوشمە. تەمێکی شێدار قاوشەکەی پڕکردووە. ئێشکچییەکەی سەربان لە بورجەکە هاتۆتە دەرێو هەر سات نا ساتێ لە پشت تەلبەندەکەوە دەڕوانێتە نێو حەوشە.

دوانزە کەسی قاوشی سێیەم دەچنە دیدەنی. جگە لەوانە چ کەسێك لە جێی خۆی ناجوڵێ. دەنگی پندار لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

- زۆر چاك دەستمان پێکردووە.

هەواڵ دێت کە لە نێو حەوشەی زینداندا بووە بە هەرا. کەسوکارمان کە هاتوونەتە دیدەنیو ئێمە نەچووین بۆ دیدەنیان، دەمیان لێ بەرەڵلا کردووەو کەوتوونەتە جنێودان. پاسەوانان، دۆنکیان لێ دەرهێناونو بەرەو دەرگای زیندان دڕیان پێداون.

جەواد بروجەردی، کەپووە زلەکەی دەخورێنێو دەڵێ:- بۆ ئێوە وا دەزانن ئەمانە ڕەحم بە کەسدا دەکەن؟

ئەحمەد شادان دەڵێ:- ژنان بە جۆرێ فیزاحیان دەکرد لە تۆ وایە ڕۆژی عاشورایە.

جار پەنجە دەڵێ:- منداڵان وەکو باب مردوو دەگریان.

پندار لێیان وەپێش دێ:- هیچتان پێ نییە ئەوە نەبێ کە دڵی زیندانییەکان سارد بکەنەوە؟

شەعبان سەهۆڵ فرۆش، دەڵێ:- ئەگەر پێت وایە درۆ دەکەم بڕۆ بە چاوی خۆت بیبینە.

ناسر ئەبەدی دەنەڕێنێ:- گەوجە گەوج ،بەم قسانە ناتوانن ئێمە سارد بکەنەوە...

لە پڕ دەنگی یەکێك لە زیندانییەکانی قاوشی دوو دەژنەوم. دەڵێی چۆتە سەر شانی یەکێك لە زیندانییەکانو دەیەوێ لە هەواکێشی قاوشەکەوە گوێ بگرێ.

- قیامەت رابووە....

زیندانییەکان لە سێبەری دیوارە بەرزەکە رادەبنو بەرەو لای هەواکێشەکە دەجمێن.

- ... ئێمە لە قاوشی دووەمەوە گوێمان لە هەراو هەنگامەیانە.

زیندانییەکان، بەرانبەر هەواکێشەکە کۆ دەبنەوە. پندار دەڵێ:- تۆ کێی؟

- چلاب.

بە من بێ یەکسەر تاو بدەمو لە قاوشەکە وەدەر بکەومو تا ژووری دیدەنی نەوەستمەوە.

دەنگی پندار بەرزتر دەبێ:- کێ ڕای سپاردوویت ئەم قسە قۆڕانە بکەی؟

یوسف بێعار لە پشت زیندانییەکانەوە دەڵێ:- با بیڵێ تا بزانی کە ئێمە درۆ ناکەین.

تاسەی دیداری دایکم دەکەم. ئەگەر هاتوو هاواری کردبێ؟... ئەگەر بەر دۆنکیان دابێ؟...

هێشتا لە هەواکێشەکەی سەربانەوە دەنگ دێ.

– ... ژن‌و منداڵیان وەکو مێگەلە مەڕ دابووە بەر دۆنکی‌و دەڵەکیان دەدان تا لە زیندان بیان کەنە دەرێ...

دەنگی گڕی ناسر ئەبەدی بەرز دەبێتەوە:– چلاب، ئەگەر درۆت کردبێ دەمت دادەدڕم.

لە هەوا کێشەکەوە دەنگ دێ.

– بە چاوی خۆم بینیم... کە چوو بووم بۆ دیدەنی... ئاخ...

دەنگی هەواکێشەکە دەبڕێ. زیندانییەکان دەڕواننە یەکدی، ئەوجا دەست بە خوتەو بۆڵە دەکەن. پندار دێتە قسان:

– کوڕینە ئێوە خۆتان دەزانن کە خەڵکی هەمیشە مێش دەکەن بە گامێش....من دڵنیاتان دەکەم کە ئەمەی ئەمانە دەیڵێن هەمووی درۆیە. خۆ ئەگەر بەم ئاسانییە کوڵ بدەین ئەوا...

دەنگی کرانەوەی دەرگای قاوشەکەدێ. پێش نیوەڕۆیە. هەتاوی گەرم شێی هەواکەی هەڵمژیوە. دوو زەمیلە نانیان بۆ هێناوین.

هەر یەکەمان دوو نانی رەشی ساردەوە بوو. پندار، نانەکان وەردەکرێ‌و دەڕوا لە ناوەندی قاوشەکەدا دایدەنێ. منیش هەمان کاری ئەو دەکەم. ئەوجا ناسر ئەبەدیش هەمان کاری ئێمە دەکا. پاشان مەنوچە رەش‌و ئەوجا مەهدی سینە کۆتر... لە چاوتروکانێکدا سەیر دەکەین نان لە ناوەندی قاوشەکەدا بە ئەندازەی باڵا زەلامێك لەسەر یەك هەستاوە.

هەتاو هاتۆتە پێشێ. هەموو لەبەر باریکە سێبەرەکەی کەنار دیوارەکە دانیشتووین. چیوای بۆ نیوەڕۆ نەماوە کە سەرۆکی زیندان لەگەڵ ئەفسەری ئێشکچیدا دێتە ژوورەوە. کە چاوی بە نانە هەڵچنراوەکە دەکەوێ دەوێستێ. رەنگی دەپەڕێ. نیگای ئەفسەرە ئێشکچییەکە دەکا. دەستمان لەسەر سینگمان تێك دەئاڵێنین‌و پشت بە دیوارەکەوە دەدەین.

سەرۆکی زیندان، چاو بە یەك بە یەکماندا دەگێڕێ‌و ئەوجا دێ‌و لای بارستە نانەکەوە دەوێستێ. دەنگی سەرۆکی زیندان دەلەرزێ:– وا دیارە زیاد لە پێویست نازتان هەڵدەگرم....

چەند کەسێك لە ژوورەکاندا دانیشتووین، لە پەنجەرەکانەوە سەر دەکێشن.

هەموو قوڕو قەپمان لێکردووە. رەفتاری سەرۆکی زیندان هاوار دەکا کە توڕەیە. زۆر لە خۆ دەکا کە نەرم بێ‌و بە ئارامی قسە بکات. بەڵام توڕەیی لە وشە بە وشەی قسەکانی دەبارێ.

– ... هەندێجار پیاو دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە نەجابەت، نەجاسەتە...هەندێجار پیاو دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە نا نەجیب بێ....

بێدەنگ دەبێ. بە دەستە سڕەکەی ئارەقەی سەر تەوێڵی دەسڕێ.غەبغەبەی وەکو ملی بۆق پڕو خاڵی دەبێ. هەتاوەکە یەکڕاست بەر سەری دەکەوێ. هەمدیس دێتە قسە:

– من دڵم بە ئێوە دەسووتێ دەنا نان بخۆن یان نەخۆن بۆ من وەکو یەکە.ئێوە وەکو منداڵی خۆم وان. وەکو برامن... ئەگەر خواردنەکەتان خراپەو گلەییتان هەیە، دەشێت ئەمە بە زمانێکی دی بگوترێ، مانگرتن‌و ئاژاوە نانەوەو هەراو هەنگامە بەرپاکردن جگە لە سەریەشە چ شتێکی دیتان دەست ناخا. من زۆر بە ئاسانی دەتوانم کۆنترۆڵتان بکەم... زۆر بە ئاسانی دەتوانم...

قسەکەی قووت دەداتەوە. ناتوانێ جڵەوی خۆی بگرێ. سات بەسات دەنگی بەرزتر دەبێ و تورەیی لە قسەکانی دەبارێ. هەمدیس دەست بە قسان دەکا:

– کەس و کارتان دەیانەوێ بتان بینن. خۆ ئەوان چ خەتایەکیان نەکردووە. خۆ ئەگەر ئێوە گوتەنی خواردنەکە خراپە، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ژن و منداڵ و کەس وکارتانەوە هەیە تا نارەحەت بن؟ ... دەست لەم گەمەیە هەڵگرن و بچن دیدەنیان بکەن ئەگینا....

دەروانێتە کۆمەڵە نانەکە. دەنگی نزم دەبێ:– ... ئەگینا چاوەڕوانی هیچ رەفتارێکی دۆستانە لە من مەکەن... یەعنی کە...نازانم چۆنی بڵێم؟... یەعنی خۆتان ناچارم دەکەن رەفتاری خۆ بگۆڕم...

سەرۆکی زیندان لەبەر تینی هەتاوەکەدا شەڵاڵی ئارەقە بووە. ئەفسەری ئێشکچی لەبەر دەرگای قاوشەکە وێستاوە. هەتاو گەییوەتە بەر پێمان. سەرۆکی زیندان دەست بە پیاسە دەکا. هیلاك و ماندوو دێتە بەرچاو. کراسە وەنەوشەییەکەی بە پشتییەوە نووساوە. ناوەندەی سەری رووتاوەتەوەو لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقێتەوە. لەبەردەم پنداردا دەوێستێ.

دەست دەخاتە کەلەکەی و دەروانێتە پندار. چاوەکانی چکۆڵە بوونەتەوە. چرچ کەوتۆتە هەنیەی. پندار سەری بەرزگرتووە. چاوی بڕیوەتە جەمەلۆنی بورجەکەی سەربان.

– سەیری من کە!

پندار، هەر بەو دەقەوە دەروانێتە سەربان. سەرۆکی زیندان کورتە باڵایەکی پانکۆڵەیە. پندار باڵابەرزو چوار شانەیە.

دەنگی سەرۆك زیندان بەرزتر دەبێ:– گوتم سەیری من کە.

پندار،بە ئەسپایی سەری دێنێتە خوارێ. نیگای گەشی لە نیگای سەرۆك زیندان دەئاڵێ.

– تۆ بڵێ کوڕۆ، تۆ حەزت لە ئارامی نییە؟

لێوەکانی پندار، قوڕقوشم ئاسا نیشتونەتە سەریەك.

دەمارەکانی ملی سەرۆك زیندان شین دەبنەوە:– زمانت نییە؟

بە حاڵ دەنگی پندار دەژنەوم:– بۆ نە ء جەنابی سەرۆك.

– باشە بۆ وەڵام نادەیەوە؟

پندار لە بن لێوانەوە دەڵێ:– گۆڕستانیش زۆر ئارامە.

لە پڕ سەرۆکی زیندان دەحەپەسێ. خوێن دەزێتە دەموچاوی و بە دەنگێکی نووساو دەڵێ:

– زۆر چاکە!

بەپەلە لەسەر پاژنەی پێی وەردەچەرخێ و بەلەز بەرەو دەرگای قاوشەکە دەڕوا.

***

کۆمەڵە نانەکە گەورە تر بووە. رۆژی یەکەمی مانگرتنەکەمان بەسەر بردووە. کەمی مابوو کە قسەکانی چلاب کاری خۆی بکا، بەڵام باش بوو بە خێر گەڕا.

پێش نیوەڕۆیە. گەرما حەشر دەکا. دووکەڵی جگەرە هەناسەمان تەنگ دەکا. برسێتی بڕشتی لە چەند کەسێك بڕیوە. دەڵێی دەرگای دۆزەخ کراوەتەوە. نانەکە لەبەر تیشکی هەتاودا رەش دەچێتەوە. مقۆ مقۆیەکی دی پەیدا بووە.

– بۆ ئەوانە نان وەربگرن؟

– چما خوێنی ئەوان لە هی ئێمە ئاڵترە؟

– ئەگەر قەراره کەس خواردن وەرنەگرێ، با ئەو ١٠–١٢ کەسەش وەری نەگرن.

کەس نابێ خواردن وەربگرێ. ئەم قسەیە دەماو دەم دەڕوات:– ئەگەر ئەوان وەری بگرن، ئێمەش وەری دەگرین.

– ئێمە برسێتی و سەریەشە بکێشین و ئەوان بەرەکەی بخۆن؟

مقۆ مقۆ خەریکە هەمووان دەگرێتەوە ،دەبێ تەگبیرێك بکرێ. دەبێ جڵەوی بگیرێ.

پندار دەڵێ ئەگەر ئەم مقۆ مقۆیە تەشەنە بکات، مانگرتنەکەمان پوچەڵ دەبێتەوە. بانگمان دەکات کە بڕیارێکی لەسەر بدەین. دەڕۆین و لە ژووری ژمارە دەدا دادەنیشین. دەرگای ژوورەکە دادەخەین. بویە ئێشك دەگرێ. بێئەوەی کۆبوونەوەکەمان درێژە بکێشێ، پاك لە پاك بەوە قایل دەبین کە نابێ چ کەسێك خواردن وەربگرێ. پندار دەڵێ زۆر جار هەندێ سات دێتە پێشێ کە لە هەلومەرجی تایبەتیدا، تەنانەت دەبێ بڕیاری هەڵەی دەستەجەمی قبوڵ بکرێ. دەبێ وردە وردە لەگەڵیدا بڕۆیت و لە بواری کارکردندا ئەوەیان بۆ بسەلمێنرێ کە هەڵەن.

– ... ئەگەر ئەم کارە نەکەین لێمان دەتۆرێن. هەم برسین و هەم تووڕە و هەم خوێن گەرم... ئەوەندە بەسە کە پێیان بڵێین "نە" تا ئەوانیش رووبەڕوومان بوەستنەوە و لێبڕاوانە بڵێن "نەء !"..

هەر دوانزە کەسەکە لێمان جودا بوونەتەوەو چوون لەبەر ریزە ئاودەستەکاندا پێکەوە دانیشتوون.

پندار دەڵێ:– دەچم قسەیان لەگەڵ دەکەم. ئەگەر قاییل نەبوون، ئەو دەمە بە زۆر مەنعیان دەکەین.

پندار هەڵدەستێ و لە ژوورەکە وەدەردەکەوێ. لە پەنجەرەکەوە دەنواڕمە نێو حەوشە. زیندانییەکان، لە سێبەری دیوارەکەدا دانیشوون. بێتاقەت دێنە بەرچاو. پندار بەرەو لای ئاودەستەکان دەچێ. چەند کەسێکیان هەڵدەستن و لەگەڵ پندارداا دەڕۆن. پندار بەرانبەر بە دوازدە کەسەکە دادەنیشێ و قسەیان لەگەڵ دەکا. دەنگی ناژنەوین. مانگرەکان بە دیارییەوە وەستاون.

لە پڕ دەنگی گڕی نەسرولاڵا کەرمل بەرز دەبێتەوە:– بڕۆ عەرەبانەکەت ڕاکێشە و هەقت بەسەر ئێمەوە نەبێ.

پندار دەگەڕێتەوە. هەموو مانگرەکان دێنە ناو ڕاڕەوەکە. نیوەڕۆ نزیك دەبێتەوە. هیچ چارێکمان نییە جگە لەوەی بە زۆر مەنعیان بکەین. عەلی سمێڵ دەڵێ:

– ئەگەر ئێوە ئەم کارە ناکەن. من بە تەنێ دەرەقەتی هەموویان دێم.

دەنگەکان، لەبن میچەکەدا تێکەڵو پێکەڵ بووە.

– نایەڵین خواردن وەربگرن.

– نابێ خواردن وەربگرن.

– مەگەر ئەوانە چ جیاوازییەکیان لە ئێمە هەیە؟

هەتاو گەییووەتە بن دیوارەکەو باریکە سێبەرەکەی هەڵمژیوە. ناسر، قازی، عەلی سمێڵ،و بویە لە ڕاڕەوەکە وەدەردەکەون‌و لەبەر دەرگای قاوشەکە ریز دەبەستن. پندار بە من دەڵێ کە بچمە ریزیانەوە. بڕۆ چڕو پڕەکانی بویە وێك هاتوونەتەوە. چەفیەکەی کردۆتە پشتی‌و توند گرێی داوە. قازی، دەستی ناوەتە کەمەری‌و لە پاڵ بویەدا وێستاوە. ناگاتە شانی بویەش، نیگای نیگەرانە، بزە نیشتۆتە سەر لێوی‌و دەڵێی سمێڵە ناسکەکەی کشاوە. عەلی سمێڵ لە ناسر ئەبەدی بەرزترە. پانتریشە. کراسەکەی داکەندووەو لە پشتی بەستووە. ماسولکەکانی عەلی سمێڵ لە خڕکە بەرد دەچن. سمێڵە چڕو پڕە رەشەکەی هەموو دەمی داپۆشیوە. ناسر ئەبەدی شانی بە دەرگای قاوشەکەوە داوەو چاو لە ریزە ئاودەستەکان ناگوازێتەوە. هەموو خۆمان مت کردووە. قاوشەکە کپ‌و خامۆشە.

چەند کەسێك لە نێو پەنجەرەکاندا دانیشتوون. نانەکان، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا وەکو خشتی سوورەوە کراوی لێهاتووە. دەنگی زەنگی نیوەڕۆژە ڕاڕەوەکە پڕ دەکا. کە قاوشی یەك‌و دوو خواردنیان وەرگرت ئەوجا نۆرەی قاوشی سێیەمە. جەواد بروجەردی لە ژێر ساباتەکە هەڵدەستێ‌و سست‌و خاو خۆی بە ڕاڕەوەکەدا دەکاو بە قاپە مسەکەیەوە دەگەڕێتەوەو چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگای قاوشەکە دەکا. ئەوجا یازدە کەسەکەی تریش یەك یەك‌و دوو دوو دەڕۆن قاپەکانیان دێنن. تا نۆرەی قاوشی سێیەم دێت، هەمدیس دەچن لە ژێر ساباتی ئاوەکەو پەنا دیواری ئاودەستەکان دەوێستن. ئاسمان ساف‌و بێگەردە. هەتاوەکە هێندە گەرمە لە زەوی هیشك هەڵم هەڵدەستێ.

پاسەوانەکەی سەربان، لە بورجەکە وەدەردەکەوێ، سەیرێکی خوارەوە دەکا و بە پەلە خۆی بە بورجەکەدا دەکاتەوە. دەنگی پاسەوانەکەی نێو ڕاڕەوەکە لە قاوشەکەدا دەنگ دەداتەوە.

– وەرن بۆ نان.

ئەوجا دەرگا یەك لاییەکەی قاوشەکە دەکرێتەوە، مەستان پاسەوان لەبەر دەرگاکە دەوێستێ‌و دەڕوانێتە ئێمە کە لەبەر دەرگای قاوشەکە ریز بووین.

– بۆ لێرە وێستاون؟

کەسی وەڵامی ناداتەوە. تەنانەت سەیریشی ناکەین.

ڕۆستەمە فەنی، قاپە مسەکەی وەکو کلاو لەسەر دەنێ‌و بێتاقەت‌و بێ حەوسەڵە بەرەو دەرگای قاوشەکە دێ، ردێنە تەنك‌و درێژو بۆزەکەی ڕۆستەمە فەنی لەسەر سینگی دەلەرزێ. کە دەگاتە بەر دەرگای قاوشەکە، ناسر ئەبەدی بەردەمی دەگرێ. ڕۆستەمە فەنی لاقەکانی بڵاودادەنێ‌و دەوێستێ. تاقەتی قسەکردنی نییە. بە مینگە مینگ دەڵێ:– چییە ناسر؟

ناسر، نیگا ئاگراوییەکانی دەبڕێتەوە نیگای ڕۆستەمە فەنیو دەڵێ:- ئەفەنی حورمەتی خۆ بگرە.

ڕۆستەمە فەنی سەر دادەخاو دەڵێ:- من لەگەڵ ئێوەدا نیم... لە هەوڵیشەوە ئەمەم پێگوتوون.

ناسر، شانی دەگرێو دەیگێڕێتەوەو دەڵەکی دەداو دەڵێ:- ئێستا مەجبوری لەگەڵمان بی.

یوسف بێعار، جەودا بروجەردی و نەسرولڵا خاڵدار، پێکەوە دێنو ڕووبەڕوومان دەوێستن، ڕۆستەمە فەنی دەگەڕێتەوەو لەگەڵ ئەواندا دەوێستێ. بڕۆ چڕو پڕو ڕەشەکانی نەسرولڵا خاڵدار وێك دێنەوەو دەڵێ:- بۆ نایەڵن خواردن وەربگرین؟

ناسر ئەبەدی، دەست دەنێتە کەمەریو دەڵێ:- هەروا.

کەپووە زلەکەی جەواد بروجەردی چرچ دەبێو دەڵێ:

- باشە ئێمە هاتووین کە بە ئێوە بڵێین وەرن خواردن وەربگرن؟

فەرەیدون باجگر کە تازە گەییوەتە لامان، دەڵێ:- عیسا بەدینی خۆی، موسا بەدینی خۆی.

بویە، بە فەرەیدون باجگیر دەڵێ:- نە عیساو و نە موسا... هەموو، بەدینی محەمەد.

فەرەیدون باجگر ڕووتە. هەموو لەشی بە خاڵ کوتراوە. دوو فریشتە لەسەر سینگی کوتراوە کە دەستیان لە دەستی یەك کردووەو دەفڕن.

ئەژدیهایەکی گەورە لەسەر سکی پەپکەی خواردووە. ڕۆستەم لەسەر بازووی ڕاستی کوتراوە. ژنێکی گۆشتنی ئەبرۆ پەیوەستی خاڵ لە ڕوو بەسەر بازووی چەپییەوەیە. دەمارەکانی لاملی فەرەیدون باجگر هەڵدەستن:- ئەگەر مەسەلەکە نێرەکەرییە، من خواردنی خۆ وەردەگرم.

هەنگاو دەنێ کە بە بەینماندا ڕەت بێ. ناسر ئەبەدی وەکو پایە پێشی دەگرێ.

- فەرەیدون بچۆ دواوە.

نەسرولڵا کەرمل دەجوڵێ. مەستان پاسەوان، چۆتە ڕاڕەوەکەوە. من دەچم دەرگاکە دادەخەم. پاسەوانەکە دێو هەمدیس دەیکاتەوە.

ئێستا، خەریکە دەقڵیشێتەوە.نەسرولڵا کەرمل ڕەنگی سپی بووە. دەنگی لەرزۆکە

- وا نەزانن کە دەتوانن بە زۆر مەنعمان بکەن.

عەلی سمێڵ بە توڕەیی دەڵێ:- بگەڕێنەوەو وەکو بنیادەم بە دەقی خۆتانەوە دانیشن.

چەند کەسێك لە مانگرەکان، لە ڕاڕەووەکەدا وێستاونو سەیرمان دەکەن. چەند کەسێکی دی لە پەنجەرەکانەوە سەیر دەکەن. پندار شانی بە دەرگای ڕاڕەوەکەوە داوەو جگەرە دەکێشێ. ڕەنگی پەڕیوە، بەڵام بزە لە لێوی نابڕێ.

دەنگی یوسف بێعار دەژنەوم:- ئێستا دەیەڵن بچین خواردن وەربگرین یا نا؟

ناسر دەڵێ:- تۆش چاو لە پیاوان کە.

بویە دەڵێ:- ئێمە دوو ڕۆژە خواردنمان نەخواردووە، با ئێوەش دوو ڕۆژ نەیخۆن... هیچ دەبێ؟...

ئەحمەد شادان، بە لەشە چکۆلەکەیو کەللە زلەکەیەوە دەیەوێ بە نێوانماندا بڕوات. پشتی ملی دەگرمو دەی هێنمە دواوە.

– بۆ کوێ؟

جابر پەنجە، لەپڕ کەللەیی دەبێو هاوار دەکا:– ئەگەر خوێنم رژاوە، هەر دەبێ خواردن وەربگرم.

لەسەر شان دێتە پێشێو دەیەوێ لە دەرگای قاوشەکە وەدەر بکەوێ، بویە، بەدەستە زلەکانی مەچەکی دەگرێو قۆڵی بادەداو جابر پەنجە دەکشێتەوە. بویە دەڵێ:– جابر، تۆزێ شەرم کە.

ئەفسەریارە پیرەکە، بە بۆڵە بۆڵ وەژوور دەکەوێ:– ئەم بەزمە چییە؟

قژە سوورەکە شێواوە. ئازای بەدەنی لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. سمێڵە سپییەکەی دەلەرزێ. گۆنا پانەکانی سوور هەڵگەڕوان. دەمارێکی سووری باریك نیشتۆتە سەر چاوە درشتەکانی. بە پەلە قسە دەکا.پەشێو دیارە:– بۆ نایەڵن ئەمانە خواردن وەربگرن؟

عەلی سمێڵ، بەساردی وەڵامی دەداتەوە. عەلی سمێڵ بێتاقەتە.گەروی وشکە. دەنگی نووساوە.

– عەلاقەی بە تۆوە نییە.

ئەفسەریارەکە کەللەیی دەبێو وەکو کەڵەشێری جەنگی بەڕووی عەلی سمێڵدا هەڵدەشاخێ:

– ئەدی عەلاقەی بەتۆوەیە قاچاغ چی؟

رەنگی عەلی سمێڵ تێکدەچێ. لە دەمم دەردەچێ:– وا بزانم عەلاقەی بە تۆوە هەیە ئەفسەریار!.

بە جۆرێ وشەی "ئەفسەریار" دەدرکێنم وەکو ئەوەی جنێوێکی مزر بێ، بە هەمان شێوەی کە ئەفسەریارەکە وشەی قاچاغچی درکاند بوو.

ئەفسەریارەکە، خێرا بۆ لای من دەگەڕێتەوە. رەنگی زەرد بووە. رووبە ڕووم دەوێستێو مۆڕەم لێدەکا. لە پڕ دەڕوا. لە دەرگای قاوشەکە وەدەردەکەوێو هاوار دەکا:– دەرگاکە داخە.

مەستان پاسەوان، دەرگاکە دادەخا.

هەتاو بێتاقەتی کردوین. شەڵاڵی ئارەقە بووین. جەواد بروجەردی بەرەو ساباتی ئاوەکە دەچێ. لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێو جنێو دەدا. پاشان رۆستەمە فەنی دەڕوا. ئەسەسور هەر وەستاوەو کۆڵ نادا. بویە، پێی دەڵێ، نیوەرۆژە تەواو بووە.

– ئەسی بە خۆڕایی وێستاوی. وەکو ئەوانی دی بڕۆ بەر ئاودەستەکان.

ئەسی دڕە، دەڵێی زەنگە سورەیە. لە ژێر هەتاوەکەدا هێندەی دی سوور بووە. ناسر، باڵی دەگرێو دەڵەکی دەدا.

– ئەسی بڕۆ، خەیاڵ نەکەی بێڵین لەم دەرگایەوە وەدەر بکەوێ.

ئەسی دەڵێ:– ئاخر من هەر لە هەوەڵ رۆژەوە پێم گوتن کە....

عەلی سمێڵ هەڵدەداتێ:– ئەمڕۆ، لە رۆژانی هەوەڵ جیاوازترە.

ناسر، ئەسی دەبا، لە ژێر ساباتەکەدا بەرەڵلای دەکاو دەگەڕێتەوە. دەچینە بەردەم ڕاڕەوەکەو لە سێبەرەکەدا دادەنیشین. کەس ورتەی لێوە نایەت. بە نێو ڕاڕەوەکەدا وەڕێ دەکەوم. هەندێ دەستەو ئەژنۆ دانیشتوون. هەندێکی دی راکشاونو بەسکی خاڵی جگەرە دەکێشن.

هەندێکی دی وەنەوز دەدەن. ڕاڕەوەکە کپە. ناو ژوورەکان کپە. بەرەو دەرگای قاوشەکە دەگەڕێمەوە. لە پڕ دەنگێکی پتەو لە قاوشەکەدا دەنگ دەداتەوە:- پندار

هەڵدەستێ، لەو سەری ڕاڕەوەکەوە دێو لەبەر دەرگای قاوشەکە دەوێستێ. دیسان گازی دەکەن. سەیرمان دەکاو دەڵێ:- ئەمجارەیان وەکو پێرێ شەو نییە.

دوو دڵی و گومانو نە باوەڕی لە نیگایدا بەدی دەکرێ.

- ... پێرێ شەو وایان دەزانی کە لە خۆوە قسان دەکەین، بەڵام ئێستا بۆیان دەرکەوتووە کە مەسەلەکەمان بە جدییە. .

دیسان گازی دەکەن.

پندار دەڵێ نابێ کەسمان لە قاوشەکە بچینە دەرێ. لە ڕاڕەوەکە دەچێتە نێو حەوشە. هەڵدەستینو دووی دەکەوین. چەند کەسێك بە دوومانـدا دێن. چەند کەسێکی دی لە پەنجەرەکانەوە سەر دەکێشن.

حەوشەکە نقومی هەتاو بووە. هەتاو خەریکە لە دیوارەکە سەر دەکەوێ.

دەرگای قاوشەکە دەکرێتەوە. ئەفسەریارەکە لەبەر دەرگا وێستاوە. دەنگی دەژنەوین، دەنگی دەلەرزێ. لە رقان دەلەرزێ:- وەرە دەرێ جەنابی سەرۆك کاری پێتە.

پندار دەست دەخاتە کەمەریو لە جێی خۆ جوڵە ناکا. دەنگی وشکە.

- هەر کەسێك کاری بە منە با تەشریف بێنێ بۆ ئێرە.

دەنگی ئەفسەریارەکە هەڕەشە ئامێزە. دەستی دەجوڵێنێو بە پەلە قسە دەکا. کەف لە زاری دەردەپەڕێ:- یانی وات لێهاتووە کە جەنابی سەرۆك بانگ بکەی؟

پندار دەس لە کەمەری بەر دەدا، دەکشێتەوەو هێدی و هێمن دەڵێ:- من، نەء! ... من کەسم بانگ نەکردووە.

ئەفسەریارەکە دێتە پێشترەوەو رووبەڕووی پندار دەوێستێو دەڵێ:- کوڕۆ تۆ خەریکی قومار بە ژیانی خۆت دەکەی.

پندار بزەیەك دەکاو دەڵێ:- خۆ قومارم بە ژیانی تۆ نەکردووە.

ئەفسەریارەکە، بێوەی چ قسەیەك بکا، بە پەلە دەگەڕێتەوە، لە زینداکەنە وەدەردەکەوێو بە تەقو هوڕ دەرگا ئاسنەکە دادەخا.

بەر لەوەی بچینەوە ناو ڕاڕەوەکە، ئەفسەریارەکە دووبارە وەژوور دەکەوێ، یەکڕاست بەرەو رووی پندار دێو مەچەکی دەگرێ:- زۆر چاکە، لە قاوشەکە مەیە دەرێ... لەگەڵ من تا نێو حەوشە وەرە کارم پێتە.

پندار، لە جێی خۆ نابزوێ:- هەرچییەکت هەیە لێرە بیڵێ.

ئەفسەریارەکە بە نەرمی دەڵێ:- دەمەوێ هەر خۆت گوێت لێبێ.

پندار نیگایەکمان دەکاو لەگەڵ ئەفسەریارەکەدا دەڕوا. ئەفسەریارەکە وەڕێ دەکەوێ. لە ڕاڕەوەکە وەدەردەکەونو خۆ بە حەوشەدا دەکەن.

ئەفسەریارەکە بە دەستەسڕ ئارەقەی نێوچەوان‌و گۆناکانی دەسڕێ‌و قسە لەگەڵ پندار دەکا. دەنگی ناژنەوین. هێدی هێدی پندار تا نزیکی دەرگای قاوشەکە لەگەڵ خۆدا دەبا.

ئێمە لەبەر ڕاڕەوەکەدا وێستاوین‌و تەماشایان دەکەن. چەند کەسێك لە مانگرەکان لە نێو پەنجەرەکاندا هەڵتروشکاون.

ئەفسەریارەکەو پندار لەبەر دەرگای قاوشەکە دەوێستن. لە پڕ دەرگای قاوشەکە دەکرێتەوە. کاتێ دەزانین چەند پاسەوانێك بە پەلە دەڕژێنە نێو حەوشە، باوەشی پێدا دەکەن‌و تا ئێمە فریا دەکەوین، دەرگای قاوشەکە دادەخرێ.

هەر هەموو دەڕژێینە نێو حەوشە. دەبێ بە دەنگە دەنگ. لە پڕ پاسەوانی چەکدار سەربان دەگرێ. لە پڕێکدا، هەڵدەچم، کەللەیی دەبم‌و هاوار دەکەم:– پیاو دزانە!

ئەفسەرە ئێشکچییەکە لەسەر بانەوە لە پاڵ بورجەکەوە دەنەڕێنێ:– دەمت لێکنێ خالید.

هەمدیس هاوار دەکەم:– پیاو دزانە!

هاوارەکان تێکەڵ دەبن. ناسر ئەبەدی کۆڵەمشتی دەگوشێ‌و رووبەڕووی ئەفسەرە ئێشکچییەکە ڕای دەوەشێنێ‌و بە دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی هەمووان دەڵێ:– ئەگەر هەموومان قیمە قیمە کەن هەر خواردن وەرناگرین.

هەست دەکەم هەموو چوون بە قینا. کۆڵەمست دەگوشن‌و هاوار دەکەن:– پیاو دزانە!

– پندار بگەڕێننەوە.

– ئەگەر لە قەنارەمان بدەن خواردن وەرناگرین.

دیسان دەنگی ئەفسەرە ئێشکچییەکە بەرز دەبێتەوە:– بچنە ژوورەوە ئەگینا دەستوور دەدەم تەقەتان لێبکەن.

ناسر ئەبەدی هاوار دەکا:– ئەگەر پیاوی دەستوور بدە.

سەرۆکی زیندان بە باڵا کوڵەکەیەوە لەسەر بان بە دیاردەکەوێ. ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. وەکو بەرازی پێکراو پێچ دەخوا. دەستەکانی بەرز دەکاتەوەو هاوار دەکا. دەنگی نابیستین. هاواری زیندانییەکان تێکەڵ بووەو مستەکۆڵە رادەوەشێنن. ڕەفتاری سەرۆکی زیندان نائاساییە. ئیشارەت بۆ پاسەوانە چەکدارەکانی سەربان دەکا. پاسەوانەکان دەکشێنەوە. دیسان سەرۆکی زیندان دەست بەرز دەکاتەوەو دەمی دەجوڵێ.

دەنگی زیندانییەکان کز دەبێ. دەنگی سەرۆکی زیندان دەبیسترێ:– ئێمە چ کارێکمان بە پندار نییە...

یەکێك لە زیندانییەکان بە دەنگی نزم دەڵێ:– هەر ئێستا بیگەڕێننەوە.

هەموو لە ئارەقەدا هەڵکشاون. دەمیان کەف کردووە. دەنگی سەرۆکی زیندان بە پچڕ پچڕی دەردێ.

– ئەگەر ئێوە بێدەنگ بن... هەم پندار دەگەڕێنینەوە... و هەم بیرێ لە خواردنەکەتان دەکەینەوە.

یەکێك لەنێو قەرەباڵغییەکەوە هاوار دەکا:– درۆیە!

دەنگێکی دی:– فێڵ‌و دەهۆیە!

دەنگی سەرۆکی زیندان لە قینا دەلەرزێ:- تا ئەم ئێوارەیە مۆڵەتتان دەدەم.... ئەگەر شیوتان وەرگرت ئەوا پندار...

پاشماوەی قسەکەی سەرۆکی زیندان لە نێو هاواری دەستەجەمی زیندانییەکاندا، ون دەبێ.

- هەر ئێستا.

- دەبێ ئێستا بگەڕێتەوە.

- درۆ دەکەی.

- پیاو دزانە!

- پندار بگەڕێننەوە.

هەمدیس گوێم لەدەنگی سەرۆکی زیندان دەبێ:

- هەر ئەوەیە کە گوتم... تا ئەم ئێوارەیە مۆڵەتتان هەیە.

دەکشێتەوەو لەسەر بانەکە دیار نامێنێ.

دیسان هاوارەکان تێکەڵ دەبن. کۆڵە مستی گوشراو رادەوەشێنرێ.

باسکی ناسر ئەبەدی دەگرم. دەمارەکانی لا ملی هەستاون. چاوی دەرپۆقیون.

- ناسر، وا نابێ... دەبێ بیرێ بکەینەوە.

دەنگی ناسر کزە:- کە جەنازەکەی پنداریان داینەوە ئەو دەمە چ بیرێ بکەینەوە؟

بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر بتوانین برادەران بێدەنگ بکەینو هەموو پێکەوە دانیشینو بە کۆمەڵ بیر بکەینەوە، لەوەیە بشێت چارەسەرێك بدۆزینەوە. بە ناسر دەڵێم ئەم هاتو هاوارە دەبێ بە بیانووی دەستی سەرۆکی زیندان تا هەرچییەکی دەوێ بیکا. ناسر بە روومدا هەڵدەشاخێ:- یانی تۆ دەتەوێ دەستەوئەژنۆ دانیشینو قوڕوقەپی لێبکەین؟

- نا، ناسر.... من وا نالێم... بەڵام بە هاتو هاواریش هیچ بە هیچ ناکرێ.

- ئەدی پندار؟

- منیش ئەوم مەبەستە.

- دەی باشە چ بکەین؟

- من نالێم کۆڵ بدەین. من دەڵێم پێویستە ئاقلانە بڕیار بدەین. دەبێ رێگەیەك بگرینە بەر کە ناچار بن پندار بگەڕێننەوە.

هێشتا هات و هاوار نەنیشتووەتەوە.هەموو لە ئارەقەدا هەڵکشاون،هەموو دەماری لا ملیان هەستاوە. ناسر ئەبەدی دەڕوا. مەنوچە رەش و بویە و قازیو مەهدی سینە کۆتر گاز دەکا.

- با کۆبوونەوەیەك بکەین....

دەچینە ژووری دەیەم. دەنگو هاواری برادەران - کە بەرە بەرە رووەو کزی دەچێ- لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورێ. چەند برادەرێك دێنو لە ژووری دەیەمدا دادەنیشن. عەل سمێڵو ئەحمەدیش دێنو دادەنیشن. ئێمە دەکەوینە قسەکردنو برادەران یەك یەك و دوو دوو دێن. ئێستا ژووری دەیەم پڕ بووە. چەند برادەرێك لە نێو پەنجەرەکەدا کروشکەیان کردووەو چەند کەسێکی دیش لەبەر دەرگای ژوورەکە وێستاون.

ناسر ئەبەدی لەسەر چۆکان دانیشتووە. دەنگی کزو نووساوە:

– من دەڵێم مادامێکی ئەوان پنداریان بە نامەردی بردە دەرێ، دەبێ ئێمەش ئەم دە دوانزە کەسە بگرین و بەشاپان بیان تۆپێنین.

رۆستەمە فەنی لە نێو خەڵکەکەوە دەڵێ:– ئێمە چ خەتایەکمان کردووە.

ناسر ئاوڕ دەداتەوەو:– تۆ لێرە چ دەکەی ئەفەنی؟.... بڕۆ دەرێ.

رۆستەمە فەنی لە جێی خۆی ناجوڵێ... بە حەپەساوی دەڵێ:– بۆچی بچمە دەرێ؟

ناسر ئەبەدی، بێوەی چ قسەیەك بکا، هەڵدەستێ و باوەش بە رۆستەمە فەنیدا دەکاو دڕ بە برادەران دەداو رۆستەمە فەنی توڕ دەداتە نێو ڕاڕەوەکە.

– ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە ژوورێ هەر دەت خنکێنم.

رۆستەمە فەنی چ قسەیەك ناکا. لە پشت ئەوانەی بەر دەرگاوە دەوێستێ. ناسر، دێتەوەو دادەنیشێ. هەموو بێدەنگ بووین. مەهدی سینە کۆتر پشتی بە نوێنەکانەوە داوە، ئەژنۆکانی لەباوەش گرتووە. دەڵێ:

– ئەگەر ئەمانە بە بارمتە بگرین و دارکاریان بکەین، بیانوویان بە دەستەوە دەدەین.

قازی دەڵێ:– ئەو دەمە بۆیان هەیە تەقەمان لێبکەن.

مەنوچە رەش دەڵێ:– بەڵام من لەگەڵ قسەی ناسر دام.

مەهدی سینە کۆتر دیسان دێتە قسان:– کارێکی نا دروستە.

ژوورەکە پڕ بووە لە دووکەڵی جگەرە. خەریکە گێژ دەبم. هەڵدەستم و لەبەر پەنجەرەکەدا دەوێستم. بویە بە بێدەنگی دانیشتووە. نیگای رمۆکە.چەفیەکەی داوە بەسەر شانیدا. سەرە تاشراوەکەی یەکپارچە ئارەقەیە.

مەنوچە رەش دەجوڵێ و دەڵێ:– ئەگەر رایەکەی ناسرتان بە دڵ نییە، من رایەکی دیم هەیە.

هەموو سەیری دەکەین. هەموو بێ تاقەت و بێ حەوسەڵەین. برسێتی و گەرما کەسیرەی کردووین. مەنوچە رەش دەڵێ:– دیواری ئاودەستەکان دەڕوخێنین، هەموو خشتەکانی لەسەر یەك کەڵەکە دەکەین....

من هەڵدەدەمێ:– ئەگەر ئەم کارە بکەین، ئەو کاتە ناتوانن کە...

قسەکەم دەبڕێ:– با قسەکەم بکەم....

ناسر دەڵێ:– با قسەکەی تەواو بکا.

مەنوچە رەش بەردەوام دەبێ:

– ... ئەوجا بە نۆرە، دە نەفەر دەفەر، لەوسەری قاوشەکەوە خشتەکان دەگرینە دەرگاکە. هەر خشتێکی بەر بکەوێ وەکو توپ دەنگ دەداتەوە...وەختێ کە خشتەکان تەواو بوون، سەر لە نوێ کۆیان دەکەینەوەو دەست پێدەکەینەوە... ئەوەندە ئەم کارە دووبارە دەکەینەوە تا بێزار دەبن... تا پندار دەگەڕێننەوە.... تا بە دەنگمانەوە دێن....

هەموو مات و بێدەنگ سەیری یەکدی دەکەین.. من و قازی پێکەوە دێینە قسە:– کارێکی.....

– بەڵام....

من قسەکەم دەگێڕمەوە، دەرفەتی قازی دەدەم تا قسە بکا.

– کاریکی نا دروستە

ناسر ئەبەدی دەڵێ:– بۆ؟

قازی دەڵێ:– عەیبی هەرە گەورەی ئەم کارە ئەوەیە کە دەتوانن بڵێن بۆیە دیوارەکەمان روخاندووە تا رابکەین...

من دەڵێم:– منیش دەمویست ئەمە بڵێم.

قازی بەردەوام دەبێ:– ... هەر کە ئەم مۆرەیان پێوەناین، ئیدی دەتوانن هەموو شتێ بکەن. تەنانەت دەتوانن بەر گوللەشمان بدەن... چونکە روخاندنی دیوار تاوانەو سزای یاسایی لەسەرە.

مەنوچە رەش دەڵێ:– ئەمانە هەمووی قسەی رووتە.

مەهدی سینە کۆتر دەڵێ:– قازی شارەزای یاسایە... کە وتی تاوانە ئیدی دەبڕێتەوە.

من دەڵێم:– ئێستا با وای دابنەین ئەمە رێگەیەکە.... با بیر لە رێگەیەکی دیش بکەینەوە.

وەزعم کەمێ باشتر بووە. دووبارە لای ناسر ئەبەدییەوە دادەنیشم. بویە بە هێنمی دەکەوێتەوە قسان. بڕۆ چڕەکانی وێك هاتوونەتەوە. ردێنە ماشو برنجە کورتەکانی دەبزوێو دەڵێ:

– من رایەکی دیم هەیە.

کەمێك بێدەنگ دەبێ. قازی بە پەلە دەڵێ:– باشە بیڵێ:

بویە، بە هێمنی دەڵێ:– هەموو پێکەوە قاپە مسەکان دەدەین بە یەکدا، بە رۆژ خواردن وەرناگرینو هەر لە ئێوارەوە تا سپێدە قاپەکان بەیەکدا دەدەین... دەنگی قاپەکان لە هەموو شاردا دەنگ دەداتەوە. دەتوانین بۆڕیان پێبدەین.

هێندەم کەیف بە قسەکەی دێ کە دڵم ئیسراحەت دەکا. مەهدی سینە کۆتر دەڵێ:

– خۆ ئەمەیان تاوان نییە.

قازی دەڵێ:– باوەڕ ناکەم تاوان بێ... تا ئێستا لە هیچ حاکمێکم نەبیستووە کە ئەم بابەتە کارە تاوان بێ.

هەموو بە رایەکەی بویە قاییل دەبین. ناسر ئەبەدی دەڵێ:– با لە ئێستاوە دەست پێبکەین.

بویە دەڵێ:– نا.... لە ئێستاوە نا.

نیگای دەکەین.دەڵێ:– دیسان نامەیەك بۆ سەرۆکی زیندان دەنووسین. دەڵێین ئەگەر تا سبەی شەو پندار نەگەڕێتەوە ئەم کارە دەکەین.

ناسر ئەبەدی بە دەنگی بەرز دەڵێ:– بەڵام تا سبەی شەو جەنازەکەی دەگێڕنەوە... دەبێ لە ئێستاوە...

قازی هەڵدەداتێ:– ئەگەر نامەکە بنووسین باشترە.

هەموو بە رایەکەی بویە قاییل دەبین.. دەست بە نووسینی نامە بۆ سەرۆکی زیندان دەکەین.

***

چیوای بۆ نیوەڕۆ نەماوە. برسێتی زەیفمان لێدەستێنێ. تا ئێستا چ هەواڵێك لە پندار نییە. ئەگەر تا ئێوارێ نەگەڕێتەوە. دەبێ دەست بە قاپ لێدان بکەین. شار دەهەژێ. سەد قاپی مس لە یەك ساتدا بە یەکدا بدرێ، دەنگی لە دەنگی تۆپیش گەورەتر دەبێ.

مقۆ مقۆ بڵاودەبێتەوە کە شەوێ پنداریان کەلەپچە کردووەو لە ترومبێلیان ناوەو بردویانە بۆ بەندەر تا هەواڵەی دوڕگەی خارکی بکەن. ئەوەش دەبیستین کە عەلی دەلاك لە پاسەوانەکانی بیستووە کە بەرەبەریانی ئەوڕۆ دایکی پندار چۆتە بەر دەرگای ماڵی حاکمو لەبەر ئوتومبیلەکەیدا راکشاوەو سیانی شەقامەکەی بەسەر خۆدا کردووە. ئەگەر ئەم هەواڵە راست بێ – کە زۆر دوورە دایکی پندار وا زوو بە زوو هەواڵی زانیبێ کە کوڕەکەیان بۆ دورگەی خارك بردوە– دەبێ دادگا هەندێ شتی زانیبێ. برادەران، دەستە دەستە لە سێبەری دیوارەکە دانیشتوون. جێی دوانزە کەسەکە ژێر ساباتی ئاوەکەو بەردەم ریزە ئاودەستەکەیە. سێ ڕۆژە لە ئێمە جوێ بوونەتەوە. دوو ڕۆژە نەمان هێشتووە خواردن وەربگرن. تەنانەت نەمان هێشتووە لە ناپلیۆنیش شت بکڕنو خواردن دروست بکەن. دوکانەکەی ناپلیۆن کەساد بووە. ئەمڕۆ لە چەند ڕۆژە گەرمترە. هەندێ برادەر خۆیان ڕووت کردۆتەوەو لە ڕاڕەوەکەدا ڕاکشاون. سکیان قوپاوەو پەراسۆکانیان بەدیار کەوتووە. ئێستا مەسەلەکە رقەبەرایەتییە. باسی مانگرتن نەماوە. لەوەیە ئەگەر پنداریان نەبردبایە زیندانییەکان لە ڕۆژی سێیەمدا دەست بەردار بوایەن.

چەند کەسێکیان لە ڕاڕەوەکەدا پیاسە دەکەن، بەڵام زۆر زوو ماندوو دەبن، پێیان سست دەبێو لە جێی خۆ دادەنیشن.

هەمدیس هەواڵ بڵاودەبێتەوە کە دایکی پندار ڕێگەی بە دادوەر گرتووەو هەزارو یەك جنێوی سەر بە کوڵکەی داوەتێ. دیار نییە کە کێ ئەم هەواڵانە دێنێ. ئێشکچی نێو ڕاڕەوەکە مەستان پاسەوانە. هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە کە شتێك بەکەس بڵێ یا هەواڵێك لە دەرەوە بۆ زیندانییەك بێنێ. لەو شیر حەرامانەیە کە ئەگەر ڕێی بدرێ لە خراپیدا سەرۆکی زیندان دەداتە دواوە. هەمیشە چاوەکانی سوورن. گۆنای دەڵێی بەردن. کابرایەکی کوڵە باڵای درە. هەر کەسێك لە زیندان بەرنە دەرێو ئازاری بدەن، جەڵدە لێدانەکەی لەسەر مەستان پاسەوانە.

بەرەو دەرگای قاوشەکە دەچم. مەستان پاسەوان چاوە سوورەکانیو کەپوە زلەکەی بە کونی دەرگاکەوە ناوەو دەڕوانێتە نێو قاوشەکە.

لە خۆڕایی گومانم بۆ ئەوە دەچێ کە مەستان ئەم هەواڵانە دێنێ. دەچمە نێو قاوشەکە، هەموو ماتو بێدەنگن. جاران، لە کاتی نیوەڕۆدا هاڕە هاڕەی پەرێمز، ڕاڕەوەکەی پڕ دەکرد. کۆمەڵە نانەکە، سێ هێندەی هەوەڵ ڕۆژی لێهاتووە. مەهدی پاپەتی لەبەر خۆیەوە سۆزە دەکا. کابرایەکی پیری ئەندام وردیلەیە. لەوسەری ڕاڕەوەکە کروشکەی کردووە بە حاڵ دەنگی دەژنەوم. دەڕۆمو لە بەرانبەری دادەنیشم. چاوەکانی سیسن. رەنگی تێکچووە، لەبن لێوانەوە دەبۆڵێنێ:– ئاخر من پیرم... تاقەتم نییە.... ئەگەر روحم بە بەردا بکەی هەر تا سبەی بەرگە دەگرم...

لە پڕ دڵم دادەخورپێ... ئەگەر ئەم مقۆ مقۆیە بڵاوبێتەوە؟... دێمە قسە:

– باوکە... تۆ دەبی لە سەد گەنج بە سەبر تر بی...

چاوە پروشەکانی لێکدەنێ. لە سەری دەڕۆم.

– ... ئێمە مامان دەبێ سوود لە تەجرەبەی تۆ وەربگرین.

سەر دادەخاو بە ئەسپایی دەڵێ:– ئاخر ئەم نامەردانە پێناچێ بە تەنگمانەوە بێن.

بە نەرمی دەڵێم:– خۆ بە تەنگی خۆیانەوە دێن... ئەگەر بەردەوام بن گیروگرفتیان دێتە پێش. ئەم مقۆ مقۆیە بەرە بەرە تەشەنە دەکا. لای مەهدی پاپەتی هەڵدەستم. قازی‌و مەنوچەڕەش‌و ناسر ئەبەدی حاڵی دەکەم‌و دەیانخەمە گەڕ کە بچن گوێ لە قسان بگرن. ئەوجا دەچم بە سۆراخی بویەو مەهدی سینە کۆترەوە.

ناسر ئەبەدی، سینگی دەرپەڕاندووە، کۆڵە مستی گوشیوە، ملی قوت گرتووەو بە دەنگی بەرز قسە دەکا:– پیاو دەبێ غیرەتی هەبێ. پیاو دەبێ خاوەنی قسەی خۆی بێ...

مەنوچە رەش دەڵێ:– ئەگەر لەبرسان بش مرین، تا بەدەنگمانەوە نەیەن خواردن وەرناگرین...

قازی باسی قانون دەکا:– حەڤدە ساڵی رێکە من کارم لەگەڵ دادگادایە. قانون دەڵێ کە هەقی خۆمانە مان بگرین. قانون دەڵێ کە سەرۆکی زیندان بەرپرسی گیانی ئێمەیە...

مەهدی سینە کۆتر بە هێمنی دەڵێ:– رەفتاریان ئەوە دەنوێنێ کە شپرزە بوون... ئەوە دەنوێنێ کە دەیانەوێ هەرچۆنێ بووە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن... ئەگەر تاقە یەك رۆژی دی خۆ بگرین، هەموو شتێ بە دڵی خۆمان دەبێ.

بویە، وەکو پایە رەق راوەستاوە، دەستی ناوەتە کەمەری‌و لە ناوەندی راڕەوەکەدا وێستاوەو قسە بۆ جەماعەت دەکا. دەنگی دلێرە:

– ئێمە تا ئێستا هێناومانە... با رۆژێکی تریش خواردن نەخۆین... وا بزانن بە رۆژووین... مرۆڤ لە برسانا نامرێ... خۆ ئەگەر وەکو چۆن تا ئێستا پیاوانە هێناومانە، ئەمڕۆو سبەیش خۆ بگرین، سەرۆکی زیندان لەبەرمان دادێنێت... دڵنیا بن کە تەنازوڵ دەکا...

مقۆ مقۆکە دادەمرکێتەوە. مانگرەکان گوێ قوڵاغن. هەر ساتە خۆ بە شوێنێکدا دەکەن. مەهدی پاپەتی تەوێڵی دەنێتە سەر ئەژنۆکانی‌و وەنەوز دەیباتەوە. قژی پاك سپی بووە. زەنگی نیوەڕۆژە، لە راڕەوەکەدا دەنگ دەداتەوە. عەلی سمێڵ هەڵدەستێ‌و بەرەو دەرگای قاوشەکە دەڕوا، ناسر ئەبەدی دووی دەکەوێ. هەردووکیان لەبەر قرچەی گەرماکەدا، شان بە هەردوو لای دەرگاکەوە دەدەن‌و دەوێستن. چ کەسێك لە وانەی ژێر ساباتی ئاوەکە لە جێی خۆ ناجوڵێ.

ئێستا قەناعەتیان هێناوە چوونیان بێهودەیە. رۆستەمە فەنی لە هەموویان بێتاقەت ترە. لە جێی خۆی تل دەداو دەبۆڵێنێ‌و کفر دەکا.

نەسرولڵا کەرمل، بە دەنگی بەرز جنێو دەدا. هەموو گوێمان لێیەتی، بەڵام کەس وەڵامی ناداتەوە. ناسر دەیەوێ بڕوا بێدەنگی بکات.

– با بڕۆم ئەم قەحپە دایکە بێدەنگ بکەم کە چیدی ئەم هەموو گووە نەخوا.

بەردەمی دەگرم. قسەکەی پنداری وەبیر دەخەمەوە.

– مانگرتن لە هەراو هەنگامە جیایە ناسر... ئێمە ئەگەر وەڵامی بدەینەوە ئەویش کەللەیی دەبێ‌و ئەو دەمە ریسەکەمان دەبێتەوە بە خوری.

ناسر ئەبەدی قاییل دەبێ.

لەپاش نیوەڕۆیەکی زوودا مقۆ مقۆیەکی دی دەست پێدەکا.

– دەبوایە قاپەکانمان ئامادە کردبا.

– هێشتا زووە.

– زۆری نەماوە بۆ ئێوارێ.

– ئاخر لە نامەکەدا نووسیومانە لەم شەوەوە.

– ئێستاو شەو جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.

باوڵ‌و سەندوقە تەختەکان دوا بە دوای یەك دەکرێنەوە.

قاپەکان دەردەهێنرێن. قسە کردن بێسودە. ناتوانین قاییلیان بکەین. دەڵێی تەگبیریان کردووە. بێتاقەتی لە نیگایاندا دیارە. لە پڕ لە ژووری دەیەمەوە تەق‌و هوڕی قاپ بەرزدەبێتەوە. بویە بەغار دەچێ بەرەو ژووری دەیەم. دیسان دەنگی قاپ لێدان لە ژووری دەیەمەوە دێ. دەنگی بویە دەژنەوم:– مەنسور، هێشتا زۆر زووە.

بەرەو ژووری دەیەم دەچین، مەهدی پاپەتی سەر لە سەر ئەژنۆکانی هەڵدەبڕێ، دەستە لەرزۆکەکانی درێژ دەکا، قاپێك‌و کەوچێك لە نێو سەندوقەکەی دەردێنێ، ئێستا دەنگەکە لە ژووری چوارەم دایە.

لە برادەران جیا دەبمەوەو بەرەو ژووری چوارەم دەچم. تەقی شاگردە کە خەریکە قاپەکان پێکدادەدا. ڕاکشاوەو لاقەکانی هەڵکێشاوە. دەرپێ دەڵبەکەی بەرەو رانی هەڵکشاوە. کەشکەژنۆکانی دەڵێی دوو گرێی گوریسن. پێستی رانەکانی زەرد دەچێتەوە.

چاوە رەشەکانی بە قوڵا چوون. دەستە رەقەڵەکانی بەسەر سەرییەوە گرتووەو قاپەکان پێکدا دەدا "تەق.. تەق.. تەق.."

هاوار دەکەم:– تەقی... زۆری ماوە بۆ شەوێ...

گوێ بە قسەکەم نادا. قاپەکان پێکدا دەدا. نە توڕە بوونمان فایدەی هەیە، نە دادو بێدادمان‌و نە تکاو پاڕانەوەمان. ئێستا دەنگی قاپەکان یەك یەك و دوو دوو لە هەموو ژوورەکانەوە دێ. هێشتا هەمەگیر نەبووە. رەوتی رێکوپێکی وەرنەگرتووە. مەهدی پاپەتی وەکو کرمێکی بێتاقەت دەجوڵێ. نێو لەپی لە عاردی دەنێ‌و هەڵدەستێ، بەدەم قاپ‌و سەر قاپ لێدانەوە وەڕێ دەکەوێ. ئەژنۆکانی دەلەرزن.

بەردەمی دەگرم:– باوکە گیان... ئێستا وەختی نییە.

گوێم ناداتێ. بەدەم قاپ لێدانەوە بەرەو دەرگای ڕاڕەوەکە دەڕوا.

چەند کەسێك لە زیندانییەکان دووی دەکەون. ناسر ئەبەدی باڵم دەگرێ.

– نامەردانە دەستیان پێکرد.

قازی دەڵێ: – کۆنترۆڵ ناکرێن،

ئێستا دەنگی قاپەکان لە ڕاڕەوەکەدا گوێ کەڕ دەکەن "تەق.. تەق.. تەق.." قازی دەپرسێ:

– چی بکەین؟

قسەکەی پندارم بیر دەکەوێتەوە ".... ئەگەر گوێیان لێنەگرین کار لە کار دەترازێ.." مەهدی سینە کۆتر دەڕوا کە قاپەکان بێنێ.

شێت و هار بووم. دەنگی ناسر ئەبەدی دەژنەوم.

– بۆچی وەستاوی؟

ئێستا، هەموو، قاپەکانیان هەڵگرتووەو خەریکە لە ڕاڕەوەکە وەدەردەکەون، دەڕۆم و قاپەکانی خۆ لە سەندوقەکەم دەردێنم. ئێستا دەنگی قاپەکان هاوئاهەنگ بووە "...تەق، تەق، تەق– تەتەق، تەق، تەق..." هەتاوەکە لە تەپڵی سەرمان دەدا. ئازامان لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. ئێشکچی سەربان لە بورجەکە وەدەرکەوتووەو بە چاوانی دەرپۆقیوەوە تەماشامان دەکا.

دەنگی پێکدادانی قاپەکان سامنامکە. دڵنیام سەرانسەری شاری پڕ کردووە "...تەق، تەق، تەق– تەتەق، تەق، تەق..." لە پرش سەرۆکی زیندان، لە سەربان دەردەکەوێ، وەکو ماری زامدار هەڵدەپڵێ. بە دەست تەکان دەدا، دەمی دەکرێتەوەو دادەخرێ. دەنگی بە ژێر دەنگی قاپەکانەوە کە وەکو تۆپ دەنگ دەدەنەوە، دەکەوێ. "...تەق، تەق، تەق– تەتەق، تەق، تەق..." چاومان لە سەرۆکی زیندانە، لە پڕ پاسەوانی چەکدار دەڕژێنە سەربان و لە پشت تەلبەندەکە دەوێستن. پاسەوانەکان سڵۆکن. ئەفسەری ئێشکچی بە پەلە دێ و لە پشت سەرۆکی زیندانەوە دەوێستێ. پاسەوانەکان، تفەنگەکانیان بە دەستەوە گرتووە. سەرۆکی زیندان قوڕگی خۆی دڕاندووە، بەڵام دەنگی ناگاتە ئێمە. ناو بە ناو لە نێوان کپ بوونی قاپ لێدانەوە، چەند شتێکی پچڕ پچڕمان بەرگوێ دەکەوێ.

– گوێ لە...

– تەتەق، تەق...

– ... شێتانە....

– ... تەق... تەتەق....

– ... ئەحمەق.

– ... تەق، تەق...

سەرۆکی زیندان شێت و هار بووە. ڕەنگی تاریك بووە. کەف کەوتۆتە لالغاوەی. پێ بە عاردی دا دەکوتێ. کۆڵە مستی گۆشیوەو لێکدا لێکدا ڕای دەوەشێنێ. زاری دەکرێتەوەو دادەخرێ. دەنگی قاپەکان تا پەوپەڕی شار دەڕوا ".... تەتەق، تەق، تەق – تەتەق، تەق، تەق..." قسەکانی سەرۆکی زیندان بە پچڕ پچڕی دەگاتە گوێمان.

– ... قسەکەی من....

– ... تەتەق، تەق، تەق...

– ... قەحپە دایك....

– ... تەتەق، تەق، تەق...

سەرۆکی زیندان لە پڕ دەردەپەڕێو پڕ دەداتە یەکێك لە پاسەوانەکانو تفەنگەکەی لە دەست دەستێنێ. میل دێنێتەوە.

لاقە کوڵەکانی پاشو پێش دادەنێو قۆناغی تفەنگەکە لە شانی توند دەکا.

دەمەوێ بزانم سێرەی لە کێ گرتووە. سەیر دەکەم هەموو پاسەوانەکان چۆکیان لە عاردی توند کردووە. قۆناغی تفەنگەکانیان بە سینگی خۆوە ناوە و لە پشت تەلبەندەکەی سەربانەوە. سێرەیان لە ئێمە گرتووە. خێرا ئاهەنگی قاپ لێدانەکەمان دەشێوێ. هەراسان بووم. ناتوانم باوەڕ بە چاوی خۆ بکەم. چەند کەسێك لە زیندانییەکان بە دەوری خۆدا دەسوڕێنەوە، دەڕوانن لوولەی تفەنگەکان. دەستیان سست دەبێ و بە قاپەکانەوە شۆڕ دەبێتەوە. ناسر ئەبەدی شەلاڵی ئارەقەیە. رووتە. لەشی لەبەر خۆرەتاوەکەدا سوور دەچێتەوە. لاقەکانی بلاو داناوە. دەستی بەرز گرتووە و سەرگەرمی قاپ لێدانە. لە لای ناسرەوە وێستاوم. قۆڵم ماندووە، بەڵام لە قاپ لێدان ناکەوم. چەند کەسێك کشاونەتەوە. لە سێبەری دیوارەکەدا کروشکەیان کردووەو قاپەکانیان لە عاردی داناوە. حەپەساوو ئەبڵەق دەڕوانن تفەنگەکان. سات بە سات دەنگی قاپ لێدان کز تر دەبێ. ئێستا لە تەقە تەقی پچڕ پچڕی چەند قاپێك بەولاوە هیچی دی نابیسترێ. بویە، ناسر ئەبەدی، مەنوچە رەش، مەهدی سینە کۆتر، عەلی سمێڵ، منو یەك دوویەکی دی، لێرەو لەوێ لە نێو برادەراندا وێستاوینو لە قاپەکان دەدەین. هەموو گێژو وێژ بوون. هەندێ کەس دەڕوانن سەرۆکی زیندان. هەندێکی دی وەك ئەوەی جادویان لێکرابێ، حەپەساوو بێ جوڵە، چاویان لە پاسەوانەکان بڕیوە. دەڕوانمە ژێر ساباتی ئاوەکە، چ کەسێکی لێ نییە. رۆستەمە فەنی لە پشت دیواری ئاو دەستەکانەوە سەری کێشاوەو دەڕوانێتە سەربان. ردێنە درێژ و بۆزەکەی دەلەرزێ. سەرە زل و ملە ئەستوورەکەی نەسڕوڵاڵ کەرمل، لە ژوور سەری رۆستەمە فەنی یەوە دەردەکەوێ.

چاوەکانی ئەبڵەق بوون. چەند برادەرێك بە ئەسپایی پاشەکشە دەکەنو خۆ بە راڕەکەوەدا دەکەن. ئازای سەرۆکی زیندان شەلاڵی ئارەقەیە.

قۆناغی تفەنگەکەی دەنێتە عاردی. پشت راست دەکاتەوە. دەم هەڵدێنێ. دەنگی وەکو گوللە دەتەقێتەوە:– ناسر، بەسە.

ئێستا، ناسر ئەبەدی تاقە سوارە لە قاپەکەی دەدا.

– گوتم بەسە.

پاسەوانەکان هێشتا لەسەر چۆکان دانیشتون، مەستان پاسەوان، سێرەی لە ناسر ئەبەدی گرتووە. چارەی مەستان لە تاوێر دەچێ. ملی نیشتۆتە سەر سینگی و چاوە درشتەکانی کراونەتەوە.

هەمدیس هاواری سەرۆکی زیندان بەرز دەبێتەوە.

– ناسر قاپەکە دانێ، دەنا بە گوللە...

بەر لەوەی سەرۆکی زیندان قسەکانی تەواو بکا، ناسر ئەبەدی قاپەکەی بە زەویدا دەکێشێو دەگەڕێتەوەو رووبەڕووی برادەران دەوێستێو هاوار دەکا:– نامەردینە!!.. لە ژن کەمترن!...

برادەران، پاشەکشەیان کردووەو لە پەنای دیوارەکەدا چوون بە یەکدا.

دەنگی سەرۆکی زیندانە:– دەمت لێك نێ ناسر!

ناسر بەرانبەر لە سەرۆکی زیندان دەگرێو کۆڵە مستی دەگوشێو دەنەڕێنێ:

– تۆش نامەردی!... هەموو پاسەوانەکانیشت نامەردن!

دەنگی سەرۆك زیندان نزمو گڕە:– دەڵێم بێدەنگ بە ناسر...

زات ناکەم هەڕمە پێشێو ناسر بێدەنگ بکەم. چ کەسێك زات ناکا. بویە، مەهدی سینە کۆتر. عەلی سمێڵ، قازیو مەنوچە رەش لە پاڵ یەکدیدا وێستاون. رەنگیان پەڕیوە. ئێستا، ناسر ئەبەدی، لە ناوەندی قاوشەکەدا بە دەوری خۆدا دەسووڕێتەوەو هاوار دەکا:

– هەمووتان نامەردن!... نامەردن!....

بە دەست دەکێشێ بە سینگە رووتو پڕ مووەکەی خۆیداو دەڵێ:

– ئەگەر راست دەکەن تەقە بکەن... بێ منەت بن...

لە پڕ ناسر ئەبەدی چاوی بە ردێنە درێژەکەی رۆستەمە فەنی دەکەوێ کە لە پشت دیواری ئاودەستەکانەوە دەرکەوتووە. یەکسەر بەرەو رۆستەمە فەنی تاو دەداو چنگ دەنێتە ردێنە درێژەکەی و رای دەکێشێ و رۆستەمە فەنی لە پشت دیواری ئاودەستەکانەوە دێنێتە دەرێ.

سەرۆکی زیندان هاوار دەکا:– ناسر... شێت مەبە... ناسر.

هەموو لە جێی خۆ هیشك بووین. خەریکە نێو حەوشەکە چۆڵ دەبێ. زۆربەی خەڵکەکە خۆیان لە راڕەوەکە خزاندووە.

ناسر ئەبەدی ، شێتو شبر بووە. چاوەکانی دەڵێی دوو پیاڵە خوێنن. دەمارەکانی لاملی رەپ بوون. سەرە تاشراوەکەی، پەڵە پەڵە سپی دەچێتەوە، جێگەی کۆنە زامەکان، جێگەی ئەو چەقۆیانەی لەسەرو لەشی خۆی داون.

ناسر ئەبەدی توڕەیە، باوەش بە رۆستەمە فەنی دا دەکاو وەکو پڵنگی پێکراو، لە ژێر ساباتی ئاوەکە دەردەپەڕێتە ناوەندی قاوشەکەو رۆستەمە فەنی وەکو مەڕی قوربانی بە عاردی دا دەکوتێو شێتانە چەقۆیەك لە پزوی پانتۆڵەکەی دەردێنێ، ئەژنۆ دەخاتە سەر سینگە رەقو تەقەکەی رۆستەمە فەنیو توند ردێنە درێژەکەی دەگرێو چەقۆکە لە ملی نزیك دەخاتەوە. رۆستەمە فەنی لاڵ بووە. لە جێی خۆی نابزوێ. دەڵێی روحی کێشراوە. دەنگی سەرۆکی زیندان دەژنەوم:– ناسر....

نەڕەی ناسر ئەبەدی، دەنگی سەرۆکی زیندان وەژێرەوە دەکا.

– خوێنێ دەکەم.... قەحپە ژنانە، خوێن دەڕێژم... ئەگەر پندار نەگەڕێننەوە. هەر دوانزەیان گۆشاو گۆش سەر دەبڕم.

هەناسە لە سینەی هەمووواندا تاساوە. ئەژنۆیان سست بووە. ناتوانم خۆ بە پێوە بگرم. دەنگی لێدانی دڵی خۆ دەژنەوم. بویە ئەبڵەق و حەپەساو دەڕوانێتە ناسر ئەبەدی. عەلی سمێڵ رەنگی بووە بە زەعفەرانی زەرد، چاوانی قازی کەوتوونەتە پرتەپرت. زاری مەنوچە رەش داچەقیوە. نیگای خوێن گرتووی ناسر ئەبەدی لە سەرۆکی زیندانە. سەرۆکی زیندان بێدەنگ بووە. دەڵێی

سام گرتوویەتی. لوولەی تفەنگەکەی مەستان پاسەوان لە ناسر ئەبەدییە. هەتاو لە هەڕەتی گەرمی دایە. گەرما حەشر دەکا. هەوا قورسە، شەرجی نییە، بەڵام قورسە. دەنگی سەرۆکی زیندان دەلەرزێ:– ناسر، وازی لێبێنە.

پێ دەچێ رۆستەمە فەنی بواربێتەوە. بە هیچ جۆرێ ناجوڵێ.

– .. وازی لێ بێنە ناسر....

ناسر ئەبەدی دەنەڕێنێ:– وەکو بزن سەری دەبڕم.

دیسان دەنگی نوساوو لەرزۆکو توڕەی سەرۆك زیندانە.

– ناسر بەرەڵلای بکە، دەنا دەستوور دەدەم بە گوللە مێشکت بپژێنن.

ناسر ئەبەدی دەنەڕێنێ:– نامەردی ئەگەر دەستوور نەدەی.

کەف کەوتووەتە لالغاوەی ناسر ئەبەدی. دەمەوێ پەلاماری بدەمو رۆستەمە فەنی لە چنگ دەربێنم، بەڵام زاتم نەماوە. تەنانەت ناتوانم لە جێی خۆ ببزووم. دەڕوانمە هەر چوار دەوری قاوشەکە. تەنیا چەند کەسێك لە نێو حەوشە ماون، هەموو چوونەتە ژوورەکانەوەو لە پەنجەرەکانەوە سەریان دەرهێناوە، ئێستا لوولەی تفەنگەکان روو لە ناسر ئەبەدییە.

سەرۆکی زیندان، تفەنگەکە بۆ ئەفسەری ئێشکچی توڕ دەداو دەڕواو لە پشت بورجەکەوە ون دەبێ.

ناسر. تا زاری دەگرێ هاوار دەکا:– جەنابی سەرۆك بۆ هەلاتی؟

ئەفسەرە ئێشکچییەکەش پاشەکشە دەکا. ئێستا چاوی خوێن گرتووی ناسر لە مەستان پاسەوانە، هاوارەکەی دڵ دەلەرزێنێ:– ئەو نامەردانە کێوە چوون؟. مەستان.... لە گەڵ تۆمە.... ئەگەر نامەرد نیت... ئەگەر ژنەکەت قەحپە نییە... بۆ پێوەم نانەی!

مەستان پاسەوان، کەمێ دەجوڵێ. روومەتی بە قۆناغی تفەنگەکەوە دەچەسپێنێ.

– ... بیتەقێنە نامەرد.

مەستان، دەست بە تفەنگەکەدا دێنێ. دەنگی وشکی میل هێنانەوە دڵم دادەخوڕپێنێ.

– ... دەبیتەقێنە....

تفەنگەکە لەسەر پێیە. دڵم تێك هەڵدێ. چاوم رێشکەو پێشکە دەکا. هێڵنجم دێ. دەنگی ناسر ئەبەدی دەژنەوم. دەنگی نووساوە، لە دوور دێ. لە دۆڵێکی دوورە دەستەوە دێ.

– ... نامەرد!... تۆ کە میلت هێنایەوە... قەحپە ژن بۆچی...

شریقەی گوللە رام دەچڵەکێنێ. ناسر وەکو تۆپ لە جێی خۆی هەڵدەبەزێتەوە. ئەژنۆکانم سست دەبن. لەبەر هەتاوەکە دادەنیشم. دەرگای قاوشەکە بە تەق و هوڕ دەکرێتەوە. سەرۆکی زیندان وەژوور دەکەوێ. ئەفسەرە ئێشکچییەکە بە هەراسانی لە دوای ئەو وەژووردەکەوێ. ناسر، لە پاڵ کۆمەڵە نانەکەدا هەڵدەپلێو خوێن وەکو کانی لە ژێر شانی چەپییەوە هەڵدەقوڵێ.

رۆستەمە فەنی، درێژاوو درێژ لەسەر زەوی کەوتووەو جوڵە ناکا.

***

خەتی سەدو یەکەم لەسەر دیوارەکە دەکێشمو دادەنیشم. سەدو یەك رۆژە لە ئینفرادی دام. ئەگەر حیسابم لێ تێك نەچووبێ، دەبێ سبەی ئازاد ببم. کە ناسر ئەبەدی پێکرا، ئیدی هەموو شتێك شێوا. لە دادگاوە هاتنو ئیفادەیان لە هەموومان وەرگرت. وامان دەزانی سەرۆکی زیندان دەگۆڕن. کەچی وانەبوو. یازدەیان لێ خستینە ئینفرادییەوە. دوو هەفتەی رێك کەلەپچەو پێوەندیان کردم. پاشان کەلەپچەکەیان لە دەستم داکەند. تا رۆژی چلەمین پێوەندەکەیان لە پێم نەکردەوە. خەتی رۆژانی کەلەپچەو پێوەندەکەم بە جیاو لە خەتەکانی دی درێژتر کێشاوە.

بیست و شەش خەتی جیاوازی تریش هەیە. هی ئەو رۆژانەیە کە کەلەپچەکەیان لە دەستم داکەند بوو،و تەنیا پێوەندەکەم لە پێدا بوو. هێشتا جێ برینی سەرگۆزینگی پێم سپی دەچێتەوە. پێموایە هەر لە دوای رۆژانی ئیفادەدانەوە، ئیدی هەموو ئەوانی دی لە ئینفرادی دەرهێنران.

بستوومە کە جلی رەسمییان لە مەستان پاسەوان سەندۆتەوەو توڕیان داوەتە قاوشی چوارمەوە تا چارەنووسی دیاری دەبێ.

سەدو یەك رۆژە لە هەموو کەسو هەموو شتێك بێ ئاگام. تەنانەت دیدەنیشیان لێ قەدەغە کردووم. تەنانەت ئەو کاتانەش کە زیندانییەکان بە بەر ئینفرادییەکاندا رەت دەبن تا بڕۆن نیوەڕۆژە یان شیو وەربگرن. دەبێ من دانیشمو لە کونی دەرگاکەوە کەس نەبینم. سەدو یەك رۆژە تەنیا لە هەواکێشی بن میچەکەوە چمکێکی ئاسمان دەبینم. دنیا بۆنی پاییزی لێدێ. شەوان تا درەنگ دادەنیشمو جگەرە دەکێشم. خۆم دەدوێنم،و هەندێ جار چیرۆك بۆ خۆ دەڵێم. دەڵێی نۆبەچییەکان راسپێردراون کە بە هیچ جۆرێ قسەم لەگەڵ نەکەن. هەندێ جار قیروسیا دەکەم و گازیان دەکەم.

– سەرکار.

دەڵێی پەتام گرتووە. دەڵێی گولم. خراپ سەیرم دەکەن. بەسەرمدا دەبۆڵێنن:

– بە دەقی خۆتەوە دانیشەو دەمت لێکنێ.

تەنیا نادری سەر پاسەوان جار جارێ چەند قسەیەکم لەگەڵ دەکا.

– سەرکار دەتوانێ دەققەیەك بێیتە ئێرە.

دەڕوانێتە دەوروبەری خۆیو دێتە پێشێ. دەموچاو بە کونی دەرگا ئاسنەکەوە دەنێمو قسەی دەگەڵ دەکەم.

نادری سەر پاسەوان، بزەیەك دەکا. دەنگی نزم دەکاو لەبن لێوانەوە دەڵێ:

– ئاخر دەڵێن قسەکردن لەگەڵ تۆدا خەتەرە.

سەدو یەك رۆژە قسەم لەگەڵ کەسدا نەکردووە. کە زانیم دەستوریان داوە کە چ کەسێك قسەم لەگەڵ نەکات، منیش بەقینا چووم. تەنانەت چیدی قسەم لەگەڵ نادری سەر پاسەوانیش نەکرد. خەریکە دڵم شەق دەبا. زۆر بێ خەوم. ئەگەر حیسابەکەم لێ تێك نەچووبێ. دەبێ سبەی ئازاد ببم. پێدەچێ شەو لە نیوە بوری بێ. لەشم زۆر گەرمە. دیارە تام لێهاتووە. ئەژنۆکانم دێشێ.

مۆرەغـەی پشـتم دەیەشـێت. حـەزم لـە خـەوە. نەرمـە بایـەك لـە هەواكێشـەكەوە وەژووردەكـەوێ. فێنكە. پەتۆكە تا سەر سینگم هەڵدەكێشم.

پێڵوەكـانم دەسـوتێنەوە. لاقـم گرمۆڵـە دەكـەم. ئـەژنۆكانم ئازاریـان پێـدادێ. پێدەچـێ سەرسـام بووبێ. چەند رۆژێكە بەرەبەیانیان دنیا سارد دەبێ. چاو دەنێمە سەر یەك. سەرم خەریكە گـەورە دەبێ، گەورە تر لە قەوارەی ژوورەكە. چاو دەكەمەوە. وەكو كوورەی ئاگر دەسوتێم. كە هەناسە لە كەپوومەوە دەردێ، پشتی لێوم داغ دەكا. هەمدیس چاو دەنێمە سەریەك. ئەمجارەیان خەریكە دەكەوم. دەكەومە نێو تاریكییەوە. زەوی لە ژێر پێمدا دەمی داپچڕیوە.

گوێم لە دەنگی هەناسەمە، دەڵێی چیلكەی تەڕ دەبڕنەوە. لە نێوان برژانگەكانمەوە. دەڕوانمە گڵۆپی بن میچەكە. دەڵێـی لـە هاتۆچۆدایە، عـەینی بەنـدۆڵی سـەعات. عـەینی بـاڵای جەعفـەری خشتبڕ. مێشكم دەزرینگێتەوە:– بابە، بۆچی جەعفەر خۆی كوشت؟

قورتمی بابم بەرزو نزم دەبێتەوە. گەردنی بابم لەبەر چاوم بە ئەندازەی منارەیەكی لێهاتووە.

– برسێتی كوڕم... برسێتی... چما بنیادەم تا چەند بەرگە دەگرێ؟.

ئێستا، هەناسەی گەرمی بلورخانە كە گۆنام دەسوتێنێ، چ جێ قامچییەك بە سكییەوە نییە. سـافی سـافە، وەكـو هـەویری هـەڵاتووی كولیچـە، سـفتە. وەكـو لاولاو لەقـەدم ئـاڵاوە. خەریكـە دەخنكێم. خەریكە بەردەبمـەوە. بەردەبمـەوە نێـو بیری وەیـل. نێـو تـاریكی. بـانۆ رێـم لێـدەگرێ. چاوە سیسەكانی دەرپۆقیون. دەڵێی زەردە چەوەی لە دەموچاوی هەڵسووە.

گازاندە دەكات:– چاك لەگەڵ بلورخاندا رێك كەوتوون.

دەڵـەكی دەدەم. پاشـەوپاش دەڕواو لـە كـەنار حەوزەكـە دادەنیشـێ. رووتـە. دنیـا گەرمـە. گـەرم گەرمە.. دەڵێی دەرگای دۆزەخ كراوەتەوە. بانۆ دەپارێتەوە. بە حاڵ دەنگی دەژنەوم.

لە پڕ، دەنگی تیژی منداڵە جیقنەكەی هاجەر لە مێشكمدا دەنگ دەداتەوە. لە كەنار حەوزەكەدا كروشكەی كردووەو منداڵە چڵمنەكەی دەڕێـنێ. كەفەڵـە پانەكـەی لـە كراسـە چیتە گوڵدارەكـەی چەسپیوە.

ناسر دووانی، دوا دەنگی بە رادێوكەی داوە. ئافرەتێك گۆرانی دەڵێ:

"عەقرەبی زوڵفی كەچت لە مانگ دەچێ.

تا مانگ لە بورجا بێ كاری ئێمە هەر ئەمە دەبێ" .

نیگای ناسر دووانی لەسەر كەفەڵی هاجەر گیرساوەتەوە. بابم كتێبی "اسرار قاسمی"یەكەی وەلاوە دەنێ. قەت بابم هێندە غەمگین نەبووە. دەنگی دەژنەوم:

– وەستا ناسر... كاروبار لە كوێت چۆنە؟

ناسر دوانی هیچ ناڵێ، گوێی لە رادێوكەیە. نیگای لە كەفەڵی هاجەرە. خواجە تۆفیق لە نێو دووكەڵی تلیاكدا ون بووە. بلورخان بە چارشێوەكەیەوەو بەخۆ بادان بەلامدا رەت دەبێو لە بن لێوانەوە دەڵێ: زۆر خراپ بووی خالید". لە پڕ گەرم دادێم، هەست بە گەرمی لێوی چاو رەش لەسەر لێوانم دەكەم. ئازام لە لەزەتدا غەرق دەبێ. دەنگی تەزووی ئارامم پێدەبەخشێ.

رادەچڵەکم. ئێستا دەنگی گڕی پنداره که له گوێمدا دەزرینگێتەوه. "تۆ له کاتی خەباتدا نابێ گیرۆدەی سۆزو ئاشقێنی ببی!". هاوار دەکەم. هەڵدەستم، وەکو تیسکەی تفەنگ لە ماڵ وەدەردەکەوم. یەك سەڵەف تا کتێبخانەکەی شەفەق غار دەدەم. کتێبخانەکە قەرەباڵغە. شەفەق لەو سەری دەوکانەکە وێستاوە. بزەو خەندە لە سیمای دەباری. دەست بەرز دەکاتەوە. بە پەنجە هەڕەشەم لێدەکا. بە پێکەنینەوە هەڕەشەم لێدەکا، دەستی درێژ دەبێو لە دوکانەکە دێتە دەری. سەیرم لێدێ. دەڕوانمە سەری پەنجەی کە بە بەرچاومدا دێو دەچێ. دەڵێی دەنگی دەژنەوم "تۆ ئەگەر بتەوێ خەبات بکەی. دەبێ چاو رەش لە بیر بەرییەوە..." پڕ بە زار هاوار دەکەم "نە!" راپەڕم. گڵۆپە گەرد گرتووەکەی ئینفرادی بە دیار سەرمەوە ئاوێزانە. دەنگی نۆبەچی راڕەوەکە دەژنەوم:– ئەوە چییە خالید؟

هەناسەیەك هەڵدەکێشمو چ ناڵێم. پەتۆکە لادەبەمو دادەنیشم. دەنگی پێی نۆبەچییەکە دەژنەوم کە دوور دەکەوێتەوە. سەرم گێژ دەخوا. لێوم وشکە. شەقار شەقارە. هەمدیس رادەکشێم. گیانم سستو خاوە. سەرم دەست بە گەورە بوون دەکا. دەنگی هاپۆ بەندەر لە کاسەی سەرمدا دەنگ دەداتەوە: "یانی بەڕای تۆ کە سبەی بچم بۆ پۆلیسخانە هیچ بە هیچ دەکەم؟.... پۆلیسخانە؟.... پۆلیسخانە؟...." ئێستا چاوە سەوزەکانی غولام عەلی خان لە چاوانم بڕاون. هەر چاوێکی بە قەد بنە پیاڵەیەکی سەوز دەبێ. بژرانگەکانی زەردن. پێکەنین لە چاوی دەڕژێ. سمێڵە قەیتانییەکەی غولام عەلی خان دەجوڵێ. لێوە باریکەکانی لەبەر یەك هەڵدێن "قوربان، دوای ناموسی خەڵکی دەکەوت..." کەللەیی دەبم "تۆ قەحپە بە ناموسی خەڵکی دادەنەی؟"

چاوە سەوزەکانی غولام عەلی خان سپی دەبێ. دڵم فێنك دەبێتەوە.

دیسان دەنگی هاپۆ بەندەرە کە نوێژ دەکا. دەنگی، ئارامیم پێدەبەخشێ "ربنا اتینا فی الدنیا حسنه..." لە پڕ پورە رەعنا فیزاح دەکا "وەی رۆ کوڕەکەم... کوڕە نازدارەکەم...." غولامی پورە رەعنا لەبەر چاوم بەرجەستە دەبێ. سمێڵی دەبریسکێتکەوە. بزە لە لێوی دەڕژێ. بەمیهرەبانی قسە دەکا: "خالید دەتوانی راسپاردەیەکەم هەیە بۆ بلورخانی ببەی؟" هەموو شتێك تێکەڵ بووە. دوکتۆر لە نێو دووکەڵی جگەرەدا ون بووەو باسی مانگرتنی کارگەی چنین دەکا. مەنوچە رەش قاپە گۆشتاوەکەی توڕ دەداتە سەربانو بە دەنگی بەرز مردوو وزندووی سەرۆکی زیندان بەر دەمڕێژی جنێوان دەدا. ناسر ئەبەدی لە نەعرەتە دەداو لە جێی خۆی هەڵدەبەزێتەوەو بەسەر کۆمەڵە نانەکەدا دەکەوێو خوێن لە ژێر شانی چەپێوە فیچقە دەکا. ئازام دەکەوێتە لەرزین. چاو دەکەمەوە. شەڵاڵی ئارەقە بووم. دەمم دەڵێی ژەهری مارە. گەرووم وشك وشکە. دادەنیشم. دەڕوانمە ئەو خەتانەی کە لەسەر دیوارەکە کێشاومن. سێ دەستەی جیاوازن. خەتە درێژەکان هی ئەو رۆژانەیە کە کەلەپچەو پێوەند کرابووم. سەدو یەك خەت. سەدو یەك رۆژە لەگەڵ خۆدا قسە دەکەم. ئەگەر حیسابەکەم لێتێك نەچووبێ، دەبێ سبەی ئازاد ببم. جگەرەیەك دادەگیرسێنم، دووکەڵەکەی هێندەی دی دەمم تاڵ دەکا. کۆکەکۆکم پێدەکەوێ. دەی کوژێنمەوە. پشت بە دیوارەکەوە دەدەمو ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم. نێو راڕەوەکە کپو بێدەنگە. دیارە نۆبەچییەکە

چۆته ئەوسەری ڕاڕەوەکەو لەسەر کورسییەکە دانیشتووەو وەنەوز بردویەتییەوە. سەرم قورسە. لاجانگەکانم دەتیریۆنن. نەرمە بایەك لە هەواکێشەکەوە وەژووردەکەوێ. لەرزم لێدێ. پەتۆکە بە شانمدا دەدەم. دیسان جگەرەکە دادەگیرسێنم. دوو مژی لێدەدەمو هەمدیس دەیکوژێنمەوە. ناتوانم دانیشم. سەرم هێندە قورسە، پێم ڕاناگیرێ. هەمدیس ڕادەکشێم. هێشتا سەرم نەگەییوەتە سەر سەرینەکە کە هەست دەکەم بەر دەبمەوە. دەڵم تێکهەڵدێ. لەنکاو تەوێڵی قۆقزی ڕەحیم وڵاخدار دێتە بەرچاوم. تەوێڵی هێندەگەورەیە، هەموو ژوورەکە داگیر دەکا. ئێستا چاوە ماتەکانی ڕەحیم وڵاخدارە. دەڵێی لە کاسە دەڕپەڕیون. دەڵێی بە سێدارەوە شۆڕ بووەتەوە. ڕەنگی شین هەڵگەڕاوە. زمانی کەوتوەتە بەینی ددانەکانی. لە نیگای دەترسم، پێ وەغارەوە دەنەم. سەرە سمێك دەدەم. دەکەوم. دەستم دەنێمە عاردی تا هەستمەوە. هەزاران هەزار بێچوە پشیلە دێنە بەرچاوم‌و بەسەر قەنارەوە لەقەفرتێ دەکەن. چاویان لە چاوی عەلی شەیتان دەچێ. پڕ دەدەمە قەنارەکان. بە لەقە قەنارەکان هەڵدەکەنم. پشیلەکان دەست بە غاردان دەکەن. قەنارەکان بە دوو خۆدا بکێش دەکەن‌و سەرگەردان دەبن. لەناکاو منداڵانی گەڕەك بە مست و لەقە دەکەونە گیانم. ئازای لەشم دەزریکێنێ، ڕادەپەڕم. پشتم زۆر دێشێت. دەستم بۆ جگەرە کوژاوەکە دەچێ، دای دەگیرێنم‌و دوو مژی لێدەدەم. حەزدەکەم هەستم‌و بە ژوورەکەدا بکەومە پیاسە. ئەژنۆم لە دووم نایەن. دەست بە دیوارەکەوە دەگرم‌و هەڵدەستم. درێژی ژوورەکە "٥" شەقاوە، پانییەکەی سێ شەقاوە. دەست بە دیوارەکەوە دەگرم‌و تا پشت دەرگای ژوورەکە دەڕۆم. دەموچاو دەنێم بە کونی دەرگا ئاسنەکەوە. ڕاڕەوەکە ڕووناکە. نێو ڕاڕەوەکە بەرد ڕێژە. بەردەکان ساف‌و بریقەدارن. دڵم تێك هەڵدێ. چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکا. ناتوانم خۆ بە پێوە بگرم. پشت بە دیوارەکەوە دەدەم. پشتم لە قەد دیوارەکە دەخزێ، دادەنیشم‌و لاقی لێ درێژ دەکەم. قنگە جگەرەکە دەکوژێنمەوە. بە قنگە خشکێ دەڕۆم. گۆنام وەسەر سەرینەکە دەنێم. دیسان دەست پێدەکاتەوە. لەشم دەنیشتێتە ئارەقە، هەڵمی هەناسەی گەرمم سەر لێوم داغ دەکا. ژوورەکە بە دەوری سەرمدا دەسوڕێ. پێ وەغارەوە دەنێم. دەنگی عەلی شەیتان دەژنەوم. "بێهودە ڕادەکەی." دەنگی توڕەی دایکمە. "چیتان لە منداڵەکەم دەوێ؟... ئەم بازنە چییە لە دەستتان کردووە؟..." نیگای دلێری لەیلا، زاتم وەبەر دەنێ .دەنگی بابم غرورم پێدەبەخشێ. "... تۆ ئێستا بووی بە پیاو..." شەفەق باوەشی کردۆتەوە "...ئافەرین خالید... ئێمە شانازی بە تۆوە دەکەین..." خەندە لە دەموچاوی دەباری. بەپەلە بەرەو ڕووی دەڕۆم. یەکدی لە باوەش دەگرین. هەست دەکەم کە لە باوەشی چاوڕەشدام ئەشقی ئەو، خۆشەویستی ئەو پڕیان کردووم. گەرمی لێوەکانی تامی تامان دەڕێژێتە گیانمەوە. هێور دەبم، خاو دەبمەوە. دەڵێی لەسەر پەڕەی هەوران خەوتووم. لەگەڵ بادا دەڕۆم، نەرم‌و ئارام..ئارام... ئارامتر...

.... دەنگی کرانەوەی دەرگای ژوورەکە وەئاگام دێنێ. تایەکەم ڕەویوەتەوە. سەرم سووك بووە. هەتاو لە هەواکێشەکەوە داوییە لە دیوارەکە. نادری سەر پاسەوان. لە نێو دەرگای ژوورەکەدا وێستاوە.

– هەستە شتەکانت کۆکەرەوە.

بزه لێوەکانی لە بەر یەك ترازاندووە. ددانە زێڕەکانی وەدیار کەوتوون. چرچەکانی ژێر چاوی لە جێ پێی مریشك دەچێ.

– خێرا شتەکان بپێچەوە، ئەمری ئازاد بوونت هاتووە.

دڵم دەلەرزێ. نادری سەر پاسەوان بە دیارمەوە وێستاوەو جگەرە دەکێشێ. درێژو لاوازە.

– ماتەڵی چیت؟

سەری کەپووە تیژەکەی دەخورێنێو دەڵێ:– دەڵێی باوەڕ ناکەی؟

بزەیەکی بە روودا دەدەم. شڕۆ شیتاڵەکانم کۆ دەکەمەوە. پەتۆو قالیچەکە قەد دەکەم. بوخچەکەم وەبن هەنگڵم دەنێمو قالیچەو پەتۆکە دەنێمە سەر شانم. لە دەرگای ژوورەکە وەدەردەکەوم. دەوێستمو سەیری سەرانسەری ڕاڕەوەکە دەکەم. عەل دەلاك لەو سەری ڕاڕەوەکەوە بەلارلارە دێ:– دەبجوڵێ... دەڵێی دڵت نایەت ئێرە بەجێ بێڵی؟!

پێش نیوەڕۆیە. لەگەڵ نادری سەر پاسەواندا وەڕێ دەکەوم. دەرگای ڕاڕەوەکە لە دوامانەوە دادەخرێ. حەوشەکە نقومی هەتاوە. لە پڕ یادی چاوڕەش خەمبارم دەکا .دەیدۆزمەوە، بۆ هەر شوێنێ چووبێ هەر دەی دۆزمەوە... بە ژێر سێبەری لق و پۆپی دارکونارە پیرەکەی ناوەندی حەوشەدا تێدەپەڕم. خۆ بە نووسینگەکەی زیندانەدا دەکەم. سەرۆکی زیندان دەستی ناوەتە پشتێنەیو لە ناوەندی ژوورەکە وێستاوەو جگەرە دەکێشێ.

دەڵێی چاوەڕوانی منە. ردێنی جوان تاشیوە. گۆناکانی دەبریسکێنەوە. غەبغەبەی دەبریقێتەوە. هیچ ناڵێ. مژ لە جگەرەکەی دەداو بە چاوە چکۆڵەکانی کە دڵم ختوکە دەدەن، تەماشام دەکا. زۆر زوو لە نووسینگەی زیندان بەڕێم دەکەن. کە دێمە دەرێ، ڕەنگم لە روو نامێنێ. مامووڕانی بنکەی سوپا وەزیفە، چاوەڕوانمن. سەرۆکی زیندان سەیرم دەکاو بزە دەیگرێ. ددانە وردو ڕێکەکانی کە لە دانی سەگ دەچن بەدیار دەکەون.

– هیوادارم تەمبێ بووبیو لە سەربازخانەدا بیر لە ئاژاوەگەرێتی نەکەیەوە.

هەر وەڵامیشی نادەمەوە. تەنانەت سەیریشی ناکەم. لە ڕاڕەوی بینای نووسینگەکەی زیندان وەدەردەکەوم. دوکەڵێکی ڕەش لە دووکەڵکێشی چێشتخانەکەوە دەچێ بە ئاسماناو وەکو کلاڤە دەزوو دەکرێتەوەو ئاسمانی شین لێڵ دەکا. دەرگایەکی چکۆلە لە نێو دەروازەکەی زیندانەوە دەکرێتەوە. لەگەڵ مامورانی بنکەی سوپا وەزیفەدا وەدەردەکەوین.

شەقامەکەی بەرانبەر زیندان لە ناوەڕاستدا پێچێکی تێدایە. شەقامەکە لە خۆرەتاودا نقوم بووە. دەڕوانمە دوور. چاوم هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. دایکم لە پێچی شەقامەکەوە پەیدا دەبێ. لە پڕ دەنگێکی ئاشنا لە گوێمدا دەگیرسێتەوە:– خالید....

ئاوڕ دەدەمەوە. ئیبراهیمە کە بەلامدا ڕەت دەبێ. دوو پاسەوانی لەگەڵە. هەنیەی بە سارغی پێچراوە. سارغییەکە پەڵە پەڵەی سووری پێوەیە. کەلەپچەیان لە دەستی کردووە. فریا ناکەوم قسەی لەگەڵ بکەم. لە دەرگا چکۆلەکەی ناو دەروازەکەی زیندانەوە وەژوور دەکەوێو دەرگاکەی لەسەر دادەخرێ.

پەراوێزو روونکردنەوە:

١- مش: یان مەشهەدی بەو کەسانە دەگوترێ کە دەچنە زیارەتی مەشهەد. وەکو حاجی لای خۆمان.

٢- سەروان: پلەیەکی ئەفسەرییە.

مادونی: ئیجازە.مۆڵەت

پور: خوشکی باوك، مەت

میمك: خوشکی دایك.خالەت

٣- کونار: درەختێکی گەورەیە. درکاوییە، بەرزییەکەی دەگاتە چل مەترێك دەڵێن دوو هەزار ساڵ دەژی. بەرێ دەگرێ، دوای گەیین سوور یان زەرد دەبێ، لە مەیدانی پزیشکگەرییدا بەکار دێت.

٤- مەسەلەیەکی ئاینییە...

٥- حوقە: سەری وافور.

٦- چوب خط: دارێکە قەرزی لەسەر دەنووسرێ.

٧- وافور: سەبیلێکی تایبەتییە کە بو تلیاك کێشان بەکار دێت.

٨- ئاجان: جاران لە ئێراندا لە گەلێ سەر سوچو بازاڕو بەر سینەمادا پاسەوانی تایبەتی دادەنرا کە خۆیان پێی دەڵێن (اجان) بۆ ئەوەی کەس موخالەفە نەکات. ئیدی فرۆشیارەکانو دەستگێڕەکان، یان ئەو منداڵانەی بە دووانیان یەك پلیتی سینەمایان دەکری، شتێکیان دەدایێو دەمیان چەور دەکرد تا رێیان لێنەگرێ.

٩- تەوسەو بۆ ژنانی خەراپ بەکار هاتووە.

١٠- ناوی کۆترە.

١١- یەکێکە لەدێهاتەکانی عەبادان.

١٢- مۆدێلێکی ئوتۆمبێلە.

١٣- مۆدێلێکی ئوتۆمبیلە

١٤- شوێنێکە لە کوێت.

١٥-جۆرە قومارو دەست بڕینێکە... قایشێك لوول دەدەنو قەڵەمێك دەخەنە ناوەندی، ئەو کەسەی کە قومارەکە دەکا، دەبێ بیدۆزێتەوە... بەڵام بۆی نادۆزرێتەوە.

١٦-نرپچ: جۆرە ماسییەکە لە رووباری کاروندا دەژیو هەندێ جار کێشەکەی دەگاتە (٥٠) کیلۆو زیاتریش زۆر دەگمەنەو جار جارێ دەکەوێتە داوەوە.

١٧-نۆیەم رۆژو دەیەم رۆژی مانگی موحەڕەمن..

١٨-ئەو سرودە ئاینیانەیە کە مەلاو ئاخوندەکان لە رۆژانی مەحەڕەمدا دەیخوێننەوە. شیعەکان لە خۆ دەدەنو دەگرین.

١٩-فەرشی لوری: فەرشێکی خراپو هەرزان باییە.

٢٠-شیرە: تلیاکی سووتاوە.

٢١- جۆرە دەستەسڕێکە لە یەزد دروست دەکرێ.

٢٢-ناوی جۆرە جگەرەیەکە.

٢٣-خیمە شەب بازی: جۆرە نمایشێکە کە بووکە لەکان لە پشت پەردەوە یا لە نێو خێوەتێکی بچوکەوە بە هۆی تەل یان داوە دەزوەوە دێنە جولاندن.

٢٤- مۆدی پاسکیلە.

٢٥-زەمیلەیەکی بچکۆلەی لە تەل دروست کراوە کە چەند کلۆ خەلوزێکی تێدەکەن و ئاگری تێ بەردەدەن و لە هەوادا بای دەدەن تا ئاگرەکە خۆشتر دەبێ.

٢٦-حەسەنۆك: حەسەن، لە فارسیدا بۆ خۆشەویستی دەبێ بە حەسەنۆك.

٢٧-روتاب: جۆرە خورمایەکی ناسك و تەڕو بەتامە.

٢٨- ٢١ی شوبات بۆ ٢٠ی مارت.

٢٩-میکا: جۆرە بەردێکی رەشە یان سپییە و بریقە دەداتەوە.

٣٠-کۆڕو کۆبوونەوەی فراوان.

٣١-لە ئێرانا وا باوە ئەگەر یەکێك لە وەلامی بەرانبەرەکەی بڵێ: بەڵێ کەمێ سەر دادەخا. ئەگەر بڵێ نا، کەمێ سەری بۆ سەرەوە دەبا.

٣٢-جۆرە وازی و سەمایەکە، من لای خۆمان نەم دیتووە.

٣٣-پایب: کەچکێکی بچکۆلەی لەگەڵدایە بۆ بەتاڵ کردنەوەی تووتنەکەی.

٣٤-مەیگو: جۆرە قرژاڵێکە لە دەریادا دەژی، گۆشتەکەی دەخۆرێ و زۆر بەتامە.

فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر، مكیاجكار

ئەوك : قوڕگ، ەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاٚ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشت چی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستڕ: بەر، بەری كەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی

ب:

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

بالاٚنما: بالاٚنوێن، ئاوێنەی بالاڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەلاّم

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلاّنس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: رووداو

باژێرۆك: شارۆچكە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلكە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

پ:

پێشخزمەت: نۆكەری بەردەستان

پارك: باخ

پواز: سنگێكە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەكی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشكار: خزمەتكار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناكی

پێكڤە: پێكەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، كەوڵی تیسكن

پەژمردە: چەرمسی، ژاكاو

پایدۆس: دەست لە كار هەڵگرتن

پۆڵكە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵاەت

پیتاك: باربوو، كۆكردنەوەی دارایی

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیركەر

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵاً: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاّن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولاً، بزوا

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن (بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خولّك: خولّق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: ڕێك، بێ كەم و زیاد

خوبزە: نۆكەر، خزمەتچی، خولاّم

خاكی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی كۆن و پیس

خوابەختەكی: خۆو بەخت، بە هەڵكەوت

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێركەوتن: دواكەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

ژنەوتن: بیستن

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشكگرتن (بە تایبەتی ئێشكی سەر قەلاّت و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ ەزەیی، ستەمكار، دڵرەق، ڕكوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك كوتان

دەڵەكدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووكی

دەڵەچە: مەرایی كەر، ماستاوچی

دۆنكی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

ڕ:

ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

ڕۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

رابوون: هەستان

ڕۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

رموودە: ئالوودە، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

ڕەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

ڕەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچكۆلەی لاواز، بێ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالّ ئاوارە، چۆڵگەڕ

ز:

زڕكیژ: كچی مێرد بۆ باوەژن، یان كچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاّو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایكبوون، مەفتەن

زوخالّ: ڕەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕكوونی، بوغزن، كینە لە دلّ

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

ساناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

ستێران: ئەستێران

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

ك:

كوت ومت: هقاودەق

كوانگە: كوانوو، ئاگردان

كارمامز: بەچكە ئاسك

كودەڵە: بێچووە بەراز

كوختە: كۆخ، خانووی چكۆلەو خراپ

كوڵكە: موو، توك

كولۆ: كوللە

كەوەیی: شینكی، شینباو، خۆڵەمێشی

كێوە: بۆ كوێ

كەپەك: سۆس

كۆمەك: یارمەتی، هاریكاری

كلۆر: ناوبەتاڵ

كوریژگە: كوڕی بچووك

كەپوو: لووت، دفن

كەونارا: زۆركۆن، شوێنەوار

كەسك: سەوز

كۆمیدی: پێكەنیناوی

كامكردن: نەوس تكان

كەزی: پرچ، زڵف

كلاوخود: كلاوی ئاسنینی شەڕڤان

كەرب: رق و كینە

كان: مەعدەن

كێوستان، كۆسار، كۆجاڕ

كۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

كەمدوو: كەم قسە

كۆسار: كۆجاڕ، كێوستان

كەوی: ماڵی، دەستەمۆ

كەڤڕ: بەرد

كەندەكار: كەسێك كە لە دار نەخش دەكەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : موخلووق

ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلاڵن

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەلاّم

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەلاّم

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

ملۆ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: ولاّت، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسكێن : رەعییەت، بەرحوكمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مراك : كەوچك ، كەچك

ن:

هێورین: حەوانەوە

نەزاكەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا

نەترە: وورە

ناچیز: هیچ، زۆر كەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاكەت : لوتف و ئەدەب

نك : كن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد نیوداشت: نە كۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووكە، نهوو

و:

وەمێنێ:بمێنێتەوە

وەكرد: كردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

وێدەدەم: دەدەمێ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵاڵن

وەردیان : زیندانەوان

هـ:

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلاّن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشداریەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ - بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیٚ پیٚ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەق‌ورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق‌و رەخنە،چ١،٢٠٠٥
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ١،٢٠٠٥
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ١،٢٠٠٨نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١،١٩٩٨١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١( )دەزگای موکریانی

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلاەلبوسێری..

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەیێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ١،٢٠٠٤،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ١،٢٠٠٦دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەلاەیەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ١،٢٠٠٧

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- کلوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...